# شانشینەکانی زاگرۆس
# (کوردستان)

**بەشێك لە ڕووداوەکانی سەرەتای مێژوو تا دەوڵەتی میتانی**

هەواڵنامەی کتێب

**شانشینەکانی زاگرۆس**
**(کوردستان)**

ناوی نووسەر: ڕەسوڵ بۆسکێنی

بابەت: مێژووی دێرینی کوردستان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

پێداچوونەوەی زمانەوانی: دکتۆر شیروان حسین

تایپ: نووسەر

نۆرەی چاپ: ٢٠١٩

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی حەمدی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٢٣٥ )ی ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە

هەواڵنامەی کتێب

مافی لەچاپدانی
بۆ خودی نووسەر پارێزراوە

ڕەسوڵ بۆسکێنی

هەواڵنامەی کتێب

# شانشینەکانی زاگرۆس
# (کوردستان)

## بەشێك لە ڕووداوەکانی سەرەتای مێژوو تا دەوڵەتی میتانی

٢٠١٩

**پێشکەشە بە برای بەڕێز و خۆشەویستم**
**دکتۆر شیروان حسین مامۆستا لەزانکۆی ڕاپەڕین**

**سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێزان:**

- دڵێر ڕەسوڵ هاوکاری زۆری کردم لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزیەکاندا.
- دکتۆر شیروان حسین، مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین، ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی گرتەئەستۆ.
- شێرزاد حەسەن هەمزە هەندێ سەرچاوەی بۆ دابین کردم.
- بەڕێوەبەر و کارمەندانی کتێبخانەی گشتی ڕانیە، زۆر لەگەڵم ماندووبوون.
- هەموو ئەوانەی لەبەرهەمهێنانی ئەم کتێبەدا ئەرکیان کێشاوە.

# پێڕست


پێشەکی.................................................................... ٩

هێما کارپێکراوەکان ........................................................ ١٧

**بەشی یەکەم: یەکەمین ئاوەدانیەکان لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا.................................١٩ - ٧٨**

شێوازی ژیانی سەرەتایی و سەردەمی پێش مێژوو

ڕام کردنی گیاندار لەلایەن مرۆڤ

دۆزینەوەی کشتوکاڵ

قۆناغی دوای گوندی چەرمۆ

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گوند

بنیاتنانی گوند

ژیانی دێهات

پەیدابوونی شار و هوشیاری شارستانیەت

بیروباوەڕی ئاینی کۆنی کورد

قۆناغی ئاینی گوند

قۆناغی ئاینی شار

هەڵکەوتەی جوگرافی

چیاکان

دەشتەکان

دەشتی بیتوێن

دەشتی سلێمانی

دەشتی سندی

دەشتی شارەزوور

سەرچاوەکانی ئاو

ڕووباری دیجلە

خاپوور

زێی گەورە

زێی بچوک

ڕووخانە (ئاوەسپی – عوزێم)

سیروان (دیالە)

ڕوەک و دارستان

**بەشی دووەم: دانیشتوانی دێرینی زاگرۆس (کوردستان)..........................................٧٩ -١٣٨**

سوبێر، سوبارتو، سوباری

لۆلۆبیەکان کێ بوون؟

ناوی لۆللۆ یا لۆللۆبوم

دەرکەوتنی لوللوبی


هەواڵنامەی کتێب

گوتیەکان کێ بوون؟
ناوی گوتییەکان
دەرکەوتنی گوتییەکان
شارستانیەتی گوتییەکان
ڕوخانی دەسەڵاتی گوتییەکان لە وڵاتی ئەکەد
کاسی یا کاستی یا کاشی
خورییەکان
دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی پاشایانی خوری
ئاین و بیرو باوەڕ
میتانییەکان

**بەشی سێیەم: ڕووداو و لەشکرکێشیەکان**..........................................................١٣٩ - ١٩٤
دەرکەوتنی ناوی کورد
مەبەستی داگیرکاری و بایەخی ئابووری
سەردەمی سۆمەرییەکان
شارستانیەتی سۆمەرییەکان
(دەوڵەت شار)ی سومەری
(دەوڵەت شار)ی سۆمەری بۆ (دەوڵەت وڵات)ی ئەکەدی
سەردەمی ئەکەدی
سارگۆن و جێنشینەکانی
سەردەمی نرام - سین و لەشکرکێشیەکانی
سەردەمی دەسەڵاتی گوتییەکان (نزیکەی ٢٢١٠ - ٢١١٦ پ.ز)
سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور ٢١١٢ - ٢٠٠٤ پ.ز
حوکمڕانی شولگی ٢٠٩٥ - ٢٠٤٨ پ.ز
شولگی و لەشکرکێشی یەکەمی بۆ سەر خوری
شولگی و لەشکر کێشی دووەمی بۆ سەر خوری
لەشکرکێشی سێیەمی شولگی بۆ سەر خوری
فراوان بوونی ئیمپڕاتۆری بنەماڵەی سێیەمی ئور
سەردەمی بابلییەکان ٢٠٠٤ - ١٥٩٥ پ.ز

**بەشی چوارەم: سەردەمی بوژانەوەی شانشینەکان**..................................................١٩٥ - ٢٥٦
سەردەمی دەوڵەتی ئاشووری
دەوڵەتی ئاشووری
یەکەمین بنەماڵەی گەورەی ئاشور
دەزگای هەواڵگری ئاشوورییەکان
لەشکرکێشی و فراوانخوازیەکانی ئاشوور
شانشینەکانی دێرینی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

خابوراتوم و کوممێ
یائیلانوم
نامار (وم) و نیکـ/ـقوم
لوللوبییەکان
گوتییەکان
قابرا
میلەکەی قابرا
دوای مردنی دادوشا
شانشینی کاکموم
ڕۆڵی (کاکموم) لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین
کاکموم لە هەزاری دووەمی پێش زایین
ا - لەکاتی (شەمشی - ئەدەد)
ب - کاکموم لەکاتی (زیمری - لیم)
ج - لەکاتی (ماری) دا
شانشینی توروککی
بەکارهێنانی مۆر لای پاشایانی توروککی
فیدڕاسیۆنی هۆزە توروککی یەکان
پەلاماردانی گوتی بۆ سەر توروککی

**بەشی پێنجەم: شانشینی ئەخازوم**.......................................................... ٢٥٧ - ٣٢٨
شوێنی شانشینی ئەخازوم
ناوی شاری شیکشاببوم
شاری شیکشاببوم
بارودۆخی سیاسی ئەخازوم
هاوپەیمانێتیشانشینی ئەخازوم
بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە
شەڕانگێزیەکانی شەمشی - ئەدەد بەرامبەر بە ئەخازوم
نویێ کردنەوەی هاوپەیمانێتەکان
کۆتایی و ڕوخانی شانشینی ئەخازوم
شانشینی سیموررروم
ناوی ش/سیموروم
شوێنی سیموررروم.
خۆبەخواوەند زانین لەدۆڵی دووڕووباردا
ئیددین - سین پادشا و زابازونای کوڕی
شانیشینی سیموروم لە سەردەمە کۆنەکان
پێکهێنانی هاوپەیمانی سیموروم
سیموروم لەسەردەمی ئەکەدی
هەوالنامەی کتێب

لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا
هێرشەکانی سیماشکی
نووسین و نەخشەبەردەکانی بێتواتە
مۆرە لوولەکی یەکانی سیموروم
داگیر کردنی بێتواتە لەلایەن شانشینی سیمووروم
داگیرکدنی کولونوم لەلایەن شانشینی سیموروم

**بەشی شەشەم: شانشینی ئوتوم**................................................................ ٣٢٩ - ٤٣٨
سەردەمی پێش ئاشووری
ناوی شانشینی ئوتوم
شوێنی شانشینی ئوتوم
ڕەگەزی دانیشتوانی شوشاررا
زمـــــانی دانیشتوانی شوشاررا
بیروباوەڕی ئایینی لە دەشتی بیتوێندا
دەسەڵاتی کارگێڕی وڵاتی شوشاررا
فەرمانڕەوایی شوشاررا و کەسایەتی کوواری
سوپای شمشارە
هاوپەیمانی ئوتوم لەگەڵ دراوسێکانیدا
پەیوەندی ئوتوم لەگەڵ پاشایانی لوللو
بەڵگەی بازرگانی
هاوپەیمانی ئوتوم و ئەخازوم
پەیوەندی (توروککی - کوواری) و نەیاری گوتی
سەردەمی باڵادەستی ئاشووری
وڵاتی ئوتوم و هاوپەیمانیئاشوور
گرنگی و بایەخی ئوتوم بۆ ئاشوور
نوێ کردنەوەی هاوپەیمانی و چەسپاندنی دەسەڵاتی ئاشوور لە ئوتوم
دەزگای هەواڵگری ئاشوور لە شوشاررا
تەماعکاری و هەڕەشەی گوتییەکان بۆ سەر وڵاتی ئوتوم
کێشە ناوخۆییەکانی شوشاررا و ئاژاوەی سەرکردەکانی توروککی
کێشە و ئاژاوەی سەرکردەکانی توروککی
سەردەمی پاش ئاشووری
لەشکرکێشیەکان و ڕووخانی شوشاررا
مردنی شەمشی - ئەدەد
دووبارە هەستانەوەی توروککی
شکستی ئاشوور پاش مردنی شەمشی ئەدەد
سەرچاوەکان.................................................................................................... ٤٣٩

هەوالنامەی کتێب

## پێشەکی

نووسین پرۆسەیەکە لەخەیاڵی مرۆڤدا بەمەبەستی بوون و بەردەوامی و مانەوە، نووسین کەڵکەڵەی هەستی مرۆڤە لەناو خەون بینین و گەیشتن بە وردەکاریەکانی جیهــان و قــوڵایی گەردونەوە، چــونکە ڕاســتیەکی گرنــگ هەیە، مــرۆڤ هەمیشــە دڵەڕاوکــێ و خولیــا و کەڵــکەڵەی پەی بــردن بەنهێنیەکــانی لە هەســتی دایە، ئەو خولیابوونەش بەردەوام ڕوو لەزیادبوونە، مرۆڤ بونەوەرێکی وردەکارە و هەمیشە دەربارەی زانست، گەردون، ئایین، یا هەر شتێکی نهێن ئاسا پرسیار لە هەستی دا گینگڵ دەدات، پرسیارەکانیشی بێ کۆتایین و بەردەوام لەگەشە و فراوان بوون دان، دروست بــوونی کەلتــور و ئەدەب و هــونەر لەخولیــا و پرســیار و بەدواداچــوونی ئــادەمیزادەوە ســەرچاوەی گرتــووە و هــاتوونە بــوون، خولیــا و کەڵــکەڵەی مــرۆڤ لەســــەر شــێوازی بنەماکــانی نووســین و شــێوەیەکی گشــتی لەســەر نووســین هێناوەتەکایە، تێڕامــان و لــێ وردبوونەوەی مــرۆڤ لەنێــوان خەیــاڵ و بیرکردنەوەدا، خولیــایەکە لە نووســیندا بەرجەســتەی دەکــات، واتــایەکی ڕوون بەزمــان و بیــر و ئەندێشەی مرۆڤ دەبەخشێت، هەر گۆشەیەک لەنووسین لەوانەیە لوتکەی تێڕوانیی نووســەر بێت، ئێمە نــابێ بەســادەیی وەری بگــرین، بــێ گومــان ئامــانجی مــرۆڤ لە نووسینی هەر بابەتێک گەیشتنە بەبنج و بناوانی ڕاستیەکان، لەپێناوی دڵنیا بــوون لە خەیــاڵ و بیــر و ئەندێشــەی مرۆڤــدا، نووســینی مێــژوو پیشــاندانی وێنەکــانی بیــری مرۆڤــایەتییە لەڕێگــای نووســینەوە، ئەو بنەمــا زانســتی و هونەریــانەی لە نووســیندا ســـەرچاوەی گرتـــووە، لەلایەک وابەســـتەیی بەجیهـــانی دێـــرین و پێشـــینانەوە هەیە، لەلایەکی تریش ئاوڕادانەوەیە لەڕابردوو و ئەزمــوونی ژیــان، هەر ئەمەش نووســینی بەرهەم هێنــاوە، هەمــوو ڕووداو و بەســـەرهات و چالاکیەکــانی ڕۆژانە و پانتــایی ژیربێژی و فەلسەفەی مرۆڤ بۆتە بنەمای نووسین، پاش چەندان ساڵی تر نەوەی دوای خۆیان دێن و دووبارە دەیانخوێننەوە و دەیانهێننەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لەوێوە بەزانیاریەکانی ڕابردووی خۆیان و مرۆڤایەتی ئاشنا دەبن، لەبەرئەوە زۆر لە نووســـەران هەوڵیــان داوە چالاکیەکــانی خۆیــان و دەوروبەریــان تۆمــاربکەن و بینووسنەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئارامی ڕۆح و هەست کردن بە ئاسوودەیی لە نووســین، چــونکە وایــان دانــاوە لە ڕێگــای نووســینەکانیان دەتــوانن گیــانی نەمــری بەباســــەکەیان ببەخشـــن و لەداهـــاتوودا زینـــدووببنەوە، لەبەرئەوە لەســـەردەمە دێرینەکــانەوە تائێســتاش ســەرەڕای نووســین و ڕوون کــردوەی بابەتەکــان لەپــاڵ

هەندێ نووسیندا، وێنەی مانادار لەگەڵ نووسینەکان نەخشێنراوە، تاکو لە داهاتوودا ناوەرۆکی نووسینەکە بەئاڵۆزی نەمێنێتەوە و لەلایەن خوێنەر و توێژەرەوە بە هەڵە لێکنەدرێتەوە و تووشی بەریرسیاریێتی مێژوویی نەبێت. چونکە ناخۆشترین شت ئەوەیە نووسینێک نەتوانرێت هەموو بەڵگەکانی تیا بخرێتەڕوو، یاخود مەبەستی نووسەر نەپێکێ. لەبەرئەوە هیچ شتێک لەمێژوودا هێندەی نووسین بەرپرسیاریێتی نییە، بچوکترین بەسەرهات و نووسینی  سەردەمە کۆنەکان، تا دەگاتە نووسین لەسەر شارستانیەتەکانی ئەم سەردەمە هەمووی بەرپرسیاریێتییە، ئەگەر نووسین دەستکەوتێک بێت بۆ مانەوەی بیرو ئەندێشەی مرۆڤ و پاراستنی ڕووداوو و بەسەرهاتەکان، ئەوا سادەترین ئەرکی مرۆڤ ئەنجامدانی نووسینە، پێویستە مرۆڤ بنووسێت، کار و چالاکیەکان تۆمار بکات، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا زیندووببنەوە، کەواتە بنووسە بۆ ئەوەی زیندوو بمێنیتەوە.

نووسەری گەورەی عەرەب د. عەلی وەردی رەخنەی لی گیراوە، بۆچی لە نووسینی مێژووەکەیدا باسی کورد ناکات، لەوەڵامدا وتوویەتی: کوردان خۆیان مێژوونووسی خۆیان هەیە، ئەرکی خۆیانە مێژووی خۆیان بەدەستی خۆیان تۆماربکەن. جێگای داخە بەهۆی پشت گوێ خستنی نووسین لەلایەن کورد، مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد لێڵ و نادیارە، پاشماوەی زۆر کەمیان لە بەڵگەی ڕەسمی لەپاش بەجێماوە، ئینجا یا ئەوەتا نووسەرانی کورد گوێیان بەمێژووی وڵاتی خۆیان نەداوە و خۆیان لە ڕووداوەکان بواردووە، یاخود نووسیویانە و فەوتاوە و بەردەست نەکەوتووە، زۆربەی مێژوویان لەسەردەستی دوژمنان دیزە بەدەرخۆنەکراوە، یان خراوەتە بەر شەپۆلی تێداچوون لە کاتی شاڵاوی هێرشە سەربازیەکان سوتاوە و فەوتاوە و لەناو براوە.

هەر چۆنێک بێت مێژووی کورد پێویستی بەوە هەیە، لەلایەن کورد خۆیەوە گرنگی زیاتری پێ بدرێت. سەرەڕای ئەوەی زۆر لەمێژوونووسانی کورد ئەوەندەی بۆیان کرابێ، مێژووی کوردیان ڕوون کردۆتەوە، بەڵام هێشتا پێویستی زۆر لەوە زیاتری هەیە، لەبەرئەوە دەمەوێ بەنیوە ناچڵیش بێت، شتێک لەو بارەیەوە بنووسم، ئەگەرچی ئەوە کارێکی گران و سەختە، بەڵام هێزم دایەبەرخۆم بۆئەوەی هەوڵ بدەم کۆنە کتێب و سەرچاوان بپشکنم، لەبەریەکیان ڕابگرم و هەودای ئاڵۆزاوی مێژوو تێک کەمەوە بۆ ئەوەی بتوانم لەم نەخش و تەونە شتێکی جوانی لێ دروست بکەم، ئیتر ئەوە لەهیچ باشترە، هەرچەندە توانای من لەئاستی ئەم کارە گەورە و

سـەختە، بەڵام لە خولیـایم بـۆ کتێـب و قەڵەم و وشـە لە سـەردەمی منـداڵیمەوە هـاوڕێیەتی کتێبم کردووە و ئەوەندەی توانیبێتم لە خوێندنەوە درێغیم نەکردووە، لەو کاروانەدا تووشی سەدان شتی خۆش و ناخۆش و سەرنج ڕاکێش بووم، ڕووی داوە یان هەستی نووسەر خوڵقاندوویەتی و منیشی لەگەڵ خۆیدا کێش کردووە بۆ ئەو جیهانەی خۆی، بەتایبەتی لەناو لاپەڕەکانی مێژووی کوردا شتی وا سەیر و سـەمەرە و ڕووداوی وا خـۆش و ناخۆشـت بەرچـاو دەکەوێ، نـاکرێ هەر ئـاوا بەسـادەیی بەسـەریدا تێپەڕیـت، لەو ڕوانـگەیەوە لەهەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتم دایە قەڵەم، هەنـدێک ڕەشـکە و پێشـکەم کـردن، زۆر ڕووداو و بەسـەرهاتی مێـژووی کـوردم دەسـەریەک کـردنەوە، لەئەنجامـدا شـتێکی جـوان و خۆشـی لـێ دەرچوو، جێگای دڵخۆشی بوو، چەند دەستنووسێکی گەلاڵە کراوم ئامادە کرد بۆ کاتی خـۆی و لە دەرفەتی لەباردا چاپی بکەم، لە پایزی ١٩٨٩ شـەوێک لەناکـاوڕا لەلایەن دەزگای هەواڵگری سەربازی حزبی بەعس (المظومە الاستخبارات العسکریە – المنظـومە الشـرقیە کرکوک) لـێم وەژوورکەوتـن و بێ پرسـیار و وەڵام دەسـتیان بەچـۆڵە پـێچە بەسـتم و بردیـانم دە بەنـدیخانەیان پەسـتاوتم، هاوسـەرەکەم و مەحمـودی بـرام بـۆ پاراسـتنی دەستنووسـەکان، نەکـا حکـومەت بێـت ماڵەکەمـان بپشـکنێ و دەستنووسـەکان بەرن، هەم دەستنووسـەکان لەنـاو بچـن و هەم ببێـتە مایەی سەرئێشە و نەگبەتی بۆ من و ئەوانیش، لەبەر ئەوە دەستنووسەکانیان لای هەنـدێ هـاوڕێی خۆشەویسـت دەنـابوون، دوای ئـازادبوونم، کە لە بەنـدیخانە گەڕامەوە، دوو دانە لە دەستنووسەکانیان بۆ گەڕاندمەوە، ماڵیان ئاوا، ئەوانی تریش سەریان تێدا چوو، بەڵام لەدنیای ئاخۆران و بخۆرانی دوای ڕاپەڕین و هەڵچوونی شۆڕشگێرانەی جەماوەر هەموو کارێکی لەسیاسەت دا کۆکردەوە، منی ئازاد بووی بەندیخانە لەسـەر سیاسـەت و خۆشەویسـتی نیشـتمان تـازە مەسـتی سیاسـەت و حزبـایەتی بـووم و نووسـینم لە بیرخـۆم بـردەوە، دواتـریش لەکـاتی ڕووداوی نەگریسـی ٣١ ئـابی ١٩٩٦دا کتێبخـانە و دەستنووسـەکان و چەنـدین شـتی تـری بەنرخم هەبوون، گڕی ئاگری نەزانی لەگەڵ خۆی لولی دان و لەناو چوون، هەتا دوای ماوەیەک ئەوەندە لەو کارە نیگەران بووم، هەر کتێبیشم پشت گوێ خست، لەلایەک لە نیگەرانی بیری سەربازی لە شالاوە سەربازییەکاندا، هەرچی بکەوێتە بەردەستی بێ بیرکـردنەوە لەنـاوی دەبـات، کتێـب و دەستنووسـەکانی منیش بـێ ئەوەی هیچ زیانێکیان بۆ ئەوان هەبێت وەک مێشکی ئەوان بوونە قەرەبرووت.

لەلایەکی تریش هێشتا مەستی سیاسەت و حزبایەتی بووم، هەموو ژیانی خۆم بۆ کوردایەتی تەرخان کرد، شەوم خستەسەر ڕۆژ و هەدام نەدەدا، بێ پشوو کارم دەکرد، هەموو شتێکم لەچاوی حزبەکەم و بەرزی هاوڕێکانم دا دەبینی، بەڵکو بگەینە ئامانج و نەتەوەکەمان سەربەست و نیشتمانەکەمان سەربەخۆ بێت، هەموو هەوڵی خۆم خستەگەڕ، مانووبوونم نەدەزانی، بەوپەڕی خۆشەویستیەوە کارم دەکرد، لەسادەییدا خۆم فریودەدا، گوایە سیاسەت دەکەم، ئەگینا کاری من هەتاکو ڕاپەڕین بوو، سیاسەت و حزبایەتی دوای ڕاپەڕین کارێک بوو من لێم نەدەزانی، ئەوەی من هەبوو، خەبات و ڕابردووییەکی درەوشاوە و دڵسۆزیەکی لەمەحەک دراو بوو، ئەوەش لەوکاتەدا پولێکی چرووکی نەدەکرد، خەبات و مەردی و پیاوەتی لەپاش بوو، ماستاوچێتی و زمان لووسی کاری باش بوو، ئەوەی لەمێژ بوو لەبیرم چووبۆوە نووسین، بەبیرم هاتەوە، کاتێ لەسیاسەت شکستم هێنا، بام دایەوە سەر نووسین، دووبارە خووم دایەوە خوێندنەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبان، پێموابوو دەبێ گوێ لەو زاناو ڕۆشنبیرانە بگرم، کاتی خۆیان تەرخان کردووە بۆ نووسین، بەم پێیە ئێستا من ڕۆژانە لەکۆڕی زانا و ئەدیبان دادەنیشم، هەرچۆنێک بێت ئەو کارە ئاسوودە و دڵخۆشم دەکا، دوای ئەوەی چەند کتێبێکم نووسی و چەندین وتارم لەبوارە جیاجیاکان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردەوە، بیرم لەوە کردەوە، بۆچی شتێک دەربارەی مێژووی ڕیشەی ژیانی گەلەکەم نەنووسم، لەڕۆژێکی تاریک و ئەنگوستەچاودا، کە هێشتا نووسین هێندە پەرەی نەستاندبوو، لەبەرئەوە شانم دایەبەر دەست لەدەست و قووەت لەخوا، تا ئەم بەرهەمەی بەردەستت هاتۆتەکایە، هیوادارم ماندوو بوونەکەم بایی ئەوەبێت دڵی تۆی خۆشەویست ڕازی بکات، ئەگەر نەشمتوانی بێت، ئەو کارە بکەم، هیچ نەبێت کۆمەڵێک وشەی کوردیم ڕیز کردووە، ئەوەش خزمەتێک بێت بەزمانی شیرینی کوردی.

هەڵبەت من چیرۆک و داستان دانارێژم، بەڵکو مێژوو دەنووسمەوە، مێژوویەکی نادیار، هی سەردەمێکی تاریک، سەردەمێکی مێژووی دوور، کوردستان لەڕووی خوێندەواریەوە لەپاش بوو، پاشا وخەڵکە تایبەتیەکانیش ڕووداو و نووسینەوەی مێژوویان ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبوو، لەبەرئەوە ڕووداوەکان تۆمار نەکراون، بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان هەردەبێت پەنا بۆ ئەو دوژمنانە بەرین، کە هاتوون وڵاتیان داگیرکردووین، نەتەوەکەیان لەناوبردووین و بەدیلیان بردوون، ماڵ و

سامانیان تاڵان کردووین، ئەوانەش زۆر کەم ڕاستی لە نووسینەوەی مێژووەکانیان هەیە، چونکە ئەگەر سەرکەوتوون زۆریان بەشان و باڵی خۆیان و سوپاکانیان هەڵداوە، ئەگەر ژێریش کەوتوون نەگبەتی و ئۆباڵەکەیان خستۆتەسەر شانی نەتەوەی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە، یاخود کاتێ ژێرکەوتوون و زۆریان لێ کوژراوە و سوپایان تارومارکراوە، لە هێرشی پێچەوانەدا ڕاونرابن و وڵاتیان داگیرکرابێ، ئەوان خراپەی کورد و باشیان بۆخۆیان نووسیوە، وەکو ئەکەدییان دەربارەی گوتییە ئازا و دلێرەکان، دوای ئەوەی لە هێرشە بەردەوامەکانی سۆمەر و ئەکەدییان وەزاڵەهاتن و حاشایان لەگیان و ماڵی خۆیان کرد، ئەکەدییەکانیان شکاند و وڵاتەکەیان داگیرکردن، سەد و بیست و یەک ساڵ حوکمڕانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەدییان کرد، کەچی نووسەرانی پاشا و گەورەکانی ئەکەد پێچەوانەی ئەو هەموو لێهاتوویی و ئازایی و قارەمانەتیە گوتییەکانیان بەشەڕانگێز لەقەڵەم داوە، دەربارەی گوتییەکان هەرچی وشەی خراپ و ناشیرین و نالەبار هەیە، نووسیویانە یاخود لە ئەنجامی هێرش و پەلامارەکانی (سەرگۆنی) ئەکەدی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر گاڵەی بەنەتەوەکانی ئەو سەردەمە کرد، چەندین جار پەلاماری هەموو نەتەوەکانی دەدا و سوپاکانی تارومارکردن و پادشاکانی لەناوبردن، وڵاتی تاڵان کردن و خەڵکەکەی بەدیل گرتن. تا جارێک لە هێرشی پێچەوانەدا بابلی و عیلامییەکان بەهاوکاری کوردەکان لە شوێنێکدا لە نێوان ڕووباری دیجلە و چیاکانی زاگرۆس لەگەڵیاندا کەوتە شەڕەوە، هەروەک کەلتووری کۆنی ئاشوور، (سارگۆن) لەڕاپۆرتی خۆیدا بانگەشەی سەرکەوتنێکی گەورەی کرد، بەڵام دەقە بابلییەکان ڕاستییەکان ئاشکرا دەکەن، یەکێک لە دەقە بابلییەکان دەڵێت: " (سارگۆن تێکشکا) خاکەکەی داگیر کرا، (مەرودەک - بەلدان) پاشای بابل یانزە ساڵ لەدەسەڵاتدا مایەوە، تا لە ئەنجامدا (سارگۆن) لەدەوروبەری (٧١٠ ی پ.ز) هێرشی دووبارەی دەست پێ کرد و تۆڵەی خۆی لەبابل کردەوە، بەسەریاندا سەرکەوت و (مەرودەک) پاشای بابل شکا و هەڵات بۆ عیلام، (سارگۆن) چەندین ساڵ دوای شکستەکەی باسی شکستی یەکەمجاری خۆی لە (گاهشماری بابلی) شاری (ئوروک) دا سڕییەوە و لەجیاتی ئەوە ڕیوایەتێکی ساختەیی خۆی لە شوێنی دانا، ئەو هەوڵیدا ڕاپۆرتی بابلییەکان لە (نەمروود)دا بشارێتەوە، کارێک بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز بۆ ئاشکرابوونی حەقیقەت لە ئایندەدا هەڵیان کرت، چونکە حەفرکەرەکانی هاوچەرخی ئەوان لە کۆشکە بە ناوبانگە زۆر و بەیەکداچووەکانی ئاشوور دۆزییەوە."

سەرەرای ئەو ڕاستیانەش ناچارین بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوە و وڵاتی خۆمان پەنا هەر بۆ نووسراوە گوماناویەکانی ئەوان بەرین، کە لەسەر ئێمەیان نووسیوە، هەڵبەت زۆر شتی ڕاست و باشی تێدایە، زۆرجاریش ڕاستگۆییان پیشت گوێ خستووە و بەئارەزووی خۆیان نووسیویانە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو لادێڕی نووسینەکانیاندا دەتوانین بەشی خۆمان مێژووی وڵاتی خۆمانی لێ هەڵێنجین.

دۆڵی دوو ڕووبار خاوەنی شارستانیەتێکی کۆن و ڕەسەنە، بەهۆی تێکەڵاوی شارستانیەتی دەسەڵاتدارەکانی میسۆپۆتامیا و گەلانی کۆنی زاگرۆس (کوردستان)، هەمان شارستانیەتی بەخۆوە بینیوە، بەو هۆیەوە بەلانکەی ژیانی مرۆڤی کۆن و دەستپێکی شارستانیەتی دێرین دادەنرێت، نموونەی ڕوونی ئەمەش ژیانی ئەشکەوت و گوندە کشتوکاڵیەکانی کوردستانن، لەبەر ئەوە مرۆڤی کورد هەقی خۆیەتی شانازی بکات بەم مێژوو و شارستانیەتەوە، بەڵام پێویستە زانا و پسپۆڕانی شوێنەواری خۆماڵی بەدۆزینەوە و پشکنینی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژی زیاتر ئەنجام بدەن، بۆ ئاشناکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە مێژووی دێرینی نیشتمانی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستە لەم کتێبەدا بەرەو ڕووی چەند دۆخێک هاتووین:

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێینەوەیەمان بە (شانشینەکانی زاگرۆس) ناوناوە، لەبەرئەوەی لە ماوە و سەردەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی زاگرۆس لەجیاتی کوردستان بەکارهاتووە، ئەو کاتە سنوورێکی جوگرافی لە ژێر ناونیشانی کوردستاندا یەکەی بەڕێوەبردنی نەبووە.

ڕێبازی کارکردنی لێکۆڵینەوە: ڕێبازی کارکردنی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازێکی مەیدانیە، لەبەرئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر پشتمان بە سەرچاوە و بەڵگەنامەی نووسراو بەستووە.

گرفتی توێژینەوەکە: لەبەر کەمی سەرچاوە یاخود لەبەردەست نەبوونی ئێمەدا بەتایبەت کەمی سەرچاوە دەربارەی نووسینەوەی مێژووی ناوچەکە گرفتی سەرەکیە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: نووسین لەسەر مێژووی کۆنی کوردستان کارێکی گرنگ و بایەخدارە، چونکە هێشتا زۆر لایەنی مێژووی کۆنی کوردستان لەژێر خاک و لەشوێنەوارەکاندا ماوەتەوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، مێژووی کۆنی کورد پێویستی بەلێکۆلێنەوەی زیاتر هەیە، لەبەرئەوە هەوڵمان داوە مێژووی کۆنی کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە تاکو کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی ئور و بوژانەوەی شانشینەکانی کوردستان و سەرهەڵدانی ئاشوورییەکان بۆ خوێنەری کورد ڕوون بکەینەوە، دیارە وەک ئەرکی زانستی ئەوەندەی بۆمان کرابێت، بێلایەنی لەتوێژینەوە و پوختی و زانستی و دوور لە سۆز و لایەنگری نووسینی توێژینەوەمان پەیڕەوکردووە، بۆ کارئاسانی خوێنەر ناوەرۆکی ئەم کتێبەمان بەسەر چەند بەشێک دابەش کردووە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: بەپێی پێویست گەشەکردنی ژیانی ئادەمیزادمان خستۆتەڕوو لەسەرەتا و لەژیانی ناو ئەشکەوتەوە، هەر لەلایەنی ئایینی و بنیاتنانی گوند و دەستەمۆکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و ڕەنێوهێنانی دانەوێڵە، تا گەیشتن بە شار و شارستانیەتی و گەشەکردنی مرۆڤایەتی لە ئامێر و پێویستیەکانی بەردینی و گڵێنەسازی و بوارەکانی تری ژیان، ئینجا پێش چاوخستنی شوێنی هەڵکەوتەی جوگرافی لە دەشت و شاخ و ڕووبار و ڕووەک و دارستان و سەرچاوەکانی ئاو.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا بۆ ئاشنا بوون بە باسەکانی دوایی، باسی ژیانی نەتەوە کۆنەکانی زاگرۆس کراوە وەکو: (کاسی و گوتی و لوللو و خوری) یەکان، شێوەی پەیدابوون و نەژاد و ئایین و شوێنی نیشتەجێ بوونیان ڕوون کراوەتەوە، گەشەکردن و ڕووداو و بەسەرهاتەکان بە کورتی ڕوون کراونەتەوە. چونکە ئەوان بنەچەی باپیرانی کوردن و مێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە نەزانراوە، پێ دەچێت هەر لە کۆنەوە لەو ناوچەیە جێگیر بوون، مەبەستی سەرەکی ئێمە چڕ کردنەوەی ڕووداوەکان، لەبەرئەوە ئەوەندەی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە بەکورتی باسی ئەوان کراوە.

بەشی سێیەم: لەم بەشەدا باسی دەرکەوتنی ناوی کورد و لەشکرکێشی و داگیرکاریەکانی (سۆمەر و ئەکەد و ئاشووری و بابلی)یەکان کراوە، لەدەوڵەت شارەکان و شارستانیەتی ئەو نەتەوانە و فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە میسۆپۆتامیا بەشێوەیەکی کورت پێش چاو خراوە.

بەشی چوارەم: تەرخان کراوە بۆ بوژانەوەی شانیشینەکانی کورد لەدوای شکست هێنانی بنەماڵەی سێیەمی ئور، مەبەستی سەرەکی بابەتەکەی ئێمەش

بەتایبەت ئەمەیە، گەشەکردنی دەوڵەتی ئاشووری، و دەزگای هەواڵگری ئاشووری و باسی شانشینەکانی (خابوراتوم و کوممێ و یائیلانوم و نامار (وم) و نیکـ/ـقوم و لوللوبییەکـان و گوتییەکـان و قـابرا و شانشـینی کـاکموم و شانشـینی (تـوروککی) ییەکان کراوە.

بەشی پێنجەم: باسی شانشینی (ئەخازوم) و شانشینی (سیموررروم) و شوێن و بوژانەوەی شانشینەکان و هێرشی ئاشوورییان بۆ سەر شانشینەکان و ئەوەندەی کرابێ هەوڵی خۆڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان و ئازاد کردنی نیشتمان لە ژێر چنگی دوژمنان و بوژانەوەی شانشینەکانی کوردستان ڕوون کراوەتەوە، ڕووداو و لەشکرکێشیەکان و گەشەکردنی دەوڵەتی ئاشووری ئاماژەی بۆ کراوە، دواتر بووە ئیمپڕاتۆریەتێکی گەورە و بەسەر زۆربەی ناوچەکە ڕادەگەیشت.

بەشـی شـەشـەم: باسـی شانشـینی ئوتـوم کـراوە، لـەم بەشـەدا گەشـەکردنی شانشـنەکە و زمـان و ئـایین و ڕەگـەز و سـوپا و بەسـتنی هاوپـەیمانێتیـەکانی و دژایەتی و شاڵاوی نەیارەکانی، هـاتنی پەنابـەر و کێشـەکانیان، دواجاریش ڕووخـانی شانشینەکە و سوتانی کۆشکی کوواری و دیارنـەمانی، ڕووداوەکانی دواتریش لـە هەسـتانەوەی تـوروککی یـەکان و بەربـەرەکانیان لەگـەڵ ئاشـوورییەکان ڕوون کراوەتەوە.

**ڕەسوڵ حەمە عەبدولقادر/ بۆسکێنی**
**١٥ - ١٠ - ٢٠١٥**

## هێما کارپێکراوەکان

بۆ شیکردنەوەی دەقە مێخیەکان شیکاری ئەو شارەزا و پسپۆڕانەمان بەکارهێناوە پەیوەستن بەم کارە و شیکاری دەقە مێخیەکانیان کردووە، بەهۆی دووری سەردەمەکە و ئاڵۆزی و شکاوی و کەموکوڕی لە دەقەمێخیەکاندا، هەندێک جار پێویستی بەوە هەبووە هێمای شیکاری بەکاربهێنرێت، ئەگەر سەنجێک هەبوو دەتوانن سود لەم هێمایانە وەربگرن:

[] نیشانەی شکانە لە دەقەکەدا.

[ x ] واتە یەک هێما لەدەقەکە کەمە.

[ x (x) ] واتە یەک هێما یان ڕەنگە دوو هێما لەدەقەدا کەمە.

[...] واتە دەقەکە شکاوە، بەڵام ناتوانین ژمارەی نیشانە کەمەکان دیار بکەین.

/ لەنێوان تیپگۆڕینی هێما مێخیەکان، ئەوە دەگەیەنێ هێمای ئەکەدی خراوەتە شوێن یان دەشێ نەخشی تری بخرێتە شوێن، یا ناوێک لە دوو سەردەمی جیاوازدا بەدوو شێوە بەکارهاتووە، وەک: ش/سیموروم.

(?) لەدەقی تیپگۆڕدا ئەوە دەگەیەنێ گومانێک لەبارەی ناسینەوەی هێمای پێشەوە هەیە یان خوێندنەوەی لەگەڵ ڕەوتەکەدا ناڕوا.


(!) لەدەقی تیپگۆڕدا ڕەگەزێکی گومان لێکراو دەگەیەنێت.

(پ.ز) پێش زایین.

(ز) زایینی

...... دانانی چەند خاڵێک لەپێش ڕستەیەک، یا پەرەگرافێک واتە نووسینی تر لەپێشەوە هەیە، پەیوەندی بەم نووسینەوە پێویست نییە، بۆیە خۆمان لێ بواردووە.

هەواڵنامەی کتێب




**نەخشەی ژمارە (١)، شوێنەوارە سەرەکیەکانی پێش مێژوو، سەرچاوە: کۆزاد محەمەد، کوردستانی ناوەڕاست،.ل85**

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

لەڕۆژگاری کۆن و کەونارا، زنجیرە چیای خۆش دیمەن و مێرگ و دەشتی بژوێنی کوردستان، سەرنجی ئیمپراتۆرە گەورەکانی جیهانی ئەو کاتی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، لەلایەکیتریش شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان لەمپەرێکی سەخت و بەرگێڕەوەی لەسەر ڕەوگەی تێپەڕین و بزوتنی کاروانچی و بازرگانانی ئەو نەتەوانە لەو سەردەمە دروست کرد بوو، چونکە کوردستان کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی و بەناچاری تەواوی هاتن و چوونەکان دەکەوتنە سەر ڕێگاوبانی ناوچەکە، کوردستان ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و ئێران و ئەرمینیا و چین و ڕۆم و میسری کۆنی بەیەکەوە دەبەستەوە. لەبەرئەوە هەمیشە بەستێنی ڕووداوە جۆربەجۆرەکان بووە.

دەشت و چیاکانی کوردستان، گەوە و لاپاڵ و دەشتی زەنوێری پڕ گژوگیا و سەوزایی تێکچڕژاو سەریان پێکەوە ناوە، دەبنە مێرگ و زەمەندێکی بژوێن بە گەڕانگەڕی لەملی چیا هاڵاوە، لە بەرزاییەکانی لوتکەی قوچەکی لە زۆر جێیان لە سێ هەزار گەز تێپەڕیوە. لەلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بەرەو لێژی دەچێ و وردە

وردە دادەکشێ و بەرەو نزمی و نەوی بوون دەچێت، تاکو شانی دادەدا و لە لاشانی لای باشووری ڕۆژئاوا، لەگەڵ پێ دەشتی جوان و دڵڕفێن و زەوی گۆشتن و فراوانی بەپیت و بەرێژەو دەستەملان دەبێ و لەگەڵ بەستێنی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات تێکەڵ دەبن. ئەمە هەمیشە سەرچاوەی بژێوی وەرزێر و کشتیارانی ئەم دەڤەرە بووە، بەرهەم و حاسڵاتی، هەمیشە جێگای ئێرەیی و چاوتێبڕینی غەوارەکان بەسەریدا زاڵ بووە، هەمیشە ئیمپڕاتۆرەکانی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و بابلی و ئێرانی و ڕۆمی هەوڵیان داوە، خۆیانی لێ قایم کەن و جێ پێیان لێنەبڕێ و لەم خێر و بێرە بێ بەش نەبن. چونکە ڕێگای هاتوچۆی بەشی ئێلام و باکووری نێوانی دووزێ بەناو خاکی زاگرۆسدا دەچێ، یا لە کەناریەوە بووە. هەروەکو لە خولی نزیکتر وەک سەردەمی هاخامەنش و ئەسکەندەر. ڕێگای تێپەڕبوونی لەشکر بۆ نێوانی دوو زێ لە زاگرۆس و لورستانەوە بووە، بەڵام لەکاتی گەشت و بازرگانیدا سەرانەی زۆریان ئەدا بە دانیشتوانی زاگرۆس تا ڕێگەیان بدەن[1]. بابلیش کە دەچوون بۆ ئەکباتان و ئەو ناوە باج و خەراج و کرێی ڕێگەیان داوە.

سروشتی سەرنجڕاکێش و چیای ڕژد و هەڵەموونی دژوار و لاپاڵی پڕپێچ و گەوەی لاملەی کەژ و کێو، گوندی دامێنی کێوی سەرکەش و ئاپۆرای جەماوەری ئازا و قارەمان بەهەندێک بازگاندا نەبێت بوار نادا و مرۆڤ سەریان لێ دەرناکا، پێدا تێپەڕینی سەخت و دژوارە، هەندێک جاریش ئەستەمە و ئەمانە هەمووی کۆسپن، لەبەر دەم شالاوی پەلاماردەرانیدا. بەڵام چاوقوچاندن لە چۆنیەتی ژیانی زاگرۆس بۆ گەورەکانی نێوان دووزێ و ئێلام دەستی نەدەدا. چونکە دانەوێڵە و ئاو وکشتوکاڵی ئەوان زۆر تری لە کوێستان و زاگرۆس دەستەبەر دەکرا. ئەم بارودۆخە بەدرێژایی مێژوو دووبارە بۆتەوە و هەمیشە جێگای پەلامار و تەراتێنی سوپای بێگانەبووە، جاری واش هەبووە، چەند دوژمنێک لەسەر ماڵی کورد هوروژمیان بۆ یەکتر هێناوە، لەو ناوە تەنیا کوردی بێچارە پێ شێل کراوە، لێرەدا واچاکە هەر تەنیا ناوی کوردی (گوردی) ئازاو قارەمان بە بەژنی ئەم خاکە برینداره ببڕین، دوای ئەم هەموو لەشکرکێشی و پەلامارە، هێشتا خۆی مەردی مەیدان و شۆڕە سوارە، کێ دوژمن بەم خاکە بووە گلاوە، تێداچووە و نەماوە،

---

١ڕەشید یاسمی، مێژووی نەژادو پەی وەستەگی کورد، بەرحڤەی بەدەست کاریەوە: کەریم زەند و قانع، ١٩٦٩. ل ١٠.

تەنیا هەر کورد خۆی سەری گاگێرەی هۆداوە[٢]. بۆیە پێویستە مێژووی ئەم خاکە پاکە شارەزا بین و بزانین چۆن باپیران وڵاتیان بۆ پاراستووین، لە کۆنەوە تاکو بە ئێستا گەیشتووین، لە سایەی بازووی ئەوانەوە ئێستا بەشانازیەوە لەسەری دانشتووین.

**یەکەمین ئاوەدانیەکان لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا**

توێژەرانی مێژوو گومانیان وابوو کە یەکەمین و بچوکترین و سادەترین ئاوەدانییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، لە دەشتە شۆڕاوەکانی ڕووبارە گەورەکانەوە دەرکەوتون، بەڵام ئێستا ئاشکرایە ئەم گومانە ڕاست نەبووە، بەڕای پیتوڵ و شارەزایان، یەکەمین ناوچەی نیشەجێ بوون دەشتە پان و بەرینەکانی قەدپاڵَی شاخەکانی باشووری کوردستان لە دەوروبەری دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبار بووە، ئەم دەشتە بە شێوەی کەوان لە فەلەستینەوە بەرەو باکوور و لە ڕێگای سوریا و ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات (یان ئاسیای بچوک، تورکیای ئەمڕۆ) و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بە پانتایی کوردستاندا بۆ نێو بیابانی ئێران درێژبۆتەوە. بە ڕووکەش گەشەی ئەم ئاوەدانیانە لەوانەیە نۆ تا دە هەزار ساڵ لە پێش زایینەوە بووبێ، لەگەڵ فراوان بوونی پیشەی جوتیاریدا هاوکات بووبێت. کشتوکاڵکردن و داونانەوە بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر، مایەی بەدەستهێنانی خۆراکی زیاتر بووە، بەنۆرەی خۆی، بووە هۆی گەشەی کۆمەڵگا و زیادبوونی بەربڵاوی و ئاڵۆزبوونی ئاوەدانیەکانی مرۆڤ.[٣]

**شێوازی ژیانی سەرەتایی مرۆڤ و سەردەمی پێش مێژوو**

ئەم جیهانە پیرەی مرۆڤ لەسەر پشتی دابەزیوە، تەمەنی زۆر کۆنە، هەندێک لە پسپۆڕانی مێژووی کۆن، لەوانە (د.سامی سەعید الاحمد) تەمەنی گۆی زەوی بۆ (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج سەد ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگێڕێتەوە، بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤی لەسەر نەبووە، لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ نزیکەی نیو ملیۆن

---

٢وتەیەکی کوردیە واتە: کاتێک وەرزێر خەرمان گێرە دەکات وڵاخی لای دەرەوەی گێرە، پێی دەوترێت(سەرە) سەرەڕۆیی دەکات دەیگێڕێتەوە.

٣ ـ دۆن ناردۆ، ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور،وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، کوردستان- سلێمانی ٢٠٠٨ .ل ١٩.

ساڵە، [٤].وەک دەزانین مرۆڤی کۆن دەگەڕێتەوە بۆ بونەوەری جیاوازی شێوە مەیموون (Pongides) لە (لوتاغام) توانای لاواز بوو هەتا گەیشتنی بە تەمەنی پێنج ملیۆن ساڵ، ئامێری کۆن و پێویستیەکانی لەچینەکانی جیۆلۆجی، پێکهێنانی لە (شنغورا) لەسەر کەناری دەستەڕاستی ڕووباری (أومو) ئەسیوبیا لە نزیکەی (٢,٣٠٠,٠٠٠) ساڵ، لەوساوە تا نزیکەی (١,٨٥٠,٠٠٠) ساڵ بەلاوازی دەرکەوت، لە (أولدوڤای) لە تەنزانیا لە دروست کردنی ئامێر، کە لە بەردی بازلتی و گەرمی بورکانی دەردەکەوێ، ناولێنانی لە فەڕەنسا (شارستانیەتی بەردینی) ( Bebble culture) ئەمە بەردەوام بوو هەتا نزیکەی (١٠٠٠٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر. [٥] واتە بەشێوەیەکی گشتی تەنیا (٥٠%) ژیانی ئادەمیزاد دەزانرێت و ئاشکرایە، ئەویش پەیوەست بوو بە دۆزینەوەی نووسین، واتە لەو کاتەوەی مرۆڤ فێری شێوازە سەرەتاییەکانی نووسین بووە، بەسەردەمی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێت. بەڵام سەدەکانی بەرلە دۆزینەوەی نووسین بەسەردەمی پێش مێژوو دەناسرێت، لەو ڕۆژگارەدا مرۆڤ ژیانێکی سەرەتایی و سادە و ساکاری گوزەراندووە، لە کۆمەڵی بچوک بچوکدا ژیاوە و پێکەوە کۆبوونەتەوە، دووچاری چەندین نەهامەتی و ناهەمواری ژیان و سروشتی سەخت بۆتەوە و بەردەوام خەریکی خۆپاراستن و سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەروبومی دار و درەخت و ڕاوشکار بووە، لەپێناو دابین کردنی بژێوی ژیانیدا[٦].

بەلای هەندێ کەسەوە ئەو وشکە سەرمایەی ئەو کات لە ئەوروپا ڕووی داوە، نەگیشتۆتە خوارووی کەرتی ئاسیا و ئەفریقا، بەڵام لەو کاتەدا کە چاخی بەستەڵەک هەموو سەرووی ئاسیا و گشت ئەوروپا و ئەمریکای باکووری گرتبۆوە، لەم ناوچانەی خوارووودا سەردەمی بارانێکی توند و تیژ بووە، ئەو پێشنیازەی پرۆفیسۆر (زیونر) کردبووی دەربارەی دابەش کردنی چاخی بەستەڵەک بەچوار پلە لە (٦٠٠.٠٠٠) ساڵەوە دەست پێدەکات و تا (١٢٠,٠٠٠) ساڵ کۆتایی هاتووە. هەر چوار پلەی چاخی بەستەڵەک لەلای پسپۆڕانی جیۆلۆجی ناو و ماوەی بۆ دیاری

---

٤د. نەبەز مەجید ئەمین، ڕەوشی ژیانی مرۆڤی کۆن لە کوردستاندا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە/١٩، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٢، سلێمانی، ل ٧.

٥فرسيس أور، حضارات العصر الحجرى القديم، تعريب: د. سلطان محيسن، الطبعة الثانية، مطابع الف باء- الاديب، دمشق- ١٩٩٥. ص١١٧.

٦د. نەبەز مەجید ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

کراوه و پلەی چوارەم (٢٠,٠٠٠) ساڵ پێش زایین کۆتایی هاتووه، ئەمە لەلایەن هەندێ مێژوونووسانەوە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوە[٧]. ئەم گۆڕانکاریەی کەشوهەوا لەماوەی ئەو چوار پلەیەدا بەس بوو بۆ دۆخی کارتێکردنی لەسەر ڕووی زەوی، لایەنی دووەم لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی درەخت و ئاژەڵی کۆن و بەبەردبووەکان بە پێی زانستی (بالنتولوجیا و بالینوجیا و انتراکولوجیا؟) بەڵگەیە لەسەر ناوچەکانی کەشوهەوای مامناوەندی ئێستا بۆ ژیانی ئاژەڵ و ڕووەک بارودۆخێکی خۆشی وەرگرت، لەگەڵ مەرجەکانی شێوە جەمسەری و شێوە خولگەییەکان.[٨]

لە چاخی بەردینی کۆندا بەڵگەی گۆڕانکاری مرۆڤ لە زنجیرەی شێوە مەیمونی بۆ لێکچونی ڕاستەقینەی مرۆڤی ئاقڵ (هوموسابیان) نزیک بە مسۆگەرکردنی چەرخی (بلیستوسین) یان قۆناغی زۆرترین ڕووداوەکان لە مێژووی جیۆلۆجیدا، ئەم چەرخە دەست پێدەکات لەپێش ملیۆنان ساڵ، وە کۆتایی هات پێش ڕووداوەکانی ماوەی نێوان (٢٠٠٠٠٠) تا (١٢٠٠٠٠) ساڵ تێپەڕی لە نێوان ئەو ماوەیەدا چوار جار بەدوای یەکدا بەستەڵەکی گەورە کەمی کرد و درێژبوونەوە ڕووە و بەستەڵەکی قوتبی خواروو بۆ داپۆشینی بەشێکی زۆر لە ئەوروپا و ئاسیا و باکووری ئەمریکا.[٩]

ئەوەی زانراوە بەشێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی بەر لە (٦٠٠,٠٠٠) ساڵ پێش زایین جۆرێک لە مرۆڤ لەزنجیرە چیاکانی کوردستان ژیاوە، لەوەش بەدواوە بەردەوام بەشێوەی جیاجیا لەقۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ هەر هەبووە، بەرهەمی ئەو بەردەوامیەش دواجار پێگەیشتن و دەرکەوتنی نەتەوەی کوردە، لەم ماوە دوور و درێژەدا زۆر شوێن هەن لەکوردستان، لەنێو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس خاڵی گەشی ئاوەدانی بوون، لەوانە ئەشکەوتی ناوداری (شانەدەر)، لێکۆڵینەوەکان دەڵێن بەرلە (١٢٠,٠٠٠) ساڵ پێش زایین مرۆڤ لەو ئەشکەوتە ژیاوە و تیایدا حەوت ئێسکبەندی مرۆڤ دۆزراوەتەوە، تەمەنی ئەم ئێسکبەندانە بۆ (٦٠ تا ٦٥) هەزار ساڵ پێش زایین

---

٧دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، مرۆڤی چاخی بەستەڵەک، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریە للطباعە، بغداد، ژمارە ١١١، مارتی ١٩٨٦.ل ٤٤.

٨فرسیس أور، مصدر السابق، ص٢٣.

٩سیتون لوید، اثار بلاد الرافیدین من عصر الحجری القدیم حتی الغزو الفارسی، ترجمە: محمد طاب، مطبعة: الشام- فائز جوهر، الطبعة الاولی، دمشق، ١٩٩٢- ١٩٩٣، ص٢٨.

دەگەڕێتەوە، لە وردەی لێکۆڵینەوە لەم دەستە ئێسکبەندە زۆر شتی گرنگ دەرکەوتووە، هەر بۆیە(ئەلکساندەر ئەلفریدۆ ڤیچ) دەڵێ: "ئەشکەوتە بەناوبانگەی شانەدەر لە شاخەکانی کوردستان، وەک ئەرشیفێکی نایابی پاراستنی شوێنەواری شارستانی مێژووی مرۆڤایەتیە، بەدرێژایی (١٠٠,٠٠٠ ساڵ) شانەدەر نەک بۆ کوردستان بۆ مرۆڤایەتیش گرنگە"[١٠].

بۆ ناسین و پێشکەوتنی ئەم ژیانە و ناسینەوەی ڕابردووی خۆمان سەرەتا ئێمە دەبێ بۆ ژیانی گشتی خەڵکی کوردستان سەرنج بدەین، لەگەڵ کۆی گشتی خەڵکدا بەکەمێک بەرزی و نزمیەوە ژیانی گوزەراندەوە، پشکنینە جۆیۆلۆجی و شوێنەواریە جۆراو جۆرەکانی ناوچە کوردییەکان بەوەی گەیاندووین تێیدا هەندێ لە ڕاستیەکانی ژیانی سەرەتایی بزانین. بۆمان دەردەکەوێ هەر لە بەرەیانی مێژووەوە مرۆڤ لەم دەڤەرەدا ژیاوە، ئەشکەوت و لاپەسیوەکانی کردۆتە پەناگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی، دەتوانین باوەڕ بەخومان بێنین مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە لەم ناوچەیەدا ژیاوە، بەڵگە و بۆچوونەکان بریتیە لەو ئامراز و کەرەستە بەردینە کۆنانەی بەکاری هێناون، وەک پاشماوەی کۆن بە (Pebble Tool) ناسراون ولێیان بەجێ ماوە، دۆزینەوەی پاشماوەی مرۆڤی سەردەمی (ئاشولی سەروو Upper Aeheulaean)، دواتر دۆزینەوەی پاشماوەی کەرەستەی بەردینی کۆن لە (بەردەبەلکە)ی نزیک چەمچەماڵ و ئەشکەوتی (هەزار مێرد)، چیای بەرانانی سلێمانی، یەکێک لە گرنگترین شوێنەوارەکانی ئەم سەردەمە لە ناوچەکە پیشان دەدەن و ئەوە دەسەلمێنن لەسەرەتا و لەسەردەمی بەردینی کۆن مرۆڤ لەم ناوچەیە ژیانی گوزەراندووە، بەپێی بەڵگەکان و دۆزینەوەی ئێسک و پروسکی ئاژەڵ لە ئەشکەوت و پەناگەکان دەری دەخەن ئاژەڵی کێوی و ڕووەکی بەکارهێناوە، بەپێی توێژەرانی کنە و پشکنینە شوێنەواریەکان دەگەڕێتەوە بۆ (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار ساڵێک لەمەوبەر[١١].

---

١٠دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن،کۆنترین ئاین لە کۆنترین شار (هەولێر)، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی بالای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری- لوبنان ٢٠٠٩.ل ١٠٧٣.

١١کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٨.ل ٢٦.

ئەو پشکنینانەی چەند نێردەیەک لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە ئامێدی و ئاکرێ و هەولێر و ئاڵتون کۆپری و لەباکوری کەرکوک و چەمچەماڵ و لە سلیمانی کردوویانە، بەڵگەی ئەوەیان دەرخستووە کۆبوونەوەی نیشمەنی (التجمع الاستیطانی)ی جۆراوجۆری پێش مێژوو لەم ناوچەیەدا هەبووە، لە (شانەدەر)ی باکووری ڕۆژئاوای (ڕەواندز)، بەهۆی هەڵکۆڵینی یەک لەدوای یەکەوە هەندێ پاشماوەی سەردەمی چاخی بەردینی کۆن دۆزراونەتەوە، یەکێ لەوانە ئەسکەلێتێکی (الهیکل العظمی) چاخی بەردینی کۆن لەعیراق دۆزراوەتەوە، بەڵگەی دانیشتوانی ئەشکەوتی چاخی بەردینی کۆن لە (زەرزی) نزیک زێی بچوک هەیە، شوێنی تری سەر بە چاخی بەدینی کۆن لە (بەردەبەلکە)ی نێوان ڕێگای (چەمچەماڵ - سلێمانی) دۆزراوەتەوە[12]. ئەو شوێنەوارەی لەڕووی مێژووییەوە پێش ئەشکەوتنی (شانەدەر) دەکەوێت، ئەشکەوتی (بەردە بەلەکە) یە، کەوتۆتە (٣٠٠) مەتر باکووری ڕۆژهەڵاتی (چەمچەماڵ)ەوە، تیایدا چەند تەورێکی دەستی دۆزراوەتەوە مێژووەکەی بەسەد هەزار ساڵ مەزەندە دەکرێت[13].

(گارود) توێژینەوەکانی لە ساڵی (١٩٢٨) لە ناوچەی سلێمانی دەست پێکرد و سەردانی هەردوو ئەشکەوتی بەناوبانگی (زەرزێ) و (هەزارمێرد)ی کرد. لە ئەشکەوتی یەکەمدا، کە دەکەوێتە نزیک شارەدێی (سورداش)ەوە چەند شوێنەوارێکی دۆزیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆنی سەروو، ئەو کەرەستانەش تیایدا بەدیدەکرا لەو جۆرە بووە بە (مایکرۆلیت) ناسراوە، نیشانەکانی ئاماژە بەوە دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست، تاوەکو (١٢٠) هەزار ساڵ پێش زایین درێژبۆتەوە. لەکاتی پشکنینەکەدا چەند کەرەستە و ئامێرێکی بەردین دۆزرایەوە[14] کەلوپەلێکی زۆر و جۆراوجۆری دروست کراو لە بەردئەستێ تێدابوو، لە چەقۆی جۆراوجۆر و بڕەرەکان و هەندێ ئامێری ساف و لوسی بڕین کە بە مایکرۆلیت ناسراوە، هەندێ کەرەستەی بەردین، و هەموو دروست کراوێک لە بەردئەستێ کەبە جۆری (الاورغنیشی) ناسراوە، لەچاخی بەردینی کۆنی سەروو، یان بە مسیۆلیتی ناونراوە لە کۆتایی قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک، ئەوەی پێشوو

---

١٢یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: عەزیز گەردی، هەولێر ١٩٩٨.ل ١٧.

١٣د. جمال ئەحمەد، د.فەوزی ڕەشید، مێژووی کۆنی کورد، وەرگێڕانی: ملکۆ کەلاری، چاپی١، چاپخانەی کارۆ سلێمانی، ٢٠١١.ل ٤٥.

١٤د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠-٣٣.

بڕی جیاواز لە زەرزی بە بەردئەستێ ناونراوە، هەتا دەرکەوتنی گۆڕانکاری لەشێوەی دۆزراوەکانی تری شوێنەکانی تر وەکو شانەدەر لە (چینی B) و هەزارمێرد لە (چینی B) و شوێنی بالی کورە.[15] توێژەر (گارود) دڵخۆش بوو بە پشکنینەکانی لە ئەشکەوتی (هەزارمێرد) دوای توێژینەوە بۆی دەرکەوت پاشماوەی شوێنەوارەکە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار ساڵ پێش زایین[16].

(دکتۆر رالف سولیکی) ساڵی (١٩٥١ز) دەستی بەپشکنینی ئەشکەوتی (شانەدەر) کرد لەشاخەکانی برادۆست، بەسەر ڕووباری زێی گەورەدا دەڕوانێت، بەهەڵکەندنی (٤٥) پێ (دکتۆر سولیکی) توانی چوار چینی مرۆڤی تێدا بەدی بکات، ئەم چینانەی بەپیتی ئینگلیزی (A. B. C. D) دیاری کرد، چینی (D) قوڵترین جێنشین بوو، ئەستووری نزیکەی (٢٨) پێ بوو، لەپاشماوەی خۆڵەمێش و ئاگردان و چەند ئامێکرێکی بەئێسک و بەرد دروست کراو هەبوو، نیشانەی مرۆڤی چاخی بەردینی نێوەڕاست بەڕوونی بەدەرخست، ئەو دەستگر و کونکەرانە لەوێ دۆزرانەوە، پەیوەندیان لەگەڵ (کولتووری موستیری)[17] دا هەبوو، ئێسکەکانی گا و مەڕو بزن لەو مەڵبەندەدا دەبنە بەڵگەی ئەوە بزانین ئەو سەردەمە ئاو و هەوای فێنکی مام ناوەندی هەبووە. بەگشتی پاشماوەکانی ئەشکەوتی (هەزارمێرد) و شانەدەری (D) هاوچەشن و هاوجۆری پاشماوەی موستیری (بەردەبەلکە)ن[18].

زانای شوێنەواری ئەمریکی (رالف سولیکی) دوای ئەوەی پشکنینی بۆ ئەشکەوتی (شانەدەر) کردووە، لەسەر ئەو ئێسکە پەیکەرانەی لە ناو ئەشکەوتەکە دۆزییەوە، تەمەنی دەگەڕێنەوە بۆ مرۆڤی (نیاندەرتاڵ - Neanderthal)[19] بۆ پێش (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار ساڵ پێش زایین[20].

---

١٥الدكتور فرج بصمةجى، العصور الحجرية فى العراق على الضوء المكتشفات الحديثة،سومر- مجلة علمية تبحث فى اثار العراق القديمة، الجزء الثانى، المجلد الحادى العشر، بغداد- ١٩٥٥، ص١٢٣.

١٦عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبيه تاريخيا و جغرافيا خلال خمسه الاف عام، الطبعه الثانيه، مطبعه شفان/ السليمانيه- ٢٠٠٥. ص١٧.

١٧موستیری: یان موستری بەو چینە ئادەمیزادە، دەڵێن، کە لە چاخی بەردینی کۆندا شتومەک و چەکیان لە بەردە چەخماخ (بەرد ئەستێ) دروست کردووە، تەنیا لایەکیان تاشیوە.بڕوانە: ڕەشید یاسمی، مێژووی نەژاد و پەیوەستەگی کورد، ل ١٣.

١٨دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

١٩نیاندرتال: کۆمەڵێک مرۆڤی چاخی بەستەڵەک بوون، تایبەتیەتی ئەنثرۆپۆلوژی و شێوەی ژیانیان لەمرۆڤی ئەمڕۆ جیای کردبوونەوە، ئەم جۆرە مرۆڤە لەزۆر ناوچەکانی ئەوروپا و دەوروبەری دەریاری سپی ناوەڕاست لەسەردەمی پلایستوسین دا ژیاوە. نیاندرتال بەناوی ئەو دۆڵەوەیە کە بە نیاندر ناسراوە لە

هاوشـێوەی ئەوانەی لە ئەشـکەوتی (شـانەدەر)ی چیـای برادۆسـت، سـەر بە پارێزگـاری هەولێـر دۆزراونەتەوە، لەبـەهاری (١٩٥٦ - ١٩٥٧ز) لیژنەیـەکی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری گەیشتە ئەشکەوتی شانەدەر، لە ئەنجامی پشکنین لیژنەکە پەیکەری دوو مرۆڤی گەورەی دۆزییەوە کە هی مرۆڤی نیاندەرتاڵ بوو، هی دوو مرۆڤی پێگەیشتوو، ئەم دۆزینەوەیە شایانی ئەوەیە ئەشکەوتی شانەدەر لە یەکێک لە گرنگترین شوێنە ناسراوەکان لە جیهان ئەژمار بکرێت، کە نیشتەجێ بوونی مـرۆڤ لـە چاخی بـەردینی یەکـەم، وەک یـەکێک لـەو وڵاتانـەی بـەردەوام شـوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ بووە، بۆ ڕۆژگارێکی درێژ لەو کاتەی چارخی بەردینی کۆن لـە چاخـەکانی پێش مێـژوو، دەوڵەمـەندە بەڕابردوویـەک کە لێـوان لێوبـوو بە ڕووداوەکان لە چاخە مێژووییەکاندا.[21]

شوێنەوارناسـی ئەمریکـی (ڕالـف سـۆلیکی)، خـۆی و ژنەکەی (ڕۆزا) پشـکنینیان کرد و لێرەدا توانیـان تەمەنـی ئەم جێنشـینیە دیـاری بکەن، بە (١٠٨٧٠ - ٣٠٠ پ.ز) دۆزراوەکـانی ئەم جێنشـینیە لە چەکوشـی بەردی و ئـامێری داپـاچین، ئامـاژە بەوە دەکەن، مرۆڤ لێرەدا کەرەسـتەی ئەنـدازە وردی بەکارهێنـاوە[22]. بەپێی بیروباوەڕی (سولیکی) مرۆڤی (نیاندرتالی شـانەدەر) ئامێرێکی وای بەکارهێناوە، بەتیپ نوێ تـر بـووە لە تیپـی ئـامێری کـاری مرۆڤـی (نیاندرتالی فەلەسـتینی)، هەرچەنـدە خـۆی لە کـاتێکی کـۆنتردا ژیـاوە، (سـولیکی) دەیەوێـت بڵێـت: مرۆڤـی (شـانەدەر) ئـامێری پێشکەوتوو و تیکنۆلۆجیایەکی بەرزی بەکارهێناوە، تا دەگاتە بیروباوەڕێک و بڵێت،

---

ئەڵمانیا، کەوتۆتە سەرووی جۆگای دوسێل کەلە ڕووباری ڕاین دەبێتەوە، بەحەوت میل لە ڕۆژهەڵاتی شاری (دوسیلدۆرف) لەوێ ئەشکەوتی فیلدوفەر ساڵی ١٨٥٦ پاشماوەی ئێسکی چەند مرۆڤێکیان دۆزیبۆوە.لەلایەن دەزگای ئەنثرۆپۆلۆژی ئەڵمانی هەوڵ دراوە بەشێوەیەکی ورد لێیان بکۆڵدرێتەوە و لەگەڵ ئێسکی مرۆڤی نوێ بەراود بکرێت. سـەرەتای ژیـانی مرۆڤـی نیانـدرتال هێشـتا دیـار نیە، لەوانەیە لەدەوری کۆمەڵگـایەکی مرۆڤـایەتی ئەوروپـا ژیـابن سـەردەمیان دەگەڕێتەوە بۆ چـاخی بەسـتەڵکی ریس نـزیکەی ١٠٠هەزار- ١٥٠ هەزار سـاڵ لەمەوبەر.بڕوانـە: دکتـۆر جەمـال ڕەشـید ئەحـمەد، مرۆڤـی چـاخی بەسـتەڵەک، سـەرچاوەی پێشوو.ل٤٩.

٢٠عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه تاریخیا و جغرافیا خلال خمسه الاف عام، الطبعه الثانیه، مطبعه شفان/ السلیمانیه- ٢٠٠٥. ص١٧.

٢١رالف سولیکی، هیکلان عضمیان لآنسان النیاندرتال من کهف شانیدر ترجمة: البیر رشید، مجلة سومر (مجلة علمیة تبحث أثار العراق القدیمة، الجزء الاول والثانی، المجلد الثالث عشر، مطبعة الرابعة- شرکة رابعة للطبع والنشی محدودة، بغداد – العراق، ١٩٥٧، ص ٩٧.

٢٢د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

لەهەمان کاتدا (واتە چەرخی موستیری) لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوو هەوای (مناخ) جیاواز هەبووە، ئەمیش دەبێت بەگومان وەربگیرێت[٢٣].

بەهەرحاڵ لە هەریەک لە ئەشکەوتی (زەرزێ) و (هەزارمێرد) هیچ ئێسکە پەیکەرێکی مرۆڤی کۆننەدۆزراوەتەوە. لە دوای هەوڵەکانی توێژەر (گارود) لە (بەردەبەلکە) پشکنینی دیکەش ئەنجامدرا، لەلایەن هەردوو ئەمریکی (هاری رایت و بروس هاو)ەوە لە ئەندامانی ناردەی کۆلێنی (چەرمو)، چەند شوێنەوارێکیان دۆزییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی موستیری، ئەوانیش کەرەستەی بەردی سوانن لە پاچی دەستی شێوە دڵ یان بادەم پێکدێت، (توێکەر) لە توێژاڵی بەردی سوان دروست کراون، هەروەها چەند کەرەستەیەکی کوچکینی تیادا دۆزراونەتەوە، لەبەردی کلس دروست کراون و خڕ کراونەتەوە. بەگشتی زۆربەی پیشەسازییە سەرەتاییەکان لەم شوێنەدا لەیەک دەچن، بۆ نموونە کەرەستەکانی سەردەمی موستیری لە چینی (d) دۆزراوەنەتەوە، لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە شێوازی ئەو کەرەستانەن لە (هەزارمێرد) لە چینی (c) دا بینراوە. هەروەها ئەوانەی (بەردەبەلکە) دۆزراوەنەتەوە، شوێنەواری ئەشکەوتی گڵی سوور نزیک (بێستوون) لە کوردستانی ئێران. سەرەڕای ئەوەش پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵی تیا بینراوە، بەپلەی یەکەم پێکهاتووە لە ددان و پەلاشەی ئێسکی ئاژەڵی کێوی، وەک گای کێوی و کەرەکێوی، هەروەها ئەو فیلەی لە هیندستان ژیاوە. بەهەرحاڵ پشکنینی تر لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان کراوە و کەرەستەی هاوشێوەی ئەوانەی لێ دۆزراوەتەوە[٢٤]. (تەها باقر) لە (المرشد الى موطن الاثار والحظارە) ئاماژە دەکات: بەرامبەر بە رانیە زنجیرە چیایەک درێژ دەبێتەوە بەچیای (کێوەڕەش) ناسراوە، چەند کۆنە ئەشکەوتێکی تیا دەردەکەوێت، لەوانەیە لە چاخەکانی پێش مێژوو مرۆڤی تێدا ژیابێت[٢٥]. هەڵکەوتەی جوگرافی و شێوەی ئاوەکەی لە ڕانیە، بەپیتی خاکەکەی سروشتی ئەو ناوچەیەی تێیدایە، بەهۆی ئەوەی زنجیرەیەک دەوری داوە ئەوە دەردەخا مرۆڤەکان ئەو ناوچەیەیان کردووە بە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان لەسەردەمی نیولیستی لە کوردستان، شمشارە بوو بەهۆی ئەوەی یەکسان بێ لەگەڵ چەرمۆ بەیەکەوە لەگەڵ جۆرەکانی حەسونە ئەوە جەخت دەکاتەوە چەرمۆ

---

٢٣دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، مرۆڤی چاخی بەستەڵەک، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

٢٤د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠-٣٣.

٢٥خالید وەلی عەلی، قەڵاتی رانیە لە ئاوینەی مێژوودا.گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل ١٩.

یەکەم هەوڵدانی مرۆڤ بووە، بۆ نیشتەجێ بوون و گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤ، لە ئەشکەوتەوە بۆ گوند، ئەوە دەردەخا شمشارە و چەرمۆ و حەسونە شێوەی ژیانی ناپێشکەوتویی ناو ئەشکەوت یان گردەکان بوو.[٢٦]

دواتر دۆزینەوەی پاشماوەی مرۆڤی جۆری (نیاندرتاڵ – Neanderthal) یەکێک لە شوێنەوارە مرۆڤی یە هەرە زانیاری بەخشەکانی ئادەمیزادی سەردەمی (پالیۆلیتی) ناوەڕاستی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیشان دەدا، بەراوردکاری شوێنەوارەکان بۆ ماوەیەک دەگەڕێتەوە لە (٧٠٠٠٠ تا ٤٦٠٠٠) ساڵ پێش ئێستای خایاندووە[٢٧]. مرۆڤی چاخی بەردینی ناوەڕاست چەندماڵێکی کراوەشی بەکارهێناوە، ئەو پەیوەندیەی هەیە لە نێوان کاری دانیشتوانی ئەم شوێنانە، بەڵگەن بۆ ئەو پەیوەندیانەی لە نێوانیاندا هەیە، لە کاتێکدا هێشتا لە قۆناغی ڕاوکردندان، لە کۆچەکانیاندا دوای ئاژەڵەکان دەکەوتن، ئەم شوێن کەوتنە بوو بەهۆی بەجێهێشتنی شاخەکان و هاتنەخوارەوە بەرەو دەشتەکان یان ئەو ناوچە بەرز و نزمانەی بە زۆری جۆرە جیاکانی ئاژەڵی تێدایە، وەکو بزنە کێوی و بەرازی دەشتی و مەڕەکێوی و ئاسک و هیتر[٢٨].

ئەزمونی چەند جارەی نیاندەرتاڵە کلاسیکە پێگەیشتووەکان لە دەست پێکردنی ژیانی هاوشێوەی خۆیان، بە گواستنەوەیان لە کەنار تاوێر و ئەشکەوتەکان، بۆ گواستنەوەی ژیان بۆ سەر کەناری ڕووبارەکان و گەڕانی یەک بەدوای یەکدا بۆ بەدەستهێنانی کەلوپەلی سەرەتایی و سودمەندبوون لە چالاکیەکان، بەدڵنیاییەوە سەربەخۆیی زیاتریان هەبوو، لە تەختایی نێوان دۆڵەکان کە بۆ ژیانی تازەیان هەڵبژاردو لە ناوچەکان جێگیر بوون بۆ زیاتر بەدەستهێنانی خۆراک.[٢٩]

ئەم پەرەسەندنە بەهۆی گۆڕانێکی گەورە لەژینگە بەتایبەت کشانەوەی بەستەڵەکی باکوور، مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان هاتە دەرەوە و بەرەو دەشتاییەکان شۆڕ بووەوە، هەوڵێکی سەرەتایی بۆ پەروەردە کردنی ئاژەڵ و چاندنی دانەوێڵە داوە، ئەمجا ئاواییە سەرەتاییەکان بۆ چاخێکی ڕوونتر ڕێ خۆشکەر بووە، بە

---

26Jorgen Læssøe, the Bazmusian tablets, Sumer, A Journal of Archaeology and Historyin Iraq, VOL. XV. (15), NOS 1&2, 1959, P: 15-18. لەلایەن جوامێر ڕەسول وەریگێردراوە بۆ سەر زمانی کوردی .

٢٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

٢٨ د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

٢٩ فرسیس أور، مصدر السابق، ص١١٧.

(شۆڕشی کشتوکاڵی) ناسراوە، مرۆڤ لە گوندی جێگیر گیرساوەتەوە و چاندن و ئاژەڵداری ئەنجامداوە، وەک (کەریم شایەر، پاڵی گەورە، چەرمۆ، مەتارە و شمشارە)، هاوشێوەی (حەسسونە). چونکە ئەم ناوچانە بارودۆخێکی لەباریان بۆ کشتوکاڵ ڕەخساند، چ لە ڕووی تۆبۆگرافیا و باران بارین، بواری بنیاتنان و فراوان بوونی گوندەکانی زیاتر دەکرد[٣٠].

دۆزینەوەی پاشماوەی سەردەمی (کەریم شاهر= کەریم شایەر؟) و (موعەلفات)، یەکەمیان لە ڕۆژهەڵاتی (چەمچەماڵ) بوونی خێوەتگای کۆمەڵێک خەڵکی نیمەچە نیشتەجێ پیشان دەدەن، پاشماوەی چەند دەمە داسێکی بەردین و بوکەڵەی قوڕ و ئەڵقەی مەڕمەڕی و بازن و هەندێک پارچەی تر لەم شوێنەوارە دۆزراوەتەوە، هەموویان ئاماژە بۆ سەردەمێکی دواتر لە سەردەمی (شانەدەر) دەکەن، دووەمیان (موعەلفات) لەسەر ڕێگای نێوان (هەولێر و موسڵ) نزیک ڕووباری (خازر)، نیشتەگایەک بووە خانووەکانی بریتی بوون لە چاڵ لە زەویدا، ئەمە پەرەسەندنی ژیانی ئادەمیزاد پیشان دەدات، لە ئەشکەوتەوە بۆ نیشتەجێ بوون، لە خێوەتگای وەرزیانە و هەندێک شوێنیش بۆ خێوەتگای هەمیشەییە، ئەم پەرەسەندنانە ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ هەنگاونانی مرۆڤ بۆ شۆڕشی (نیۆلیتی=چاخی بەردینی نوێ)[٣١].

لە شوێنەواری (کەریم شایەر) هەندێک پاشماوەی دروست کراوی گڵێنە سەرەتاییەکان بینراون، ئاماژە بە قۆناغە ڕاگوزارییەکان لە چاخی بەردینی ناوەڕاست بۆ چاخی بەردینی نوێ (نیولیتی) دەکەن، نزیکن لە شوێنەواری (چەرمو) لە نزیک (چەمچەماڵ) دۆزراوەنەتەوە، نموونەیەکی باشی لادێیە لە چاخی بەردینی نوێدا. ئەم پاشماوانە پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە، بەکۆمەڵگای کشتوکاڵی و بەو پەیوەندییە ماددی و روحیانەوە لەنێو تاکەکانیدا هەبووە. لە دروست بوونی کۆمەڵگای کشتوکاڵی ئەم دیاردەیەش لە هەموو ئەو ناوچە شوێنەواریانەدا دەبینین دۆزراونەتەوە، لە نێوان دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا، تاکو ناوەڕاستی ئاسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هاوشانی کەشوهەوا لەو چاخەدا. دەشزانین شۆڕشی کشتوکاڵی زووتر لە ڕۆژئاوای ئاسیا دەستی پێکرد بە بەراورد بەناوچەکانی دیکەی جیهان[٣٢].

---

٣٠ کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوک لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا، توێژینەوەیەکی مێوویی، سیاسی، ئابووری یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی،هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٦٧.

٣١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە،ل ٢٦.

٣٢ د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

چاخی (نیۆلیتی) پاش (میسۆلیتی- چاخی بەردینی ناوەڕاست) هات، بە گرنگترین چاخەکانی مێژووی کوردستان و جیهانیش دەژمێردرێت، فێربوون و دۆزینەوەی کشتوکاڵ و چاندن و ماڵی کردنی ئاژەڵ گرنگ و چارەنووساز بوون، بوونە هۆی ژیانی جێگیر و بنیاتنانی یەکەمین خانووی نیشەجێ بوون و لەدایک بوونی یەکەمین گوند و سەرەتاکانی کۆمەڵگای مرۆڤ، لەم ڕێگایەشەوە دامەزراندنی شار و ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگی ئابوورییە ئاڵۆزەکانی سەری هەڵدا[٣٣].

بەرهەمی شارستانیەتی چاخەکانی پێش مێژوو لە عێراقی کۆندا:

### أ - چاخی بەردینی کۆن (بالیولیتی):

دۆزینەوەی پاشماوەکانی شوێنەواری لە عێراقی دێرین، کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست، دۆزینەوەی ژمارەیەک شوێن لە ڕۆژهەڵات بۆ نموونە: (بەردە بەلکە) لە ناوچەی دەشتی ڕۆژهەلاتی چەمچەماڵ، زۆربەی بەرهەمە کەرەستەکانی کە بە ناچاری بەکاریهێناوە، بەرهەمی شارستانیەتی لە پیشەسازی هەردوو قۆناغی شولی و موستیری، پەیوەندی شارستانیەتی موستیری کە لێکۆڵینەوەی یەکەمی شارستانی چاخی بەردینی کۆن لە عێراق، وە لێکۆڵینەوە لە هەندێ ئەشکەوتی چیاکانی زاگرۆس لەسەر کەرەستەکانی بەردینی لە بەردینی کۆن و ناوەڕاست و سەروو، بۆنموونە بەرهەمی چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست لە ئەشکەوتی هەزارمێرد لە نزیک سلێمانی دۆزراوەتەوە، وە ئەشکەوتی شانەدەر لەنزیک ڕەواندز، لێکۆڵینەوەی شوێنەواری لە ئەشکەوتی شانەدەر کرا، بە بڕی ئەستووری پانزە مەتر، بە زنجیرە دیاری کرا (A.B. C. D) وە لە پێشترینی ئەم چینە شوێنەواریانە زۆرترین چینی ئەستووری هی چینی (D) بوو، کە بڕی ئەستووری نۆ مەترە، لەم چینەدا هەندێ ئێسقان و ئامێری بەردینی چاخی موستری دۆزرایەوە، هەروەها لە دۆزینەوەی ئەم چینی موستیریە (D) پەیکەری چوار مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزرایەوە، کە یەکێک لەوانە پەیکەری منداڵێکە درێژی یەک پێ و $\frac{1}{4}$ و سێ پەیکەرەکەی دیکە هی مرۆڤی پێگەیشتوون.[٣٤]

---

٣٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

٣٤ محمد عبداللطیف محمد علی، تأریخ العراق القدیم/ حتی النهایة الالف الثالث ق.م، الاسکندریة،١٩٧٧، ص٣١

### ب - چاخی بەردینی ناوەڕاست (میسۆلیتی):


نموونـەی بەرهـەمی شارسـتانیەتی چـاخی بـەردینی ناوەڕاسـت (میسـۆلیتی) لـە ئەشکەوتی شـانەدەر لـە چینی (B) و گوندی دراوسـێی (زاوی چمـی) [٣٥] بـە دووری چوارکیلۆمەتر لە ئەشکەوتی ناوبراو پاشماوەی هەندێ شوێنی تر بەتایبـەت شـوێنی (کــەریم شــایەر) لــەنزیک کــەرکوک، لــە گرنگتــرین دیاردەکــانی ئــەم بەرهەمــە شارســتانیەتی چــەکی زۆر و بچــوک لــە شــێوەی زۆر و جــۆرا و جــۆر، لەگــەڵ ڕاوکردنی ئاژەڵ و ماسی و پەلەوەر. بەرهەمی ئەو چاخە



**وێنەی ژمارە (١)، ئەشکەوتی شانەدەر، سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان.....، ل١٨**

٣٥ زەڤیا چـەمی یـا زەوی جەمـی: لەڕۆخـی زێـی گەورە لەنزیـک ئەشـکەوتی شـانەدەر شـوێنەوارێک هەیە بەنـاوی (زاوی جەمـی) کۆنترین چـاخی بەردینـی نـوێی لـێ بـووە، ئەوەمـان بـۆ دەسـەلمێنێ کۆنترین گونـدی کشتوکاڵی کەمرۆڤ کشتوکاڵی زانیوە و گیانەوەرانی ماڵی کردووە، نموونەیەکە بۆ ئێمە یەکەم گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی مرۆڤ ڕووی دا کۆکردنەوەی خوراک و ناو ئەشکەوتەوە بۆ دروست کردنی خۆراک و چانـدنی کشـتوکاڵ لە کـێڵگە بەخێـوکردنی مەڕومـاڵات لەو کـاتەدا گـۆزەکەری نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخـا مـرۆڤ گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، چەنـدان ئیسـک و پروسـکی چەنـدەها گیـانەوەر دۆزراوەتەوە کەمرۆڤ بەخێوی کردوون ئەو پشکنینانە دەری دەخەن یەکەم ئاژەڵ بەخێوی کـردووە بزن بـووە.، بڕوانـە: زوبیر بیلال-مێژووی هەولێر، ئینسکلوپیدیای هەولێر، ل ١٤٠٩.

هەندێ کەرەستەی گەورەی بەکاربردن، وەک وەرگرتنی خۆراک و بەرد ئەستێ. وە بەکاربردنی هەندێکی دیکە سەرتاش و جوانکار و خواردن و ئامێری کوناودەر (لەوانەیە پەیوەستە بەو) یان شتی جوان و ڕازانەوە بێت. (بروانە وینەی ٢)[٣٦] بەپێی شێوەی ژیانی جۆری مرۆڤی بالیولیتی ناوەڕاست بەگشتی وازیهێنا لە شێوەی مرۆڤی جۆری نیاندەرتاڵی (Homo - sapiens nernderthalensis) ئەمە دەرکەوت پاش ئاشکرا کردنی ئێسکەپەیکەری لە (١٨٥٦) لە ئەشکەوتی (فیلدوفر- Feldhofer) لە دۆڵی نیاندەر لە ئەڵمانیا.[٣٧]



**وێنەی ژمارە (٢)هەندێ نموونەی بەرهەمی شارستانیەتی چاخی بەردینی ناوەڕاست (مسیۆلیتی) لە گوندی زاوی چمی و ئەشکەوتی شانەدەر، سەرچاوە: محمد عبداللطیف محمد علی، مصدر السابق.**

**ج - چاخی بەردینی نوێ (نیولیتی):**

وەک وتمان ئەم چاخە لە بنەڕەتدا نوێیە لە ئابووری مرۆڤدا کە ڕون بووەوە کشتوکاڵ وەک پیشەیەکیسەرەکی، هەوڵی پێویستیدا بۆ وازهێنان لە ژیانی ڕاو بۆ

---

٣٦ محمد عبداللطیف محمد علی، مصدر السابق، ص ٣٣.

٣٧ فرسیس أور، مصدر السابق، ص١١٥.

جێگیربوونی ژیانی بەکۆمەڵ و بەرهەمهێنانی خواردەمەنی و مانەوە و پاراستنی دانەوێڵە، بەدەستهێنانی کشتوکاڵ و هەوڵی زۆرترین ئارامی مرۆڤ لە ژیانی ڕابردوو.

نوێ ترین گوندی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستان گوندی چەرمۆی بچووکە، کە دەکەوێتە دەشتی چەمچەماڵ،پشکنین دەریخست تیایدا کە شانزە چینی شوێنەواری مێژووی ڕابردووی تێدایە (واتە سەرەتای شارستانیەتی چەرمۆ) بەرلە (٦٧٥٠ پ.ز) هەموو ئەم چینانەی لەخۆی گرتووە لە نێوان بیست تا بیست و پێنج ماڵ بووە، ژمارەی دانیشتوانی بە ئەندازەی سەدوپەنجا کەسی تێدا ژیاوە، پاشماوەی جێگیر لەهەموو ئەو چینانە، بەڵگەی خانووەکانی گوندی چەرمۆ لە بنیاتنانی بارستەی قوڕ (لەچینەکانی سەرەوە) لەسەر بناغەیەکی بەردین، دروستیان کردووە، بەشە ماوەکەی خانوو لە قوڕ بنیاتیان ناوە، وەک سواغ کردن، هەروەک بڵاویان دەکردەوە چینێکی قوڕی لەسەر زەوی خانووەکە، بەڵام بانەکەی بە وردە گڵ دادەپۆشرا بەچینێکی ئەستوور لە قوڕ.

یەکێک لە دیاردەکانی شارستانیەتی چاخی بەردینی نوێ لە گوندی چەرمۆ دۆزرایەوە، کە شارستانیەتی گەیشتە لوتکە ئەویش بۆ یەکەم جار بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و جێگیربوونی تەواوەتی لایەنی ئابووری گوندی چەرمۆ لە کوردستانی دێرین، مرۆڤی چەرمۆ جێگیر بوو، وەک بنەمایەک لەسەر ناسینی کشتوکاڵ و پاراستنی پاشماوەی بەرهەمی دانەوێڵە، بەتایبەت گەنم و جۆ، هەندێک لە گیانلەبەر وەک بزن و سەگ، لەوانەیە لەم سەردەمەدا بەراز و مەڕی ماڵی کردبێ.

هەروەها ئامرازی پەیوەست بە کاری کشتوکاڵ وەک داس و تەور و کەرەستەی تیژ و بڕندەی داهێنا بۆ بەکاربردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگای چەرمۆ، وە پیشەسازی هەندێ ئامراز وەکو دەرزی و ئامێری کوناودەر ئاماژەی خۆشەویستی و خواپەرستی، هەروەک وێنەی ژمارەیەک لە پەیکەری بچوکی ئاژەڵ و خواوەندی دایک لە قوڕ دروستکراو.بۆ نموونە خواوەندی دایک بەشێوەی مێینەی قەڵەو و قاچی ئەستوور و گەورە. هەروەها گڵێنەسازی ئەو لە ڕێگا تایبەتمەندیەکانی چاخی بەردینی نوێیە کە یەکەمجار لەم چاخەدا دەستی پێکردووە، لەبەدەستهێنانی پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤ لە ژیانێکی جێگیردا، بەدیارنەکەوت تەنیا لە چینی پێنجەمی سەرەوە لە شوێنی چەرمو (چینی ٥ – ١٥).[٣٨]

---

٣٨ محمد عبداللطیف محمد علی، مصدر السابق، ص ٤٠.

### ڕام کردنی گیاندار لەلایەن مرۆڤەوە

هەردوو زانای ئەمریکی (ئیزاک ئاسیمۆڤ)[39]، (فرانک وایت)[40] لە کتێبی (مێژووی شارستانیەت)دا، ئاماژە بەوە دەکەن: مرۆڤ یەکەم بوونەوەر بوو، بە زانیاری و بەسوودی خۆی گیانداری ڕام کرد، سەگ یەکەم گیاندار بوو بەر لە چواردە هەزار ساڵ لەمەوبەر بەهۆی مرۆڤەوە ڕام کرا، سەگەکان و تەنانەت بەشێک لەوان لە گورگ دەچن، لەڕیشەدا لەبنەچەی گورگن، ئێمە نازانین چۆن ئەو گورگانە ڕام کراون، سەگ لەبنەچەی ئەو



**وێنەی ژمارە (٣) نموونە لە بەرهەمی شارستانیەتی چەرمو دەفری فخار لەخۆی دەگرێ، سەرچاوە: محمد عبداللطیف محمد علی، مصدر السابق.**

---

٣٩ئیزاک ئاسیمۆڤ: ساڵی (١٩٢٠) لەڕووسیا لەدایک بووە و لەسەردەمی لاوێتیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چووە بۆ ئەمریکا، دوای تەواو کردنی خوێندن لەبەشی بایوشیمی دەستی کردووە بەنووسین و لەئاکامدا بووە بەیەکێک لەنووسەرە بەرهەم زۆرەکان، کاتی مردنی لە ئاپریلی (١٩٩٢) دا، پتر لە (٤٠٠) بەرهەمی چاپ کراوی لە بوارە جیاوازەکانی زانست، مێژوو، زمان ئینجیل و چیرۆکی زانستی و خەیاڵی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، ئەمە جێگای سەرسوڕمانە زۆربەی پێشبینیەکانی ئاسیمۆڤ بەهۆی هێزی دەرونی و زۆری زانیاریە زانستیەکانیەوە ڕواڵەتی واقیعیان بەخۆیانەوە بینیوە.

٤٠فرانک وایت: یەکێکە لە پسپۆڕە سەرەکیەکانی ئەمریکا لەبواری پەیوەندیە ئاسمانیەکانەوە بەشێک لەنووسینەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، هاوکاری کۆمیتەی سەرپەرشتی کردنی ئینیستیتوتی ئاسمانی پرینستۆن لە نیوجەرسی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات.

گیاندارانە بوو بەکۆمەڵ دەژیان، بەشێوەی سروشتی چوونە ژێر فەرمانی مرۆڤەوە، سەگەکان لەگەڵ خاوەنەکانیان دەچوونە ڕاو و دۆزینەوەی نێچیر، لەڕاوکردندا یارمەتی خاوەنەکانیان دەدا و لەو ناوەدا بەشێکی بچوکی نێچیرە ڕاوکراوەکەیان پێ دەبڕا، سەگ ئەو ئاژەڵەیە لەوە زیاترە، وەک هاوڕێیەکی مرۆڤ دابنرێت، بەڵکو سەگ ئاسانکاری زۆر دەکات لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا، وەک فریاگوزاری و دۆزینەوەی تاوانباران و هاوکاری کەسی نابینا و چەندین ئەرکی دیکە ئەنجام دەدەن، بێ گومان ئەمە یەکەم دەستکەوتە مرۆڤی هاندا پتر بەشوێن ئەم ئەزموونەی بکەوێت.

ڕام کردنی بزن لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بەتایبەت باشووری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، دانیشتوانی ئەم هەرێمەی جیهان بزنیان بەخێو دەکرد و زاو و زێیان پێ دەکردن، لەم ڕێگایەوە دەستیان بە شیری بزن و خۆراکی گۆشت گەیشت، گۆشت خۆراکی سەگەکانیش بوو، قازانجی بۆ گەدە (معدە)ی مرۆڤ هەبوو، شیری بزن لە خۆراکی جیاوازی گیا پێکدەهات، بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەر خۆراکی مرۆڤدا هێنا[٤١].

دانیشتوانی کوردستان فێری دروست کردنی ماڵەکانیان بوون، لە دە هەزار ساڵ پێش زایین، لە (زڤیا چەمی) بەناوی (زەوی جمی) کۆنترین گوندە لەجیهان، کە لەلایەن زانای ئەمریکی (سولیکی) و هاوسەرەکەی دۆزرایەوە، وەکو کۆنترین شوێنەواری لەو شوێنە شوێنی گوندی ڕاستەقینەی (شانەدەر) هەیە، دەکەوێتە ناوچەی (بارزان) لە ڕۆژهەڵاتی زێی گەورە. لەگوندی وەرزی (زەڤیا چەمی) مرۆڤ بزنیان بەخێو کردووە، دوای ڕام کردنی بزن مرۆڤ توانی پەرەی پێ بدات و لە گوندی (چەرمۆ) بزن و بەراز و مانگای بەخێوکردووە[٤٢].

دوای ڕام کردنی بزن مرۆڤ توانی مەڕ و حوشتر و گا و مریشک و قازیش ڕام بکات، ئەوانەی ڕەوەی ئاژەڵیان هەبوو پتر دەستیان دەگەیشتە خۆراکی باشتر و کەمتر نیازیان بەدەرچوون بۆ ڕاو هەبوو، کە ئاکامەکەی هەمیشە سەرکەوتنی بەدواوە نەبوو، جیا لەوە ژیانی ئاژەڵدارەکان ئاسایی تێدەپەڕی، هەرچەندە بەبەردەوامی مەترسی ئەوەیان هەبوو لەگەڵ نەخۆشی و وشکەساڵی و ئاژەڵی درندە بەرەو ڕوو ببنەوە[٤٣]. بەخێوکردنی ئاژەڵ مسۆگەری و دڵنیایی زیاتری بەئادەمیزاد بەخشی، لەبەر ئەوە وردە وردە وازی لە ڕاو هێنا و بەرەو نیشتەجێ بوون هەوڵی دا.

٤١ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، مێژووی شارستانیەت، لەفارسیەوە: حەمید گەوهەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هولێر ٢٠٠٣.ل ١٨.

٤٢عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە تاریخیا و جغرافیا خلال خمسە الاف عام، مصدر سابق، ص ١٨.

٤٣ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، مێژووی شارستانیەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

## دۆزینەوەی کشتوکاڵ

بەکۆتایی هاتنی سەردەمی سەهۆڵبەندان ڕۆژهەڵاتی نزیک پتر بەرەو وشکایی چوو، کەمتر بارانی لێ دەباری، کێڵگەکانی نزیک ڕووبارەکان جوتیارانی دڵنیا کردەوە، یەکەم جار جوتیارانی باشووری کوردستان لەنزیک ڕووبارەکانی دیجلە و فورات کەڵکیان لە ئاوی ئەو دوو ڕووبارە وەرگرتبۆ کێڵگەکانیان. لە هەرێمی فەلەستین و ڕووباری نیل لە میسر کێڵگەکانی نزیک ڕووبار کەڵک وەرگیرا، نزیکەی حەوت هەزار ساڵ پێش زایین لەنێوان ئەم سێ ڕووبارەدا شێوازێکی بەرچاوی بەخۆوە گرت، ئەمەش لە هەرێمێکی فراوانتر یارمەتی گەشەکردنی شارستانیەتیدا[44].




کۆنترین گوندی کشتواڵی گوندی (جرمو- چەرمۆ)یە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری (چەمچەماڵ) بە دووری (١١کم)، لەخوارووی زنجیرە چیای بازیان (چیای لارب) لەپارێزگای سلێمانی، بەکۆنترین گوندی کشتوکاڵی دادەنرێت لەجیهاندا، سەرەڕای کشتوکاڵ جگەلەوەی لە (زەڤیا چەمی) بزنیان بەخێو کردووە، لە (چەرمۆ) بزن و بەراز و مانگایان بەخێوکردووە و خانووی لەشێوەی کوخیان لەقوڕ دروست کردووە. مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زایین[45].

**وێنەی ژمارە (٤) وێنەی زەوی چەمی، سەرچاوە: عبالرپیب یوسف، حدود کردستان تأریخیا و جغرافیا،مصدر سابق،ل١٩.**

---

٤٤ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

٤٥عبدالرقیب یوسف، مصدر السابق، ص ١٨.

گوندی چەرمۆ (٦٧٥٠ پ.ز) ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (١٥٠تا ٣٠٠) کەس بوون و بەدرێژایی ساڵ لێی ژیاون، دۆزینەوەی پاشماوەی دانەوێڵە کە (چەرمۆ)ییەکان چاندوویانە، ئێسکی ئاژەڵی ماڵی و کێوی، دۆزینەوەی دەفر و ئامانی بەردین لە (چەرمۆ)، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و پەرەسەندنی ئاژەڵداری ژیانی جێگیر بەدرێژایی تەمەنی گوندەکە پیشان دەدەن. پێشکەوتنێکی گەورە لەژیانی ئادەمیزاد سەری هەڵدا، بە ڕەنێوهێنانی کشتوکاڵ و چاندنی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک، لەلایەن زانایانی کۆنینەناس ئەمە، وەک کودەتایەکی گەورە لەژیانی مرۆڤدا هەژمار دەکرێت[٤٦].

توێژینەوەکان دەریان خستووە کوردستان و بەتایبەت باشووری کوردستان، کۆنترین مەڵبەندی ژیانی مرۆڤە، لە نوێترین توێژینەوەدا دوای گەڕان و پشکنین لەلایەن زانکۆی (ریدینگ)ی بەریتانی، لە گوندی (بێستانسور)ی ناحیەی (عەربەت) بە دووری (٢٥کم) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، کۆنترین شوێنەواری کشتوکاڵی مێژوویی دەدۆزێتەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووی گوندی (چەرمۆ)، (کەمال ڕەشید) بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی، دەڵێت: دوای سێ وەرز کاری کنە و پشکنین دەرکەوت ئەو شوێنەوارە زۆر کۆنترە لە شوێنەواری (چەرمۆ)، ئەو بەڵگانەی لە کاتی کنە و پشکنینی گوندی (بێستانسور) دەستکەوتووە چەند جۆرێک دانەوێڵە لەگەڵ ئێسکی ئاژەڵی، وەکو: بزن و ئاسکی کێوی و سەگ دۆزراوەتەوە، لەڕووی کشتوکاڵیەوە هەندێ بەڵگەی دانەوێڵەی، وەک: نیسک و نۆک دوای شی کردنەوە دەرکەوت ئەمانە تەمەنیان (٩) هەزار ساڵ پێش زایینە[٤٧].

پاشەکشە کردنی سەهۆڵبەندان و خۆش بوونی کەش و هەوا، گیا و دانەوێڵەی خۆڕسک دەشت و مەزراکانیان داپۆشی، ئەمەش وای کرد گۆڕانی مەزن ڕووبدات، کە مرۆڤ لەدوای دۆزینەوەی ئاگرەوە نەیبینیبوو، ئەو ئاڵوگۆڕە چاندن و کەڵک وەرگرتن لەچەشنی جیاوازی ڕووەک بوو، نزیکەی هەشت هەزار ساڵ بەرلە زایین دانیشتوانی باشووری کوردستان، فێری چاندنی گەنم و جۆ بوون، ئەوانەی گەنمیان دەچاند، بەگوێرەی پێویست ئاویان دەدا و گیا کەڵەکانیان بژار دەکرد، ئاژەڵەکانیان لەزەویە چاندراوەکان دوور دەکردەوە، دوای پێگەیشتنی گەنم دەیاندووری و

---

٤٦ عبدالرقيب يوسف، مصدر السابق، ص ٢١.

٤٧ کوردستان- سلێمانی ٢٠١٤-١١-٢٩ WWW.Rudaw.com.

هەندێکیان بۆ چاندنی ساڵی داهاتوو ڕادەگرت و ئەوی تریان دەخوارد، هەروەها فێر بوون گەنم بکەن بەئارد و بۆ ماوەیەکی درەنگ تر هەڵی بگرن، سەرەنجام لە ئارد نانی ساف و ڕەق دروست بکەن، نانەکەیان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕادەگرت و کەڵکی لێ وەردەگیرا[٤٨].

بەچاندنی دانەوێڵە کار لەسەر زەوی دەستی پێکرد، گەشەکردنی کشتوکاڵ بەدوای ڕام کردنی ئاژەڵدا بەواتای زیاد کردنی خۆراک بوو، بەڵام کشتوکاڵ پێشکەوتنێکی گرنگ تر بوو لەڕاگرتنی ئاژەڵ. ئەو بەشە زەویەی بۆ چاندن تەرخان دەکرا دەیتوانی بەرهەمی پتر بەباربێنێ، تا ئەو بەشە زەویەی بۆ ڕاگرتنی ئاژەڵ دادەنرا، کێڵان و چاندنی زەوی ڕووی لە هەر شوێنێک دەکرد، زیادبوونی کۆمەڵێکی چاوەڕوان نەکراوی بەدواوە بوو، هەرچەندە یارمەتیان بۆ کشتوکاڵ لە ئاژەڵەکانیان وەردەگرت، بەڵام دیسان کارکردن لە زەوییان بۆ دژوار بوو، چونکە لەسەردەمی ڕاودا پیاوەکان ئاژەڵەکانیان ڕاودەکرد و میوەی دارەکانیان دەچنی و لەوپەڕی ئازادی دا دەژیان، ئەمەش ئەو پرسیارە زەق دەکاتەوە مرۆڤ بۆچی دەستی لەو ژیانە خۆشە هەڵگرت و بۆ بەدەست هێنانی نانی ڕۆژانەی خۆی تووشی زەحمەت و ڕژانی ئارەقەی نێوچاوانی کرد، شیکردنەوەی ڕوون و ئاشکرا لەم بوارەدا ئاماژەی کتێبی پیرۆزە بۆ بەهەشتی زەوی و گوناحە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، خودا مرۆڤی بەو تاوانانە لەبەهەشتی سەر زەوی بێ بەری کردووە و ناچاری کردووە لەسەر زەوی کار بکات.

سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ بەئاواتی خۆش و ئازادیەکانی ڕابردوو بوو، نەیتوانی بگەڕێتەوە دواوە. ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کشتوکاڵی لێ دەکرا بەپەلە بەرز بووەوە، بەجۆرێک لەناوچەکانی تر هەست بەو زیاد بوونە نەدەکرا، گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕاوکردن و ئاژەڵ بەخێوکردن دەیتوانی بەشێوەکی سەرسامهێنەر خەڵک تووشی برسیەتی بکات، بەهۆی ئەو بەرزبوونەوە گومان هەڵنەگرە لەهەموو ئەو شوێنانەی زەوی بەکەڵک چاندن هات کاری کشتوکاڵ دەست پێ کرا. بەمەش مرۆڤ سەردەمی ڕاوی لەبیر کرد و دەستی بەچاندن و ئاژەڵداری کرد، ئەم قۆناغەی گەشەکردن بەزەقی لەکتێبی پیرۆز (ئینجیل)دا ئاماژەی بۆ کراوە، یەکێک لە کوڕەکانی (ئادەم و حەوا) بەناوی (هابیل) کەشوان بووە، بەدەست (قابیل)ی برای

---

٤٨ ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

کەجوتیار بووە کوژراوە، کشتوکاڵ گۆڕانێکی گرنگی لەژیانی مرۆڤ پێکهێنا، مرۆڤ بـونەوەرێکی گەڕۆک بـووە و بەدوای بژێـوی ژیانـدا گەڕاوە، خێـڵ نشـینەکانیش کەڵکیان لەو کەلوپەلانە وەرگرتووە بۆ گواستنەوە ئاسان و شیاو ترن، بەشێک لە دانیشتوان نەیانتوانیوە بەرهەم و زەویەکانیان بگوازنەوە، وەرزێرەکان بەپێچەوانەی باوکەکانیـان ناچـار ژیـانی نیشـتەجێ بوونیـان هەڵبـژارد، خاوەنـداریتی لەو ڕۆژەوە گرنگی پەیدا کرد، کشتوکاڵ گۆڕانێکی مەزنی دیکەشی پێکهێنا. لەکاتی هێرش بۆ کردنیان نەیاندەتوانی زەوی و بەرهەمەکانی لەگەڵ خۆیان بەرن، ئەگەر زەویەکەیان لێ زەوت بکرایە، جگەلە برسیەتی و فرۆشتن و کۆیلەیی چارەنووسێکی دیکەیان نەبوو، لەبەر ئەوە تا مردن بەرگریان لەخۆیان و بەرهەمەکانیان دەکرد[٤٩].

**قۆناغی دوای گوندی چەرمۆ**

قۆناغەکانی پاشتری مێژووی کوردستان زنجیرەیەک پەرەسـەندنی بەرهەمهێنانی خـۆراک و تەکنیکـی گڵێنەسـازی و بەرەو پـێش چـوونی بیروبـاوەڕی ئـایینی و بەکارهێنانی کانزایە، سێ فەرهەنگەکەی پاش ئەمە دێن، فەرهەنگەکانی (حەسسونە - Hassuna)، (سـامەڕا - Samarra)، (حەلەف - Halaf)ن،لە بـاکووری میسـۆپۆتامیا واتە کوردسـتان دەگـرێتەوە، لەسـەردەمی (عوبەیـد - Ubaid)ەوە، نیشـتەگای مـرۆڤ لە باشـووریش بەدی دەکرێـت. پـاش سـەردەمی (چەرمـۆ) و (حەسسـونە) دەوروبەری (٥٨٠٠ - ٥٥٠٠ پ.ز) لەم سـەردەمە بنیاتنـانی خـانوو بەقوڕی شێلراو لەسەر بناغەی بەردین دێت، ژوورەکان زیاد کران و ژوورەکانی ناوماڵەکانیـان بەقـوڕی تێکەڵ بە کـا و گەچ سـواغ دەدران، لە (چەرمۆ) دانەوێڵە لە کوپەی گەورەی لە قوڕی کاڵ دروست کراودا هەڵدەگیرا، و کوپەکان تا دەمەکانیان دەخـرانە چاڵەوە، لەم سەردەمەشـدا داسـی بەردینیـان بەکارهێنـاوە، ئامرازی تـری بەردین و قوڕین دۆزراونەتەوە، وەک سەرەتەشی و بوکەڵەی ژنی دانیشتوو...هتد، چۆنایەتی گڵێنەکاریش وەک فەرهەنگێکی خۆماڵی بەردەوام بوو، پێشکەوت، هەندێک جـار ڕەنـگ دەکـران و نەخـش و نیگـاری هێڵـی تەریـب و سێگۆشـەیی و شـێوەی ئێسکەماسـی لەسـەر دەنەخشـێنرا، شـوێنەوارەکانی بـاکووری میسـۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە، بەتـایبەتی لە ڕۆژهەڵاتـی دیجـلە بە درێژایـی هێڵێـک لە شـنگارەوە

---

٤٩ ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، سەرچاوەی پێشوو ل ٢١.

دەست پێ دەکات لە نینەواو ڕەواندز تێ دەپەڕێت تا دەگاتە ناوچەی ورمێ، گڵێنەی سەردەمی (حەسسونە) لە گردی (شمشارە)ی دەشتی بیتوێن لەسەر زێی خواروو (چینەکانی ٩ - ١٦) و هەندێکی تر لە شوێنەوارەکانی دەشتی ڕانیە (دەشتی بیتوێن)یش دۆزراونەتەوە، وەک لە (گردەدێمە) و (کامەریان)، بەڵام پێ دەچێت ئەم فەرهەنگە لەناوچەکانی باشووری ئەو هێڵەوە لاوازتر بووبێت، زێی خواروو سنووری باشووری بووە[٥٠].

بەرهەمی پاشماوەی چاخی بەردینی کۆن لە باکووری عێراق دۆزرایەوە، لە بەردەبەلکە لە پارێزگای کەرکوک، کەرەستە و پێویستی بەردین لە جۆری شولی بەکارهێناوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر، کاتێ لە ناوچە چیاییەکان نیشتەجێ بوون بەکاریانهێناوە، لەناو ئەشکەوت و لەسەر بەرزاییەکان، کاتێک ژیانیان لەسەر خواردنی گۆشتی ئاژەڵ بوو یان لەبەدەستهێنانی خواردەمەنی بە کۆمەڵ،لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کەرەستەی بەردینی بەکارهێناوە بۆ بەرگری لە ژیانی خۆی و ڕاوی گیانلەبەران و بڕینەوەی دار بۆ پێویستیەکانی ژیانی، کە چەقۆ و پێویستیەکانی دیکە و ئامێری بڕندەی دروستی کردووە، وە لە ئەشکەوتی شوێنەواری هەزارمێرد لە سلێمانی و ئەشکەوتی شانەدەر لە هەولێر، وە ئادەمیزادی لە جۆری موستیری زاڵ بوو تەور و چەقۆی بەکارهێنا بۆ ڕاوی گیانلەبەران و بڕینەوەی دار و بەرگری لە ژیانی خۆی، وە لە ئەشکەوتی شانەدەر سێ پەیکەری مرۆڤ دۆزرایەوە، لە مرۆڤی نیاندەرتاڵ لەبەشی سەرەوەی پاشماوەی موستیری بەهۆی لێکۆڵینەوەی سێیەمی شانەدەر، یەکێک لەوان پەیکەری منداڵێکی بچوک بوو، دەگەڕێتەوە بۆ (٤٦٠٠٠) ساڵ، بەڵام دوو پەیکەریان هی مرۆڤی پێگەیشتوو بوو دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێکی پێشتر.[٥١]

لەو چاخەدا کەرەستەکانی مرۆڤ تێیدا لە گشت جێنشینەکانی کوردستان لەیەک دەچن، بەڵام ئەم پیشەسازیە خۆجێییانە لەسەردەمی کشتوکاڵیدا خۆڕسکێکی تایبەتیان هەیە، لە کوردستاندا جیاوازە لە هەندێ لەوانەی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا بینراوە. دوای ئەم ماوەیەش لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا ئەو نیشینگانە بڵاوبوونەوە پەیوەندیان بە چاخی (ئەنیۆلیت) (چاخی بەردینی - کانزایی)

٥٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

٥١ برهان الدين دلو، حضارة مصر والعراق/ التأريخ الاقتصادي- الاجتماعي- الثقافي و السياسي، طبعة الاولى، دار الفرابي- بيروت – لبنان، تموز ١٩٨٩. ص ٢٠٣.

یەوە هەیە، کە چاخێکە پێش قۆناغی دەرکەوتنی نووسین و دەست پێکردنی نووسینەوەی مێژوویی دەرکەوت[٥٢]. لەکاتی ڕووپێوی لە دۆڵی (چەمچەماڵ)دا (کانی سوور) بە مایلێک کەمتر لە باشووری (چەرمۆ)یە و (خوڕەنەمک) دەوری (٣مایل) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی (چەمچەماڵ)ەوەیە، ئەو مەتریالانەی سەر روویان خستەبەردەست، پێدەچن تاڕادەیەک هاوڕێکی ماددە (مەتریاڵ)ەکانی (چەرمۆ)بن، ئەو پارچە گڵێنە کرێتانەی، پێدەچوو لەشێوەی (حەسونە)بن لەسەر کەند (talus)ی داشۆراوی دوو گردی تەپۆلکەی گەورەتر: (تەل سەرگەردن) و (تەل ئیبراهیم)، لەباکووری ڕۆژئاوای (چەمچەماڵ)دا دەرکەوتن. ئەم دوو تەپۆلکانە، لەگەڵ دەرکەوتنی سیرامیکەکانی (سامەڕا) و (حەسونە) لەچاڵی تاقیکاری نێردەی دوکانی (دانیمارک)ی لەگردی (شمشارە)دا تێبینیان لەبارەوە درا (Ingholt,1957) پێشنیار دەکەین، چەند لایەنێکی قۆناغی (حەسونە) بەتەواوی لە ناوچەی بناردا قەتیس نەبووە. چین چین کردن (Stratification) لەگردی (شمشارە)دا لەگەڵ ماددەکانی، وەک (چەرمۆ)دا ئەو ڕیزبەندیەی دڵنیاکردەوە، کە لە چینەکانی (سامەڕا – حەسونە) کۆنترن[٥٣].

لە چینەکانی سەرەوەی زۆر لە نشینەگەکانی سەردەمی (حەسسونە)دا، وەک (حەسسونە) و (شمشارە) و (مەتتارە)، جۆرێکی نوێی گڵێنە پەیدا دەبێت، لەگەڵ گڵێنەی (حەسسونە)دا تێکەڵە، بۆ یەکەم جار لە شوێنەواری (سامەڕا) پایتەختی جارانی (عەباسی)یەکان دۆزرایەوە، فەرهەنگی (سامەڕا) لە دەوروبەری (٥٦٠٠ – ٥٠٠٠ پ.ز) ئەم جۆرە گڵێنەیە وردە وردە جێی کۆنەکەی (حەسسونە)ی گرتەوە، زیاتر بریتییە لە لەگەنی گەورە و کووپە و دەفر بە ڕەنگ نەخشێنراون[٥٤].

نەخشەی شوێنەوارە کۆنەکانی عیراق، بەشی شوێنەواری کۆماری عیراق بڵاوی کردۆتەوە (بەغدا ١٩٥٤) وادەگەیەنێ شتی سەردەمی (ئورک) و هی سەردەمی ئیمپراتۆری (ئاشوور)ی لە ڕانیە دۆزاونەتەوە، هەروەها نەخشەی ئەو شتانەی (حەسونە) و (ئورک) و (ئاشوور)ی تۆمار کردووە لە گوندی (گردی باسکین) کە لە ناوچەکە پێ ی دەگوترێ (بۆسکێن). واچاکە زیاتر چالاکی دەست خستنی ئارکیۆلۆجی لە ناوچەکەدا بکرێ. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز یەکێ لە

---

٥٢ د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٥٣ رۆبەرت جێ ی. برید وود. بروس هاو، لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عیراقدا، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، چاپی یەکەم، کوردستان– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٩.

٥٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

هۆیەکـان ئەوەیە کەلێنێکـی گەورە لە بەڵـگەی ئاشـکرا هەیە دەربـارەی سروشـتی پەیوەندیەکانی پێش مێژوو[٥٥].

هونەری بیناسازی لەم سەردەمە بە بوونی مەودایەک لە ناوەڕاستی خانووەکەدا جیـا دەکـرێتەوە، هەنـدێک جـار بەژووری دانیشـتنی سـەرەکی لە ناوەڕاسـتی خانووەکەی دەزانن، لەکاتێکدا زۆر زیاتر لەوە دەچێت ئەو مەودایە ژوور نەبووبێت، بەڵکو حەوشـەی ناوەڕاسـتی خـانووەکە بووبێت و ژوورەکـانی تـری خـانووەکە لە دەوری بووبن، یەکێکە لەجیاکەرەوەکانی خانووی ڕۆژهەڵاتی، تا ئێستاش لە هەموو کوردسـتان و لە میسـۆپۆتامیاش دەبینرێت، لەمەش گرنگتـر سـەرهەڵدانی بیناسـازی ئـایینییە، هەروەک ڕیزێـک بینـا بە پەرسـتگا دەسـت نیشـان دەکـرێن. لە دەشـتی (ڕانیە)ش پاشماوەی پەرستگایەکی بچوکی دیوار لۆچدار (Buttresses and = Recesses)، هەرچەنـدە زۆر وێـرانەیە، لە گـردی (قورەشـینە) دۆزراوەتەوە، سـواڵەتی ئەم سـەردەمە لە (گردەدێمە) و (کامەریـان) و (قەڵای ڕانیە) و (بۆسکێن) یش دۆزراوەتەوە.

سەردەمی ئورک (Uruk) یان (بەشێوە سامی یەکەی : وەرکا Warka) نزیکەی (٣٥٠٠ - ٣٠٠٠ پ.ز) لەپـاش (عوبێـد) دێـت، فەرهەنگـی ماددییـانەی هەمـوو میسۆپۆتامیا و کوردستان بەرەو پێش چوونێکی گەورەی بەخۆوە بینی، گەشـەیەکی تـری ژمـارەی دانیشـتوانی بەدوای خۆیـدا هێنـا، ئەمەش زیـاد بـوونی گونـد و نشینگەکانی بەخۆوەبینی لە ژمارە و قەبارەدا، بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیشـەوە، دابەش بوونی چینایەتی وسیستەمی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا ڕوون تر بەدی دەکرێت، گڵێنە و شوێنەواری تری ئوروک لەهەر دوو دەشتی (ڕانیە) و (شارەزوور)یش زۆرن، لە شـوێنەوارەکانی (گـردە دێـمە، کامەریـان، گردەبـۆر)، لە (دەشـتی ڕانـیە) و شوێنەوارەکانی (دوانزە ئیمام و بەکراوا و حسین فەتاح و چراغ و گردی ڕەش و عەربەت) لە (دەشـتی شـارەزوور) و لەنـاوچەی (بەنـداوی حەمـرین)یش گڵێـنەی (ئوروک) لە گردی (ئەبوحەسەن) مێژوویان بۆ سەردەمی (ئوروک) دەگەڕێتەوە[٥٦].

زۆرێک لە مێژوونووسان سەرهەڵدانی نووسین بەسنووری جیاکەرەوەی نێوان سەدەکانی یەکەمی مرۆڤایەتی دادەنێن و سەدەکانی پێش مێژوویان پێدەڵێن. جیایان دەکەنەوە لەو سـەدانەی لەدوایـانەوە دێـن، ئەمەی دواییـان نـاوی سـەردەمە مێژووییەکانیـان لێنـاون[٥٧]. لەگەڵ سـەردەمی ئـوروک و داهێنـانی نووسین لە وڵاتی

---

٥٥ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٥٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

٥٧ الدكتور أدم وهيب النداوي- الدكتور هاشم الحافظ، تاريخ القانون، الناشر توزيع المكتبه القانونيه بغداد، النشر القاهره، درب الاتراک- خلف الازهر، میسر، ص ١١.

سۆمەر، سەردەمە مێژووییەکان لەباشووری میسۆپۆتامیا، لە (٣٤٠٠پ.ز)دەست پێ دەکات، بەڵام مێژوونووسان سوود لەم داهێنانە چاکەی نووسین لە کوردستان نابینن، چونکە بەڵگەی نووسراو لەو سەردەمەدا بەدەستەوە نییە، بۆیە مێژوونووسان و کۆنینەناسان بۆ مێژووی کوردستانتا چەند سەدەی پاش (ئوروک) و زیاتریش تەنیا پشت بە بەڵگەی کۆن و شوێنەواری کۆن دەبەستن.

لە کوردستان سەردەمی پاش (ئورک) دێت، هاوچەرخی سەردەمی (ئوروکی درەنگ - Late Uruk) و (جەمدەت نەصر- Jamdat Nasr) و سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی باشوورە. لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایین تەپەقوری مۆر کراو بۆ سەر مۆر کردنی کووپە بەکارهاتوون، ئەمەش ئاماژەن بۆ چالاکی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی شمەک[٥٨]. لەم سەردەمە بەدواوە دەتوانین بڕوانینە چۆنیەتی بەسەربردنی ژیانی مرۆڤ لەم سنوورە، ئیتر بۆ لێکدان و پێکەوە بەستنەوەی ڕۆژگاری کۆن و مێژووی کوردستان دەکرێت پشت بە تۆمارە نووسراوەکانی سۆمەر و کەمێک پاشتریش هی ئەکەد ببەسترێت، ئەمەش واتای تەماشاکردنی مێژووی کوردستان نەک لەناوەوە[٥٩].



**وێنەی ژمارە (٥)، وێنەی سەری کۆمەڵێک ئاژەڵی کێوی گڵینی، هەزارەی دەووەمی پێش زایین لە (دەشتی بیتوێن) دۆزراوەتەوە، سەرچاوە: بەرگی دووەمی گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە ١٩ ساڵی پێنجەم ئاداری ٢٠٠٢ نەورۆز ٢٧٠٢.**

---

٥٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

٥٩ عبدالرقیب یوسف، مصدر السابق، ص ٢١.

## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گوند

دێنشینی قۆناغێکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگا مرۆییەکانە، چونکە بۆ نیشتەجێ بوون و خۆگونجاندنی مرۆڤ بەم ژینگەیەوە دەگەیەنێ و پەیوەست بوونی بەرەوتی بەرهەم هێنانی خواردن و جێگیر بوونی جۆرێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوچەکە دروست دەکات، ئەگەر نیشتەجێ بوونی مرۆڤ دەربڕینێکی سەرەکی بێت بۆ بەرەو پێش چوونی شارستانیەت لە کۆمەڵگا مرۆییەکان، ئەوا قۆناغەکانی نیشتەجێ بوون، چەند جۆرێک نیشتەجێ بوونی دەرخستووە، کە بگونجێت لەگەڵ قۆناغەکانی شارستانی کۆمەڵگا مرۆییەکان. ئاشکرایە نیشینگە دێهاتیەکان بەرەو پێش چوون، چەندین سەدەی دوور و درێژی بڕیووە و لەو ماوەیەدا چەندین گۆڕانکاری سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریگەری لەسەر بارودۆخی دێ نشینی هەبووە و بە بارودۆخی ئاڵۆزدا تێپەڕیووە .

گوند بەکۆنترین شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ دادەنرێت، مرۆڤ پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە گەڕان و سوڕان بەدوای خواردەمەنی و ئاودا، جا لە دوای ئارامی و حەوانەوە ناچار بوو هەوڵی نیشتەجێ بوون بدات، ئەو نیشتەجێ بوونەش سەرەتا لە ئەشکەوت و دواتریش لە شێوەی چەند خانوویەکی بچوکی پێکهێنا و بەگوند ناسرا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرەتای پەیدابوونی گوند بۆ چەرخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە، لەنێوان (١٠٠٠٠ - ٧٠٠٠پ.ز) لە گوندی (چەرمۆ)دا خۆی دەبینێتەوە، بەڕای زۆربەی مێژوونووسان بە کۆنترین گوند و شوێنی کۆبوونەوە و نشتەجێ بوونی مرۆڤ دادەنرێت، هەروەها لەپارێزگای هەولێر پشکنینەکانی ڕزگارکردنی شوێنەوارێک لەناوچەی (بەردحوشتر)، بەپێی ڕای ئەو شوێنەوارناسانەی بەشداریان کردووە، لەکنە و پشکنینەکانی (بەرد حوشتر)دا باس لەوە دەکەن لەم شوێنەوارەدا نیشینگەیەک دەرکەوت، پێکهاتبوو لەکۆخی بازنەیی و ئەم جۆرە بیناسازیەش بەیەکێک لە کۆنترین شێوازەکانی بیناسازی دادەنرێت[٦٠].

مرۆڤ لە قۆناغی کۆکردنەوەی خواردن و ڕاوکردنی ئاژەڵ بۆ قۆناغی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و بەخێو کردنی ئاژەڵ هەنگاوی نا، هەر لەمەشەوە پەیدابوونی شارستانیەتە کشتوکاڵیەکان سەری هەڵدا و بوو بەهۆی دیاردەی هاوکاری و

---

٦٠ دڵشاد عەزیز زاموا، هونەری ئۆرارتی لە کوردستانی باشوور (١٣٠٠-٥٩٠ پ.ز) گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/٣، ساڵی سێیەم پایزی ٢٠٠٩، ل٦٥.

کارکردن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا. دەکرێ بڵێین سەرەتای نشتەجێ بوونی مرۆڤ لە دۆڵەکانی ڕافیدەین و دۆڵی نیل و دۆڵی سەند و هەرێمی پەنجاب لە هیندستان سەرهەڵدانی گوندی بەخۆوە دیووە و گەشەی کردووە و گۆڕاوە بۆ سەرهەڵدانی شار و دەرکەوتنی ژیانی پێشکەوتووتر و پەیدابوونی بازرگانی و پیشەسازی بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر.

دێنشینی بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیووە و تائێستاش ڕووبەرێکی فراوانی لە جیهاندا هەیە، خۆی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنانی خۆراک و بەرەوپێش چوونی شارستانیەت بینیەوە، لەلایەکی دیکەش ئارامی و دابین کردنی ئاسایش و داڵدەدانی مرۆڤ چ لە ڕووداوی سروشتی یا مرۆیی بەدرێژایی چاخەکان چەندین گوند بوون بەشاری قەرەباڵغ و کۆبوونەوەی چڕی دانیشتوان، دواتریش بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوای دژوار یاخوود بەهۆی شەڕ و شۆڕ و کارەساتە مرۆییەکان و نەخۆشی مەرگ هێن وێران بوون و بەرەو نەمان چوون، جگەلە چەند شوێنەوارێک هیچی تری لێ نەماوەتەوە و بوونەتە شوێنەواری ڕابردوو، ئەو شوێنەوارانەش جێیان هێشتووە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەلایەن خەڵکانی دوای خۆیان جێگای سەرنجن، بەتایبەت ئەوانەی لەکاتی گۆڕانکاری سەردەمە دوورەکان و بەهۆی ڕووداوە ڕامیارییەکان لەناوچوون. هیوادارم لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژیای گوند زیاتر لە لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوەی گوند و پێکهاتەکان و نەخشەی بیناسازی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین شارەزای مێژووی کۆنی وڵاتی خۆمان بین.

**بنیاتنانی گوند**

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە هەمیشە هەوڵی دا بۆ بەرەو پێشبردنی ژیان، بۆ ئەم مەبەستە لە هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ کۆبوونەوە و بڵاوبوونەوە و نشتەجێ بوونی مرۆڤ تیایدا، بەمەبەستی دڵنیابوونی مرۆڤ بۆ دابین کردنی ئارامی و کەم کردنەوەی کاریگەری ئەو هۆکارانەی لە ژیانی ڕۆژانەی ڕوودەدەن و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی یان چاک و خراپ لەسەر ژیانی هەبووە کەچەندین هۆکاری جۆرا و جۆری هەیە:

١ - بەمەبەستی دابین کردنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بۆ پێداویستیەکانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان.

٢ – بایەخدان بەشوێنی لەبار و گونجاو بەمەبەستی دابین کردنی لەوەڕگای بژوێن و دوور لەمەترسی بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان.

٣ – دابین کردنی ئارامی و حەوانەوەی بەردەوام و پاراستنی گیانی خۆیان، بەهۆی کەم کردنەوەی هۆکار و کارەساتە مرۆییەکانی ناوچەکە و خۆپاراستن لە هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان کراو، بەهۆی هەڵکوتانەسەر لە ئەنجامی هۆکارە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان تووشی دێن.

٤ – بنیاتنان لە شوێنێکی گونجاو بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکانی لافاو، کاریگەری بای سارد و بەهێز و دارمانی ڕەنوو بەفر و بەرزایی چیاکان و کەم کردنەوەی هۆکارە سروشتیەکانی ناوچەکە.

٥ – دروست کردنی گوندەکانیان لە شوێنی بەرزایی و بناری چیاکان، بەمەبەستی شوێنی چۆڕاوە و ئاونەگر لەدوای باران بارین کاریگەری قوڕو چڵپاو کەمتر بێت.

٦ – بنیاتنانی گوند لە شوێنێکی لەبار کە هۆکارەکان لە ڕووی زەوی و خاک بگونجێت لەگەڵ دابونەیتی کۆمەڵایەتی و پێداویستیە کشتوکاڵی و ئاژەلداریەکان بۆ گەشەی داهاتوو.

بەپێی تێپەرینی ڕۆژگار و گۆڕانکاری سەردەمەکان شێوە و دروست کردنی گوندەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر شێوەیەکی کەمیش بووبێت، زۆرجار خانووەکان یەک لە پشت یەکی تر دروست دەکران، بەجۆرێک سەربانی هەر خانوویەک دەبێت بە حەوشەی خانووەکەی سەرووتر .

سەبارەت بە کەرەستەی بیناکاری و دروست کردنی خانوو بەپێی نەریتی باو سەرەتا بەموورەی قوڕ دروست دەکرا، دواتر گۆڕا بۆ بەرد و قوڕ، لە زۆر کۆنەوە بینراوە بناغەی خانووەکانیان لەبەر دروست کردووە، سەری خانووەکەش بە دار و چڵوگەڵاکەی گیراوە، سەربانەکەشی خۆڵی لەسەر دەکرا و لە کاتی باران بارین بە باگردان کە لە بەرد یا دارێکی لولەیی (مووورەدار) دروست دەکرا و هەردوو سەری کون دەکرا، دەسکێک لە ئاسن یا داری بۆ دروست دەکرا، بۆ ئەوەی بانەکەی پێ بگێرن، و لە دڵۆپەی باران ڕزگاریان ببێت، دواتر ژیان گۆڕاو پێشکەوت، لەسەردەمی دواتریش هەندێک جار خەڵکی خواپێداو ئەوانەی باری ئابووریان باشترە بووە، بەتایبەت خانەدانەکان خانووەکەیان بەقسڵ و گەچ و خشتی سوور

(کەرپوچ) دروست دەکرد، شێوەی ڕێکی و جوانی و پاک و خاوێنی لەگەڵ ئەوەی تر نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە.

خانوو لەسەردەمی گوندی (چەرمۆ)دا شێوەی بازنەیی هەبووە، دواتر پێشکەوتووە و لەڕووی نەخشەی بنیاتنانەوە زۆرجار شێوەکەی کۆڵەگیە لە دوو ژووری بەرامبەر و هەیوانێک لەناوەڕاستی پێک دەهات، هۆڵی ئاژەڵەکان خاوەن ماڵ لەنزیک خۆی یا تۆزیک دوور لە شوێنی نشتەجێ بوونی خۆی دروستی دەکرد. ئەگەرچی بە پێی خەسڵەتی ئاووهەوا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، بەڵام مرۆڤ هەر زوو لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا خۆی دەگونجێنێت گوندەکەی تێدا بنیات ناوە.

## ژیانی دێهات

ژیانی دێهات بریتیە لە چەند نموونەیەکی زیندوو لە قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاد و بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی دواتر بووە بەشار، سەرەتا کاروباری ژیانی ڕۆژانەیان بریتی بووە لە چاندنی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی خۆراک و پەرەپێدانی ئاژەڵداری و ڕاوکردنی ئاژەڵ و ماسی، هەندێ جار ئەم ژیانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و گەشەی کردووە، تا هەندێک لە خەڵکی پیشەوەر و بازرگانی تێدا کۆبۆتەوە و دواتر شێوەی شاری وەرگرتووە. ئەنجامدانی کار لەلادێ بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە کشتوکاڵ و چارەنوسی بەزەویەوە بەستراوە، چاندنی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراک و زۆربەی ئەرکی دیکە لەلادێ کاری هەرەوەزییە و بە هاوکاری یەکتر کارەکان ئەنجام دەدرێت .

زۆرجار گوندێکی بچووک بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و کەشوهەوای لەبار و چڕی دانیشتوانەوە گۆڕاوە و بووە بەشارێکی گەورە و ئێروو ئاوەدان و قەرەباڵغ، تا بووە بە ناوەندی بەڕێوەبردنی وڵات و جێگای ئەنجامدانی چالاکی مرۆڤ، لە پیشەسازی و بازرگانی و کارگێڕی و بەڕێوەبردن، بووە بەسەنتەری ئاوەدانی هەموو لایەنەکانی هەرێمەکە.

ئەوانەی پشت بە بەخێو کردنی مەڕ و بزن دەبەستن زۆرجار بۆ دابین کردنی بژێوی خۆیان و پەیدا کردنی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان جێگایان گۆڕیووە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکەن، پێویستیان بەوە هەبووە بە دوا لەوەڕگا و سەرچاوەی ئاودا بگەڕێن، هەندێک جار مەڕدار و شوانکارەکان گەرمیان و

کوێستانیان کردووە، لە بەهاردا چوون بۆ کوێستان و لە مانگی ئەیلول دا گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەوانە لە تەواوی ئەم هاتووچۆیەدا لەناو ڕەشماڵدا ژیانیان گوزەراندووە، کە لە مووی بزن دروست کراوە، زستانیش دەگەڕانەوە بۆ ناو خانووەکانیان و ئاسایی لەگەڵ خەڵکی گوند دا ژیانیان بەسەر بردووە.

پیشە کاریگەری سەرەکی هەیە، لەسەر پلان دانانی نشینگە دێهاتیەکان و دروست کردنی شێوەی دارشتنی خانووەکان، چونکە گوندێک خەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵ بن جیاوازە لەگەڵ ئەو گوندەی مەڕداری و شوانکارەیی دەکەن، ئەمەش بەهۆی پێویستی جێنشینی و هۆکاری شێوەی دابەش بوونی ژوورەکان و پێویستی بەلایەنە خزمەت گوزاریەکانی ژینگەیی کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەنگدانەوەی ئەو پێویستیانەی بۆ گونجان و چالاکی ژینگە کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکرێت. بەم پێوودانگە ژیان و بەسەرهاتەکانی گوند پێ بەپێی ڕۆژگار گەشە و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە.

## پەیدابوونی شار و هوشیاری شارستانیەت

گەشەکردنی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر گەشەکردنی گوند و دروست بوونی شار، لەشاردا هەرکەس زەوی کەمتر و ئازادی هاتوچۆی بەرتەسک تر دەبێتەوە، مرۆڤ بۆ دابین کردنی ئاسایش و پارێزگاری کردن لەخۆی، چاوی لەبەشێک لە ئازادیەکانی پۆشی، شار لەناوەندی زەوی جوتیاراندا کۆمەڵگایەکی تری پێکهێنا،کە دواتر بە ناوی (دەوڵەت شار) ناسرا[٦١]. ئەو کاتە هەر شارە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بووە و یاچەند شارێک بەگوندەکانی دەوروپشتی خۆیانەوە فەرمانڕەوای تایبەت بەخۆیان هەبووە، واتە هەموو شارەکان لەسنووری یەک دەوڵەتی فراواندا بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە.

شارێکی خاوەن بەرگری و ئاوەدان پتر لە پێویستیەکانی بەرهەمی هەبووە، لەبەرئەوەی ژمارەیەک لە خەڵکی شار توانیویانە لەبری کار لەسەر زەوی و زار، کاری تر بکەن، بەم جۆرە پیشە و پیشەساز پەیدا بووە، پیشەسازەکان ئامێر و کەرەسەیان دروست کردووە و بەرگیان دووریوە، سەرباز، بازرگان و ڕێبەریش پەیدا بوون، لەبەرامبەر خزمەت کردن بەجوتیاران لەلایەن ئەوانەوە ژیانیان دابین

---

٦١ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٣

کراوه، بەم جۆره کۆمەڵگا دابەش کراوه بەسەرچینی جۆراوجۆردا، ئەنجامی بەم شێوەیه پێکهاتووه ئەمڕۆ دەیبینین. بەگەشەکردنی شارەکان شارستانیەت پەرەی سەندووه، بەدوای ئەودا شارستانیەته مەزنەکان دەوری ناوەنده مەزنەکانی شار پێکهاتن.

شارنشینی به واتای لاتینی بەدانیشتوانی شار دەڵێن و شارستانیەت هەموو ئەو دیاردانه دەگرێتەوه پەیوەندیان بەژیانی شارنشینەکانەوه هەیه، لەو سەردەمەدا شارستانیەت لەهەموو جێگایەک گەشەی نەکردبوو، سەرەتا لەکۆمەڵی جیاواز و دوور لەیەکتر له ڕۆژهەڵاتی نزیک سەری هەڵدا، هەشت هەزار ساڵ پێش زایین شارستانیەت هێشتا وەک دیاردەیەکی هەڵپەسێراوی گۆشەگیر بوو، له باشووری کوردستان و لەشوێنێک بەناوی (چەرمو) شوێنەواری شارێکی کۆن دۆزرایەوه، نزیکەی هەشت هەزار ساڵ پێش زایین دروست کرابوو، (چەرمو) زەویەکی هەندێک بەرزه، شوێنەوارناسی ئەمریکی بەناوی (ڕۆبێرد. جی. بردوود) لەساڵی (١٩٤٨ زاینی) لەم شوێنەی کۆڵیەوه. (بردوود) شوێنەواری ژمارەیەک خانووی دۆزیەوه، دیواری ناسکی قوڕینی و ژووری بچووکیان هەبوو، لەوه دەچێ ژمارەی دانیشتوانی (چەرمو) لەنێوان سەد تا سێ سەد کەس بووبن.

سەردەمی نێوان (٨ – ٩) هەزار ساڵ پێش زایین، سەردەمێکه گۆڕانی قوڵ لەژیانی مرۆڤدا پێکهاتووه، لەو سەردەمەدا کۆچەرەکان نیشتەجێ بوون، ئەو دۆزینەوەی بەهۆی کاری کشتوکاڵەوه ڕووی داوه ئەمڕۆ بۆ ئێمه ڕواڵەتێکی زۆر ساکار و ئاساییه، بەڵام ئەگەر کاری کشتوکاڵ نەدۆزرایەتەوه دۆزینەوەکانی تر له هەزارەکانی دواییدا بەئەنجام نەدەگەیشتن[٦٢].

## بیروباوەڕی ئایینی کۆنی کورد

ئایین له دێر زەمانەوه لەلای مرۆڤایەتی و نەتەوەکانی دنیا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووه، مەسەلەی ئایین له ژیانی مرۆڤدا بابەتێکی گرنگه، پێویسته بەوردی تیشک بخرێتەسەری، چونکه هەر نەتەوەیەک زۆر جار هەر هۆزێک یان هەر شارێک خواوەندی تایبەت بەخۆی یان چەند خواوەندێکی هەبووه، بێ گومان باسێکی تێروتەسەل دەربارەی ئایینی کورد لەسەرەتای مێژوو تائەمڕۆ، باسێکی دوور و

---

٦٢ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، هەمان سەرچاوه، ل٢٤.

دریژ و پڕ لە گرێ کوێرە و تێکەڵ بووە بەگەلێک ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵی و فۆلکلۆر و هی تر، ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی لە کۆنەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەما و دەمی کردووە، یا ئەو هەموو بۆ چوونە پڕوپوچانەی دوژمنان، دەربارەی ئایینی کورد هەڵیان بەستووە، لای هەندێ نووسەرانی بێگانە کراوە بەبەڵگە و بەپێی ئەوانە لە ئایینی کورد دواون[٦٣].

ئەوەی زانراوە بەشێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەزۆر کۆنەوە مرۆڤ لەزنجیرە چیاکانی کوردستان ژیاوە، یەکێک لەو شوێنانە ئەشکەوتی ناوداری (شانەدەر) بووە، لێکۆڵینەوەکان دەڵێن بەر لە (١٢٠,٠٠٠) ساڵ پێش زایین مرۆڤ لەو ئەشکەوتە ژیاوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە زۆر شتی گرنگ دەرکەوتووە، هەر بۆیە (شانەدەر) نەک بۆ کوردستان بۆ مرۆڤایەتیش گرنگە، ئەو ئەرشیفە کۆن و گرنگەی مرۆڤایەتی و کوردستان، جگەلە بەڵگە گرنگەکانی تر بەڵگەی بوونی (ئایین)ی بەشێوە سەرەتاییەکەی تێدا دەرکەوتووە، کۆنترین مێژووی ئایین لەجیهاندا کە بەڵگە و ڕەگەزی ئایین هەبێ و زاناکان بەلێکۆڵینەوە بیسەلمێنن، (عبدالرقیب یوسف)، دەڵێ: (بیری ئایینی لەشوورەی کەوانەیی و لە گۆڕی مردوانی ئەشکەوتی (شانەدەر) ئەوانەی گوڵ لەسەر جەستەیان دانرا بوو، هەروەها لە (چەرمو) پەیکەری (خواوەندی دایک) کە لە قوڕ بوو، بەم شێوەیە یەکەم پەرستراو لە کوردستان بووە[٦٤].

ئەگەر قۆناغی ئایین لە ئەشکەوتی شانەدەر ناوبنێین بە قۆناغی (ئایینی ئەشکەوت) ئەوا دەبێ بڕوا بەوە بێنین پێش ئەو قۆناغەش قۆناغی ئایینی ڕاو هەبووە، بۆیە پێمان باشە قۆناغەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەند بکەین:

**یەکەم:** قۆناغی ئایینی ڕاو (دارستانەکانی کوردستان) لەسەرەتاوە تا ئەو کاتەی مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ئەشکەوت، واتە تا دەوروبەری (١٠٠) هەزار ساڵ پێش زایین.

**دووەم:** قۆناغی ئاینی ئەشکەوت (ئەشکەوتی شانەدەر) واتە لە (١٠٠) هەزار ساڵ پێش زایین، تا دروست بوونی گوند دەوری (١٢) هەزار ساڵ پێش زایین.

**سێیەم:** قۆناغی ئایینی گوند (زەڤیا چەمێ)

---

٦٣ محەمەد ڕسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان- سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٩.

٦٤ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٠٧٣.

**ئەم قۆناغەش سەرەتا قۆناغی دوو بەشە:**

**بەشی یەکەم:** ئاینی مەڕداری یان شوانکارەیی، ڕیشەکەی بۆ سەردەمی ئایینی ڕاو دەگەڕێتەوە.

**بەشی دووەم:** ئایینی کشتوکاڵ، ڕیشەکەی بۆ سەردەمی درەنگی قۆناغی ئەشکەوت (١٢) هەزار ساڵ پێش زایین، دەست پێ دەکات تا دروست کردنی شار لەنێوان (٨) بۆ (٩) هەزار ساڵ پێش زایین.

**چوارەم:** قۆناغی ئایینی شارە، شاری هەولێر – ئەربیل ئەم قۆناغەش لەنێوان (٨) بۆ (٦) هەزار ساڵ پێش زایین تا ئەمڕۆ. ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم دابەش کردنە بدەین، ئەم دابەش کردنە بۆ هەموو جیهان دەگونجی و شیاوی پەسند کردنە[٦٥].

## قۆناغی ئایینی گوند

لەسەرەوە ئاماژەیەکی خێرامان بۆ ئاینی مرۆڤ لەسەردەمی ئەشکەوت و پێشتریش کرد، بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەردەکەوێ ئەم مرۆڤە جۆرە باوەڕێکی سەرەتاییان هەبووە، شێوەی ناشتنی مردووەکانی (شانەدەر) کۆنترین ناشتنە، لەسەر شێوەی ڕێوڕەسمی جۆرە (ئایین)ێک مردوو شاردرابێتەوە، با ئەو ئایینەش تەواو پتەو و سیستەماوی نەبووبێت. ئینجا مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانەوە بۆ دەشتەکان کشاوە و گوندی سەرەتایی دروست کردووە، بەم پێیە لە ئەشکەوتی (شانەدەر) دابەزینە قەراغ زێی گەورە، ئیتر دانیشتوانی کوردستان فێری دروست کردنی ماڵەکانیان بوون، لە دە هەزار ساڵ پێش زایین لە (زەڤیا چەمی) بەناوی (زەوی جمی) کۆنترین گوندە لەجیهان، کە لەلایەن زانای ئەمریکی (سولیکی) و هاوسەرەکەی دۆزرایەوە، وەکو کۆنترین شوێنەواری لەو شوێنە شوێنی گوندی راستەقینەی (شانەدەر) هەیە، دەکەوێتە ناوچەی (بارزان) لە ڕۆژهەڵاتی زێی گەورە[٦٦] لەگەڵ دابەزینیان لە ئەشکەوتەوە بیروباوەڕە ئایینیەکەشیان لەگەڵ خۆیان گواستۆتەوە، وەک دەرکەوتوو لە گوندی (زەڤیا چەمی) هزری ئایینی بەشێوەی پیرۆز لە گۆڕی مردووەکانیان لە ئەشکەوتی (شانەدەر) دەرکەوتووە و لە گوندی

---

٦٥ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨٠.

٦٦ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه...، مصدر السابق، ص ١٨.

(چەرمۆ)ش بەهەمان شێوە دەرکەوتووە، پەریکەری (خواوەندی دایک)ی لەقوڕ دروست کراو دۆزراوەتەوە، کۆنترین پەرستگا لە گوندی (چەرمۆ) دۆزراوەتەوە[٦٧].

پاش ئەو مێژووە پەیکەری (چەرمو) کە پەیکەری (خواوەندی دایک)ە بۆ (٣٠,٠٠٠)ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەم پەیکەری (خواوەندی دایک)ە دەبێ بۆ پەرستن دروست کرابێ، دواتر سۆمەرییەکان پەرە بەبیری خواوەند لەشێوەی مرۆڤ دەدەن، وێنەی بەرچاوی خواوەندی سومەرییەکان لەسروشتەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوانیش ئەمەیان لە کوردستان وەرگرتووە، چونکە دەرکەوتووە سومەرییەکان لە چیاکانی کوردستانەوە چوونەتە خوارەوە، وەکو هەر شتێکی تری شارستانیەتەکەیان ئایینەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە، ئایینیش پێشینەیەکی دوور و درێژی هەبووە، هەر بۆیە دەبینین دایکە خواوەند لای سومەرییەکان ماناکەی "شاژنی چیا" پێش چوونە خوارەوەیان بەم ناوە ناساندووە، چیاش مەبەستیان چیاکانی کوردستانە، ئەوەش یەکێکە لە ئایینی سومەرییەکان، ئەو ئایینەی (خەزعەلی ئەلماجدی) دەنووسێ: (ئایینی سومەرییەکان ئەو (تۆ)یە بوو درەختی ئایینەکانی هەموو جیهانی لێ دەرکەوت)[٦٨].

هەندێ زانای شوێنەوار، وەک مامۆستای کۆچ کردوو (تەها باقر) وای دەبینن ئافرەت هەوڵی بۆ بەدەست هێنانی کشتوکاڵ داوە و ئەو شانازیە بۆ ئافرەت دەگەڕێتەوە، ئەم ڕایە لە خواوەندی دایک بەدەست دێنین، پەرستنی خواوەندی دایک ئاماژەیەکە بۆ ئەوە کە دانیشتوانی کۆنی کوردستان ڕێزی ئافرەتیان لەلا گرنگ بووە. یەکەم جار کە پەرستنی پیت و فەڕی زەوی سەری هەڵداوەو کراوە لە دێی (چەرمۆ)ی باشووری زنجیرە چیای (بازیان)ی ناوچەی سلێمانی بووە، خەڵکەکەی نیزیک نۆهەزار ساڵ لەمەوبەر پەیکەریان بۆ ژنە خوای دایک (الهە الام) دروست کردووە، لەشێوەی ژنێکی سکپڕی مەمک زلدا بووە، ئەمەش دووری هەزار و پێنج سەد ساڵێک بەر لەوەی مرۆڤ بچێتە ناوەڕاست و خوارووی عیراق و تێیدا نیشتەجێ بێت، پاشان پەرستنی ژنە خوای دایک لەوێش بڵاو بووەوە، هەندێک لە شوێنەوارناسان ئەمە دەکەن بەسەرەتای پەیدا بوونی بیری ئایین و یەکەم خوا و ڕەمزی هێزەکانی بڕشت (الخصیب)و پیت و فەڕی زەوی و زار و بەرهەمی

٦٧ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە...، مصدر السابق، ص ٢٠.

٦٨ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧٣.

کشتوکاڵی[٦٩]. دواتر پەرستنی (خواوەندی دایک) بە میسۆپۆتامیادا بڵاوبۆتەوە، دواتر خواوەنـد (عەشـتار) دەرکەوتـووە، دوای دەرکەوتنـی نووسـین لە نووسـراوە سومەرییەکاندا خواوەندی ئارییەکان (أنا هیتا) و خواوەندی ئارییەکان (أشا - أشی) لەنێوانیاندا هاوبەش بووە[٧٠].



**وێنەی ژمارە (٦)، خواوەندی دایک (اله الام) سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان...، ل٢٠**

(پـانپیون - ئەنجـومەنی خواوەنـدەکان): لەمێـژووی بیروبـاوەڕی ئـایینی گەلانـی دوو ڕووبار (دۆڵی ڕافدین) لەسەدەکانی بەرلەزایین تاڕادەیەک لەبیروباوەڕی ئایینی دا لەیەک نزیک بوون، واتە ئەو نەتەوانە هەنـدێکیان بت پەرست بـوون و هەنـدێکی

---

٦٩ طه بـاقر، مقـدمه فـی تـاریخ الحضـارات القـدیمه، بغـداد ط٣،١٩٧٣.ص ١٩٥-٢٠٠- عبـدالرقیب یوسـف، شوێنەوارەکانی نەوێ لەشاخی سورێن،بەیارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپ کراوە، ١٩٩٤، ل ٥٧.

٧٠ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه تاریخیا و جغرافیا خلال خمسه الاف عام. ص ٢٠.

دیکەشـیان ڕۆژ، مانـگ، ئەسـتێرە...هتد دەپەرسـت، لەبـارەی ئـاینی دانیشـتوانی دووڕووبار پشت بەو بەڵگانە دەبەسترێت کەلە دوایان بەجێ ماون وەک: سەنەم و مەزار و پەرستگا و گۆڕ و وێنە و ئامراز و ئێسک و پروسکی ئاژەڵان، گرنگترین شتی ئەو بیروباوەڕانەش بوونی کۆمەڵێ خواوەند بوو، کە کاروباری گەردون و ژیانیان لەسەر زەوی ڕێک دەخست.

بەڕای ئەو بیریارانە خواوەندەکانیش مەخلوقاتێکن لەڕووی خەسڵەتە مادی و ڕۆحیەکانەوە لە مرۆڤ دەچن، بەڵام لە مرۆڤ بالاترن، لەبەرئەوەی نەمرن و ئەم خەسڵەتەیان لە مرۆڤ جیا دەکرێتەوە، گرنگترین ئەو خواوەندانەش خواوەندی ئاسمان و هەواو زەوی و دەریا و خۆر و مانگ هەموو دیمەنە سروشتیەکان بووە، سومەرییەکان گەردوونیان بەشێوەی مەملەکەی تەسەور (لێک دەدایەوە) کە چەند خواوەندێ کاروباری بەڕێوەدەبرد و دەسەڵات لەنێوان ئەم خواوەندانەدا لەسەرەوە بۆ ژێرەوە پلە پلە کراوە و کارەکانیشیان بەسەردا دابەش کراوە، مرۆڤیش جگەلە گوێڕایەڵی هیچی تری لەسەر شان نییە.[71]

### قۆناغی ئایینی شار

مـرۆڤ دوای ئەوەی لە ئەشـکەوت دابەزیـوە، لەدامـێن چیاکـانی زاگـرۆس سـرەوتوون و دەسـتیان بەئـاوەدان کـردنەوەی شـارەکان و کشـتوکاڵ و ئاژەڵیـان پەروەردە کـردووە، تـا لە هەزارەی چـوارەمی پـێش زایـین بەتەواوی گەیشـتونە پلەیەکی تری شارستانی و نووسینیان داهێناوە و حوکمدار و سەرداریان داناوە، بۆ بەڕێوەبردنی شـارەکان یاسـا و دەسـتووریان دانـاوە، بیریـان لەم دونیـا و لەو دنیـا کـردۆتەوە و ئـایین و بیروباوەڕیـان پەیدابووە، بەرامـبەر بەهێزە نادیارەکانی دنیـا، خودایـان لـێ دروسـت کـردوون، پەرسـتگایان دروسـت کـردووە و پەیکەریـان بـۆ خوداکـان داڕشـتووە، لەقوڕ یـا لە بەرد دایـان تاشـیووە ولەپەرسـتگاکاندا دایاننـاوە، ئیتـر سیسـەمی پەرسـتن (عیبـادت) پەیـدابووە، ئەمەش پلەیەکی هەرە پێشـکەوتووی ژیـانی دەروونـی ئـادەمیزادە، شـتە نادیارەکـان هـزر و بیریـان ئـاڵۆز کـردووە و لە

---

٧١ عەبدولخالد صابر، سۆمەریەکان: مێژوویان، شارستانیەتیان، کۆتاییان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٩، ل٦٧.

دنیای نادیاردا بۆیان گەڕاون، نووسینەکانی لەپاشیان بەجێماوە ئاوێنەی ئەم ژیانەی تێدا ڕەنگداوەتەوە[٧٢].

لە هەزارەی دووەمی سومەری و بابلییدا چەندان ئەفسانە و چیرۆک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بابەتی دروست کردنی جیهان و دروست کردنی ئادەمیزاد دواون، بەتایبەتی هاتوو لەسەر بیروڕای گرنگ و بەمتمانەیەکی زۆر لە گەلانی سەردەم و پێشکەوتوو زۆر و کەم، بیرهێنانەوەی ئەم ئەفسانانە نموونەی ئەفسانەی سۆمەری تایبەت بە (گلگامێش) و هاوڕێکەی (ئەنکیدۆ) کاتێ لە ژێر پێشەکیەکەیدا، ناچار کردنێکی کورت ئەمە نیازێکی گرنگە، زانیاری لەسەر جیابوونەوەی ئاسمان لەسەر زەوی، لەسەر دەستی خواوەند (أنليل) دوای ئەوەی یەک بارستە بوو. ئەوەی شاراوەیە، دروست کردنی ئادەمیزاد، یەکێکە لە بابەتە بەرزەکان ئەوەی لە ئەفسانە سومەری و بابلییەکان دەدوێت، لە ئەفسانەی سومەری و بابلییدا کاتی نووسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زاینی، خواوەند تووشی برسێتی بوو، دوای ئەوەی بڕی خواردن زۆر بوو خواوەندی (نمو) ئەوەی نەوەی هەموو خواوەندەکان هات بۆ کوڕی (أنكی) خواوەندی باران (دەریا) و داواکاری دروست کردنی بەندەی خواوەند لەئەنجامی خواردنی ئەو کە لەوانەیە بڕیاری لەسەر وەربگرێت، شتێک لە خاک بەهۆی دەریای قوڵ و دروست کردنی مرۆڤکە بۆشاییەکی لەناوەڕۆکی دروست بەنوسراو[٧٣]. دروست بوونی گەردوون و مرۆڤ بیری سومەرییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد بوو، لەئەفسانەکانی خوای خۆیان ڕەنگی داوەتەوە، چیرۆکی دروست بوون (ئافراندن)ی بابلی بۆ چاخی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە لەبنەڕەتدا سومەرییەکان. هەزاران چیرۆکی ئەفسانەیی سومەری و بابلی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە ئافراندن دەکەن[٧٤].

باوەڕ وایە مرۆڤ لەبەرەبەیانی ژیانی کۆمەڵاتیدا ملکەچی هیچ بنەمایەک نەبووە، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵگادا ڕێکبخات، مەگەر لەو باوەڕەوە

---

٧٢ أ.د. پاكزه رفيق حلمی، زانیاری و مێژووی زمانی کوردی، ڕۆشنبیری نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحريه للطباعه، بغداد، ژمارە ١١٣، مارتی ١٩٨٧.ل ٢١٤.

٧٣ طه باقر، مقدمه فی تاريخ الحضارات القديمه، ص .١٩، ٢١.

٧٤ طه باقر، الدكتورفاضل عبدالواحدعلى، الدكتورعامرسليمان، تأريخ العراق القديم، الجزء الثانی، بغداد، ١٩٨٠، ص ١٩.

سەرچاوەی بگرتایە ویستی خودایی پێویستی دەکات، شوێن وەها بنەمایەک بکەون، ویستی خوداش لەلایەن ئەو کەسانەوە دەگوازرایەوە بۆیان بەمامەڵە کردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان هەڵدەستان و بانگەشەی سروش (وحی) وەرگرتنیان دەکرد لە خواوەند، لەچوارچێوەی خێزاندا سەرۆک خێزان ئەوەی ئەنجام دەدا، بەڵام لە دەرەوەیدا پیاوە ئاینیەکان بەوە هەڵدەستان، فەرمانڕەوا یان پادشا لەچوارچێوەی شاردا پۆستی پیاوی ئاینی مەزنی هەبوو، هەریەک لەوان ڕۆڵی نێوەندگیریان دەگێڕا لەنێوان خوا و مرۆڤدا، بۆ وەرگرتنی ویستی خوا لەوحاڵەتەی لەبەردەست دابوو[٧٥].

خاوەنی (تاریخی ئێرانی قەدیم) لە بابەت بیروباوەڕی دینی و مەزهەبی ئاری ئێران و دراوسێکانیان وردبینیەکی باشی کردووە، بەقسەی ئەو مەزهەبی زۆر کۆنی نەتەوەکانی ئاریایی، وەکو زمانەکەی لەگەڵ هیندییدا یەک بووە، بەڵام لە دواییدا لە نێوان سەدەی چوارده و نۆهەمی پێش زاییندا جوێ بووەوە. بەهۆی تێکەڵاوی کۆمەڵی زاگرۆس، چونکە لە سەرەتای مێژووەوە لەگەڵ سۆمەر و ئەکەد زۆر تێکەڵ بووە و بیروباوەڕە دینیەکانشیان لەم کاریگەریە ڕزگاری نەبووە[٧٦]،پەیکەری ئەو دایکە خواوەندەی ساواکەی شیر دەدات و لەسەر هەردوو شانی شتێکی وەکو گوڵە تۆمار کراوە، لەخوارووی عیراق دۆزراوەتەوە و بۆ نزیکەی (٦٠٠٠)ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، دواتر شارستانیەتی سۆمەر لەهەزارەی چوارەم و سێیەمی پێش زایین گۆڕانی بەسەرداهات، شێوەی پەیکەری (خواوەندی دایک) لە (تەپەگەورە) دەبینین، کە هی سەردەمی (عوبیدە) لە کوردستان و سۆمەر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەتایبەت لە پێشتر گوتمان سومەرییەکان لە کوردستانەوە چوونەتە خوارەوە بۆ میسۆپۆتامیا و لەهەموو نەتەوەکان زیاتر لە کورد نزیک ترن[٧٧]،

بێ گومان بەهۆی نزیکی و تێکەڵاوی لەگەڵ نەتەوەکانی میسۆپۆتامیا کاریگەریان لەسەر خەڵکی باشووری کوردستان و ئەم ناوچە هەبووە، زۆرجار خوایەکی هاوبەشیان پەرستووە، یان ڕێزیان لە بۆچوونی ئایینی یەکتر گرتووە،

---

٧٥ الدكتور أدم وهيب النداوی– الدكتور هاشم الحافظ، مصدر السابق، ص ٣٨.

٧٦ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠٠. ل ٢٠٢.

٧٧ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠ٌ٧٥-٦.

کاتێ (ئەسەرحەدون) لەگەڵ مادەکان ڕێکەوتنامەیان مۆر کرد، هەردوولا بە (عەشتاری ئوربیلا) و چەند خوایەکی دیکەی شاری (کیلیزلا- قەسری شەمامک) و نەینەوا سوێندیان خوارد[78].

لەگەڵ داهێنانی نووسین لای سومەرییەکان نزیکە لە (٣٢٠٠پ.ز) سیستەمی ئایینی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ پێکهات. زاناکان زۆریان لەسەر ئەوە نووسیویانە (ئاین و ئەفسانە) پێکەوە سەریان هەڵدا، هەر بۆیە کاتێ لێکۆڵینەوە لە ئایینی سومەرییەکان دەکرێ لەهەمان کاتدا لێکۆڵینەوە. لە ئەفسانەی سومەریش دەکرێ. کەواتە ئەو ئایینەی لە (شانەدەر) هەبوو بەکوردستاندا بڵاوبووەوە گەیشتە سومەرییەکان، ئەوانیش لەگەڵ خۆیان بردیانە خوارەوە بەدەوروبەردا بڵاویان کردەوە، دوای ئەوانیش کورد هیچ ڕۆژگارێک بێ ئایین نەبووە، هەر ئەو پەیکەری (خواوەندی دایک) لەبەردەوامی پەرستندا دواجار دەبێت بە (بت)، ئەوەی بۆ پەیکەری (خواوەندی دایک) دەکرا لەپەیکەر و ڕێوڕەسمی خواوەندەکانی تریش دەکرا، مرۆڤیش بەردەوام بڕوای بەخوا هەبووە، بەڵام خوا لە ئایینێکەوە بۆ ئاینێکی تر جیا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئایینەکان هەموویان یەکن و هەموویان باوەڕی ئاینیان هەیە و ڕێوڕەسمی پەرستنیان هەیەو شوێن و کات و ڕۆژ و ساڵ و مانگی پیرۆزی تایبەت بە خۆیان هەیە، کەسایەتی پێغەمبەر و پیاوچاکی خۆیان هەیە و دەقی لەبەر کراو و نووسراوی خۆیان هەیە، دواجار خواوەندی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەگەرچی هەندێ ئایین بێ پەیامبەر و خودان، ئەو ئایینانە لە کوردستان بڵاوبوونەوە جا ئەو خواوەندە یا بت و پەیکەرانە لە کەسایەتیەک یا ئاسمان بەدوایدا گەڕابێت، لە ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ وێنای کردبێت، یا پێی وا بووبێت بەچاوی سەر نابینرێت، تا دواجار هاتبێتەسەر ئەوەی خودا ئەوەتا لەناو دڵی مرۆڤدا، بەگوێرەی ئەقڵ و ئایینی مرۆڤ خودای لەو جێگایە داناوە و خۆشی ویستووە و پەرستوویەتی و لێی ترساوە و داوای یارمەتی لێ کردووە[79].

ئایین لەکوردستان خاوەنی تەمەنێکی دوور و درێژە و ئەستەمە لە لێکۆلینەوەیەکی ئاوا بەسەر بکرێتەوە، بۆیە لێرە بەسەر زۆربەی زەمەن و ئاینەکاندا باز دەدەین، خۆمان دەگەیەنینە سەردەمی ئاینی میترایی (مهر پەرست)، کە

---

٧٨ دڵشاد عەزیز زاموا، شوێنەوار ناس و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، چاوپێکەوتن، سایتی هەولێر، ٢٣-١٠-٢٠١٢.

٧٩دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠َ٧٥-٦

بەکۆنترین ئایینی گشتگیری جیهان دەژمێرێت، میترایزم کۆنترین ئایین و فەرهەنگی هینـدو ئارییەکـانە، وا بـاوەڕ دەکـرێ ئەم نەتەوانە لەگەڵ خۆیـان لەباشـووری (سیبیریا)وە بۆ مەڵبەندی ئێستای کوردستان و ئێران و هیندستان و ئەفغانستان و تاجیکستان و ناوچەکانی تر هێناویانە، هەندێکیش پێیان وایە لەبنەڕەتدا لەسەر خاکی کوردستان و ئێران پەیدابووە، بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەو سەردەمەدا (٤ – ٥) هەزار ساڵ بڵاوبۆتەوە، دەتوانین بڵێین کۆنترین فەرهەنگی مرۆڤە، لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەگەزی ئایینی و پەرستن و پەرستگا (میهرکەد) و بیروبۆچوون پێک دێت، هەرچەندە پەیامبەر و کتێبی بەجێ نەماوە، زۆریش بەلای خەڵکی پەسند بووە، جۆرە پەرستنێکی نهێنی لەناو ئەشکەوت و پەرستگا شاراوەکان هەبووە، واتە لایەنێکی نهێنکاری تێدایە، هەر ئەوەش بۆ سەدان ساڵ لەنێو خەڵکی ئەوروپا بڵاوبۆتەوە. لە ساڵنامەی زەردەشتیاندا دیارە(میهر) هەم ناوی ڕۆژێکە هەم ناوی مـانگێکە لەسـاڵدا و گەورەتـرین جەژنـی زەردەشـتیان دوای جەژنـی نەورۆز (میهرەگانە) لەڕۆژی یەکەمی وەرگەڕانی وەرزی پایز بۆ زستان، سەردەمی خۆی ئەم جەژنە (٦) ڕۆژی خایاندووە و لەنەورۆز گرنگتر بووە[٨٠].

سـەرچاوەی ئەم ئـایینە ئەو نەتەوانە بـوون لەسـەر خـاکی کوردسـتانی ئەمـڕۆ ژیاون، خەڵکی ئەم وڵاتە بەر لە هاتنی ئایینی زەردەشت زۆربەیان لەسەر باوەڕی ئـایینی میترایـی بـوون. دیـارە لەئـایینی میتـرا ڕۆژ، ڕوونـاکی، ئـاگر پیـرۆز بـووە و گەیشتۆتە ڕادەی پەرستن، (بەپیرۆز زانینی خۆر لای میتراییەکان ئەوەندە گەورەیە ڕۆژانە دوو جار کڕنۆشی بۆ دەبەن و سوپاسگوزاری خۆیان بۆ میترا دەردەبڕن). ئەو ڕۆژ بەپیـرۆز زانـین و خواوەنـد بە پیـرۆز زانیـنە ڕیشـەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ خواوەندی هەتاو (ئۆتۆ)ی سومەری، یەکێک بووە لە خواوەندە زۆرەکانی سروشت، هەر ئەو پیرۆزیەشـە دەچێـتە نـاو ئـایینی (زەردەشـت)، ئەویـش شـوێنێکی بەرز و پیرۆز بۆ ڕۆژ و ڕووناکی و ئاگر دادەنێت، بەڵام ناگاتە ئاستی خواوەند و پەرستن، دواجـار هـزری پیـرۆز ڕاگرتنـی ڕۆژ و ڕوونـاکی و ئـاگر دەچێـتە نـاو زۆربەی ئایینەکانی دواتر، بەشێوەی جیاجیا خۆی نمایش دەکا (داگیرسانی مۆم، چرا) لەسەر ڕێگاکـان و شـوێنە پیرۆزەکـان و گۆڕسـتانەکان بەتـایبەت لەنـاو مەزاری پیـاوە پیرۆزەکـان، داکیرسـانی مـۆم لەنـاو کڵێسـاکانی مەسـیحیەکان، سـەرچاوەکەیان

٨٠ فەلەکەدین کاکەیی، میترا (میهر) لەفەرهەنگی کوردیدا، سایتی هەولیر فەرهەنگ، ٢-١٠-٢٠١٢.

دەگەڕێتەوە بۆ میترایزم، داگیرسانی مۆم و فتیل و چرا لە (لالش) لای ئێزیدییەکان ڕیشەکەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ[81].

(زەبیحوڵڵای مەنسووری) دەڵێت: (هۆخشتەرە) دوای ئەوەی بەسەر ئاشوورییەکاندا زاڵ بوو نەینەوای وێران کرد، کەوتە ئاوەدان کردنەوە، هەر ساڵە و شارێکی دروست کرد بیست و حەوت شاری دروست کرد، ئەو کۆشش و ئەڤینەی (هۆخشتەرە) بۆ ئاوەدانی کردی لەڕابردوو، پێشینەی نەبووە تەنیا لەلایەن (کوڕوش) لەدوای ئەو کراوە، (کوروش)یش ئەو وانەیە لەو فێر بوو، لەهەر یەکە لەو شارانەی جەمشید (هۆخشتەرە) دروستی دەکردن، ئاگرخانەیەک دروست دەکرا، بەهێمای ڕێزگرتن بوو لە ئاگر و بۆ پەرستنی ئاگر نەبوو، لەو ئاگرخانانەوە ئاگر بۆ خۆگەرم کردنەوە لەزستان و بۆ چێشت لێنان بۆ ماڵەکان دەبرا، بەخشینی نەریتی ئاگرپەرستی بە ئێرانیەکان هەڵەیە، وەک ئەوەیە بەهۆی بوونی ڕادیۆ لەماڵەکان لەئێستادا بگوترێت تەواوی خەڵک ڕادیۆ پەرستن[82].

سەبارەت بەکۆنی ئایینەکان بۆ زەردەشتیش ڕای واهەیە لەسەدەی شەشەم و حەوتەمی پێش زاین مێژووەکەی کۆنترە و بۆ (٦٠,٠٠٠)ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. باوەڕوایە لەزەردەشتێکیش زیاتر هەبووە، لەسەردەمی ساسانیەکان سەرەڕای ئایینی زەردەشتی، ئایینی مەسیحی و مەزدەکیش لەنێو کوردان هەبوو، هەر ئایینەش بەشی خۆی خەڵک و شوێنکەوتەی هەبوو. دوای ئیسلام بوونی کوردیش لەکوردستان ئایینی ئایینزای تر کۆتاییان نەهات و تائێستاش زۆر شێوە ئایینی جۆربەجۆر لەکوردستان شوێنکەوتەی خۆیان هەیە[83]. ئەوەش بەپێی و پێویستی ئایینی مرۆڤ ژمارەی خواوەندەکان زۆر و کەمی هەیە و بەپێی قۆناغەکان دەسەڵاتی خواوەندەکانیش بەپێی پێویستیان لەناو کۆمەڵدا دەسەڵاتیان دەگۆڕێ و خواوەندی گەورە و خواوەندی بچووک پەیدا دەبن، لەمەوە ئایینی جیاجیاش سەرهەڵدەدا و لەمەوەشەوە ململانێی ئایینەکان پەیدا دەبێت، لەلایەکی تر

٨١ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧٧.

٨٢ ماریژان مۆڵە- هێرتزفێڵد-گێرشمەن، مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس پێش ماد تاکۆتایی ساسانیەکان، وەرگێڕی بۆ فارسی: زەبیحواَڵا مەنسووری، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەردەڵان مام وسو دزەیی، ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانە- هەولێر ٢٠١٤، ل ١٣٣.

٨٣ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧٧.

(خواوەند و پاشا) دەبن بەیەک و جیا دەبنەوە و تێکەڵ بەئایدۆلۆژیا دەبن، دواتر بەهۆی ئایینە ئاسمانیەکان ناسینی خوای تاک و تەنیا و کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵات و هێزەکان لەم تەنیا سەرچاوەیە بەرجەستە دەبن. لەنموونەی ئاینی شار (ئەربائیلۆ) بەشارێکی گرنگ دەژمێرا لە ڕووی ئەوەی پەرستگای خواوەندی گەورەترین خواوەندی ئاشووری بوو، عەشتاری جەنگ و فاڵ گرتنەوە و پێشبینی کردن لەشاری (ئەربائیلۆ) بوو، پاشا و پاشاژن و سەرکردەی سوپای ئاشووری دەهاتنە پەرستگای (عەشتاری ئەربائیلۆ) و نوێژیان بۆ دەکرد و لێی دەپارانەوە تا سەرکەوتن و داهاتوویەکی باشیان پێ ببەخشێت. لەنووسینە بزماریەکاندا ناوی چەندین کاهینی ژن لەپەرستگای (عەشتار) باس کراوە، ئەم ژنانە فاڵیان دەگرتەوە و داهاتوو ئەنجامی شەڕەکان و ژیانی خەڵکیان دەخوێندەوە. وەڵامی پرسیاری پاشا و پاشاژنیان دەدایەوە، کەچی بەسەر تەختی دەسەڵات دێت یا چی بەسەر سوپای ئیمپڕاتۆر دێت، و سەرکەوتن بۆ کێ دەبێت، کاهینەکان لەزمانی خواوەندەوە وەڵامی خەڵکیان دەدایەوە[٨٤].

### هەڵکەوتەی جوگرافیی

کوردستان کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا و جێ تەماح و چاوتێبڕینی زلهێزەکانی میسۆپۆتامیا بوو، چونکە داهاتی زۆر و سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان هەستی ئاڵۆز کردبوون، هەمیشە دەکەوتە بەر شاڵاوی هێرشەکانیان، بۆ ئەوەی کێشە و شەڕو ململانێ لەگەڵ دوژمنە دێرینەکانی وەک (سۆمەر، ئەکەد، بابل، ئاشوور) شارەزا بین پێویستە ئاوڕێک لە شوێن و جێگا و هەڵکەوتەی وڵاتەکەیان بدەینەوە، بۆ چۆنیەتی هێرش و پەلامار و شارەزا بوون لە ڕێڕەوی لەشکرەکانیان بۆ سەر کوردستان، چاوێک بەهەڵکەوتە جوگرافیەکەدا دەخشێنین.

وەک پسپۆڕ و (مودەقیقی) بەناوبانگ (مستر لۆسترنگ Le strange) لەڕاگەیاندنە باشەکەیدا دەرحەق بە دابەش کردنی بەڕێوەبردنی سەردەمی کۆن، ڕوون کردنەوەیەکی باش ئەدا و لەسەر نەخشە نواندویەتی بەگوێرەی ئەم ڕاگەیاندنە، سنووری وڵاتی کوردان هەر وەکو (ئەبول فیدا) دەڵێ: کەوتۆتە ناو

---

٨٤ دلشاد عەزیز زاموا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٣-١٠-٢٠١٢.

خۆزستان، جیبال، عیراق، جەزیرە، ئەرمینیە، ئاران، موکان[٨٥]، و ئازربایجان، بەڵام ئەو کاتە لە ژێر ناونیشانی کوردستاندا یەکە (وحدە)ی بەڕێوەبردنی نەبووە[٨٦].

هەرچەندە وشەی کوردستان، وەک چەمکێکی جوگرافی بەسەدان ساڵ پێش سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی، تەنانەت پێش پەیدابوونی هوشیاری نەتەوەیی کوردی، بەکارهاتووە، بۆ یەکەم جار سلجوقیەکان لەسەرەتای سەدەی دوانزەهەمی زایینی بەکاریان هێناوە، بەو ناوچەیان گوتووە کەوتۆتە نێوان ئازربایجان و لوڕستانەوە. بەهەرحاڵ ناوی وڵاتی (کوردۆئین و کوردۆنییا) لەگەڵ شارە بە ناوبانگەکانی (سارسیاو ساتالکا و بیناکا) دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە لە کوردستان، هەواڵەکانی لە جوگرافیای سترابۆی یۆنانیدا تۆمار کراوە لە سەدەی یەکەمی پێش زایینیدا، بێگومان ناوەکە جووتە لەگەڵ ئەو ناوەی لە سەردەمی سلجوقییدا، لەشێوەی کوردستان نوێ کراوەتەوە، سەرەڕای بوونی تیۆری جیاجیا لە بارەی لایەنە جیاکانی ژیانی گەلی کوردەوە بەشێوەیەکی گشتی[٨٧].

ئینسکلوپیدیای ئیسلام دەڵێ: وشەی " کوردستان" لەو جێگایانە دەست نیشان کراوە کوردی تێدا ژیاوە، وەکو چۆن ئێرانییەکان، بەوڵاتی کوردی خوراسان (کوردستانی خۆراسان) دەڵێن. ئەم ئینسکلوپیدیایە وڵاتی کوردستان پچوک پیشان دەدا و دەڵی : وڵاتی کوردستان خاکێکی درێژکۆڵەیە دەست پێکردنی بەگشتی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە لە (لوڕستان)ەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوا تا (مەڵاتیە) درێژایی نزیک ٦٠٠ میلە و پانایی ناوەڕاستی ١٢٠ تا ١٥٠ میلە و پانایی هەرە زۆری لەنێوان موسڵ، و (ئارارات)ە، نزیکەی ٢٥٠ میلە. ئەولیا چەلەبی لە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچیدا، هەموو وڵاتی کوردستان گەڕاوە، دەڵێ کوردستان سنووری باکووری دیاری (ئەرزوڕۆم)ە و لەوێوە بەسەر (وان) و (حەکاری) و (جەزیرە) و (عەمادییە) و (موسڵ) و (شەهرەزوور) و (ئەردیلان) و (دەرنە) و (دەرەتەنگ) دا تا (بەسڕە) دەچێ. درێژایی حەفتا و نۆ قۆناغە و پانایی کەمترە[٨٨].

لەڕووی جوگرافیەوە ئەم وڵاتە دەکرێت بەدوو بەشەوە، ناوچە دەشتاییەکان و ناوچە چیاییەکان لەناویشیاندا ناوچەیەکی زوورک و گردۆڵکەیی هەیە، سەبارەت بە

---

٨٥ ناوچەیەک هەبووە لەنێوان "ئەردوبێڵ" و ئاوی" کۆرێ" و"ئاراس" دا .

٨٦ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

٨٧ د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

٨٨ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

دەشتەکان لە موسڵ بەرەو ڕۆژئاوا و نیوان دووڕووبار لە دەریای خواروو (کەنداوی فارسی) دەست پێدەکات بەرەو باکوور تا دامێنی چیاکان و لەناو چیاکانیشدا چەندین دەشتی فراوان و بەپیت هەن، لەناو ئەو دەشتانەدا جگەلە هەردوو ڕووباری گەورەی دیجلە و فورات، چوار ڕووبار پێیاندا تێپەڕ دەبن، موسڵ (نەینەوا) کەوتۆتە سەر دیجلە لە ڕۆژئاوای هەولێر هەڵکەوتووە، هەولێر نزیکەی دامێنی چیاکان و لەنێوان دوو زێ هەڵکەوتووە، لە کۆنیشدا هەر (زاب) یان پێ دەوترا، بۆیە هەرێمی هەولێریش لەسەردەمی ئەشکانیەکاندا بە (حەدیاب) دەناسرا، (ئەدیابینە – Adiabene)ی سەرچاوە کلاسیکیەکان)، لەوانەیە هەمان (زابان – Zaban)ی سەرچاوە مێخیەکان بێت،کەرکوک هەرێمەکەی لەسەرچاوە کۆنەکاندا پێی دەووترا (ئاررابخا – Arrapha)[٨٩] کەوتۆتە سەر ئاوی خاسە و لقێکە لەباشووری زێی خواروو (زێی بچوک) دەچێتەوە ناو دیجلە، پردێ (ئاڵتون کۆپری) لەسەر زێی خواروو لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای کەرکوک هەڵکەوتووە، ئەو شارانە کەوتوونەتە سەر ڕێگای لەشکری دوژمنەکانی ئەو کاتەیان و هەمیشە لەو ناوچانەوە تێپەڕیون. چەندین شاری وەک وەرکا و بابل کەوتوونەتە دەشتەکانی پشت دەریاری خواروو، ڕووی زەوی بەشی باکووری ئەم دەشتانە گرد و تەپۆلکە و چەم و ڕووباری زیاترە، بەڵام دەشتەکانی نێوانیان بەداهاتی دانەوێڵە و لەوەڕگای فراوان بەناوبگە، بۆ بەخێوکردنی مەڕومالات، دەشتەکانی خواروو گەرمتر و لەبەر کەم بارانی وشک تر و کەم پیت ترن، لەبەرچاوترین دیاردەی تۆپۆگرافی ئەم بەشە زنجیرە چیای حەمرین (ئیبیخ – Ebih)ی دێرین بێت، لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە بەرەو باشوور درێژدەبێتەوە، وردە وردە بەرەو نزمی دەچێت تا

---

٨٩ ناوی ئارابخا (کەرکوک) لەکۆنەوە بەشێوەی جیا جیا هاتووە، لە شێوازە ئەکەدییەکەیدا بە (-Ar–ra–ap hu–um)، بە جەڕ (im) ش هاتووە، بەڵام لە بنەڕەتدا خوریە، وەک لە نوزی دا بە، ئالئیلانی (Al–ilani) واتە ئاری خواوەندان و ئاراپخی (Arraphi) تۆمار کراوە کە(phi) پاشگرێکی خوریە، لەچاخەکانی دواتر ئەم ناوە بۆ (ئەراباخا) لەلایەن ئاشووریەکانەوە گۆڕاوە، دواتر لەسەردەمی سلوقیدا (٣١٢-١٤٦پ.ز) بەقەڵاکەی شاری کەرکوک وتراوە (کرخا بیت سلوخ) واتە (شاری سەللوقییەکان) ناوبراوە، بەو پێیە وا لێکداوەتەوە، ناوەکە لەناوی پاشای سلوقیەکانەوە ناونراوە، ئەمەش لەڕاستیەوە دوورە، چونکە ئەو ناوە زۆر لەوە کۆنترە و لەناوی میرێکی نوزی (شیلوا- تیشوپ کوڕی پاشای ئەراپخا) وە هاتووە، لەبەر ئەوەی زۆر جار لەگەڵ (خ/hedان خو/ hwe)ی پاشگری خوری بووە بە شیلوخ، کیرخا لەزمانی ناوچەکەدا، واتە قەڵا، بەو پێیە دەبێتە قەڵای (شیلوا)- (تیشوپ)، لەباشووری نوزی دا کۆشکێک بەناوی (Dimtu Šelwehe) هەبووە، بۆیە ئەگەر ناوی کەرکوک پەیوەندی بە (کرخا بیت سلوخ)ەوە هەبێت، ئەوە دواتر وشەی (بێت) ی سریانی بۆ زیاد کراوە، ناوەکەش ناوێکی ناو خۆییە نەک بیانی. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو. ل٣٨

لەنزیک مەندەلی دیار نامێنێت، ئەم ناوچەیە لەکۆندا ڕۆڵی گرنگی هەبووە، لەنێوان جەمسەرە زلهێزەکانی ئەو کاتە (سومەر، ئەکەد، گوتی، بابل، عیلام، ئاشوور، میدیا و فارس)، هەروەکو ئێستا بەهۆی چاڵە نەوتەکانەوە، بەڵگەی ئەمە دۆزینەوەی چەندین شوێنەواری کۆنینەی نوسراوە مێخی یەکانی ئەو سەردەمەیە. ڕووباری خابوور لەنزیک سنووری عیراق - تورکیا لەگەڵ دیجلە تێکەڵ دەبێت، زێی سەروو/ گەورە لقێکی گەورەشی بەناوی خازر هەیە لەنێوان موسڵ و شیریقات (شەرگات) دەرژێتە دیجلەوە، زێی خواروو/ بچوک لەڕۆژهەڵاتەوە دێ و بەدەشتی پشدەر و بیتوێن دا ڕەت دەبێ و بەلقەکانیەوە لەنزیک فەتحە دەرژێتە دیجلەوە، عوزێم بەلقەکانیەوە لەباکوری بەغدا لەگەڵ دیجلە تێکەڵ دەبێت، ڕووباری سیروان بەلقەکانیەوە لەخوارووی بەغدا بەدیجلە دەگات.

### چیاکان

زیاتر لەنیوەی تۆبۆگرافیای کوردستان، لەچیا پێکهاتووە، چیاکان زۆر بڵند و قەدەکانیان زۆر ڕکن و پێچاو پێچن، لەهەندێ شوێندا زۆر لەیەکدی نزیک دەکەونەوە و دۆڵی قوڵیان پێکهێناوە، قوڵایی هەندێکیان لەسەدان مەتر زیاتر دەبێ[٩٠]. چیا و گردۆڵکەکان کاریگەری زۆریان هەیە، لەسەر ڕۆڵی پێگەی دەوڵەت بۆ یەکگرتووییەکی باش بۆ یەکەی سیاسی دەوڵەت، هەروەها شاخ و گردۆڵکەکان پێگەیەکی باش دەبەخشن، بە وڵات و دەرفەتێکی زێرین دەدەنە پێگەی ناوچەکانی دەوڵەت لە نەخشەی ناوەوەی وڵات[٩١]. لەم ڕووەوە کوردستان هەمیشە پێگەیەکی بەهێزی هەبووە و چیا و گردۆڵکەکان دەرفەتی زێرینیان بە سوپای کوردستان بەخشیوە.

ناوچەی شاخاوی لەم باسەی ئێمەدا بەشێک لە زنجیرە مەزنەکەی زاگرۆس پێک دێنێت، چیای زاگرۆس لەچەند زنجیرە چیایەک پێکهاتووە، بەشێوەی کەوانێکی گەورە لەم ناوچەیە تێپەڕ دەبێت، لەخاڵی بەیەگەیشتنی تۆرۆس دەست پێدەکات و بەرەو باشوور بۆ کەنداوی فارسی دەکشێت، هەڵکەوتەی ئەم زنجیرە چیایانە لە خۆرئاوای ئێران و باکووری ڕۆژئاوای بانەکانی ئێرانو لە زنجیرە چیای

٩٠ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠٠٨، ل٢٦.

٩١ الأستاد الدكتور محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيه السياسيه، الگبعه الاولى، دار ابن الاپيرللگباعه والنشر جامعه الموصل، ٢٠٠٨.

ئازەربایجان لەسەرووی ڕۆژئاوا بەتەریبی درێژدەبنەوە، تا دەگەنە زنجیرە چیاکانی (مکرانا) لە بلوجستان لە باشوور و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئەو زنجیرە چیایانە لە خودی چیای زاگرۆس و چەند لوتکەیەک پێکهاتووە کەلە باشووری کوردستان (کوردستانی عیراق)ەوە بەرەو گەرووی هورمز درێژ بۆتەوە.[٩٢] لەناوچەی مەبەستی ئێمە ئەم زنجیرە چیایانە تا بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات بڕۆن نزمتردەبن و بەرەو پێ دەشتەکان لێژ دەبنەوە.

چیاکان لەنێوانیاندا چەندین دۆڵی قوڵ و تەنگ و گەوە و لاپاڵ و پێ دەشتی تێدایە، بەرزترینیان لە (١٠٠٠ - ٣٦٠٠م) لەڕووی دەریاوە بەرزن، لوتکە بەرزەکانیان بەدرێژایی ساڵ بەفر دایپۆشیون، هەندێک لە چیاکان ڕژد و هەڵەموتن، ڕێگاوبانی هاتووچۆ کەم و سەختە،کاروانی گەورە و سوپای نەیار بەهۆی دۆڵی قوڵ و تەنگەبەر و دەربەندەکان دەکرێت بەئاسانی بەرزەفت بکرێن، بەتایبەت لەڕێگای ئەو دەربەندانەوە دانیشتوانی ناوچەکە توانیویانە سوپای داگیرکەری بێگانە و دوژمنانی ناوخۆ وەک دەرگا دابخەن و چوونە پێشیان ڕابگرن، هەر لەبەرئەوەشە ناوچە شاخاویەکان بۆ جموجۆڵی سەربازی سەخت ترن لە ناوچە دەشتاییەکان، هەندێک لە چیاکانی تر کەوتوونەتە نێوان ئەمان و دەشتەکان نزمتر و سادەترن و دەشتی پان و بەرین تریان لەنێوان دایە. هەندێک لەو کەژ و کێو و چیایانەی بەهۆی شوێنی ستراتیجیان بۆ ئەم باسە گرنگن ئاماژەی پێ دەدەین.

لەباشووری زێی خواروو زنجیرە چیای قەرەداغ (١٠٧٦م) بۆ جیاکردنەوەی دەشتاییەکان لەناوچە شاخاویەکانی سلێمانی و پشت سلێمانی لەمپەرێکی سەخت بووە، سێ دەربەندی سەرەکی تێدایە، گرنگترین و بەناوبانگترینیان دەربەندی بازیانە، لەسەرچاوە مێخیەکاندا بەدەربەندی (بابیتی - Babite) ناسراوە، هەروەها هەردوو دەربەندی سەگرمە و پەیکوڵی هەن، زنجیرە چیای بەرانان (١٣٧٣م) ئەشکەوتی بەناوبانگی هەزارمێردی تێدایە، گۆیژە (١٥٢٤م) و ئەزمەر (١٧٠٢م) هەن، ئەزمەڕ پێ دەچێت هەمان (ئەزیرو Aziru)ی ساڵنامەکانی ئاشوورناسیرپاڵ بێت، تێیدا باسی لەشکرکێشیەکانی بۆ ئەم ناوچەیە دەکات، پیرەمەگرون[٩٣] (٢٦٢٠م)

٩٢ عەبدوالخالد سابیر، سۆمەرییەکان، ل ٢١٣.

٩٣ بەگوێرەی گێڕانەوەی بابلیەکان کەشتی حەزرەتی نوح (د.خ) لەدوای لافاوەکە لەسەر شاخی(نیسیر) نیشتۆتەوە، (ئاشوور ناسرپاڵ)ی سەرکردەی ئاشووری دەڵێ ئەم شاخە لەڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور بوو،

بەرزترین چیای باشووری زێی خوارووە، کە ئاشوور ناسیرپاڵ دەڵێت:" (کەژی نیموش - Nimuskur)[٩٤]، و لوللوبییەکان کینیپا - Kinipaی پێ دەڵێن"[٩٥]مامۆستا جەمال بابان دەڵێت:

پیرەمەگرون بەرزترین شاخە لەشاخەکانی نزیک سلێمانی، بەرزی(٩٧٠٠ م)[٩٦]لەرووی دەریاوە بەرزە، بەشێوەیەکی زۆر بەفر دایدەپۆشێ، لە گەشت و نووسینە کۆن و مێژووییەکاندا بە (پیر عمر گدرون) ناوی هاتووە، هەندێک لەمێژوونووسان رایان وایە ئەمە چیای (نصیر) بێت، کەشتیەکەی نوحلەسەری نیشتەوە و جیگیر بوو، لای بابلیەکان بە چیای (نصیر جبل کوتی) هاتووە[٩٧]. بەڕای (سپایزەر)یش دیاری کردنی شوێنی (پیرئۆمەرگدرون) کە لە ناو کوردان بە

شاخێکی تەنیا(منفرد) وە سەرەکەی وەکو نوکی ڕم تیژ بوو، ئەم گێڕانەوەیە قسەی (فۆن مینۆرسکی) پشت ڕاست دەکاتەوە، وەکو قورئانی پیرۆز دەفەرموێ" استوت علی الجودی...." دانەرانی ڕوحانیەی گاورەکان دەڵێن: کەشتی حەزرەتی نوح(د.خ) لەسەر شاخی جودی نیشتۆتەوە، ئەم وشەی جودی یە (سیر کیغ) جودی و شاخی نیپور بەیەک شاخ دادەنێ، دەبێ لە گۆتیەوە هاتبێ، نوسەر ڕاگواستنی ئەم ناوە عەرەبیە حەرفی (گ- G) بە (ج) دەردەبڕن(ماگدە بورگ- ماجدە بورج، ئنگلیز- ئینجلیز) وە لەنێوان دەبڕینی پیتی (ت) و (د)دا نزیکیەک هەیە و بەم شێوەیە(گۆتی goti)ی مێژوویی بەشێوەی (جودی) چۆتە ناو کتێبی عەرەبی و بەگوێرەی ئەم تێبینیە (جبل جودی) دەبێ شاخی (گۆتی- کوتی- کورتی- کوردی) بێ لە ڕاستیدا بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی کۆن شوێنی دابەزینی کەشتیەکە "نیسیر- شاخی زرگاری"ە لە وڵاتی گۆتی دابووە. کەوابوو موحیگی "نیسیر"یش دووەم جێگەی پەیدابوون و زۆر بوونە و بڵاوبوونەوەی نەوەی ئادەم بێ. زۆر نزیکە لەدوای ماوەیەکی زۆر بەنی ئادەم لەدوای لافاوەکە زۆر بووە و بەرە بەرە بڵاوەی لێ کردبێ وەکو" هاروەی روبنسن" و " هەنری بریستید" دەڵێن بەشێکی دەبێ ڕووی کردبێتە خوارووی ڕۆژئاوای سوریا، فەلەستین، و ئەفەریقاو بەشێکی تریشی ڕووی کردبێتە پشت شاخی قەفقاز (کێوی قاف)، و بەرەبەرە لە ڕۆژهەڵات و باکووری دەریای خەزەرەوە تا حەوزەی سوفلای گونە بڵاوبوبنەوە بەڵکو بە هەندێ قەولیش لە جێگای خۆیانا ماونەتەوە.

مستەر م. سترەک M. Streek لە ئینسکلوپیدیای ئیسلامدا جلدی ١، لاپەڕە، ١٠٦دا دەڵێت موئەلیفینی نەصارا بە "جەبەل جۆدی" یان شاخی کوردۆئەن، گوتووە،"نسیر"یش لەناو وڵاتی کوردۆئەندا بوو. لەدەوری ئاشووری دا وڵاتی بۆتان و ئاشووری بە "گۆتیۆم" واتە وڵاتی نەتەوەی "گۆتی- کوتی" ناسرا بوو، ڕەنگە ئەم ناوە لە مەبادی ئیسلامدا هێشتا لەبیر نەچوبێتەوە و دەربڕینی وشەی "جودی"ی لی پەیا بووبێ. بڕوانە: ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەبەکی کورد و کوردستان ل ٧٢.

٩٤ ناوی ئەم چیایە Nimus لە جیاتی ئەوە نیصیر Nisir لە ساڵانی دواییدا زیاتر بەرەو چەسپین دەچێت.

٩٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

٩٦ پێوانەی ژمارەی چیایەکان و بەرزی ئەم چیایانە بەپێی (الاطلس العام) بەم شێوەیە: پیرەمەگرون: ٢٧٨٥م، سەگرمە: ١٧٢٧، قەندیل: ٣٨١٤،هەیبەت سوڵتان: ١٣٠٦،- صادق صالح العانی، الاتلس العالم، منشورات مگبعە الرصافی، ١٩٩٢، ص ١٨.

٩٧ جمال بابان، اسماو المدن والواقع العراقیە، الجزء الاول، مطبعە المجمع العلمی الکردی، بغداد -١٩٧٦.

(پیرەمەگرون) ناسراوە، دەبێ لەگەڵ چیای (ناصر)ی سەرچاوە ئاشوورییەکان یەک بن[٩٨]،

لەنێوان زێی سەروو و خوارووشدا چیای هەیبەت سوڵتان (١٢٠٦م) دێت، پاشان کۆڕەک (٢١١٢٥م) و بەرەو ژوورتریش چیاکانی هەریر (١٤٤١م) و خانزاد(١٥٣٠م) لەسەرچاوە مێخی یەکانی پەیوەست بەم باسە ناویان هاتووە. ئینجا چیاکانی (کۆسرەت) و (ئاسۆس) و (کورکوڕ)[٩٩]، (کۆلارە) دێن، کۆلارە هەمان (چیای کوللار Kullar-)ی ساڵنامە ئاشوورییەکانە، لە نووسینە بزمارییەکاندا بەم ناوە هاتووە، تائێستاش هەر بەوناوە بە (کۆلارە) دەناسرێت، لەقەراغی باشووری خۆرهەڵاتی بەرامبەری شاخی (ئاسۆس) دەست پێدەکات، بەو کەلێنەی (ئاسۆس) دەوترێت، لە باکووری (بنگرد) و خۆرهەڵاتی گوندی (بەردەشان) و شاری (ئەزمەرە)ی کۆنە، لەپشت ناوچەی (بنگرد و مەرگە) وە دەکشێت، ئەم دوو شاخە سەختە لەمێژووی کۆنەوە بوونەتە دیوارێکی سەخت بۆ دەشتی بیتوێنی مەڵبەندی شارستانیەت.

شاخی (کێوەڕەش) زنجیرە شاخێکی بەردینی زۆر سەختە لە خۆرهەڵاتی (دۆڵەڕەقە)وە دەگاتە بەشی خۆرئاوا لە شاخی (بێرمکە) و ئەویش لەباکووری دۆڵی (ئاکۆ) لە (زینوێ ئەستێرۆکان) ی بەناوبانگ لەباشووری گوندی (وەرتێ) وە دەگاتە شاخی (کارۆخ) و ئەویش لە سوچی خۆرئاوای (دۆڵی ئاکۆ) دەگاتە شاخی (ماکۆک)و هەموویان پێکەوە بەستراون و کڵێشەیەکی لاکێشەیی ناتەواو دروست دەکەن، لە سێ لای (دۆڵی ئاکۆ) چیای کێوەڕەش لە قەراغی ڕووباری زێی بچوک لە دەربەندی ڕانیە بەکۆتایی دێت[١٠٠]. چیای (قەندیل ٣٤٢٥م) و (کونەکۆتر ٢٦٩٢م) لەسەر سنووری نێوان عیراق - ئێران هەڵکەوتوون، سەرەڕای چەندین کەرەستەی خاوی پیشەسازی و نیشتەنی کانزایی وەک ئاسن و مس و کرۆم و قورقوشم لە چینە بەردینەکاندا هەیە، ئەم زنجیرە چیایانە بەدرێژایی مێژوو کاریگەری زۆریان بەسەر تێپەڕینی سوپاکانی میسۆپۆتامیا بەرەو ڕۆژهەڵات و بەپێچەوانەوە هەبووە.

---

٩٨ یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە ، ل٢٤.

٩٩ (عەبدوڵا ئۆج ئالان) لە پەرتوکەکەی دا (بەرگری لە گەلێک) لەلاپەڕە (٣٠٥) دا دەنووسێ: وشەی (کور) ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەریەکان بە زمانی سۆمەری (کور) واتە (شاخ) مەبەست لەبەرزیە، کوڕ کوڕ، واتە چیای بەرز.

١٠٠ عبدالرقیب یوسف، گۆڤاری شمشارە، ژ ٤٥، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤.

**دەشتەکان**

دەشتە ناوخۆییەکانی نێوان شاخەکان لەسەردەمی زوودا زۆر گرنگ و بایەخدار بوون، تائێستاش هەروان، گەورەترینیان دەشتی سندی و بیتوێن و شارەزوورن، لە سەردەمانی کۆنەوە بەهۆی بەپیتی خاکیان و تۆپۆگرافییانەوە چەقی ململانێی سیاسی و ژیاری تێیاندا کۆبۆتەوە، سندی کەوتۆتە نێوان زێی گەورە و ڕووباری دیجلە، دەشتی هەریر و باتاس لەباکووری ڕۆژهەلاتی هەولێر هەڵکەوتووە، مێژوویەکی گرنگی هەیە، بەپێی شوێنەوارە کۆنەکان، زۆر پێ دەچێت ناوە کۆنەکەی دەشتی هەریر (ە/خابرور – Habruru) بێت[١٠١].

ئەو دەشتە قوپاوانەی دەکەونە ناوچە پێچ – ئاڵۆزەکان و ناوچە پێچ – ساکارەکان لەدیدگای مرۆڤەوە گرنگترین بەشی تۆپۆگرافی ناوچەی شاخاوین، چونکە گرنگترین مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی مرۆڤن لەناوچەکەدا. هەر بۆیەشە شارۆچکە و گوندی گەورەیان تێدا ئاوەدان کردۆتەوە و بەرچاوترین ناوچەی کشتوکاڵیشن[١٠٢]. زۆربەی خاکی ئەم دەشتانە خاکی کەستەنەییە، ئەم جۆرە خاکانە لەبنی بنەوەی دۆڵەکان و دەشت و ئەو حەوزانەی لەنێوان چیا بڵندەکاندا پەرش و بڵاون هەن، ناودارترین ناوچەی ئەو جۆرە خاکەیان لێ هەیە، دەشتی شارەزوور و ڕانیە و سندییە، ئەم جۆرە خاکە ڕەنگێکی تێری قاوەیی هەیە، خاکی سەرەوەی فشەڵە و دەنکۆڵەکانی نەرم و دەوڵەمەندە بەمادەی کانزایی و عوزوی، لەنێوان ١ – ٤% ماددەی عوزوی تێدایە و کەڵەکە کلسییەکانی زۆر بچوک و لێک دوورن، سەرەڕای قوڵی لەهەندێ ناوچەدا دەگاتە چەند مەترێک، لەو سۆنگەیەشەوە لە بەپیت ترین خاکی ناوچەکە دەژمێردرێن، بەڵگەش ئەوەیە زۆربەی بەروبومە کشتوکاڵیەکان بەرهەمێکی زۆر دێنن، کاتێک لەو خاکەدا بچێندرێن، بەلام لەکەناری جۆگە ئاوییەکانی ئەو دۆڵانەدا پشتێنەی دەشتی نیشتەنی کردی داپۆشراو بە خاکێکی گرینی تازە پێکهاتوو درێژ دەبێتەوە، هەروەها بەکەم شۆرەکی ناسراوە، و ئاوەڕۆی زۆر دەردەچێ، هەروەها بەهاوینان ئەو ناوچانە گەرمن، تێکڕای باران بارینی سالانە لەوێ لەنێوان (٤٠٠ – ٨٠٠) ملم، ڕووەکە سروشتیەکانی گیای درێژن[١٠٣].

---

١٠١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

١٠٢ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، وەرگێڕانی: سەنتەری برایەتی و ئاسۆکەریم بەکوردییەکەی دا چۆتەوە، چاپی دووەم، هەولێر– کوردستانی عیراق، ١٩٩٩، ٥٤.

١٠٣ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.

### دەشتی بیتوێن

لەڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، درێژی (٣٠ کم) و پانی (٣٠کم) و تێکرایی بەرزایی (٥٥٠م) لە ڕووی دەریاوە، ڕووی پێوانەکەی لەنێوان (٢٠ – ٣٠ کم) دایە. ئەم دەشتە لەڕاستیدا چیای کێوەڕەش دەیکاتە دوو کەرتەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی پێی دەگووترێت دەشتی پشدەر[١٠٤]، واتە کەوتۆتە (پشت دەربەند) بەشی ڕۆژئاواشی پێی دەوترێت دەشتی بیتوێن کەوتۆتە دامێنی چیای کێوەڕەش[١٠٥]، دەشتی پشدەر (قەڵادزێ) لەشێوەی سێگۆشەیەکی سەرەو ژێر هەڵکەوتووە، لەباکووردا دۆڵی (ژاراوە) و چیای قەندیل، چیای ئاسۆس لە خوارووو کێوەڕەش لە ڕۆژئاوای دەشتەکە هەڵکەوتووە و ڕووپێوی دەشتەکە خۆی لە (١٩٥کم) دەدا. (دەربەندی ڕەمکان) وەک دەروازەیەک هەردوو دەشتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەوێوە ئاوی زێی بچووک (دەشتی پشدەر) جێ دێڵێ و ڕوو لە (دەشتی بیتوێن) دەکات، زێی بچووک بەناودەشتی بیتوێندا تێپەڕ دەبێت و بەهۆی ڕێڕەوی زێی بچووک دەشتەکەی کردووەتە دوو کەرتەوە بە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەوترێ (دەشتی مەرگە)، ئەو دەشتە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زێی بچووک (دەریاچەی دوکانی ئێستا) ڕووپێوەکەی خۆی لە (١٥٠کم) دەدات، بەرزاییەکەی لەڕووی دەریاوە لەنێوان (٤٨٣)مەتر بۆ (٦١٠) مەترە، ناوەڕاستی دەشتەکە زیاتر لە دوو کەرەت لەبەشی ڕۆژئاوا بەرزترە[١٠٦]. زەوی دەشتی بیتوێن بەشی هەرەزۆری بەراوە ئەگەر ئاوەکەی بەش بکات.

١٠٤ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٣٣

١٠٥ پشدەر: قەزای پشدەر ناوەندەکەی (قلعەدزە – قەڵادزێ)ە، سەر بە پارێزگای سلێمانیە، پشدەر شوێنی نیشتەجێی عەشرەتێکە بەهەمان ناو، بەڵام سەرۆکەکانی بەمیراودەلی ناسراون، لەنەوەی (میر (اودل، ابدال، عودال)، هەندێک وا گومان دەبەن ناوی پشدەر لە(پشت دەرگا) هاتبێت، واتە تەنگەبەری دەربەندی رانیە، شایانی باسە ناوی (پشدەر) کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام. (جمال بابان، اسماو المدن والواقع العراقیە، الجزو الاول، مطبعە المجمع العلمی الکردی، بغداد -١٩٧٦، ل ١١٩) لە ڕاستیدا ناوی (پشدەر) زۆر کۆنە دەگونجێ لەوەوە هاتبێ کەوتۆتە پشت یان دواوەی ئەو دەرگایەی لەسەردەکانی دێرین (پ.ز) لەو دیوارە بەردینەیە گیراوە کاتی خۆی لەهەردوو شاخی کێوەڕەش و ئاسۆس هاتووتە خوار بۆ دەشتەکە و لەنزیک زێی بچووک دەرگایەکی گەورەی تێگیراوە.

١٠٦ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٣٥.

**دەشتی سلێمانی**

درێژاییەکەی لە دەوروبەری (٦٥ کم) و پانتاییەکەی لە نزیک شاری سلێمانی (١٥ کم) دەبێ بڵندیەکەی لە ئاستی دەریاوە، بەسەدان مەتر دەبێت، لای باشووری نزمە و زەلکاوییە، چەمی تانجەرۆ لەگەڵ چەندین ڕووباری دیکەدا، بەنێو ئەم دەشتەدا تێدەپەڕن، دەشتی سلێمانی لەگەڵ دەشتی شارەزوور پێکدەگەنەوە. [١٠٧]

**دەشتی سندی**

ڕووپێوی ئەم دەشتە، لەدەوروبەری (٦ کم) و درێژیەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا (٦٠ کم) دەبێت، تێکڕای بەرزایی لەڕووی دەریاوە، لەنێوان (٤٠٠ – ٦٠٠) مەترە، چیای بەرواری باڵا (مەتینە)، دەکەوێتە باکووری و چیای بەرواری ژێریش (گارە) دەکەوێت باشووریەوە، ڕووباری خاپوور ئەم دەشتە ئاو دەدات. [١٠٨]

**دەشتی شارەزوور**

دەشتی چوارتا لە باکووری دەشتی شارەزوور هەڵکەوتووە، لەڕۆژهەڵاتەوە بەچیای هەورامان دەورە دراوە، لەباشووریەوە چیای باڵامبۆیە، درێژیەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، نزیکەی (٤٥ کم) دەبێت، ڕووبەری لەنێوان (١٥ – ٢٥) کچگ دەبێت و تێکڕای بەرزاییەکەی (٤٥٠ – ٦٠٠)مەترە.

دەشتی شارەزوور بەبۆچوونی هەندێک لە شارەزایان، چەماوەیەکی دەرپەڕیوە. بەبڕوای دەستەیەکی دیکەش چەماوەیەکی قوپاوە، کە لەدواتردا، بە مەتیریاڵی ڕووبارەکان پڕ بووە، ئەم دەشتە زۆر بە پیت و بڕشتە، چەندین ڕووباری بەنێودا تێپەڕ دەبێت، لەهەموویان گرنگتر چەمی تانجەڕۆیە، باشووری ئەم دەشتە، لەبەر نزمی لە زستان و بەهاراندا دەبێتە زەلکاوە. [١٠٩]

---

١٠٧ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤

١٠٨ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، هەمان سەرچاوە، ل ٣٤

١٠٩ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣



هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکانی ئاو**

سەرچاوەی ئاو لەکوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، تائێستاش گرنگی خۆی هەیە، چونکە هۆکاری دیاری کردنی ژیاری دانیشتوانە، لەوەوە گووتوویانە "ئاو و ئاوەدانی". سەرچاوە و کانیاوەکان بە پێودانگە جێومۆرفۆلۆژی و جیۆلۆجیەکان ڕۆڵی خۆیان لە زۆری سەرچاوە و کانیاوەکان لە هەرێمدا گێڕاوە، کونیلەداری کەڤرە سەقامگیرەکان بەسەر چینە کەڤرینە ئاو هەڵگرەکانەوە و زۆریی تڵیش و کون و شکاوەکان هەموویان هۆکاری یاریدەدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی سەرچاوە و کانی، ئەمە سەرەڕای هاوئاستی ئاوی ژێر زەوی لەگەڵ ڕووی زەویدا. ئەم سەرچاوە و کانیانە ڕۆڵێکی چالاکیان لە دابەشبوونی ئاوەدانیەکانی هەرێمدا گێڕاوە، جۆری دابەشبوونی ئاوی سەرچاوە و کانیاوەکان باشە و شۆرەکاتی لەنێوان ٥ – ١٧٤٠٠ گالۆندایە، ئەمەش پشت بەبڕی بارانی باریوو، کەڵەکەی بەفر دەبەستێ و کاریش لەکشتوکاڵی هاوینە دەکات. سەرچاوە و کانیاوەکان لەهەرێمدا بڵاوبوونەتەوە[١١٠]. وەک نموونەیەک ئەمانە دەخەینەڕوو.

**ڕووباری دیجلە**

لە داوێنەکانی خوارووی زنجیرە چیای ڕۆژهەڵاتی تۆرۆس لە باشووری تورکیا هەڵدەقولێت، ڕووبارەکە لە باکووری مادنەوە بۆ باشوور دەچێ، بەرەو شاری دیاربەکر و تا دەگاتە شاری سەعرت و چەند ئاوەڕۆیەکی بچوکی پێدەگات، ئەمانە سەرچاوە ڕۆژاواییەکانی دیجلە دەنوێنن، پاشان ئاوەڕۆی فراوانی پێدەگات، کە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکانی پێکدێنن، وەک باتمان سو، لەنزیک شارۆچکەی سنان و کارزان سو لەنزیک بشیری و لە کۆتایشدا بۆتان سو لەنزیک گوندی ڕەزۆک. دوای ئەوە ڕووبارەکە ڕێڕەوی خۆی دەگۆڕێت تا نزیک پیشخاپوورەوە دێتەناو خاکی عێراق، پاش ئەوەی (٣٠٠ کم) لەنێو سنووری تورکیا بەخاکێکی فرە بەرز و نزمی تێدەپەڕێت کە (١٠٠٠ – ٣٠٠٠ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و (٥٠ کم) هاوبەشیش لەنێوان تورکیا و سوریا دەبڕێت.

---

١١٠ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

دوای ئەوەی دیجلە بەدووری (٤ کم) لەباکووری گوندی پیشخاپوور دێتە ناو خاکی عێراقەوە، بەنێو دۆڵێکی فراوانی پێچاوپێچدا دەڕوا و لەوێ یەکەم لقی خاپووری تێدەڕژێ و پاشان بانی موسڵ دەبڕێ و درێژی ڕووباری دیجلە لە پیشخاپوورەوە تا فەتحە (٤١٠ کم)ە و پێنج لقی سەرەکی تێدەڕژێ، کە دەکەونە بەری ڕۆژهەڵات و بەدوای یەکدا ئەمانەن: خاپوور، زێی گەورە، زێی بچوک، ڕووخانە، سیروان (یالە)، ئاوەڕۆکەی بەرەو باشوور بەردەوام دەبێت بەکوت و عەمارەدا تێپەڕ دەبێت تا بەسرە و لە گەرمەت عەلی لەگەڵ ڕووباری فوڕات پێکدەگا و یەکاوی عەرەب (شەتولعەرەب) دەروست دەکەن و دەڕژێتە کەنداوی عەرەبەوە. [111]

**خاپوور**

یەکەم لقە بەڕووباری دیجلە بگات، لەو حەوزو گۆمانەوە هەڵدەقولێت کە بەشێکیان کەوتونەتەولایەتەکانی ماردین و هەکاری و سەعرت و ئاوەکەش لە چیاکانی هرارگوڵ، جودی وەردەگرێ، کە زۆر سەختن و بەرزاییان لە ئەلتینداغ دەگاتە (٣٣٥٠م)، درێژی ئەم لقە دەگاتە (١٦٠کم) و بە زاخۆدا دەڕواو دەڕژێتە دیجلەوە.

**زێی گەورە**

ئەم زێیە بە گرنگترین لقی ڕووباری دیجلە دەژمێردرێ، لە چیاکانی هەکاری لە ناوەڕاستی نێوان دەریاچەی وان لە تورکیا و دەریاچەی ورمێ لە ئێرانەوە هەڵدەقولێ و بەزەوی شاخاوی زۆر سەختدا تێدەپەڕێ کە بەرزاییان لە ڕەشکۆداخ و چیاداخ دەگاتە (٤١٦٨م) و چەندین دەربەند و تەنگەبەریان هەیە، بەر لەوەی بێتە ناوخاکی عێراقەوە ڕووبارەکە ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵات وەردەگرێ لەنزیک گوندی چال لە باکووری قەزای ئامێدیو ناوچەی بارزاندا تێدەپەڕێ و دوای ئەوەی بەنێوان هەردوو زنجیرە چیای شیرین و پێرسدا تێدەپەڕێ و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لادەدات و لەوێ ڕووباری شین و شەمدینانی کە لە کوردستانی

---

١١١ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩–١٣١.

توركیاوه هەڵدەقولێن و لە بلێ لقی ڕووباری كوچكی تێدەڕژێ، دوای ئەوە ڕێڕەوی ڕووبارەكە لای چیاكانی شێروانە تەنگ دەبێتەوە و لقی ڕەواندزی تێدەڕژێ، پاشان ڕێڕەوی خۆی بەئاراستەی باشووری ڕۆژئاوا دەگۆڕێ و لقی بەستۆرەی تێدەڕژێ و پاشان بە خازر دەگات، كە لە هەردوو لقی خازر و كومل پێكهاتووە و لەنزیک گوندی نەمرود دەڕژێتە دیجلەوە.[112]

## زێی بچوك

زێی خواروو/ بچوک لقی سێیەمی ڕووباری دیجلەیە، ئاوەكانی چیاكانی (قەندیل) و (كونەمشک) و (دەشتی لاجان)ی ڕۆژئاوای (مەهاباد) سەرچاوە دەگرن، (زێی بچوک) لەچەند لقی بچوک پێكهاتووە، لەگەڵ یەكدا بەیەک دەگەن و ژمارەیەک چیا ڕەقەكان دەبڕێ و بەدۆڵی قوڵدا تێپەڕ دەبێت، لقێكی زێی بچووک (كەڵوێ) سەرچاوەكەی لە چیاكای (پیرانشار)(سیاكێویە) بەرزی (٢٥٧٨) مەتر دەست پێدەكات و لەدوای ئەوەی ئاوی هەندێ ڕووباری دیكەی، وەک: (لاوێن، بادیناوێ، جانداران) تێكەڵ دەبن و دەچنە نێو (تەنگی گرژاڵ) و پاشان بەلای (دەشتی كەڵوێ) دا (شەش كیلۆمەتری سەردەشت) هەندێ لقی ڕووباری دیكەی وەک: (چۆمی شڵماش) و (ڕەزگە)ی تێكەڵ دەبن، لقی (بانە)ش كە سەرچاوەكەی دەكەوێتە چیاكانی (سنە) و لەگەڵ چەند ئاوێكی دیكە تێكەڵ بە (زێی گچكە) دەبێت، ئینجا ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوا وەردەگرن، تا لەنزیک گوندی (ماشان) دێتەخاكی عیراقەوە، پاشان لەناوچەی (ئالان) سنووری (ئێران - عیراق) پێک دەهێنێ و بەناوی (چۆمی تێپەت) دەچێتە پشدەر و دواتر بۆ نێو (دەریاچەی دووكان)[113].

ئەو لقە سەرەكیانەی دواتر ڕووبارەكەی لێ پێكهاتووە ئەمانەن:

چەمی ماوەت (قەڵاچوالان): لقی (سیوەیل) سەرچاوەكەی دەكەوێتە (مەریوان) و لقی (گورگەسوور)و چەند ئاوێكی تر لەگەڵ زێ بەیەک دەگەن[114].

---

١١٢ كۆمەڵێک مامۆستای زانكۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣

١١٣ فەرەیدون حەكیم زادە، سەردەشت لەئاوێنەی بەڵگەمێژووییەكاندا، و: حەمەڕەسوڵ حەسەنپوور، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان،٢٠٠٧، ل ٢٦٥.ل ٢٥

١١٤ د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

زێی بچوکلە دەشتی پشدەر چەند لقی بچوکی لافاوگیر دەشتەکە دەبڕن، وەک ڕووباری (قەڵادزێ) و (دۆڵەبەفرە) و (ژاراوە) و (بەستەستێن) و (گارفێن)ی تێکەڵ دەبێت، لەناو ئەو ڕووبارانەدا (ژاراوە) و (گارفێن) لەوانی تر گرنگترن، (ژاراوە) لەخاکی ئێران لە (١٩) مایلی سنوور سەرچاوەدەگرێ و (گارفێن) لە (قەندیل)ەوە دێ و لەگەڵ زێ تێکەڵ دەبن[١١٥]. لە دەربەندی ڕانیە (دەربەندی ڕەمکان)ەوە دەشتی قەڵادزێ جێ دێڵێ و دەشتی بیتوێن لەت دەکا، بەشی ڕۆژهەڵاتی پێی دەگوترێت دەشتی (بەری مەرگە) و بەشی ڕۆژئاوای (دەشتی بیتوێن). (قولەی ڕانیە) کانیەکی گەورەیە، لە ناوەندی شاری ڕانیە هەڵدەقولێت، لەدێر زەمانەوە هەر وەکو خۆی بووە، بەڵام (مام فایەق) هەبوو، وتوویەتی: بەو چاوانەی خۆم دیومەساڵێکیان قولە وشک بووە، ئەو مەبەستی ساڵی (١٨٨٠ز) بوو[١١٦]. کە ئەو ساڵە وشکە ساڵی بووە، لەگەڵ سەرچاوەی ئاوی (قولە)، سەرچاوەی ئاوی (ڕەشەمێرگ)، سەرچاوەی ئاوی (کوێرەکانی، کانی مەلا سلێمانی). بێجگەلە سەرچاوەی ئاوی (قولەی ڕانیە) ئەوانی تر هەموویان وەرزین.

هەموویان یەکدەگرن و لەگەڵ ئاوی (قولەی ڕانیە)دا بەرەو خوار دەڕوات، بەناوەڕاستی گوندی (بۆسکێن) دا تێپەڕ دەبێت، لەگوندی (تۆپاوا) چەند کانیەکی نزیک لەیەکتری تێکەڵ دەبێت بە کانی (لوسێ) ناسراوە، بەتەنیشت گردی شمشارە (شوشاررای کۆن) دا ڕەت دەبێ و دەڕژێتە (زێی بچووک)ەوە. سەرچاوەیەکی تر (کانیە قوڵکە)ە و سەرچاوەکانی (حەوشێ) و کانیەکانی (گولەک) و ئەوانی تر تێکەڵ دەبن و دەرژێنە (زێی بچوک)ەوە، بەلای باسکی ڕاستیدا "باسەلام"ی[١١٧] تێکەڵ دەبێ، کە جۆبارێکی گرنگە[١١٨].

ئاوی سەروچاوە وەک چەمێکی بچوک بەرەو خواردێ و لەگەڵ باسەلام یەکدەگرێ و چەند کانی و سەرچاوەی تر دەرژێنە زێی بچوکەوە. ئینجا زێیەکە لە

---

١١٥ سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، وەرگێڕانی: حەمید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل ٢٦٥.

١١٦ برایم بەگ، چاوپێکەوتن، گۆڤاری رانیە، ژمارەی ٦، کانوونی یەکەم ٢٠٠٣، ل ٣٢.

١١٧ ئەو ناوە لە نەخشە وەرگیراوە، بەشێوەی ئاسایی پێی دەڵێن (ئاوی خدران) بەڵام باشتر ئەوەیە کە ئەم ناوە بۆ چەند جۆبارێک دانێین کە ئەم ڕووبارەیان پێکهێناوە، مەسعوود محەمەد، بە (ڕووباری باسڵمە) ناوی دەبات، بڕوانە: مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم،٢٠٠٩، ل ١٦٨.

١١٨ سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

تەنگەبەری دوکانەوە دەشتەکە جێ دێڵێ. پاشان بەرەو ڕۆژئاوا لادەدات و لەو ڕێڕەوەیدا چەندین لقی بچوک دەگەنە ڕووبارەکە لە بەرزاییەکانی ناوچەکەوە هەڵقوڵاون، دوای ئەوەی ڕووبارەکە ناوچەی شاخاوی بڕیوە و لەلای تەق تەق دەگاتە ناوچەی گرد و دۆڵەکان و لە ڕێڕەوەکەی بەردەوام دەبێ تا دەگاتە پردێ، دواتریش دەگاتە دوبز تا لە دووری (٣٥کم) لە باشووری شەرگاتەوە دەڕژێتە ناو ڕووباری دیجلەوە. درێژی زێی بچوک (٤٠٠ کم) و ڕووبەری حەوز و گۆمی خۆراک پێدانەکەی (٢٢٢٥٠کم٢) دەبێت لەوە (١١٧٦٠کم٢) دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی و (١٠٥٨٠کم٢)شی دەکەوێتە ناوچەی گرد و دۆڵەکانەوە[١١٩]. وەک چۆن لەئێستادا سودێکی ئەوتۆی نیە لەبواری ئاودێریدا، هەرچەندە شوێنەواری کەناڵی مەزنی هەیە لەهەردوو بەریدا لەباشوری (ئاڵتون کۆپری) یەکێک لەو کەناڵانە بەباشووری بیابانی قەراجدا دەچێتەخوار ئەگەر لێی بکۆڵرێتەوە و هەڵبکۆڵرێتەوە ئەوا ڕووبەرێکی گەورەی ئەو دەشتە وشک و برینگە ئاودێر دەکا، لەڕووی بازگانییەوە ئەم زێیە دەتونرێ کەڵەکی تێدا بەکار بهێنرێ، لەدەربەندی ڕەمکان بەخوارەوە زێی بچووک لەناکاو هەڵدەستێ و لافاو دەکا، ناوەکەی دیکەشی هەر لەوەوە هاتووەکەپێی دەڵێن (زێی شێتە) لەکاتی ئاو کەمیدا ڕێڕەوەکەی قوڵ نیە و لەهاوین و پایزدا دەتوانرێ بەئاسانی لەزۆر شوێندا لێی بدەی[١٢٠].

## ڕووخانە (ئاوەسپی - عوزێم)

لەو لقانەیە ئاوەکەی وەرزییە و لە زەویەکانی عێراقەوە هەڵدەقولێ و چیاکانی قەرەداخ و شوان بەسەرچاوەی سەرەکی و خۆراکدەری لقەکانی ئەم ڕووبارە دادەنرێت. لەسەرچاوەیەکەوە تادەگاتە ڕێژگەکەی دەکەوێتە ناوچەی گرد و دۆڵەکانەوە لە سێ لقی وەرزی پێکدێ، ئەوانیش خاسە سو کە پارێزگای کەرکوکی دەکەوێتەسەر، تاووق سو (١٥کم) لەباشووری بەلەدەوە ئاوەسپی دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە. [١٢١]

---

١١٩ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤

١٢٠ دبلیو ئار هەی: دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، ٢٠١٠. ل٢٢.

١٢١ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥

## سیروان (دیاله)

دوا لقە کە ئاوەکەی دەڕژێتەڕووباری دیجلەوە، چیاکانی لوڕستانی ئێران و چیاکانی پارێزگای سلێماتی بەسەرچاوەی سەرەکی ئاوپێدانی ڕووبارەکە دادەنرێت. ڕووباری سیروان لە نزیک گوندی لاوەرانەوە دێتە نێو خاکی عێراق و لە بەیەکگەیشتنی سێ لقی سەرەکی پێکدێ: ڕووباری سیروان لە چیاکانی هەورامانی ئێرانەوە هەڵدەقولێ و ڕووباری تانجەڕۆ لە حەوزی سلێمانیەوە ئاوی دەستدەکەوێ و ڕووباری زەڵم کە لە تاڤگەی ئەحمەدئاواوە هەڵدەقولێ، دوای ئەوە ڕووبارەکە بەنێوچیاکانی هەورامان و زنجیرەی بەرانانـدا گوزەردەکـا، بەناو تەنگەبەری دەربەندیخاندا دێتەژوورەوە پاش ئەوەی چەند لقێکی بچوکی وەک ئەحمەد ئاوا و خورماڵ و سەرچناری تێدەڕژێ، لە ڕێڕەوەکەیدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بەردەوام دەبێت، تا لە باشووری بەغدا بە (٣١کم) دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە. [١٢٢]

کاریگەری ئاوی ڕووبار و دەریا و ئوقیانووسەکان کاریگەری زۆری هەیە، لەسەر هێز و توانا و دەسەڵاتی دەوڵەت لەڕووی بایەخ و بەرزکردنەوەی پێگەی نەخشەی سیاسی ئەو دەوڵەتە[١٢٣]. بەم پێودانگە دەتوانین کاریگەری زێی بچووک لەسەر دەشتی بیتوێن بەزر بنرخێنین، لەم ڕووەوە سەرەڕای ئاودێری مێجەر سۆن دەڵێ: "بەهۆی زێی بچوک لەبیتوێن و پشدەرەوە بۆ ئاڵتون کۆپری هاتوچۆیەکی گەورە دەکرێ بەکەڵەک کە پێکهاتووە لە پێستە (هەمبانە)ی فوتێکراو، بۆ کاری بازرگانی بەکاردێ و بار لەو کەڵەکانە بار دەکەن بەرەو خوار بۆ بەغدا دەڕوات، پێنج تا نۆ ڕۆژ دەخایەنێ ئەویش بەپێی وەرزەکان."[١٢٤] دەبێ لەسەردەمە کۆنەکانەوە زێی بچوک ئەو ڕۆڵەی بینیبێ. بوونی ئەو هەموو ئاو و ڕووبارە زۆرە بووەتە مایەی دەرکەوتنی ژیاری دانیشتوان و کۆبوونەوەی مرۆڤ لەو ناوچەیەدا. لە چوارچێوەی شار و گوند و کوێرەدێ دا نیشتەجێ بوون و ژیانیان بەسەربردووە.

---

١٢٢ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥

١٢٣ الأستاد الدكتور محمد أزهر سعيد السماك، مصدرالصابق.

١٢٤ ئی. بی. سۆن، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، وەرگیرانی لەئینگلیزیەوە: مینە، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٧،. ل٦٧.

## ڕووەك و دارستان

کوردستان بەگشتی لەڕووەک و داری سروشتیدا دەوڵەمەندە، دارستان و دارو دەوەن نزیکەی پانزە ملیۆن هیکتاریان لەزەوی کوردستان داگیر کردووە، خەسڵەتی ڕووەک و دارستانی کوردستان لەوەدایە خۆیان لەبەر بەرزی پلەی گەرما و وشکی ڕادەگرن، بەپێی جیاوازی قەبارەی باران بارین[125]. ناوچەی دارستان و گژ و گیا دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمەوە، واتا ناوچەی شاخاوی ئاو و هەواکەی هی دەریای ناوەڕاستە، ڕووەکی ئەو ڕووکارانە چڕترن (أكبر الثافة) ڕووبەڕووی بایە بە بارانەکانن، بەڵام لەو ڕووکارانەی دەکەونە سێبەری بارانەوە دار و درەخت کەمترە، ڕووەکی سروشتی لە دەشت و قەدپاڵەکاندا ڕووەکی ستێپە و بریتی یە لەناوچەی فراوان بەگژ و گیای داپۆشراو لەگەڵ دار و درەخت و پەرش و بڵاو لەسەر تەختی یاڵ و لاپاڵ و لاملی کێو و گردەکان. دارستانەکان نزیکەی (٧٠%)ی ڕووبەری ئەو ناوچەیان گرتووە، بەڵام (٣٠%) یەکەی تر لەدەوەن و گیا پێکهاتووە، زۆربەی دارستانەکان داری سروشتی، وەک داری بەڕوو و مازوو و کەوت و دارەبەن و میوەیەکی زۆری کێوی وەک هەنجیر و چواله و کرۆسک و گێوژ و هی تر نزیکەی (٩٦%)ە و (٤%)ەکەی تریش دارستانی ئەو دارانەیە لەڕۆخی ڕووبارەکان دەڕوێن، وەک دارچنار، خۆخ، بی، سپیدار، گوێز، سێو و هەنجیرە کێویلە، سندیان، توو، سماق، قەزوان، عەرعەر، گۆیژ، شاتان و (البامول الفچی) و (الاسفندان) و هی تریش[126]. هەموو ئەو سروشت و ئاو و کشتوکاڵ و دارو دەوەنە بووەتە بەرهەم و بژێوی گەلانی دانیشتوانی زاگرۆسی کۆن، هەر ئەو بەرهەم و - خێرو بیرەش بووە هۆی چاوتێبڕینی بێگانەکان.

---

١٢٥ د. عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٣٣.

١٢٦ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.




**نەخشەی ژمارە (٢)، بڵاوبوونەوەی گەلە کۆنەکان لە هەزارەی دووەم و سێیەمی پێش زایین، سەرچاوە: فاضل قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل٦**

# بەشی دووەم
# دانیشتوانی دێرینی زاگرۆس (کوردستان)

ئەم وڵاتەی ئێستا بەکوردستان ناودەبرێ، سەرزەمیتی زاگرۆسی کۆن و مەڵبەندی سەرەتای نیشتەجێ بوونی ژیانی مرۆڤە، دراوسێی میسۆپۆتامیا و مەڵبەندی سەرهەڵدانی شارستانیەتە، لە چاخە جیاوازەکاندا ژیان و تێکۆشانی ئادەمیزادی تێدا بەردەوام بووە، دۆزینەوەی بەردەوامی پاشماوە شوێنەواریەکان گەواهی ئەوە دەدەن، لەچاخە کۆنەکاندا شارستانیەتی گەورەی تێدا بنیات نراوە، دراوسێ و تێکەڵاوی شارستانیەتەکانی سومەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشوری و ئیلامی و ئەوانی تریش بووە، زۆرجاریش لە ناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بووە، چەندین شوێنی پاشماوە کۆنەکانی تێدایە، هەزاران خشتی نووسراو گڵێنەسازی و تەلارسازی و کەرەستەی پێویستی ژیانی تێدا دۆزراوەتەوە، تۆ بڵێی پاشماوەکانی ئەم نیشتمانە هی کێ بن؟، ئەو گەلانە نەماون و لەناوچوون و کورد هاتۆتە شوێنیان یا دەری کردوون و لەشوێنیان نیشتەجێ بوون؟ یاخود کورد نەوەی ئەو گەلانەیە، ئەو شارستانیەتەیان بەرهەم هێناوە و لەدوای خۆیان بۆیان بەجێ هێشتووە، خۆشی نەوە و پاشماوەی ئەو گەلانەیە و تائێستاش بەشانازیەوە لەسەر خاکی خۆی دەژی و بەگیانی پارێزگاری لێ دەکا.

دیارە مێژوو و توێژینەوەی کۆنینەناسانی ئەم سەردەمە سەلماندوویەتی کورد نەوەی گەلانی زاگرۆسی کونن و پاشماوە دۆزراوەکانیش پاشماوەی شارستانیەتی ئەو گەلانەیە، هەرچەندە نەتەوە دەسەڵاتدار و سەردەستەکانی ئەم وڵاتە خۆیان بەخاوەنی ئەم شارستانیەتە دەزانن، عەرەب خۆیان بەمیراتگری سومەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری دەزانن، فارس و تورکیش خۆیان بەنەوە و میراتگری گەلانی کۆنینەی ناوچەکە دادەنێن، کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە لەم ناوچەیە و لەناو گەرمەی ڕووداوەکانی دابووە، بەڵام کورد دەوڵەتی نەبووە، نەیتوانیوە مێژووەکەی بنووسێتەوە، شارستانیەتەکەی بپارێزێ، بەڵکو سەروەری وڵاتەکەی هەمیشە لەبەر پێی دوژمنە داگیرکەرەکاندا پێشێل کراوە، ئەوان خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون، نەک هەر مێژوو و شارستانیەتی ناوچەکە بەهی خۆیان لەقەڵەم داوە، بەڵکو مێژوو و شارستانیەتی کوردیان شێواندووە، لەباریان بردووە، بۆ خۆیان بردووە، ئەگینا کورد لەم ناوچەیە لەفارس و تورک و عەرەب کۆنترە، پێش ئەوەی شەپۆلی ئاری لەقەفقاز و شەپۆلی سامی لەنیوە دوورگەی عەرەبییەوە بێن و لەناوچەکە نیشتەجێ بن، باب و باپیرانی کورد بەناوی جیاجیاوە لەم وڵاتە نیشتەجێ بووە، و لەبەرهەمهێنانی شارستانیەتەکەشی بەشدار بووە.

زۆربەی مێژووی گەلانی زاگرۆسی کۆن ونە یا شێوێنراوە، چونکە مێژوونووسە عەرەبەکان هەوڵیانداوە ئەکەدی و بابلی و ئاشوورییەکان ببنەوە سەر نەژادی عەرەب و ئەو هەوڵە تائێستا بۆ سومەریەکانیش بەردەوامە، مێژوونووسە جولەکەکانیش لەژێر هەست و سۆزی نەژادپەرستیدا، گەلانی میسۆپۆتامیایان بەعەرەب زانیوە و ڕۆژهەڵاتناس و مێژووناس و شوێنەوارناسە بیانیەکانیش لەژێر چاودێری یان بەڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عیراق ئەو لێکۆڵینەوانەی کردوویانە، پێیان سەیر بووە و بەلایانەوە نەگونجاوە گەلێکی چیانشین خاوەن شارستانیەت بێ، لەبەر ئەوە بەناچاری و بە ناشارەزایی یاخود بەویستی ئەوان، هەموو شارستانیەتەکەیان بەهی سومەر و ئەکەد و بابل و ئاشووری زانیوە و ئەوانیشیان بەنەژادی عەرەب لەقەڵەم داوە. ئەگینا هیچ باوەڕ دەکرێ لەکاتێکدا شانشینێکی بچووکی وەکو (شوشاررا) لە دەشتی بیتوێن بە فەرمانڕەوایی (کوواری) دەسەڵاتدارێکی ناوچەیی خۆماڵی خاوەنی ئەو هەموو پاشماوەی نووسین و شارستانیەتە بێت، لە (شمشارە) و (بێتواتە) ئەو هەموو بەردەنووس و تابلۆ نووسراوە بدۆزرێتەوە، کە وەک ئەرشیفێکی فرە و پڕ بایەخ باسی مێژووی

زۆربەی شانیشینە کوردیەکان و لەناویاندا باسی دەسەڵاتدارەکانی میسۆپۆتامیاش دەکات، کەچی هێزە گەورەکانی، وەک گوتی و لوللو و کاسی و دواتریش مادەکان چەند هێندەی ئەوان دەسەڵاتدارتر و بواری باشتریان بۆ ڕەخساوە، کەچی هیچ شوێنەوارێکیان دیارنیە، بەڕاستی ئەوە جێگای باوەڕ نیە و لە ئاوەز بەدوورە. لە کاتێکدا (شەمشی – ئەدەد) پاشای گەورەی ئاشوورییەکان لەهەندێک نامەکانیدا بۆ (کوواری) دەنووسێت: هەموو نامەکانت گەیشتوونە دەستم ئەی پاشماوەی ئەو نامـــانە کـــوان، دیـــارە ئەو نامـــانە نەدۆزراونەتەوە، ئەگەر دەســـتی ڕەش و ڕەگەزپەرســتی عەرەب لەنــاوی نەبــردبن، بەهیــوای ئەوەی ڕۆژێــک ئەو نامــانە بدۆزرینەوە و مێژووی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ ڕوون بکەنەوە.

مێژوونووس و شوێنەوارناس و زمانناس و زانایانی کوردیش زۆر کەم هەوڵیان داوە بەشــێوەیەکی زانســتی تــوێژینەوەیەکی ورد لەســەر گەلانــی زاگــرۆس و دراوسێکانیان بکەن، بچنە بنج و بناوانی ڕاستیەکان و ڕووداوەکان بەراورد بکەن، شارســتانیەت و مێــژووی ئەم نیشــتمانە ڕوون و ئاشــکرا پیشــانی ئەوانەی دوای خۆیان بدەن، جێگای داخە ئەوانیش هەر قسەکانی ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووس و شوێنەوارناسەکانی بیانی و عەرەب و فارس و تورکیان دووبارە کردووەتەوە و لەلاپەڕەی کتێبەکانیاندا نووسیویانەتەوە، لەلای خوێندەواری کوردیش وایە کورد نەتەوەیەکی بێ ڕابردوو و شارستانیەتە، هەر خەریکی شەڕ و شۆڕ و ململانێی ناوخۆیەتی، ئەوە بۆتە ڕاستی مێژوو و ڕابردووی نەتەوەکەمان، لەکاتێکدا زۆربەی گەلانی دنیا بەهەمان حاڵەتی نەتەوەی کورد دا تێپەڕیون بەهەندێک بەرزی و نزمیەوە.

ئێمە بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیاریەکانی گەلانی زاگرۆسی کۆن بناسین، دەبێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە، تابزانین لەم وڵاتەدا ژیان چۆن گوزەراوە، دیارە ئێمەش بۆ ئەوەی نووسینەکەمان بایەخی بەڵگەنامەیی هەبێت، ناچارین کاری مێژوونووسانی پێش خۆمان دووبارە بکەینەوە، بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆمان و ڕاستی کارەکەمان ئاماژە بەهەوڵ و نووسینەکانی ئەوان بدەین، بەهیوای ئەوەی لەداهـــاتوودا ئاواتەکەمـــان بێـــتەدی و تـــوێژینەوەی ورد لەســـەر پاشـــماوە شوێنەواریەکان بکرێت. وەک ئاماژەمان پێدا بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوەیان دەرخستووە هەر لەسەرەتاوە کوردستان لانکەی پەیدا بوونی ژیانی مرۆڤ بووە، لەسەردەمی زۆر کۆنەوە (گوتی) و (لوللو) و (کاسی) و (ماننایی) و (ماد) ئەمانە

لەزاگرۆس ماونەتەوە، بۆیە ناویان ناون قەفقازی یان (کۆمەڵەی زاگرۆس) هەتا لەگەڵ ئارییەکاندا نەگۆڕێن، دەبێ خۆیان لە دانیشتوانی قەفقاز بن، مەبەست لەم هەموو ناوانە ئەوەیە ئەو هۆزانە لەپێش مێژووەوە یا لە پێش ئاریەکانەوە[1] هاتوونە زاگرۆس و نازانرێ سەردەمی هاتنیان بۆ ئەم شوێنە کەی بووە؟، بەڵام ئەوە ساغ بۆتەوە ئەوانیش ئاریایین و دەزانین لە سوچەکانی ئاسیاوە هاتوون، لە زاگرۆس جێ گیربوون. ئەوەندەی دەزانین ئەوانە بەهەر ناوێک ناویان بردوون هەموو مێژووناسەکان دەڵێن کورد بوون[2].

بابەتی قسەکردن دەربارەی گەلانی باکووری میسۆپۆتامیا و گەلانی زاگرۆس، لەسەر بنج و بناوانی مێژوویی و نەژارد و فەرهەنگی و بابەتی تری وابەستەی ئەمانە، یەکێکە لەو بابەتانەی مایەی سەرئێشە و ماندووکەر و تاقەت پڕوکێنە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، ئەم گەلانە خۆیان زۆر کەم تۆماری نووسراویان لەدوای خۆیان بەجێ هێشتووە، بۆیە مێژوونووس ناچارە پەنا بۆ تۆمارەکانی گەلانی میسۆپۆتامیا بەرێت، ئەویش زانیاری پچڕ پچڕ و پارچە پارچە لەم بارەیەوە دەبەخشن، چونکە میسۆپۆتامیەکانیش بەرچاویان ڕوون نەبووە و کەمیان دەربارە زانیون، زانیارییەکان بەپێی ئەو دەقانەن تۆماریان کردوون، جا مێژوویی، هونەری، ساڵنامە، ئاینی یا فالگرتنەوەبن، یا هەر جۆرێکی تر، ئەوەش زیاتر لەئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانە زانراون لەلایەن میسۆپۆتامیەکان کراونەتە سەر گەلانی زاگرۆس. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ ئەوان دوژمن و نەیاری گەلانی زاگرۆس بوون، زۆربەی لە ئەنجامی هێرشەکانیان تۆمار کردووە، بەزۆریش لە پێداهەڵدانی خۆیان و ناشیرین کردنی دوژمنەکانیان دریغیان نەکردووە[3]، لەلایەکی دیکەوە ئەو هەموو گۆڕانکاری و جێ گۆڕکێ نەژادیانەیە بەدرێژایی مێژوو لەناوچەکە ڕوویانداوە، لەئەنجامی ئەم گۆڕان و جێ گۆڕکێ یەدا ئاوێتەیەکی جیاواز پەیدا

---

١١ کۆچی ئارییەکان بەشێک بووە لە کۆچێکی فراوانتر، کە بەکۆچی هیندو-ئەوروپی ناسراوە، بەپێی هەندێک لە زانایان کاشیەکان، هیتیەکان و میتانیەکانیش بەشێک بوون لەو کۆچە، کەلە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز، یان سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین، هاتوونەتە ناوچەکە. بڕوانە: الاحمد والهاشمی، تاریخ الشرق الادنی(ایران والاناضۆل)،(موصل، ١٩٨٨)، ص(٧٨-٧٩). ئەم تیۆریە زیاتر لەلای خۆرئاواییەکانەوە بڵاودەکرێتەوە بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێت مێژوو بۆ ئاری ڕەگەز بگەڕێننەوە: کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

٢ رەشید یاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

بووە، لە جۆرەها هۆز و تیرە و بنەچە پێک هاتووە، سەرەڕای ئەوەش سنووری قەڵەمڕەوی و ماوەی پەلکێشی نەژادییان بەپێی کات و بارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بەڵام لەم زانیاریانەوە دەردەکەوێت دانیشتوانی زاگرۆس یان کوردستانی کۆن لە تۆرەمەیەکی ناسامی بوون. لە ڕووی نەژادی لە میسۆپۆتامیەکان جیاواز بوون و ئەوان دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتەکە بوون، بەڵام هەندێکیان وەک خورییەکان پێدەچێت کۆچ هێنەر بووبن، کەم تا زۆر کاریگەری ئیلامی و سومەری و ئەکەدی و بابلی وئاشوورییان لەسەر بووە.

لە زەمانی سومەرییەکان لە چیاکانی زاگرۆسدا هەندێ نەتەوە هەبوون، وەکو ئیلامی، لوللو، گۆتی، کاسای، خوری، بە (کۆمەڵەی گەورەی زاگرۆس) ناونراون، بەڵام ئەم نەتەوانە بنەڕەت و بنچینەیان چیە، کەی و لەکوێوە هاتوون؟ بەتەواوی نەزانراوە[4]. (سێر سیدنی سمیث – S. Smith) لەبابەتێک لەژێر سەردێڕی (مێژووی کۆنی کوردستان) دا کە بە تایبەت بۆ پرۆفیسۆر (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)ی نووسەری کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)ی نووسیوە، بڕوای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێت: بەر لە حکومەتەکانی ناوچەیی، وەکسومێر و ئەکەد و ئور نزیکەی (٢٩٠٠) ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح هەبوون، لە مەڵبەندی کوردستان چەند حکومەتێکی خۆجێیی (خود موختار) هەبوون و ئەو زمانەی خەڵکەکە واتە (شوباریەکان) پێی ئاخاوتوون، هیچ ئاوێتەیەکی لەگەڵ زمانی سامی و هیند و ئەوروپایی و سومێریەکان نەبوو، هەروەها ئەو ڕۆژهەڵاتناسە دەڵێ: ناوچەکانی (سیمورا – Simnra) لە دەوروبەری (ئاڵتون کۆپری)[5]، (لوللوبو – Lullbu)، (حەلوان)، (ساسرو – Sasru)[6] (هەریمی بیتوێن) (ئوربیلوم – Urbikkum – ئەربیل یا هەولێر) هەموویان یەک نەتەوە بوون، بەڵام یەکێتی پێویستیان لەنێودا نەبووە[7].پرۆفیسۆر (سپایزەر) هاوشێوەکانی باپیرانی کورد بە دانیشتوانی بنەڕەتی زۆر کۆنی زاگرۆس یا کوردستان دادەنێ، گەلێ بەهێزە و لە ئاوەز نزیکترە.

---

٤ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

٥ ئاڵتون کۆپری لە باشووری کوردستان لەنێوان هەولێرو کەرکوک هەڵکەوتووە.

٦ ساسرو: هەمان (شاشرو، شوشاررا، شمشارە) یە لەکتێبی هاونەتەوەکانی کورد و ماد بەهەڵە لێکدراوەتەوە کەدەڵێ دەبێ "سێرۆ Sero"ی لەسنووری ئێران و تورکیابێ.

٧حەبیبەڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی: جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر ٢٠١٠، ل ٦٧.

هەواڵنامەی کتێب

دەبینین لەڕاستی مێژوویی عەشائیری کوردستاندا، هەندێ ناوی جوێ جوێ تۆمار کراوە، مرۆڤ وا گومان دەکات ئەم ناوە جوێ جوێیانە سەر بە ئێلات و خێلاتی جوێ جوێیە، بەڵام ئەم گومانە تەواو نیە، چونکە گۆڕانی ئەو ناوانە پێویستی سروشتی و نەریتی نەتەوەکانی ئەو کاتە بووە، پرۆفیسۆر سپایزەریش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات. هەر بەم جۆرە لە زەمانی کۆندا ناوی کوردیش لەلایەن هەندێ نەتەوە بە لێکدانەوەی (تەعبیراتی) غەریب غەریب و جوێ جوێ وتراوە، بەگوێرەی بۆچوونی هەندێ ڕۆژهەڵاتناس ئەو (تەعبیراتە) وشەی لەیەکچوو، هەروەکو لە خوارەوە نیشان دراوە بۆ کوردی ناوی هاوبەشن، یا وەکو ئێستا چۆن لەژێر ناونیشانی کورددا بەناوی تێکەڵاو زۆر عەشائیر و خێلات هەیە، لەو زەمانەشدا ناوی شوێن و کەس و نەتەوەکانیان بەچەند شێوەک هێناوە:

ئاشووری و ئارامی، گوتوویانە: گۆتی، کوتی، کورتی، کارتی، کاردۆ، کارداکا، کاردان، کارکتان، کارداک.

ئێرانی گوتوویانە: گورتیوی، سیرتی، کوردتها.

ڕۆم و ڕۆمانی گوتوویانە: کاردوسوی، کاردۆخۆی، کاردرک، کردوکی، کردوخی، کاردویکان.

ئەرمەنی گوتویانە: کوردوئەن، کورچەخ، کورتیخ، کەرخی، کورخی.

عە.رەب گوتوویانە: کوردی، کاردوی، باکاردا، کارتاویە، جوردی، جودی[8].

ڕۆژهەڵاتناس (دراوەر – Driver) بەپێداگریەوە دەڵێ: کاردا، کاردۆخی، کورتوخی، غوردی، کارداکە، سیراتی، غوردیای، غوردوئەنی، کاردۆ، کاردا، کارداویە، کارتاویە، کوردابیا، ...هتد هەموویان بەهۆی لەیەک نەچوونیان، یەکێکن، بەم شێوەیە ئەم ڕۆژهەڵاتناسە کوردی ئەمڕۆ دەباتەوەسەر (کاردۆخۆی) (ئەکسەنەفۆن) و (کاردا)ی سومەریەکان، بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی دەوری سێیەم حکومەتی (ئوور) ناوی عەشیرەتێک بووە.[9] لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هەندێ ڕەگەز لە دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس لەناو کورددا قابلی مل نەدان نیە، لەم وردبینیی زمانەوانیەدا حاڵی دەبین نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا بەشێکی کۆمەڵەی گەورەی (زاگرۆس)ە، هەرچەندە زۆر تووشی دەست بەسەراگرتنی بێگانە بوو، بەڵام لە کاتی تەنگانەدا کشاونە چیاکان و لەدوای ڕابوردنی لافاوی دەست بەسەراگرتن

---

٨ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

٩ محەمەدئەمین زەکی بەگ، هەمان سەرچاوە، ل ٥٤

گەڕاونەتەوە سەر جێ و ڕێی خۆیان و وڵاتەکانیان سەرلەنوێ ئاوەدان کردۆتەوە[١٠].

لایەنێکی تریش هەیە (گەزنەفۆن) دان بەوەدادەنێ لە وڵاتی ئاشوورییەوە تا نزیک (تەڕابزوون) لە دەس نەتەوەی (کوردۆئەن) ڕزگاری نەبووە، لەگەشتەکەیدا لەگەڕانەوەی سەربازە یۆنانیەکان کێشەی زۆریان بۆ دروست کردووە[١١]. کەوابوو دەبێ قبوڵ بکرێ، نەتەوەی کورد لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زایینددا هەر ناوچەیەکی بچوکی خوار گۆمی وانی خەریک و سەرقاڵ نەکردووە، بەڵکو لە زێی گەورەوە تا نزیک دەریای ڕەشی داگیر کردووە، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد، وەک هەندێ ڕۆژهەڵاتناس گومانیان کردووە، هەر تەنیا لە نەتەوەیەکی تازە هاتوو نەبوون، بەڵکو گەلێ لەپێش سەدەی حەوتەمدا بەناوی ترەوە لە کوردستاندا هەبوون، ئەگەر نەزەریەی هاتنی قۆڵێکی تری نەتەوەی کورد لە دەستەی دوایی سەدەی حەوتەمدا تەواو بێ، ئەم قۆڵەش لەگەڵ بنەڕەتیەکانی تردا دەبێ یەکدیگیر بووبێ[١٢]. بۆمان هەیە بڵێین کوردستان شوێنی بێشکەی پێگەیاندنی نەژاد (سلالە)ی دووهەمی مرۆڤایەتی بووە و لەکوردستانەوە پەرش و بڵاوبوونەتەوە بۆ شوێنەکانی تر، لەئەنجامی ڕووداو و مێژووەکاندا لەو سەردەمەدا گەلانی (لوللو) و (گۆتی –جوتی) و (خالدی – کالدی) و (سوباری – هوری) و گەلی (ئیلام) لە گەلانی زاگرۆس بوون، لەبەرئەوەی هەندێ لەیەکچوونی زمان و لە یەکچوونی تر لەنێوانیاندا هەبووە، هەر لەبەر ئەوە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەو گەلانەیان بەڕەگەز و ڕەچەڵەک بردۆتەوە سەر نەژادی قەفقاز[١٣]. (دکتۆر سپایزەر) دەڵێ: چوار تیرەی کۆمەڵەی زاگرۆس، کە بریتین لە(لوللو، گۆتی، کاسی و شۆباری) هەر کام زمانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی جیاوازیان لە نێواندا بووە لێک نزیک بوون و کەس گەلێک هەر لەبەر ئەوە دەڵێن زمانیان ئاریایی بووە، کەچی ئێمە دەزانین ئەو زمانە ئێستا ڕوون نەبووەتەوە و بەڵگەیەکی لەسەر نیە[١٤]. هەندێ لەزاناکان دەڵێن ئاریایی بوون، چونکە بەڵگەیەکی ڕوونمان بەدەستەوە نیە، پێیان دەڵێن قەفقازی، واتە دانیشتوانی کۆنی زنجیرە کێوی لکاو بە قەفقازەوە، لەگەڵ

---

١٠ محەمەدئەمین زەکی بەگ، هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.

١١ ڕێکس وارنەر، گەشتەکەی زینۆفۆن، و.ک: محەمەد مەسعوود محەمەد جەلی زادە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٢ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

١٣ محەمەد رسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان،بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل ٢٦.

١٤ حەبیبوڵڵای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

ئەوەشدا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووەهیندو ئەوروپایی بوون[١٥]. دەربارەی زمانی کۆمەڵەی زاگرۆس بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی (دکتۆر سپایزەر) چوار ڕەگەزی کۆمەڵەی (لوللو، کاسای، سوباری، خوری) هەر یەکە زمانێکیان بووە، بەبەڵگەی هەندێ ناوی ئەم زمانە نزیکی یەکتری بوون، هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان دەڵێن زمانی ئەم چوار نەتەوەیە لە کۆمەڵەی زمانی ئاری بووە. بەڵام هەندێکیشیان دەڵێن زۆر ڕەنگە زمانی نەتەوەکانی زاگرۆسی کۆن دەخرێتەپاڵ زمانی قەفقازی. لەلایەکی دیکەشەوە کەس نایزانێ زمانی ئاری کۆن چ جۆرە زمانێک بووە، هۆیەکەشی دەست نەکەوتنی پاشماوەی بەزمانی ئاری زۆر کۆن نووسرابێ، ڕەنگە لەمەولاش دەست نەکەوێ، چونکە مێژووی نووسین و خوێندنی ئاری بەگوێری کتێبی پیرۆزی هیندییەکان لە (١٤٠٠پ.ز) بەرەو ژوور تر ناچێ[١٦]. لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەکانی پادشا (شوسین) زانیاری گرنگی بەخشیون لەبارەی پەیوەندی ئەو زمانەی سوئیەکان (سوبارتیەکان) و لوللوییەکان قسەیان پێ کردووە، لەیەکێک لەدەقەکانی پادشای ناوبراو باس لەوە دەکات، زمانی سوئیەکان و لوللوییەکان هاوشێوە بوون، ئەمەش وەرگێڕانی ئەو بەشەی دەقە مێخیەکەیەکە تایبەتە بەم ڕاستیە:[١٧]




**وێنەی ژمارە (٧)، ئەو کات دانیشتوانی شاری شوبەر و ناوچەی خەمازی بەزمانی هاوشێوە دواون، سەرچاوە: د.جەمال ڕەشید، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.**

١٥ ڕەشید یاسەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

١٦ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

١٧ د. جەمال ڕەشید، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

خێزانی زمانە ئاری ئەوروپاییەکان خێزانێکی زۆر گەورە و کۆنە، تائێستا هەموو وەچەکانی نەدۆزراونەتەوە، چونکە زانیاری زمان زانیاریەکی کۆرپەیە و لەسەدەی هەژدە پەیدابووە، هەندێ لەزمانە کۆنەکانی ئەم خێزانە کۆنترین زمانن لەمێژوودا ناسرابن و تائێستاش هەر ژیاون، وەک زمانی (کوردی) و (سانسکریتی) هێشتا بە تەواوی ڕیشە و مێژوویان ڕوون نەکراوەتەوە، گەلێ بیروباوەڕی هەڵە یا بەئەنقەست و ناڕەوا خراوەتەڕوو، بەڵام هەموو زمانەکانی ئەم خێزانە لەهەزارەی چوارەمەوە بەڵگەی نووسراویان هەیە، دیارە پێش ئەو کاتەش هەر هەبوون، خۆ لەخۆیانەوە دروست نەبوون، زمانێک ڕیشەکەی ئەوەندە کۆن بێت، بێ گومان تووشی زۆر کارەسات بووە و گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و پەلوپۆیان هەڵوەریوە و وەچەی تازەیان لێ کەتۆتەوە، سەرەڕای ڕیشەی قوڵ و ڕێچکەی ئاڵۆزی، بەڵام ئەوەی جێگای گومان و دوو دڵی نیە و زانا و شارەزایانیش دانی پێدادەنێن، شاخەکانی زاگرۆس بڕبڕەی پشتی وڵاتی کەوانەی بەپیت و میسۆپۆتامیایە و نەتەوە ئارییەکان لەدەشت و دۆڵەکانیدا حەساونەتەوە و پلەی شارستانیان پێکهێناوە، پێشتر لوللو و گۆتی و کاسی لەناوچەکە بوون و دواتر لەو کاتەی (خوری) و (میتانی) هاتونەتە لاپەڕەکانی مێژووی هەزارەی دووەمی پێش زایین، ئەو نەتەوانە ناسراون و خۆیان بەئاری داناوە، دوای لێکۆڵینەوە و توێژینەوە شارەزایان ڕیشە و بنەچەیان ناسیونەتەوە.[١٨]

بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەک بدەینە باسەکەمان، هەوڵ دەدەین دەربارەی گەلانی باکووری میسۆپۆتامیا، گەلانی زاگرۆس (کوردستانی کۆن) هەندێک زانیاری تۆمار بکەین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بیروڕا جیاوازانەی هەن، دەربڕینی ڕیشەی نەژادی کوردان زۆر دژوارە، هەر بۆیە ئەگەر لێکۆڵەر بیەوێ توێژینەوە بەناو ئەو هەموو بیروڕا جیاوازانەدا بکات، کۆتاییەکەی خۆشی دێتەسەر باری ئەو کەسانەی ڕای جۆراوجۆرایان هەیە، بۆ ئەوەی ئێمەش دووچاری ئەو گیروگرفتانە نەبین، زیاتر گرنگی بەوانە دەدەین باری تێگەیشتن و لۆژیکیان نزیک و بەهێزترە، پشتیوانی و ڕەت کردنەوەی بۆ ئەو زانا و پسپۆڕانە جێدێڵین شارەزای ئەو بوارەن، هەڵبەت ئێمە تەنیا باسی ئەوانە دەکەین سنووری ئەم باسە دەیان گرێتەوە. باسی لێکۆڵینەوەی مێژووی نەتەوەکانی باکووری میسۆپۆتامیا باسێکی ئاڵۆز و دوور و درێژە، ئێمە تەنیا بۆ وەبیر هێنانەوە یان ئەوەندەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە ئاماژەیەکی بۆ دەکەین.

---

١٨أ. د. پاکزە رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.

**سوبير، سوبارتو، سوباری، سوبارتۆ Subaretu**

دەربارەی سوبارتو[19] نەوە سەرەتاییەکان لەدەقە مێخیەکانی سەردەمە کۆنەکان (لە سەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکان)[20]دا هاتووە، کۆمەڵێک هەبوون بەناوی (سوباری) لە میسۆپۆتامیا بەتەنیشت سومەری و ئەکەدییەکانەوە ژیاون[21]. تائێستا کۆنترین ناوی زانراوی (سوبارتو) لەڕێی سەرچاوەکانەوە بەشێوەی جیاواز لە سەرچاوە سومەری و بابلی و ئاشوورییەکاندا نووسراوە، وەک (سوبير – Subir، شوبور – Šubur، شوپريا – Šuburia، ش/سوبار – Subaru و ...هتد).

لەسەر بنەمای ئەم چەمکە سومەرییەکان لەسەرەتای سەردەمی مێژوودا زاراوەی (Su – Bir)یان بەکارهێنا، دوای ئەمەش ئەکەدییەکان، دوای ئەوانیش ئاشوورییەکان، زاراوەی (سوبار، سوبور، سوبارتۆ، سوبارتیۆم، سوبارتۆ، شوبارو، شوباریا، تەنانەت شۆراو) یان بەکاردەهێنا، بۆ ناوچە باکووریە بڵندەکانی دوو ڕووبارەکە. کۆنترین قەواڵەی مێژووی سومەری ئاماژەی بە (سوبير) داوە، تۆمارەکانی لوکال(أنی – موندو)ی فەرمانڕەوای شاری أدابا (تل بسمايا – گردی بسمايا) بوو، لەنیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، بەمەبەستی بیستی هەواڵەکانی دەوڵەتی دراوسێکانی شانشینی (لگش) ئەم پاشا سومەریە ناوەکانیانی تۆمار کردووە، لەڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکوور، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوا و بەم جۆرە (ایلام، ماراهشی، کوتیوم، سەبیر، امورد، سەتیوم)، وەک دەبینین ناوچەی (کوتیوم)، کە (ئارابخا) یەکێک بوو لە هەرێمەکانی و قەڵای کەرکوکیش مەڵبەندێک بوو لەمەڵەبندەکانی، لە (سوبیر)ی جیاکردەوە و شوێنی (سوبیر) یشی لەنێوان هەرێمی (کوتیوم) و وڵاتی (مارتویان ارمورو) (واتە وڵاتی عامورییەکان لە ڕۆژئاوا)

---

١٩ هەندێ زانا پێیان وایە سوبارتو زاراوەیەکی جوگرافیە بەواتای وڵاتی بەرز یان باکوور، بۆیە مەبەست لە سوباری تەنیا گروپێکی ئیتیکی نەبووە، بەڵکو لە چاخی بابلی کۆندا هەموو دانیشتوانی ناوچەکانی باکووری بابل یان وڵاتی بەرزی دەگرتەوە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

٢٠ مەبەست لە چاخی بەرەبەیان یان چاخی بنەماڵەکان، نێوان ٢٩٠٠- ٢٣٣٤ پ.ز دەگەڕێتەوە، کەلەو سەردەمەدا وڵاتی سۆمەر لەنێوان چەندین دەوڵەت شاری بچوکدا دابەش ببوو، وەک: کیش، ئور، وەرکا، ئوما، بەدامەزراندنی دەوڵەتی ئەکەدی لەلایەن سارگۆنی ئەکەدیەوە کۆتایی دێت، بۆیە زۆر جار بەچاخی پێش سارگۆن ناودەبریت.بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

٢١ طه باقر، مقدمە فی التاریخ الحضارات القدیمە- حضارە وادی النیل، الجزء الثانی، الطبع الاول، بیروت- لبنان- ٢٠١١.ص٤٠٢.

دانابوو، جێگیری کردبوو[٢٢]. دیاری کردنی سنووری جوگرافیان زۆر سەختە، بەڵام جوگرافیای (سارگۆن) بەم شێوەیە سنوورەکانیان دەست نیشان کردووە: لە چیاکانی ئورزەوە[٢٣] تا (ئەنشان): وڵاتی "سوبارتوو" بووە، واتە ڕووبەرێکی ئەوەندە فراوان (گاد)بەسەر سوڕمانەوە بپرسێت: ئایا (سوبارتو) دەبێت لەڕاستیدا ئەوەندە فراوان بووبێت، فراوان تر لە وڵاتی ئەکەد. لە دەقەکەی سارگۆن خۆیدا بەگەورەترین وڵات ناوزەد کراوە، لە پاشدا (سوبارتو) و (ئیلام) پێکەوە دێن؟[٢٤].

بۆ یەکەمین جار کە ناوی (سوبیر) هاتبێت لەسەردەمی پادشا (ئای ناتم) لەساڵانی (٢٥٢٠ – ٢٣٥٥ پ.ز)، هەروەها پاشایانی(لگش) لەساڵی (٢٢٨٤ پ.ز) ناویان بردووە، هەروەها سەرگۆنی ئەکەدی لەساڵی (٢٣٤٠ پ.ز) ناوی بردووە، (ئی – ئەننام ٢٤٥٤ – ٢٤٢٥ پ.ز) بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر (سوبار)یەکاندا نەخشێکی تۆمار کردووە، لەو سەردەمەدا ناوچەکانی باکووری دیالە تا زێی گەورە بەئاشووریشەوە گرتبووەوە، ناوەندەکەی (خەمازی) بووە، بە (سوبارتوی) تەواو ناوی بردووە، دواتر لە دەوروبەری (٢٢٠٠ پ.ز) (سوبیر) ناوچەیەکی فراوانتری

---

٢٢ د. جمال ڕەشید ئەحمەد، کەرکوک لە چاخە کۆنەکاندا، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ، دهۆک ٢٠٠٨، ل ٢٢.

٢٣ چیاکانی ئورز زۆر جار بەچیاکانی ئەمانوسی ئێستا لە لوبنان دەناسێندرێت، لەبەرئەوەی لە ڕۆژگاری ئێستادا ئورز لەوێ هەیە. ئەگەر ئەم شوێن دیاری کردنە بەهەند وەربگرین، ئەوا وڵاتی سوبارتو هەر لە ئەنشانەوە پایتەختەکەی لە (تەللی مالیان)ە لەباشووری ڕۆژئاوای ئێران، تاکو کەناری دەریای ناوەڕاست لە لوبنان دەبێ کشابێت، لێرە باس لە داری ئورز هاتووە بۆیە دەبێت بیر لە داری ئورز لە باکووری میسۆپۆتامیا و سەرزەمینەکانی کوردستانی کۆن بکەینەوە، وەک سۆمەرۆلۆجستی زانکۆی لایدن بەڕێز کریسپاین Krispaijn بەزارەکی جەختی لەسەرکرد و وتی: وادیارە داری ئورز لەکاتی خۆیدا لە چیاکانی کوردستانیشدا هەبوون، بەڵام هەر لەسەردەمانی زوودا کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بەربڵاوی بڕین و ڕووتاندنەوە، تاکو لەم ناوچانەدا دوایی پێ هاتووە، بەبێ ئەوەی یادگاریان لەسەر زاری خەڵک مابێتەوە، دەکرێت نووسراوی سەر پەیکەرەکەی (باستکی) لەم دواییانەدا لە ئەنتیکەخانەی عیراقی لەبەغدا کە بەتاڵان برا، بکەینە پاڵپشتی ئەم وتەیە، پەیکەرەکە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر ڕێگای نێوان دهۆک و موسڵ لەنزیک گوندی باستکی دۆزرایەوە، لەنووسراوەکەی سەری (نەرام –سین) شانازی بەسەرکەوتنێکیەوە لە وڵاتی سوبارتو دەکات، سەرکەوتنی بەسەر su–ut i–RIN–nim LUGAL ri واتە : "پادشایان (چیاکانی درەختی) ئورز(؟)" بروانە: رشید، د. فوزی " دراسە اولیە لتمثال باسطکی "سومر ٣٢، الجزو١ و ٢ (١٩٧٦) ص ٥٣ س ١٨، ص ٥٧" بەڵگەیەکی تر نامەی ئور– دون Ur– dun ە بۆ شولگی šulgi ی پاشای ئور (بنەماڵەی سێیەمی ئور) تیایدا دەڵێت: پادشاکەی شولگی یە ناردبووی بۆ چیاکان بۆ کڕینی ڕۆنی ئورز، کەچی دار و دەستەکەی ,,ئەپیللاشا Apillaša" ی فەرمانڕەوای سوبیر ڕووتیان کردووەتەوە، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

٢٤ د جەمال رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

دەگرتەوە، ناوەندەکەی لە (خاپوور) بووە، دوای هاتنی ئاشوورییەکان بۆ ناوچەکە، دوای داگیر کردنی بەشێکی (سوبار)یەکان، بەرەو چیاکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات پاڵیان نان، دواتر بەئاشوور ناسرا[٢٥]. سنووری (سۆبار)یەکان زۆر فراوان بووە، لەڕۆژهەڵاتی وڵاتی (ئیلام) و تا کێوەکانی (ئامانۆس) واتا هەتاکو ڕۆژئاوای ڕووباری فورات، و گرنگترین شاری (شرشین) بووە، لەدەقێکی سۆمەرییەکان باسی کردووە[٢٦]، ئەم شوێن دیاری کردنە لەلای باکووریەوە پەسندە، بەڵام لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە زۆر زیاتر ڕۆیشتووە، ...وڵاتی (سوبارتو) بەو سەرزەمینە وتراوە دەکەوتە باکووری (گوتیوم) و ڕۆژهەڵاتی (ئامور)ەوە، پێدەچێت سەرەتا (سوبارتو) وڵاتێکی بچوک بووبێت و دواتر فراوان بووبێت. بەپێی هەندێک بەڵگەی نووسراو ئەوەی لێی هەڵێنجاوە (سوبارتو)یەکی بچوکتر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین (٢٤٠٠ پ.ز) لەباکووری میسۆپۆتامیا و کوردستان هەبووە، پێی دەڵێت: (سوبارتوی بنە Subartu proper) (سوبارتو)یەکی تر بۆیەکەم جار لە (٢٢٠٠پ.ز) تۆمار کراوە، لە زاگرۆسەوە تا (ئەمانوس)ی گرتووەتەوە، پێیدەڵێت: (سوبارتوی مەزن – Greater subartu) لەوانەیە ئەم ڕووبەرە فراوان و پەل کێشانە گەورەیە هۆی ئەوە بێت (سوبارتو) لە هەندێک دەقی کۆندا بە کۆ نووسراوە (وڵاتانی سوبارتو) بۆ نموونە: لەسەردەمی ئیسلامدا هەرێمی کوردستان بە (اقلیم الجبال) دەناسرا، زۆر ناوچە و سەرزەمینی بچوکی تری دەگرتەوە، لە سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست (سوبارتو) وردە وردە پوکایەوە، کشانەوە کێوەکان و سەر زەمینێکی بچوک لە کەژو کێوەکانی باکووردا بوون. بەڵام لەناو خاکی ئاشووردا (سوباری) یەکان لە ئاشوورییەکان زیاتر بوون، بەڵام بەهۆی دەسەڵات و تێپەڕینی کات لەناو ئەواندا توانەوە[٢٧].

زمانی دانیشتوانی بنەڕەتی پێشینەکان، چەند زاراوەیەک بوون، لەیەک تێدەگەیشتن، وەکو زاراوەکانی ئێستا[٢٨]. ناسنامەی نەژادی (سوباری)یەکان و پەیوەندیان بەخورییەکان بابەتی گفتوگۆی نێوان توێژینەوەی ئەسیرۆیۆلۆجیستەکان بوو، لە یەکێک لە لەتابلۆکانی گردی (فارە) دەڵێت: (سوبار)یەکان زۆربەیان پیشەگەر بوون، وەک نانەوا، کانزاساز، نووسەر و هی تر. هەندێک بەروبوومیش

---

٢٥ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٢٦ شاخەوان فایەق ئەلیاس، مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر، ٢٠٠٨.ل ٥١.

٢٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

٢٨ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە...، مصدر السابق، ص٤٨.

هەبــوون بە (ســوباری) ناســرابوون وەک: گەنــم، هەنجیــر، هەنــار، قــۆخ، خــوری سوباری، جۆرێک بەرگی ناسراو بەسوباری و عەرەبانەی سوباری. ئەوەی گرنگی تایبەتی هەیە، هەندێک دوعا و نوشتەی سەردەمی بابلی کۆن بەزمانی (سوباری) لە دقێکــی بــابلی کۆنــدا نووســراون (YBC 1836) لەڕێکەوتنــامەیەکی ســەردەمی ئاشووری کۆندا سوێند بەخواوەندەکانی (سوبارتو) خوراوە[٢٩].

لەســەردەمی ســێیەمی ئــور (سـۆبار)یەکان هاوپەیمانیەکیــان لەگەڵ ئیلامیەکــان بەستووە و توانیویانە شاری (ئۆز) داگیر بکەن، لەبەر ئەوە لەدەقێکدا زۆر بەخراپی باسی ئەم نەتەوەی کردووە و بەتێکدەر و ئاژاوەگێر ناوی بردوون[٣٠]. هەرچۆنێک بێت ئەوەی دەردەکەوێت (سوبارتو) لە باشووری کوردستانی دەسەڵاتیان هەبووە، و لەگەڵ گەلانی میسۆپۆتامیا بەرەو ڕوو بوون، فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری ئەو ناوچەیان کردووە، بەڵام بەپێی کات و سەردەم دەسەڵاتی زیاد و کەمی کردووە.

**شوێن**

وڵاتــی (ســوبارتو) بەو ســەر زەمیــنە وتــراوە دەکەوتە بــاکووری (گوتیــوم) و ڕۆژهەڵاتــی (ئــامور)ەوە، وڵاتــی (ســوبارتوو) هەر لە (ئەنشــان)ەوە پــایتەختەکەی لە (تەللی مالیــان)ە لەباشــووری ڕۆژئــاوای ئێــران، تــاکو کەنــاری دەریــای ناوەڕاســت لە لوبنــان دەبــێ کشــابێت، فــراوان تــر لە وڵاتــی ئەکەد لە دەقەکەی (ســارگۆن) خۆیــدا بەگەورەترین وڵات ناوزەد کراوە و لەپاشدا (سوبارتو) و (عیلام) پێکەوە دێن؟. (د جەمال ڕەشید) ئەوانە نەتەوەی ناوچە شاخاویەکان بوون، لەباکووری نێوان دوو زێیــان (هەردوو ڕووبــارەکە) لەنــاوچەی دورگەی گەورە و ڕۆژهەڵاتــی دیجــلە نیشتەجێ بوون، نیشانە و سیمای خۆیان هەبوو، لەناوچەکانی باکووری عیراقدا کەبەوڵاتی ئاشوور ناسرا، شارە سەرەکیەکانی نەینەوا، ئاشوور، هەولێر، ئارابخا (نــوزی کەرکــوکی ئێســتا) بــوو[٣١]. دواتــر لە دەوروبەری (٢٢٠٠ پ.ز) (ســوبیر) نــاوچەیەکی فراوانتــری دەگــرتەوە، ناوەنــدەکەی لە (خــاپوور) بــووە، دوای هــاتنی ئاشــوورییەکان بــۆ نــاوچەکە دوای داگیــر کردنــی بەشــێکی (ســوبار)یەکان بەرەو چیاکــانی خــۆرهەڵات و بــاکووری خــۆرهەڵات پاڵیــان نــان، دواتــر ئەو نــاوچەیە بەئاشوور ناسرا[٣٢].

---

٢٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

٣٠ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

٣١ ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم لوبنان ٢٠٠٩، ل ٩٧٦.

٣٢ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

**ڕەگەز**

لە ڕووی نەژادەوە (سوباری)یەکان یەکێک لەو گەلانە بوون بە (گەلانی زاگرۆس) ناسراون، هەندێکیش قەوقازیان پێدەڵێن، ناسنامەی نەژادی (سوباری) یەکان و پەیوەندیان بەخورییەکان بابەتی گفتوگۆی نێوان تـوێژینەوەی ئەسیرۆیۆلۆجیستەکان بوو[٣٣]. هەرچۆنێک بێت لەدانیشتوانی کۆنی زاگرۆس ئەژمار کراون.

**ئاین**

داگیرکارییەکانی کۆن باوەڕداری و پەرستن و کەش و هەوای دینی، شوێنێکی گەورە و گرنگی لە ژیانی گەلانی کۆندا هەبووە، شوێنەواری بەئاشکرا لەکاروانی پێشکەوتندا هەبووە. ئەگەر لایەنی دینی لەبەرزترین هۆکاری کاریگەری پێشکەوتنی نەتەوەکانی کۆن بووە، ئەوا بەشداری کرد لەدیاری کردنی مانەوەی گشتی داب و نەریت و یاسا، و کاریگەری هەبوو لە ژیانی ئابووری و هونەری و ئەدەبیدا. ئەو بابەتە دینیە لێکدانەوەی لەسەر توانای گەورە و گرنگی لەسەر زانیاری مێژوویی و پێشکەوتن و بەڵگەی ئاینی نەتەوەکانە[٣٤]. هەندێک دوعا و نوشتەی سەردەمی بابلی کۆن بەزمانی (سوباری) لە دقێکی بابلی کۆندا نووسراون (YBC 1836) لەڕێکەوتنامەیەکی سەردەمی ئاشووری کۆندا سوێند بە خواوەندەکانی (سوبارتو) خوراوە[٣٥]. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ (سوباری)یەکان خاوەن بیروباوەڕی ئاینی خۆیان بوون.

**لوللوبییەکان کێ بوون؟**

زنجیرەی چیاکانی زاگرۆس و بنار و داوێنەکانی چەندین گەل و خێڵی تێدا ژیاوە، یەکێک لەو گەلانە (لوللوبی)یەکان بوون، گەلێکی تری کوردستانی کۆن بوون، یەکێکن لەو گەلانەی نەتەوەی کوردی ئێستایان پێکهێناوە، مەڵبەندی ژیانی (لوللوبی)یەکان شارەزوور بووە، هاو زەمانی سومەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەکان بوون، ئەوەی ساغ بۆتەوە (لوللوبی)یەکان لە ڕەگەزی (سامی) نین.

---

٣٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

٣٤ طه باقر، تاريخ عيراق قديم، مصدر السابق، ل ٥.

٣٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

مێژوونووس و شوێنەوارناسەکانی عەرەب بەتایبەتی ئەوانەی عیراق، هەروەها ئەوانەی جولەکەن، هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی شارستانی میسۆپۆتامیا بەتایبەتی ئەکەدی و بابلی و ئاشووری بکەن بە شارستانیەکی (سامی)، تائێستا نەیانتوانیوە ڕەگەزی سومەری ببنەوە سەر گەلانی سامی و نەیانتوانیوە ڕەگەزی گەلانی زاگرۆس دیاری بکەن. کەباسی زاگرۆس دەگێڕنەوە، بەشەڕاوی دواکەوتووی دوور لە شاستانیەتی باسیان دەکەن.

زۆر لەو مێژوونووسانەش کەباسی (لوللوبی)یەکان دەکەن بەگەلێکی شەڕانی و دواکەوتووی دادەنێن، سەرومڕ لە کێشە و ناکۆکی دابوون، لەگەڵ شارستانێتی میسۆپۆتامیا بەیەکێ لە هۆکانی هەرەس و کۆتایی ئەو شارستانیەیان دادەنێن. هەواڵی (لوللوبی)یەکان چەند جارێ لەلاوژە و داستان و بەڵگەکانی ئەو سەردەمەدا هاتووە: لە کێلی سەرکەوتنی نارام سین دا، لەهەندێ خشتە نووسراوەکانی شمشارەدا، لە مۆنۆمێنتی ئانوبانینی سەرپولی زەهاودا، لە بەردە نووسراوەکانی (بێتواتە) و (هەڵەدنی) دا، هەروەها لەلاوژەی (لوگالباندا) و (مەلی ئانزود) و لەلاوژەی (نارام سین)، ناوی (لوللوبی) باس کراوە. بەرگری زۆریان لە خاک و وڵاتی خۆیان (کوردستان) کردووە، لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری دوژمنانیان بەتایبەت ئەکەدی و ئاشوورییەکان.

دانەری (لاوژەی نارام سین) ڕووخساری (لوللوبی)یەکانی بەقەلەڕەش و بیچمیانی بە داڵ شوبهاندووە، گوایە شاکەیان و باوکیان ناوی (ئانوبانینی) و شاژنەکەیان و دایکیان ناوی (مالیلی) بووە، حەوت برا سەرکردایەتی لەشکرەکەیان کردوون، لەچیاکانەوە هاتوونەتە خوارەوە هێرشیان هێناوە، باسی چەند شەڕێ دەکا، (لوللوبی)یەکان بەجۆرێکی ئەوەندە سەخت لەشکرەکەی نارام سین یان شکاندووە، گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی (لوللوبی)یەکان مرۆڤ نەبن و شەیتان بن، ئەفسەرەکانی ڕاسپاردووە چەند کەسێکیان لێ بەدیل بگرن، تاقی کردنەوەیان لەسەر بکەن، بەتیر کەللەسەریان کون بکەن، بزانن خوێنیان لێ دێ، یان نا، ئەگەر خوێنیان لێ بێ ئەوا دیارە ئەوانیش مرۆڤن و دەتوانرێ بشکێنرێن و لەناو برێن، ئەگەر خوێنیان لێ نەیەت ئەوا ئەوان دێو و درنج و شەیتانن، چار ناکرێن و دەبێ لەدەستیان ڕابکەن، کەسەری دیلەکانیان بریندار کردووە و خوێنیان لێ هاتووە، بۆیان دەرکەوتووە ئەوانیش، وەکو ئەمان مرۆڤی ئاسایین، ئەوسا پەلاماریان داون و شکاندوویانن.

تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی تێروتەسەل تایبەت بەگەلی (لوللوبی) نەکراوە، زانیاریەکانی هەن کەم و ناتەواون، ئەوانەش لەسەریان نووسیون هەمان زانیاریەکانی پێش خۆیان دووبارە کردۆتەوە، ڕەنگە لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی لەپاشەڕۆژدا بتوانێ هەندێ لایەنی تاریکی مێژووی گەلی (لوللوبی) زاگرۆسی ڕوون بکاتەوە[٣٦].

### ناوی لوللو یا لوللوبووم

ناوی کۆن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی گرنگی تایبەتی هەیە، ساخ کردنەوەی و چوونە بنج و بناوانی ڕەنگە هەندێ جار یارمەتیدەر بێت، بۆ ڕووناک کردکردنەوەی هەندێ لایەنی تاریکی قۆناغەکانی ڕابردوو. تۆمارکردن و ساخکردنەوە و لێکدانەوەیان و دۆزینەوەی ڕەگ و بنجەکانیان بەیارمەتی فەرهەنگی زمانە زیندووەکان و بە یارمەتی فەرهەنگی زمانە مردووەکان، ئەشێ هەندێ مەتەڵی هەڵنەهێنراو بۆ توێژەرەکان ڕوون بکاتەوە[٣٧].

لای سومەرییەکان لوللو وەک کۆمەڵێک خەڵکی ئەثنۆگرافی کەلەناوچە شاخاویەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی نێوان دوو ڕووبار دەژیان، ناوەکەیان بە چەند شێوەیەکی جیاوازی تێکەڵاو بەکاردەکات، بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار بەپێی زمان گۆڕانکاری بەرسەردا هات.[٣٨] (لوللوبی)یەکان ناوەکەیان بەسەر وڵاتەکەشیاندا بڕابوو، کە تێیدا دەژیان، جیاوازی ناوەکەیان لەهی گوتی کەمترە، ناویان بەزۆر شێوە هاتووە، وەکو (لۆلۆ، للۆی، لۆلۆیۆم، لولومی، لوللوبی)[٣٩]، لەنامەکانی شمشارەدا بە شێوەی (Lullu (um) هاتووە، نیشتمانی (لوللوبی) یەکان بەگشتی ناوچەی سلێمانی و بەتایبەتی لە دەشتی شارەزوور و دەوروپشتەکەی چەقی بەستبوو، نزیکترین دراوسێی (ئەررابخا) بووە[٤٠].

---

٣٦ نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٢. ل ١٨.

٣٧ نەوشیراون مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

٣٨ الدکتورجمال رشید احمد، دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو، بغداد ١٩٨٤، ص ١٠٩.

٣٩ شاخەوان فایەق ئەلیاس،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

٤٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

## دەرکەوتنی لوللوبی

لەبــاکووری میســۆپۆتامیا هەنــدێ نەتەوە دەژیــان، بەتــایبەت ئەوانەی لەدەقە مێخیەکانــدا ناویــان هــاتووە، بەنــاوی (لوللوبــو) دوای ئەوانــیش کوتیەکــان، (لوللوبو)یەکـان، هەمـوو ئەو ناوچانەیـان گرتبـوو بەسـەر ڕێگـای بەغـدا، کرماشـان، هەمەدان، تاران دا زاڵ بوو، (سـەرگۆنی ئەکەدی) و (نرام – سـین)ی نەوەی هێرشـی کـرد و ئەو هەرێمـانەی داگیرکـرد، بەشـێوەیەکی تـایبەتی (لوللوبـو) و (کوتیەکـان)، شـوێنەواری ئەو شــەڕە گەورەیە لەنەخشــە بەردەکەی نـرام سـین لە شـارەزوور نووسـراوە. بەسـەر ئەو ڕێگـا بازرگـانیە گـرنگەدا زاڵ بـوون، کە دۆڵـی (ڕافـدین) و (ئێرانی) بەیەکەوە دەبەستەوە[٤١].

لە بەڵگەکانی شمشـارە دا لە دەقی((SH.812[٤٢] و (54 - 50) SHA 2)) نـاوی (لوللوبی)یەکـان هـاتووە، ئەوە ڕوونە لەسـەرەتای هەزارەی دووەمـی پـێش زایـین نـاوی (لوللوبی)یەکـان لە میسـۆپۆتامیا بەکارهـاتووە، وەکـو زاراوەیەکـی نەژادی بـۆ دانیشتوانی شـاخەکان، بەپێی نووسـراوەکانی شمشـارە (لوللوبی)یەکان لە دۆڵەکانی زاگـرۆس شانشـینیان هەبـووە، ئەوان دابەش بـوون بـۆ سـەر چەنـد نـاوچەیەکی سیاسی بچوک، هێڵی نەژادیان ئەوە پێشنیار دەکات، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیان دابەش بووە بەسەر ناوچە شاخاوییەکاندا، هەر گروپێک نـاوچەی خـۆی هەبـووە، ئەوەش لەگەڵ شـێوەی مێـژووی زاگـرۆس دەگونجێـت، بەزۆری لەسـەر ڕاوکردن و شتی تر، کەپەیوەندی بەکشتوکاڵەوە نەبوو دەژیـان[٤٣]، سنووری وڵاتـی (لوللـو) بە تەواوی دیـارنیە، بەڵام بەگـوێرەی نەخشــەکانی مێژووی کـۆن و هەنـدێ زانیاری لە بەڵگەنامەکانی دۆزراوە دەرهێنراوە، دەبێ لە باکووری (زامـوا) نـاوچەی (نــامری) لەلای ڕۆژهەڵاتەوە (ســومی) و (هاشــمار) و (هارهــار)[٤٤] (هاڵمــان) لە ناوەوەش (لارا) و (سیماش) (کیماش – توزخورماتوو) بووبێ. لەلای خـواروو لەگەڵ

---

٤١ طه باقر، مقدمە فی التاریخ الحضارات القدیمە- حضارە وادی النیل،مصدر السابق، ص ٤٢٩.

٤٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

43 Jesper Eidem, Jørgen Læssøe, The Shemshāra Archives Volume 1: The Letters. (2001), Denmrk: Kgl. Danske Videnskabernes Selskab.p.30.

٤٤ شاری هارهار توشی دەستدرێژی سارگۆنی ئاکاد بووە لەسـەدەی ٢٨پ.ز گرفتاری هێرشـی سـارگۆن بووە، سارگۆن نـاوەکەی گۆڕیوە، بە کارشـاروکین نـاوی بردووە واتە (شـاری سـارگۆن)، ڕەنگە لە جێگەی (هەڵەبـجەی) ئێسـتا یـا لە نـزیکیەوە بـووبێ. ئەمـین زەکـی بەگ، سـەرچاوەی پێشـوو، بـروانە: شـێخ مـحەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، چاپی یەکەم، ٢٠١١. ل ٦٨.

وڵاتـانی(باراهسـی) و (تـوکریش)ی ئیلامـدا دراوسـێ بـووبێ، لەلای ڕۆژئـاوا وڵاتـی (ئاررافا – ئارابخا) واتە کەرکوکی ئێستا هەبووە.

شـارە بە ناوبەنگەکـانی (بابیـت) (داغـارا) (بـارا) (کـاکری) (زیمیـری) (هـۆدون) (مەسـۆ)(ئـارزیرۆ) وە قەڵای(ئـۆزێ) و (کینبـا) بـووە، شـاخی بەناوبـانگی (نیسـیر – Nisir) یـا(کینبـا – شـاخی (رزگـاری نیکـدیم)، (ئیکـدی – ئیـرا)، (سـیماکی)، (ئـازیروا – Aziru ئەزمر)، کولار -Kullar – ئاسـۆس)ی ئێسـتا، (لالار)، (سـوانی – Suaui)، (نیشپی – Nišpi)، شاخی هەورامان، بووە.

چەمی (ڕادنو – Rādnu – عوزێم) و (ئەدیر – Adir)یشی دیارە. وا پێ دەچێت (زامـوا) کرۆکی وڵاتـی (لوللـو) بـووبێ، (زامـوا)ش بەهەمـوو لێکدانەوە و بۆچوونێک دەشتی شارەزوور بووە، ناوەکانیان لە ساڵنامە و نووسینەکانی (ئاشوور ناسیرپاڵ) و جێ نشینەکانی دوای خۆی داهاتوون. (مێدڤێدسیکا) گەیشـتووەتە ئەنجامی ئەوەی (مـازاموا) لەگەڵ (زامـوا) یەک نـایەتەوە، بەڵکـو (مـازاموا) ئەو نـاوەیە (شەمشـی – ئەدەد)ی پێـنجەم لەو هەرێـمەی نـا کە خـۆی لە خـاکی (زامـوا)ی دابـڕی و جیـای کردەوە[٤٥].

ئەم نەتەوەیە لە نـاوچەی سـلێمانی ئەمـڕۆدا ژیـاون، و وڵاتـی (هالمان)یشـیان دەسـت کەوتـووە، شـوێنەواری دۆزراوەی کەرکـوک و هەنـدێ بەڵگەنـامەی تـر، دەربـارەی ئەم نەتەوەیە زانیـاری باشـی تێـدایە، لە تـابلۆیەکی دۆزاوەی (زەهـاو)دا کەهـی (ئـاننو – بـانینی)[٤٦] سـەرکردەی (لوللـو) و (گـۆتی)یە لە سـەدەی بیسـت و هەشتەمی پێش زاینی نوسراوە، دەڵێ: نـاوچەی (هالمـان) وڵاتـی (حەلـوان)ی دەوری ئیسلام و نـاوچەی (زەهـاو)ی ئێسـتا، ئەویش بەدەسـت (لوللـو) وە بـووە، بەگـوێرەی وردبینـی و لێکـۆڵینەوەی (دکتـۆر سـپایزەر)، ڕەنـگە هەنـدێ لە حاکمـانی ئاشـووری

---

٤٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

٤٦ نەخشی سەرپولی زەهاوی سەربە ئوستانی کرماشان لە کوردستانی ئێران، نووسینی لەسـەرە و دوای خوێنـدنەوەی دەرکەوتـووە نەخشـی شـای لوللوبی"ئـانو- بـانینی"ە، دوژمنەکـانی شـکاندووە و لەبەرپێیـدا بەکەساسی کەوتوون، پێی لەسـەر سنگی یەکێکیان داناوە، دوانیش بەدەست بەستراوی خۆیان خزاندۆتە پشتی مـاخوانینی و شەشـی تریش بەڕووت و قوتی لەژێر پێیەوە ڕیز کراون، بەخەتی مێخی و بەزمـانی ئەکەدی لەتەنیشتیەوە نووسراوە،: ئانو بـانینی شـای لوللوبوم نیگاری خۆی و نیگاری نینی لەکێوی بـاتیر کێشاوە، ئەو کەسەی ئەم تەختە بسڕێتەوە، گرفتاری نەفرینی ئانو، ئانونوم، بەل، بلیت، رامان، ئیشتار، سین، و شاماش بێ و وەچەکانی تەفروتونابن. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، بەدەم ریگاوە گولچنین، کتێبی یەکەم، ل ٢٠.

سەدەی (١٨) و (١٩)ی پێش زاینی، لە نەتەوەی (لوللو) بووبێ، لەوانەیە قۆڵێکیشی لە سوریەدا بووبێ، لەسەدەی (٢٨)ی پێش زاینی لە کاتی (سارگۆن) سەرکردەی ئەکەد، پاشای لوللو (لاسیراب - Lasirab) بووە، (مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک) بەگوێرەی تابلۆیەکی نوسراوە لە (دەربەندی گاور)[٤٧] لەسەر شاخی (قەرەداغ)[٤٨]. دۆزراوەتەوە، لەلایەن (نارام - سین)ی سەرکردەی (ئەکەد)، کاتێ ئەم سەرکردەیە هاتۆتە وڵاتی (لوللو)، لەگەڵ پاشای ئەکەد جەنگاون و شکستیان خواردووە، وڵاتەکەیان زەوت کردووە، باسی ئەو شەڕە بەدرێژی لە و تابلۆیەدا نوسراوە. (لە کتێبی (تاریخ القدیم شرق قریب) دا لە خشتەی حوکمدارانی کۆندا (ساتونی[٤٩].(Satuni ناو سەرکردەی (لوللو) بەهاوسەردەمی (نارام - سین) دادەنێ ڕەنگە سوپای ئەکەد ئەم سەرکردەیان شکاندبێ[٥٠].

---

٤٧ ئەم تابلۆیە لەلایەن (مێجەر ئەندمۆندس)ەوە دۆزراوەتەدا دەربارەی ئەمە لە کۆمەڵەی (تاریخی غەزتە) لە ژێر ناونیشانی (دوا پاشماوەی کۆن لە کوردستان) وتارێکی زۆر باشی نوسیووە.

٤٨ زنجیرە چیای قەرەداخ ناوچەیەکی سەختە و گەلێ شەڕ و لەشکرکێشی لەوێ ڕووی داوە، زۆرجار لەنووسراوەکانی ئەکەدی و ئاشووری ناوی هاتووە، ئەم شاخە سەرێکی دەربەندی بازیانە و سەرەکەی تری دەربەندیخانە، چەندین دەربەندی تێدایە لەوانە: دەربەندی باسەڕە، دەربەندی سەگرمە، دەربەندی ئەستێڵ، دەربەندی گۆشان، دەربەندی گاور.

٤٩ نارام - سین نەوەی سەرگۆنی ئەکەدی بووە، لەسەدەی بیست و سێیەمی پێش زاییندا شای وڵاتی ئەکەد بووە، لەسەردەمی ئەو دا چەندین هەڵگەڕانەوە و یاخی بوونی لە وڵاتەکەی سەری هەڵداوە، چەند جارێ هێرشی کراوەتەسەر، ئەویش زنجیرەیەک لەشکرکێشی کردووە بۆ سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشووری وڵاتەکەی، لەوانەش بۆ سەر مەڵبەندی ژیانی گەلی لوللوبی، لەشەڕێکدا لەگەڵ گوتیەکان سەری تێداچوو (٢٢٠١- ٢٢٠٢ پ،ز).

نارام- سین گۆیا لوللوبیەکانی لەشەڕێکدا شکاندووە شاکەیان ساتونی سەرکردایەتی کردوون، سەرکردەکانی بەدیل گرتوون، وڵاتەکەی لێ داگیر کردوون، بەپێی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسەکان بۆ یادەوەری و پیرۆزی ئەم ڕووداوە گەورەیە "کێلی سەرکەوتن"ی لەبەرد تاشیوە و لەپایتەختەکەیدا چەقاندوویەتی، لەو کێلەدا خۆی وەکو قارەمانێکی خاوەن زۆر و توانا هەنگاو دەنێ و لوللوبیەکانیش بەشکاوی لەبەر پێی دا کەوتوون.کێلەکە نزیکەی دوو مەتر بەرزە ، لەبەرد داتاشراوە، نارام- سین خۆی کەوایەکی کورتی لەبەر دایە، سنگی ڕووتە، تیر و کەوان و تێڵای پێیە، کڵاوێکی لەسەر دایە، دوو شاخی پێوەیە، ئەوەش بەپێی لێکدانەوەی شوێنەوارناسەکان نیشانەی "خوایاندن= تألیە" ی نارام - سین بووە. لەهێرشێکدا کە ئیلامیەکان کردوویانە بۆ سەر "سیپار" و ئەکەدیەکانیان شکاندووە و شار و ئاواییەکانیان تاڵان کردوون یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو تاڵانیە ئەم کێلە بووە، لەگەڵ خۆیان بردوویانەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان تیمێکی ئارکیۆلۆجی فەڕەنسی بەسەرپەرشتی دومۆرگان ساڵی ١٩٠١ لە "سوسە" بردویانەتەوە بۆ فەرەنسا لەمۆزەی لۆڤەر دایان ناوە، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

٥٠ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

لوللوبوم لەسەردەمی (بەرەبابی سێیەمی ئور) دووبارە، وەکو ئامانجی مەشقی سەربازی میسۆپۆتامیا دەرکەوتەوە، لە ناو ساڵنامەکانی (Formulae) (شولگی) دا لە نێوان سەدەی(٢١ پ.ز) سێ جار لەشکرکێشی بەرەو ڕۆژهەڵات ئەنجام دراوە، لەو ماوەیەدا سێ جار داگیر کرانی (لوللوبوم) لەلایەن سوپای (شولگی) ئەنجام دراوە، واتە لە ساڵەکانی بیست و شەشەم، چل و پێنجەم، چل و شەشەمی فەرمانڕەوایی ئەو. لەم هەموو بارانەدا ساڵنامەکان ئاماژە بۆ داگیر کرانی (شیموررروم)[٥١] یش دەکەن، لە هەمان کاتدا بووە، ئەو شارەی (بی. مێنسەر) شوێنەکەی بە دراوسێی (ئاڵتون کۆپری) داناوە. کەوا بەسەر خاکی ئەواندا گەیشتونەتە خاکی (لوللوبوم)[٥٢].

شارستانیەتی ئەو کاتەی نەتەوەکان زیاتر پەیوەست بووە بەبواری کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەر، (لوللو)ییەکانیش بەم کارانەوە خەریک بوون[٥٣]. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی سەردەمی (ئاشوورناسرپاڵ)ی دووەم، وڵاتی (لوللو) زۆر ئاوەدان و خەڵکەکەی لە شارەستانیەت و پیشەسازیدا لەپێش بوون، بەپلەیەکی وا ئەم سەرکردە ئاشووریە زۆر خەڵکی پیشەگەری لەم وڵاتەوە بردووە بۆ ئاشوور[٥٤].

(لوللو)ییەکان لە وڵاتەکەیاندا کۆمەڵێک شوێنەوار و کاری هونەریان بەجێهێشتووە، بەڵگەن لەسەر ئاستی شارستانیەتیان، پاشان لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا بەهونەری بیناسازی ناویان دەرکردووە، هەربۆیە (ئاشوورناسرپاڵ)ی دووەم (٨٨٢ - ٨٥٩ پ.ز) ژمارەیەکی زۆری (لوللو)ییەکانی هێنا بۆ وڵاتەکەی لەوێ بە بیناسازی و پەیکەرتاشی باش ناسران، لەو وڵاتەشدا ژمارەیەک بینا و پەیکەریان دروست کرد[٥٥].

---

٥١ سیموروم: Simurum، بە شیمورومیش تۆمار کراوە، بیروڕای جیاواز دەربارەی شوێن یا سنووری هەیە، هەندێک شوێنەکەی بە پردێ (ئاڵتون کۆپری) باکووری کەرکوک، هەندێک بەسیروان دیاری دەکەن، لە سالآنی نەوەدەکان دەقێکی پاشایەکی سیموروم دۆزرایەوە، کەناوی ئیدی سین بووە، بەپێی ئەو دەقە ناوچەی دوکان و نەخشێکی کوڕێکی ئەم پاشایە لە گوندی بێتواتە دۆزرایەوە،بەو پێیە ناوچەیەکی زۆر فراوان دەگرێتەوە، بەتایبەتی سنووری دەوڵەتەکە، لەنێوان زێی بچوک لە دەوروبەری پردێ تا ناوچەکانی سەرەوەی زێ لە باشوور گەیشتووتە ڕووباری سیروان.

٥٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

٥٣ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

٥٤ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

٥٥ د.جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٤.

جل و بەرگی (لوللو) تاڕادەیەک وەک هی (ماد) و (کاسی)یەکان بووە، وەک لە تابلۆی (ئانتوبانینی) و کەتیبەی (نارام سین) دەردەکەوێ جل و بەرگیان بریتی بووە، لە بەرگێکی سوکەڵە و داوێنی ڕیشودار و پێستێکیبەڵەکیشیان بەسەر شانی داداوە، سولکیان تەخت بووە، (لوللو)کان ڕیشی کۆرپە و قژی درێژ و هۆنراوەیان هەبووە، دوایە (ماد)ەکان و (پارس)ەکانیش لاسای ئەوانیان کردۆتەوە[٥٦]. وەک دەردەکەوێت (لوللوبی) یەکان لە کۆمەڵگایەکی هۆزایەتیدا ژیاون، شانشین و میرنشینیان پێک هێناوە، لەکاتی شاڵاو و مەترسی دەرەکیدا یەکیان گرتووە، لەکاتی تریشدا ناحەز و ڕکابەری یەک بوون، لەنامەکانی (شمشارە)دا "پاشاکانی لوللوبی" مان بەرچاو دەکەوێت و پەیوەندیان لەگەڵ (کوواری) فەرمانڕەوای (شمشارە) دا هەبووە، (لوللوبی) یەکان شایەکیان هەبووە ناوی (ئیمماشکو (ش) ImmaŠku (Š))بووە و هاوشانی پادشایانی (توکریش) و (ئیلام) بووە، لە زۆر نووسینی ئەدەبیدا (لوللوبی) یەکانیش وەک (گوتی) یەکان بە دوژمنکار و چیانشینی شەڕەنگێزی خاوەن هێزی لە سروشت بەدەر باس کراون، هەروەک لە ئەفسانەی (نەرام - سین) و داستانی (ئێرڕا) و (ئیشوم) دا دەبینرێت[٥٧].

وڵاتی (لوللوم) لە کۆتایی دەوڵەتی ئاشووری ماوەیەکی زۆر لەناو شەڕو شۆڕو یاخیبوونی سەرکردەکانی ئاشووری دا مایەوە، لە کۆتاییدا لەدوای پەیدابوونی حکومەتی (میدیا)، سێیەم پاشای ئەم حکومەتە تازەیە جاری دووەم کەچووە سەر (نەینەوا) بەسەر ئەم وڵاتی (لوللو)یە دا ڕابوردووە، دەوڵەتی ئاشووری تێکشاند و کەوتە دەست حکومەتی (میدیا)[٥٨]. دیارە نابێت ئەوە لەبیر بکەین (لوللو)ییەکان بەدرێژایی سێ هەزارساڵ وەک گەلێکی بەهێز لە ناوچەکانی کۆیە (ساتوقەڵا)ی پاشای لوللوبی (ساتونی) و ڕانیە و قەڵادزێ وە بۆ دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی زرێبار و ناوچەکانی پیرەمەگرون و سلێمانی و دەشتی شارەزوور و قەرەداغ و ناوچەکانی دەربەندیخان لەسەرپولی زەهاو بڵاوبووبوونەوە، چەندین هۆز بوون و لەژێر دەستەڵاتی پاشایەکدا (کەخۆیان هەڵیان دەبژارد) دژی بێگانە و داگیرکەر شەریان دەکرد[٥٩]. لەسەردەمی (شەلمانسەر)ی ئاشووری توشی شەڕ بوون) لەچیای (پیرەمەگرون).

---

٥٦ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

٥٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

٥٨ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

٥٩ دڵشاد عزیز زاموا، نەخشەکەی دەربەند گاور.....،سەرچاوەی پێشوو. ل ٩.

(لوللو)ییەکـان بەرگریـان لەخـاک و نیشـتمانی خۆیـان کـردووە، و بەرەو ڕووی ئاشوورییەکان بونەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات (لوللو)ییەکان نەتەوەیەکی بەهێز و گرنگ بوون، خاوەن دەسەڵاتێکی باش بوون، توانیویانە پارێزگاری لە نیشتمانی خۆیـــان بـــکەن، لەبەرامـــبەر ســـوپایەکی شـــەڕانی، وەک ســـوپای ئیمپراتـــۆری ئاشـوورییەکان، کە بەهێزتـرین هێـزی ئەو سـەردەمە بـوون[٦٠]. (لوللو)ییەکـان تـاکو ســـەردەمی (شەلمانەســـەر)ی ســـێیەم دەوڵەتیـــان هەبـــوو، لە (٨٢٨پ.ز) دەوڵەتـــی ئاشووری کۆتایی بە فەرمانڕەوایی (لوللو)ییەکان هێنا[٦١].

**شوێن**

ئەم نەتەوەیە لە نـاوچەی (زەهـاو – شـارەزوور، سلێمانی) دا بینـراون، مێـژووی هاتنیان بۆ ئەم وڵاتە نەزانراوە، لە سەدەی بیست و هەشتەمی پێش زاینی نوسـراوە، دەڵـێ: نـاوچەی (هالمـان) وڵاتـی (حەلـوان)ی دەوری ئیسـلام و نـاوچەی (زەهـاو)ی ئێستا، ئەویش بەدەست (لوللو) وە بـووە، لەوانەیە قۆڵێکیشـی لە سوریەدا بووبێ[٦٢]. خـاکی (لوللو)ییەکـان وەک (پرۆفیسـۆر سـپایزەر) نووسـیویەتی: بریتـی بـووە لە بەشێکی زۆر لە چیا و بەرزاییەکانی سەرووی (دیالە) تا دەگاتەوە دەریاچەی ورمێ و سەرەوەتر بەرەو باکووری ڕۆژئاوا، ئەو بۆچوونەی ناوبراو لەلایەن دەستەیەک لە خـاوەن ڕا و ڕوانـگەوە وەبـاڵی بـۆ کێشـراوە، ئەو مەڵبەنـدە بەپێـی لەوحەی (ئاننوبـانینی) پادشـای (لوللـو و گـۆتی) لە (٢٨٠٠ ی پ.ز) بریتـی بـووە، لە نـاوچەی زەهـاو و یازەکـان و بەقەولـی عەرەبەکـان (حەلـوان) و شـارەزوور و سـلێمانی، هەروەها بەشێک لە سوریا هی (لوللو) بووە. بەڵام هیچ نیشـانەیەک لە کاتی هاتنیان بۆ ئەم مەڵبەندە بەدەستەوە نییە، ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە ئەوانە هەر لەبنەڕەتڕا خەڵکی ئەم شـوێنە بـوون[٦٣]. (شـێخ مـحەمەد مەردۆخـی) دەڵێـت: سـنووری وڵاتـی (لوللو) بەتەواوی زانراونیە، بەڵام بەپێی نەخشەکانی کۆن و بەڵگەنامەکانی بەدەست هاتوون، ناوچەی (نامری) واتە: (پشدەر و سەردەشت) لە ڕۆژهەڵاتەوە، ناوچەکانی

---

٦٠ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

٦١ ئیحسان نووری پاشا، مێژووی ڕیشەی نژادی کورد، وەگێڕانی لە فارسیەوە:وریا قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٣.ل ٩.

٦٢ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٦٣ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.

(سـومبی) و (هاشـمار) و (هـار هـار)و (هاڵمـان) - (حلـوان) ی سـەردەمی ئیسـلام لەباشوورەوە، ویلایەتەکانی (باراهسی) و (توکریس) و (ئیلام)ی دراوسێی بووە. لە ڕۆژئاواوە پەیوەستی (ئارابخا - کەرکوک) بووە، لە ناوەوە تا ناوچەکانی (لارا) و (سیماش) و (کیماش) بووە[٦٤].

**ڕەگەز**

(لوللوبی)یەکان گەلێکی تری کوردستانی کۆن بوون[٦٥]. لە هۆزە بنەڕەتیەکانی کوردن، لە (کۆمەڵەی زاگرۆس)، شوێنەواری (نارام سین) و بەر لە و ڕێکەوتەش لە (٢٧٠٠ پ.ز) (سارگۆن)ی یەکەمیش لەگەڵ ئەم نەتەوەیە بەشەڕ هاتووە[٦٦].

**زمان**

زمانی دانیشتوانی بنەڕەتی پێشینەکان، زاناکان بە زمانی قەوقازی ناسراوە، زمانی (لوللو)کان لقی زمانی (ئیلام)یە و ئەو ناوە تایبەتیانەی لە نێویاندا باو بووە بەڵگەی ئەو مەسەلەن. ئەوەش جگەلەو وێکچوونەیە لەنێوان زاراوەی ئەو زمانە و زمانی (هوری)یەکاندا هەیە و پرۆفیسۆر (سپایزەر)یش ئاماژەی پێدەکات[٦٧]. ئەوەی ئەگەری هەیە، جیاوازی ڕەچەڵەکی زمانەوانی (زانستی زمان) لەنێوان (توروککی) یەکان و (لوللویی)یەکان نەزانراوە، بەڵام بەپێی بەڵگەکان (لوللو)ییەکان بەشێک بوون لەدانیشتوانی پێش (خوری) یەکان[٦٨].

**ئاین**

لەڕووی ئایین و بیروباوەڕەوە، سەرەڕای ئەوەی کاریگەری میسۆپۆتامیان لەسەر بووە، بەڵام خواوەندی خۆیان هەبووە، خواوەندەکانی (لوللوبی) زۆر بوون، ساڵنامەکانی پادشایانی ئاشوور وەک (تیگلات پلێسەر)ی یەکەم (١١١٥ - ١٠٧٧ پ.ز) تیایدا دەڵێت: بتی (٢٥) خواوەندی (لوللوبی) بەتاڵان بردووە، (ئاشورناسیرپاڵ)

٦٤ شێخ محەمەد مەردۆکی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، سەرچاوەی پێشوو. ل ٦٧.


٦٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

٦٦ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

٦٧ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

68 Eidem and Læssøe, P. 31

باسی بەتاڵان بردنی گایەکی کێوی مسینی (پیرۆز؟)ی کردووە، بەڵگەی ئەم وتەیەن. (ئانوبانینی) پادشای (لوللو) لە نووسینە شاهانەکەیدا لەسەر (پولی زەهاو) ناوی هەندێک لەو خواوەندانەی ڕیز کردووە، پەرستوونی، ئەوانیش: (ئانو – Anu، ئەنتوم – Antum، ئێنلیل – Enlil، نینلیل – Ninlil، ئەدەد – Adad، ئ/عشتار – Istar، سین – Sin، شەمەش – Samas، ئین – ئەن – سیاننا – Nin – an – sianna)، و ناوی تر. لەوەش گرنگتر ناوبردنی خواوەند (نیشبا – Nisba) گەورەی خواوەندانی شانشینی (سە/شیمورروم)، هەرچەندە وا باوەڕ دەکرێت ئەم نووسینە هی (ئیددیـ (ن) – سین) بووبێت. نەک (ئانوبانینی) پاشای (لوللوبی)[٦٩].



**وێنەی ژمارە (٨)، نەخشەکەی ئانوبانینی، سەرچاوە: الدکتور جمال رشید، دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو.**

٦٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

## (گوتی)یەکان کێ بوون؟

لە کۆنترین سەدەکانی مێژوودا، نەتەوەیەک بەناوی (گوتی)، (گۆتۆ) لەناوچەکانی نێوان قەفقاز و (شوش) دا نیشتەجێ بوون[٧٠]، گوتی گەلێکی تری کوردستانی کۆن بوون، یەکێکن لەو گەلانەی نەتەوەی کوردی ئێستایان پێکهێناوە، لە دامێنی زنجیرەی چیاکانی زاگرۆس و لەدێر زەمانەوە لەو ناوچەیە ژیاون،گوتییەکان نەتەوەی دلێر و ئازا و بەهێز و شەڕکەر بوون، توانیان دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکە بچەسپێنن و کۆنترۆڵی وڵاتی سومەرو ئەکەد بکەن، (گوتی) عەشیرەتێک بوون ئەوەندە بەدەست بوون، لە (تۆماری بزماری)دا لەگەڵ قەومەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکو (ئاشوری، هیتیت، سوسیان، الامایت، و ئەکەدی)یەکانی بابلدا ناوبراون، بەدرێژایی ئیمپراتۆریەتی ئاشوور ئەم عەشیرەتە کەم و زۆر سەربەخۆییەکی سیاسیان بۆ خۆیان پاراستووە[٧١].

لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان لەسەر گوتییەکان لەلایەن (هاڵتو١٩٧١ز) نیشان دراوە، پێشەکیەکەی لەلایەن (پۆتوس لە ١٩٩٤ز) نوێ کراوەتەوە، دەربارەی هەزارەی دووەمی پێش زایین، گوتییەکان لە کۆتایی ئەکەدی کۆن میسۆپۆتامیا داگیر دەکەن، ڕاستی ڕووداوەکە هەرچیەک بێت، وای لە خەڵکەکە کرد، ئەگەر گوتیەکان هەر کەسێک بن ناویان بۆ دانیشتوانی شاخەکان لە ناوەڕاستی زاگرۆس بەکارهات، هەرچەندە دواتر بەکارهێنانی ڕەچەڵەکیان ڕوون نەبوو، کلتوری میسۆپۆتامیا گوتییەکان بەباکووری ئیلامەوە دەبەستێت، هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ دروست کردنی گومان، کە سەر بەئەوێ نین، لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین. (هینری کسۆن) ئەوەی دووبارە کردۆتەوە بۆ ناساندنی ناوچەکانی (لورستان) و (شیماسکی)، بەڵگەکانی درێژکراوەی بابلی کۆن بەکاردەهێنن، بەڵام بەڵگەکانی سیرامیک بۆ لایەنی جوگرافی - سیاسی یەکناگرنەوە، بۆ ئەم هەرێمە گەورەیە، زەحمەتە بۆ دۆزینەوەی سنوور لەنێوان (ئیلام) و سنووری گوتییەکان لەو کاتەدا، ناسینی ڕەچەڵەکیان لەکاتی بنەماڵەی سێیەمی ئور، بەپێی سەرچاوە تازەکان، سەرەڕای ئەوەی سومەرییەکان لەو کاتەدا زۆربەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیان گرتبوو، بەکارهێنانی زاراوەی گوتییەکان بەزۆری لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەگەڕێتەوە بۆ

---

٧٠ ئیحان نووری پاشا، مێژووی ڕیشەی نژادی کورد، ل ١٠٩.

٧١ ب.ع، کوردستان، لەانسیکلوپیدیای بەریتانی وەرگیراوە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارەی ١٠، ساڵ ١، ایلول ١٩٤٠، چاپی دووەم، سلێمانی کوردستان، ٢٠٠٧، ل ٧.

سەرچاوەکانی هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایین، گۆڕانکاری سیاسی ڕوویداوە لەناوچەکەیان[٧٢].

لەهەر حاڵەتێکدا گوتییەکان لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین بۆ دوو بەش جیا دەکرێنەوە، بۆ گرووپی تاکی و بچووک دەگەڕێنەوە و بەگوتییەکان ناسراون، لە زۆر لایەنەوە خزمەتیان کردووە لەناوچەی میسۆپۆتامیا، کە بەڵگەیە لەسەر ڕاستی سەربەخۆیی هەرێمی گوتییەکان، وەک یەکەم گروپ، ڕەنگە گەورەترین گرووپیش بێت، بەپێی بەڵگەکان ڕەنگە بەراورد بکرێن بە (ئیلام)، کە گروپێکی بچووکترن، بەزۆری لەشوێنی سوک ئیشیان کردووە، یان وەکو پاسەوان و کوتاڵ فرۆشی، کە لە بابلیەکانەوە ناسراون، ئەو نووسینانەی لەلایەن (لافۆنت) بڵاوکرانەوە، ئەوە دەردەخەن (شەمشی ئەدەد) لە (ماری) پاسەوانی گوتی هەبووە، لەڕاستیدا لە زۆربەی سەرچاوەکان گوتییەکان لەلایەن کارگێری حیساب کراون، ناوچەکانی باکوور لە (ڕەزامە)، (ریماح)[٧٣] و (لیلان)، گوتییەکان لە (ریماح) لەنووسینەکانی (لیمو شابروم) ناویان هاتووە، کە دەگەڕێنەوە بۆ گەشتێکی شاهانە بۆ شارێکی بچووک، کە زۆر نزیکبووە لە (ریماح) لیستەکە بۆ ئەفسەرە گوتییەکان دەرچووە، نووسین لەلایەن (لافونت) بڵاوکراوەتەوە، ئەوە نیشان دەدەن، گوتییەکان لە (ریماح) ئیشیان کردووە، بوونیان ڕەنگە ببێتە هۆی بۆ بوونی دوو ڕەچەڵەک لە نووسینەکانی (ئیتانی)[٧٤].

ناوی (گوتی) لەناو ڕووداوەکانی ناوچەکەدا لەناو گێڕانەوەی ئەفسانە و چیرۆک و لاواندنەوە و شێعری سومەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشوری دا هاتووە. بەپێی ئەم گێڕانەوانە: گوتییەکان گەلێکی چیانشین، دڕندە، خوێنڕێژ، بێ بەزەیی و وێرانکەر بوون، هەندێ جار بە هەژدیها و مار و دوپشکی شاخەکان نابراون. لە ناکۆکی بەردەوام دابوون لەگەڵ دانیشتوانی دەشتەکاندا، ناوبەناو شاڵاویان بۆ بردون، لە ئەنجامی ستەمکاری شا و دەسەڵاتدارەکانی ئەکەد دا، ئەکەدییەکان بەر

72 Eidem and Læssøe, P. 31

٧٣ تل الرماح: پاشماوەکەی دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای نەینەوا، نزیکەی ١٥%ی ناوەکانی ئەو چاخەی خوری بوون، پێشتر وازانرابوو (کەڕانە) یە، بەڵام بەهۆی پشکنینەکانەوە دەرکەوتووە ناوە کۆنەکەی (قەتارە) یە، بەپێی دەقەکانی نوزی کەڕانە سەر بەم ناوەندە بووە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

74 Eidem and Læssøe, P. 31.

نەفرەتی خواکانیان کەوتوون، خواکان گوتییەکانیان لەشاخەوە بۆ ناردوون، هێرشیان کردۆتە سەرشار و ئاواییەکانیان وێران کردون، وڵاتەکەیان داگیر کردون، کارەساتێکی گەورەیان بەسەر هێناون. وەک مێژوونووسەکان دەڵێن: گوتییەکان ماوەی سەدەیەک کەمتر یا زیاتر حوکمی وڵاتی سومەر و ئەکەدیان کردووە، سەرەنجام (ئوتو خ/حیگال) پەیدا بووە، (ئوتو خیگال) (٢١١٠ - ٢١١٦ پ.ز) هێزەکانی سومەر و ئەکەدی کۆکردۆتەوە، پەلاماری گۆتییەکانی داوە شکاندونی و شاکەیانی بەدیل گرتووە، بەم بۆنەیەوە بالۆرەیەکیان بۆ ڕێکخستووە و لەسەر قوڕ بەخەتی مێخی و بەزمانی ئەکەدی نووسراوە. سەرکەوتنی (ئوتوخیگال) و شکاندنی گوتییەکان تەخت و تاجی شاهێتی بۆ سومەر گێڕاوەتەوە، سەرەتای دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی تر دەستی پێ کردووە[٧٥].

### ناوی گوتییەکان: گوتی، کوتی، قوتی، جودی

وەک پێشتر گوتمان ناو گرنگی زۆری هەیە، بۆ ساخ کردنەوەی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی مێژووی کۆن، جێی داخە لەسەردەمە کۆنەکاندا ناوەکان بەشێوەی جۆراو جۆر تۆمار کراون، ئەوەش کاری مێژوونووس و توێژەران گرانتر دەکات، لەسەرچاوە سومەری و ئەکەدییەکاندا بەڕێنوسی جیاجیا ناوی گوتییەکان تۆمارکراوە، وەک (گوتی، قوتی، کوتی)، بەم پێیەش زیاتر گۆڕانەکە لە پیتی یەکەم داهاتووە، جارجارەش پاشگری (پ/ب) بۆ زیاد کراوە، وەکو (گوتوبوم) کە پاشگری کۆی (ئیلام)یە[٧٦]. هەروەک لە ناوی نەژادی (لوللوبی) یەکانیشدا بەشێوەی (لوللوبی Lullubi) دەبینینەوە، شێوەی (قوتیQuti) لە تابلۆکانی (شمشارە) و سەرچاوەکانی سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست و نوێدا دێن. کۆنترین سەرچاوە ناوی گوتییەکانی تۆمار کردبێت، نووسینێکی (لوگال - ئانی - موندو Lugal - ani - mundu)ی پادشای (ئاداب Adab)ی سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانە[٧٧].وشەی (گوتی) یان (کوتی) یا (کاردۆ) ناوی گشتی بووە، تەواوی ئەو نەتەوانەی نیشتەجێی ئەو سەرزەمینەی گرتۆتەوە، وەک: بە (لوللو، کاسی، نایری، خالدی و ...) گوتراوە، هەر وەک ئەمڕۆ وشەی کورد بۆ تەواوی تیرەکانی کورد وەک: (زازا، گۆران، کەڵهوڕ،

٧٥ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

٧٦ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٧٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

ئەردەڵان و بابـان و موکریـان و ...) بەهەمـوو شـیان دەگـووترێ کـورد. بەڵام لەبەرئەوەی لە مێژووەکەیان دوورکەوتوونەوە، ئەوانەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسـەرکردوون ئەوانیـان جیاجیا هەڵسـەنگاندووە[٧٨]. گوتییەکـان ئەو هـۆزانە بـوون لەگەڵ (لوللو)یەکان لەدەشتی سلێمانی نیشتەجێ بوون. لە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە تا (ئەتەنە) و نـاوچە شـاخاویەکانی داگیرکـرد بـوو، سـەردەمێک دەسـتیان بەسـەر ناوچەکـانی (سوبێر)یشدا گرتبـوو[٧٩]،زۆربەی تـوێژەرانی مێـژووی کۆن وەک: (تەهـا باقر) و (دکتۆ جەمال ڕەشید) و (فەوزی ڕەشید) و (محەمەدەمین زەکی بەک ...هتد)، بنەڕەتـی نیشـتمانی گۆتییەکـان لە زێـی بچـووک تـا نـاوچەی زەهـاو کە دەکەوێـتە خوارووی نیشتمانی بنەڕەتی (لوللوبی)یەکان لە ناوچەی سلێمانی ئێستا، گوتییەکان کەرکوکیان کردە پایتەختی خۆیان. بڵاوبوونەوەی ناوی گۆتی لەهەزارەی یەکەمی پێش زایین، هەتا یەکێتی وڵاتی (میدیا) و وڵاتی (ماننا) بەردەوام بوو، گومانی تێدانیە شاخی (جودی) لەناوچەی بۆتان (بوهتان) زایەڵەی ناوی گەلی (گوتی)یە، (جودی) بەشێک بووە لە وڵاتی (گوتی)[٨٠].

### دەرکەوتنی گوتییەکان

تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەمەلایەنەی تێر و تەسـەل، تـایبەت بەگەلـی گوتی نەکراوە، ئەوی هەیە بەشـی زۆری پشت بە و چیرۆکانە بەستراوە سومەری و ئەکەدی و بـابلی و ئاشـووریيەکان هەڵیـان بەسـتووە، نەک بەلێکـۆڵینەوەی شوێنەوارە کۆنەکان، بێ گومان چیرۆکەکان یەکلایەنە پەسندی دوژمنەکان خۆیان و شـکاندنی گوتییەکـان بـووە، بـابەتی سـەرنجی دوژمنـی گوتییەکـان کـراوەتە کەرەستەی نووسینی مێژوویان، ئەوەی سـەرەتاش نووسـراوەتەوە ئەوانـی تـریش بەدوایدا دووبارەیان کردۆتەوە، کەس نەهاتووە پاشماوەی گوتییەکان بدۆزێتەوە و بە هەڵسـەنگاندن و بەراوردکاری لەنێوان گێڕانەوە کۆنەکان و لێکۆڵینەوەی تازەدا جیاوازییەکان و مێژوویەکی ڕاست و زانستی تۆمار بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێ لایەنـی ڕوونـی مێـژووی گوتییەکـان ڕوون بکـاتەوە. ئەوەی زانـراوە دەرکەوتنـی گۆتییەکـان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سـێیەمی پـێش زایـین و یەکەم پاشـایان نـاوی

٧٨حەبیبوڵڵای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

٧٩ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٨٠ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه ....، مصدر السابق، ص ٤٨.

(ئانتاتوۆم) بووە[٨١]. ئەوەی لە شوێنەوارە هەڵکۆڵراوەکاندا دۆزراوەتەوە، هەڵگۆزراوە و وەرگیراوە، ئەم پادشایەی گوتییەکان (أنناتوم= ئەنناتۆم) سی و یەک سەدە پێش زایین لەگەڵ دەوڵەتی (ئیلام) جەنگیوە، ناوەندەکەی (زێی کویە) بووە، لەسەدەی (٢٩ پ.ز) (لوگالزاکیس) پادشای (ئۆخ) و (سومەر)یش بووە[٨٢].

سەردەمێک ناوچەی ڕانیە و پشدەر و ئارابخیان بەدەستەوە بووە و سنووری دەسەڵاتیان لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئێرانەوە تا باشووری ئەرمینیا و لەخوارووش تا (ئیلام)یان بەدەستەوە بووە[٨٣]. مامۆستا (حسێن حوزنی موکریانی) لە لێکۆڵەرەوە خاوەن بۆچوونەکان و کوردناسێکی کوردە، لەو بوارەدا ئاماژە دەکات و دەڵێ: زۆر لە زانا و ڕۆژهەڵاتناسانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەمریکایی لەم بابەتەوە زۆریان هەوڵداوە، بەڵام ئەوەیان دەرنەخستووە بەرلەوەی کوردان بێنە خاکی ئەوڕۆی کوردستان، هەندێک کوردی تر لە نەژادی ئاریا لەم ناوە بوون، کاتێک ئەم کوردانە گەیشتنە ئەوێ دەگەڵیان تێکەڵ بوون، چونکە یەک ڕەگەز بوون نەتەوەیەکیان پێکهێنا، هەروەها پرۆفیسۆر (مینۆرسکی)، دەڵێ: دەگونجێ بەرلەوەی کوردەکان بێنە ئەو ناوچەیە، قەومێک هەر بەو ناوە لەم خاکەدا ژیاون!![٨٤]

گۆتییەکان لە مێژووی سومەر و ئەکەد چالاکی سیاسیان هەبووە، هێرشیان کردۆتە سەر بابل (نارام - سین) کوڕی (سارگۆن)ی یەکەمی پادشای ئەکەدییان تێکشکاندووە و دەستیان بەسەر سومەر و ئەکەد داگرتووە. شەڕ و ململانێی زۆریان لەگەڵ ئەکەدییەکاندا هەبووە[٨٥]، (نرام - سین) لەو شەڕەی لەگەڵ سوپای پاشای گۆتییەکان (ئانریدۆزیرا) کەوتە شەڕەوە کوژرا و سەری تێدا چووە لە سالانی (٢٢٠٢ - ٢٢٠١ پ.ز)، پاش کوژرانی کوڕەکەی (نرام - سین) (شارکالی شار) هاتە سەر تەخت، ئیتر دەسەڵاتی ئەکەد بەهاتنی ئەم پاشایە بەرەو لاوازی و سستی چوو، شیرازەی دەوڵەتی ئەکەد تێکچوو، خەڵکیش بێزاربوو، چونکە دەسەڵاتی ئەکەدی دەوڵەتێکی کۆیلەداری سەرسەخت بوو، سنووری دەسەڵاتیان لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئێرانەوە تا باشووری ئەرمینیا و لەخوارووش تا (ئیلام)یان

---

٨١ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٦.

٨٢ ئیحان نووری پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

٨٣ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٤.

٨٤ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

٨٥ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

بەدەستەوە بووە، بەسەر ئەکەدییەکاندا سەرکەوتوون و زیاتر لەسەدەیەک لەوڵاتی ئەکەدییەکان حوکمیان کردووە[٨٦].

بەهاتنی چەند پادشایەک لە ئەکەد ململانێی نێوخۆیان دەکرد بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، ئەمەش وایکرد پادشای گۆتی (ئیلۆلۆمیش) بتوانێ وڵاتی ئەکەد بڕوخێنێت و نازناوی (پادشای بەهێزی ئەکەد) لەخۆی بنێت. پاشایانی گوتی بۆ ماوەی (١٢٥) ساڵ، یا بەگوێرەی دەقێکی تر (١٢٤) ساڵێک فەرمانڕەوایی و حوکمی وڵاتی ئەکەدییان کرد، یا وەک هەندێکی تر دەڵێن: گوتییەکان فەرمان فەرمانڕەوایی نێوان دوو ڕووباریان بۆ ماوەی (٩١) ساڵ کرد، لەهەندێ گێڕانەوەی تریشدا (١٢١) ساڵ، ناوی بیست و یەک پادشای گوتی تۆمار کراوە، حوکمی وڵاتی ئەکەدییان کردووە، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەماندا ناوی چوار پادشای ئەکەدی تۆمار کراوە[٨٧]، مافی فەرمانڕەوایی خۆجێی (ئۆتۆنۆمی)یان بەخشیوە بە ئەکەدییەکان و سومەرییەکان، ئەمەش دێرینترین شێوازی فەرمانڕەوایی خۆجێیە لە مێژوودا ناسرابێت[٨٨].

(دیاکۆنۆف) نووسەری مێژووی (میدیا) پێشنیارێکی بەنرخی هەیە، سەبارەت بە سیستەمی فەرمانڕەوایی گوتییەکان، سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشاکانیان کورت بووە، لەماوەیەکی کەمدا ناوەکان دووبارە دەبنەوە، پێی وایە: هۆزی گوتی پاشای نەبووە، بەڵکو پێکەوە سەرۆک هۆزیان بەهەڵبژاردن داناوە، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو فەرمانڕەوایی وڵاتیان کردووە، دووبارە هەڵبژاردنەوەیان بۆ زیاتر لە جارێک شیاو بووبێت.لەڕێی ناوی پاشاکان گوتی ئەوە پیشان دەدەن، زمانی گوتی سەر بە کۆمەڵەی زاگرۆس بووە، لە و زمانانەی (حامورابی) بە "سەخت" وەسفی داون[٨٩].

لە کۆتاییەکانی سەردەمی گۆتییدا یەکێک لەو میرە سومەرییانەی فەرمانڕەوایەتی شاری (وەرکا)ی کردووە، ناوی (ئوتو – حیکال)ە، دەقێکی مێژوویی بۆ تۆمار کردووین، تیایدا باسی ئەوە دەکات چۆن توانیویەتی کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی گۆتییەکان بێنێ لەوڵاتی سۆمەردا، لەدوای ئەوەی جەنگاوەرە

٨٦ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٠.

٨٧ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٨٨ د. أحمد محمود خليل، تاريخ الكرد فى الحضارات الايسلاميه، الطبعه الاولى، دار هيرو للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، و: جوامیر محەمەد ڕەشید، مێژووی کورد لەشارستانیەتی ئیسلامیدا، گۆڤاری مێژوو، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٠٨ ، ژمارە ٧، ل ١٨١.

٨٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

(ئوروک)یەکـانی کـۆکردۆتەوە و بـووە بەسـەرکردەیان، دەقەکە دەڵێـت: " (ئوتـو – حیکال) گوتییەکانی لەناوبرد، مارەکانی شاخ و دوژمنانی خواوەند وڵاتیان پڕ کرد لە خراپە...هتـد" لە ڕۆژی شەشـەمدا لەگەڵ هێـزی پادشـای گـوتی (تریکـان) دا بەیەکگەیشتن و سەرکەوت بەسەریاندا، ئەم پادشایە تەنیا چل ڕۆژ فەرمانڕەوایەتی کردووە"[٩٠].

**شارستانیەتی گوتی**

گوتییەکان نەتەوەی دلێر و ئازا و بەهێز و شەڕکەر بوون، توانیان دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکە بچەسپێنن و وڵاتی سومەرو ئەکەد بەرزەفت بکەن، لەمێژوودا غەدری زۆریان لێ کراوە، بەپێی دەقەکانی ئەکەدی بەپیاوکوژ و دڕندە و خوێنڕێژ و بێ بەزە و وێرانکەر و دوژمنی مرۆڤایەتی تۆمارکراون، ئەکەدییەکان دوژمنیان بوون و خراپیان دەربارە نووسیوون، مێژوونووسەکانیش هەر لەسەر ئەو شێوەیە ڕۆیشـتوون، بەڵام لەڕووی شارسـتانیەوە ڕۆڵ و کـاریگەری خۆیـان هەبـووە لەناوچەکەدا، لە بایەخدان بەلایەنی سـەربازی، لایەنـی شارستانیشـیان پەراوێـز نەخسـتووە، بەتـایبەت لەسـەردەمی پاشـای گـوتی(سـۆم) دا زۆر حەزی لە شارسـتانیەت و پێشـکەوتن بـووە، پەرەی بەژیـانی خەڵـک و بـواری خـزمەت داوە،شارستانیەتی سومەر و ئەکەد لەسەردەمی شا (سۆم) شاهیدی ئەوە دەدات، یەکێـک لە کارەکـانی نـۆژەکردنەوەی پەرسـتگای (نفـر) و ژیـانی مرۆڤـایەتی پەرەپێـداوە[٩١]. وڵاتـی گوتییەکـانیش هەنـدێک بەرهەمـی تـایبەتی هەبـووە بەگـوتی ناسرابوون، وەک هەنجیری گوتی، یاقیقی گوتی، خوری، عەرەبانە و هی تر[٩٢].

**ڕووخانی دەسەڵاتی گوتییەکان لەوڵاتی ئەکەد**

گوتییەکـان زیـاتر لەسـەدەیەک فەرمـانڕەوایی وڵاتـی سـومەر و ئەکەدیـان کـرد، لەکۆتاییدا بەهۆی کێشە و ئاژاوەی نێوخۆ بەرەو لاوازی چوون، پاش ئەو جەور و ستەمەی بەرامبەر خەڵـک دەیـان کـرد، ئەمەش بـووە هـۆی نیگەرانـی و نـاڕەزایی خەڵکی ئەکەد، بەتایبەت لەسـەردەمی دوا پاشـای گوتی (تیریکان)، لەئەنجامدا وڵات

---

٩٠ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ١٨٣.

٩١ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢١.

٩٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەدسەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

تووشـی کێشـەی نێوخـۆیی بـوو، یەکێک لەسـەرکردەکانی بنەماڵەی (ئـور) حـاکمی شـاری (وەرکـا)(ئۆتۆهــ/حیگاڵ) لەسـاڵانی (٢١٢٠ - ٢١١٤ پ.ز) تـوانی یەکێتـیەک لەنێوان شارەکان یەک بخات و گوتییە داگیرکەرەکان دەربکات، سوپای گوتی شکا و (تیریکان) ڕای کرد بۆ گوندێک بەناوی (دوبروم) ئەم گوندە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی (ئۆمـا یـان جۆخـا) لەوێدا گیـرا و کوشـتیان، شـاژنیش بەدیـل گیـرا و چەنـدان سـەرکردەی گوتیش بەدیل گیران و کوژران، لەئەنجامدا حکومەتی گوتی ڕووخا و کۆتایی بە دەسەڵاتی هات و گەڕانەوە بۆ وڵاتی زاگرۆس.[٩٣]




**وێنەی ژمارە (٩)، پەیکەری سەرێک - وێنەی پاشای گوتییەکان (؟) لەحەوجۆش دروست کراوە، دەست کردی ئەکەدی یان عیلامیەکان لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨**

---

٩٣ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٤.

## شوێن

زۆربەی توێژەرانی مێژووی کۆن، ڕیشەی نیشتمانی گوتییەکان لە زێی بچووک تا ناوچەی (زەهاو) کە دەکەوێتە خوارووی نیشتمانی بنەڕەتی لوللوبییەکان لە ناوچەی سلێمانی ئێستا دەزانن، گوتییەکان کەرکوکیان کردە پایەتختی خۆیان[٩٤]. لەو ناوچەیە ژیاون دەکەوێتە باشووری دەشتی شارەزوور، واتە ناوچەی نێوان ڕووباری زێی خواروو (زێی بچوک) و ڕووباری (سیراوان)ەوە. بەڵگەنامە مێژووییەکانی هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایین، ئاماژە بەوە دەکەن ئەم ناوە لەو خەڵکانە نراوە لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی لوللوبییەکان نیشتەجێ بوون[٩٥]. بەپێی سەرچاوە مێخیەکان زۆر جار گوتی هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەم پێیەش گوتیوم، دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیالە (سیروان) لەلای باشوور و زێی بچوک لەلای باکوورەوە، ناوەندەکەی (ئارابخا) بووە لە دەقەکانی (شمشارە) دا ئاماژەی بۆ کراوە هێزێکی کاریگەر بووە[٩٦].

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف ئەوە ڕوون دەکاتەوە ناوبردنی (جوتی - گوتی) لەهەزارەی یەکەمی پێش زایین بەرفراوان بووە، تەنانەت وڵاتی (میدیا وماننا)ی لەخۆگرتووە، گومانیش لەوەدا نیە ناوی چیای (جودی) لەناوی گەلی گوتییەوە هاتووە، ناوچەی بۆتانیش بەشێک بووە لە وڵاتەکەیان، هەروەها ناوچەی (کیموخ)یش (ماردین)[٩٧].

## ڕەگەز

لە ڕووی نەژادەوە (گوتییەکان) یەکێک لەو گەلانە بوون بە (گەلانی زاگرۆس) دەناسرێن، هەندێکیش قەوقازیان پێدەڵێن، گوتی یا گودی بەشێک لە کوردانی زاگرۆس یانی کوردانی ئارارات پێکدێنن، بەپێی بۆچوونی دەستەیەک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان، یەکەم دەستەی کوردان ئەوانن، لە چیاکانی زاگرۆس و ناوچەکانی کەرکوک فەرمانڕەواییان کردووە.[٩٨]

---

٩٤ عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبيه...، مصدر السابق، ص ٤٨.

٩٥ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ٦٨.

٩٦ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو ل ٤٦.

٩٧ د. أحمد محمود خليل، و: جوامێر محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

٩٨ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

**ئاین**

لەڕووی ئاینەوە گوتییەکان، هەروەکو هەموو نەتەوە کۆنەکانی تر خواوەندی خۆیان هەبووە و زیاتر سروشت پەرست بوون، خاوەن پەرستگاش بوون، لەسالآنی (٢٢٣٠ – ٢١٢٠ پ.ز) گوتییەکان شاری (نفر)ی مەڵبەندی خواوەندی (ئانلیل) یان گرتووەو پەرستگاکەیان نۆژەن کردۆتەوە[٩٩].

**کاسی یا کاستی یاخود کاشی یا کاشوو**

ئەو قەومە لە گرنگترین لقەکانی (گوتی) یا (کاردۆ) یا (کوردی) دانیشتوانی زاگرۆسن، ڕابردووی ئەم تیرە زاگرۆسیە کوردە ئەوەندە لەمێژینە و کۆنە، هیچ کەس ناتوانێ بڵێ کاسیەکان لە کەیەوە لەم شوێنە نیشتەجێ بوون[١٠٠]. وڵاتی بە ناوبانگی (کاسی)یەکان لەو چاخەدا، ئەمڕۆ بە لوڕستان دەناسرێ، لانی کەم تا سێ هەزار ساڵ بەرلە زایین، بوونی دانیشتنی ئەوان لەم شوێنە ئاشکرایە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرەوان لوڕەکان بە پاشماوەی ئەوان دەزانن. لەکێوەکانی زاگرۆس و لوڕستانی ئێستا ژیانیان بەسەر بردووە، پەیوەندیەکی بەتینیان لەگەڵ هۆزە هاونەژادەکانی هاوسێیان هەبووە، سەرەڕای تێکەڵیان لەگەڵ هۆزەکانی تری بێگانە، بەڵام ناوی خۆیان پاراستووە. زۆر جاریش بۆ پاراستنی خۆیان لە نەتەوە بە هێزەکانی ئەو سەردەمەیان داوە و سنووری وڵاتەکەیان فراوان کردووە[١٠١]. ئەو دەسەڵات فراوان بوونەی پاشاکانی (کاشی)یەکان دەتوانین بەدیاردەیەکی مێژووی قۆناغێک لێک بدەینەوە، بریتی بوو لە بڵاوبوونەوەی ڕەگەزی (هیندو – ئاری) لەنێوان دانیشتوانی ئەم ناوچانەدا، کەوتنە ژێر ڕکێفیان لە پاشایانی بابل، کە بەناو وڵاتی (کاردۆنیاش) (واتە وڵاتی ملکەچ بوون بۆ خواوەندی زەوی) فەرمانڕەواییان تێدا دەکرد. هەر لەڕێی ئەمانەشەوە تەقسە ئاینیەکانی (هیندو –ئاری)یەکان لەنێوان دانیشتوانی هەموو ناوچەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار بڵاوبووەوە[١٠٢].

---

٩٩ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٩.

١٠٠ حەبیبوڵڵای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

١٠١ هیمدادی حوسێن، دەربارەی لوڕەکان، ڕۆشنبیری نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریە للگباعە، بغداد، ژمارە ١١٣، مارتی ١٩٨٧، ل ١١٠– ڕەشید یاسەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

١٠٢ د.جمال ڕەشید احمد، کرکوک لە چاخە کۆنەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(کاسی)یەکان لەهەزارەی سێیەمی بەرلەزاین جار جار هێرشیان دەکردە سەر بابل، پادشاکانی (کاسی) لەسەردەمێکی مێژوودا بۆ ئێمە ڕوونن، دامەزرێنەری ئەوان کەسێک بووە بەناوی (گانداش – Gandash – ) لە ساڵی (١٧٤١ تا ١٧٢٦ پ.ز) حوکمڕان بووە، ئەو پادشایە لەسەردەمی دەسەڵاتی (سامسۆئیلۆنی) کوڕی (بخت النصری)ی حەمورابی و لە نۆیەمین ساڵی فەرمانڕەوایی ئەودا پەلاماری بردە سەر بابل، هەر ئەو ساڵەش (١٧٤١) دەسەڵاتی (کاسی)یەکان دەست پێدەکا، لە عیبادەتگای گەورەی بابل بەناوی (خوای ئەنلیل) لەشاری (نیپور) نێزەیەک دۆزراوەتەوە ناوی (گانداش)ی لەسەر هەڵکەندراوە[١٠٣].

پێشتر (هیتی)یەکان پەلاماری بابلیاندا و یەکەم پادشای بابل (حامورابی) بەدەستی (هیتی) لەناوچوو، خاکی میسۆپۆتامیا زنجیرەی دووەمی بابلییەکان لاواز بوو، پادشای بچوک بچوکی تێدا بوو، لەبەر بێ هێزی بابلی (کاسی) یەکان چاویان تێبڕی[١٠٤]. ئەو شارانەش (هیتی)یەکان لەوەو پێش لەگەڵ بابل لەسەریان ناکۆک بوون هەموویان گرت.

لەساڵی(١٧٤٩پ.ز) پاشای (کوسی)یەکان ناوی (گانداش) بوو کۆتایی بەدەوڵەتی بابل هێنا و خۆشی بەپادشای هەرچوارگۆشەی جیهان دانا[١٠٥]. کاتێ (حیسی)یەکان بابلیان گرت، بەهۆی کێشەی نێوخۆییانەوە نەیاتوانی دەسەڵاتی تێدا جێگیر بکەن، (کاسی)یەکان شەڕیان لەگەڵ کردن و خواوەندی (مەردۆخ)یان لێ ستاندنەوە، ئەوانیش شارەکەیان بەجێ هێشت، (کاسی)یەکان پەلاماری وڵاتی بابلیان دا و دەستیان بەسەردا گرت، لە دەوروبەری ساڵی (١٧٦٠پ.ز) پاشان پەلاماری وڵاتی سومەریاندا و بەسەریدا زاڵ بوون[١٠٦]، هەندێک لەمێژوونووسان بەتایبەت (محەمەدئەمین زەکی بەگ) ساڵی (١٧٤٦پ.ز) ی دیاری کردووە بۆ داگیرکردنی بابل، دەوڵەتێکی بەهێزیان تێدادا مەزراند، لەبەر ڕێز و گەورەیی خواوەند (دونیاش) هەر بە ناوی خواوەندەکەیانەوە دەوڵەتەکەیان ناونا (کاردونیاش)[١٠٧]، فەرمانڕەوایی وڵاتەکەیان گرتەدەست[١٠٨].

---

١٠٣ حەبیبوڵڵای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

١٠٤ ڕەشید یاسەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

١٠٥ ئیحسان نوری پاشا، سەرچاوەی پێوو، ل ٣٤.

١٠٦ د. أحمد محمود خلیل، و: جوامیر محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

١٠٧ بەپێی لێکدانەوەی ڕۆژهەلاتناس سیر کیغ دەڵێ: کاردونیاش بۆ دوو وڵاتی لێکدراوی سۆمەر و ئەکەدە، بەگوێرەی بیری سیر سیدنەی سمیث بنەمای لێکدانەوەی کاردونیاش ئەمەیە: (دونیاش) یەکێ لە

(کاسـی)یەکان بە پـێچەوانەی هەمـوو سـوپا داگیرکەرەکـان سـوودی زۆریـان بەوڵاتەکە گەیاند، شێوەیەکی سیستەمی جوان و باشیان لەدەسەڵات پەیڕەو کرد و شارستانیەتی بابلیـان ژیاندەوە، لە تایبەتمەندیە زەقەکانی (کاسـی)یەکان ئەوە بـوو ئەسـپیان عاملانـدووە و تەنـانەت دەڵـێن: ڕکەبەری ئەسـپ سـوارانیش لەوانـڕا داکەوتووە. هەندێک وێنە دەریانخستووە ئەسپیان لە عەربانە خستووە. ئەم وێنەیە هی سەدەی بیستەمی پێش زایینە[109]. خەڵکی ناوچەکە پێیان سەرسام بووە.

لە سـاڵی (١٧١٠پ.ز) (کاسـی)یەکان دەسـەڵاتێکیان دامەزرانـد، یەکێـک لە کاسییەکان بەناوی (اولام بوریاشی – Ulam – Buriashio) لەلاوازی (ئیگامیل – Eagamil – ) ی پادشـای بابـل، بەدوای ئەو شکسـتەی لە (ئیلام)یەکـانی خـوارد کەڵکی وەرگرت و بەتەواوی دەستی بەسەر بابلدا گرت و ناوی (کار – دونیاش)ی هەر بەنـاوی خۆیلەسـەر ڕەزامەنـدی خەڵـک بـۆ خـاکی سـومێر و ئەکەد دانـا[110]، لەماوەی فەرمانڕەوایی کاسیەکان (٢٢) پاشای کاسی ناوەکانیان هاتووە حوکمیان کـردووە لەوانە: (ئـاکوم، کاشـتلیاش، ئـولام بوریـاش، کوکـاکریینی) (١٦٢٠ – ١٥٨٥پ.ز)، یەکێک لەپاشایانی کاسی بەناوی (کریکالزو) لەسەدەی پازدەی پێش زایین حوکمی کردووە، پەیوەندی سیاسی و بازرگانی هەبووە، لەگەڵ (امنـوس سێیەم) پاشای میسری کۆن.

هەورەها (کاریندا‌ش) و پاشایەکی تر بەناوی (کوری کالزوی سێیەم) لەساڵی (١٧١٠پ.ز) دەست پێشخەری کردووە لەخستەسەری وڵاتی سومەر بۆ سەر دەوڵەتەکەی، بەتایبەتی شارەکانی (ئۆرک و ئەریدۆ) جۆرە فەرمانڕەواییەکی نیمچە سەربەخۆیان دابوو بەسۆمەریەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتی (کاردۆنیاش) دا، لەو کاتەدا (ئیلام)یەکانیش چاویان بڕیوەوە وڵاتی سومەریەکان[111]. ئەم ماوەیە ناوچەکە هێمنی و ئارامی بەخۆوە بینیوە، شەڕ و ئاژاوە ڕووی نەداوە، بەم شێوەیە نزیکەی شەش سەدە فەرمانڕەوایی بابل و سۆمەریان کرد، تا نزیکەی (١١٧١پ.ز) ئاوا

پەرستراوەکانی کاسای بوو، (کار) یش بەمانای زەوی یا مەملەکەت بووە، کەوا بوو کاردونیاش مانای مەملەکەتی (خواوەند دونیاش). ئەم لێکدانەوەیە بەمەبەستی پیرۆزی قبوڵ کراوە. بڕوانە: محەمەدەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤.

١٠٨ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٤٦.

١٠٩ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

١١٠ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

١١١ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٤٦.

مانەوە[١١٢]. بەم شێوەیە دەسەڵاتی (کاسی)یەکان زیاتر لەشەش سەدە و بەوپەڕی تواناوە درێژەی کێشا، لە دوای (٥٧٧) ساڵ حکومەت کردن (١٧٤٩ - ١١٧١ پ.ز) لە بابل و دەوروبەری لە کۆتاییدا بەهۆی فەرمانڕەوایی گەورەی ئیلام (کوتیر ناخونتە) لە حوکم وەلانران[١١٣].

### شوێن

شوێنی دانیشتنی (کاسی)یەکان، بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەردەمی زۆر کۆنەوە، واتە بەرلە نووسینەوەی مێژوو لەو خاکە شاخاوییەی سەرووی ئەو ڕووبارانەی خڕ و دۆڵەکانیان لە دنیای کۆنی مێژوویدا وڵاتی (ئێلام)یان پێکدەهێنا، ئەمڕۆ ئەو شوێنە لوڕستانی پێ دەوترێ. کاسییەکان دەستیان گرتووە بەسەر خوارووی زاب یا دیالە کە بەشی خوارووی لەسەردەمی کۆن (ئیشنونا)ی پێ وتراوە، لەپێشدا چۆڵ بووە، دواتر کاسییەکان ئاوەدانیان کردۆتەوە و بەزمانی خۆیان (تۆپلیاش) یان پێگووتوە، هەروەها بەشی نێو قەدی ڕووبارەکەش (نامار یا ناوار)یش، بەم شێوەیە ئاوەدان کردۆتەوە ناوچەی (ناوار) لە سی هەزار ساڵ پێش زاین بەپێی ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن، وەک نووسراوی (تیشاری - Tišhari) پادشای (ئورکیش و ناوار) بەشێک لە خاکی (هوری)یان بووە[١١٤].

### زمان

زانایان زمانی کاسییەکانیان بەزمانی قەفقازی داناوە، مەبەس لەزمانی قەفقازی ئەوەیە دانیشتوانی زاگرۆس پێی دواون، یەکێک لەنووسەرانی بابلی پێڕستێکی لە زمانی (کاسی) کۆکردۆتەوە، و واتاکەی بەزمانی ئەکەدی لەپاڵدا نووسیوە، بەوەدا دەردەکەوێ زمانی کاسییەکان قەفقازی بووە، واتە زاگرۆسی کەکوردی کۆنە[١١٥]. بۆ پشتیوانی ئەمە (مینۆرسکی) دەڵێت: زمانی کاسییەکان زمانێکی تایبەت بووە و هەندێک لەناوەکان (هیند و ئەورووپی) بووە، نەک ئێرانی. جەخت دەکاتەوە زیاتر

١١٢ د. أحمد محمود خليل، و: جوامیر محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.
١١٣ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩-١٢٠.
١١٤ حەبیبوڵلای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.
١١٥ ڕەشید یاسەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(هیند و ئەورووپی) بووە. (مستەرهۆل). دەڵێت: زمانی (کاسی) ئاریایی بووە[116]. زمانەوانەکان بەگشتی لەسەر ئەو بڕوایەن زمانی کاسییەکان قەوقازییە و مەبەستیان لە زمانی قەوقازی زمانی خەڵکی ئەسڵی مەڵبەندی زاگرۆسە. ئەویش ئەوەیە گومانێک لە ئاریایی بوونیان نیە و بەرلەهەموو هۆزە ئارياييەکان لەو شوێنە نیشتەجێ بوون[117].

## دین

پێویستە جیاوازی لە نێوان لێکۆڵینەوەکان بزانین، باوەڕی هەندێ نەتەوەی ئاری، وەکو: (گوتی، لوللو، کاسای، عیلام)ی (کۆمەڵی زاگرۆس)، چونکە لەسەرەتای مێژووەوە لەگەڵ سومەر و ئەکەدزۆر تێکەڵ بوون، لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەری ئەوانیان لەسەر بووە، باوەڕیشیان لەم ڕووەوە ڕزگاری نەبووە، بۆ نموونە دەبینین (کاسای) وەکو خەڵکی بابل بووە، هەموو جۆرە بوون و کاریگەریەکیان وابەستەی خوایەتیان هەبووە[118]. هەندێک بەڵگە هەن بۆمان ڕوون دەکەنەوە کاسییەکان بەرلەوەی هێرش بکەنە سەر بابل ئەو خوایانەیان پەرستووە بابلیەکانیش باوەڕیان پێیان هەبووە[119]. یەکێک لە پاشایانی ئەکەدی پێرستێکی تری نوسیوە، ناوی ناودارانی پادشایانی (کاسی) بەزمانی ئەکەدی ڕوون کردۆتەوە، زۆر بەکەڵکە، چونکە ناوی خواکانی (کاسی) لەگەڵ تێکەڵاوکردنی ناوی پادشاکاندا هەیە، بەوە دەردەکەوێ پێش هێرشی کاسییەکان بۆ سەر بابل ناوی هەندێک لە خواکانی بابلیان بردووە، وشەکانی قەفقازیە وەکو: (شیپاک)، هەمان (مەردۆک)ی بابلیە، (سەکە) هەر (شەمشی)بابلیە، (هودها) واتە (ئیداد)ی بابلیە، (هەربە)هەمان (ئانلیل)ی بابلیە، هەروەکو (ڕەشید یاسەمی) دەڵێ: خوای تریشیان هەبووە، گوایە خواکانی ئەم هۆزە ناوەکانیان قەفقازییە، بەڵام سەرەتاکەی ڕوون نەبۆتەوە، وەکو (کاششو) ناوی خۆیان بەناو ئەوەوە ناو ناوە[120].

---

١١٦ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٧.

١١٧ حەبیبوڵڵای تابانی،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

١١٨ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

١١٩ حەبیبوڵڵای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

١٢٠ ڕەشید یاسەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

خواوەندی (دونیاش)یان هەبووە، دوای گرتنی بابل و دامەزراندنی دەوڵەت ناوی ڕەسمی دەوڵەت (کاردونیاش) هەر بەهۆی ڕێز و گەورەیی ئەو خواوەندەوە بووە، پەرستگای (سرخدم) پەرستگایەکی ئاینی کاسییەکان، ئێستا لە لورستانە بۆ سەردەمی (کاسی)یەکان دەگەڕێتەوە[121]. کەواتە ئەوانیش وەک نەتەوە کۆنەکانی دراوسێیان، سەرەڕای ئەوەی هەندێک خواوەندی هاوبەشیان لەگەڵ نەتەوەکانی تر هەبووە، خواوەندی تایبەت بەخۆشیان هەبووە.

### (خوری)یەکان

(خوری)[122] یان (هوری) یا (حوری) یەکێک بوون لە گەلانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن، لەسەرچاوە مێژووییەکاندا، ناوبراوە لەساڵانی (٣٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠ پ.ز) دەبینین بۆ یەکەم جار لەژێر ناوی هورییەکان دێنەسەر شانۆی مێژوو.[123] لەساڵی (١٩٠٦ز) هەڵکۆڵینی شوێنەواری (التنقیبات الاثریة) لە پایتەختی حیسییەکان (خاتوشا)[124] دەستی پێ کرد، کە تیایدا ژمارەیەک تێکست دۆزرانەوە، ئەم تێکستانە بەزمانێکی نەزانراو نووسرا بوون، هەروەک هەندێک تێکستی تریش دۆزرایەوە، ناوەڕۆکەکەیان بریتی بوو لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی، کەبەزمانی ئەکەدی نووسرابوون، لەناوەڕۆکی ئەم پەیماننامە بۆمان دەردەکەوێت وڵاتێک هەیە بەناوی

١٢١ شاخەوان فایەق ئەلیاس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٧.

١٢٢ ناوی خوری لە زمانە جیاجیاکاندا بەپێی ڕێنوسی نوسەرەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، و لە دەقە ئەکەدیەکانی بوغازکۆیدا بە Hur–ri و لەلای خاتیپەکان بەHurlili واتە خورییەکان وHuria واتە وڵاتی خوری، لەنامەکەی توشڕاتای میتانی دا بۆ فیرعەون بە Hur- ru- u–he لەنوزیدا بە Hur–ru لەتەوراتدا حوریم، لەزمانی عەرەبیدا هەر لە تەوڕات وەرگیراوە، لە ئینگلیزیدا بە Hurrian لە ئەڵمانیدا بە Hurritisch لە فەڕەنسیدا بەHourrite هاتووە، لەلای هەندێ نووسەرانی کورد بە هوری ناوی دەبەن لە Hurrian ی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ دەقە مێخیەکانی ئەکەدی و خوریئەوە ڕوون دەبێتەوە لەهەموویان دا دەنگی (ر) بەتوندی دەخوێندرێتەوە وە /ڕ/ ی کوردی و /H/ ئینگلیزی بە/ H/ خ دەخوێندرێتەوە. بۆ یەکەم جار لە (تل العمارنە) دا لە میسر دوای ئەوەی ئەرشیفی شاهانەی بنەماڵەی ١٢ ی فیرعەون لە ساڵی ١٨٨٧ ز دا دۆزرایەوە لەناو نامەیەکی توشڕاتای میتانی دا تۆمار کراوە، بەڵام لە ١٩٠٩ دا لە بوغازکۆی (خانوشاشی پایتەختی خانتی) ناوی خوری وەک گەلێکی سەربەخۆی ناوچەکە ناسراوە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

١٢٣ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە مصدر السابق، ص ٦٣، ٦١.

١٢٤ شوێنەوارناسی ئەڵمانی (هـ ڤنگلەر= H. Winekler) توانی پایتەختی حیسییەکان خاتوشا بدۆزێتەوە دەکەوێتە دووری ١٥کم لەڕۆژهەڵاتی شاری ئەنقەرە، ئێستا پێی دەڵێن: بۆغازکۆی، بۆغازکالە.بڕوانە: گێرنۆت ڤێڵهێلم، مێژووی شارستانییەتی خووریەکان، ل ١٥.

(خووری) و دانیشتوانەکەشی بە خوورییەکان ناسراون، ئەم ناوەش سەرەتا بە (خەرری) خوێندرایەوە، چونکە ئەو هێما بزمارییەی پێی دەنوسرێت (خر) هەردوو ڕوو وەردەگرێت، واتە بەدوو شێواز دەخوێندرێتەوە، (خەر، خور) بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت شێوەی ڕاستی خوێندنەوەکە (خور)ە، چونکە ناوەکە لە تێکستێکی مێخی تردا بە دوو بڕگە نووسرابوو، بەم جۆرە (KHU – UR) هەرچەندە هەندێک لە زاناکان پێشنیاری ئەم جۆرە خوێندنەوە ڕاستەیان کرد بوو پێش سەرلماندنی بەبەڵگەی گونجاو.[١٢٥]

سومەرییەکان بەهۆی دارستان و کانزا و سەرچاوە سروشتیەکان، هۆزە (هوری)یەکانیش بەهۆی دەوڵەمەندی شارستانی هەزاران ساڵ بەرامبەر یەکدی لە شەڕ و هێرش و بەرگری بەردەوام دابوون[١٢٦]. زۆربەی شارەزایانی بواری شوێنەوارناسی وەکو (تەها باقر) و (فوئاد سەفەر) و (احمەد سوسە) و ئەوانی تر، لەسەر ئەوە کۆکن کەرکوک و تەواوی دەشتی حەمرین و ناوچەکانی باشووری کوردستان، بەناوچەکانی موسل (وڵاتی ئاشوور)یشەوە لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی خوری دابوون. سنووری خواروی (خوری)یەکان لەزنجیرە چیای حەمرین یان لەدوای ڕووباری (ڕدانو – فیسکوس) ڕووباری عوزێمی ئێستا بەماوەی نێوان تا دەکاتە سنووری مەملەکەتی (اشنونا)[١٢٧].

لەسەرچاوە مێخیەکاندا زانراوە (خوری) لەبنەڕەتدا لەناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی ئاشووردا بوون، لەقەفقاس یان لەناوچەکانی دەریاچەی (وان)ەوە هاتوون، ئەوەی دواتر بە (ئەرمینیا) ناسرا، زنجیرە چیاکانی (تۆرۆس) و (کەرکەمیش)[١٢٨] لەخۆرئاواوە لەباشوورەوە زێی گەورە و تەنانەت تا زێی بچووک نیشتەجێ بوون[١٢٩]. لەگەڵ ئەوەشدا کات و مێژووی وردی داکشانی خوری بەرەو باشوور نەزانراوە، ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان ئاماژە بەوە دەکەن لانکەی ڕەسەنی

١٢٥ گێرنۆت ڤیلهێلم، مێژووی شارستانییەتی خووریەکان، و: ئارام جەلال حەسەن هەمەوەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (خانی) دهۆک، ٢٠٠٩، ل ١٥.

١٢٦ هاوڕێ سلێمان گوڵانی، شاورێ نیشتمانی خاکە بەرزەکان، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٩، مانگی ١٢ی ٢٠٠٩، ل ١٩.

١٢٧ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه مصدر السابق، ص ٦٣، ٦١.

١٢٨ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

١٢٩ کەرکەمیش دەکەوێتە جرابلس لە نزیک سنووری نێودەوڵەتی سوریا- تورکیا، لە شوێنی بڕینی سنوورەکە بەهۆی ڕووباری فوڕات. کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

خورییەکان دەکەوێتە ناوچەکانی باکووری دۆڵی دوو ڕووبارەوە، درێژ دەبێتەوە لە نێوان شاخەکانی (تۆڕۆس) لە نزیک (کەرکەمیش) و تاوەکو دەریاچەیوان[١٣٠]. وادیارە خورییەکان کۆچ هێنەر بوون، نیشتمانی دێرینیان لەوە دەچێت کوێستانەکانی باکوور و ناوچەکانی قەوقاز بووبێت، ئەمەش بەپشت بەستن بەپەیوەندیە زمانەوانەکانی نێوان خوری و ئورارتی، واپێ دەچێ بنەچەیەکی کۆنی هاوبەشیان هەبووبێت، لەنێو زمانەوانەکاندا زمانی خوری – ئورارتی بنە proto Hurro - Urartian)ی پێ دەوترێت. باوەڕ وایە ئەم زمانە هاوبەشە کۆنە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین بە دواوە، ئیتر بۆ دوو لقی جیای خوری و ئورارتی پەرەی سەندبێت[١٣١].

هەر لە نیوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە لە مێژوودا دەرکەوتوون و بەهۆی هێزی ئەو دەوڵەتۆکانەی ئەو کات فەرمانڕەوای میسۆپۆتامیایان دەکرد، خورییەکان لەسەرەتادا ملکەچی دەسەڵاتی سومەری بوون، دواتریش دەسەڵاتی ئەکەدی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە خورییەکان بوونە ئەو ئامرازەی سیمای شارستانیەتی وڵاتی دۆڵی دوو ڕووباری گواستەوە بۆ ئاسیای بچووک و وڵاتی شام[١٣٢]. شایانی ئاماژە پێ کردنە هەرێمەکانی (کارخار، سیموروم)، (شاشروم – دەشتی بیتوێن) و (اوربیلوم) لەگەڵ (ارابخا) و نوزی[١٣٣] کەرکوک و لەیلان

---

١٣٠ د.جمال ئەحمەد، د.فەوزی ڕەشید،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

١٣١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.

١٣٢ د.جمال ئەحمەد، د.فەوزی ڕەشید، مێژووی کۆنی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

١٣٣ نوزی: (یورغان تەپە)ی نزیک لەیلان لە خوارووی ڕۆژئاوای کەرکوک بۆ نموونە شوێنی نیشتەجێ بوونی گوتییەکان بوو، بەناوی Gasur خورییەکان لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا چوونە ناوی و پاشماوەی ژیاری (المخلفات الحصاریە- خۆیان تێدا جێ هێشت، ئێستا بە یەکێک نیشتەنیە خورییە دەوڵەمەندەکان دادەنرێ، لەڕووی تۆمارگەی بزماریەکانەوە، زانایانی شوێنەواری ئەمریکی دەستیان کرد بەپشکنین لەم شوێنەدا لەماوەی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٣١ کۆمەڵێ پاشماوەی شوێنەواریان تێدا دۆزیەوە کە دەگەڕانەوە بۆ ماوەی چەرخی پێش مێژوو چەرخی ڕۆمانی- فورسی (فرثی) و ساسانی. لەنێوان سەدەی شانزە و پانزە دا، لەم شوێنەدا کۆمەڵگایەکی بازرگانی و کارگێڕی گرنگی تێدا دروست بوو، بەداخەوە ئەو هونەرە گڵینانەی –الفن الفخاریە- لەم شوێنە دەرهێنران لێیان نەکۆڵرایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا جۆرێکی تایبەتی قاپی گڵێنەیی (أوان الفخاریە) هەیە، قاپی نوزی یان قاپی میتانی ناسراوە، و خاوەن –مواصفات–ی تایبەت بوون، هەندێکیان لەبەردی درێژ دروست کرابوون، بنکەیەکی –قاعیدە- بچوکی هەبوو، لەگەڵ کۆمەڵە پەرداخێک کە وێنە و هێمای بەدوو ڕەنگی ڕەش و سپی لەسەر دروست کرا بوو. جگە لەم کارە هونەریانە لە شوێنی نوزی ٤٠٠ پارچە –لوح- دەرهێنرا، بەختەتی بزماری نوسرابوون، زۆربەی ئەو ناوانەی تێدا بوون خوری بوون، ئەو بابەتانەی ئەو دەقانە باسیان کردبوو، پەیوەندی بە بابەتە کۆمەڵایەتی و کارگێڕیەکانەوە

لەسەردەمی هێرشەکانی پاشاکانی سومەر وەک (شولگی) (١٩٨١ - ١٩٧٣ پ.ز) و (أمارسین)ی کوڕی (١٩٨١ - ١٩٧٣ پ.ز؟؟؟) جگەلە گوتییەکان خورییەکانیشی تێدا دەژیان، کاتێ (شەمشی ئەدەد) و (ئیشمی داگانی) کوڕی ئاشوری ویستیان لەم ماوەیەدا شارە سەرەکیەکانی نێوان دوو ڕووبار داگیر بکەن، پاشایانی هەموو ناوچە (سوباری)یەکان ناوی خورییان هەبوو[١٣٤].

یەکەم جار ناوی کەسی خوری (داخیش - ئەتال Dahiš atal - )ی پادشای (ئەزوخینوم Azhuinum) بووە، (نەرام - سین) بەدیلی گرتووە، (پوتتیم - ئەتال Puttim - atal) پادشای (سـ/شیمورروم) یەکێک لەیاخی یەکانی دژی (نەرام - سین) بووە، هەندێک لە توێژەران باوەڕیان وایە بوونی (خوری) یەکان هێشتا لەمەش کۆنترە، وشەی سومەری (ti\abira) واتای (مزگەر)ە، بەگوێرەی ئەمان وشەیەکی بنەچەی (خوری) یە، شاری (باد - تیبیرا Bad - tibira)ی سومەری شاری بەناوبانگی پێش لافاو بووە، ناوەکەی بەبنەچە خوری یە[١٣٥]. ڕووداوە مێژووییەکان لەسەردەمی (نرام - سین)ەوە (٢٢٥٤ - ٢٢١٨ پ.ز) خوری، وەک خاوەن یەکەی سیاسی دەرکەوتووە، (نرام - سین) لەسەرەتای هاتنە سەر حوکم بۆ خامۆش کردنی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە (سوبارتو)دا دەستی دایە لەشکرکێشیەکی فراوان، لە شوێنێکدا بەناوی (ئەزوخینوم)[١٣٦]، ڕووبەڕووی هێزێکی خوری بۆوە، ناوی سەرکردەکەیان (تاخیش - ئەتاڵ Tahiš - atal)بوو، ناوی شوێن و کەسەکەش خورییە، ناوی هەموو پادشا ناوچەییەکان لە کەرکوک لەگەڵ ناوی شوێنە سوبارییەکان شێوازی خوری پێوە دیار بووە، وەک (تاهێشاتیلی) فەرمانڕەوای ئەو ناوچانەی دەکرد، دەکەوتنە سەر زێی بچوک لە ڕانیە و (أزیخیننوم) دەسەڵاتی دەگەیشتە ناوچەیەکی فراوان و زۆری (سوباری)، پادشایەکی (سیموروم) بەناوی (پوتیم - ئەتەل putim - atal) لە ناوچەکانی نێوان

---

هەبوو، لەگەل بوونی برگەی وا لە حیکایەتە باوکە ئالۆزە یەکەمینەکان -اباُأولین- دەچوو کە هاوچەرخی - اسفار تکوین)ی کتێبی پیرۆز بوون. بروانە: د.جمال رەشید احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

١٣٤ د.جمال رەشید احمد، کرکوک لە چاخە کۆنەکاندا،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

١٣٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.

١٣٦ رای واهەیە ئەم شوێنە لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک لەنزیک چەمچەماڵ دادەنێت، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا خوری لەو چاخەوە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کەرکوک دا بڵاوبونەتەوە، یان دوو شار بەو ناوە هەبوون، ئەمەیان زیاتر ڕێی تێدەچێت، ئێستاش ئەمە دووبارە دەبێتەوە، لەدەقەکانی (گاسوور)دا ژمارەیەک ناوی خوری دۆزراوەتەوە. بروانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

دیاله (سیروان) و زێی بچوکدا، یەکێک بوو لە فەرمانڕەوایانی ناوچەکە ڕووبەڕووی (نرام – سین) بۆتەوە، بەناوەکەیەوە دیارە خوری بووە[١٣٧].

پادشاکانی دوای (نرام – سین) هاتنە سەر تەخت، نەیانتوانی شکۆی دەوڵەتەکە بپارێزن، بووە هۆی بەهێز بوونی گەلانی ناوچەکە، وەک خوری، ئەوەبوو دەوڵەتی (ئورکێش Urkeš)[١٣٨] وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەری هەڵدا. پادشایەکیان بەناوی (ئەتەل – شین atal – šin) لەسەر تابلۆیەکدا بەبۆنەی بنیاتنانی پەرستگایەک بۆ خواوەند (نرگال) تۆماری کردووە. تێیدا هاتووە (ئەتەل – شین) پاشای (ئورکێش) و (ناوار)[١٣٩] پادشایەکی تریش بە ناوی (کیکلب – ئەتەل) نازناوی (پادشای ئورکێش)ی[١٤٠] لە خۆی ناوە، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە خوری لەو سەردەمەدا سەربەخۆ بوون، هەرچەندە ناتوانرێت بەوردی مێژوو و شوێنی ئەم دەوڵەتانە دیاری بکرێت. بەڵام بەهۆی لەناوچوونی دەسەڵاتی ئەکەدی لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە تا دیالە لەباشوورەوە خورییەکان لەڕووی سیاسیەوە لەبرەو دابوون.[١٤١]هەرچەندە گوتییەکان شاری (ئارابخا)یان بنیات ناوە و کردبوویانە ناوەندی دەوڵەتی خۆیان، دواتر خوری تێدا نیشتەجێ بوون، بەو پێیەش چەندین تابلۆی قوڕی دۆزراوەتەوە بەخەتی مێخی و بەزمانی (ئەکەدی – خوری) نوسراون،

١٣٧ د.جەمال ڕەشید ئەحمەد، کەرکوک لەچاخەکۆنەکاندا، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٠.

١٣٨ ئورکیش Ur– kišیانUr– kēšئورکێش لەو شارانەیە مێژوویەکی کۆنیان هەیە، مێژووی ئورکێش دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، تاماوەیەک ئورکێش وادەزانرا لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەیە، دواتر دەرکەوت ناوچەی سێگۆشەی خاپووری فوڕاتە. بڕوانە: فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

١٣٩ ناوار: بەپێی هەندێ سەرچاوە (ناوار) هەر وڵاتی (نامری)یە لە نێوان دیالە و قەرەداغ لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا ناوی هاتووە، بەڵام بەپێی دواترین زانیاری (ناوار) لەگەڵ (نەگار) گونجاوترە، لە سێگۆشەی (خابوور)دا ناوەندێکی پەرستنی خواوەند (نەگار)ی خوری بووە، نزیک تر و شیاو ترە بۆ چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

ئەوەی پشتگیری (تۆرۆ دانژان) دەکات بەشوێنی ناوار کە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەیە هەبوونی ناوەکەی بەشێوەی (نامار) لەهەزارەی دووەمی پێش زایین لەهەزارەی یەکەمیشدا ئاشوورییەکان ناوی (نامری) یان هێناوە، ئێستاش بەدڵنیاییەوە دەزانرێت لەخوار سیروانەوە تا نزیک (خانەقین) دەڕوت یان وەک (دیانۆکۆف) بەگشتی دەڵێت (بەشی ناوە ڕاستی سیروان) ڕای نوێ تریش زۆر جیاواز نیە ناوچەی خانەقین یا ڕۆژهەڵات تر. (کێلسەر ١٩٩٨). بڕوانە: فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

١٤٠ بەپێی ئەوەی حەمورابی ئەم شارەی لە ڕیزی ئەو شارانە داناوە بەزاندونی تۆماری کردووە پێدەچێت لەناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بووبێت. کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٤.

١٤١ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

بـۆ بنەمـاڵەی خـوری بەنـاوی (Wullu) دەگەڕێـتەوە، ئەم بنەمـاڵەیە لەناوڕاسـتی هەزارەی دووەمی پێش زایین خاوەندارێکی گەورەی شارنشینی (ئارابخا) بووە[١٤٢].

لە نیـوەی یەکەمـی هەزارەی دووەمـی پـێش زایـین خورییەکـان کۆمەڵێـک شانشـینیان دامەزرانـد، لە بـاکووری سـوریاوە تـا ڕۆژهەڵاتـی دیجـلە و چیاکـانی زاگرۆس درێژ دەبوونەوە، ئەو شانشینانەی فەرمانڕەواییان دەکردن، بەشی زۆریـان نـاوی خورییـان هەبـوو، شانشـینەکەی (کـوواری Kuwāri) لە هـەرێمی ڕانـیە و شانشـینی (توروککو) بەپاشـایەتی (تالپوشـاڕری) ناوێـک و (ئیتابـالخوم) و هـی تـر، تەنانەت لەوانەیە شانشینی (شیکشـاببوم) یش هەموویـان شانشـینە (خـوری) یەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی کۆن بوون[١٤٣].

لەسـەردەمی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـوردا دەسـەڵاتی خورییەکـان لە کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتانیش بەئاکـام گەیشـت، زۆربەی (ئێنسـی ensi)ی دەسـەڵاتدارەکانی ئەو ناوچـانە نـاوی خورییـان هەبـوو، پەلکێشـیان بەردەوام بـوو، خورییەکان ڕۆڵی سیاسی و شارستانی کاریگەریان لەناوچەکەدا بینی، بەتایبەت لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا، لەو چاخەدا توانیان زۆربەی ئەو وڵاتەی بە سـوبارتوم و گوتیـوم و ...تادناسـرابوو، بـخەنە ژێـر کـاریگەری شارسـتانی خۆیـانەوە. کاتێـک لەسـایەی دەوڵەتـی (میتـانی) دا (١٥٠٠ پ. ز) بـۆ یەکەم جـار یەکێتیەکـی سیاسـیان پێکهێنـا[١٤٤]. بەم شـێوەیە خورییەکـان توانیـان لە ناوەڕاسـتی هەزارەی دووەمی پێش زایین ئیمپراتۆریەتی (میتانی) دابمەزرێنن، دواتر دەسـەڵاتی پاشـا چالاکەکانیـان گەیشـتە بـاکووری سـوریا و ئاسـیای بچـوک و ڕۆخـی دەریـای ناوەڕاست و لوبنان و تا فەلەستین، فراوان بوو[١٤٥].

خورییەکـان (لەتەورات)دا بە (حوریـت) ناویـان هـاتووە، بـۆ مـاوەیەکی درێـژ نەتەوەی سەرەکی ناوچەکە بوون، ڕۆلێکی ڕامیاری و فەرهەنگی ئیجگار گرنگیان لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیکی دێرین بەگشتی و کوردستانی کۆن گێڕاوە[١٤٦]، لەچاخی بابلی کۆندا (١٩٠٠ – ١٥٩٥ پ.ز)لەدوای سەردەمی (ئور) دەوڵەتی (ئیشنونا) سەری

---

١٤٢ کامەران کویخا جەلال، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

١٤٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

١٤٤ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

١٤٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

١٤٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

هەڵدا، ناوی چەند پاشایەکی ئیلامی، (خوری)ش بوون، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی (١٨ پ.ز) دا پاشماوەکان ڕوونتر دەبنەوە، لە خۆرئاوای دیجلەوە تا (ئالالاخ) پاشماوەکەی لە (تل العطشانە)یە و لەو چاخەدا بەوڵاتی (موکیش) ناسرابوو، لە دەشتی (ئەنتاکیا) لە خۆرئاوای شوێنەکانی سەرەوە، دەکەوێتە نزیک حەلەب لە هەموویان زیاتر پاشماوەی خوری تێدا دۆزراوەتەوە[١٤٧]. توانراوە بەشێوەیەکی زۆر فراوان پاشماوەی جۆراو جۆری خوری بدۆزرێتەوە.

لە خۆرهەڵاتەوە لە ناوچەکانی (بیتوێن) دا کۆمەڵگای (خوری) زۆر پێشکەوتوو بووە، بەتایبەت لە (شمشارە) دا کە ناوەندێکی کارگێڕی (خوری) بووە، فەرمانڕەوایەکی بەهێزی ناوی (کوواری) فەرمانڕەوایەتی کردووە، لەو سەردەمانەدا چەندین هێزی سیاسی سەری هەڵدا، بەهێزترینیان هۆزەکانی (توروککوی یان توروککی) خوری بوو[١٤٨]. (توروککی) یەکانیشخێڵێکی خوری ڕەگەز بوون، لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر دەژیان و لەو کاتە زۆر چالاک بوون[١٤٩].

کاتێک حوکمدارەکانی (حەلەب) و (ئالالاخ)[١٥٠] (ئاموری) بوون، دانیشتوانی شارەکان (خوری) بوون، چونکە نووسراوەکان پڕن لە زاراوەی تەکنیکی بەزمانی (خوری) دیارە نامە نووسەرەکانیش هەر (خوری) بوون، هەرچی کاروباری ئایین و ئابووری و کارگێڕی و زانیاری بەدەست خورییەکان بوو، هەر تەنیا حوکمدارەکان ئاموری بوون، کۆمەڵی دووەمی نووسراوەکانی (ئالالاخ) سەردەمی حوکمی (میتانی) و دەسەڵاتی خورییەکانە زیاتر پەرەسەندنی خورییەکان پیشان دەدا و (ئاموری)یە سامیەکان دەبن بە کەمایەتیەکی زۆر کز و بێ سەڵات، ئێستەش ناوچەی حەڵەب و دەوروپشتی کوردنشینە[١٥١]. خورییەکان لە کوردستاندا زۆر بڵاوبوون، نیوەی کوردستانی ئەمڕۆ، بەڵکو لەنیوە زیاتریش، وڵاتی خورییەکان بوون، تەنانەت شاری ئاشووریش پایتەختی ئاشوورییەکان لە سەردەمی حوکمی (میتانی) دا خەڵکێکی زۆری خوری تێدا دەژیان. هەولێر و ڕۆژهەڵاتی هەولێریش

---

١٤٧ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

١٤٨ کامەران کویخا جەلال، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

١٤٩ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

١٥٠ پاشماوەکەی لە (تل عطشانە) لەو چاخەدا بەوڵاتی (موکیش) ناسرابوو، لە (أنتکیا) لە خۆرئاوای شوێنەکانی سەرەوە دەکەوێتە نزیک حەڵەب، لەهەموویان زیاتر پاشماوەی خوری تێدا دۆزراوەتەوە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

١٥١ أ.د. پاکزە رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٢٢.

(خـوری) نشـین بـوو، خورییەکـان لەسـەردەمی حـوکمی (میتـانی) دا بەئاشـکرایی لە کەرکوک دەردەکەون، بەڵام لەبەر نزیکی هەولێر لە وڵاتی ئاشـوور و لەبەر بایەخی شـارەکە لەلایەن ئاشـوورییەکان، کـاریگەری گەورەیـان لەسـەری هەبـووە، بەڵام تـا پشـکنین لە قەڵای هەولێـر نەکرێـت هـیچ شـتێک لەم بـارەیەوە بەڕوونـی ئاشـکرا نابێت[١٥٢].

## دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی پاشایانی خوری

وەکـو زانـراوە (خوری)یەکـان لە سـەردەمێکی زۆر کـۆنەوە لەناوچەکـانی دەریـاچەی وان بەرەو خۆرئـاوا تـا دەگـاتە ڕووبـاری دیجـلە بڵاوبـوونەتەوە، لەتۆمارەکـانی (ئـێ - ئەننـاتم)ی پادشـای بنەمـاڵەی یەکەمـی (لەگـش) دا لەگەڵ (سوبارتو)دا ناوبراون[١٥٣].دەرکەوتنی خورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە باش دەرنەکەوتن، تاکو لە هەزارەی دووەمی پـێش زایـن[١٥٤].چەنـد شانشـینێکیان هـەبوو، دواتـریش ئیمپڕاتۆریـەتی میـانی دەسـتی بەسەر ناوچەکەدا گرت.

کـاتی دەرکەوتنـی نەوەی سـێیەمی ئـور (٢١١١ - ٢٠٠٣ پ.ز) هەوڵـدانی بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی بەسـەر وڵاتـدا کـاریگەری خورییەکـانی کەم کـردەوە، چـونکە پادشای سۆمەری (شولکی) (٢٠٩٣ - ٢٠٤٦ پ.ز) چەندین شەڕی لەگەڵ خورییەکان بەرپـا کـرد و لەگەڵ خۆشـیدا دیلێکـی زۆری هێنـا، بەچەشـنێک ناوەکانیـان لە دەقە مێخیەکان دەهات، و لە دیارترین ئەم ناوانە (ئوناب شین -UNAP - ŠHEN)ە کە ناوێکی سـومەری بەکوڕەکەیەوە نـاوە، ئەمەش لە ڕاستیدا هێمایەکە بۆ توانەوەیان لەنـاو کۆمەڵگـای نوێـدا، هەروەهـا لە خـودی تێکسـتەکانی نەوەی سـێیەمی ئـوردا دەردەکەوێت شاری (ئۆرکیش) لەسـەر سـەرچاوەکانی ڕووبـاری خـاپووردا دوور لە دەسـەڵاتی نەوەی نـاوبراو مـاوەتەوە، چـونکە لەنـاو هەواڵەکـانی هەڵـمەتە سـەربازییەکاندا بـاس نەکراوە، لە کاتێکدا ئەو شـەپۆلە ئەمورییـانەی لە ڕۆژهەڵاتـی عیـراقەوە هـاتبوون گوشـاری دەخستەسـەر نەوەی سـێیەمی ئـور لە کۆتاییەکـانی هەزارەی سـێیەمی پـێش زایینـدا، ئەوە خورییەکـانی لە دەسـەڵاتی نەوەی نـاوبراو

١٥٢ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.
١٥٣ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.
١٥٤ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە مصدر السابق،ل ٥٨.

ڕزگار کرد، بەچەشنێک توانیان دووبارە زۆربەی بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا کۆنترۆڵ بکەن، یەکێک لە پاشاکانیان بە ناوی (تیش ئەتیل)ەوە نازناوی (پیاوی نەینەوای) لە خۆی ناوە، چونکە دەقەکانی شانشینی (ئیشنوونا)ی سەر ڕووباری دیالە ئەوەی دەسەلماند زاڵ بووە بەسەر بەشەکانی سەرەوەی ناوچەی ئاشوور، بەتایبەت ئەو شارەی خواوەندی خوری (شاوشکا – SHAWUSHKA)ی تیا پەرستراوە، لە پلەوپایەدا هاوشانی خواوەند عەشتارە[155].

ئەو پادشایەش ڕابەری ئەم دەوڵەتە فراوانە بوو ناوی(ئەتیل شین) بوو، هەندێک جاریش لەشێوەی (ئەری شین – ARI – ŠHEN) هاتووە، ئەم پادشایە تابلۆیەکی برۆنزی بۆ بەجێهێشتووین، لە بنەڕەتی پەرستگای (نرکال)دا دۆزراوەتەوە، بەنوسینی مێخی و زمانی ئەکەدی نووسراوە، تیایدا هاتووە (ئەتیل شین) کوڕی (شەتەرمات -ŠHATAR – MAT) پادشای (ئورکێش – URKEšH) و (ناوار – NAWAR)ە، ئەگەر زانیمان شاری (ناوار) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە، لە نێوان زێی خواروو ڕووباری دیالەوە. شاری (ئۆرکێش)یش دەکەوێتە لای سەرچاوەکانی ڕووباری خاپوور واتە لە سنووری تورکیا – سوریا جێ فەرمانڕەوای خورییەکان بووە. ئەوا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت نەمانی دەسەڵاتی ئەکەدی و گۆتی وایکرد (ئەتیل شین) بتوانێت ئەم دەوڵەتە فراوانە پێکەوە بنێت، هەروەها لەبەر ئەوەی شاری (ئۆرکێش) مەڵبەندی پەرستنی خواوەندی خوری (کومارب – KUMARB) دەبێ پایتەختی دەوڵەتەکە بووبێت. (تیش ئەتیل) شێوە نوسینێکی مێخی بۆ بەجێهێشتووین، تایبەتە بە پەرستگای خواوەند (نرکال)، بەڵام بەزمانی خوری نووسراوەتەوە، ئەم نووسینەش بە کۆنترین نموونەی زمانی خوری دادەنرێت و وەرگێڕانەکەی بەم جۆرەیە" تیش ئەتیل ئیندا – (فەرمانڕەوا) ئۆرکیش، پەرستگایەکی بۆ خواوەند (نرکال) دروست کرد، و بریا ئەم پەرستگایەش لەلایەن خواوەند (لوباگادا – LUBAGADA)ە بپارێزرێت، هەرکەس دەیڕوخێنێ (واتە ئەم پەرستگایە دەڕوخێنێ) خواوەند (لوباگادا) لەناوی ببا، خواوەندی کەش و هەوا نزای قەبووڵ نەکاو خانمی نکار و خواوەندی خۆر و خواوەندی کەشوهەوا .... بۆ ئەو کەسەی دەیڕوخێنێ".

١٥٥د. جەمال ڕەشید، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

لەو ڕاستیانەی شایانی باس کردنە لەم بوارەدا ئەوەیە دەقە مێخیەکان باسی ناوی زۆر لەو پادشا ئەکەدی و سومەرییانە دەکات، خۆیان کردووە بەخواوەند، بەچەشنێک لەبەردەم ناوەکانیاندا هێمای سەلماندنی خواوەندێتیان داناوە، لەڕێگای یەکێک لەو مۆرە لولەکییە خورییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، بە هەمان شێوە (تیش ئەتیل) لەبەردەم ناوەکەی خۆیدا لەو هێمایەی داناوە و خۆی بەپادشای (KARAHAR)[١٥٦] پەسند داوە. هەندێ پادشای دیکەش خۆیان کردووە بە خواوەند، وەک (ئیدی – سین – IDI - SUEN) لەشاری (سیموررۆم)ەوە و کوڕەکەی (زابازونا) و بەهەمانشێوە (زاردەمو – ZARDAMU)ی پادشای شاری (کاداخار) هەمان شاری (خارخار= نەهاوەند)ە باسی هاتووە لەو نووسینە ئاشوورییانەی دەکەونە بەرزاییەکانی ڕووباری دیالەوە[١٥٧].

خورییەکان توانیان تا ماوەیەکی درێژ تر لەدوای ئەم ڕووداوانەش دەسەلاتی سیاسی خۆیان لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ (کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیا) بپارێزن، لەچەند میرنشین و شانشینی بچوکدا ڕەنگی دابووەوە، لەساڵنامەیەکی ئاشووری دا باسی پێکهێنانی بەرەیەکی خوری فراوان دەکەن بەسەرکردایەتی (ئەلزی – Alzi) کە ناوی (ئێخلی تیشۆب – Ehli – Teššup) بووە، بۆ سەندنەوەی (خانیگالبات) لەدەست ئاشوورییەکان، بەلام لەئەنجامی لەشکرکێشی بەردەوامی ئاشوورییەکان و کۆچ هێنانی نەتەوەی نوێ (هیند و ئێرانی)یەکان، لە سەدەکانی دواتردا بەگشتی لەناوچەدا بەرە بەرە توانەوە و لەناوچوون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی خوری هەر بەردەوام بوون، تا کۆتایی دەسەلاتی ئاشووری و دواتریش بەردەوام بوون، ئەگەر

---

١٥٦ کارخار:Karhar (کاراخار، گانخار) شولگی پاشای بەهێزی بنەماڵەی سێیەمی ئورلە ناوەڕاستی ماوەی حوکمیدا دەستی کرد بە لەشکرکێشیەکانی بەئاراستەی باکووری خۆرهەلاتی نێوان دوو ڕووبار، لەشکرکێشی یەکەم ئاراستەی کارخاری کردبوو لە ساڵی (٣٤)ی فەرمانڕەواییدا، جارێکی تر شولگی لە ساڵی (٤٥)ی فەرمانڕەوایی ئاراستەی لەشکرکێشی بۆ کارخارKarhar و سیموروومSimurumو لوللوبومLulubum و ئوربیلوم Urbilum بوو، وەک لە تۆماری ساڵەکەدا هاتووە" سەری ئەمانەی لەتاکە یەک لەشکرکێشیدا ورد و خاش کرد". ئەمە یارمەتیمان دەدات لەدەستنیشان کردی ئەو ناوچەی سەر بە کارخار بووە، کارخار بەپێی ئەم لەشکرکێشە لەسەر هێڵی سیموررۆم- لوللوبوم- ئوربیلوم بوو، ئەم هێڵە لە ڕووباری سیروان (دیالە) دەست پێدەکات، تا دەگاتە هەولێر (ئوربیلوم) کەواتە کارخار یان دەبێت لە سیروان بێت (دەوروبەری کەلار؟) یان لەدەشتی کەرکوکدا، کاتێکیش شولکی یەکەم لەشکرکێشی خۆی ئاراستەی کارخار دەکات ئەمە دەسەلمێنێت، کارخار نزیکترین شوێن بووە لە دوو ڕووبار. بڕوانە: فارضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣

١٥٧ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

بەکۆمەڵە و دەستەی بچوکیش بووبن[١٥٨]. سەربارى ئەوەى باسکرا فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی ناوچە چیاکانی زاگرۆس، خورییەکان توانیان بەچەند شوێنێکی (هلال الخصیب)دا بڵاوببنەوە، شوێنەوارەکانیشیان لە هەندێ شوێنی تردا دۆزراونەتەوە. بەڵام نەبووە یارمەتیدەرێک بۆ دامەزراندنی یەک دەوڵەتی یەکگرتوو، چونکە ئەوانەی فەرمانڕەواییان کردووە، بواری نەداوە بەخورییەکان دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووخانی نەوەی ماری (ناوە تازەکەی گردی حەریر، لەسەر سنووری عیراق سوریا) یارمەتی خورییەکانی داوە بۆ پێکهێنانی چەند دەوڵەتۆکەیەکی بچووک، وەک لە خوارەوە ناوی ئەم دەوڵەتۆکانە و ناوی ئەو پادشایانە دێت کە فەرمانڕەوایەتیان تیا کردووە:

١ – ئەتیل – شین، پادشای بورونددۆم (نزیک غازی عەنتاب).

٢ – شوکروم تیشۆب، پادشای ئیلاخوت (لەنێوان کرکەمیش و دەریای ناوەڕاست).

٣ – نانب شاویری، پادشای خابوراتوم (نزیک گردی عەجاجە لەسەر ڕووباری دیجلە).

٤ – شادوشری، پادشای ئەزوخینوم (نزیک نوزێ).

٥ – تیش ئولمیە، پادشای ماردنام (ماردینی ئێستا).

٦ – شین تام، پادشای ئورشوم (لەسەر ڕووباری فورات نزیک ئورفە).

٧ – ئەنیش حۆربی، پادشای خاشوم (نزیک کرکەمیش).

لە کۆتایی بابەتەکەشدا پێویستە باس لەوە بکەین ڕۆڵی خورییەکان وەک هێزێکی فەرمانڕەوا لەو ناوچانەی تێیدابوون، کۆتایی نەهات تا کۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەمی پێش زایین، دەقە مێخیەکان وردە وردە بەڵگەن لەسەر گواستنەوەی دەسەڵات لەدەستی ئەوانەوە بۆ دەستی نەوەکانیان، وەک لە خوارەوە خشتەیەک هاتووە، بەناوی ئەو پادشا خورییانەی توانراوە ماوەی فەرمانڕەواییان دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوانەی هاوچەرخیان بوون لە قۆناغە مێژووییەکاندا و پادشاکانی وڵاتی دووڕووبار.

---

١٥٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

**خشتەیەکی تایبەت بەناوی پادشا خوریەکان و دەوڵەتەکانیان و ئەوانەی لە وڵاتی دوو ڕووباردا هاوچەرخیان بوون:**

**ناوی پادشا خوریەکان**
**هاوچەرخەکانیان لە وڵاتی دووڕووباردا**

| ناوی پادشا خوریەکان | هاوچەرخەکانیان لە وڵاتی دووڕووباردا |
|---|---|
| **قۆناغی ئەکەدی ٢٣٤٠ – ٢١٩٨ پ.ز** | |
| کیکلب – ئەتیل، پادشای ئۆرکیش | قۆناغی گۆتی، نزیکەی ٢٢٣٠ – ٢١١٦پ.ز |
| | پادشای یەکەم: ئەریدۆ بیزەر |
| شترمان: باوکی ئەتیل شین ئەتیل شین، پادشای | دواپادشا: تیرقان |
| ئۆرکیش و نەوار | نەوەی سێیەمی ئور ٢١١١ – ٢٠٠٣پ.ز |
| | ئورنمو ٢١١١ – ٢٠٩٤ پ.ز |
| | شولکی ٢٠٩٣ – ٢٠٤٦ پ.ز |
| تیش ئەتیل، پادشای نەینەوا | نەمارسین ٢٠٤٥ – ٢٠٣٧ پ.ز |
| تیش ئەتیل، پادشای کەراخار | شوسین ٢٠٢٦ – ٢٠٢٨ پ.ز |
| | ئەبی سین ٢٠٢٧ – **٢٠٠٣** پ.ز |

هەواڵنامەی کتێب

| سەردەمی کۆنی بابلی | |
|---|---|
| ئەتیل شین، پادشای بورووندوم | پادشا حامورابی لەنەوەی یەکەمی بابل |
| شوکروم تیشوب،پادشای ئیلاخون | ١٧٩٢ - ١٧٥٠ پ.ز |
| | وڵاتی ئاشوور |
| نانب شاویری، پادشای خاپوراتوم | شمشی ئەدەد ئەشمی داگان لە پاشاکانی |
| شادوشری، پادشای نەزوخینوم | |
| تیش ئولمیە، پادشای ماردنام | زمیرلیم، پادشای نەوەی ماری |
| شین نام، پادشای ئۆرشوم | سمسودیتانا ١٦٢٥ - ١٥٩٤ پ.ز |
| ئەنیش خوربی، پادشای خاشوم | پادشاکانی نەوەی یەکەمی بابل[١٥٩] |

**شوێن**

خوری لەهەزارەی سێیەمی پێش زایین لەناوچەکە دەرکەوتن و لە هەزارەی دووەمی پێش زایین بەشێوەیەکی زۆر بڵاوبوونەوە، بەڵام لەناوەڕاستی هەزارەی دا گەیشتە ئەوپەڕی فراوانبوونیان، چونکە لەو سەردەمەدا پاشماوەی ماددی و نووسراوەیی (خوری) لە زۆر ناوچەدا دۆزراوەتەوە، پێشتر جێی گومان بوون، ڕوون بووەوە، وەک ناوچەکانی (ئارابخا)، زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین لە باشوورەوە (ئۆگاریت) پاشماوەکانی لە (رأس الشمرا) دایە، لە باکووری شاری (لازقیە)ی سوریا لە ڕۆخی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، لەو سەردەمەدا

١٥٩ د.جمال ڕەشید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦-١١٢.

تـاڕادەیەکی زۆر ڕیـژەی دانیشـتوانی خـوری گەشــەی کردبـوو. لە خۆرئـاواو و لە باکورەوە تا وڵاتی (ئیشووا) کە دەکەوێتە باکووری زنجیرە چیاکانی (تۆرۆس)، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر پەیوەستی دەوڵەتی (میتانی)دا بوو، دانیشتوانی خـوری بوون. (کیززواتنا) (ئیستا بەشی باشووری ئەم وڵاتە بە (چوکوراوا/ چوکوڕاک) دەناسرێت، لەبـــاکووری کەنـــداوی (ئەســـکەندەروونە)، لەبـــاکووری خـــۆرهەڵاتی دەریـــای ناوەڕاست[١٦٠]. ئەم وڵاتە فراوانە بەوڵاتی خورییەکان دەناسرا.

## ڕەگەز

خوری یەکێک بوون لە گەلانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن. لەسـەرچاوە مێخیەکاندا زانـراوە، خـوری لەبنەڕەتـدا لەناوچەکـانی بـاکووری خـۆرهەڵاتی وڵاتـی ئاشـووردا بـوون، لەقەفقـاس یـان لەناوچەکـانی دەریـاچەی (وان)ەوە هـاتوون[١٦١]. نیشـتمانی دێرینیان لەوە دەچێت نزیک دەریاچەی وان و کوێستانەکانی باکوور و ناوچەکانی قەوقاز بووبێت، ئەوەی گرنگە خوری یەکێکن لە گەلانی کۆنی چیاکانی زاگرۆس و بنچینەی باپیرانی کوردن.

## ئاین و بیروباوەڕ

لەڕۆژگـاری کۆنـدا میسـۆپۆتامیا کۆنەکـان و دەوروبەری لەو بـاوەڕە دابـوون، هەمـوو شـارێک خـوا (یـان خواگەلێـک)ی خـۆی هەیە، سـەرچاوەی دەسـەڵاتیانە و لایەنی باڵای شـارەکەیە و دەیپارێزێت، فەرمانڕەواکانی سـەردەمی کۆن بانگەشـەی ئەوەیـان دەکرد ئەوان فەرمانێـک دەرنـاکەن تەنیـا بـۆ هێنـانەدی ئارەزووەکانی خـوا نەبێـت[١٦٢]. لەم ڕوانـگەیەوە لەو بـاوەڕەدا بـوون بڕیـارە یاسـاییەکان خـوای یاسـا دایناون، و چاودێری جێبەجێ کردنیان دەکات.

هـۆزە خورییەکـانیش لەژێـر کـاریگەری ئەم بیروبـاوەڕە دابـوون، خورییەکـان، بەشـێوەیەکی فـراوان لە چەنـدین نـاوچەی جیـاوازی جـوگرافی و شارسـتانیدا بـڵاو بوونەتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی یەکانگیر نەبوون و هاوشـێوە نەبوونی بیروبـاوەڕ و

١٦٠ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.
١٦١ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.
١٦٢ الدکتور أدم وهیب النداوی- الدکتور هاشم الحافظ، مصدر السابق.ص ٦٨.

ڕێوشوێنی ئاینی خوری، چەندین خواوەند خورییەکان دەیان پەرستن، ژمارەیەکیان لەو ناوچە تازانەدا وەردەگرت لێی بڵاوبونەوە، دواتر لەگەڵ کۆمەڵە خواوەندانی خۆیاندا دەیان گونجاند.

خورییەکان دەستووری ئایینەکەیان لەشەش پارچە نووسراوی نایابدا لە (ماری) دۆزراوەتەوە، بەزمانێکی زۆر بەرز و دانایانە نووسراون، هەوڵ دراوە زۆر بایەخ بدەن بە دەنگەکان نەبا هەڵە بکرێ لە خوێندنەوەیاندا، دیارە ئەوانیش زمانیان بەپیرۆز زانیوە. باسی خواکانی خوری وەک (تیشۆپ) و ژنەکەی (خێپات) کە لە میرایەتی حەڵەب دا پەرستراون، ناوی جەژنەکانی حەڵەبیش هەر جەژنەکانی (خوری) بوون، لە ساڵی (١٤١٧ پ.ز) خورییەکان بەتەواوی دەسەڵاتی سوریایان لە دەست (ئاموری)یەکان دەرهێناوە و خۆیان بوون بە حاکمی هەموو سوریا و فەلەستین. باسی کارەساتی ئەو دەورە هەموو لەنامەکانی (تل العمارنە) پاریزراوە[١٦٣]. (پانتیۆنی)[١٦٤] خوری ژمارەیەکی گەورەی خواوەندان پێک دەهات، گەورەی هەموو خواوەندەکان (تیشۆب Teššup)ی خواوەندی باو باران بووە، مەڵبەندی پەرستنی (کوممێ -Kumme) بووە، خواوەندانی تر (شاوشکاŠauška - ) (هاوتای ئیشتار) بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، زۆر جێگای ڕێز و بەرز و نرخاندن بووە، و مەڵبەندی پەرستنی لەنەینەوا بووە، (کوماربی Kumarbi) و (خێپات Hepat) زیاتر لە باکوری سووریا باویان هەبوو، (نوپاتیک Nupatik) یان (لوباداگا Lubadaga)ی نووسینەکەی (ئیش - تال) (شیمیکێ/لا Šimike\a)ی خواوەندی خۆر، (کوشو/اخ Kušu\ah) خواوەندی مانگ و هی تر[١٦٥]. لەبەڵگەنامەکانی (حتوسا) (بوغازی کوش)دا ناوی خواوەندی بەناوبانگ (ششورا) لای هۆزە هندیە ئەوروپیەکان دەرکەوتووە، ئەم ناوە لە تابلۆکانی (نوزی)[١٦٦].

---

١٦٣ أ.د. پاکزە رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٢٣.

١٦٤ Pantheon- کۆمەڵەی یاخود ئەنجومەنی خواوەندانی نەتەوەیەک یان وڵاتێک یان شارێک.

١٦٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

١٦٦ نوزی: لەهەزارەی سێیەمی پێش زایین بە (گاسور) ناسرا بوو، ئێستا بە (یورغان تەپە) ناسراوە، دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای کەرکوکی ئێستا بەدووری ١٣ کم. بڕوانە: کامەران کوێخا بەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

بەشێوەی (سورا) هاتووە، کە هیندیەکان لە (ئەلفیدا)دا بەشێوەی (ئەسوارا) تۆماریان کردووە، هەروەها لە (ئاڤێستا)دا لای ئێرانیەکان بەناوی (ئاهورا) هاتووە.

ئاینی خوریش لەڕەچەڵەکدا وەک ڕێکخستنی ئەندامی فرەچینی هەمە ڕەگەز بەدرێژایی سەدان ساڵ دروست بووە، بەناوبانگترین خواوەندی (خوری) پەتی (کوماربی) (باوکی خواوەندەکان) بوو، (خیپا) (ژنی تیشۆپ) و (کوری)، (کوشوخ)، (شاوشکا)، (خواوەندی خۆشەویستی و شەڕ -عەشتاری خورییەکان)، ئینجا (شیری و شولا)، (تیشۆپ) (خواوەندی کەش)، (تیلا، تیروری، کوسوە، سیمکی) و هی تر[١٦٧].

ئاینی خوری لەڕێگای هەردوو کەسایەتیە سەرەکییەکەی لە کۆڕی لاهوتیدا، کە خواوەندی کەش (تیشۆپ و خیپای ژنیشی)، بەتەنیا کاریان نەکردۆتە سەر وڵاتی (سوبارتۆ)، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەت لەوە تێپەڕی کردووە و کاری کردۆتە سەر (حیسی)یەکانیش، بەتایبەت لە دواکاتی شانشینی (حیسی)دا، بەڵام کاریگەری باوکی خواوەندە خوریەکان (کوماربی) بێگومان درێژتر و قوڵتر بوو، لای خورییەکان باوەڕێک هەبووە لەدوای مردن ژیانەوە هەیە، بەبەڵگەی ئەوەی ئەو دارەی دەکەوێتە نێوان دوو گیانداری ماڵیەوە بابەتی باسی مۆرە خورییەکان بووە، ئەم دارەش داری ژیانە پەیوەستە بە بازنەیی باڵداری خورەوە، لەپاڵ ئەم سومبولانەشدا ئەو مۆرانە بەتاڵ نیە، لە دیمەنەکانی ململانێی نێوان شێر و گا و هەندێ گیانلەبەر، ئینجا هەندێ دیمەنی ئاهەنگەکان کە هێمای شایی خواوەندە پیرۆزەکانە.

لە هەزارەی دووەمی پێش زایین و لەو کاتە هیندە - ئارییەکان ببوون بە بەچینی دەسەڵاتداری سەر دانیشتوانی ناوخۆیی لە چیای زاگرۆس و کوردستان، سەرباری ئەو خواوەندەی لەوڵاتی ڕەسەنی خۆیانەوە هێنابوویان خواوەندە ناوخۆییەکانیشیان هێشتەوە. بۆیە پەرستگا میتانییەکان ژمارەیەکی زۆری تێدابوو، لە ئەنجامی داگیرکارییەکان کەڵەکەی کردبوو، چونکە لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا دەستکاری خواوەند و کەشی پەرستنیان نەدەکرد، لە ترسی تووڕە بوونی ڕێزیان لێ دەگرت[١٦٨]. لەگەڵ هاتنی ڕەگەزە هیندە - ئوروپاییەکان توانیان سەرکردایەتی ڕامیاری نەتەوەکانی باکووری میسۆپۆتامیا بکەن، لەناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایین، ناوی چەند خواوەندێکی دیکە چووە سەر ناوەکانی تر، وەک: (ڤارونا

١٦٧ د.جمال ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

١٦٨ د.جمال ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٥١.

واندرا، ناساتیا، میسرا. ڤارونا) – خواوەندی سیستەمە، (ئەندرا) – خواوەندی بارانە، هەروەها (میسرا) پەرستنی لای ڕۆمانیش درێژەی هەبووە، خواوەندی هەتاوی پڕشنگدارە و پارێزەری سیستەم یان بەرپرس یان چاودێریەتی، مەبەستیشمان لە سیستەم جیهانی سروشت و سستەمی جیهانی ڕێوڕەسمی قوربانیەکانە، ئەم ڕێوڕەسمانەش پێی دەوترێت (ڕیتا RITA) یەکێکە لەو بیرۆکانە زۆر درێژخایەنەی ئاینە ڕۆژهەڵاتیەکان لەسەر هەڵدەچنرێت. زۆر پێدەچێت خواوەند (میترا) خواوەندی ڕەوشت بووبێ، لێپرسراوی سیستەمە بەفراوانترین ماناکانی، بەڵام بەزۆری پێگەی خۆی لەدەستداوە و وایلێهات تەنیا بەسەر گەردەلول و شەپۆلەکانی دەریادا زاڵ بێت. دواتر کاریگەری بەرەو خۆرئاوا ڕۆیشتووە و پاشان (میترایی) لای ڕۆمان بوو بە ئاینی گوێڕایەڵی پاشاکان، بەم شێوەیە کوردستان لەم قۆناغە مێژوویانەدا چۆتە ژێر کاریگەری ئەم دیاردە شارستانیانەی هۆزە هیند و ئەوروپاییەکان هێناویانە و بیروهۆشی خورییەکان و لوللوییەکان و گوتییەکان و کاشییەکانی پێ موتوربە کردووە[١٦٩].

## زمان

خوری وەک گەلێکی خاوەن زمان و داب و نەریت و خاوەن سیما و پێکهاتەی ئەنترۆپۆلۆژیای جیاکراوە[١٧٠]، توانیویەتی دوو هەزار ساڵ خۆی لەو ناوچەیە بپارێزێت، ڕەوتی مێژووی خۆی هەبێت و کاریگەری بخاتەسەر گەلانی دەوروبەری، بۆیە لە بوارەکانی ڕەگەز و زمانەوانیەوە ناچێتەوە سەر هیچ زمانێکی پۆلێن کراو، وەک سومەری، سامی و هیند و ئەوروپی ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زانایان ناوی گەلانی ئاسیای ڕەگەزیان لێ بنێن، بەپێی توێژینەوە زمانیەکان لەگەڵ زمانی (خالدی)[١٧١]دا لە ڕووی وشەسازی خزمایەتیان هەبووە، بەڵام دواتر

---

١٦٩ د.جمال ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٢-٥٦.

١٧٠ ئەمە بەو واتایە نیە هیچ کاریگەری دەرەکی لەسەر خوری نەبووە، چونکە لەناوڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین تێکەڵیان لەگەڵ ئەکەدی و سۆمەری و دواتر لەگەڵ ئاشوورییدا هەبووە، تا ڕادەیەک کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو شارستانیەتە و بەکارهێنانی خەتی مێخی لەلای خوری باشترین بەڵگەیە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە ئەوان ئەڵقەیەکی گواستنەوەی ئەو شارستانیەتە بوون بۆ ناو ئەنادۆڵ. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

١٧١ خالدی یان ئورارتو: ناوی گەلێکە لەناوی خواوەندێکی سەرەکیان وەرگیراوە، کە ناوەندی پەرستنی لە (موساسیر= ڕەواندز) بووە، لە تۆمارە ئاشووریەکاندا (١٣٠٠- ٦١٢ پ.ز) بە (ئورارتو، یا ئورارتی) هاتووە،

لەهەزارەی سـێیەمەوە هەر دوو زمـانەکە لەیەکتـر دابـڕاون[١٧٢]. زمـانی خـوری لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین بەتایبەتی لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لەبەشێکی فراوانی کەوانەی بەپیت (هلال الخصیب) دا قسـە و نووسـینی پـێ کراوە، ناوچەکانی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی عیراق باکووری سووریا و باشـووری تورکیـا (واتە کوردسـتان) لەکـۆنەوە بە (سـوبارتو) و (میتـانی) نـاوبراوە، سـەرەڕای دابەش بـوونی (خـوری) بەسـەر چەنـد هەرێمـی جـوگرافی جیـاواز، توانیبـووی وەک زمـانێکی سـەربەخۆ خـۆی بپارێزێـت[١٧٣]. بەڵام دەتـوانین بـۆ دوو زاراوەی سـەرەکی کـۆن و نـویێ دابەشـی بکەیـن، ئەم زمـانە تـا کۆتاییەکـانی تۆمـارە ئاشـوورییەکان لەناوچەکانی زێی بچـوک تـا دەریـاچەی وان بەردەوام بـووە[١٧٤] پێش ئەوەی کۆتـایی بەباسـەکەمان بێنین لەبـارەی خورییەکانەوە پێویسـتە بـاس لەوە بکەیـن زمانەکەیـان پەیوەنـدی هەبـووە بەو زمـانەی لە نـاوچەی (سـۆبارتۆ) بڵاوبـووە، واتە زمـانی (سـوئی)یەکان، کە پێشـتر لێکچوونیمـان لەگەڵ زمـانی لوللوییەکانـدا ڕوون کـردەوە. بەو پێیە دەتـوانین بڵێین زمـانی گەلانـی ئەم نـاوچەیە تـاڕادەیەکی زۆر لەیەکچونـدا نـزیکن، چـونکە هەموویـان لەیەک ڕەگەزن.[١٧٥] مامۆسـتای مێژوونـاس (عبـدالرقیب یوسـف) ڕای وایە: زمـانی دانیشـتوانی بنەڕەتـی پێشـینەکانی زاگـرۆس، چەنـد زاراوەیەک بوون لەیەک تێدەگەیشتن، وەکو زاراوەکانی زمانی کوردی ئێستا[١٧٦].

---

لەسـەدەی ٨ی پێش زایینەوە وەک دەوڵەتێکی هاوشـانی ئاشـوور سـەری هەڵدا، لەلایەن (سـردوری یەکەم) دامەزراوە، کە ناوەنـدەکەی (توشـبا) لە نزیـک دەریـاچەی وان بـووە، بـۆیە جـاری واهەیە بەشانشـینی وان ناوزەدکراوە، دواتر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ماد. بروانە: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

١٧٢ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠-٥١.

١٧٣لەناوِەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین ناوی کەسیەکانی خوری ئاراستەی خۆی پاراستووە، بۆ نموونە بڕگەی دووەمی ناوەکان (- ئەتەل – ئیشی - تیشۆپ) لەلایەکی تریشـەوە خورییەکان نـاوی تـایبەتی خۆیان بۆ ڕووبار و ناوچەکان هەبووە، وەک (ئیلامۆنیاElamonia) زێی گەورە، (ئەرانیخ Aransih) یـان (ئەراتو Aranzu) یـان (ئەراشیخArašših) (دیجلە، پورانتی (فورات) هەروەهـا نـاوی کەسـێک لە دەقەکـانی شمشارە (واننی/) بووە، بڕوانە: یورگن لیسۆ خشتەکانی شمشارە، ل٨٠ بەو پێیەش ناوی دەریاچەی وان بۆ خورییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەهـا زۆر لە نـاوە کەسیەکان و جوگرافیەکان یەکن، وەک ئەڕابخـا، و نـاوار و نوزی، کە ئەمـانە نـاوی شـار و نـاوچەی خـوری نشـین بـوون. بڕوانە: کـامەران کوێخـا جەلال، سـەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

١٧٤ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

١٧٥ د.جمال ئەحمەد، د.فەوزە ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ١٠٦-١١٢.

١٧٦ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە مصدر السابق. ص٤٨.

## میتانی یەکان

لەدەقە نووسـراوەکاندا لەمـاوەی پـێش سـەدەی پـازدەیەمی پـێش زایینـی هـیچ باسـێکی (میتانی)یەکـان دەسـت ناکەوێـت، بەڵام لە کۆتـایی سـەدەی نـاوبراو هەنـدێک لەپادشا خورییەکان نازنـاوی (میتانی)یەکانیـان لەخۆیـان نـاوە، بەتـایبەتی ئەوانەی لە هەردوو دۆڵـی خـاپوور و (بـاڵیخ) جێگیـر بـوون[١٧٧]. دوای ڕووخـانی ئیمپڕاتـۆریەتی ئەکەدی و نەمـــانی دەســـەڵاتی گـــوتی لە میســـۆپۆتامیادا. (میتانی)یەکـــان واتە (خوری)یەکـان دەوڵەتێکـی بەهێـز و فراوانیـان دامەزرانـد، لەناوەڕاسـتی هەزارەی دووەمی بەر لە زایین، لە نزیکە (١٥٠٠پ.ز) بەسەرکردایەتی یەکێ لە خانەدانەکانیـان لە چینێکی فەرمانڕەوای هیند و ئەوروپی ئیمپڕاتۆریەتی (میتانی)یـان[١٧٨]. لە باشـوور و خۆرئـاوای کوردسـتان لەهەمـوو وڵاتـی (سـوبارتو) بـۆ دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، پایتەختەکەیـان (واشـوگانی) واتە شـاری سـەرەتاکانی (رأس العـین) لە پارێزگـای (حسکە) لە کوردستان لەسنووری سووریا، لەنزیک ئەوێ هەندێ بەڵگەنامەی مێخی (میتانی)یەکـان دۆزراوەتەوە[١٧٩]. لە نیـوەی دووەمـی هەزارەی دووەمـی پـێش زایـین دەوڵەتـــی (میتـــانی) ناوبـــانگێکی جیهـــانی هەبـــوو، لەوەی مەڵبەنـــدێکی جێگیـــری ســـەرکردایەتی هەبـــوو لە بـــاکووری میســـۆپۆتامیادا، (خوری)یەکـــان لەنـــاوچەکە دەسەڵاتیان زیـادی کـرد و بەوەی دەوڵەتێکـی بەهێزیـان بنیاتنـا بە دەوڵەتـی (میتـانی) ناسرا، پایتەختی ئەو دەوڵەتە بەپێی سەرچاوە مێخیەکان (وشوکنی) بـوو، دەسـەڵاتی ئەم دەوڵەتە لەباکووری سوریا تـاکو هەرێمی (ئارابخا -کەرکوک) سنوورەی درێـژ دەبـووەوە و لەڕۆژانـی کۆتاییـدا هەمـوو بـاکووری نێـوان دوو دووبـاری بەرزەفـت کرد[١٨٠]. پاشـایانی (میتـانی) پەیوەنـدی بەهێزیـان لەگەڵ فیرعەونەکـانی میسـر هەبـوو، پرۆفیسـۆر (سـپایزەر) لەباسـی (میتـانی)دا دەڵـێ: (میتـانی، میتلانـی) وتـراوە، هەر لە باسـی (میتـانی) دا (تـاریخ عمـومی مـۆریخین) دەڵـێ: خەڵکـی میسـر پێیـانوتوون (ناهاری) و کتابی موقەدەسیش بە(ئارام – ناهارەم) ناوی بردوون[١٨١].

---

١٧٧ د.جەمال ڕەشید ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

١٧٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

١٧٩ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه مصدر السابق.ل ٥٨.

١٨٠ طه باقر، مقدمه فی التاریخ الحضارات القدیمه- حضاره وادی النیل، مصدر السابق، ص ٤٠٥.

١٨١ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

ئەو ئیمپڕاتۆریەتەی هەموو سەرزەمینی نێوان زاگرۆس و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستی دەگرتەوە بە وڵاتی ئاشووریشەوە. لەو سەردەمەدا کێشە لەناو (کاسی)ەکانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان روویدا، لەئەنجامدا ڕۆژئاوای وڵاتی (شوباری) لەبەشەکەی ڕۆژهەڵاتی جیاکردەوە بوون بەدوو بەشەوە: بەشی دەشتەکەی بریتی بوو لە وڵاتی (خوری - هوری) بەشەکەی تر بریتی بوو لە ناوچە شاخاویەکانی (طورالعابدین) بەناوی (دەوڵەتی میتانی)[١٨٢]. حەبیبولڵای تابانیش دەڵێت: میسریەکان بە (میتانی)یەکانیان دەگوت "ناهاری" دوور نیە لە تەوراتیان وەرگرتبێ، لەوێدا (میتانی)یەکانبە (ئارام - ناهارم) ناوبراون، بەوتەی (شێخ محەمەد مەردۆخی) لەبەر ئەوەی پێیانوتون: (نەهری) یا (ناهاری) لە قەراغ ڕووباری دیجلە ژیاون[١٨٣]. بەو شێوەیە خوری بەشی هەرە گرنگی دەوڵەتی (میتانی) بوون، تا گرتنی ناوچەکانی (میتانی) لەلایەن (هیتی) و ئاشوورەوە لە کۆتایی سەدەی (١٣ی پ.ز) تا سەدەی (١١پ.ز) ناوی چەند فەرمانڕەوا و ناوچەی جوگرافی خوری لەتۆمارە جیاجیاکانی سەرووی زێی بچوک و باشووری دەریاچەی واندا تا کۆتایی تۆمارە ئاشوورییەکان لە سەدەی (٧ی پ.ز) دا بەردەوام بوو[١٨٤]. ئەم ئیمپڕاتۆریەتە بەردەوام بوو، هەتا لەژێر شاڵاوی (هیتی)یەکان و ئاشووری گەندەڵ بوون و لەبەر ململانێی ناوخۆیی لەبەریەک هەڵوەشا و ڕووخا، ئەو دەوڵەتە فراوانەی (میتانی) پوکایەوە و دەوڵەتێکی بچوکی لەناوچەی سەرووی خابور لێ مایەوە[١٨٥]. لە گێژاوی ئەو بەسەرهاتانەدا بنەماڵەی (خانی گالباتHanigaalbat)هاتەکایەوە بۆ ماوەیەکی کەم حکومەتێکیان دامەزراند، پایتەختەکەیان شاری (نسیبین –نصیبین) بوو[١٨٦]. لەم کاتەدا ئاشوورییەکان گەشەیان کرد، بۆ کەم کردنەوەی مەترسی لەسەر خۆیان هەوڵیاندا بەهەر شێوەیەک بێت دەسەڵاتی میتانیەکان کەم بکەنەوە، هەستان بەهاوکاری کردنی (ئەرتاتاما- ئوتخی) نەیاری دەوڵەتی میتانی، وایان کرد بتوانێت دەوڵەتێک دابمەزرێنێ لەهێز و توانایدا هاوشانی دەوڵەتی (خانیگالبات)ی میتانی بێت، بەمەش ئاشوورییەکان لەدەسەڵاتی (میتانی)یەکان ڕزگاریان دەبێت، پادشایانی

---

١٨٢ محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو،٢٣.


١٨٣ حەبیبولڵای تابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

١٨٤ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

١٨٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

١٨٦ محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

ئەو سـەردەمەی ئاشـوور (ئەدەد نیـراری) یەکەم (١٣٠٧ - ١٢٧٥ پ.ز) و ئەو پادشـایانەی دوای ئەو هـاتوون توانیویـانە بەشـەکانی بـاکووری دۆڵـی دوو ڕووبـار داگیر بکەن، تاکو ڕووبـاری فـوڕات، هـەروەهـا لـەڕێی نووسـینەکانی (ئەدد - نیـراری) یەکەمەوە زانیمـان (شـوترای) بـۆتە جێنشـینی (شـەتی وازا) لە فەرمانڕەوایـدا، بەڵام نووسـینەکانی (شەلمانیسـەر)ی یەکەم (١٢٧٤ - ١٢٤٥ پ.ز)، ئەوەی بـۆ دووپـات کـردینەوە ئەو (خانیکلبـات)ی مەڵبەنـدی دەوڵەتـی (میتـانی) لەنـاوبردووە، بەوەش کۆتایی بە دەوڵەتی ناوبراو هاتووە[١٨٧].



**وێنەی ژمارە (١٠)، تیشوپ خواوەندی باوبۆرانی خورییەکان لەسەر هەردوو لەپی پەرستراوەکانی شاخ وەستاوە، تاکو بۆ خێزانەکەی (حوات) خواوەندی دایک هیمای (یازای فیا) تەواو بکات و پێک بهێنێ (هونەری حەبەشی لە ئاسیای بچوک) بروانە: (د.جمال رەشید احمد، کرکوک لە چاخە کۆنەکاندا، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، ل ٣٨.**

١٨٧ د.جەمال ڕەشید ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠




نەخشەی ژمارە (٣)عێراق و دراوسێکانی لە دوورترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کۆن،
سەرچاوە: محمد عبداللطیف محمد علی، تاریخ العراق القدیم.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم
# ڕووداو و لەشکرکێشییەکان

### دەرکەوتنی ناوی کورد


سەرەتا مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر سادە لەسەر زەوی ژیاوە، گەلان لەپڕێکدا دەرنەکوتوون، کە خاوەنی هەموو جۆرە بەرگریەک بن، سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ سەرەتا بەشێوەیەک دەرنەکەوتووە ژیر و خاوەن تەکنەلۆژیای ئاڵۆز و پێشکەوتوو بووبێت، بەڵکو مرۆڤ سەرەتا بەتەنیا دەرکەوت و دواتر چووە ڕیزێکی ڕێکخراوەیی هۆزایەتی و لەشێوەی خزماتیەک لەدایکەوە کۆی کردوونەتەوە، دواتر لەڕێگای کاری هەرەوەزی و بەرگری هاوبەش و بەرژەوەندییە گشتییەکان لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوە و کۆمەڵگای گەورەتریان پێکهێناوە. لەمەوە پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەژیانی مرۆڤ سەری هەڵداوە، دواتر پەیدابوونی نەتەوەکان و کۆمەڵگا و گردبووەنەوەی مرۆڤ لەدەوری یەکتر بەهۆی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان دروست بووە، ئەوەش بووەتە هۆی دروست بوونی گوند و شار و ناولێنانی شوێنی گشتی و نەتەوەکان و سەرهەڵدانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی و پێکهاتنی حکومەت و دروست بوونی فەرهەنگ و زمان و داب و نەریت و لایەنەکانی تر.

دروست بوونی هۆز و نەتەوەکان بۆتە هۆی ئەوەی ناویان لەخۆیان ناوە، یاخود ناویان لێ ناون، وەکو لەمێژووی ڕۆژگاری کۆن و دواتر ناوی نەتەوەکانی، وەک سومەر و ئەکەد و بابلی پاشتر دەوکەت، بەهۆی پەیدابوونی نووسین زانیاری لەسەریان گەیشتە سەردەمی ئێمە، لەکوردستان لەسەرەتای چاخە مێژووییەکانەوە، هەندێک ناو دەرکەوتن، وەکو: کاسی و لوللو و گوتی و خوری...هتد،گوزارشتیان لەیەکێتی ئەو نەتەوانە کردووە، کە ڕۆڵی گرنگیان لە چیاکانی زاگرۆس و کوردستان لەبواری شارستانی و سیاسی ناوچەکەدا گێڕاوە، یەکێک لە ڕاستیەکانی مێژووی کوردستانی کۆن، ئەوەیە ئەو نەتەوانەی دەقە مێخیەکان باسیان کردوون، دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا و ڕۆژئاوای دەریاچەی وان بووە، بێ گومان ئەمەش نیشتمانی ڕاستەقینەی کوردستان دەگرێتەوە، کە لەدەقە سومەرییەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن نەتەوەی کورد هەر لەزۆر کۆنەوە لەنیشتمانی ئێستای نیشتەجێ بووە، ئەو گەلانەی ڕێکەوتیان کردوون بەزۆر شێوە ناویان بردوون، بەڵام یەکێک لە پادشایانی سومەری ئاماژەی بەناوی کورد داوە، لەسەردەمی ئەوانەی دوایی لە پاشایانی سومەری و پاشای پێنجەم (شو – سین) کوڕی دووەمی (شولگی) (٢٠٣٦ – ٢٠٢٨ پ.ز) دەوڵەتەکەی بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت، سەرەڕای ئەوەی باوک و باپیری هێرشیان کردبووە سەر دانیشتوانی کوردستان، سنووری دەوڵەتەکەیان فراوان کردبوو، بەڵام لەبەر لاوازی(شو – سین) لەساڵی سێیەمی فەرمانڕەوایی ناوچەی دیالەی لێ جیا بووە و دەوڵەتی (أشنونا)ی دامەزراند، بەربەستێکی دروست کرد لەنێوان خۆی و ئەو ناوچانەی دەکەونە دوای زنجیرە چیای حەمرین، بەهەمان شێوە (سوسە) و ئەوانی تری لێ جیابووەوە، وڵاتەکەی لە سنوورێکی فراوانەوە گۆڕا بۆ سیستەمی دەوڵەت شارەکان و ئیلامیەکان.

دانیشتوانی لورستانی بچوک بەهاوکاری لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکانی تری کوردستانی دراوسێی بڕیاریاندا دژی (ابی سین) و پایتەختی ئورییان داگیرکرد، مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) ئاماژە بەوە دەکات: ئەم باسە بە درێژی لەکتێبی (ابی سین)ی (دکتۆر فەوزی ڕەشید) باس کراوە، باوەڕی وایە ناوی کورد یەکەم جار لەسەردەمی ئەو پاشایەدا دەرکەوتووە، بریتی بوو لە (کردا) کە ناوی ناوچەیەک بووە نزیک بووە لە کرماشان، بەپێچەوانەی ئەوەی زانایانی کۆنی شوێنەوارناسی

پێیـــان وابـــوو کەوتـــۆتە باشـــووری خـــۆرهەڵاتی دەریـــاچەی وان، نـــاوی (کـاردا)((KARDA [1] لە دەقێکـی بزمـاری دا هـاتووە، کە بریتـی بـوو لە فەرمـانێکی دەرچـوو لە (ابـی سـین) بەدامەزرانـدنی (ایرننـار) بەفەرمـانڕەوای نـاوچەی (سـو) و ناوچەی (کردا) [2]




**وێنەی ژمارە (١١) بۆ یەکەم جار ناو هێنانی کورد، سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە....**

ئیتر لەوە بەدوا زۆر جار لەناو دەقەکانی مێژوودا ناوی کورد بەدی کراوە، بەڵام زۆربەی ئەو نەتەوانەی ناویان هێناوە بەپێی پەیڕەوی زمانی خۆیان پاشگرێکیان بۆ زیـاد کـردووە، ئەمەش کێشـەی گەورەی بـۆ زانایـانی مێـژوو دروسـت کـردووە، مینۆرسـکی ڕای وایە کوردەکـان نەوەی (کاردۆخیەکـانKαρδούχοι)، وشـەی (کـاردۆخی Kαρδούχοι) هەروەک لە وشـەی (تـاوخوا Τάοχοι) دا دوا بـڕگەی یۆنـانی وشـەکە بەئـامرازی کـۆنی ئەرمەنـی (خـی X) کۆتـایی هـاتووە، وشـەکە لەو

---

١ KAی کۆتایی ئامرازێکی خستنەسەری سومەریە، چونکە مادا=MADA کە مانای (وڵآت= خاک) دەگەیەنێت، خراوەتەسەر شاری کردا، توێژەرەوە "توریو- دانژان"ی فەرەنسی یەکەمجار باسی ئەم دەقە مێخیەی کردووە،Reved, Assyl ologleetd, Areheologle orlentals, 6, 76 و بڵآوی کردۆتەوە، کەوتۆتە هەڵەیەکی بچووکەوە، ئامرازی خستنەسەری(KA ) بەبەشێک زانیوە لە شاریKADR- DA بۆیە ناوی شارەکەی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە KAR.DAKA ki ئەم هەڵەی (توریو- دانژان) تيَی کەوتووە، بەبێ دەستکاری لە توێژەری ڕووسی (ڤلادیمێر مینۆرسکی) وەرگرتووە. لەگەڵ هی تریشدا. بڕوانە:د.جەمال ڕەشید ئەحمەد- د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

٢ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیة...، مصدر السابق.ص ٣٧.

کاتەوە بڵاوبۆتەوە سوپا دە هەزاریەکەی گەزنەفۆن ناوەکەیان لەزمانی چەند وەرگێڕێکی ئەرمەنیەوە بیستووە، جا ئەگەر پاشکری (خی χol)لاببەین ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە دەقا و دەق واتەی بێی (کاردۆ) ([با]کاردا)ی سەرچاوە ئاشوورییەکان و عەرەبیەکان دەگەیەنێ، لەوێوە ئەم هەموو وشە گۆڕاوە جیاوازە یۆنانی و ڕۆمانیەی لێوە دروست بووە، (کاردۆنی، گۆردینی،...) هتد. لەئاشوورییدا وشەی (کاردۆqardu) واتە بەهێز پاڵەوان (qarâdu) دەگەیەنێ[3] (تەبەری) کاتێ بەشوێن ترادسیۆنی ساسانیەکانەوە دەچێ، دەبینین دوایەمین پاشای پارتەکان، (ئەردەوان) جنێو بە (ئەردەشێر)ی ساسانی دەدات پێی دەڵێ" کوردی لەژێر ڕەشماڵی کوردان گەورە بوو"[4]. لە ماوەی نووسینەکەی ئێمەدا بەهەمان ناوی (کورد) دەناسرێن. ئەگەر بەناوی تریشەوە ناویان بردوون، ڕێی تێدەچێت ئەوانە ناوی هۆز و خێڵ بوون و لەجیاتی ناوە گشتیەکە ناوی تایبەتی خێڵەکەیان بردوون، ئەگینا هەموو ئەو نەتەوانەی لەکوردستان ناویان هێناون ڕیشەی نەتەوەی کوردن.

### مەبەستی داگیرکاری و بایەخی ئابووی

پێگە و هەڵکەوتەی سروشتی جوگرافی نیشتمانی گەلانی کۆنی زاگرۆس (کوردستانی ئەمڕۆ) لەلای میسۆپۆتامیەکان بایەخێکی گرنگی ئابووری هەبوو، چونکە ئەوان ئەوەیان زانیوە، ئەم وڵاتە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لە ڕووی کشتوکاڵی و بازرگانی و کەرەستەی خاو، بە مەبەستی بەدەست هێنانی پێویستیەکانی ژیان، بۆ گەشەپێدان و زیندوو هێشتنەوەی شارستانیەتەکەیان، بەحوکمی ئەوەی خاکی بەپیت و ئاوی سازگار، بواری باشی ڕەخساند بوو بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، سەرەڕای ئەوەی ناوچەکە کەوتبووە سەر ڕێگای کاروانە بازرگانیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و میسۆپۆتامیا، بە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی لەقەڵەم دەدرا. سومەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشوورییەکان بایەخی گرنگی ئەو ناوچەیان زانیوە، بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لەمادەی سروشتی و کەرەستەی خاوی کانزایی، بەتایبەتی مس و تەنەکە و گیا و دەرمانی بۆن خۆش، سەرەڕای ئەوە دار و بەرد بەمەبەستی بەکارهێنانی لە پیشەسازی و تەلارسازیدا، بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاوو

---

٣ ڤلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد وچەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە، د. نەجاتی عەبدوڵا، یەکەم بەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٢٩.
٤ ڤلادیمێر مینۆرسکی، هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

بواری بازرگانی هەمیشە هێرشەکانیان ئاراستەی ڕۆژهەڵات دەکرد. هەروەک شای ئاشووری (ئاشوورناسرپاڵ)ی دووەم لەئەنجامی هێرشێک بۆ (زاموا) لەسەر زاری خۆی ئاماژەی بەوە داوە" دەڵێت: "شارەکانی شوێنە جیاجیاکانی خاکی زاموا تێک شکێنراون و بەچوونی من ڕازی بوون، ئەسپ و زێڕ و زیوم لێ وەرگرتن، وام کرد خەڵکەکە لەژێر یەک فەرمانڕەوا بێت، باج وەرگرتن و بێگار و کارکردنی بەردەوامم بەسەردا سەپاندن"[٥].

مێژووی کۆنی کوردستان و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بەیەکن، جگە لە پەیوەندیەکانی جەنگ و ئاشتی و بازرگانی لە نێوانیاندا، نووسراوەکانی وڵاتی دوو ڕووبار سەرچاوەی هەرە زۆری زانیاریەکانمانن، ئەوەندەی پێویست بێ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە تۆمار دەکەین، بێ گومان مێژوونووسان بۆ دانانی نووسینی ژمارەی ساڵەکانی سەردەمانی کۆن بەنزیکی دانراون، لەبەرئەوەی ئەو حسابە وردە زەحمەتە بۆ سەردەمی پاشایانی پێشتری سومەر و ئەکەد و بابل و ئاشوورییەکان و شانشینەکانی ناوچەکەش، زۆر جار بەپێی ساڵەکانی فەرمانڕەوایی پاشا مێژووی ساڵەکان دیاری کراون، بۆیە پسپۆڕان مێژووی جیاوازیان هەیە، ئێمە هەوڵمان داوە مێژووی لەیەک نزیک بنووسینەوە.

### سەردەمی سۆمەرییەکان

بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بەرینەوە سەریەک و مێژووی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بەرەو چیاکان بزانین، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ مێژووی ئەو نەتەوانەی بەپێی سەردەمەکان پەیوەندیان لەگەڵ ئەم ناوچانەدا هەبووە، بەداخەوە ئەوەی تۆزێک دەتوانین بیڵێین و لێی ئاگاداربین مێژووی شەڕ و شۆڕ و ڕووداوەکانە، ئەویش بەهۆی ئەو نەتەوانەی هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەکە، ئەگینا زۆر بەداخەوە گەلانی زاگرۆسی کۆن (کورد) مێژووی ڕابردوویان تاریک و لێڵە، یەکێک لەو نەتەوانەی زانیاریمان لەسەری هەیە، سومەرییەکانن، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی سومەرییەکان، وەک چەندین نەتەوەی دیکەی دۆڵی دوو ڕووبار و دەوروبەری و شوێنانی دیکە بەتەواوی ڕوون نیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو نەتەوانە لەو نووسراوانەی

---

٥ دکتۆر نەهلە شەهاب ئەحمەد، گرنگی ئابووی و سەربازی شاری هەولێر (سەردەمی ئاشووری نوێ ٩١٢- ٦١٢ پ.ز)، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی موسڵ، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری- لوبنان ٢٠٠٩.ل ١٠٣٢.

بەجێیان هێشتووە، باسی ڕەگ و ڕیشەی خۆیان نەکردووە، یان ئەوەتا لەبارەی بنەچەی خۆیانەوە نووسیویانە و تاکو ئەمڕۆ هیچ لەو نوسراوانە نەدۆزراونەتەوە. هەر وەک نەتەوەی گوتی و لوللویی و میتانی و چەندانی دیکەش، نووسراوی وەهایان لەدوا بەجێ نەماوە، باس لە ڕەچەڵەکیان بکات، نەتەوەی سومەریش یەکێکە لەو نەتەوانەی بەتەواوی بنەچەی دیار نییە.

تائێستا بەڵگەیەکی جێگیر نیە، لەسەر ڕیشە و نیشتمانی بنەڕەتی سومەرییەکان، یان ڕێگای دابەزین و هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە لە دوورترین ئاوەڕۆی دیجلە و فورات، کۆمەڵێک ڕا هەیە لەسەر هاتنی سومەرییەکان بۆ خوارووی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، یان لە ئێران، یان لەباکووری ڕۆژئاوای ئەفریقیا بۆ فەلەستین و سوریا، یان ناوچەکانی قەفقاز و ئەرمینیا لە باکوور، هەندێکیش لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن ئەوان لە نیشتمانی بنەڕەتیان لە خوارووی هیندەوە هاتوون.[6]

جێی سەرسوڕمانە نەتەوەیەکی وەک سۆمەری، کە بە یەکێک لە پێشکەوتووترین نەتەوەی خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوو دادەنرێت و نووسینیان داهێنا، نەک لە وڵاتی دۆڵی دوو ڕووبار، بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا، کەچی مێژووی ڕەچەڵەکی دیار نییە، یاخود نووسیویانە و فەوتاوە، ئەمەش جۆرە ئاڵۆزیەکی لە ڕەچەڵەکی ئەو نەتەوەیە دروست کردووە، بەڵام زانا و شارەزایانی ئەو بوارە بەهۆی لێکۆڵینەوە گەیشتوونەتە چەند باوەڕێک، زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن سومەریەکان لەڕەگەزی سامی نین و زمانەکەیان نامۆیە بە زمانی ناوچەکە، هەندێک هاتنی ئەوان بۆ ئەو ناوچەیە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەگێڕنەوە، زانایانی شوێنەوار و توێژەرانی ئەو بوارە لەسەر دیاری کردنی نیشتمانی بنەڕەت و نەژادی سۆمەرییەکان ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن: لە ناوچەیەکی نێوان باکووری هیندستان و ئەفغانستان و بلوجستان لەڕێی کەنداوی عەرەب و دورگەی بەحرەین کۆچیان کردووە، هەندێکی تر دەڵێن: لە پشتی چیای قەفقاز یاخود دەریای قەزوێنەوە هاتوون، هەندێکیش ڕایان وایە لەناوچە شاخاویەکانەوە هاتوونەتە ئەو شوێنە[7]، ڕای هەندێک لەزانایانی شوێنەوارناس دەڵێت: ڕیشەی سومەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چیاکانی باشووری کوردستان. لەوانە (دکتۆر فەوزی ڕەشید)،

---

٦ دكتور حلمى محروس اسماعيل، الشرق العربى القديم وحضارتة، الناشى مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٩٧، ص١٠.

٧ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٥-٣٣.

هەنـدێکیش لە زانایـان دەڵـێن: سـومەرییەکان دانیشـتوانی بنەڕەتـی عیـراقن، دواتـر کۆچیان کردووە بۆ شوێنێکی نادیار[٨]. (دکتۆر ئەحمەد سوسـە) پێی وایە ئەوانەی لەسـەرەتا کۆچیـان کـردووە بـۆ عیـراق لەوانە سـومەرییەکان، لەپێشـدا لە چیاکـانی زاگرۆس و ناوەراستی ئێرانەوە هاتوون. و لە زمانی (لیوا وبنتهایم)، دەڵێت: زمـانی سـومەرییەکان کە قسـەیان پێ دەکرد هەر ئەو زمـانە بـوو، ئەو کۆمەڵەی لە نـاوچە شاخاویەکانەوە گواستبوویانەوە بۆ دەشتەکانی عیراق[٩].

هەنـدێک لە زاناکـان گومـانی ئەوەیـان هەیە ئەوانە نەوەی نەتەوە بنەڕەتیەکـانی تەپۆلکەنشین بوون، لەسەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زایینەوە کۆچیان کردووە بـۆ دەشـتەکان، ئەوانـی تـر لەو بـاوەڕەدان سـومەرییەکان لەهەزارەی چوارەمـدا لەڕۆژهەڵاتەوە لەوانەیە لەهیندسـتانەوە کۆچیـان کردبێـت بـۆ ڕۆژهەڵاتـی نزیـک[١٠]، بەڵام پرۆفیسـۆر (پـاکیزە ڕەفیـق حیلمـی) ڕای وایە، کە" سـاخ بـۆتەوە ئـارییە هینـدیەکانی هیندسـتان، کە زمانەکەیـان نـاونراوە (سانسـکریتی) سـومەری بـوون، لەوڵاتـی سـۆمەرەوە چـوون بـۆ هیندسـتان، نەک بەپـێچەوانەی ئەوەوە، ئەمە بە بەڵگەی ئارکیۆلۆجی و فیلۆلۆجیەوە تۆمار کراوە"[١١].

سومەرییەکان دانیشتوانی شـار بوون و خـەریکی کشـتوکاڵ و جوتیـاری بـوون، جیـاوازبوون لـە کۆچـەری دەشـتەکان، وە نەدەگەڕانـەوە بـۆ خەڵکـە جوڵاوەکـانی بەرزاییەکانی ئێران، بەڵام دورکەوتنەوە لە پاشماوەکانی شوێنە دیارەکان جەختیان لەسەر ژیانی جێگیربوون کردەوە لە دۆڵ و ڕووبارەکاندا.[١٢]

پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی لای سـومەرییەکان بریتـی بـووە، لە سـێ چـین، چینـی سەربەستەکان و چینی ناوەڕاست و چینی کۆیلەکان، چینی یەکەم دەوڵەمەندەکان و خێـزانە ئەرسـتۆکراتەکان و بنەمـاڵەی پاشـاکان بـوون، چینـی دووەم هەنـدێک هۆیەکانی بەرهەمهێنانی وەکو ڕستن و چنین و پیشەسازی بەدەستەوە بوو، چینی

٨ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه...، مصدر السابق، ص ٢٠.

٩ د. احمد سوسه، حضاره وادی الرافدین، مصدر السابق، ص ٦٢.

١٠ دۆن ناردۆ، ئیمپراتۆریەتی ئاشور،وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، کوردستان- سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٢٣.

١١ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥-٣٣.

١٢ سیتون لوید، اثار بلاد الرافیدین من عصر الحجری القدیم حتی الغزو الفارسی، ترجمه: محمد طاب، مطبعة: الشام- فائز جوهر، الطبعة الاولی، ١٩٩٢- ١٩٩٣، ص ٢٥.

سێیەم بریتی بوو لە کۆیلەکان، وەک کاڵا لە بازاڕەکان دەفرۆشران و خاوەن هیچ مافێکی ڕامیاری نەبوون[١٣].

سەبارەت بە جوگرافیای سومەرییەکان، بە وڵاتەکەی خۆیان دەوت (ئوریکی - Uriki) ناوی شاری (ئۆروک)، یەکێک بووە لە شارە پیرۆزەکانیان، ئەم وشەیە پێشتر ناوی گشتی بووە و بەواتای وڵات (نیشتمان) هاتووە، هەموو میسۆپۆتامیای خوارووی گۆتۆتەوە، لەدواییدا بۆتە ناوی تایبەتی شارەکە و نەتەوەکە و دواتر زمانەکە، (ئوروک یان ئوروکی) زمانی ئارییە پێدەچێت لە (خوری)ەوە هاتبێ، خورییەکانیش ئاری بوون، لە ژووړووی میسۆپۆتانیا و سوریا ژیاون، ئەمانە بەڵگەیەکن دەتوانرێت بگوترێت سەرەتا سومەرییەکان لەناوچەیەکی باکووری میسۆپۆتامیا(کوردستان) دا ژیاون، پاشان بەهەر هۆیەک بووبێت بەرەو باشووری دۆڵی دوو ڕووبارەکە کۆچیان کردووە، ئەگەر هاتوو ئەو ڕاستیەمان خستە سەر ئەوەی شارستانیەتی سومەری درێژە پێدەری ئەو شارستانیەتانەیە لە عیراقدا لەچاخەکانی پێش مێژوودا هەبوون، سەرەتا لە چەرمۆوە دەست پێدەکات، و دواتر (حەسونە، سامەڕا، حەلەف، عوبێد) و نیمچە نووسین دێت، ئەوا سومەرییەکان دانیشتووی عیراقن و لەسەردەمی (عوبێد) دا کۆچیان کردووە[١٤].

بێگومان ئێمە دەزانین لە کۆندا لە شارەکانی خوارووی گەلێکی جیاواز نیشتەجێ بوون، بە زمانێکی تایبەت قسەیان دەکرد، کە بەسومەری ناسران، ئەو زمانە جیاواز بوو لەگەڵ زمانی ئەکەدی سامی (بابلی - ئاشووری) وە لەوانەیە دواتر توابنەوە لەناو هەندێ زمانی تر، ژمارەیەک تابلۆی قوڕی نووسراو لە بەرانبەر وەرگێڕانی بە زمانی سامی وەک ئەوەی لە تابلۆی کۆمەڵێک وشەی سومەری بەرامبەر ماناکانیان زمانی سامی هەبوو، لەو تابلۆیە فەرهەنگی دوو زمان بەکار هاتبوو.[١٥]

سومەرییەکان لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٨٠٠ - ٢٣٨٠ پ.ز) دەوڵەتیان نەبووە، سنووری دەسەڵاتیان نەدەگەیشتە کوردستان، تەنانەت دەسەڵاتیان نەدەگەیشتە بەغداش، چونکە چەند دەوڵەتێکی بچووک بچووکیان دانابوو، هەر یەک لەو

---

١٣ هاوڕێ باخەوان، کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەریەکانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣. ل ٦١.

١٤ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

١٥ الدكتور فرج بصمجي، أقوام الشرق الادنى القديم، سومر(مجلة علمية تبحث فى اثار العراق القديمة)، الجزء الاول، المجلد الثالث، مطبعة حكومة، بغداد- العراق، كانون الثاني ١٩٤٧، ص٩٠.

دەوڵەتـانە فەرمـانڕەوایی شـارێک و گونـدەکانی دەوروبەری دەکـرد، بە (دەوڵەت شـارەکان) ناسـراوە، تەنیـا بەسـەر میسـۆپۆتامیا (خـواری عیـراق)دا زاڵ بـوون. بەڵام لەسـەردەمی سـومەری دووەم، کە بەسـەردەمی (بنەماڵەی سـێیەمی ئـور) ناسـراوە، دەوڵەتی بەهێزیان دەمەزراندووە، لە (٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ.ز) سنووری دەسـەڵاتیان لە میسۆپۆتامیا (خواروی عیراق)ەوە گەیشتە ناوچەکانی باشووری کوردستان[١٦].

سەردەمی کۆنی بنەماڵەکـان (٢٩٠٠ – ٢٨٠٠ پ. ز) تـاکو (٢٣٧١ پ.ز) خایاندووە. سومەرییەکان پادشاکانی خۆیان کردووە بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان ئەوانەن پێش لافاوە بەناوبانگەکە فەرمانڕەوایی سومەریان کردووە، لەپێش لافاوەکە هەشـت پادشـا لەپێـنج شـاری سـومەر فەرمـانڕەوا بـوون، لەپـاش نیشـتنەوەی لافـاوەکە پادشـایەتی بـۆ جـاری دووەم لە شـاری (کیش)ی نزیـک بابـل دەسـتی پـێ کـردەوە، لەبنەمـاڵە بەناوبانگەکـانی سـومەر، بنەمـاڵەی (وەرکـا)ی یەکەمە، بە پێنجەمـین پادشـایەوە ناوبـانگی دەرکـرد، لەدەوروبەری (٢٧٠٠ پ.ز) ئەو پادشـایە (گلگـامش)ە، کە داسـتانی گلگامشـی سـومەری بەناوبانـگ دەگەڕێنرێتەوە سـەر ئەو[١٧]. ئەوەی بـۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە سومەرییەکان نەتەوەیەک بـوون، لەناوچەی میسـۆپۆتامیا (وڵاتـی نێوان دوو ڕووبار) نیشتەجێ بوون و گەشەیان کردووە، لەوێوە پەلاماری وڵاتـانی دەوروپشتیان داوە و داگیریان کردوون، کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی زۆرجـار کەوتـۆتە بەر پەلامـاری سـومەریەکان، وەک: (ڕەشـید یاسـمی)، دەڵێـت: هەرکاتێـک سـومەریەکان هێرشـیان کـردبێتە سـەر نەتەوەی ئـاری لەپێشـدا بەسـەروڵاتی کـوردا تێپەڕیـون، لەبەر ئەوەی کوردسـتان کەوتـۆتە سـەر ڕێگایـان سـەرەتا ئەو ناوچەیـان داگیر کردووە، وڵاتەکەیان تاڵان کردووە و دانیشتوانی ناوچەکەیـان بەدیل گرتـوون، زۆرجـاریش دانیشـتوانی نـاوچەکە لێیـان ڕاپەڕیـوون و لەخـاکی وڵاتـی خۆیـان وەدەریـان نـاون، یـاخود بەهـۆی دووری نـاوچەکە نەتـوانراوە بەبەردەوامـی بەسـەر نـاوچەکەوە زاڵ بـن، بـۆ مـاوەیەک بەسـەربەخۆیی ژیـان و گوزەرانـدوویانە. بە پێـی سـەرچاوەکانی مێـژووی کـۆن ڕۆژهەڵاتـی نزیـک یەکـێکە لە ناوەنـدە گەورەکـانی جیهـانی کـۆن و دەشـتە پـان و بەرینەکـان کەوتـونەتە ناوەڕاسـتی دوو ڕووبـارەوە. بەدرێژایی زیاتر لە چوار هەزار ساڵ شایەتی دەرکەوتـن و لەنـاوچوونی هەمیشـەیی دەوڵەت – شـارەکان و پاشـایەتیەکان و ئیمپراتـۆریەتە گەورەکـانی وەک سـومەر و

---

١٦ عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبيه...، مصدر السابق، ص ٣٤.

١٧ هاوڕێ باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

ئەکەد و بابل و ئاشوور، کە گەورەترین و بەهێزترین و سامناکترین هێزی گەورەی سەردەمی خۆیان بوون، یەک بەدوای یەکدا، هەمیشە بەسێ ئاقاردا لەشکرکێشی و فراوانخوازیان کردووە، بەرەو باشوور بۆ سەر دەریای خواروو (کەنداوی عەرەب)، بەرەو ڕۆژئاوا سوریا و فەلەستین، بەرەو ڕۆژهەڵات و چیاکانی زاگرۆس، ئەوەی سێیەمیان مەبەستی ئێمەیە.

لە کاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی باش دەرکەوتووە گەلەکانی باشووری کوردستان، زیاد لە چەند جارێک گژنێی دەسەڵاتداریێتی وڵاتە کۆنەکانی مسیۆپۆتامیایان کردووە، بەڵام لەبەر نەبوونی کەرەستەی نوسراوی دۆزراوە، لەو ناوچەیە وای کردووە بردنەوە سەر یەکتری شوێنە کۆنەکانی باشووری کوردستان، لەگەڵ ئەو شوێنانەی لە دەقە سومەر - ئەکەدییەکان دا باس کراون زۆر زەحمەت بکەوێ، ئەم جۆرە بردنەوە سەر یەکە هەردەبێ لە ڕێی هەڵێنجان و ئەنجامگیری وەدەست بخرێ. ئاشکرایە بەر لە هاتنی نەتەوەی (ئەکەدی) سامی نەژاد بۆ دۆڵی دوو ڕووبار، بەزیاتر لە پازدە سەدە سومەرییەکان لەو ناوچەیەدا بوون و ئاوەدانیان کردبووەوە، ئەکەدییەکان زۆرجار لەگەڵ سومەرییەکان دەکەوتنە شەڕەوە، نەیاندەتوانی سەرکەوتن بەسەر سومەرییەکاندا بەدەست بێنن، چونکە سومەرییەکان لە ڕووی چەک و تفاقی سەربازییەوە لە پێش بوون، جەنگی نێوان ئەکەدی دەشتەکی بەڕەگەز سامی لە باکووری دۆڵی دوو ڕووبارەکە و نەتەوەی سۆمەری خاوەن شارستانێتی بەڕەگەز چیایی نیشتەجێ لە باشووری هەمان ناوچە، جەنگێکی درێژخایەن بوو، لەنێوانیاندا ڕووی دەدا، ئەو جەنگە نموونەیەکە بۆ زۆر لەو جەنگانەی لەنێوان هۆزە کۆچەرەکان و شاخاویەکان لەزەوییەکانی کەوانەی بەپیتدا ڕوویان داوە[١٨].

لە ساڵنامەکانی[١٩] ساڵانی بیست و هەشتەمین و چل و نۆیەمیندا یاداشت کراون، لەبارەی ئەو شارانەی لەوە دەکا، کەوتبنە باشووری کوردستان. ئەو زانیاریە پتەوانەی دەتوانین لە ساڵنامەکان و لە دەقە ئابووریەکانەوە گوڵەوەچنیان بکەین بەڵگەی ئەو ڕاستیەمان پێ دەدەن، لە سەردەمی بەرەبابی سێیەمی ئور

١٨ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

١٩ لە کۆندا هەر مەلیکێک ساڵنامەی تایبەت بەخۆی هەبوو کە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەر دەسەڵات بە یەکەم ڕۆژی ئەم ساڵنامەیە دادەنرا، بەمردنی مەلیک خۆی ساڵنامەکە کۆتایی پێدەهات، هەر ساڵێکیش بەناوی ڕووداوێکی گرنگ یا شەڕێک یا مەلیک ناودەنرا. بڕوانە: گێرنۆت ڤێلهێلم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

فراوانکاریەکی گەورەی سومەری لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا ڕووی داوە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو سێ پاشایەی هەڵمەت و داگیرکردنەکانیان لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لە ساڵنامەکاندا هاتووە. دەبێ بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان کەم و زۆر لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی سومەرییدا بووبێ.

کۆنترین ئاماژەیەک بۆ (سیموررروم) کرابێ کردارێکی سەربازیە، لە دەوروبەری (٢٧٠٠ پ.ز)، سوپای (ئور) ئەمجارە گەیشتە (لوللوبوم) و (شاشروم Šašrum)[٢٠] وئوربیلوم Urbilum) لەباکوورەوە و لەپاش ئەمانیش (کیماش) و (خومورنی).

هەواڵی پەلاماردانی ئەم دووانەی دواییان بابەتی نووسینێکی شاهانەی (شولگی)شن، کە لە (سوسە) دۆزراوەتەوە[٢١]. لە دەوری سێیەم حکومەتی (ئور) دا نزیکەی (٢٣٠٠ – ٢١٥٠ی پ.ز) چەند بەشێکی نێراوەتە سەر هەندێ بەشی بچوکی کوردستان، کە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە بووە، وەکو (سیمۆرو simurru) ڕەنگە ناوچەی دەوری ئاڵتون کۆپری بێ، (لوللوبوو – Lullubu)، (حەلوان)، (سارسرۆ sasru – شمشارە) و (ئۆربیللۆم urbillum – ئەربیل)، وا دەردەکەوێ هەرچەندە خەڵکی ئەم ناوچەیە یەک نەتەوە بووە، بەڵام یەکێتیان لەنێواندا نەبووە[٢٢].

باس کردنی بنەماڵەی سومەرییەکان و فەرمانڕەواییان باسێکی دوور و درێژخایەنە، ئێمە لێرەدا تەنیا بۆ ناساندنی بابەتەکەمان ئاماژەیەکمان بۆ کرد، لەنووسین و سەرچاوەی درێژ و تایبەت بەسومەرییەکان بەوردیباس کراوە، ئێمە لەمە زیاتر باسکردنمان بەپێویست نەزانی.

### شارستانیەتی سومەرییەکان

سومەرییەکان گەلێکی پێشکەوتوو و خاوەن شارستانیەتی گەورە بوون، لەهەزارەی سێیەمی پێش زایین بەرێگایەکی باش گەیشتن لە زانستی نووسین و ریازیات و زۆر بواری تری زانستی[٢٣]. سومرییەکان نەتەوەیەکی بچوک و سەیر و

---

٢٠ شاشروم: شاششوروم، شاسوروم، ساسروم، ساسرو، دەبێ هەموویان یەک شت بێ کە (شولگی)و (ئامار– سین) داگیریان کردووە، (ششروم=شەشروم، شوشرا، شوشاررا) لەوانەیە پەیوەندیەکی لەگەڵ ناوی ششروم، شوشارراهەبێت (واتە شمشارەی ئێستا لە نزیک ڕانیە). بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه تاریخیا و جغرافیا خلال خمسه الاف عام، مصدار السابق. ص ٣٥.

٢١کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

٢٢ئەمین زەکی، کورد و کوردستان لا ٤٣.

٢٣ طه باقر، مقدمه فی التاریخ الحضارات القدیمه– حضاره وادی النیل، مصدر السابق، ص ١٧٢.

سەمەرە بوون، نەژاد و خزمایەتیان نادیارە، ژمارەی خەڵکیان کەم، و داهێنانی زۆر لە بەرهەم، لە ناکاو لە ئاسۆی مێژوو دەرکەوتن، لە هەڵسەنگاندنی پەرستگا و دامەزراندنی کۆشک و تەلار و نەخشەسازی شارستانیان دیارە، زەویان کێڵا و گەشەیان بە پیشەسازیدا، چەندان بنەمای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیان داهێنا، گۆڕانکاریان لە ڕووداوەکان کرد و هەولیاندا لە بەدەستهێنانی ژیانی نویٚ بۆ مرۆڤایەتی، تێکۆشانی شکۆمەندانەیان بەدەستهێنا لە مێژووی شارستانیەتی جیهان.[٢٤]

بیٚ گومان سەرچاوەی بەشێکی گەورە لە دانیشتوانی سەرەتایی دۆڵی دووڕووبار (رافدین) تا خوارووی دورگەی عەرەبی و بەشێک لە نەتەوەکانی تر، لەڕۆژهەڵاتی باکوور لەدانانی یەکەم شارستانیەتی مرۆڤ سوودمەند بوون، ئەو شارستانیەتەی سومەرییەکان سەرەتا بنیاتیاننا و بەناوچەکەدا بڵاو بووەوە[٢٥]. سومەرییەکان زۆر بەهۆش و تێگەیشتوو بوون، ئەزموونی باوانیان پاراستبوو گەشەیان پێدا بوو، سەرچاوەی ڕیشەی یەکەم شارستانیەتی مەزن بوون[٢٦].

سومەرییەکان لەهەنگاوێکی زۆر گەورەدا نووسینیان داهێنا، یەکیٚ لەگرنگترین داهێنانەکانی شارستانێتی سومەر خەتی مێخی و مۆری لولەییە. بە یەکەمین هەوڵی مرۆڤ دادەنریٚ بۆ وێناکردنی بیروبۆچوونەکانی، بەنیگار و بەنووسین لەسەر خشتی قوڕ[٢٧]. خزمەتێکی گەورەیان بە ژیانی مرۆڤایەتی کرد، هەر ئەوانیش خوێندن و نووسینیان فێری ئاشوور و بابلیەکان کرد و بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە، گومان لەپێشکەوتنی شارستانیەتی سومەرییەکان نییە[٢٨]. ئایین لای نەتەوەکانی کۆن گرنگی زۆری هەبووە، خوایەکانی (ئەشتار) لەلایەن دانیشتوانی دۆڵی دوو ڕووبار بایەخێکی تایبەتی پێدەدرا، هەڵبەت ئەو بایەخ پێدانەش وای کرد لەدەقە بزماریەکان بەچەندین کەسایەتی جیاواز دەربکەوێت، لای سومەرییەکان بە (Inanna) هاتووە، بەم شێوەیە گۆڕاوە (Nin.AnmNa) بەمانای ڕۆشنایی خاتونی ئاسمان دێت.

---

٢٤ الدكتور ناجی الاصیل، فی مواطن الاثار، سومر (مجله علمیه تبحث فی أثارالعراق القدیمة)، الجزء الثانی، السنة الاولی، مطبعة الحكومة، بغداد- العراق، تموز ١٩٤٥، ص ٣.

٢٥ طه باقر، مقدمه فی التاریخ الحضارات القدیمه- حضاره وادی النیل، مصدر السابق، ص ٤١٥.

٢٦ ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٨.

٢٧ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

٢٨ ماریژان مۆڵە- هێرتزفیڵد-گێرشمەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

(ئەشتار) جیاوازی هەبووە، لەگەڵ خواکانی تر، بەخوای خۆشەویستی و جوانی و سیکس و جەنگ بووە، لەسەردەمی ئەکەدییەکان، وەک خوای جەنگ بایەخێکی تایبەتی پێدرا بەزاراوەی ئەکەدی بە (Istar) ناسرا[٢٩].

لەسەرەتای پێنج هەزار ساڵ پێش زایین، سومەرەکان لەبەشی خوارووی فورات دەوڵەت - شاریان دامەزراند، لەو بەشانەی دەستیان پێ ڕادەگەیشت گەشەیان بەکاری ئاودێریدا، شاری هەرە مەزن لەو سەردەمەدا شاری سومەر بوون، لەبابەت چارەسەرکردنی گرفتی کەشتی ڕانیدا خۆمان بەقەرزارباری سومەرەکان دەزانین، ئاژۆتنی کەڵەک لە ڕەوتی ئاودا ئاسانترە لەپێچەوانەکەی، لەوەدەچێ سومەرەکان یەکەم کەس بوون، چارۆکەی بەلەمیان لە قوماشی ئەستوور و بەهێز بۆ ڕاگرتنی تەوژمی با لەسەر بەلەمەکانیان هەڵواسیبێت، بەم جۆرە توانیان بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەوە کەشتی بئاژۆن، ئەو کاتە میسۆپۆتامیای خواروو ناوی سومەری بەخۆوە گرت، هەرچەندە لەکتێبی پیرۆزدا (سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێ)ی پێدەوترێت و وڵاتی (شینوئا) ئەفسانەی ناسراوی قەڵای بابلیان گەڕاندووەتەوە سەر ئەو وڵاتە، دانیشتوانی لە ژمارە نەهاتوویان بەدانیشتوانی باخی عەدەن یا بەهەشتی سەر زەوی ناوبرد[٣٠]. کاتێ سومەرییەکان کۆتایی بەدەسەڵاتیان هات و بۆ هەتاهەتایە ڕۆڵی سیاسیان نامێنێت، بەرەبەرە وەکو نەتەوە دەتوێنەوە، بەڵام بایەخێکی زۆر بەزمانەکەیان و بەرهەمە سومەرییەکان دەدرێت، تا پانزە سەدەش دوای ئەوە شارەزایانی نووسین زمانەکەیان هەر دەزانن[٣١].

### (دەوڵەت شار)ی سومەری

ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەناوچە بەرزەکان دەژیان، لەوانەیە لەدەوروبەری (٥٥٠٠ پ.ز) ئەوەندە زۆر بووبن، جموجۆڵێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەشتەکانی دیجلە و فورات دروست بووبێت، بەڕای (سنێل) لەوانەیە خەڵکەکە هەستیان کردبێت، ئاوەدانیەکانی ئەوان بۆ ئەو سەردەمە لەڕادەبەدەر قەرەباڵغ بووبن، ئەوانە ڕوویان لە ناوچەیەکی سنووری نەناسراو کرد، بۆ کشتوکاڵ کردن زۆر

---

٢٩ دکتۆر ئیبتهال عادل تائی، هەولێرپایتەختی ئاینی ئاشووریەکان، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم لوبنان ٢٠٠٩، ل ٩٨٠.

٣٠ ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٨.

٣١ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

یارمەتیدەرە. یەکەمین نەتەوەی گرنگ شایانی ناساندن بێت سومەرییەکان بوون، بەلایەنی کەمەوە تاوەکو کۆتاییەکانی هەزارەی چوارەمی پێش زایین، لە زەویە پان و بەرینەکانی نێوان دوو ڕووبار، لەباکووری دەریای خواروو (کەنداوی عەرەب) نیشتەجێ بوون[٣٢].

لەناوچەی میسۆپۆتامیا بۆ ڕێکخستنی کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پێویستیەکانی ڕۆژانە و سەرهەڵدان و دروست بوونی گوند، ئینجا فراوان بوونی گوند بۆ شارەدێ، شارەدێ پەرەیسەندووە بۆتە شار، لەناوەڕاستی چوارەمین هەزارەی پێش زایینەوە شار بەهێز بووە، بۆتە ناوەندی بەڕێوەبردنی پێکەوەبەستنی کۆمەڵێ لادێ و گوندی چوار دەوری خۆی، ئەمەش بۆتە ناوکی دامەزراندنی (دەوڵەت شار) کە یەکێکە لەگرنگترین نیشانەکانی شارستانێتی سومەری و لەهەمان کاتدا ژینگەی لەدایک بوونی شارستانێتیەکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتی[٣٣]. یەکەمین شتی سومەرییەکان دروست کردنی (دەوڵەت - شار)ەکان بوو، یەکەمین شارەکان لەسومەردا کەمێک پێش (٣٠٠٠ پ.ز) دروست بوون، لەوانەیە یەکەمین شار بە تەواوی مانا (ئیریدۆ) بوو بێت، لەو سەردەمەدا کەوتبووە نزیک کەناراوەکانی کەنداوی عەرەب، لەو سەردەمە (٢٠٠ کم) بەلای باشووری ڕۆژهەلاتدا هاتۆتە دواوە.

سومەرییەکان لەو باوەڕە دابوون، ئەم شارە جێگای یەکەمین دروست کرا و یەکەمین زەویـیە لەسەرەتای زەمانەوە لەدڵی دەریا سەری دەرهێناوە، بەپێی بڕیارێکی ئاشکرا (ئیریدۆ) شوێنی یەکەم پاشا و یەکەمین شوێنەوار و هونەرەکانیش بووە، لەناو ئەوانەدا (ئاپسو) کۆنترین زیارەتگایە لە سومەر. شوێنی ژیانی (ئینکی) خوای ئاوەکانی کۆن و ئەقڵ بوو، شارە گرنگەکانی تر سەرەتا بریتی بوو لە (ئور) چەند کیلۆمەترێک لەباکووری (ئیریدۆ، لاگاش) نزیکەی (٨٠ کم) بەلای باکووری ڕۆژئاوادا، لەڕیزێکدا بەلای باکووری ڕۆژئاوادا (لارسا، ئوروک، نیپور) هەبوون. ئەمانە لەوانەیە لەسەرەتادا ئاوەدانی بچوک بووبن، دوایی لەسەردەمی دەوڵەت شاری سومەرییەکان ڕووبەریان زیادی کردووە، بۆ نموونە: (ئوروک)

---

٣٢ دون ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

٣٣ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

لەنێوان (٣٠٠٠ – تا ٢٧٠٠ پ.ز) گۆڕا بۆ شارێکی دەیان هەزار کەسی، کە دیوارێکی بازنەیی بەدرێژایی نزیکەی دە کیلۆمەتر دەوری دابوو[٣٤]. سەردەمی گرنگی بنەماڵەکان (عصر الفجر السلالات) دەوروبەری (٢٩٠٠) یاخود (٢٨٠٠پ.ز) خایاندووە، ژمارەیەک شار لەباشوور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا دروست بوون، هەریەکەیان دەوڵەتێکی بۆ خۆی پێکهێنا بوو، بەزۆری ئەمانە سومەری بوون[٣٥].

سیستەمی فەرمانڕەوایی لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە، بریتی بووە لە سیستەمی دەوڵەتۆچکەی شارەکان و بە (وڵاتی شارە سومەرییەکان) ناسراوە، لەم سیستەمەدا سوڵتان یا فەرمانڕەوا لەهەندێ شار پێی ووتراوە (لوگال) دەسەڵاتی تەنیا بەسەر یەک شار و هەندێک گوندی سەر ئەو شارەدا هەبووە، سیستەمی فەرمانڕەوایی تێکەڵ بووە، بەمۆرکی ئایینی هەروەک چۆن شارەکان بەشی گرنگی هەرێمەکانی دەوڵەتۆچکەی شارەکانیان پێکهێناوە[٣٦] بێ گومان دەوڵەت – شارەکان سەربەخۆ بوون، هەر یەکێکیان بە واتای یەکەیەکی میللی بچووک مافی ئۆتۆنۆمیان هەبوو، کە گوندە پێکەوە لکاوەکان و کێڵگە کشتوکاڵیەکان چواردەوریان دابوو، مێژوونووس (میشل ورد) لەبارەی فراوانی و دروست بوونی ئەم دەوڵەت – شارانە دەنووسێت: (دەوڵەت – شار)ێکی وەک (لاگاش) لە (٣٦٠٠٠) پیاوی پێگەیشتووی هەبوو، (ئوروک)یش لەوانەیە بەهەمان شێوە بووبێت. ئەوانە بەوردی ڕێکخرابوون و کۆنترۆڵ دەکران[٣٧].

### (دەوڵەت شار)ی سومەری بۆ (دەوڵەت وڵات)ی ئەکەدی

بنەماڵە سومەرییەکان لە کۆتایی دەسەڵاتیان لەبەر هێرش و شەڕ و پەلاماردان و قوڵ بوونەوەی ململانێ و ناکۆکی لەناوخۆیاندا لەگەڵ یەکتر، لە سەردەمی بەرەبابی بنەماڵەکان، بەردەوام بەنزیکەی لەساڵی (٣٣٦٠ – ٢٤٠٠ پ.ز)، بووە هۆی لاواز بوونی دەوڵەتی سومەری لە ناوخۆدا، ئەوەش کاریگەری هەبوو بۆ سەر بێ

٣٤ دون ناردۆ، ئیمپراتۆریەتی ئاشور، ل ٢٤.

٣٥ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

٣٦ د. ماهر صالح علاوی الجبوری، مبادیٔ القانون الاداری، دراسه مقارنه، شرکه العاتک لصناعه الکتاب، القاهره– درب الاتراک– خلف الازهر، ١٩٩٦، ص ٤٣.

٣٧ دون ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

هێزبوونیـان لەڕووی سـەربازی، بـووە هـۆی چـاوتێبڕینی ناحەزانیـان بەردەوام چاویان بڕیبووە وڵاتەکەیان[٣٨]. (لوگال زاگی زی) گەورەی شاری (ئوما)، شارەکانی تری سومەری بەشەڕ هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بنچینەی (دەوڵەت شار)ی سۆمەری هەڵتەکاند، و (دەوڵەتی وڵات)ی دامەزراند، (وەرکا)ی کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی، ئەم گۆڕانە سەرەتای کۆتایی بوو، بۆ قۆناغی دەوڵەتی شار و دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی فراوان، لە بالۆرەیەکی بەجێماودا هەندێ لەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کەدەڵێ: "کاتێ ئینلیل شای گشت وڵاتان پاشایەتی وڵاتی بە لوگال زاگی زی سپارد سەرنجی دانیشتوانی وڵاتی لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بۆ ڕاکێشا خەڵک هەمووی سەریان بۆ دانەواند"، لەو ڕۆژگارەدا (وەرکا) ڕۆژەکانی بەخۆشی ڕادەبوارد. (لوگال زاگی زی) لەزنجیرەی شەڕەکانیدا هێرشی کردۆتەسەر شاری (کیش).

(لوگـال زاگـی زی) لەم لەشکرکێشـیەدا (ئـور زبابـا)ی شـکاندووە، بەرلەوەی(سەرجۆن) دەست بەسەر مەڵبەندی سومەردا بگرێت، پێشتر فەرمانبەر بوو لای (ئور زبابا)، ئەم دەرفەتەی بەهەل زانیوە، خۆی سازداوە لەهەڵمەتێکی کتوپڕدا بۆ سەر شاری (وەرکا) پایتەختی (لوگال زاگی زی) داگیری کردووە، خەڵکەکەی هەڵاتوون، شورەی شارەکەیانی ڕووخاندووە. خەڵکی ڕاکردووی (وەرکا) لایەنگرانی (لوگال زاگی زی) بەیارمەتی پەنجا کەس لە ئەمیر و سەردارەکانی ناوچەکە هێرشی پێچەوانەیان کردۆتەسەر (سەرجۆن)، بەڵام (سەرجۆن) ئەم هێرشەی تێکشکاندووە و (لوگال زاگی زی) بەدیل گرتووە و نیری تەختەی کردۆتە ملی بەڕیسوایی بردوویەتی بۆ بەر دەروازەی (نیپور: نفر)[٣٩].

بەم شێوەیە بنەماڵەی سومەرییەکان لە فەرمانڕەوایی وڵاتی سومەردا دوا پادشایان (لوگال زاگی زی) لەسەر دەستی (سەرجۆن)ی ئەکەدی لە دەوروبەری (٢٤٠٠ - ٢٣٧١ پ.ز) کۆتایی بە فەرمانڕەوایی هێنراو بنەماڵەی سومەرییەکان ڕووخا. ناوچەی سومەر کەوتە دەست ئەکەدییەکانەوە[٤٠]. (سەرجۆن) بەداگیر کردنی

---

٣٨ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩.
٣٩ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.
٤٠ هاوڕێ باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

(ئوما)كە قەڵای (لۆكاڵ زاگی زی) بووە. كۆتایی بەدەسەڵاتی (دەوڵەت شار)ەكانی سومەر هێناوە. بناغەی (دەوڵەتی وڵاتی) داناوە. شاری (شاگادە: ئاكەد)ی لەنزیک شاری (كیش) دروست كردووە و كردویەتی بەپایتەختی دەوڵەتەكەی. ئیتر كەوتۆتە پەلهاویشتن بەهەر چوار لای مەڵبەندەكەیدا[٤١]. دواتر (سەرجۆن) بووە كەسایەتیەكی بەناوبانگ، دوای ئەوەی ناوبراو شارەكانی سومەری داگیر كرد، بەمە قۆناغێكی تر هاتەكایە، كە بەماوەی دەسەڵاتی ئەكەدی دەناسرێت[٤٢].

لەسەر زاراوەی ئەو زانایانەی بە دیاری كردنی پێنج سەدەی پێش ئەكەدی بەسەردەمی دەركەوتنی بنەماڵەكان و زانینی فەرمانڕەوایی بنەماڵەكان لە شارەكانی عیراق بەدەر لە كەمێک لە بنەماڵەكانی سەرەتای یەكەم، بەڵام قۆناغەكانی كۆتایی كە دەركەوتنی پێش قۆناغی (فجرالسلالات) ناوی هەموو ئەوانە بە ناوی یەكەم شوێنی نیشەجێ بوونیان دەركەوتن، بەزنجیرە قۆناغی (جمده النصر) بوو (دەگەڕێتەوە بۆ گرد یان جمده النصر كە دەكەوێتە پارێزگای بابل باكووری شاری كیشی سومەری)، هەروەها وەركا (دەگەڕێتەوە بۆ شاری (ارخ) دەكەوێتە سەر رێگای نێوان ناوەند و ناحیە الخضر) بەڵام (العبید) لە قۆناغەكانی پێشتری خوارووی عێراقە، (دەگەڕێتەوە بۆ (تل العبید) نزیک لە شاری ئور)، ماوەی نێوان هەر یەک لە قۆناغەكان وەک ئەم كلێشەی خوارەوە دیاری كراوە:

| | |
|---|---|
| قۆناغی العبید | ٤٥٠٠ پ.زبۆ٣٨٠٠ پ.ز |
| قۆناغی وەركاء | ٣٨٠٠ پ.زبۆ٣٢٠٠ پ.ز |
| قۆناغی جمده نصر | ٣٢٠٠ پ.زبۆ ٣٠٠٠پ.ز |
| قۆناغی فجر سلالات | ٣٠٠٠پ.زبۆ ٢٥٠٠ پ.ز |

دەست پێكردنی حوكمی بنەماڵەی ئەكەدی (٢٥٠٠ پ.ز) لە مێژووی كۆنی عێراق بووە دەركەوتنی زۆرترین بابەتەكان[٤٣].

---

٤١ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

٤٢ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١.

٤٣ فؤاد سفر، حفریات تل العقیر، سومر (مجله علمیه تبحث فی أثارالعراق القدیمة، الجزء الاول، السنة الاولی، بغداد- العراق، كانون الثانی ١٩٤٥، ص ٢٣.

## سەردەمی ئەکەدی سارگۆن و جێنشینەکانی

سەردەمی دووەمی بنەماڵەکان لەسەردەمی (شارووکین= سارگۆن)ی ئەکەدی (٢٣٧١ - ٢٣١٦ پ.ز) بنەماڵەی ئەکەدی سەریان هەڵدا، هەندێک دەڵێن: تا (٢٢٣٠پ.ز) بەردەوام بوون، ئەکەدییەکان هۆزێکی سامی نەژاد بوون، لەسەردەستی دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەکەدی (سەرجۆن)ی بەناوبانگ بوو. پاشایەتی مسۆگەر کرد و دەستەڵاتی ناوچەکەی بەدەستهێنا[٤٤]. ئەکەدییەکان جیاوازیان هەبوو لە دراوسێ سومەریەکانیان لە چۆنیەتی ڕووخسار و زمان، وە لە دروست کردنی شار لەنێوان بابل و سیپار و کیش و ئوپس و کشاک و کوتا... ئەوانە شاری سومەربوون لەگەڵ ملکەچ کردنی بۆ پاشای ئەکەدی، لەسەر دەستی سارگۆن لە ساڵی ٢٣٥٠ پ.ز داگیرکران[٤٥]

لە ساڵی (٢٣٧٠ - ٢٣١٦ پ ز) بەهۆی سەرکەوتنی (سەرجۆن)ی ئەکەی بەسەر سومەرییەکان و فراوان بوونی دەسەڵاتی لەناوچەی میسۆپۆتامیا، لەگەڵ دراوسێکاندا هەمیشە لە شەر و کێشەی بەردەوامدا بوون، بەم هۆیەوە پەرەی سەند و هەموو ناوچەکەی گرتەوە، مێژوونووس (ه. ج. ویلز) دەڵێت: (سەرجۆن) وڵاتی سومەری هەموو گرت، پاشان بووە گەورەی جیهان، هەر لە کەنداوی فارسەوە تاوەکو دەریای ناوەڕاست، ئەو کەسێکی درندە و تێنەگەیشتوو (همجی) نەخوێندەوار بوو، بەڵام نەتەوەکەی فێری نووسینی سومەری کرد و هاوکات زمانی سومەری کردە زمانی فەرمانبەر و زانایان[٤٦]. سەرەتا (سەرجۆن) هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە دراوسێکا نیدا بەهۆی ئەوەی نەتەوەکان پەیوەندی جەنگی و بازرگانی و لایەنی تریان بەیەکەوە هەبووە، ئەمە زۆرجار گەیشتووەتە ڕادەی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکتر، وەک ئەو پەیوەندیەی لەلایەن (سەرجۆن)ی پادشای ئەکەدی لەگەڵ ئیلامیەکاندا لەپێناو ڕووخاندنی شاری (ئور) لەسەردەمی بنەماڵەی (سێیەمی ئور) دا یەکیان گرت[٤٧]. لەولاشەوە هەوڵی فراوانخوازییەکیدا لەسەردەمی ئیمپڕتۆریەتیەکەیدا، فەرمانڕەوایی درێژ بۆوە بۆ هەموو وڵات، شا (سەرجۆن) وڵاتۆچکەی شارەکانی لابرد و دەسەڵاتی دەوڵەتی یەکخست و قازی یان

٤٤ طه باقر، مقدمه فی تاریخ الحضارات القدیمه، مصدر السابق، ل ٢٢٤.

٤٥ برهان الدین دلو، مصدر السابق. ص ٢١٦.

٤٦ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١.

٤٧ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢.

دادوەرەکـانی کـردە تەنیـا فەرمانبەرێـک لەلایەن پاشـاوە دادەنـران، دوای ئەوەی لەسەردەمانی پێشوودا، وەک فەرمانڕەوا بوون. فەرمانەکانیشیان پابەند بوو، چونکە ئەوان بەناوی پاشاوە فەرمانڕەواییان دەکرد، هەروەک چۆن ڕۆژژمێری یەکخست، کە پێشـتر هەر دەوڵەتێـک و شـارێک ڕۆژمێـری تـایبەت بەخـۆی هەبـوو، شـا (سـەرجۆن) فەرمـانڕەوای بـۆ شـارەکان و ویلایەتەکان دانـا، کە سـەربەخۆی بوون، هەروەهـا سیسـتەمی بـۆ مـاوەیی ئەم جـۆرە پۆسـتانەی هەڵوەشـاندەوە، واتە ئەم پۆستانە پێشتر لە خێزانێکدا لەباوکەوە بۆ کوڕ و نەوە دەمایەوە، ئەم شایە هات ئەم سیسـتەمەی هەڵوەشـاندەوە[٤٨]. (سـەرجۆن) بـووە کەسـایەتیەکی بەناوبـانگی ئەو سـەردەمە، نازنـاوەکەی لەوەدا خـۆی دەبینـیەوە خـۆی وەک خواوەنـدێک لێبکـات، تەنـــانەت وەک نـــوێنەری خواوەنـــدێک بێـــت، لە فەرمـــانڕەوایی گەردوون (هەرچوارلاکە)[٤٩].

گەلێـک چیرۆک لەبـارەی (سـەرجۆن)ەوە دەگێڕنەوە، کە لەسـەر تـاتە قوڕینەکـان تۆمار کراون، ئەو دەستی دایە بەهێز کردن و جێگیر کردنی دەسەڵاتە سیاسـی و ئاینیەکەی لە سومەر و بەهێزکردنی سوپاکەی بەشێوەیەکی فراوان، ئینجـا پەلامـاری چەنـد ناوچەیەکیـدا، ئەو ناوچـانە مەترسـیان بـۆ سـەر وڵاتەکەی هەبـوو، پەلامـاری ئیلامی دا بەسەریدا سەرکەوت بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک، شـایانی بـاس بێت، ئینجـا سـوپاکەی بە ئاراسـتەی ڕۆژئـاوا و دەریـای ناوەڕاسـت پەلامـاری بـرد و سەرکەوتنەکانی بۆ توانای هونەری و سەربازی ئەو دەگەڕێتەوە[٥٠].

ئـەکەدییەکـان لەهەمـوو جێیەک هەر لەدەریـای ژێـروو دەسـتیان گـرت بەسـەر (ئینیس)یەکانـدا. پیـاوانی (مـاری) و پیـاوانی (ئێلام)، وەکو گەورەی خۆیـان خزمەتـی (سەرجۆن) شای وڵاتیان دەکرد. شـاری بەگوێرەی گێڕانەوە دێرینەکان کە پڕن لە ئەفسـانە و خۆهەڵکێشـان و بەخـۆوە نـازین، لەلای خـوارووییەوە گەیشـتۆتە سـەر کەناری کەنداو و لەلای ڕۆژئاوایەوە گەیشتۆتە جەزیرەی سوریا و کەناری دەریـای سپی ناوەڕاست، لەلای خوارووی ڕۆژهەڵاتیەوە گەیشتۆتە وڵاتـی (ئیلام) و لەلای سـەروویەوە گەیشـتۆتە خـوارووی (ئەنـادۆڵ)، لەچەنـد شـوێنی ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتیدا بنکەی جەنگی داناوە. ئەکەد لەهەمـوو لاوە دیاری و بـاجی بۆ هـاتووە.

---

٤٨ د. ماهر صالح علاوی الجبوری، مصدر السابق، ص ٤٤.

٤٩ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦.

٥٠ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

کەشتی لەکەناری ئاوەکانیدا باری کردووە.و باری داگرتووە. (سەرجۆن) لەیەکێ لە بالۆرەکانیدا شانازی دەکا بەوەی لە شاری ئەکەد لەبەردەمی ئەودا (٤٥٠٠) جەنگاوەر ڕۆژانە نان دەخۆن. لێرە بەدواوە ئەکەدی بووە گەلێکی خاوەن ناو بەڕەگەز سامی. دەسەلاتداری ئەم دەولەتە فراوانە و زمانی ئەکەدی لەپال زمانی سۆمەریدا بوو بە زمانی کارپێکراوی تۆمارکردنی ڕووداوەکان و هۆنینەوەی لاوژە و بالۆرە و ئەفسانە. (سەرجۆن) پەنجاوشەش سال حوکمی کردووە. زۆری تەمەنی بەشەڕ بەسەر بردووە. لەدوا سالەکانی حوکمی تەمەنیدا توشی شەڕوشۆڕی ناوخۆ و هەلگەڕانەوەی شارەکان بووە. بەلام توانیویەتی سەرکوتیان بکا[٥١].

بەدەسەلاترینی پاشاکان (سەرجۆن)ی ئەکەدی (٢٥٣٠ – ٢٤٧٥ پ.ز)، بەسەر ئەکەد و باشووری دووزێ (میسۆپۆتامیا)دا پاشایەتی کردووە، تاوی داوەتەسەر دانیشتوانی زاگرۆس، یەکەم ناوچەی (کالزو) لە خۆرهەلاتی دیجلە داگیر کرد، لەپاشان گەیشتە ناوچەی بەدرەی ئێستا، گرتنی بەدرە ڕێگای ئیلام و لورستان و کوردستانی کردەوە بۆ ئەم پادشایە[٥٢]. دەولەتی ئەکەدی لەسەردەمی (سەرجۆن)دا سنووری فراوان بوو، دەقە تۆمارکراوەکان ئاماژە بەداگیرکردنی ولاتی (سوبارتو) دەدەن، هەروەها لەڕۆژمێری یەکێک لە سالەکانی فەرمانڕەوایی (سەرجۆن)دا ئاماژە بەشالاوێک دەکرێت بۆ سەر (سیمورو simrru – ) بە ئاراستەی زنجیرە چیای زاگرۆس[٥٣]،

لە دەوروبەری سالی (٢٥٢٥پ ز) هەموو کوردستان بەشێک بووە لە مەملەکەتی (سەرجۆن)ی شای ئەکەدی[٥٤]. سەرچاوەکان باس لە ڕاپەڕینێکی گەورە و گشتی لە دژی (سەرجۆن) لە دوا دواییەکانی سەردەمی فەرمانڕەواییدا دەکەن، هەموو ولاتانی ژێر ڕکێفی ئەکەدییەکان بەشداریان تێدا کردووە، بەپێی دەقەکە (سەرجۆن) ڕووبەڕوویان بۆتەوە و توانیویەتی هەموویان بشکێنێت، هەموو دانیشتوانی سەرزەمینی کوردستانی کۆن لە جوگرافیای (سەرجۆن)دا ژێر دەستە بوون، هەموویان لەم ڕاپەڕینە بەشدار بوون[٥٥]. سەرەڕای درێژی ماوەی دەسەلاتی

---

٥١ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

٥٢ رەشید یاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٥٣ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥.

٥٤ محەمەد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

٥٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.


(سەرجۆن)، تائێستا تۆمارێکی ڕوونی لەبارەی ئەو ناوچانە نەدۆزراوەتەوە، چۆن فەرمانڕەوایەتی کردووە، پێ ناچێت دەسەڵاتێکی هەمیشەیی لەو ناوچانە دامەزراندبێت، چونکە ئامانجی (سەرجۆن) لەو ناوچانە زیاتر پاراستنی سەرچاوە کانزاییەکان و ڕێگا بازرگانییەکان بووە، تەنیا قەلاو خاڵی سەربازی جێ هێشتووە، هەر کاتێک هەستی بەمەترسی لەسەر ئەو بەرژەوەندیە کردبێت لەشکرکێشی ئامادە کردووە[56]. پاش ئەوەی (٥٥) ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، (سەرجۆن) لەڕووبەڕوو بوونەوەی سەرکوت کردنی شۆڕشێک لەناوخۆدا کوژرا.

له دوای خۆی (رموش)ی کوڕی (٢٢٨٤ – ٢٣٧٥پ.ز) بووە جێ نشینی و (٩) ساڵ فەرمانڕەوایی کرد[57]، هەروەها ناوچەی (خوری)یەکان درێژ دەبووە و دەسەڵاتیان لەسەر بەشێکی گەورە لەچیای (توس) و لەوانەیە گەیشتبنە (زابی گەورە) وە دەسەڵاتی لوللویەکان تا دەشتی شارەزوور درێژ دەبووەوە، گۆتیەکانیش تا هەمەدان بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوون، (جورج رو) لە لاپەڕەی (٢١٢ – ٢١٤)ی کتێبەکەی نووسیویەتی: دەسەڵاتی (سەرجۆن) لەڕاستی دا تا باکووری چیای حەمرین دەچوو، بەڵام ئارام و جێگیر نەبوو، دوای ئەوەی (سەرجۆن) مرد، میراتی شارستانی سومەری بۆ کوڕەکەی (ریموش) بەجێما[58].

دەسەڵاتەکەی (ڕیمۆش) توشی یاخی بوونی ناوخۆ و جەنگی دەرەکی بووە. هەندێ لەناوچەکانی لێ هەڵگەڕاونەتەوە. بەشەر هێناونیەوە ژێر فەرمانی خۆی[59]. ئەو کەسێکی دڵڕەق و بەزەبرو زەنگ بووە، پاش گرتنەدەستی دەسەڵات ڕاستەوخۆ لە دوای باوکی دەستی بەسەر زنجیرەیەک شۆڕش لەوڵاتی سۆمەر (ئور، لەگش، ئوما، ئەدەب، وەرکا، کالزو) دا گرت، هەروەها لە سێیەم ساڵی فەرمانڕەواییدا ڕووبەڕووی دوژمنەکانی باوکی بووەوە، لە ڕۆژهەڵات لە جەنگێکی بێبەزەییانەدا، خوێنێکی زۆری ڕشت، و شورای شارەکانی وێران کرد، چی تێدا بوو لەڕەگ و ڕیشەوە لەبنی هێنا[60].بەڵام فەرمانڕەوایی (ڕیموش) زۆری درێژە نەکێشاوە. نۆ ساڵ

٥٦ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.
٥٧ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦.
٥٨ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه...،مصدر السابق.
٥٩ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.
٦٠ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦.

فەرمـانڕەوایی کـردووە. دەسـتوپێوەندەکانی خـۆی کوشـتویانە[٦١]. لەدوای (٩) سـاڵ حـوکمڕانی (رمـوش)، (مانشستوسـو) بـرای (٢٣٥٠ - ٢٢٩٢ پ.ز) هـاتە سـەر حـوکم، ئەو کەسێکی ئازا و بەهێز بوو[٦٢]. ئەمیش بەهەمان ڕێبازی جەنگی و سیاسـی باوک و براکەیدا ڕۆیشـتووە. پـانزە سـاڵ حـوکمڕانی کـردووە. دوای ئەوەی نـزیکەی (١٥) پانزە سـاڵ حـوکمی وڵاتـی بەسـەربرد، ئەمـیش لە پیلانێکی نـاوخۆدا کوژراوە. دوای (مانشستوسو) بەهێزترین پاشـای بنەماڵـەی ئەکەدی دێت، ئەویش کـوڕەکەی (نـارام سـین) کـوڕی (مانشسـتوسـو) (٢٢٩١ - ٢٢٥٥ پ ز) جـێگەی گرتـۆتەوە[٦٣]. تـەختی فەرمانڕەوایی گرتەدەست.



**وێنەی ژمارە (١٢) سەرێک لە برۆنز بەقەبارەی ئاسایی مەلیکی ئەکەد لەوانەیە سارگۆن بێت (٢٣٧٠ - ٢٣١٦ پ.ز)**
**بەرزی (٣٠)سم، سەرچاوە: سیتون لوید، أثار بلاد الرافدین، ص ١٩٠.**

---

٦١ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.
٦٢ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦.
٦٣ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

## سەردەمی نرام - سین و لەشکرکێشیەکانی

دوای باوکی لەسەر تەختی پاشایەتی ئەکەد دانیشت، بەهۆی هێز و دەسەڵاتی (نرام - سین)ی بەناوبانگ چل ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، ئەو لە داگیرکردنە دەرەکیەکانی وڵاتی ئەکەد بە کەسێکی مەزن ناسرابوو، چەند هەرێمێکی جەنجاڵ کرد، ئەو هەڵکەندراوانەی لەبەشێکی باکووری میسۆپۆتامیا (باشووری کوردستان) بەجێ ماون، نەمری سەرکەوتنەکانی ئەو بەسەر هۆزە چیانشینەکاندا دەنوێنێت، لەو جەنگانەی کردویێتی پەیکەرێکی بەناوی (پەیکەری سەرکەوتن) بەجێ هێشتووە، تیایدا شکست پێهێنانی نەتەوە جێنشینەکانی چیاکانی ئیلام و بانەکانی ئێران نیشان دەدا، کە بە (لوللویی) ناویان هاتووە[٦٤].

نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت: (نارام - سین) سی وحەوت ساڵ حوکمڕانی کردووە. دەوڵەتی ئەکەدی گەیاندۆتە پایەیەکی بەرزی فراوان بوون. زنجیرەیەک کاری جەنگی ئەنجام داوە، سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. یەکێ لەوانە شکاندنی لوللوبیەکان بووە[٦٥]. سەردەمی (نرام - سین)(٢٢٩١ - ٢٢٥٥ پ.ز) تەنیا بە فراوانخوازییەکانی باوکی نەوەستاوە، بەڵکو بایەخی بە فراوانخوازی زیاتر داوە. (پەیکەری هەڵکەنراوی پیرحسین) لە نزیک دیاربەکر و (پەیکەری سەرکەوتن) لە دەربەندی گاور، تیایدا سەرکردایەتی سوپای ئەکەدی دەکات و نەتەوەیەکی شکاندووە، بەناوی لوللو لەچیاکانی زاگرۆس[٦٦]. بەم شێوەیە ماوەی دەسەڵاتی ئەکەدی بەماوەی جەنگ و ململانێکان ناودەبرێت. نەک تەنیا لەگەڵ گەلانی دراوسێدا، بەڵکو لەگەڵ گەلانی دووریشدا.

لەیەکێک لە نووسینەکاندا (نەرام - سین) بەخۆی دەڵێت: فەرمانڕەوای ئیلام و بەروژوور هەتا (بارخاشی) و (فەرمانڕەوای) شوبارتوم و بەرەو ژوور هەتا دارستانی ئورز، لەیەکێکی تر دا دەڵێت: گوایە لەکاتی چوونە پێشی دا (ئینسی ensi)یەکانی (شوبیر) و سەردارانی وڵاتە بەرزەکان دەست و دیاریان بۆ هێناوە. لەناویاندا باسی یەکێک لە پاشاکانی خوری بەناوی (داخیش ئاتیلی Dahiš - atili) دەکات، وادیارە فەرمانڕەوای (ئەزوخینوم Azuhinum) بووە. دەڵێ: توانیوەیەتی

٦٤ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦.

٦٥ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

٦٦ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.

لەمـاوەی یەک سـاڵدا لە نـۆ شـەر سـەربکەوێت[٦٧]. لە ئەنجـامی فراوانخوازییەکـانی (نـارام سـین) وڵاتـی (لوللوبـوم) کەوتە بەر هێرشـی ئەکەدی و داگیـری کـرد. وەک ئاماژەمان بۆ کرد کەوتۆتە هەمـان ئاراستە، یەک دوو نەخشـەی بەرد لە باشـووری کوردستان دەری دەخەن سوپای (نارام – سین) ناوچەی (لوللو) (سلیمانی ئێستای) داگیـر کـردووە. یەکێ لەنەخشـە بەردەکانی(نـارام – سـین) ئەوەیە (ئەندمۆنـدس) لە دەربەندی گاور نزیک قەرەداغ لە باشـووری سلیمانی دۆزیەوە. ئەمە ئەو نەخشـەیە (سیدنی سمیث) لە مێژووی زووی وڵاتی باشـوور لە (١٩٢٨) ئامـاژەی بـۆ کـردووە. لە شوێنێکی (٢٤) میل ڕاستە و ڕاست دوور لە باشووری سلێمانی پیشـان داوە، ئەم فەرمانڕەوایە هێرشی کردووەتە سەر وڵاتی لوللـو فەرمـانڕەوایەکەی نـاوی (شـاتۆن) بـووە، شـکاندوویەتی و وڵاتـی لوللـوی داگیـر کـردووە[٦٨]. دەسـت بەسـەراگرتنی ئەم ناوچانە لەلایەن ئەکەدییەکان ئامانجیان دەست بەسەراگرتنی شـوێنی دەوڵەمەندە بە کەرەستەی خاو، بەچنگ خستنی ئەو کەرەستانەی پێویست بوون، بۆ شارسـتانیەتی ئەکەدی وەک (کـانزا، بەرد، تەختـە) جـگەلە سـوودی ئـابووری ئەو داگیرکردنـانە سوودی زۆری لەسەر شارستانی مرۆڤایەتی هەبوو. بەوەی شارستانی نێوان دوو ڕووبـار لەسـەرجەم نـاوچەکە بـڵاو کـردۆتەوە. بڵاوکـردنەوەی نووسـین لەزۆربەی ناوچەکـانی ڕژهەڵاتـی نزیـک، ئەو نەتەوانە زۆربەیـان لەسـەر دەسـتی ئەوان شارستانیەتی میسـۆپۆتامیایان وەرگرتـووە[٦٩]. لە وڵاتی کلدان (ئاشـوور و ئەکەد) لە (٢٧٠٠ پ.ز) بەسەردەمی ئاوەدانی و دەسەڵاتداری بەناوبانگ بـووە. (نـارام – سـین) چەند نەریتی سیاسی و دینی تازەی داهێناوە:

یەکەم: نـاوی لەخـۆی نـاوە شـای چوارقـوڕنەی زەمـین. چوارقـوڕنەی زەمـین بەتێگەیشـتنی ئەو زەمـانە هەمـوو دنیـا بـووە. لەوەو پێش دەیـانووت شـای سـومەر. شای سومەر و ئەکەد...، لەپاڵ ئەو نازناوەدا، ئەو نازناوە تازەیەی خستۆتە ناو نـامە و نووسینەکانی.

دووەم: خۆی بردۆتە ڕیزی خواکان. لە نووسینەکانیدا نیشانەی خوایەتی لەگەڵ نـاوی خۆیـدا بەکـار هێنـاوە. لەنەخـش و پەیکەرەکانیـدا کـوڵاوی دوو شـاخی

٦٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

٦٨ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەپێشوو، ل ١٦٩-١٧٠.

٦٩ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.

کردۆتەسەری. لەوە و پێش هیچ کام لە شاکانی سومەر و ئاکەد خۆیان بەخوا نەناساندووە. ئەو پەڕی خۆیان بەبریکار یا نوێنەری خوا داناوە. بەناوی ئەوانەوە فەرمانڕەواییان کردووە. بەڵام ئەم خۆی بەخواوەند ڕاگەیاندووە. ئەمەش جۆرێ بووە لە دەرچوون لە نەریتی دینی باوی ئەو سەردەمەو بەکافر دانراوە. ئەمەش بەیەکێ لەهۆکانی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکەی دانراوە.

(سەرجۆن) پەلاماری شاری نیکوری داوە، پەرستگای گەورەی (ئینلیل)ی وێران کردووە. بەوەش گۆیا خوا (مەردۆخ)ی تووڕە کردووە. سەرەنجام دەوڵەتی ئەکەد شکاوە. شکانەکەیان گێڕاوەتەوە بۆ ئەو ڕقەی خوا (مەردۆخ) لێی هەڵگرتووە. لەسۆنگەی پەلاماری شارەکە و ڕووخانی پەرستگاکانی. ئەکەد پایتەختی (نارام – سین) کەوتۆتەبەر نەفرینی خواکان. کاول بووە. بەو بۆنەیەوە ئەفسانەیەکیان هۆنیوەتەوە توک لە ئاکەد دەکا[٧٠].

لەسەردەمی (نەرام – سین)یش ڕاپەڕینێکی گەورە "بەهەر چوار لای جیهان" لەدژی بەرپایان کرد، بەشدارانی (پوتتیم – ئەتال Puttim – atal) پادشای خوری و پادشای (شیمورروم)و (گولا – ئان Gula – an)ی گوتیوم و پادشایانی (کاکموم) و (لوللوم) و (توروککو) بوون. ئەم سەردارانەی بەپادشا ناوبردووە لەکاتێکدا سەردارانی تری بەشداری ڕاپەڕینەکە، وەک سەردارانی (ئامورڕو Amurru، کانیشوم Kanišum، دێر Der، میلوخخا Meluhha)، هی تر هەموویان هی دەرەوەی کوردستانی کۆن بوون، تەنیا بە " کابرای..." ناو براوون[٧١].

دەسەڵاتی (نارام – سین) لە دواساڵەکانی تەمەنیدا، وەکو ئەفسانە و لاوژەکانی ئەو سەردەمە دەیگێڕنەوە. چەند جارێ کەوتۆتەبەر هێرشی گەلانی دراوسێ لەوانە: (ئاموری، ئیلامی، گوتی). سەرەنجام لەسەردەمی (شارکالی شاری) کوڕ و جێگری (نارام – سین) لەلایەن گوتییەکانەوە دەوڵەتی ئەکەد شکێنراوە و کۆتایی بەدەسەڵاتی هاتووە. گوتییەکان، چیانشین یا چیایی بوون، لە ناکۆکی بەردەوام دابوون لەگەڵ دانیشتوانی دەشتەکان. ناوبەناو شاڵاویان بۆ بردوون. لەئەنجامی ستەمکاری شا و دەسەڵاتدارەکانی ئەکەد دا. ئەکەدییەکان بەرنەفرینی خواکانیان

---

٧٠ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

٧١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

کەوتــوون. خواکــان گوتیەکانیــان لە شــاخەکانەوە بــۆ نــاردوون. هێرشــیان کردوونەتەسـەر، شار و ئاواییەکانیان وێران کردوون، وڵاتەکەیان داگیر کردوون، کارەساتێکی گەورەیان بەسەر هێناون[72]. سەدەی (٣٧ پ.ز) گۆتییە هاوڕەگەزەکانی لوللو لە ناوچەی کەرکوکدا نیشتەجێ بوون، لە کوردەکانی زاگرۆسن هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتی کلدانییەکان[73]

(نارام – سین) نەوەی (سەرجۆن)ی ئەکەدی کەوتۆتەبەر هێرشی گەورەی خێڵ و هــۆزە چیاییەکــان لەشــاخەکانەوە هێزێکــی بەژمــارە زۆر، بەســەرکردایەتی (ئانوبانینی) و حەوت کوڕەکەی بەچرچاو لە قەلەڕەش و بەلەش لەباڵدار دەچوون، دڕندە و شـەڕانی بـوون، بەرەو خـوار شـۆڕبوونەتەوە، هەر هێـزێ چـووبێتە سـەر ڕێیان بەرهەڵستیان بکا شکاندویانە، وڵاتەکانی (ئەنادۆڵ سوبارتو، وڵاتی گوتییەکان) (کوردستانی خـواروو) ئیلام (خوزسـتان) تـا دەگاتە کەنداو داگیـر و تـاڵان و کـاول دەکەن. (نـارام – سـین) هەرچەنـدە پرسـی بەخواکـان کـردووە، قوربـانی پێشـکەش کردوون، لە نوقڵانەبێژەکانی پرسیووە، هەواڵی دڵخۆشکەریان پێ نەداوە، سێ ساڵ لەســەر یەک هێـزی گەورەی ناردۆتەسـەریان، بەڵام هەمووجـار تەفروتونـا بـوون، ســەرەڕای ئەوەی نەخۆشــی کوشــندەی (تــاعون و زەحیــری ...) بڵاوبــۆتەوە، کەمبوونەوەی بەروبوم و قاتوقڕی و برسێتی وڵاتەکەی داگرتوون. بەهۆی ئازایی و لێهاتوییان لایان وابوو ئەو کوردانەی هێرشیان بۆ هێناون هێزێکی ئەفسانەیین لەسـەرووی توانای ئادەمیزادەوە، لەبەرئەوە (نـارام – سـین) یەکێ لەسـەرکردەکانی ڕاسپاردووە هێزی جەنگاوەرانی دوژمن تاقی بکاتەوە بزانێ ئەمانە کەوا لەشکان نـایەن هـۆی چـیە؟ مـرۆڤن یـا بەچـکەی شــەیتانن؟ ســەرکردەکەی چەکەکـانی لەبریندارکردنی هەندێک لە دیلەکان تاقی کردۆتەوە، بینیویەتی ئەوانیش وەکو ئەمان خوێن لە برینەکانیان ئەچۆڕێ، ئەوسا دڵنیا بوون ئەوانیش مرۆڤن[74].

لەساڵی چوارەمدا (نارام – سین) هێرشی پێچەوانەی کردۆتەسـەریان، ئەم جارە دوژمنە چیاییەکانی شکاندووە، هەندێکی لێ بەدیل گرتوون، دیلەکان بۆ ئەوەی ببن

---

٧٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

٧٣ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩–١٧٠.

٧٤ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣.

بەپەنـدی زەمـانە، دەیـانهێڵتەوە و نایـانکوژێ. (نـارام – سـین) و ڕاوێژکارەکـانی لەئەنجـامی هێـرش و بەرگـری و شـەڕەکاندا، گەیشـتونەتە ئەو بـاوەڕەی بـۆئەوەی بتوانرێ بەدڵنیایی و بەئاسوودەیی ژیان بەسەر ببرێ، چاکتر وایە شار بەشورەی بەرز بپارێزرێ و بەخەندەقی ئاو دەوری بگیرێ[٧٥]. کە دەسەڵات و قودرەتی (نارام – سـین) و کـوڕەکەی (شـارکالی شـاری) لاواز بـوو. (پـوروز – ئـین شوشـی نـاک) ئیلامـی زۆر تێکۆشـا، تـاکو (سـەڵتەنەتی چـوار کیشـوەری جیهـان)ی خـۆی پێکهێنـا، لەشکریەکانی ئیلام زنجیرە شەڕ و بگرە و بەردەیەکیان لەدژی (موتوران) لە نزیک بەغدا و شیلوان و گوتـو کیشـوەری گۆتییەکان و (کاسـن) کیشـوەری (خـو – مـو – رتوم) و (خوخونوری) و (کیماش) لە نزیک کەرکوکی ئێسـتاوە – دەست پێکرد. ئەم شـوێنانە زۆربەیـان وڵات و شـوێن و نیشـتەجێ بـوونی هۆریـان و لوللوبییەکـان بوون[٧٦]. وادیارە وەک ئەکەدییەکان مەترسی و هەڕەشە بوون لەسەر ژیانی گەلانی ڕۆژهەڵات، بەهەمـان شـێوە دواتـر گوتییەکان هەڕەشـە و مەترسـیەکی گەورە بـوون لەسـەر ئەکەدییەکـان ئەمە لە نووسـراوەیەکی سـەردەمی فەرمـانڕەوایی (شـارکالی شاری)دا دیارە، لەلایەن (لوگـال – ڕا Lugal – ra) ناوێکەوە بۆ (ئیشکون – داگان Iškun – dagan) نێردراوە، تیایدا فەرمانی پێ دەدات زەوی یەکە بکێڵێت و بوونی گوتییەکان لەو نزیکانە نەکات بەبیانوو، خۆ ئەگەر هـاتوو گوتییەکان دایان بەسـەر ناوچەکەشدا، ئەوا ڕانەکە کۆبکاتەوە و بیهێنێت بۆ شار[٧٧].

بەپێـی لێکـدانەوەی زانیاریەکـان بـارودۆخی جـوگرافی لەباشـووری کوردسـتان لەمـــاوەی ســـەردەمی ئەکەدی نـــزیکەی (١٨٠) ســـاڵ فەرمـــانڕەواییەکی کەمـــی کوردستانیان کرد، لەمـاوەی دەسـەڵاتیاندا فەرمـانڕەواییەکی لاواز و نـاجێگیر و پچـر پچریـــان بەســـەربرد[٧٨]. لەبەر ئەوە هەمیشـــە گەلانـــی ژێردەســـتەی ئیمپراتـــۆریەتی ئەکەدی لە هەلێک دەگەڕان بتـوانن سـەربەخۆیی بەدەسـت بێنن، ئەو هەلەشـیان لە کۆتایی دەسـەڵاتی (نەرام – سـین) بۆ ڕەخسـا، هەرێمەکانی ئیلام، گەلانی زاگرۆس (لوللـوبی، گـوتی، خوری...تـاد) جیـابوونەوە، بەڵام گەورەتـرین مەترسـی ڕاسـتەوخۆ

٧٥ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣.

٧٦ ئی.م. دیاکۆنۆف ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

٧٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

٧٨ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە..، مصدر السابق. ص٤٥.

لەلایەن گوتی بوو، هۆزە هاوڕەگەزەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و بەهاوکاری هەموو ئەو گەلانە (گوتی، لوللوبی، خوری) هێرشیان کردەسەر دەوڵەتی ئەکەدی پادشایەکی گوتی هاوچەرخی (نەرام – سین) بەناوی (ئیریدوپزێر) وێڕای دەسەلاتی بەهێزی ئەکەدییەکان و بارودۆخە گەشەسەندوەکەیان، لەو کاتەدا پادشای گوتی (ئیریدوپزیر Aridubizir) ناوی لەخۆی نابوو (پادشای چوارلاکە) داوای تەختی ئیمپڕاتۆریەتی و جێ نشینی (نارام – سین)ی دەکرد[79].

پاشای گوتی (ئیریدوپزیر) دەستی بە لەشکرکێشیەکانی کرد و لەناوچەی کەرکوکەوە هێرشی کردە سەر ئوربیلوم و داگیری کرد، ئەو کاتە ئەمیری ئوربیلوم (نیرشیخوخا/ نیسوا)ی بەدیل گرت[80].بەشی باکووری دەوڵەتی ئەکەدی تا نیپوری خستە ژێر دەسەلاتی خۆی[81]، دەسەلاتی خۆی بەسەر شاری (نفر Nippur) سەپاند و نووسینێکی دوورودرێژی تێدا بەجێ هێشت، تیایدا بەزمانی ئەکەدی خۆی بە پاشای سومەر و ئەکەد و پاشای هەرچوار لای جیهان[82] وەسف کردووە[83]. (نرام – سین) بەرەنگاری گوتییەکان بووەوە، بەلام شکستی هێنا، لە دەوروبەری (۲۲۰۰پ.ز) ولاتی دوو ڕووباری داگیر کردووە و ئەوەش بۆتە هۆی لاواز بوون و ڕووخانی بنەماڵەی ئەکەد[84]. (پاکۆبسون) سومەری ناسی دانیمارکی دەڵێت:(ئانریداوایر) پێشەوای گۆتییەکان دوای ئەوەی بەسەر (نارام –سین)دا سەرکەوتووە توانیویەتی لە ناوجەرگەی ناوچەی خواروو (بین النهرین)

---

۷۹ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو ل ۲٤۱.

۸۰ دڵشاد عەزیز زاموا، سایتی هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ۲۳-۱۰-۲۰۱۲

۸۱ کامەران کوێخا جەلال، سەر چاوەی پێشوو، ل ۷٦.

۸۲ پاشاکانی سۆمەر لەو بروایەدابوون ولاتەکەیان دەکەوێتە ناوەڕاستی دنیا کە لە هەرچوار لایەوە لە سنووری جوگرافی ئەوان و بەپێی بۆچوونی ئەکەدیەکان ولاتی (سۆمەر و سوبارتوم و ئیلام و امورویی) دەگرتەوە، بۆ خۆ گەورە کردن زۆربەی پاشاکانی ڕۆژهەلات ناوی زل و مەزنیان لە خۆیان دەنا، بەتێپەڕبوونی کات چەمکی پاشای (هەرچوارلای جیهان) لە دۆڵی دوو رووبارەکە نەماو بەکار نەهات، بەلام نازناوی (وشکایی و دەریا) لای عەرەبەکان لەگەڵ پەیدا بوونی ئیسلامدا هاتەکایە، تەنانەت پاشاکانی بنەماڵەی ئەیوب نازناوی (پاشای میرەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا)یان لە خۆنا، کەچی (رکن الله شاه سلطان) لەهەرێمی کرمان بووە (خاوەنی هەر دوو وشکایی و هەردوو دەریا)ش بوو بەخۆی دەوت (خۆری دنیا). بروانە: د.جمال رەشید احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۱.

۸۳ د.جمال رەشید احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۰.

۸٤ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲٤۱.

فەرمانڕەوایی (نیپور)[٨٥] شاری پیرۆزی سومەرییەکان بگرێتە ژێر دەستی خۆی، لەوێ پارچە نوسینێک کە نوسەرە ئەکەدییەکان بۆیان نوسیوەتەوە دایناوە[٨٦]. لەسایەی ئەم سەرکەوتنەوە وڵاتی لوللوش ڕزگار بووە و سەربەخۆیی سەندۆتەوە[٨٧]. ئەم شکاندنە بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی لوللوکان و رزگار بوونی ئەو ناوچانەی لە ژێردەسەڵاتی ئەکەد و پێک هێنانی دووبارە دەوڵەتەکەیان[٨٨]. بەهۆی لاوازی دەوڵەتی ئەکەد، لەو کاتەدا هەموو شانشینەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بوژانەوە و سەربەخۆیی خۆیان بەدست هێناوە.

ڕووخانی ئیمپڕاتۆری ئەکەد لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی (شو - د/ تورول Šu - d\turul)، لە (٢١٦٨ - ٢١٥٤ پ.ز) پادشای ئەکەد دا بووبێت، لەئەنجامدا هێرشێکی گوتییەکان،هەر لە سەردەمی (نەرام - سین)ەوە، سەربازە گوتییەکانیش لەناو سوپای ئەکەدا هەبوون، دەکرێت لەم هێرشەدا هاوکاری و پاڵپشتی خزم و کەسەکانی خۆیان واتە سوپای گوتییەکانیان کردبێت. ئەگەرچی ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی ئەکەد شەست ساڵ دوای فەرمانڕەوایی (نەرام - سین) بووە، کەچی نووسەرانی پاشتری ئەکەد سووربوون لەسەر ئەو ڕووداوە گەورەیە تۆڵەیەکی خوایی بووە، بەرامبەر بە سوکایەتی کردنی (نەرام - سین) بە (ئیکور Ekur)ی پەرستگای (ئێنلیل) لە (نیپور) بۆ ئەم مەبەستە لە دەقی نەفرەتی ئەکەد دەڵێت:

" گوتیوم، گەلێک کە سرەوتن نازانن، بەهرەی مرۆڤانەیان هەیە،

بەڵام زرنگی سەگانە و ڕووکەشی مەیموونانە - ئێنلیل لە چیاکانەوە هێنانیە دەرەوە، وەک پۆلە کوللە دایان بەسەر وڵات دا، چەکەکانیان بۆ

ئەو (ئێنلیل) بەسەر دەشت دا باڵیان کێشاوە، وەک تۆڕ بۆ نێچیر.

چەکەکانیان هیچ شتێک ناهێڵنەوە، هیچ کەس لە چەکەکانیان دەرباز نابێت[٨٩].

---

٨٥ نیپور: لە کتیبە عەرەبیەکاندا بە نفر هاتووە شارێکی ئاینی پیرۆز بووە، پاشماوەکانی لە (٣٥کم) لەباکووری خۆرهەڵاتی شاری دیوانیە دایە، بروانە کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

٨٦ ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨. ل ١٥٢.


٨٧ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٨٨شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩-١٧٠.

٨٩کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤



وێنەی ژمارە (١٣)، (میلی سەرکەوتن) ی نرام - سین (٢٢٧٠ - ٢٢٤٠پ.ز) مۆزەخانەی لۆڤەر.



وێنەی ژماری (١٤) نەخشەی نەرام - سین لە دەربەند گاور

## سەردەمی دەسەڵاتی گوتییەکان (نزیکەی ٢٢١٠ - ٢١١٦ پ.ز)

گوتییەکان وەک گەلانی (لوللو و کاشی و خوری)یەکان دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس یا کوردستانی کۆن بوون، ئەوانیش یەکێکن لە هۆزە کۆنەکانی نەژادی ئاری نەتەوەی کورد، گوتییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەنێو سەرچاوە کۆنەکاندا ناویان هاتووە و ڕۆڵێکی گەوریان لەمێژووی ڕۆژئاوای ئێران و میسۆپۆتامیادا بینی.

گەلی گۆتیوم یەکەم جار لە نامەیەکی فەرمانڕەوایەتی (شارکالی شاری)ی ئەکەدی (٢٢٥٠ پ.ز) ناویان هاتووە. شایانی باسە گوتییەکان لەماوەی فەرمانڕەوایی کردنیان لەوڵاتی ئەکەد و سومەردا[٩٠]. دەیانویست لەو کیشوەرەدا هێزو دەسەڵات لە دەست سومەری و ئەکەدییەکان وەربگرن و خۆیان ببنە جێنشینی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بکەن، لە جیاتی پادشا ستەمگەرەکانی ئەکەد پادشایانی خۆیان لەسەر تەخت دابنێن. دیمان (ئانریداوازیر) هەوڵیدا چاو لە (نارام - سین) بکات و نازناوی ئەوی لەخۆی نا، هەروەکو پادشایانی سومەر و ئەکەد - پێشینانی خۆیان - لەپەرستگاکانی سومەر تابلۆ نوسراوەکانی دانا. (لائراب) پێشەوای گوتی ئەویش هەندێک نووسراوەی شاهانەی خۆی بەجێ هێشت. (یارلاگاب) حەوتەمین پادشای گوتییەکان ڕەنگ بێ تێکۆشابێت تاماوەی ژیانی سەڵتەنەتی هەر بەدەست ئەو بمێنێتەوە. بەهۆی کێشە و ململانێی نێوخۆ و لاوازی دەسەڵاتی پادشا ئەکەدییەکان خەڵک لەدەسەڵاتی ئەکەدییەکان بێزار بوون، هەر ئەوەش بووە هۆی ڕووخانیان بەدەستی گوتییەکان، لەسەرەتاوە پێشکەوتنی گوتییەکان هۆی ئەوە بوو خەڵکی ناوچەی نێوان دوو ڕووبار بەتەواوی پشتیوانیان لێ دەکردن[٩١]، پیاوە گەورەکانی هۆزەکانی گوتی دەمودەس لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی سومەر و ئەکەد یەکیان گرت و ڕێکەوتن و هەموو خەڵکی ناوچەکەیان هێنایە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هەندێک پیاوی گەورەی سومەری و ئەکەدی سەرکردایەتی لەشکری گوتییەکانیان دەکرد، وەکو (نەبی ئەنلیل)ی ئەکەدی و (ئور - نینازو)ی سومەری، ئەوانە ڕەنگە لە ئەمیران و پیاوە گەورەکانی ژووروی میسۆپۆتامیا بووبن، لەژێر چاودێری گوتییەکان و لەسەر ڕێکەوتنی ئەمیرانی (لاگاش) حوکمی کیشوەرەکەیان دەکرد، گومانی تێدا نیە لەناو ئەو لەشکرە باسکراوەدا چەند دەستە و تاقمێکی تایبەتی سەر بە گوتییەکان هەبووە. ئەو کارەی یەکەمین سەرکردەکانی

---

٩٠ عبدالخالد سابیر،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

٩١ ئی.م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠-١٦٤.

گوتییەکان ئەنجامیاندا، واتە کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی هۆزەکان، بەمەبەستی فەرمانڕەوایی کردنی ناوچەی میسوپۆتامیا، بەتەواوی ئەوە ئاسانتر بوو ئەو کۆمەڵە بۆ پارێزگاری زەویە داگیرکراوەکانی تر کۆبکرێنەوە. بەتایبەتی دەرامەتی ئەو زەوی و زارانە هێ ئەندامە وردەکانی عەشرەتی گوتی نەبوون[٩٢]. بۆ سەرنجڕاکێشانی دانیشتوانی ناوچەکە و بەرژەوەندی خۆیان گوتییەکان لەماوەی دەسەڵاتی خۆیان دەسەڵاتێکی خۆجێی ئۆتۆنۆمیان بەخشی بە ئەکەدییەکان و سومەرییەکانیش لە (لگش)، وەک (تەها باقر و دکتۆر فەوزی ڕەشید) باسیان کردووە، ئەوە یەکەم حوکمی ئۆتۆنۆمیە لە مێژوودا، وەک دەسەڵاتی سەربەخۆیی دەوڵەتی گوتی کوردی دایهێنا[٩٣]. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بتوانن ماوەیەکی زۆر زیاتر لەسەدەیەک فەرمانڕەوایی ناوچەکە بکەن، چونکە ئەم هۆزە زمانەیەکەیان لەگەڵ زمانی سومەری و نەتەوەکانی دیکەی باشووری میسۆپۆتامیا زۆر جیاواز بووە، ئەوەتا (دیاکۆنۆف)ی مێژوونووس لە کتێبەکەی (میدیا)دا دەڵێت:"سومەری و ئەکەدییەکان زۆر بەزەحمەت لەزمانی گوتی حاڵی دەبوون".

خورییەکان هەرچەندە لە سەردەمێکی کۆنترەوە لەم سەر زەمینانەدا بوون، بەڵام لەم سەردەمەدا بەهۆی نەمانی ستەم و دەسەڵاتی ئەکەدی لەسەریان، وەک هێزێکی نوێ دەرکەوتن، بە دامەزراندنی ژمارەیەک دەوڵەتی بچوک، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە تا سەرووی خاپوور دەستیان پێ کرد، یەکێک لەم دەوڵەتانە لەسایەی نووسینێکی کورتی یەکێک لە پادشاکانیەوە کە ناوی (ئەتال – شین Atal šen –)، بووە و پادشای (ئورکیش Urkeš)، و (ناوار Nawar) بووە[٩٤]. دوای ئەوەی گوتییەکان توانیان دەست بەسەر دەسەڵاتی سومەر و ئەکەد دابگرن، سەرجەم بیست و یەک پادشا ماوەی (٩٠) ساڵ یا هەندێک دەڵێن: (١٢١) ساڵ و چل ڕۆژ حوکمڕانیان کردووە، وادەردەکەوێ هەر پاشایەک (٤ – ٥) ساڵ حوکمڕانیان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە ئەو سەردەمەی ئەوان پشێوی و نائارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو[٩٥]. بەڵام هەندێ سەرنجی تریش لەئارادان لەو بارەیەوە (دیاکۆنۆف) پێشنیارێکی بەنرخی هەیە، سەبارەت بە سیستەمی فەرمانڕەوایی گوتییەکان، سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشاکانیان کورت بووە،

---

٩٢ ئی.م. دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

٩٣ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ...، مصدر السابق، ص ٤٥.

٩٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

٩٥ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

لەماوەیەکی کەمدا ناوەکان دووبارە دەبنەوە، پێی وایە: هۆزی گوتی پاشای نەبووە، بەڵکو پێکەوە سەرۆک هۆزیان بەهەڵبژاردن داناوە، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو فەرمانڕەوایی وڵاتیان کردووە، دووبارە هەڵبژاردنەوەیان بۆ زیاتر لە جارێک شیاو بووبێت[٩٦].

ئەوەی لەمێژووی گوتییەکان بەرچاو دەکەوێ ناحەقیەکی زۆریان دەربارە نووسراوە، گوایە گوتییەکان بەردەوام مەترسیان بۆ سەر وڵاتی سومەر هەبووە، بارودۆخێکی دژوارو پڕ تەنگ و چەڵەمەیان خستبووە وڵاتەکە. بەپێی دەقە دێرینەکان گوتییەکانیان بەدەستدرێژکارانی خواوەندەکان وەسف کردووە[٩٧]. لەڕاستیدا ئەو دەق و لاوژانەی نووسراون، پاشاکانی ئەکەدی واتە دوژمنانی گوتییەکان نووسیویانە، ئەوانیش باشیان بۆ نەنووسیوون، سەرەڕای ئەوەش زۆر لێیان ترساون، بەشێوەیەک بەدەر لەڕاستی بێت، هەتا پێیان وابووە ئەوانە مرۆڤ نین و لە ڕەگەزێکی ترسناکن، بەداوەخەوە مێژوونووسەکانیش هەر بە ئاراستەی ناوەرۆکی دەقە سومەری و ئەکەدییەکان ڕۆیشتوون، لەئاوەز بەدوورە لەو سەردەمەدا هێزێک هێندە دڕندە بێت و بتوانێت ماوەی زیاتر لە سەدەیەک فەرمانڕەوایی وڵاتێک بکات. بەڵام ئەوە دەرکەوت سەرکردەکانی گوتی، وەک هەر هێزێکی تری گەندەڵ و شێواو لە ساڵانی دوایی دەسەڵاتیاندا هەر خەریکی سامان کۆکردنەوە و خۆ دەوڵەمەند کردن بوون، دەستیان کرد بەتاڵان کردنی شارەکانی ناوچەی نێوان دوو ڕووبار، فەرمانڕەواییان لەناوچەی نێوان دوو ڕووبار تەنیا ژیان و کات بەسەر بردن بوو، هیچ جۆرە گۆڕانێکیان لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیە پێکنەهێنا و هیچ چاکسازیەکی کۆمەڵایەتیان نەکرد، ئەو پیاوە گەورانەی گوتییەکان دەوڵەمەند ببوون[٩٨]. لە ئەنجامدا دەرکەوت پەلاماری گوتییەکان بوو بەهۆی وێرانکاری ناوچەی میسۆپۆتامیا و تاڵان و هەژاری بوو بەتووشی دانیشتوانی ناوچەکەوە. شارەکانی (ئاکاد) و (ئاکشاگ) و (خورساگ کالاما) و (در) و (نپور) و (ئاداب) و (ئوروک) و (لاراک) وێران بوون. پەرستگاکان و ئەو وەقفانەی سەر بەپەرستگاکان بوون وێران کران، سەرکردە و سەرۆک هۆزەکانی گوتی بەهیچ جۆرێک هەوڵی ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکانی میسۆپۆتامیایان نەدەدا. گەورە پیاوانی گوتی لە زنجیرەی دووەم بەدواوە کوڕەکانی

---

٩٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

٩٧ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

٩٨ ئی.م. دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

خۆیان بەناوی ئەکەدی ناودەنا، خەرج و باجێکی زۆریان خستە پێی خەڵک، ژیانی ئەو خەڵکەیان گێڕایەوە بۆ دۆزەخ و سەردەمی ئەکەدەکان و خراپتریش، بەمجۆرە دەسەڵاتی پادشایانی گوتی بە تەواوی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا نەدەگونجا، و لایەنگیریان نەدەکرا و بەبارێکی گران تەماشا دەکرا. زەبروزەنگی پادشایانی گوتی خەڵکی سۆمەرییان زۆر بێزار و قین لەدڵ کردبوو[٩٩].

گوتییەکان لە کۆتایی حوکمرانیدا شارەکانی نێوان دوو ڕووباریان دەچەوساندەوە. بەپێی یەکێک لە دەقە نووسراوەکانی پادشا (ئوتو - حیگال) لە ڕاستیدا دانراوێکی ئەدەبیە و بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەوە دەردەخات شەڕی یەک لاکەرەوە لە ژووررووی وڵاتی سومەر مابووەوە، دەکاتە باشووری وڵاتی گوتییەکان. تۆمەتی ئەوەیان دەداتە پاڵ وڵاتی سومەرییان دووچاری مەترسی کردووە، لەو دەقەدا گوتییەکان بە (ئەژدیهای چیاکان) ناودەبات، ئەو دەستەواژەی بە گوتییەکان وتراوە ئەوە دەردەخات، دوا پاشای گوتییەکان (تریکان) بەرەو باشووری دەسەڵاتەکەی پێشڕەوی کردووە، بۆ دەست بەسەرا گرتنی هەندێک ناوچەی (لەگش)، بەڵام نەیتوانی و بەرەو ڕووی نارەزایی دانیشتوانی ناوچەکەبووەوە. لە ئەنجامیّ ئەوەدا شاری (وەرکا) بە ڕابەری میرێکی سومەری(ئوتو –حیگال) (٢١٢٠ - ٢١١٤ پ.ز) پاشایەتی خۆی ڕاگەیاند بوو، داوای لە خەڵکی وڵاتەکەی کرد، جەنگ لە دژی زۆرداره بیانیە (گوتی)یەکان بەرپا بکەن. لە ئەنجامدا خەڵکی لەدەوری کۆبوونەوە و شێەڕ لە دژی دوا پاشای گوتییەکان (تریقان[١٠٠]، Tiriqan) دەستی پیّ کرد[١٠١]. بەم هۆیەوە شەڕوشۆڕی (ئوتوخگال) و (تیریکان) دوو لەشکری چەکداری بەرامبەر یەکتر دەستی پێکرد. بەڵام ئەوانەی لایەنگری (ئوتوخگال)یان دەکرد بەگیان و دڵ ئیشیان دەکرد، لە دژی زۆردارانی ناوچەیی و بێگانە خۆیان پڕ چەک کردبوو. لەو شەڕەدا لەساڵی (٢١٠٩پ.ز) (ئوتوخگال) پادشای میسۆپۆتامیای ئەنگاوتەی دەستی گوتییان زۆر بەئاسانی سەرکەوت بەسەر لەشکری گوتییەکاندا. (تیریکان) پادشای گوتیەکان لەمەیدانی شەڕدا ڕایکرد و هەوڵیدا لە ئاوایی (دوبروم) خۆی بشارێتەوە، بەڵام خەڵکی ئاوایی گرتیان و دایانەدەست (ئوتوخگال)ەوە و کوشتیان[١٠٢].

---

٩٩ ئی.م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠.

١٠٠ لەنووسینی مێژوو لە ڕابردوودا زۆرجار پیتی(ق) لەجیاتی پیتی (ک) بەکارهاتووەو بەپێچەوانەشەوە.

١٠١ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩- ٢٥٠.

١٠٢ ئی.م. دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

دوو پـارچە نووسـراوەی ڕوونووسـی نووسـراوەکانی ئەو لە شـەڕی لەگەڵ گوتییەکاندا ئەگێڕێتەوە. سەرپێچی و دەرچوونی (ئوتوحگال) لەسەردەمی ئالۆگۆڕی پادشایانی گوتی دەستی پێکرد، دواین فەرمانڕەوای گوتی ناوی (تیرکان) بووە تەنیا (٤٠) ڕۆژ سـەڵتەنەتی کـردووە. (ئوتوحگـال) لەلایەن هەمـوو کـۆمەڵانی خەڵـکەوە پشتیوانیان دەکرد[١٠٣]. لە ئاکامدا لەشکری گوتییەکان ژمارەیەکی زۆریان لێ لەناو چـوون، پـاش ئەوەی (ئوتـو – حیگـال) پاشـای (ئـوروک – وەرکـا) یەکەم شۆڕشـی فراوانی لە دژی دەسەڵاتدارانی گوتییەکان بەرپا کرد. توانی وڵاتی سومەر ڕزگار بکات، و بنەماڵەی (سێیەمی ئور) دابمەزرێنێت.

**سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور ٢١١٢ - ٢٠٠٤ پ.ز**

پـاش ئەوەی (ئوتوحیگـال) شۆڕشـی فراوانـی لە دژی گوتیەکـان ڕاگەیانـد، ئەو سـەرکەوتنە گەورەیەی بەسـەر گوتییەکانـدا تۆمـار کـرد، هەنـدێ جـار ئەوە بەسەردەمی بوژانەوەی چەرخی نوێی سومەری دادەنرێت، چاخی (بنەماڵە سێیەمی ئور) (٢١١٥ – ١٩٩٨ پ.ز) بە دوا سـەردەمی سومەرییەکان ناودەبرێت. (ئوتوخکال) سـەڵتەنەتی (سـومەر) و (ئەکەد)ی زینـدوو کـردەوە، بەڵام هەمـوو ئەو خەڵکـانەی یارمەتی ئەویان دابوو سـوودیان لە بەرووبوومی ئەو سـەرکەوتنە وەرنەگرت، زۆر لەو سـەرکەوتنەی بەسـەر (تیریکـان)دا تێنەپەڕی لە سـاڵی (٢١٠٨ پ.ز)(ئوتوخگـال) ڕزگـارکەری وڵاتەکەی نەیتـوانی بـۆ مـاوەیەکی درێـژ پارێزگـاری لە دەسـەڵاتەکەی بکـات، لەکـاتێکی لەناکـاو (ئـور – نمـو)ی سـەرکردەی پێشـووی خـۆی (سـەرکردە سەربازیەکەی) توانی (ئوتو – حیگال) لەسەر تەختی پاشایی لاببات[١٠٤]. تیرۆرکردنی (ئوتوحیگـال)ی بە دوادا هـات، هەنـدێک دەڵـێن لاشـەکەیان خسـتە نـاو ڕووبـار و ڕووباری ئەو ناوە (فوڕات) لاشـەکەی هەڵگرت. دەسەڵاتی فەرمـانڕەوایی لە نێـوان دوو ڕووباردا کەوتە دەست (ئور – نامو)ی حاکمی (ئور) و دامەزرێنەری سێیەمین زنجیـرەی (ئـور)، ئەم زنجیـرەیە بەشـێوەیەکی زۆر سـتەمگەرانە و بـێ ڕەحمـانە حوکمی وڵاتیان دەکرد و خێروخۆشیان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە تاڵ کرد[١٠٥].

١٠٣ ئی.م. دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٢.
١٠٤ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.
١٠٥ ئی.م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(ئـور – نمـو ٢١١١ – ٢٠٩٤ پ.ز) هەوڵـی ڕێکخسـتنەوەی وڵاتیـدا و یاسـایەکی دەرکرد، ئێستا بەناوی خۆیەوە بە یاسای (ئور – نمو) ناسراوە، (ئـور – نمـو)ی پاشای سومەری دەیویست کاری چاکسازی لە وڵاتدا بکات، وڵات لەو نائارامیە قوتار بکات، کە گوتییەکان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو، بەهۆی ئەمەوە هەروەک لە پێشەکی یاساکەیدا ئاماژەی پێداوە دەستی دایە دانانی یاسا بۆ بڕینی نینۆکی ئەو ساختەچی و بەرتیلخۆرانەی پشتگیری ئەو پشێویەی گوتییەکانیان دەکرد، بەمەبەستی زیاتر بەدەست کەوتنی سامان بەڕێگای نایاسایی[١٠٦]. بەڵام دوای ئەوەی (ئور – نمو) لە جەنگێکی نادیاردا کوژرا، وەک دەفرێکی ورد و خاشکراو لە مەیدانی جەنگدا بەجێهێڵرا. کوڕەکەی (شولگی) جێگای گرتەوە.

### حوکمڕانی شولجی (شولگی - Šulgi) ٢٠٩٥ - ٢٠٤٨ پ.ز

شـولگی دوای بـاوکی دەسـەڵاتی گـرتە دەسـت و بـۆ مـاوەی (٤٧) سـاڵ فەرمـانڕەوایی کـرد. هەر لە سـەرەتاوە وەک یەکێـک لە جیهـانگیرە بەناوبانگەکـان دەرکەوت، شـولگی لە نیـوەی یەکەمـی حوکومڕانیەکەیـدا دەسـتی دایە گەڕانەوەی ڕێکخستنی گشتی شانشینەکەی، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کارگێڕیدا، لەو کاتـانەدا سـاڵانە هەڵمەتـی سـەربازی دەبـردە سـەر دەشـتەکانی بـاکووری دیـالە و تەپۆلکە و چیاکانی کوردستان، وەک ئەوەی (شولگی) بانگەشـەی دەکرد بەئامـانجی ئەوەی لە ڕێـی ئەو هەڵـمەت و شـاڵاوە سـەربازیانەوە ببێـتە هـۆی جێگیرکردنـی دەسـەڵاتەکەی لە جیهانـدا دەکـرد. لەسـەردەمی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـوردا بەڵـگەی سـەرەکی دیـاری کردنـی مێـژوو و سـاڵی لەشکرکێشـییەکانی سـەر (سـیمورروم)، (هاللۆ) خشتەیەکی بۆ ئەو مێژووانە کردووە، پەیوەندی بە لەشکرکێشییەکانی سەر (سـیمورروم) هەیە، لەنەخشـەکەوە دەردەکەوێـت جەنگـی دژی خورییەکـان لەناوەڕاستی سەردەمی فەرمانڕەوایی دوور و درێژی (شولگی) دەستی پێ کردووە و دەکرێت دابەش بکرێتە سەر سێ قۆناغ، لەبەر ئەوەی ئەم جەنگە بەزۆری ڕووی لە ناوچەکانی خوری نشینی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات بوو، پێی دەوترێت، (جەنگی خوری)[١٠٧].

---

١٠٦ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

١٠٧ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

## شولگی و لەشکرکێشی یەکەمی بۆ سەر خوری

لە دوای ئەوەی (شـولگی) لە تەمەنـی (٢٢) سـاڵیدا زنجیـرە شـاڵاوی سـەربازی درێژخـایەنی سـاڵانەی کـردە سـەر پێدەشـتەکانی بـاکووری دیـالە و چیاکـانی کوردستان، لە ئەنجامدا چەند ناوچەیەکی داگیرکرد، سەرباری ئەوانە، ئەو هەموو کوشت و بڕ و تاڵانکاریەی ناوبراو، بۆ ملکەچ پێ کردن و زاڵ بوون بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا، ناوبراو لەچەند ناوچەیەکی تردا تاکتیکێکی تری بەکار هێنا، کچەکانی خۆی کردە هاوسەری حوکمڕانانی(باراهشی) و (ئەنشان) لە باشووری خۆرئاوای ئێران، لە شاری (سوسە)دا ئەو دەم بە تەواوی کەوتبووە ژێر ڕکێفی سومەرییەوە - پەرستگای خواوەندی نیشتمانی تیا بنیان نا، ناوبراو، وەک (نرام - سین) نازناوی (پادشای هەرچوار لای جیهان)ی لە خۆی نا[١٠٨].

شـولگی شـاری (اربیـل - اوبیلـوم)ی گـرت و وێرانـی کـرد، لە سـاڵی بیسـت و سێیەمی فەرمانڕەواییدا، هەروەها چوارجار شاری (سیموررووم)ی وێران کرد، ئینجا گەڕایەوە (ئـاڵتون کـۆپری - پـردێ) لەنێـوان (اربیـل و کەرکـوک)، وە (شـولگی) بۆیەکەمجار ناوچەی (موسڵ)ی داگیرکرد، لە ساڵی بیست و سێیەمی فەرمانڕەواییدا ناوچەی سلێمانی داگیرکرد، لەهەمان کاتدا ناوچەی رانیە واتە: شاری (شاشروم)، (شوشرا) داگیر کرد، کە (شمشارەی ئێستایە)[١٠٩]. ڕووداوی هێرش و پەلامارەکان لە وڵاتـی میسـۆپۆتامیا ڕووداوە لەشکرکێشـییەکانی پادشـایانی سـومەر و ئەکەد بـۆ چیاکانی زاگرۆسهتد، شاڵاوەکانی (شولگی) لە دوای چوونە سەرتەخت دەستی کرد بەبڵاوکـردنەوەی دەسـەڵاتی خـۆی، بەڵام ئـێمە هەرچـی پەیوەنـدی بەکـورد و زاگرۆسـەوە نەبێـت خۆمـانی لـێ دەبـوێرین، شـاڵاوەکانی بـۆ سـەر ناوچەکـانی هاوسـنووری وڵاتـی بابـل لە بـاکوور و بـاکووری خۆرئـاواوە، لەسـاڵی (٢٢)هەمـدا خاکی (گەنهەر)ی تاڵان کرد، دەستی درێژ کرد بۆسـەر خـاکی لوللویی و کۆمـاری (شـیموروو)ی لەزێـی بچـوک و خـاکی (هـارش). لە سـاڵی (٢٣ و ٢٤ و ٢٥)ی پاشایەتیەکەیدا خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

(فرەین) لەڕێی لێکۆڵینەوەی ناوە جوگرافییەکان و کاتی هاتنیانەوە، لە باس و هەواڵـی ئەم شـەڕانەدا لە دەقەکانـدا هـاتوون، گەیشـتۆتە ئەو بـاوەڕەی (شـولگی) لەچەند شـەڕێکی نەخشـە بۆ داڕێژراوو بە پلان، توانیویەتی هەموو ناوچەکانی لە

١٠٨ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

١٠٩ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ...، سەرچاوەی پێشوو. ص ٣٥

دیالەوە تا دەشتی ڕانیە داگیر بکات[110]. ئەوانیش ناوچەکانی (سیموروم – Simurrum)ی نیوان ڕووباری عوزێم و ئاوەسپی و زێی خواروو (زێی دوکان)، (کراخار – krahar) لە ناوچەی کەرکوکی ئێستا، وڵاتی (لوللوبی – Lullubi) دەوروبەری سلێمانی ئەمڕۆ، (ئنشان) لە ئێران (ڕۆژهەڵاتی کرماشانی ئێستا و حسین ئاباد)، (ئوربیلم – urbilum) یاخود (ئەربیلوم – Arbilum) ئەربیل – هەولێری ئێستا، (کیماش Kimaš)ی نزیک (سیموروم). ئەم وڵاتانە و هەروەها (شاشروم Šašrum) شمشارە – دەشتی ڕانیە و شارەکانی دیکە، بوونە جێی هەڵمەتە سەربازیەکانی (شولگی)، لەم هەموو شاڵاوانەدا سەرکەوتوو بووە، نەبیستراوە لە هیچ کام لەم شوێنانەدا تێک شکابێت، ئامانجی ئەو لەو شاڵاوانەیدا، گرتن و پارێزگاری کردنی ڕێگا دەرەکیە سەرەکیەکانی وڵاتانی متمانە پێکراوە، کەرەستەی خاوی لێوە هاوردە کردووە، وەکو وڵاتی بابل، هەروەها ئامانجی لەوەش بووە، پەلاماری بەربەرەکانی ئەو ناوە سەرکوت بکات، لەپێش هەموویاندا خورییەکان، کە بەردەوام لە کۆتایی سەردەمی ئەکەدی و پاشتریشدا پەلاماری باکووری دۆڵی دوو ڕووباریان داوە[111]. هەروەها (شولگی) لە بیست و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایدا هەر چۆنێک بێت، لە شاڵاوە سەربازیە ساڵانەکەیدا بەسەر زنجیرەیەکی درێژی دەشت و گردەکانی کوردستاندا سەرکەوت، شانۆی ئەم چالاکی (ئۆپەراسیۆن)انە هەرێمێکی لاکێشەیی بوو، کەبە شارەکانی (شاشروم – شمشارە)، (ئۆربیلوم)،)، (هارشی) دیاری دەکران، مەڵبەندی ئەم هەرێمە لاکێشەییە (سیموررووم) بووە.

دوای ئەمە شولگی هەڵمەتی برد بۆ کوێستانەکانی زاگرۆس لەساڵی (٢٨)ی پاشایەتیەکەیدا، خاکی ئانشانی گرت و بەوە کچەکەی خۆی دابە (باشگریی) و ئەوی ناونا بەژێردەستەی خۆی، بەڵام لەم ناوچەیەدا کۆماری (سیماش) کەلەژێر فەرمانی (تازی تای) دابوو، دەستی لێ نەدا، پاش ئەوە شولگی ڕووی کردە باکووری کۆماری (شیمورو) لەهەڵمەتی سێیەمدا لە ساڵی (٣٠)یەمی پاشایەتیەکەیدا وێرانی کرد[112].

١١٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

١١١ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥-٢٦٦.

١١٢ ڕەشید یاسەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

(شولگی) بەهێزێکەوە بەسەری دا تێپەڕی و کاولی کرد، نۆ جار بەر لەم مل پێ کەچ کــردنەوە ئەم هەرێــمەی خورییەکــانی تێــدا نیشــتەجێ بــوون، کە لەگەڵ لوللوییەکانـدا هاوپەیمــان بــوون، لەوانەیە هەڕەشەشــیان لە دوو ڕێگــای گەورەی بازرگانی کردبێت، یەکێکیان بەدرێژایی دیالە بەرەو ئێران بووە، ئەوەی تریشیان بەدرێژایی دیجلە بەرەو ئەرمینیا و ئەنادۆڵ ڕۆییوە. لە کۆتایدا (شولگی) سەرکەوت و ئەم بەشەی کوردستانی گێڕایەوە سەر ناوچەی سۆمەرییەکان (٢٠٥١پ.ز)[١١٣].

## شولگی و لەشکرکێشی دووەمی بۆ سەر خوری

وەک دەردەکەوێــت دووەم لەشکرکێشــی (شــولگی) لە (٣٢)مــین ســاڵی فەرمانڕەواییـدا (S٣٢) دەکەوێـتە جەنگـی دووەمەوە، (ڕەشـید یاسـەمی)، دەڵێـت: (شـولگی) هەڵمەتی برد بۆ کوێسـتانەکانی زاگرۆس لەساڵی (٣٢)هەمـدا ڕووی تێ کــرد، بەڵام لەو جەنــگەدا ســەرنەکەوت (بەڵــگەی ئەمە هەڵبژێــراوی پەرســتگای ئـورە)[١١٤]. پێـدەچێت جەنـگەکە بەردەوام بووبێـت و یەکلایـی کەرەوە بـووە، بـۆیە لەهەمـوو ســەردەمی بنەمــاڵەی سـێیەمی ئـور و تەنـانەت سـەردەمانی دواتـریش تیشـکێکی تـایبەتی خـراوەتە سـەر، لەو جەنـگەدا پادشـای (سـیموررووم) خـۆی و خێـزانەکەی بەدیـل گیـران و بـۆ وڵاتـی سـۆمەر ڕاگوێسـتران، هەنـدێک لە دەقە ئەرشیفیەکانی (درێهم) (پوزرش - داگان ی دێرین) ناوی خۆی و هاوسەرەکەی و کورێک/ کچێک (بەلای هاللۆ و ۆو کەر و بیگز)ەوە کوڕی (تەپیان - دەراخ) بووە، لە شوێنێکی تر کچی بووە، ناوی دەبەن لە (٣٢)مین ساڵی فەرمانڕەوایی (شولگی) لە (درێهم) خۆراک و پۆشاکیان بۆ بڕابووەوە، دواتر پادشایەک/ فەرمانڕەوایەکی تری (سیموررووم) بەناوی (کیریب - ئولمێ) (Kirib - ulme)، وادیارە لەپاش بەدیل گرتنـی (تەپپـان - دەراخ) لەسـەر تەختـی (سـیموررووم) جێـی گرتـووەتەوە، ئەویـش هێندە بەختەوەر نەبووە، هەمـان چارەنووسـی (تەپیـان - دەراخ)ی هـاتووتە پێش و بەدیل گیراوە، ئەم گرتنی (سیموررووم) بەدەستی (شولگی) و بەدیل گرتنی (تەپیان - دەراخ) لەکــاتی خــۆی دەنگێکــی وای داوەتەوە لەســەردەمانی دواتریشــدا بــاس کراوە[١١٥].

١١٣ ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ گەلاڕێزان ٢٧٠١، تشرینی دووەمی ٢٠٠١، ل ١٧.

١١٤ ڕەشید یاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

١١٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.

شـولگی لەپـاش جەنگـی خـوری دووەم، دەسـتی کـرد بە بنیـات نـانی، شـورای سەرزەمینەکانی دەرەوەی قەڵەمڕەو، لەنێوان دیجلە و زنجیرە چیای حەمریندا،واتە لە ساڵی (٣٨ – S٣٧)دا. هۆی بنیاتنانی ئەم شورایە زۆر ڕوون نیە، چونکە ئەنجامی لەشکرکێشی بۆ (سیموررروم) سەرکەوتوو بوو، (سیموررروم) داگیرکرا و خاکەکەی خرایە سـەر ئیمپراتـۆریەتی ئـور، ئەگەر ئەرکێکی تـری بووبێت یـا بـۆ بەرگـرتن لە دوژمنێکی تر ئەوا تائێستا زانیاریمان دەربارەی نیە.

**لەشکرکێشی سێیەمی شولگی بۆ سەر خوری**

لە جەنگــی خــوری ســێیەمدا، لەمــاوەی دوایــین حەوت ســاڵی فەرمــانڕەوایی (شـولگی)دا، سـوپاکانی (ئـور) توانیـان بگەنەسـەر زەمینـی نـوێ، لە قـوڵایی نیشـتمانی خورییەکان، کە پێشـتر نەیـان گەیشـتبوونێ، بەتـایبەتی لە ڕۆژهەڵاتـی دیجلە. ئەمەش بەبێ ڕاماڵینی سـەنگەر و مەتەرێزەکانی سـەر ڕێگـای (سیموررروم) بەدی نەهـات[١١٦]، دانیشتوانی ناوچەی (شاشروم= هەرێمی بیتوێن) بەهـۆی شـۆڕش و پەلامارەکانیـان مەترسی گەورەیان بۆ سەر حوکمڕانی (شولگی) هەبووە.[١١٧]، پاش ئەوەی بۆ چەند سـاڵێک جەنـگ وەسـتا و سـوپاکانی پشـوویەکیاندا، کە شـەڕ دەسـتی پـێ کـردەوە هێرشێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی کردە سـەر (شاشـروم – Šašrum– شمشـارە)، (٤٢ مـین سـاڵ) (شـولگی) پاشـا دوای ئەوەی (شاشـروم)ی داگیـر دەکـات، لەگەڵ ناوچەکـانی (ئاربـائیلۆم –أربیـل) و (سـیموروم) (ئـاڵتون کـۆپری)، خسـتویەتیە سـەر ئیمپراتــۆریەتی ئــور، ئەو فەرمــانڕەوایەی (شاشــروم)ی بەڕێــوەبردووە بە نــاوی (شاشــەو) ناســراوە[١١٨]، لــە ســاڵەکانی دوایــی پاشــایەتیەکەیدا لەشـکری بردەســەر کوێســتانەکانی کوردســتان و دووبــارەی کــردەوە لەســاڵی (٤٤)مــدا ناوچـــەی (شـیموروم) و (شاشـوروم) و (لوللوبـوم) و (گەنهـەر) و (ئوربیلـوم)ی چەنـدار تـاڵان کـرد.[١١٩] جـارێکی تـر پەلامـاری نـاوچەکەی داوە، (لوللوبـوم)، و (کارخـار)، (٤٥ مـین

١١٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٣.

١١٧ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.

١١٨ محەمەد ئەمین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ٤، سـەرچاوەی پیشـوو، ل ١٦.

١١٩ ڕەشید یاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

ساڵ) پاشان (کیماش) و (خوروتورم)، (٤٦ مین ساڵ) لەدوای هەموویان (خارشی) و (کیماش)و دیسانەوە (خوورتوم)، (٤٨ مین ساڵ) داگیر کران[١٢٠].

ساڵنامەکانی سەردەمی مەلیک (شولگی) ئاماژەی بە شاڵاو و پەلامارەکانی ناوبراو داوە، دەتوانین لە سێ شەڕی بنەڕەتی کورتی بکەنەوە، یەکەم و دووەم دژی هەر دوو وڵاتی (کاررەخەر) و (سیموررروم) بوو کە هەردوو کیان دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی چیای حەمرین، بەڵام سێیەمیان شەڕێکی گشتی بوو، کە تیایدا (شولگی) توانی هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە ببڕێت و بگاتە ناوچەی (شاشروم) (ئۆربیلوم) هەولێری ئێستا، و وڵاتی لوللوبییەکانی سلێمانی ئێستا.[١٢١]

لەو کاتەدا پێدەچێت (شاشروم) دەسەڵات و لەشکری بەهێزی هەبووە، بەرەنگاری زۆری لەگەڵ سوپای سۆمەرییەکان کردووە، بۆیە کاتێک وڵاتەکە داگیر دەکەن بەسەرکەوتنێکی گەورە و ڕۆژێکی پیرۆزی دەزانن، لەبەرئەوە لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ.ز) دا شمشارە بە (شاشروم) ئاماژەی بۆ کراوە. سەرکەوتن بەسەر (شمشارە) و مانەوەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان بەلای ئورییەکانەوە سەروەرییەکی گەورە بووە، یان لایەنی بێ دەسەڵات کردنی (شمشارە) بەلای ئورییەکانەوە گرنگ بووە، لەبەر ئەمە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی گرتنی دا یادیان دەکردەوە[١٢٢].

ئەم هەموو لەشکرکێشیانەی دژی (سیموررروم) و ناوچەکانی تری کوردستان، نیشانەن لەسەر ئەوەی ئەو بەرەیە نارەحەتیەکی زۆری بۆ ئەو پادشایەی سەردەمی نوێی سومەری دروست کردووە، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی (شولگی) نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکە سەقامگیر بکات، دروست کردنی (شورای وڵاتەکان) بەڵگەیەکی بەهێزی ترمان دەداتێ[١٢٣].

پێدەچێت لەئەنجامی ئەو هەموو شەڕ و شاڵاوە سەربازیانەدا، دیلێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان بردبێ بۆ وڵاتی سومەر، چونکە بەرچاوکەوتنی ناوی کەسی خوری

---

١٢٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٩.

١٢١ گێرنۆت ڤیڵهێڵم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

١٢٢ بۆ بەڵگەی سەرکەوتنەکان بەسەر شاشروم/دا بەرلەوەیان لەساڵی شەشەمی ئامار–سین ئاهەنگی یادکردنەوەی بۆ کراوە، ب: T.Jacobsen, JCS7 (1953), 41.n.48.) یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

١٢٣ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

له وڵاتی سومەر زیادی کردووە، لەم سەردەمە بەدواوە، لە زۆر دەقدا بەتایبەت دەقی کارگێڕی دەبینرێت، وادیارە ئەم خورییانە بەپلەی یەکەم دیلی شەڕەکانی سومەرییەکان بوون، لەناوچە خورییەکانی کوردستانی کۆندا، لەگەڵ خۆیان بردوویانن بۆ وڵاتی سومەر، وادیارە لەناچاریدا بەزوویی خۆیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە گونجاندووە، کە خۆیان تێدا بینیوەتەوە، پاش کەمتر لەتێپەڕچوونی پشتێک، ناوی چەندین پیشەساز و نووسەر لە وڵاتی سومەر لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەوێت ناوی خورییان هەیە، هەندێکیشیان ناوی سومەرییان لە منداڵەکانیان ناوە[124].

(شولگی) پاشا زیاد لە هەموو پادشایانی میسۆپۆتامیا و تەنانەت کوڕەکەی و نەوەکەشی بایەخی بەخۆی داوە، بەوەی ویستویەتی خەڵکەکە بە پیرۆز ڕایبگرن، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پیرۆزکردنی ڕێوشوێنی بوونە خوای پادشا لە ئوری سێیەمدا دەرکەوتووە، تەنانەت دەقی نووسراوی تر باس لەپیرۆزکردنی ئایینی ئەو دەکەن، لە پێناویدا قوربانی و نەزری بۆ کراوە و پەرستگاشی بۆ دروست کراوە. سەرباری ئەوانە (شولگی) تایبەتمەندیەکی خۆی هەبوو، جیاواز بوو لە پادشاکانی سومەری پێش خۆی و دوای خۆی، ئەویش خولیابوونی بۆ مۆسیقا بوو، ئاماژە بە وێردێکی دەکات، دەڵێ: "من شولگی پادشای ئور، خۆم تەرخان کردووە، بۆ مۆسیقا چ شتێک نەماوە پەیوەندی بەمۆسیقاوە هەبێت و بەلای منەوە گران بێت.[125]"

کاتێک(ئەمار – سین Amar – sin) (٢٠٤٦ – ٢٠٣٨ پ.ز) هاتە جێی (شولگی) لەسەر تەختی پادشایەتی حوکمی گرتەدەست، بەشەکانی باشوور کە ناوچەکانی دیالە حەمرینی دەگرتەوە، لەژێر دەستی توند و تۆڵی دەسەڵاتی ئور دابوون، بۆیە هیچ پێویستی بەوە نەبوو (ئەمار – سین) لەشکر کێشی تیایاندا بکات، لەجیاتی ئەوە هەواڵی شەڕ لە (ئوربیلوم) سەری هەڵدایەوە، وادیارە دوای ئەوەی (شولگی) هێرشی کردبووە سەر ناوچەکان دانیشتوان و دەسەڵاتی خۆجێیی لەدژی ڕاپەڕیون و ناوچەکانیان ئازاد کردووە، چونکە پاش (شولگی) دووەمین ساڵی فەرمانڕەوایی

١٢٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.
١٢٥ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

کوڕەکەی پاشا (ئەمار – سین) لەساڵی (٢٠٤٥ پ .ز) هێرش دەکات بۆ (ئوربیلوم) و داگیری دەکات[١٢٦]. وادیارە خەڵکی هەرێمی بیتوێن سەریان بۆ (ئەمار – سین) دانەنواندووە و لەدژی ڕاپەڕیون، لەبەر ئەوە لەساڵی شەشەم و حەوتەمی فەرمانڕەوایی ئەودا شەڕ و پەلامار لە (شاشروم= هەرێمی بیتوێن) لەو سەری باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرچاو دەکەوێت. بۆ دابین کردنی هێمنی و ئاسایش لەم وڵاتە داگیرکراوانەدا، (ئەمار – سین) (شاردار، یان فەرمانڕەوای شار) فەرمانڕەوای سەربازی بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییان تیادا دامەزراند[١٢٧].

(ئەمار – سین) دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەدا سەپاند، ناوبراو تەنیا دوو شاڵاوی ئەنجامداوە، بۆ سەر هەردوو شاری (ئوربیلوم= هەولێر) و (شاشروم) کە ئەم دوو شارە لە ڕووی گرنگیەوە لە پێشەوەی ناوچەکانی تر دەهاتن، بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی.[١٢٨]

| | (أ) پەیوەندیداربەبەرەی خوری یەوە | | (ب) هی تر |
|---|---|---|---|
| شولگی | ٢٤: کارخار١<br>٢٥: سیموررروم١<br>٢٦: سیموررروم٢<br>٢٧: خارشی | "جەنگی خوری یەکەم" | |
| | | | ٢٨-٢٩: خاتوو ئاخوندی باڵای ئەریدو<br>٣٠: کچی پادشا بە شو بۆ ئەنشان چوو |
| | ٣١: کارخار٢<br>٣٢: سیموررهوم ٣<br>٣٣: کارخار ٣ | " جەنگی خوری دووەم" | |

١٢٦ دڵشاد عەزیز زاموا، سایتی هەولێر،سەرچاوەی پێشوو، ٢٣-١٠-٢٠١٢.
١٢٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.
١٢٨ گێرنۆت ڤیلهێلم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.



هەواڵنامەی کتێب

| | | | |
|---|---|---|---|
| | (٣٧– ٣٨: شوراى وڵات بنيات نرا) | | ٣٤– ٣٥: ئەنشان<br>٣٦: ناناى كارزيدا بۆ پەرستگاكەى<br>٣٩–٤١: پوزيش– داگان"بنيات نرا" |
| | ٤٢: شاشروم ١<br>٤٤: سيموررروم (و لوللوبوم) "٩"<br>٤٥: ئوربيلوم ١ (لوللوبوم، سيموررروم و كارخار)<br>٤٦– ٤٧ كيماش و خورمونى<br>٤٨: خارشى (كيماش و خورمونى) | " جەنگى خورى سێيەم" | |
| ئەمار– سين | ٢: ئوربيلوم ٢<br>٦: شاشروم٢ | | ١: ئەمار– سين بووە پادشا<br>٣–٥: چالاكى ئايينيانەى جۆراوجۆر<br>٧: bīٮtum– rābium, labrum و ...تاد.<br>٨– ٩: چالاكى ئايينيانەى جۆراو جۆر |
| شو– سين | ٣: سيموررروم<br>(٤– ٥: شوراى ئامورى/ ماتو بنيات نرا) | | ١: شو– سين بووە پادشا<br>٢: كەشتى ئينكى ميلى ئينليل و نينليل<br>٧: زەبشالى<br>٨– ٩: چالاكى ئايينيانەى جۆراو جۆر |
| ئيبى– سين | سيموررروم | | ١: ئيبى – سين بووە پادشا<br>٢–: ئاخوندى باڵا ئينانا لە ئوروك |

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەى بەشێك ڕووداوەكانى ئورى سێيەم كە جەنگى خورى تێدا ديارى كراوە**

## فراوان بوونی ئیمپراتۆری بنەماڵەی سێیەمی ئور

پادشایانی ئەم بنەماڵەیە بەهۆی ڕژێمێکی کارگێڕی توند توانیبویان ڕوودانی هەڵگەڕانەوەی ناوخۆیی هەرێمەکان کەم بکەنەوە، بەتایبەت سەپاندنی دەسەڵاتی توند بەسەر فەرمانڕەوا نێوخۆییەکاندا، فەرمانڕەوا نێوخۆییەکانیان دەگواستەوە بۆ شوێنێکی تر، لەڕێی دانانی سیستەمێکی توندی پۆستە، بە بەردەوامی هەواڵی نێو دەوڵەتەکەی دەگەیاندە دەرباری پادشا، بەمەش پادشا بەزووترین ئاگاداری هەر جموجۆڵ و سەرهەڵدانێک لە دژی پادشا دەبوو، زوو خامۆش دەکرا، جگەلەوەش پادشا هەوڵی داوە لە ڕێگای ژن و ژنخوازی کێشەکان کەم بکاتەوە، لەگەڵ هەرێمەکان و بەتایبەت چیانشینەکان ئەنجام بدات، فەرمانڕەوایی لەڕووی هەرێمەکان جیاواز بوون، هەرێمی ئاشوور و ئێلام نیمچە سەربەخۆ بوون، هەرێمەکانی تر دەسەڵاتی ناوەندیان لەسەر بەهێز دەکرا، وەک زانراوە فەرمانڕەوای سوبیرو (کارداکا) لەباشووری خۆرئاوای دەریاچەی وان، بە (سوکال - ماخ) ناسراوە، (سوکال - ماخ) واتە وەزیری یەکەم، کە دەسەلاتێکی فراوانی هەبوو، لەسەردەمی هەموو پادشایانی سێیەمی ئور، دەسەڵاتی لە (ئوربیلوم) و (کەرخەر) و وڵاتی گوتییەکان و (خەمازی) دەگرتەوە[١٢٩].

لە سەردەمی ڕۆژگاری پاشا (شو - سین ٢٠٣٨ - ٢٠٣٠ پ.ز)ەوە باری ئیمپڕاتۆری ئور بەرەو لاری ڕۆیشت، لە شالاو و پەلامارەوە کەوتە بەرگری و خۆپاراستن[١٣٠]، چەند شەپۆلێک پێیان نایە ناو دەسەڵاتەکەیەوە، بەپلەی یەکەم (ئاموری)یەکان، کە لەدوای ئەو توانیان سەرکەوتن بەسەر حوکمی (ئبی - سین) بهێنن، بەپێی ئەو تابلۆ قورپینانەی لە ناوچە سومەرییەکان دۆزراونەتەوە، هۆکاری یەکەمی ئەو ڕووخانە بۆ هەرەسهێنانی ناوخۆ دەگەڕێتەوە، لەسەر ململانێی فەرمانڕەوایی، دووەم هۆکاریش بۆ داگیرکردنی نەتەوە بێگانەکان دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی دەرفەتیان بۆ ڕەخسا هێرشیان کردە سەر ئیمپڕاتۆریەتەکە. لەو دەمانەدا ئێلامیەکان بۆ هەلێک دەگەڕان میسۆپۆتامیا داگیر بکەن، بەمە هەڵیان کوتایە سەر ئور و وێرانیان کرد، سەرباری ئەمەش ئامورییەکان لە فوراتی ناوەندا لە تاڵانی و دزی کردیان، ئەمانیش هەمان شێوەیان ئەنجامدا، هەندێک لە توێژەران

---

١٢٩ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

١٣٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.

وای دەبینن (ئبی – سین) بەدیلی براوە بۆ ئێلام، بەڵام ڕایەکی تر جیاواز لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەیە، دەڵێت: (ئبی – سین)هەتا کۆتایی تێکۆشا و هەوڵیدا هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ئامورییەکان لەدژی ئێلامیەکان و سەربازانی دوژمنەکەی (ئشبی – ئیرا) دڵنیا بکاتەوە، بەڵام پلانەکەی بێ ئاکام بوو، ئەوە بوو لە ساڵی (٢٠٠٦ پ.ز) ئێلامیەکان گەیشتنە شورای (ئور) کە (ئور – نمو) پێشتر دروستی کردبوو، بە هەندێ بەرزی چیایەکی ڕووناک، بەدوای ئەوە دا ئێلامیەکان هێرشیانکردە سەر شارەکە و دوای سوتاندنی لێی کشانەوە و (ئبی – سین)شیان بەدیلی بەرەو ئێران لەگەڵ خۆیاندا برد[١٣١]. لەگەڵ ڕووخانی بەرەبابی سێیەمی ئور، وادیارە ئەم ناوچانە، بەتایبەت خورییەکان و لەناویاندا هەرێمی بیتوێن و دەوروبەری سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتۆتەوە[١٣٢].

لەگەڵ شەپۆلی فراوان و کۆچ و ڕەوکردن، کە مێژوو هەواڵ و ڕووداوەکانی تۆمار کردووە، دانیشتوانی لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی (الهلال الخصیب) و سەر خاکی نیشتمانی دراوسێکانیان، یەکێک لەو هۆزانەی لە دەوروبەری ساڵی (٢٢٠٠ پ.ز) (ئاموریەکان) بوون، لەنیمچە دورگەی عەرەبەوە کۆچیان کرد بۆ عیراق و کەنعان[١٣٣]، لەو کاتەدا ئامورییەکان لە شام پێشڕەویان کردووە، بۆ دۆڵی دوو ڕووبار (مسۆپۆتامیا)، یەکەم جار هەوڵیاندا هاتنە ناوەوەی میسۆپۆتامیا لەسەردەمی سومەرییەکان. بەڵام پاشای سۆمەری (شو – سین) گوێی پێنەدا شورایەکی لە ڕووباری دیجلە تاکو ڕووباری فورات بەربەستێکی لەبەردەم دروست کردن، زیاتر لە (٢٠٠ کم)، بەڵام هەندێک لەوانە ڕووباری دیجلەیان بڕی، لەو کاتە نەهاتنە دەشتی کەرکوک و اربیل بۆ نیشتەجێ بوون. پەلاماری سیمورومیان داوە، بەڵام (ادی سین) پاشای کوردی، پێنج لە سەرکردەنیان گرتن و کوشتن و لەناوچەکە دەری کردن. ئەمە لە تابلۆیەک نووسراوە بە بەردەکەی (غەریب هەڵەدنی) ناسراوە، کە لە مۆزەخانەی سلێمانی

١٣١ عەبدولخالد صابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٣-٢٧٠.

١٣٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

١٣٣ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە مصدر السابق.ص ٥٠.

پـــارێزراوە[١٣٤]. ئەو دەمەی ژمـــارەیەکی زۆری (ئـــاموری) کە بە کەنعانیەکـــانیش ناودەبرێن یـان سـامیەکانی ڕۆژئـاوا، بـاکووری ڕۆژئاوایـان بەجێ هێشـت و بەرەو نیمچە دورگەی عەرەبـی و وڵاتـی مسـۆپۆتامیا (دووڕووبـار) بەڕێکەوتـن، لەنـاوچە نزمایییەکانی ناوەڕاست و باشووردا نیشـتەجێ بـوون، بـۆ ئەوەی بتـوانن بەئاسـانی کشتوکاڵ بکەن، بوون بەچینی کشتکار. ئەم چینە کشتکارە توانیان کۆتایی بەزنجیرە فەرمـانڕەوای سـێیەمی ئـور لە (٢٠١١ – ٢٠٠٣ پ.ز) بێنن، ئامورییەکـان زمانیـان لە ئەکەدیـیەوە نزیـک بـوو، کە تـێکەڵەیەک بـووە لە ئاشـووری – بـابلی کـۆن، بەڵام دانیشـتوانی وڵاتـی سـێیەمی ئـور بەزمـانی سـومەری قسـەیان دەکـرد، بـۆ ئەمەش چەندین بەڵگەنامە هەن بەزمانی سومەری نووسراونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ هەمـان سەردەم[١٣٥].

هەر چەنـدە (ئیبـی – سـین – Ibbi – sin)، (٢٠٢٨ – ٢٠٠٤ پ.ز) لەشکرکێشـی کردە سـەر (سـیموررووم) لە (سـاڵی ؟٣مینـی) فەرمـانڕەواییەکەی، بەڵام بـارودۆخەکە بەگشـتی بەرەو لاوازی و داتەپینـی زیـاتری ئیمپڕاتـۆری سـۆمەری دەچـوو، هەرێـمە ژێر دەسـتەکان یەک لە دوای یەک دەسـتیان کرد بە بـانگی سـەربەخۆیی دان، تەنیـا ئامورییەکـان نەبـوون گوشـاریان خسـتبووە سـەر ئـور، بەڵکـو خورییەکـانیش لەم کاتەدا چالاک بوون، لەبرەو سەندن و قەڵەمڕەوی فراوان کردنی بەردەوام دابـوون، بەتـایبەتی لەناوچەکـانی سـیروان و سـەرووی ڕۆژهەڵاتـی دیجـلە و بـاکووری میسـۆپۆتامیا و تـا بەرەو خـاپوور[١٣٦]. لەسـەردەمی لاوازی ئـوردا ئیلامیەکـان لەگەڵ خورییەکان پێکەوە دوا شاڵاویان بردە سـەر شـاری ئـور و کۆتاییـان بە ئێمپڕاتـۆری بنەماڵەی سێیەمی ئور هێنا.

سـەردەمی (ئیبـی – سـین) دوا پادشـای بنەماڵـەی سـێیەمی ئـور (٢٥) سـاڵ حوکمڕانی کردووە، توانی دەست بەسـەر دووبـەرەکی وڵاتدا بگرێت، لەهـەمان کاتدا توانی شاڵاوی ئاموری سامیە خۆرئاواییەکان کەلە ڕێگای (ماری – تل الحريری) وە دەهـاتن بوەسـتێنێت، بـەڵام دواتـر دەسـەڵاتی لاواز دەبێـت و سـەربەخۆیی

١٣٤ د.هاشم یحی الملاح، مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام، و:هۆشیار عبدالله سنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات –هەولێر، ٢٠١٢، ل ٥٢.

١٣٥ عبدالكريم العلوجي، حامورابی، و: گەرمیان محەمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم،سلێمانی، ٢٠١٣. ل ٥٢.

١٣٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.

ڕاگەیاندنی (ئیشی ئیرا) لە شاری (ئیی - سن) و جیابوونەوەی (ننبلانم) لە لارسا بەهاوکاری دەست تێوەردانی ئیلامی لە خۆرهەڵاتەوە بووە هۆی لاوازی حوکمڕانی (ئیی - سین)بەدوای ئەوەدا لەلایەک ئیلامی و لەلایەک ئاموری پەلاماری بنەماڵی سێیەمی ئوریان دا و ساڵی (٢٠٠٤ پ.ز) کۆتاییان بەدەسەڵاتی سۆمەرییەکان هێناو بۆ دواجار لەمێژوودا ناویان سڕایەوە.[١٣٧] هەموو گەلانی سنووری دەسەڵاتیان دەستیان کرد بە بەدەست هێنانەوەی سەربەخۆیی لە وڵات و سەرزەمینە ژێردەستەکان و پاشانیش پێکهێنانی چەندین دەڵەوتی بچوکی بەخۆیەوە دی، لەنێو ئەوانەشدا سیموروم، بەسەرکردایەتی (ئیددیـ(ین)سین) هەر لەسەردەمی (ئیبی - سین)دا بانگی سەربەخۆیی هەڵدا[١٣٨]. لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سێیەمی ئور لە ساڵی (٢٠٠٤ پ.ز) بەدەستی ئیلامییەکان ئەو هەرێمانە بوونەوە هەرێمی سەربەخۆ تا هاتنی حامورابی[١٣٩]، بەشێوەیەکی سەرەکی لەو سەردەمەدا کرۆکی ئەو هێزەسەربازیەیان پێکهێناوە، کە ئەم شەڕەی بردۆتەوە، بەهۆی شوێن و پێشینەی مێژووییانەوە لە تیرە خورییەکانی تر ڕێکخراوتر و تەیار تر بوون بۆ شەڕی دژی ئور، کە خورییەکان لەم قۆناغەی مێژوودا لە هەموویان چالاک تر و دەست ڕۆیشتووتربوون.

## سەردەمی بابلیەکان ٢٠٠٤ - ١٥٩٥ پ.ز

لەدوای لەناوچوونی دەوڵەتی سۆمەری لەسەر دەستی دانیشتوانی کوردستان، ناوچەی کرماشان و ئیلام (پشتکۆی ئێستا) لەماوەی (٢١١)ساڵ هیچ دەوڵەتێک لەناوەند و خوارووی میسۆپۆتامیا فەرمانڕەوایی نەکرد، بارودۆخی ناوچەکە گەڕایەوە بۆ سیستەمی دەوڵەت شارەکان و هەر پادشایە حوکمی ناوچەکەی خۆی دەکرد. لە ساڵی (٢٠٠٤ پ.ز) بووە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی بابلی یەکەم[١٤٠].

سەردەمی بابلی کۆن (٢٠٠٤ - ١٥٩٥پ.ز) بەشی یەکەمی سەردەمەکە بە سەردەمی (ئیسن - لارسا) ناسراوە، وەکو سەردەمی گرنگی بنەماڵەکانیش

١٣٧ عەبدولخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٠.

١٣٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٧.

١٣٩ رافیدە عبداللە قەرەداغی، بیتوێن...خاکی دێرین و شوێنەواری بەبەها، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٧)،شارەوانی ڕانیە، ٢٠٠٤، ل١٢.

١٤٠ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە مصدر السابق.ص ٥٠.

ژمـــارەیەک (شـــار - دەوڵەت) پێکهێنـــران، پاشـــاکانی ئەو دەوڵەتـــانەش بەزۆری ئـامووری بـوون[١٤١]. لەئەنجـامی ئەوەی دانیشـتوانی سـومەر و ئەکەد هەنـدێ کـات پــێکەوە و هەنــدێ کــات جیاجیــا پەلامــاری دەوڵەتــی ئیلامیــان داوە، ئەنجــام لەدەوروبەری سـاڵی (٢١٤٠ پ.ز) هەردوو دەسـتەکە یەکیـان گرتـووە و دەوڵەتـی کلـدەیان دامەزرانـدووە، (یـانی دەوڵەتـی بابـل) هەمـوو ویلایەتەکـان و شـارەکانی سـۆمەر و ئەکەد بە (کلـدە) نـاوبراوە، هەر شـارێک خواوەنـدێکی تـایبەت بەخـۆی هەبــووە. دانیشــتوانەکەی پەرستشــیان کــردووە و پەرســتگایەکیان بــۆ دروســت کــردووە، کــاهینی پەرســتگا وەک پاشــای ئەو شــارە بــووە، هەر کــات هەمــوو فەرمـانڕەوای شـارەکان کەوتبنە ژێر دەسـتی یەک فەرمـانڕەوا (پاشـا) ئەوا ئەویـان بەشــای شــاکان نــاوبردووە[١٤٢]. لەو ســەردەمەدا نیشــتمانی ژێــر دەســەڵاتی سۆمەرییەکان دابەشی چەند دەوڵەتۆکەیەک ببوون، کێشە و ململانێی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتۆکـانە بـووە هـۆی لاواز بوونیـان و هۆکـارێکی بـاش بـوو بـۆ یارمەتیـدانی دروسـت بـوونی دەوڵەتێک لەشـاری بابـل بەنـاوی (بنەمـاڵەی بـابلی یەکەم)، دواتـر دەستی کرد بەفراوانخوازی لەسەر بنەمای شارستانیەتی دراوسێکانی[١٤٣].

مەبەست لە چەرخی بابلی کۆن ماوەی نێوان کۆتا وەچەی فەرمـانڕوایی سـێیەمی ئور لە نزیکەی (٢٠٠٦ پ.ز) و نێوان یەکەمین زنجیرە وەچەی فەرمـانڕەوایی بابل لە نزیکەی (١٥٩٥پ.ز). لە گرنگ ترین ڕووداوەکانی ئەم چەرخە هاتنی کۆمەڵێک خەڵک بووە، بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری میسۆپۆتامیا، بەزمـانی جیاجیا قسـەیان دەکرد و پێیان دەوترا ئاموری[١٤٤].

زنجیـرە فەرمـانڕەوایی یەکەمجـاری بابـل بەپادشـا (سـموابوم)، (١٨٩٤ - ١٨٨١ پ.ز) دەست پێدەکات و نزیکەی (١٤) ساڵ حوکمی بابلی کردووە، دەسەڵاتی تـاوەکو ناوچەکـانی کەنـاری بابـل بـووە، پادشـا (سـومولا ئیـل)، (١٨٨٠ - ١٨٤٥ پ.ز) تـوانی شـاری (کـازالۆ) بگێـڕێتەوە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی، و لەبەرامـبەر وڵاتـی (کـیش) دا وەسـتاوەتەوە، پادشـا (سـابیۆم)، (١٨٤٤ - ١٨٣١ پ.ز) لەنـاوچەی (سـیبار) بـووە بە

١٤١ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.
١٤٢ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.
١٤٣ شعیب احمد الحمدانی، قانون حمورابی، توزیع المکتبە القانونیە ببغداد، ١٩٨٩.ص ١٠.
١٤٤ عبدالکریم العلوجی، مصدر سابق، ص ٦٠.

جێنشـین و میراتگـری پادشـا، مێژووخـوێن و شوێنەوارناسـان ئامـاژە بەوە دەکەن توانیویەتی بەسـەر (لارسا)دا سـەربکەوێت، بۆ ئەوەش خودی ئەم پادشایە دەڵێت:" بەهێزی چەک توانیم سـەربکەوم بەسـەر سـوپاکەی لارسـا"دا. پادشـا (ئابیـل سـن)، (١٨٣٠ - ١٨١٣ پ.ز) فەرمـانڕەوای ناوچەکـانی بـاکوری (بابـل و کـیش و دلبـات و بورسیبا و سیبار) بووە و ژمارەیەکی زۆر شورای بە چواردەوری ئەم شـارانەدا دروسـت کـردووە، بەڵام پادشـا (سـن - موبالليـت)، (١٨١٢ - ١٧٩٣ پ.ز) پـێش لە (حـامورابی) و بـاوکی هـاتووە، چەنـدین شـەڕی لەدژی ئـور و (ئیـی سـین) هەڵایسـاندووە، بەڵام لەبەر هێزەکانی (لارسا) شکستی هێنا، دواتر توانیـان دەست بگرن بەسەر (ئیی سین) و داگیری بکەن، (لارسا) خاوەنی چەندین دەوڵەتۆچکەی بەهێز بووە و لەخۆگری بەشی باشووری نیشتمانی دووڕوبار بووە، بەتێپەڕبوونی نیوسـەدە لەپاش حوکمڕانی کردنی بـاوکی (حامورابی) ئەوپەڕی هەوڵی خۆیدا بۆ لەخۆ گرتنی ئەو دەوڵەتۆچکانە و تواندنەوەی (لارسا)[١٤٥].

حـامورابی (١٧٩٢ - ١٧٥٠ پ.ز)، دوای مـردی مـەلیکی بابـل (سـن - موبلیـت) کوڕەکەی حامورابی هاتەسەر حوکم، ئەو لاوێکی بچوک بوو، بۆ ماوەی (٤٢) ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، حامورابی و جێگرانی ناوی ئاموریان وەرگرتبوو، لەنێوانیاندا (سن - موبلیت) دواپاشای بنەماڵەکەیان بوو، کە ناوی ئەکەدی هەبوو، حامورابی لە شایسـتە تـرین پاشـاکانی نێـوان دوو ڕووبـار بـوو، هـەموو ئاکارەکـانی وەک سـەرکردەیەکی سـەربازی شـارەزا، سیاسـی و تێگەیشـتوو، پاشـایەکی دادپەروەر، یاسادانەر و چاکساز و سەرکەوتوو، وە شایستەترین سـەردەمی زێڕین بوو لە عێراقی دێرین، وە لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەودا دانیشتوان لە ڕابواردن و خۆشگوزەرانیدا دەژیان.[١٤٦]

(حـامورابی) لە (١٧٩٢پ.ز) تـوانی یەکێتـی دەوڵەت شـارەکان لە ئامورییەکـان و سـامیەکان پێک بێنێ،بەهـۆی شـەپۆلی دووەمـی ئامورییەکـان (حـامورابی) وڵاتەکەی داگیر کرد و (٤٣) ساڵ فەرمانڕەوایی ناوچەی (اشنونا)ی کرد، کە دەکەوێتە نێوان دیجلە و چیای حەمرین و چیای زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات و خـوارووی ڕۆژهەڵاتـی مەندەلی و ئەم ناوچەیە ئێستا بە ناوچەی دیالە ناسراوە. ئەوە لەساڵی سی و یەکی

١٤٥ عبدالكريم العلوجي، مصدر سابق, ص ٥٣.

١٤٦ دكتور حلمي محروس اسماعيل، مصدر السابق، ص ٣٨

فەرمـانڕەوایی، سـنووری دەوڵەتەکەی گەیشـتە چیای حەمرین، لەنـاوچەی مەنـدەلی لەساڵی (١٧٦٤پ.ز)[١٤٧]. (حـامورابی) توانیـویەتی پایەی حوکمڕانی لەوڵاتەکەی بەهێز بکـات، لەسـاڵی (١٧٦٢پ.ز) بە هاوکـاری و یـارمەتی (ئیشـنوننا) و (مـاری) تـوانی کۆتایی بەدەسەڵاتی پادشای (لارسا) بێنێت. (ریم سین) زۆر لە (حامورابی) دەترسـا، بۆیە لەنامەیەکیدا داوای لە (حامورابی) کرد بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی نێوانیان بۆ بەرگـری کـردن لە هەر دوو وڵات لەکـاتی پێویسـت، (حـامورابی) دڵنیـای کـردەوە زۆری خۆش دەوێت، ئەمەش وەک فێڵێک پاشان بەیەکجاری لەناوی برد[١٤٨].

هەنگاوی تری (حامورابی) سەرەتا پەیوەندی لەگەڵ (زیمری – لیم) پاشـای مـاری بەسـت، هاوپـەیمانی نێوانیـان دژی پاشـای ئاشـوور (شەمشـی – ئـەدەد) وەک دوژمنێکی هاوبەشی هەردوولا، وە پەیوەندی نێوانیان گەشەی کرد لەدوای ململانێی حامورابی دژی پاشـای ئێلام (ریـم – سـن) وە (زیمـری – لـیم) بێ پـەروا پشـتیوانی سەرکەوتنەکانی حامورابی کرد،[١٤٩]. هەروەها یەکگرتنی حامورابی و (زیمری لیم)ی پاشـای (مـاری) لە دژی (ئیشـنوننا)، لەنامەیەکـدا پاشـای (مـاری) بـۆ (حـامورابی) هـاتووە، پاشـای وڵاتـی (ئیشـنوننا) وا خەریکـی کـۆکردنەوەی هێزەکـانێتی بـۆ لەشکرکێشی سەر وڵاتەکەی و ئێستاش گەیشتۆتە (شوسولم) نزیک فەلوجەی ئێستا بەپشت بەستن بەم نـامەیە سـەربازە بەکرێگیراوەکـان و هەنـدێک سـوپای بـابلی بـۆ نـارد، (ئیشـنوننا)ش لەبەرامـبەردا ئیلامیەکـانی هێنـا، ئەمەش (حـامورابی) زۆر تـوڕەکرد، بـۆیە (حـامورابی) بڕیـاری پچڕانـدنی هەمـوو جـۆرە پەیوەنـدیەکی لەگەڵ ئیلام دا، جەنگی (زیمری لیم)ی پادشـای (مـاری) لەگەڵ (ئیشـنوننا)ییەکاندا هەردوو لای لاواز کـردن، دواتـر (حـامورابی) تـوانی بەئاسـانی لەناویـان بەرێـت. لەسـاڵی (١٧٥٩پ.ز) پەلامـاری (مـاری) دا و لە سـاڵی (١٧٥٧پ.ز)ڕووخانـدی و پـایتەختەکەی سـوتاند، سـاڵی (١٧٥٤ پ.ز) تـوانی (ئیشـنوننا)ش لەناوبەرێـت[١٥٠]. لەسـەردەمی (حامورابی) پاشـای بەهێـزی بابـل، (شامشـی شـەداد)ی یەکەم (١٨١٤ – ١٧٨١پ.ز) شانشینێکی فراوانی حوکمی لە سێ گۆشـەی خـاپووری فوراتەوە لای بـاکووری تـا

١٤٧ عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبيه ...، مصدر السابق.ص ٥٠.

١٤٨ عبدالكريم العلوجي، حامورابي، مصدر سابق, ص ٦٦-٦٧.

١٤٩ دكتور حلمی محروس اسماعيل، مصدر سابق، ص٤٢.

١٥٠ عبدالكريم العلوجي، حامورابي، مصدر سابق, ص ٦٦-٦٧.

شاری (ماری) لەسووریا و باشووری شاری ئاشوور لە باشووردا درێژ دەبووەوە، ئەمەش جگەلە چەند بەشێکی ڕۆژئاوای دەوڵەتەکەی بوو[151].

حامورابی پاشای بابل دژی ئیلامیەکان ئالای شۆڕشی بەرز کردۆتەوە، (ریمسیسی) پاشای ئیلامی شکاندووە، ئەم پاشایە بابلی وەک پایتەختی خۆی دیاری کردووە، دەستی بەئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەی کردووە، (حامورابی) یەکێکە لە پاشا گەورەکانی جیهان، وڵاتەکەی ئاوەدان کردەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری وڵات یاسایەکی دانا، ئەو یاسایەی (حامورابی) بەڵگەی مەزنی ئەوە[152].

حامورابی بابلی دوای ئەوەی (ماری) و (ئیشنونا)ی خستە سەر ئەو دەوڵەتەی توانیبوی دایبمەزرێنێ، دەستی کردەوە بە دەست پێشخەریە سەربازیەکانی خۆی دژی کوردستانی باشوور ئاراستە کرابوو، بەڵام هەر لە سەردەمی پاشا بە هێزەکانی سێیەمی ئور مت ببوو. لەگەڵ ڕووخانی بەرەبابی سێیەمی ئور ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتۆتەوە. بەڵام بە هاتنی سەردەمی بەرەبابی یەکەمی بابل، جارێکی تر هەوڵی چڕ و خەست دراوە، بۆ ئەوەی خێڵەکانی چیاکانی باکووری ڕۆژهەڵات بخرێتە ژێر دەسەڵات. سەرکەوتنی (حامورابی) بەسەر لەشکرکێشی (سوبارتو گوتیوم و ئیشنوننا و مالگیوم) لە ساڵی سێ یەمدا تۆمار کراوە، (گوتیوم) وەکو شارەکانی تر لەساڵی سی و دووەمیدا دووبارە بەزی و لە ساڵی سی و حەوتمدا، لە شکری (تورککوم)، بەهۆی ئەوەی (شوشاررا - هەرێمی بیتوێن) یەکێک بوو لە شانشینەکانی (تورککو، هەرێمی بیتوێن و کاکموم و وڵاتی سەبارتو) بەزی و (حامورابی) ناوچەکەی داگیرکرد[153]. لەماوەی چەند ساڵێکی دواتردا (حامورابی) بووە یەکەمین فەرمانڕەوا لەدوای (سەرجۆن) دەستی بەخەونی بەشکۆی نێوان دوو ڕووباری یەکگرتوو گەیشت، شێوەی وردی سنووری پاشایەتی ئەو نادیارە، بەڵام لەوانەیە لەکەنداوی عەرەب لەباشووری ڕۆژهەڵات، تاکو مەرزەکانی سوریا و دامێنی چیاکانی ئەرمەنستان لە باکووری ڕۆژئاوا درێژبووبێتەوە[154].

---

١٥١ فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، ل ١١٠.

١٥٢ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

١٥٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

١٥٤ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

حامورابی نزیکەی ساڵی (١٧٥٠پ.ز) مرد و دنیای بەجێ هێشت، لەپاش خۆیەوە وڵاتێکی بەجێ هێشت، هەر لە کەنارەکانی دەریای خوارووی (کەنداو) درێژ دەبووەوە، تاکو (ئالاشیا) لە (قوبرس) و دەریای ناوەڕاست و لەباکووری چیاکانی زاگرۆس و دەریای ڕەش یاسا تاکە سەرچاوەی فەرمانڕەوا بووەو هیچ کەس بۆی نەبووە لە یاسا لابدات. بەم پێیە لەو کاتە هەرێمی بیتوێن یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی لەناو سنووری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بابل دا بووە، هەرچەندە پێدەچێت ئەو ژێر فەرمانیە تەنیا شتێکی ڕووکەش بووبێت و لەکاتی لەشکرکێشیەکان تاڵان کرابن، یاخود بەدانی باجێکی دیاری کراو دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان ڕازی کردبێت، لەدوای مردنی (حامورابی) لەدەوروبەری (١٧٥٠پ.ز) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەموو نەتەوەکان ڕاپەڕین، ئیمپراتۆریەتی (حامورابی)ش بەهۆی شۆڕشە لەڕادەبەدەرەکان، لەلایەن ئەو نەتەوانەی ئەوبەسەریاندا سەرکەوتوو بوو دەستی بەکشانەوە کرد[١٥٥].

هەرچەندە بەڵگەکانی مێژوو لەم سەردەمە، تاریکە بەڵام ئەم ماوەیە سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپرتۆرەکان بوو. بەگوێرەی (سپایزەر) ساڵی (١٧٤٥ پ.ز) کاتی هێرشی عەشائیری (کاسای) لەڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کرد بۆ سەر بابل و داگیری کرد، لەژێر ئیدارەی (گاندیش – Gandis)ی سەرۆکی بەهاوکاری عەشائیری خزمی هەردوو نەتەوەی (گوتی) لەگەڵ (لوللو)دا تێکەڵاو یارمەتیاندا و بەشێکی لە وڵاتی (لوللو)وە بووە دەلیل ئەمەش شاخی (نەیسیر) لە وڵاتی هەردوو نەتەوەکەدا[١٥٦]. لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە بابل لە ژێر کۆنترۆڵی (کاسی)یەکاندا بوو، لەلای باکووری ڕۆژئاوا (هیتی)یەکان بوون، دیسان لە ئەنادۆڵەوە بەرەو باشوور ڕێگایان کردەوە و سوریایان داگیرکرد. میسریەکانیش فەلەستینیان داگیر کرد و لەگەڵ (هیتی)یەکان ڕووبەڕوو بوونەوە. نەتەوەی (هوری)یان (خوری) دەوڵەتی کاتی و بەهێزیان لەکەنارەکانی سەرووی دیجلەدا دروست کرد، ئەم پاشایەتیە بە (میتانی) ناودەبرێت، پایتەختەکەی (واسوگانی) نزیکەی (٣٢٠ کم) لەباکووری ئاشوور هەڵکەوتبوو،لەسەدەی پانزەیەمی پێش زایین

---

١٥٥ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣، ٤٦.

١٥٦ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

ئاشوور کەوتە ژێر دەسەڵاتی (میتانی) و ئاشوور وەفاداری خۆی بۆ سەرکردەکانی جەنگی (میتانی) ڕاگەیاند[١٥٧].

خورییەکان لە وڵاتی (ماری)دا بەشداربوون نووسراوەکانی کە لە (ماری) دۆزراونەتەوە، مێژووی خوری ئاشکرا دەکەن و نوسراوەکانی (ماری) بەزمانی ئەکەدی نووسراون، ئەم دەوڵەتە پاشا هێرشی (خاتی)یەکان لەساڵی (١٥٩٥ پ.ز) لەزەمانی (حامورابی)دا فەوتاوە، هەروەها نووسراوەکانی تر کە لە (ئالالاخ) دۆزراونەتەوە، نزیک شاری حەلەب، ئاشکرای دەکەن خورییەکان بەدەسەڵات بوون و لە حەڵەب و خاکی سووریا و ئەنادۆڵیان گرتۆتەدەست و حوکمیان کردووە تا زێی بچووک و دەشتی بیتوێن، لەخوارووشەوە تا ژوور میسۆپۆتامیا ڕۆیشتووە، دەسەڵاتی خورییەکان لەمیسۆپۆتامیا تا زێی بچووک و رانیە هاتوون، کە شوێنەواریان لە شمشارە ماوە، گومانی تێدا نیە هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە لەگەڵ (حامورابی) دا لەشەڕ و شۆڕدا بوون (خوری) بوون[١٥٨]. لە کۆتایی سەدەی سیانزەهەمی پێش زاینی حکومەتی (میتانی) سوپای میسری لە وڵاتی (ئامووری) دەرپەڕاند و پاشای میتانی (کوشان ڕیش ئاپایم) بەشی لای ژوورووی سوریای داگیر کرد و نەتەوەی بەنی ئیسرائیلی هەشت ساڵێک خستە ژێر حوکمی خۆیەوە، و بەشی زۆری کوردستان و وڵاتی ئاشووری و (ئارافا)ش بەدەست حکومەتی (میتانی)یەوە بوو[١٥٩].

لە دەوروبەری (١٤٣٠ پ.ز) دەرکەوت دەوڵەتی (میتانی) بەرەو لاوازی چوو، لەو سەردەمەدا (واشوگانی) پایتەختی (میتانی) بوو، دوای ڕێکخستنەوەی وڵات دەستی دایە فراواخوازیەکانی لەباشووری خۆرهەڵاتەوە، دەسەڵاتی (میتانی) گەیشتە وڵاتی لوللو، لەباشوورەوە توانی دووبارە شانشینی (ئارابخا) بخاتەوە سەر دەوڵەتی (میتانی)، بەوەش سنووری گەیشتە حەمرین و دیالە لە خۆرئاواوە توانی دووبارە شاری (ئالالاخ) بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی[١٦٠]. لەساڵی (١٣٤٠پ.ز) (کاشی)یەکان هێرشێکی وێرانکەریان کردۆتەسەر دەوڵەتی (ئارابخا) و تا زێی بچوکیان داگیر

١٥٧ دونادون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

١٥٨ أ.د. پاکزە رفیق حلمی، ڕۆشنبیری نوێ، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٢٢.

١٥٩ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

١٦٠ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١١.


کردووە، لە دەقێکدا (ئەدەد – نیراری) یەکەم (١٣٠٧ – ١٢٧٥ پ.ز پاشای ئاشوور (لویدی –داقوق) بەسنووری باکووری دەوڵەتی (کاشی) ناو بردووە[١٦١].بەڵام شەڕی ناوخۆی نێوان فەرمانڕەواکانی (میتانی) و هەڵوەشانەوەی پاشایەتی (میتانی)، جارێکی تر ئاشووری سەربەخۆیی ڕاگەیاند و قۆناغێکی تازەی ئیمپراتۆریەت و فراوانی خۆیان دەست پێ کرد، لە ژێر دەسەڵاتی (ئاشوور ئوباليتی) یەکەم (١٣٦٥ – ١٣٣٠ پ.ز) تەواوی پانتایی ژێر دەسەڵاتی (میتانی) خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[١٦٢]. جارێکی تر لە دۆڵی دووروبار دەوڵەتی کلدانی (ئاموری) گەشەی کردەوە، لە (٦١٢ – ٥٣٩ پ.ز)کاتێک یەکەم پاشای ئەو کات (نەبو بلاسەر) لەگەڵ پادشای (میدی) (کی اخسار– کیخسرو) بڕیاریدا بەڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشووری، لەساڵی (٦١٢ پ.ز)، پاشای دووەمی بابلیەکان ناوی (نبو خد نصر)ی بەناوبانگبوو، (٦٠٤ – ٥٦٢پ.ز)[١٦٣].دوای ڕووخانی ئاشوور بەدەستی (هۆخشتەرە) حەفتا و سێ ساڵی خایاند، تا (کوڕوش) بابلی ڕووخاند،لەمێژوودا ڕووخاندنی دوو ئیمپراتۆریەت لەماوەی حەفتا و دووساڵ بەدوو سەروەری مەزنی ئێرانیەکان دیاری کراوەن، چونکە هەردوو پایتەخت قورسایی تایبەتیان لەمێژوودا هەبوو، ئاشوور بۆ ماوەی (٧٠٠)ساڵ و بابل بۆ ماوەی (١٥٠٠)ساڵ دەسەڵاتیان هەبوو، هەردوولا زۆر بەهێزبوون، بۆ ڕووخاندنیان زۆر ئامراز بەکارهێنرا، (هۆخشتەرە) نزیکەی پێنج سەد هەزار سەربازی بۆ ڕووخاندنی ئاشوور برد و (کۆرش)یش لەشکرێکی برد، تا ئەو ڕۆژە لەجیهاندا هاوتای نەدیترا بوو، ڕووخانی ئاشوور ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوو کە لە ڕووخانی بابل هەبوو،هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئاگایی یۆنانیەکان لەو ڕووداوە، ئەگەر نا ڕووخانی ئاشوور لەکاتی خۆیدا کەمتر نەبوو لە ڕووخانی بابل، بەو هۆیەوە زۆر نەتەوەی ناوچەکە لەدەست ئاشوورییەکان ڕزگاریان بوو، بەڵام مێژوونووسانی تر بەردەوام زانیاری لەسەر مێژوو دەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە یۆنانیەکان[١٦٤] دوا پاشای بابلیەکان (نبونید) بوو، کەبەدەستی (کوروش) لە ساڵی (٥٣٩ پ.ز)لەناوچوو. بەڕووخانی بابل لەساڵی (٥٣٩ پ.ز) وڵاتیان، کەوتە ژێر

١٦١ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٤.
١٦٢ دۆن نادۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.
١٦٣ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ....، مصدر السابق.
١٦٤ ماریژان مۆلە– هێرتزفێلد–گێرشمەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

دەستەڵاتی ئەخمینیەکان[١٦٥]. لەئەنجامی ململانێی ناوخۆ دەسەڵاتی بابل روخا، بەڵام ئەوە مەبەستی باسەی ئێمە نییە لەبەر ئەوە بەوەندە واز دینین.

هەواڵنامەی کتێب

١٦٥ دکتۆر سوهەیلە مەجید ئەحمەد، هەولیر لەماوەی داگیرکاری ئەخمینی و سلوقیەکاندا، ئینسکلوپیدیای هەولیر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری- لوبنان ٢٠٠٩، ل ١٠١١.



نەخشەی ژمارە (٤)، شانشینەکان، سەرچاوە: Jesper Eidem, Annual Report,... (2011)p. 12

# بەشی چوارەم
# سەردەمی بوژانەوەی شانشینەکان

لەڕاستیدا دەسەڵاتی سومەری و ئەکەدییان بەسەر دانیشتوانی زاگرۆسدا کەم و پچڕ پچڕبووە، هەر جارێکیش بۆشایی دەسەڵات پەیدا بووە شانشینەکانی زاگرۆس خۆیان ڕێکخستۆتەوە، وەک ئاماژەمان پێدا لەدوای ڕووخان و دارمانی بنەماڵەی سێیەمی ئور، بۆشاییەکی دەسەڵاتی سیاسی لەناوچەکە سەری هەڵدا، چەندین دەوڵەتۆکە و شانشینی نوێ دروست بوون، یان باشتر وایە بڵێین شانشینەکان بوژانەوە، لەبارەی هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە شوێنەوارە بزماریەکانی ئیلام و ئاشوور لەسەر مێژووی دەوروبەریانەوە سەرچاوەی مێژووییان زۆر کەمە، هەندێک بەڵگەی دەوڵەتی و ڕاپۆرت و ڕوونوسە حیسابی و دارایی و ئابووریەکان لەسەردەمی ئەو ڕاپۆرت و ڕوونوسانە تاڕادەیەک یارمەتی ئەوە دەدەن، نەژادی ئەو خەڵکانە بناسین لە دەوروبەریان ژیاون، شارەزای هەندێک لە نەریت و ڕەفتاری ڕۆژانەیان بین، سەرچاوەی بزماری ئاشوورییان لە بارەی کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە کەمە، ئەوەش هەیە تەنیا لە نوسراوەی باسی

پادشاکاندایە و دەربارەی نەریت و ئاینەوەیە. لەو نوسراوانەدا لەبارەی ئەو کیشوەر و هۆزانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاشوورییەکاندا ژیاون شارەزاییەکی کەممان دەست کەوتووە. بەڵام دواتر لە قۆناغی (شەمشی ئەدەد)ی یەکەم (١٨١٣ – ١٧٨١ پ.ز) [1]ی پاشای ئاشوور و لە ئەنجامی سیاسەتی فراوانخوازی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی و نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی خۆی و دوژمن و ناحەزەکانی بەسوود و بایەخدارن، لەڕوویەکی تریشەوە ئەرشیفەکانی (شمشارە)[2]و (ماری) [3] و دۆزراوەکانی تر زۆر گرنگن، بەتایبەتئەرشیفەکانی (شمشارە) بۆ مێژووی کوردستان لەو سەردەمەدا گرنگ و بایەخدارن، دەتوانین وەک پەنجەرەیەک لێیانەوە بڕوانینە ڕۆژگاری ئەو سەردەمە و زانیاری مێژوویی و زمانی و نەژادی و جوگرافی زۆر بەهاداریان لێ وەدەست خەین، ئەشیفەکانی (ماری) بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی داگیرکاری ئاشووری لەناوچەی شمشارە، چونکە لەو کاتەدا گەلانی کوردستانی دێرین، بەتایبەت شانشینی (توروککو) بۆ بنیاتنانی داهاتووی سیاسی خۆیان هەوڵی زۆریاندا و جڵەویان

---

١ بۆ ساڵانی فەرمارڕەوایی و مردنی شەمشی ئەدەد (١٨١٣– ١٧٨١ پ.ز) پشتمان بە کتێبی (ئیمڕاتۆریەتی ئاشووور) لە نووسینی(دۆن ناردۆ) بەستووە، بەڵام دەربارەی مردنی شەمشی ئەدەد، لە کتێبی یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، ل٩٤ ئاماژە بەوە کراوە (شامشی ئاداد) لە ساڵی (١٧٤٨– ١٧١٦ پ.ز) فەرمانڕەوایی کردووە و ساڵی (١٧١٦ پ.ز) دواساڵی فەرمانڕەوایی بووە و ئەو ساڵە مردووە.

٢ لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەبەر دروست کردنی پڕۆژەی بەنداوی دوکان، چەند گردێکی شوێنەواری دەکەوتنە ژێر ئاوی دەریاچەکەوە، لەبەرئەوە پشکنینی شوێنەواری لەچەند گردێک ئەنجامدرا یەکێک لەوانە گردی شمشارە بوو، لە مایسی ساڵی ١٩٥٧ نێردەیەکی دانیمارکی بە هاوبەشی دەزگای (کارلسبێرگ) و دەزگای پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی حکومەتی دانیمارک، دەستی بە هەڵکۆڵین و پشکنینی گردی شمشارە کرد، لە نزیک ڕانیە، لە ئەنجامدا لە چینێکی یەکێک لە ژوورەکانی کۆشکی شمشارە، شتی گرنگ دۆزرایەوە و کۆمەڵێک خشت کە ژمارەیان (١٤٦) خشت (تابلێت) بوو بە تیپی مێخی نووسرابوون،ئەو خشتانە بەشێکیان نامە بوون بۆ (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) و ناوچەکە نێردراون، ئەوانی تریش لە کاروباری ئیداری دەدوێن، دواتر لەساڵی ١٩٥٨– ١٩٥٩ فەرمانگەی شوێنەواری عێراق خۆی پشکنینی لە گردی شمشارە کرد، ئەوانیش لەنزیک شوێنی ئەو خشتە دۆزراوانەی دەزگای (کارلسبێرگ) و دەزگای پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی حکومەتی دانیمارک، پشنکینیان کرد و (١٠٠) خشتی تریان دۆزییەوە، ئەوانیش بەنووسینی مێخی لەسەریان نووسرابوو، ئەو خشتە نووسراوانە دەربارەی مێژووی ئەو سەردەمە زانیاری بەسوودیان تێدا تۆمارکراوە..

٣ لەناوچەی ماری لەفوڕاتی سەرەوە، لەلایەن حەفرکەرە فەڕەنسیەکانەوە لە ١٩٣٥، نزیکەی بیست هەزار لەوح بەخەتی بزماری ئاشکرا کراوە، لەناو ئەم لەوحانەدا نزیکەی سێ سەد نامە هەیە، کە نووسراوی شەمشی ئەدد و کوڕەکانیەتی لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەمینی پێش زاییندا بۆ ماوەیەکی کورت لەماری دا فەرمانڕەواییان کرد، بڕوانە: دۆن ناردۆ، ئاشوور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

گرتەدەست، لەلایەکی تریش ئەرشیفەکانی شمشارە لەگەڵ داگیرکردن و ویران کردنی شاری (شوشاررا)دا بێ دەنگ بوون، لەو کاتەدا (ماری) تاکە ئەرشیفی بایەخدارە، بتوانین لێیەوە سەیری مێژووی ناوچەکە بکەین.

بۆ زانینی مێژووی ئەو ڕۆژگارە ئەرشیفی شمشارە لەهەموویان گرنگ و پڕ بایەخترە، دەتوانین نەخشەی سیاسیانەی کوردستان لەو سەردەمەدا لە گۆشەنیگای بەڵگە نووسراوەکانی شمشارە تێبینی بکەین، کە میرنشین و شانشینی بچوک بچوک هەموو ناوچەکەی گرتبووەوە، هەر یەکێکیان شارێکی کردبووە پایتەختی فەرمانڕەوایەتیەکەی، کە لەم سەردەمەدا زۆربەیان خوری بوون، هۆزی (توروککو)، یەکێک لە هۆزە خوری یە گەورەکان بوو، بگرە لەوانەیە یەکێتیەکی هۆزایەتی خوری بووبێت، سەرەکیترین گەمەکاری سەردەم بوون.

لە ئەرشیفەکانی (شمشارە) و (ماری) دا زیاتر لە لایەنەکانی تر ناویان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هێشتا بوار بۆ (ناخوری) یەکانیش مابوو، وەک (گوتی) یەکان و (لوللوبی) یەکان، لە ڕووی سیاسیەوە چالاک بوون، لە گەمەی سیاسی و دەسەڵاتدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، بەڵام دەردەکەوێت وەک زاراوەیەکی گشتی بۆ هەموو گەلانی کوردستان بەکارهاتبێت، نەک نەژادێکی دیاری کراو، لەمەش گرنگتر سەبارەت بە (شوباری)یەکان، نامەکان هەموو جارێک "پادشایانی شوبارتوم" (بەکۆ) بەکاردێنن، ئەمە ئاماژەیەکی ترە بۆ باری یەکە سیاسییە بچوکەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدا، بێ گومان لە ڕۆژئاوای ئەمان دەوڵەتە بەهێزەکەی تازە (شەمشی - ئەدەد) دایمەزراند بوو، هەبوو. چەقی هێزی ئەم دەوڵەتە لە دەوروبەری شارەکانی (ئاشوور - Aššur، ئیکەللاتوم Ekallatum، شوبات - ئێنلیل Šubat - enlil)، دا کۆببوونەوە، شانشینی (ئێشنونا - Ešnunna)ش لەباشووری ڕۆژهەڵات و (ئیلام - Elam)، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرژەوەندی خۆیان لە ناوچەکەدا هەبوو، بەپێی تەرازووی هێزی ناوچەکە، هەندێک جار هاوکاری هەندێک هێزیان دەکرد و هەندێک جاریش شەڕیان لەگەڵ دەکردن. بۆ نموونە (ئێشنوننا) لەگەڵ (ماری)دا هاوپەیمانی (توروککی) یەکان بوو، سەردەمێکیش بوو (ئیلام) هاوپەیمانی (گوتی)یەکان بوو، لەشەڕیاندا لەدژی (توروککی) یەکان لە (شوشارڕا)(ئایدیم و لاسۆ) شانشین و یەکە سیاسیەکانی کوردستانی ئەو سەردەمەیان بۆ چوار بەش دابەش کردووە:

أ – ئەوانەی سەر ڕووباری دیجلە، بریتی بوون لە: (نورڕوگوم – Nurrugum)، (ئێکەللاتوم – Ekallatum)، (ئاشوور – Aššur).

ب – ئەوانەی دەشتی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، بریتی بوون لە: (ئوربێل –Urbel)، (قابرا – Qabra)، (ئەڕراپخە/ا – Arrabhe\a)، (ئێشنوننا – Ešnunna).

ج – ئەوانەی دامێنی کێوەکانی زاگرۆس، بیتی بوون لە: (کوممێ – Kumme)، (خابوراتوم – Haburatum)، (یا ئیلانوم – Ja ilanum)، (ئەخازوم – Ahazum)، (کاکموم – Kakmum)، (شیمورروم – Šimurrum)، (نامار (وم) – Namar (um)، (نیک/قوم – Nik\qum).

د – ئەوانەی ناوەوەی زاگرۆس، بریتی بوون لە: (توروککوم – Turukkum)، (لوللوبوم – Lullubum)، (گوتیوم – Gutium)[٤]. (توروککو) یەکێتی هۆزە خوریەکان بوو، لە کۆمەڵێک شانشینی بچووک پێکهاتبوو، شانشینی (ئوتوم) کە پایتەختەکەی (شوشاررا – ŠuŠarrā) بوو، یەکێکلە شانشینەکانی ناو یەکێتی هۆزی (توروککو) بوو.

شانشینی (نورڕوگوم) لە ناوچەکانی دەوروبەری (نەینەوا) بوو، (ئێکەللاتوم) یش لەسەر دیجلە بوو، نزیکەی (٢٠ کیلۆمەتر) لەباکووری شاری ئاشوور (قلعە الشرقاط) بوو، لەوانەیە (تلول الهیکل)ی ئێستا بووبێت. لەبەر پێویستی بابەتەکە هەر یەک لەم شانشینانەی خوارەوە لە باسێکی تایبەتدا ڕێک دەخەین.

**سەردەمی دەوڵەتی ئاشووری**

ئاشوورییەکان نەتەوەیەک بوون ستەمکار و بێ بەزەیی و خوێنڕێژ، لەگەڵ شمشێر و خوێندا ژیان و مردن. لەسەردەمی (حامورابی) پاشای بەهێزی بابل، (شەمشی شەدەد)ی یەکەم (١٨١٤ – ١٧٨١ پ.ز) پاشانشینێکی فراوانی دامەزراند، لە سێ گۆشەی خاپووری فوراتەوە لای باکووری شاری (ماری) لەسووریا و درێژ دەبووەوە تا باشووری شاری ئاشوور، ئەمەش جگە لە چەند بەشێکی ڕۆژئاوای دەوڵەتەکەی[٥].بەشێک لە زانایانی شوێنەوار سەردەمی ئاشوورییەکان بۆ سێ سەردەم دابەش دەکەن بەم شێوەیە:

---

٤ سەرەڕای ئەمانەش هێزی تر هەبوون لەناوچەکە کاریگەریان هەبووە، لێرەدا ناویان نەهاتووە، دیارە ناتوانین ناوی هەموویان بێنین، بەڵام لەڕێی جێ مۆرێکەوە ناوی شانشینی ئیتابالخوم دەزانین.

٥ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

١ – سەردەمی ئاشووری کۆن، لەکۆتایی بنەماڵەی سێیەمی ئور دەست پێدەکات، تا سنووری نیوەی هەزارەی دووەمی پێش زایین، لەم ماوەیەدا هەندێک لە پادشایانی ئاشوور سەربەخۆبوون، بەڵام (حامورابی) بڕیاری لەسەر سەربەخۆییان دەدا.

٢ – سەردەمی ئاشووری ناوەند، دەست پێ دەکات لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەم بۆ کۆتایی سەدەی حەوتی پێش زایین، لەو کاتە ئاشوورییەکان لەژێر فەرمانڕەوایی خورییەکاندا بوون، هەروەک ژیانی سەربەخۆیی زۆرینە.

٣ – سەردەمی ئاشووری نوێ، دەست پێ دەکات لە (٩١١ – ٦١٢ پ.ز) ئەمە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییە کە میدییەکان بەهاوکاری بابلییەکان بڕیاری لەناوبردنیان دان[٦].

**دەوڵەتی ئاشووری**

هەرچەندە ئاشوور یەکێک نەبوو لە شانشینەکانی زاگرۆسی کۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی وابەستەیی و تێکەڵاوی باسەکە زۆر پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، دواتریش ئاشوور بووە ئەو هێزە گەورەیەی هەموو میسۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆسی خستەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەبەرئەوە کەمێک لەسەر پەیدابوون و دەسەڵاتیان دەوێین، بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست ئاگاداربێت، لەوەی ئەم بنەماڵە خوێن ڕێژ و ستەمکارە چۆن سەریان هەڵداوە، چ کاریگەریەکیان بەسەر نیشتمان و گەلانی زاگرۆسی کۆن هەبووە.

سەرچاوەی بزماری ئاشوورییەکان لەبارەی هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە زۆر کەمە، ئەوەش هەیە، تەنیا لە نوسراوەی باسی پاشاکان دایە، دەربارەی نەریت و ئاینەوەیە، بەڵام بەشێوەی گشتی باسی سەرکەوتنی پادشایان دەگێڕێتەوە، لەو نوسراوانەی باس کراون، لەبارەی ئەو کیشوەر و هۆزانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاشوورییەکاندا ژیاون شارەزاییەکی کەممان دەست کەوتووە، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەبارەی ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکان و جۆری ژیان و ڕۆشنبیری و پەروەردە و شارستانێتی ئەو هۆزانەوە هیچ زانیاریەکیان تیانییە، بەڵام نوسراوە ئاشوورییەکان لەسەردەمی (شەمشی ئەدەد)، و دواتر لەبارەی سەدەی نۆیەم تا

٦ عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبيه مصدر السابق،.ص ٦٤.

حەوتەمی پێش زاینی جۆرێکی تره، هەندێک لەوانە بەدرێژی و بەزمانی شێواو لەبارەی ئەو کیشوەرانەوە هۆردوگا و جێگای شەڕ و شۆڕی ئاشوورییەکان بوون، زانیاریەکی فراوانمان دەدەنە دەست[7]. پێویست ناکا باسی ئەوە بکەین ئەم نوسراوانە لەبارەی شەڕوشۆڕ و لەشکرکێشیەوە لایەنی لایەکیان گرتووە، یان چۆن باسی شان و شەوکەتی و قودرەتی پاشایانی ئاشووری کردووە، تێکشکان و ژێر کەوتنەکانی تارادەیەک کردووە بە ژێر چەمکەوە، لەبارەی سەرکەوتنەکانیانەوە زیادەڕەویان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بەسەرنجێکی وردی مێژووناسانە ڕاست و درۆکان لێک جیا بکرێنەوە، لە کاتێکدا باسی لەشکر کێشی و سەرکەوتنەکانی ئاشوورییەکان دەکات، لەهەمان کاتدا دەتوانرێ هەندێک زانیاریش لەبارەی ژیانی ناوخۆیی ئەو تیرە و هۆزانەوە وەربگیرێ لەگەڵ ئاشوورییەکاندا کەوتوونە شەڕوشۆڕەوە، یان ئەگەر ئاشوورییەکان لە شوێنێکدا بە تەواوی شکابن سا بە هەر هۆیەکەوە بێ، ئەگەر ئەم نوشست و تێشکانە نەنوسرابێ ئەوا مەسەلەکە لەویادا زۆر دەئالۆزێ، هیچ زانیاریەکی مێژوویی دەست ناکەوێ[8]. بەڵام هەندێ نووسراوی تر یارمەتی ئێمە دەدات، وەکو نووسراوە دەوڵەتیەکانی پادشایانی ئاشوور و ڕاپۆرتی جاسوسەکان و زانیاری بەڕێوەبەری سوپای هەمەجۆر، ڕوونوسی یاداشتەکانی پادشایان.

ئاشوورییەکان نەتەوەیەکی ستەمکار و دڕندە بوون، وێنەی سەردیوار و کۆشکەکانیان لەگەڵ تێکستی سەر بەرد و گڵی سورەوە کراوی بەجێماوی ئاشوورییەکان نیشانەی دڵڕەقی و توندوتیژی ئاشوورییەکان دەردەخات، لەکاتی هێرش و پەلاماریان بۆسەر نەتەوەکانی دراوسێ و داگیرکاریەکان، نموونە لە تێکستێکدا دەڵێت: "لاشەکانم لەبەردەم دەروازەی شارەکەدا کەڵەکە کرد بوو، سەرکردەکانم کەوڵ کرد بوو، هەموو ئەوانەی کە هەڵگەڕابوونەوە پێستەکەوڵ کردووەکەیانم بەسەر لاشە کەوڵ کراوەکاندا بڵاوکردەوە... زۆر کەسم لە وڵاتەکەمدا کەوڵ کرد، پێستەکەیانم بەسەر دیوارەکاندا" بڵاو کردەوە.

"ئەوانەی بەدەمە پیسەکانیان کفریان بەرامبەر خوام ئاشوور لێ هاتەدەر، زمانیانم دەرهێنا"

---

٧ ئی. م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

٨ ئی. م. دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

بەگــورِ و تــوورِەییەوە شــارەکەم گەمــارۆدا و پەلامارمــدا، ســێ هەزار لە جەنگاوەرەکــانم بەشمشــێر کوشــت...زۆر لە ســەربازەکانیانم بەزینــدوویی دەستگیرکرد، دەست و قۆڵی هەندێکیانم برِی، لەوانی تر لوت، گوێ و پەل و پۆیانم برِی، چاوی زۆر لەسەربازەکانم دەرهێنا، گردێکم لەلاشە و یەکێکی تر لە کەللەسەر دروســت کــرد، هەنــدێک لە کەللەســەرەکانیانم لەنــاو شــاردا بەســەر دارەکــانەوە هەڵواسیبوو"[٩]

لــە دێرزمانــەوە نــاوچەی ئاشــوور لەبــایەخی سیاســی یــان ســەربازی کەمێــک سوودمەند بوو، لەدوای لەناوچوونی سۆمەر و ئەکەد، لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی پــێش زاییــندا بــۆ یەکەمــین جــار گــۆرِا، بــۆ وڵاتێکــی ســەربەخۆ و جێیەکــی پــتەو و چەسپاوی لەکاروبارە سەرەکییەکانی نێوان دوو روباردا بەدەست هێنا[١٠]، (محەمەد مەردۆخی) دەڵێت:

لەساڵی (٢٣٥٨ پ.ز) ئاشـوور ناوێک لە منداڵەکانی (ئاشـوور کورِی سام کورِی نوح) دەرکەوتووە و لەکەناری دیجلە کەمێک لە خوارەوەی نەینەوا شارێکی بنیات ناوە، بەهۆی ناوی دامەزرێنەری ئەم شارە بە ئاشووری ناوی دەرکردووە، دواتر (نینە) کورِی بلـوز گۆرِیویەتی و بناغەی شـاری نەینەوای دارِشـتووە. (لە مێژووی نەتەوە کۆنەکـانی رۆژهەڵات، و مێـژووی پیرنیـا) ئامـاژەی پێـدراوە کە: ئاشـور یـا ئالاشار ناوی خواوەندی ئەو شارە بووە، لەبەر ناوی ئەم بتە بەئاشوور ناسراوە[١١].

شارە بچووکەکانی نیشتمانی ئاشوورییەکان بەشێک بوون لە شارەکانی نێوان دووروبـار لە قۆناغەکـانی سـەرکەوتنی سـارگۆنیەکان بەسـەر نـاوچەی دیجلـە و فـورات بـۆ مـاوەیەکی کـورت لەژێـر کـۆنترۆڵ دابـوون و یەکیـان گـرت، ئەم نـاوچە بچووکە کەوتبووە کەنارەکانی سەرەوەی دیجلە، شوێنێک کە دوو لقی سەرەکی ئەم رووبارە، واتە رووبارەکانی زێی سەروو، خواروو، لەباکووری رۆژهەڵاتەوە بەوێدا دەرِوات، ئاشوور یەکەمین شاری گرنگ ناوی خۆی لەخوایەکی پشتیوانی ناوچەکە وەرگرتبـوو، کەوتبـووە کەنـاری رۆژئـاوای دیجـلە و نـزیکەی چـوار کیلـۆمەتری باکووری زێی خواروو (کالح – نەمرود) نەینەوا (موسڵ) کەوتبووە باکووری بەیەک

---

٩ سۆران حەمەرەش، ئایا دەکرێت لەبنەچەی داعش بکەین بێ ئەوەی کە لە ئاشووری تیبگەین، ٢١ کانوونی دووەم، ٢٠١٥، سایتی پێنووسەکان.،www.penusekan. com

١٠ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤٠.

١١ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

گەیشتنی دیجلە لەگەڵ زێی سەروودا[12]. لە سێ چارەکی دووەم هەزار ساڵی پێش زاییندا دەوڵەتی ئاشووری پێکهاتبوو، لە هەندێ حکوماتی بچووک بچوک و بێ هێز نەک ئەوەی بتوانن لەگەڵ نەتەوەکانی چیاکان خەریک بن، دەبینین یەکەم حوکمداری ئاشووری – ڕەنگە لە سەدەی ٢٣ پێش زایینی بووبێ، کوڕی(ئایا – کولابا) بووە، لە ناوێکی گوتی دەچێ، (ئەوشپیاو) و (کیکیا)ی حاکمانی کۆنی ئاشووریش لە هەمان سەدەدا بوون وادیارە (میتانی)ن، یەکی لە سەرکردەکانی ئاشووری سەدەی نۆزدەمینی پێش زایینی ناوی (ئاداسی Adasi) بوو، دەبێ زاگرۆسی بێ، لەدوای ئەمەش (لۆللۆلای) ناو سەرکردەیەکیان هەبووە بە تەواوی لە (لوللو)ە، لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایینی، ئینجا ئاشووری بۆتە خاوەن سەربەخۆیی سیاسی و لەگەڵ دراوسێکانی کەوتۆتە شەڕەوە[13]. شوێنەوارناس و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین (دڵشاد عەزیز زاموا)، دەڵێت: دواتر ئاشوورییەکان بوونە میراتگری ئیمپراتۆریەتی (میتانی) و توانیان ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو فراوان دابمەزرێنن[14].

## یەکەمین بنەماڵەی گەورەی ئاشور

سەر زەوی ئاشوور بۆ یەکەمین جار لەسەرەتای ئەوەی زانایانی هاوچەرخ ناوی دەنێن قۆناغەکانی بابلی کۆن لە دەوروبەری (٢٠٠٠ – ١٦٠٠ پ.ز) سەربەخۆ بوو، ئەم قۆناغە بەگشتی سەردەمی ناکۆکی و ناجێگیری بوو، لە پانتایی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. زۆربەی دەوڵەت – شار و پاشایەتیەکانی پانتایی نێوان دوو ڕووبار، وەک ئاشور پێیان لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دادەگرت، ئەم دەوڵەتە بچووکانە زۆرجار گرفتاری گفتوگۆ و جەنگ بوون، لەنێوان خۆیان یان لەگەڵ نەتەوە جۆراو جۆرەکانی دانیشتووی ناوچە بەرزەکانی دەوروبەری دەشتەکان، زۆر جار یەکێک لەم دەوڵەتانە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیەوە بەرەو سەروو تر دەڕۆیشت، چەند دراوسێیەکی بەخۆیەوە دەلکاند، بۆ ماوەیەکی کورت لەپێگە و دەسەڵاتی سوودمەند دەبوو، پاشان بۆ ماوەیەکی کاتی دەبووە دەستەمۆی ناوخۆیی و دوژمنی دەرەوە، ڕێک بەهەمان شێوەی کتوپڕ بۆ بارودۆخی ڕابردووی

١٢ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

١٣ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو ل ٧٥.

١٤ دڵشاد عەزیز زاموا، گۆڤاری سوبارتو ژمارە/١، سەرچاوەی پێشوو، ٢٣-١٠-٢٠١٢.

دەگەڕایەوە، یان لەوە خراپتر ژێر دەست و پێکەوە لکاوی دراوسێیەکی زیادەڕۆ دەبوو[١٥].

که دەوڵەتی ئاشوور دامەزراوە، تا ساڵی (٢١٩٢ پ.ز) چیتر ئاماژە بەناوی کورد نەکراوە، نە ڕۆژهەڵاتی و نە ئاراراتی[١٦]. لەبارەی ئاشووری ژێر فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی پاشایەتی بەهێزیەوە، بنەماڵەی حوکمڕانی شا (شەمشی - ئەدەد)[١٧] قۆناغەکانی پاشایەتی (١٨١٣ - ١٧٨١ پ.ز) دروستکەری بوو، بەم شێوەیە لەو شوێنەی ژمارەیەک لە نامەکانی ڕەتکراوە و گۆڕاو لەنێوان ئەم فەرمانڕەوایانەدا دۆزرانەوە، یەکەمین پاشاکانی ئاشوورن بەشەکانی ژیانی کەسایەتی و سیاسی و سەربازی ئاشکرایە، بەگەواهی یەکێک لەنامەکان (شەمشی ئەدەد)ی یەکەم دەسەڵات و توانای خۆی لەئاشووردا بۆ دروست کردنی پەرستگایەکی بەشکۆ بۆ (ئینلیل) خوای کۆنی سۆمەری، خوایەک بە بانگەشەی ئەو لە دیاری گەیشتنی بەتەختی پاشایەتی سوودمەند کردبوو. که دەڵێت: " (شەمەشی ئەدەد)پاشای هەموو دنیا، پەرستگای خوای ئاشوری دروست کرد، خواکانی (ئانوم) و (ئینلیل) بەڕێزەوە باسی کەسێک دەکەن، بەهۆی کارە گەورەکانیەوە... پەرستگای خوای من ئینلیل پەرستگایەکی حەپەسێنەرە، بینایەکی پڕ لە سەختی، جێگای خوای من ئینلیل کە پتەوە لەسەر پایە وەستاوە، بە کاری وەستاکان بنیات نراوە، من لەشاری ئاشوور دا بنیاتم نا، سەقفی پەرستگاکەم لە داری درەختی سیدر دروست کرد، دەرگای ژوورەکانیم لەداری سیدری ڕازاوە بەزێڕ و زیو دانا، بەسەر پایەکانیدا ڕۆنی سیدر، باشترین جۆری ڕۆن، هەنگوین، کەرەم پڕژاند[١٨]".

---

١٥ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ٤٢.

١٦ شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

١٧ شەمشی- ئەدەدی یەکەم ١٨١٣- ١٧٨١ پ.ز پادشای ئاشوور لەسایەی ئەم پاشایەوە بڕێکی زۆر زانیاری بەسوود و بایەخداری سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی تۆمارکراون، هەم هی خۆی و هەم هی دوژمن و ناحەزەکانی، (ئەرشیفەکانی شمشارە و ماری و تل الرماح و لەیلان) دۆزرانەوە، بۆ مێژووی کوردستانی ئەو سەردەمە ئەرشیفەکانی شمشارە لە هەموو ئەرشیفەکانی تر گرنگترن، زانیاری مێژوویی و زمانەوانی و نەژادی و جوگرافی زۆر بایەخداریان لەخۆگرتووە، ئەرشیفەکانی ماری ش زۆر گرنگن، چونکە فەرمانڕەوای شارەکە لەسەردەمی شەمشی- ئەدەد دا کوڕەکەی خۆی ئیشمی – داگان بووە، بەردەوام بەنامە لەڕووداوەکانی بەرەی کوردستان ئاگاداردەکرا.بەتایبەت لەسەر بارودۆخی شمشارە لەو سەردەمە زانیاری گرنگ بەدەستەوە دەدەن، بەڵام ئەرشیفەکانی شمشارە لەگەڵ وێران بوونی شارەکەدا ئیتر بێ دەنگ بوون، بۆیە ماری نزیکەی تاکە پەنجەرەیە لێیەوە بتوانین لەو سەردەمەدا تەماشای مێژووی ناوچەکە بکەین.

١٨ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢- ٤٣.

شەمشی – ئەدەدی یەکەم (١٨١٣ – ١٧٨١ پ.ز): (ئایدم) دەڵێت: زاراوەی "ئاشووری" بۆ (شەمشی – ئەدەد) و دەوڵەتەکەی جێگای کێشەیە و پشتگیری (دوران – Durand ) و (شارپان – charpin ) دەکات، لە هەڵبژاردنی زاراوەی (پادشانشینی دوو ڕووباری سەروو) (SH2,p.14, n, 12) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پایتەختی (شەمشی – ئەدەد) لە ڕاستیدا شاری ئاشوور نەبوو، بەڵکو شاری (شوبات – ئێنلیلŠubat - Enlil) (گردی لەیلان) لەناوچەی خابووری فوراتدا، هەروەها (شەمشی – ئەدەد) ئاموری بووە، لەکاتێکدا ئاشوورییە کۆنەکان ئەکەدی بوون. شالاوی ئاموریەکانیش بۆ وڵاتی دووڕووبار کەمێک پێش هەرەسی بنەماڵەی سێیەمی ئور دەستی پێ کردبوو، ناوی پادشاش بەشێوەی ئاموری (سامسی – ئاددو)ە و بەئەکەدی (شامشی – ئاداد)ە، ئەمەش بەهۆی جۆری خوێندنەوەی ناوەکەیە (ئایدم و لیسۆ) شێوەی ئەکەدیان هەڵبژاردووە: ([19](SH.1, p.14, n.11. لەئەنجامدا (شەمشی – ئەدەد) سوپاکانی بۆ هێرش و لەشکرکێشی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ڕابەرایەتی کرد، تاکو لەم ڕێگایەوە پانتایی دەسەڵاتی ئاشوور فراوان بکات، هێرش و لەشکرکێشی (شەمشی – ئەدەد) پاشایەتی بچوکی (ماری)[20] بەنزیکەی (٢٢٥ کیلۆمەتر) باشووری ڕۆژئاوای ئاشوور داگیر کرد. کە وەک ئاشوور لە دوای نەمانی سومەر و ئەکەد سەربەخۆیی بەدەست هێنا بوو، (شەمشی – ئەدەد) کوڕەکەی (جەمسە – ئەدد)ی بۆ فەرمانڕەوایی (ماری) دانا، پاشان بەرەو باکوور هێرش و پەلاماری دەست پێ کرد، بۆ دەوڵەت — شاری (ئیکالاتوم) لە کەناری دیجلە و لە باشووری ئاشوور، بەسەریدا سەرکەوت و حکومەتەکەی ئەو شارەی بە کوڕەکەی تری (ئیشمی – داگان) سپارد[21].

(ماری – Mari) میرنشینێکی خۆماڵی سووری بوو، بەڵام (شەمشی – ئەدەد) لە ئاشوور شارەکەی بەزاند و داگیری کرد، یەکێک لە کوڕەکانی وەک جێنشینی خۆی، وەک پاشای ماری دیاری کرد، (شەمشی – ئەدەد) زۆربەی کاتی خۆی لەو

---

١٩ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

٢٠ یاخدون- لیمی باوکی زیمری- لیم پاشای ماری بوو، کوژراو شەمشی ئەدەد ماری گرت، یاسماخ- ئادادی کوڕی کردە فەرمانڕەوای ماری، ماوەیەک پاش مردنی شەمشی ئەدەد زیمری- لیم تەختی ماری بەکۆمەکێکی دەرەکی دەست کەوت، زیمری لیم هاوپەیمانی حامورابی بابل بوو، بەڵام لەسەر دەستی ئەمیان ماری لەناوچوو، ماری لەسەرەتای سەردەمی گزنگی بنەماڵەکانەوە(چوار تاپێنج سەدەی پێش سارگۆنی ئەکەد) شارێکی گەشەسەندوو بوو، بڕوانە: فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

٢١ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

پـایتەختە نـوێیە بەسـەردەبرد، کە لە باشـووری سـووریا دروسـتی کردبـوو، لە (Shubat Enlil) لە ڕۆژهەڵاتـی ئەو شانشـینە گەورەیە کـوڕێکی تـری، وەک جێنشینی خۆی دیاری کرد، لەو ڕێگایەی کە خەڵک پێویستی بە دوو بەشە بوو لە شانشینەکە[٢٢]. (شەمشی – ئەدەد) تێکۆشا بۆ ئەوەی پانتایی دەسەڵاتی خۆی بەرەو ڕۆژئـاوا و باشـوری ڕۆژهەڵات زیـاد بکـات، دواتـر بەرەو ڕۆژهەڵات سـنووری دەسەڵاتی فراوان کرد.

لە بارەی ئاشووری ژێر فەرمانڕەوای یەکەمین پاشایەتی بەهێزیەوە بنەماڵەی حکـومڕانی (شەمشـی – ئەدەد) قۆناغەکـانی پاشـایەتی (١٨١٣ – ١٧٨١ پ.ز) دروستکەری بوو. لە ئەنجامدا (شەمشی – ئەدەد) سوپایەکی بەهێزی بۆ هێرش و لەشکرکێشی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ڕابەرایەتی کرد، تاکو لەم ڕێگایەوە پانتایی دەسەڵاتی ئاشوور فراوان بکات. دیارە بۆ ئەمەش پێویستی بەدەزگایەکی هەواڵگری بەهێز هەبوو، بۆ ئەوەی لە نهێنی و پیلانەکانی دوژمن و ناحەزەکانی ئاگادار بێت و بتوانێت لە ڕێگای ئەو دەزگا هەواڵگرییەوە بەهۆی چالاکی سیخوڕەکانیەوە، پلانی لەنـاوبردنی دراوسـێ لاواز و هاوپەیمـانی لەگەڵ ئەوانەی بەهێـز و لەشکرکێشـی دەڕۆسـتیان نەدەهـات، بەهـۆی دیـاری کردنـی خـاڵە لاوازەکـان، تـاکو لە کـاتێکی گونجاودا تێکیان بشکێنێت.

### دەزگای هەواڵگری ئاشوورییەکان

ئاشـوورییەکان دەزگـایەکی بەهێـزی هەواڵگرییـان دامەزرانـد، بـۆ ئەوەی لەڕێـی ئەوەوە بتـوانن شکسـت بەنەیارەکانیـان بهێـنن و دۆستەکانیشـیان پەلکێشـی خۆیـان بکەن، لای ئاشـوورییەکان دەزگا هەواڵگری و سـیخورییەکان بـایەخێکی گەورەیـان هەبـوو، ئەندامەکانی ئەو دەزگایانە لەسـەرتاپای ئیمپراتـۆریەتەکەدا، هەروەهـا لەنێـو شـــارەکانی دوژمنیشـــدا پەرش و بـــڵاو کرابـــوونەوە، بەتـــایبەت لەســـەردەمی (ســـەرجۆن)ی دووەمـــدا، ســـاڵی (٧٢٢ – ٧٠٥ پ.ز) کارمەنـــدانی ئەو دەزگایـــانە نـــاونرابوون: ســـەربازە دۆزەرەوەکـــان، (ســـەرەتەقی کەران)، ئەم جـۆرە کەســـانە لەهەموو ناوچەیەکی دوژمنەکانیاندا بڵاوکرابوونەوە، دەزگای هەواڵگری ئاشـووری

---

22 Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul. (2011).p.15.

لەلایەن فەرمانــداری یەکێــک لە کەرتەکــانەوە یــان لەلایەن نــوێنەری پادشــاوە بەڕێوەدەبرا و بەردەوامیش پەیوەندیان بەسەرەکانی سوپاوە هەبوو، بە مەبەستی فەرمــان و ئاراســتەکاری، مــاوەتەوە بێــژین ئەو دەزگــایە و ئەنــدامانی لە هەردوو حاڵەتی جەنگ و ئاشتی بەکاردەهێنران، ئەوان زۆر سوور و پێداگربوون، لەسەر دابین کردنی ئاسایش بۆ یەکە و کەرتە سەربازیەکانیان، کۆکردنەوەی زۆرترین زانیــاری لەبــارەی دوژمنــانەوە، تــاکو لەو ڕێگــایەوە خۆیــان دوورخەنەوە لە مەترسیەکان و بتوانن نەخشەی سەربازیش داڕێژن، هەواڵدەرە ئاشوورییەکان نامە و پەیـامی زۆر هەسـتیاریان لەنێـوان پادشــا و دەسـەڵاتدارەکاندا ئـاڵوگۆڕ دەکـرد، کەسانێکی زۆر متمانە پێ کراو بوون، بۆ خۆشیان دەبوایە کەسانێکی ئەمانەتدار و دڵسۆز و ئازابن. زۆر بەباشی ڕاهێنرابوون لەسەر گواستنەوەی نامە سەربازیەکان لەنێــوان ســەرکردەکانی گەلانــدا، بــۆ ســاختە نەکردنــی ئەو نامــانەش لەکــاتی گواستنەوەیاندا، پادشاکانی ئاشوور بەمۆری تایبەتی پادشایەتی نامەکانیان مۆر دەکـرد. هەنـدێ جـاریش هەبـوو نامەکەیـان دەپێچـا لەجـۆرە بەرگێکـی تـایبەتی نیشتمانیەوە، تاکو کەس نەتوانێ بیان خوێنێتەوە، هەندێ جاری تر هەواڵدەرەکان دەقی نامەکەیـان لەبەردەکـرد و بەزارەکی دەیانگەیانـدە لایەنـی بەرامـبەر، ئەمەش لەپێنــاوی پاراســتنی نهێنــی زانیاریەکانــدا، لەبارێکــدا ئەگەر لەلایەن دوژمــنەوە هەواڵدەرەکان دەستگیر بکرێن[٢٣].

بەم پێیە دەزگای هەواڵگری ئاشووری ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری گێڕا، لەژیانی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ئاشوورییدا. لەگەڵ ئەوەشدا نەیارەکانیان هەوڵیان دەدا هەمان کارامەیی ئاشوورییەکانیان هەبێت، بۆ نموونە (توروککی) یەکان لەم ڕووەوە زۆر بەوردی دەجوڵانەوە و تاکتیکی تازەیان بەکاردێنا. لەنامەیەکیدا بۆ سەرکردەیەکی خۆی (شەمشی – ئەدەد) باسی لەوە کردووە، کە نەیتوانیوە هیچ زانیــاریەکی ڕاســتیان دەربــارەی هەنگاوەکانیــان بــۆ بنووســێت، چــونکە یەکســەر (توروککی) یەکان لەڕێگای تایبەتیەوە دەیزانن، زانیاری هەڵە دەخەنە بەردەست ئاشوورییەکان بۆ فریودانیان[٢٤].

---

٢٣ منصور عبدالحکیم، هۆلاکۆ، و: مەشخەڵ کەوڵۆسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٩.

٢٤ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

## لەشکرکێشی و فراوانخوازیەکانی ئاشوور

شەمشی ئەدەد تێکۆشا، بۆ ئەوەی پانتایی دەسەڵاتی خۆی بەرەو ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا و بەرەو ڕۆژهەڵات سنووری دەسەڵاتی فراوان بکات. لە لەشکرکێشیەکەیدا هەموو ڕێگاکەی هەتا لوبنانی ئێستا لەکەناری دەریای ناوەڕاست بڕی، لەم ناوچەیە ئاشوور دەوڵەتەکانی تری نێوان دووڕووبار داری مەغروبی سیدریان دەهێنایە ناوەوە، بۆ پڕۆژەی تەلارسازیە جۆراوجۆرەکان، ئەو لەشازادەکانی ناوچەکە باجی وەردەگرت، (باجێک کەنیشانەی کارگێڕی بوو) لەپێش بەجێ هێشتنی ئەوێ لەوحەیەکی بەردینی لەیادگاری ڕووداوەکانی خۆی دانا: "ناوی گەورە و لەوحی یادگاریەکانم لەوڵاتی لوبنان لەکەنار دەریای گەورەدا بەرپا دەکەم".

شا و کوڕەکانی لە باشووری ڕۆژهەڵات لە جەنگی تاڕادەیەک هەمیشەیی دابوون، لەگەڵ دەوڵەتی (ئیشنونا) دا نزیکەی (٢٥٠) کیلۆمەتری ئاشوور لە دۆڵی دوو ڕووبار لە دیالە لقە گەورەکانی تری دیجلە لە ژێر دەستی دابوو، (ئیشنوننا) لەکاتی سەربەخۆییدا پێش داگیرکردنی بابلی هەوڵیدا کاریگەری خۆی بەرەو باکوور بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە پەرەپێ بدات، بەهۆی هاوپەیمانی ئاشوور و لە ژێر فەرماندەی (دادوشا) بووە هۆی داگیر کردنی شاری قەبرا (قابارا)، بەڵام ئەمە دوا ساڵی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایە بوو، ئیتر (ئیشنوننا) بەگرفتاری مانەوە[25].

(شەمشی - ئەدەد) لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی بابلدا لە کەنارەکانی ڕێکی فورات بەنزیکەی (٣٢٠) کیلۆمەتری لەباشووری ئاشوور، ئاگربەستی موئەدەبانە، سارد و ناجێگیر پاراست، لەم ناوەدا ئەو و کوڕەکانی درێژەیان بەجەنگە بچوکەکاندا، لەگەڵ دراوسێکانیاندا بەردەوام تێدەکۆشا دەستیان بگاتە بەر پانتاییەکی دەسەڵاتی تازە، بەو شێوەیەی لەنامە بێ ژمارەکانیاندا ئەم کارە ئاشکرایە. (شەمشی - ئەدەد) لەنامەیەکیدا بۆ کوڕەکەی دەڵێت: "بە جەمسە - ئەدد بڵێ: باوکت شەمەش - ئەدد بەم جۆرە دەڵێت: پێنج ڕۆژ لە پێش فەرمانڕەوایەتیدا (قوبرەم) تێکشکاند، ئێستا خێڵی (جەئیلا نۆمی)شم تێکشکاندووە، شاری (هیبارا) شم گرتووە، لەم شارەدا خۆم کرد بەئەربابی (٣٠٠) لەسەربازە بەرگریکارەکانی ئەو (فەرمانڕەوا) یەو بڕیارم بەیەکێک لە کوڕەکانی داوە. شادمان بە". هەروەها (ئیشمی - داگان) لەنامەیەکدا بۆ براکەی دەڵێت: "بەجەمسە - ئەدد بڵێ: براکەت ئیشمە داگان دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی

---

٢٥ دۆن ناردرسەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣-٤٤.

شـارەکانی (تـارام و هاتکـا و شـونهام) م گـرت، ڕووم کـردە (هـورارا) ئەم شـارەم گەمـارۆدا، بـورجە گەمـارۆ دەرەکـان و قەڵاکـوتم دژی ئەوە بەکارهێنـا، لەمـاوەی حەوت ڕۆژدا خۆم کرد بەئەربابی ئەوێ. شادمان بە"[٢٦].

لەم مـاوەیەدا ئاشـوورییەکان لەناوچەکـانی دراوسـێیاندا دەسـتیان بەچەنـد چالاکیەکی سەربازی کرد، بەراوردی ئەوانە هێشتا بچووک و تەمەنیان کورت بوو، ناکرێت بەوڵات داگیرکەر ناوببرێن، بەڵکو باشترە ئەوانە بەدەستدرێژکەر ناوببرێن. بەڵام لە ئەنجامدا (شەمشی – ئەدەد) سوپایەکی بەهێزی بۆ هێرش و لەشکرکێشی بـۆ دەرەوەی سـنوورەکانی ئاراسـتە کـرد، تـاکو لەم ڕێگـایەوە پانتـایی دەسـەڵاتی ئاشـوور فـراوان بکـات، وەک یەکێـک لە شانشـینەکان لەسـەردەمی بـوژانەوەی شانشـینەکان، لە دوای ڕووخـانی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور و بۆشـایی دەسـەڵاتیان، شانشینەکانی سنوورەکە بوژانەوە، ئەو کاتە ئاشـووریش شانشـینێکی بچـووک بـوو، دواتـر لەشکرکێشـیەکانی پەرەپێـدا و ئیمپڕاتـۆریەتێکی گەورەیـان پێکهێنـا. لەگەڵ گەشەکردنیاندا (شەمشی – ئەدەد) خۆی هێرشێکی کردە سەر (قەبرا) و بوو بەهۆی داگیر کردنی لەسەر دەستی ئاشوورییەکان.

### شانشینەکانی دێرینی کوردستانی

بێ بەش بوونی نەتەوەی کورد لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و فەرمانڕەوایی کردنی درێژخانەیەن، هەندێک ڕایان وایە ئەمە بەهۆی شێوەی هەڵکەوتەی جوگرافی خـاکی کوردسـتان و وڵاتـی شـاخاویەکەی نەیتوانیـوە دەوڵەتـی سـەربەخۆی درێژخانەن پێک بێنێ، چونکە ئەمە بۆ دەوڵەت نائاسایيە، هی واش هەن پێیان وایە لەبەر پەرتەوازەیی و ململانێی ناو خۆیان بۆیان نەلواوە دەوڵەتی یەکگرتوو بەسەر کوردسـتادا زاڵ بێـت، لەڕاستیشـدا هەر زۆرجـار هـۆزە کوردەکـان یـان بـابلێم هۆزەکانی دامێن چیاکانی زاگرۆس توانیویـانە سـەربەخۆبن، ئەگەر لەژێر دەسـتی گەلانـی میسۆپۆتامیاشـدا بـوون هەر بەنـاو بـووە، تەنیـا وەکـو باجدان توانیویـانە بەسـەریاندا زاڵ بـن، ئەگینـا زۆربەی کـات سـەربەخۆیوون، وەکـو سـەردەمی گوتییەکـان و کۆتـایی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور و زۆر جـاری تـریش توانیویـانە دوژمنەکانیـان بشـکێنن، و لەوڵاتـی خۆیـان ئاسـوودە بـژین، بەڵام (ماد)ەکـان و پێشـتریش (میتانی)یەکـان ئەگەر کـورد تـوانیبێتی کوردسـتان یـا بەشـێکی گەورەی لەخۆبگرێت، جگە لەوە شتێکی ترمان نییە، خۆ دەوڵەتی سەرتاسەری ئەگەر هەش

---

٢٦ دۆن ناردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

بووبێــت پێــدەچێت تەمەنــی کــورت بووبێــت، لەکاتێکــدا دەوڵەتە ناوچەییەکــان و دواتریش ئەمارەتەکانی سەردەمە ئیسلامیەکان، تەمەنیان درێژ بووە و تەنانەت بۆی هەیە شانشین و میرنشینی وا هەبووبن سەدان ساڵ ژیابێت، لەبەر ئەوە ناتوانرێت سـەردەمەکان بەشـێوەی سـومەری و ئەکەدی و بـابلی و ئاشـووری جیـا بکـرێتەوە، بەڵکو دەتوانرێت بەشێوەی تر پۆلێن بکرێت:

یەکەم: سەردەمی گروپی یەکەمی گەلانی کۆنی کوردستان، وەک لوللوییەکان و گوتییەکــان و ســوبارییەکان و کاشــییەکان و خورییەکــان، هەروەک خورییەکــان سـەرەتا لە کوردسـتانی بـاکوور و دواتـر گەیشـتوونەتە زێـی دوکـان و کەرکـوک و دەوروبەری و هەولێـر. دواتــر دەوڵەتــی میتانییــان پێکهێنــا و بــۆ مــاوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی زۆربەی کوردستان و نێوان دووڕووباریشی کردووە.

دووەم: سەردەمی گروپی دووەمی گەلانی کۆنی کوردستان: سـەرەڕای مانەوەی گوتی و لوللو و ئەوانی تر، هەندێک شانشینی تر چالاکی زیـاتر و جوڵەی باشـتریان هەبـووە، جـگە لەوەش باوەڕێـک هەیە لە (٢٠٠٠ سـاڵ پ.ز) لەدوای کۆتـایی هـاتنی بنەماڵەی سێیەمی ئور و هاتنی شاڵاوی کۆچی گەلانی ئاری هیندو ئەوروپایی، کە ڕوویـان کـردە ئاسـیای بچـووک و کوردسـتان، هەرچەندە پێدەچێت، درەنـگ کاریـان کردبێتەسـەر دانیشـتوانی نـاوچەکە، بەڵام لەگەڵ دروسـت بـوونی دەوڵەتـی (مـاد) و هەرەسی دەوڵەتی ئاشووری لەساڵی (٦١٢ پ.ز) کورد لە تێکەڵەی ئەم دوو گرووپە دروست بووە، دواتریش ئەگەر بتوانین نـاوی بنێین، سـەردەمی سـێیەمی گروپەکـان لە میرنشینەکانی سەردەمی ئیسلامدا خۆی بینیەوە.

ئێمە هەوڵ دەدەیـن ئەوەنـدەی بکـرێ لێرەدا باسـی ئەو شانشـینانە دەکەیـن، لەو ڕۆژگـارەدا واتە لە سـەردەمی گروپـی یەکەمـی گەلانـی کـۆنی کوردسـتان، چـالاکی و جوڵانەوەیـان هەبـووە، جگە لە سـەرچاوەکانی تـر ئەرشـیفەکەی شمشـارە باشـترین سەرچاوەی مێژوویی ئەو ڕۆژگـارەن، نامەکانی شمشـارە بەپێـی ناوەرۆکیـان و ئەو بەسـەرهاتانەی باسـیان دەکەن، دەشـێت دابەش بکـرێتە سـەردوو دەمـی سـەرەکی. دەمێکی زووی نامە گۆڕینەوەی نێوخۆی نێوان سـەردارانی زاگـرۆس و (کوواری – Kuwāri)، فەرمانڕەوای (شوشاررا – Šušarra) شمشارەی ئێسـتا لـە نزیـک ڕانیـە. ئینجا پاش ئەو، دەمێکی دواتـر کە تیایـدا (شوشـاررا) بـووە هەرێمێکـی ژێـر سـایەی (شەمشــی – ئەدەد).هەوڵ دەدەیــن بەســەرهات و ڕووداوەکــانی ئەو ڕۆژگــارە و بارودۆخی شانشینەکان ڕوونکەینەوە.

## شانشینەکانی زاگرۆس لە دەقەکانی شمشارە خابوراتوم و کوممێ

لەسەردەمی کۆندا زۆر شانشین هەبوون، چالاکیەکانیان تۆمار نەکراوە و مێژووەکەیان نادیارە، کێشە سەرەکیەکە لە ناوچەی بنەماڵەی سێیەمی ئورە، چونکە شانشینی (هەرێمە) بچووکەکان بەشێوەیەکی خراپ تۆمار کراون، بەڵام نەک فەرامۆش بکرێن بەشێوەیەکی تەواو لەسەرچاوەکاندا، هەموو شوێنەکان پێویستە دیاری کرابن بە وردی لەناوچەی میسۆپۆتامیا، لە گردە نزمەکانەوە لە ڕۆژئاوای زاگرۆس لەباکووری عێراقی نوێ، پێشنیاری ڕێگایەک دەکەن، بۆ هەرێمی (کوسعە) لە ڕێگای هەرێمی (خابوراتوم و کوممێ) بەدوای یەکدا. پێشنیارەکەدا لە (شمشارە) دەست پێ دەکات، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ گردەکانی (خابور)، بەڵام خۆی لە سنوورەکانی دوژمن بەدوور گرتووە، کە (نورگوم)ە لە ناوچەی ئێستای موسڵ بووە[٢٧].

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەڵگەنامەکانی (شمشارە) ئەرشیفێکی دەوڵەمەندن، لەبارەی مێژووی ئەو سەردەمی ناوچەکە و دەوروبەریدا، لەنامەکانی (SH 894 و SH 80)ی شمشارە وادەردەکەوێت، (کوممێ و خابوراتوم) لە دامێنەکانی زاگرۆس بووبن، لەباکووری ڕۆژئاوای (شمشارە)، نامەیەکدا وێستگە و مەنزڵەکانی سەر ڕێگای (شمشارە) بۆ (خابوراتوم)دەژمێردرێت، چونکە لە (خابوراتوم) (شەمشی – ئەدەد) چاوەڕوانی گەیشتنی (کوشی یا – Kušiya) ناوێکی لە (شوشاڕڕا)وە دەکرد، نامەی دووەمیشیان هەر بۆ ئەوە نێردراوە، (کوواری – Kuwāri)، فەرمانڕەوای (شوشاڕڕا) هەمان (کوشی – یا)ی ناوبراو بۆ (کوممێ) بنێرێت، تاوەکو چاوی بە (شەمشی – ئەدەد) بکەوێت، ئەمە لەوانەیە نیشانە بێت بۆ بوونی (کوممێ و خابوراتوم) لە شوێنێکی نزیک یان لە دەوروبەری (ئێکەللاتوم) لەو کاتەدا پایتەختی (شەمشی – ئەدەد) بوو[٢٨].

## یائیلانوم

(یائیلانوم – Jaillnum) یەکەیەکی سیاسی تری ئەم سەردەمە بوو، لەدەشتی هەولێردا، لە نزیک (قابرا) بوو، هەرێمەکە بە (یائیلانوم) ناسراوە، ڕەنگە ناوەکەی لەوە هاتبێ ئەو کەسەی دروستی کردووە. لەسەردەمی ئەرشیفەکانی (شمشارە)دا

27 Eidem and Læssøe, p 22

٢٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەراست، ل ٢٥٢.

فەرمانڕەواکەی ناوێکی ئامووری هەبووە، دەشێت بەدوو جۆر بخوێنرێتەوە: (بەنی – ئەددو – Beni – Adadu) شێوە ئاموریەکەیەتی، یان (مار – ئەدد – Mar – Adad) کە شێوە ئەکەدی یان ئاشوورییەکەتی، شارە ناسراوەکانی (توتاروم – Tutarum) و (خیمارا – Himara) و (دور – یائیلانوم Dur – Ia ilanum) بوون[٢٩]. بەپێی میلەکەی (دادوشا – ARM 1 131) و(توتاروێ –Tutarwe) شارێکە وێران کراو لەکاتی پێکهێنانی (قەبرا)، بۆ ڕێکخستنەوەی سنوورەکانی (یائیلانوم) لەنزیک یان تێکەڵ ببوون لەگەڵ (قەبرا). فەرمانڕەوای (یائیلانوم) یان (ماری – ئەددو)ی تایبەتی بوو، ئەو کوژراو سەری پەڕێنرا، لەلای (ئیشمی – داگان) لەشەڕدا کچێکی کەوتە لای (ئیشمی – داگان)، وە ئەوەکەی تری کەوتە لای (ئادال شینی – Adal – šenni) لە (بورون دوم –Burundum)[٣٠].

لەنزیک (قابرا) خێڵێک هەبووە، بەناوی (یائیلانوم) ئەم خێڵە لە دەشتەکانی نزیک ڕووباری دیجلە دەژیان، ناوی دەوڵەتی (یائیلانوم) زۆر جار لەگەڵ نیشانکەرەوەی مرۆڤ دەنووسرا، بۆیە وازانراوە ناوەکەی لەناوی دامەزرێنەری خێڵەکە وەرگیراوە، شاری (تورتاروم) شارێک بووە، لەو شارانەی لەگەڵ لەشکرکێشیەکەی (قابرا) داگیر کراوە، فەرمانڕەوای (یائیلانوم) لەشەڕێکدا لە (توتاروم) لەلایەن (ئیشمی – داگان) سەری پەڕێنرا[٣١].

هەواڵنامەی کتێب

### نامار (وم) و نیکـ/ـقوم

لەباشـوور ئەم دوو وڵاتە هەبوون، یەکەمیان پێی دەچێت لەسەر شارێی (خوراسان) بووبێت، لەوانەیە لەدەوروبەری (خانەقین)ی ئێستا، وڵاتەکانی (ناماروم، نامار) و (نیکوم) دوایی هێرشیان کردۆتەسەر (کاکموم) کە دەکەونە ئەو ناوچانە، بەڵام ڕەنگە کەوتبێتە دوور لە باشوورەوە، تازە(کیسلەر ١٩٩٨) پێشنیاری شوێنێک دەکەن بۆ (نامار) لە (خانەقین)، وە لەم ناوچەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی دوور، بۆ ناو سنووری ئێران، بۆ (نیکۆم) ئەو شوێنەی پێشنیار کراوە دەکەوێتە سەرووی (دیالە)، ئەم شانشینە بەشێوەیەکی کەم تۆمار کراوە، بەڵام پاشایەکی کۆنی ئەکەدییەکان بەڕێوەبەری (نیکوم) بوو، بەناوی (کارسوم) نۆکەری (نرام– سین)، هەندێ

---

٢٩ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٣.

30 Eidem and Læssøe, p. 23

٣١ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

نووسـراوی تـایبەتی بەجـێ هێشـتووە، (نیکـوم) نـاوی هێنـراوە لەگەڵ (هالمـان) لە نامەکانی بابلی لە (ئیشنوننا). ناوی پاشایەکە (نیکوم) تۆمار کراوە (داسی) دڵنیا نیە لەم گۆڕانە، بەڵام مێژووی بنەماڵەی سێیەمی ئور و فەرمانڕەوایی (دا - ئە - زی= da - a - zi) لە (ئەنشـان)، بەپێی فەرمـانی (مـوش)، کە زۆر دووبارە دەبێتەوە، و ناوی (هوریيان) نووسراوە (مو - ئوشـی - کا - پی - mu - uŝ - ka. P) ئەگەر بیخـونیەوە، بەمانـای (ماوشـکاج - Muŝkaju) دەبەخشـێ، ئەوەی لە (موشـکی - Muŝki)ە، بەڵام پەیوەنـدی نێـوان پیـاوەکەی ئـێمە و (فریگیـانس - phrygians)ی کۆن، وە (موشکی) بەم شێوەیە نەبینراوە[٣٢].

دووەمیشـیان: لەوانەیە لەنـاوچەی سـیروان بووبێـت، لەنزیـک (توپـ/ـگلیاش) لە بـاکووری (نامـار)ەوە، لە سـیروانی ژووروو[٣٣]. شانشـین و شـارەکانی تـر کە لە لەوحەکـانی (شمشـارە)دا بـاس کـراون، ڕۆڵیـان لەبەسـەرهاتە سیاسـیەکاندا هەبـووە، لەڕێی سەرچاوەی ترەوە نەناسراون، بۆیە زۆر سەختە شوێنەکانیان دیاری بکەین، لەمانەش شانشینی (زوتلوم - Zutlum) کە نـاوی سوپاسالارەکەی (بێردیگێندائێ - Berdigendae) پـارێزراوە و پادشـاکەی وادیـارە (کیگیـرزا - Kigirza) بـووە، لەنامەی (SH.812) لەنامەکانی (شمشـارە)دا نـاوی یەکێک هـاتووە، نـامەیەکی تـری لەلایەن کەسـانی وەک (شـێپراتو - Šepratu) وە کـابرا کە نـاوی (بێردیگێنـدائی - Berdigendae) بووە و سەر بە شاری (زوتلوم - Zutlum) بووە، لە باکوور یا ڕۆژئـاوای دەشـتی ڕانـیەیە، لەسـەردەمی پـێش داگیرکـاری (شوشـاررا) لەلایەن (شـەمشـی ئەدەد)ی ئاشـووری زۆر جـار ئەو نـاوانەی لەنامەکانـدا تۆمـار کـراون، جیاکەرەوەیەکیان تێدایە، پێ دەچێت سیمایەکی ئەو زمانە (خـوری) یە بووبێت لەم نـاوچەیەدا قسـەی پـێ کـراوە، هـیچ نەبێـت لەم سـەردەمەدا، ئەم جیـاکەرەوەیەش لکانـدنی ( - e)یە وەک پاشـگری ناوەکـان، ئەمەش زمـانی زگمـاکی نـاوچەکە بـووە. زۆرجـار ناوەکـان پاشـگریان پێوە لکاوە، لێرەدا ئێمە دەتـوانین دەنگی (ئێ) لابەیـن، وەک (قـابرائی - Qabrae) زۆرجـار بە (قـابرا - Qabra) هـاتووە، بەم جـۆرە نـاوەکە لە (بێردیگێنـدائێ) دەبێـتە(بێردیگێنـدا) بەڕای ئێمـە لەدوای لابردنـی پاشـگری (ئـێ) دەتـوانین بڵێـین نـاوەکە زۆر نزیـک دەبێـتەوە لە نـاوی گونـدی (بەردانـگە)ی ئێسـتای دۆڵـی شـاور، کەوتـۆتە بـاکووری ڕۆژئـاوای ڕانـیە، بەپێـی پاشـماوەی

32 Eidem and Læssøe, P 24.

٣٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

شـوێنەوارەکەی دەبێ لەسـەردەمێکدا شـارێکی بەناوبانـگ و ناوەنـدی دەسـەڵات و شوێنێکی گرنگ بووە، تائێستاش شـوێنەواری شـار و قەڵا کۆنەکەی مـاوە. شانشـین و شـارەکانی تـر، کە لە لەوحەکانی شمشـارەدا بـاس کـراون، وەک: (کوسـانارخوم - Kusanarhum) پادشـاکەی (ناششـومار - Naššumar) بـووە، (شـودامێلوم - Šudamelum) و شـارەکانی (ئالیائێ - Aliae) و (ئـاردامێکوم - Ardamekum) و (ئیلالائـێ - Ilalae) و (شاشخاشـوم - Šašharšum) (زوکـولا - Zukula) شـایانی باسـە (کونشـوم - Kunšum) لەگەڵ (کـونزوخخێ - Kunzuhhe)یـان (کوشـوخخێ - Kunšhhe)ی دەقەکـانی (نـوزی) بەیەک دەزانرێـت و هەنـدێک بە وڵاتی (کاشی)یەکانی تێ دەگەن[٣٤].

**لوللوبی/ یەکان**

لەبەشی سێیەمدا ئاماژەمان کرد بە دەرکەوتن و ناو و مێژوو و ڕووداوەکانی لوللوبییەکان، کە گەلێکی کۆنی زاگرۆسی و لە باب و باپیرانی کۆنی کورد بوون، لە زۆر نووسینی ئەدەبیدا لوللوبییەکانیش، وەک گوتییەکان بە دوژمنکار و چیانشینی شەڕەنگێزی خاوەن هێزی لە سروشت بەدەر باس کراون، هەروەک لە ئەفسانەی (نـرام - سین) و داستانی (ئێرڕا و ئیشوم) دا دەبینرێت. ئەوەندەی پێویست بێ ڕوونمان کردووە، لێرە تەنیا ئەوەندە ئاماژەی پێ دەدەین جوڵە و ئاکار و بەشداری ڕووداوەکـان و مێـژووی نـاوچەکە لەم سـەردەمەدا بەشـداریان کـردووە، ئەمەش بەشـێکی لەنامەکـانی شمشـارەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە و ناویـان هـاتووە. وەک دەردەکەوێـت لوللوبییەکـان لە کۆمەڵگـایەکی هۆزایەتیـدا ژیـاون، شانشـین و میرنشینیان پێکهێناوە، لەکاتی شاڵاو و مەترسی دەرەکیدا یەکیان گرتووە، لەکاتی تریشدا ناحەز و ڕکابەری یەک بوون، لەنامەکانی شمشارەدا (پاشاکانی لوللوبی)مـان بەرچاو دەکەوێت، پەیوەندیان لەگەڵ (کوواری) فەرمانڕەوای شمشـارە دا هەبووە، لوللوبییەکـان شـایەکیان هەبـووە نـاوی (ئیمماشـکو (ش) (š) Immašku) بـووە و هاوشـانی پادشـایانی (تـوکریش) و (ئیلام) بووە[٣٥]. هەروەک لەنامەکـانی (شمشـارە) دەرکەوتووە، لوللوبییەکان لە شانشینەکانی تری ناو دۆڵەکان جیا بوون، ئەمانە بە ناو دۆڵەکانی کوێستانەکاندا بڵاو بووبوونەوە، لەناوچە چیاییە سەختەکاندا یەکەی

٣٤ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٨.

٣٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

سیاسی بچوک بچوکیان هەبووە، لەنامەکانی شمشارە دەردەکەوێ، لە پاراستنی ئاشتی و بەردەوامیدا بەپەیوەندی باش بووە، لەگەڵ سەرداران و پادشایانی لوللوبییەکاندا بۆ دابین کردنی گەیشتنی بەردەوامی دانەوێڵە، بۆ شانشینی (توروککی) یەکان لە دەروبەری (شوشاررا)، یەکجار گرنگ بووە، بەڵام ئەم نامانە دەری ناخەن ئایا لوللوبییەکان خۆیان بەرهەم هێنی دانەوێڵە بوون یان ڕێگاوبانەکانی گشتیان بەدەستەوە بوو، نامەیەک هەیە باسی سەرکەوتنێکی لوللوبی دەکات، بەسەر (ئیشنوننا) ڕەنگە لەوکاتەدا بووە، کە (ئیشنوننا) هاوپەیمانی (شەمشی - ئەدەد) بوو[36]، ئەگەر ئەمە وا بووبێت، بەڵگەی هێز و دەست ڕۆیشتوویی لوللوبییەکان لەو سەردەمە دەردەخا. پێدەچێت پاشا لوللوبییەکان لەناوخۆیاندا کێشەیان هەبووە، چونکە هەندێکیان لەلای (کوواری) پەنابەر بوون. ڕەنگە ئێمە ئەو نامە گرنگەی لەلایەن (زیگلەر) بڵاوکراوەتەوە لەپێش چاوبگرین، کە (ئیشمی - داگان) داوا لەبراکەی دەکات بۆ پێدانی زانیاری لەسەر سزادنی (دۆڕان)ی (ئیشنوننا) لەلایەن لوللوبییەکان، (زیگلەر) نامەکە بۆ کاتی (قابرا) دەگەڕێنێتەوە، کاتێ (دادوشا) و (شەمشی - ئەدەد) هاوپەیمان بوون، ئەم بەڵگەیە زەحمەتە بۆ هەڵسەنگاندن، بەڵام ڕەنگە پشتگیری ئەو هزرە بکات، لوللوبییەکان زاراوەیەکی ڕەچەڵەکی بوو[37].

## گوتی/یەکان

گوتی یەکێکە لە نەتەوەکانی زاگرۆس و کوردستانی کۆن، لە دێر زەمانەوە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگیان لەناوچەکە گێڕاوە، هەروەک لەبەشی سێیەمدا ناساندنێکمان دەربارەی ئەوان پیشاندا، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناکات لێرە بەوردی باسی بکەینەوە، تەنیا دەمانەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشین هەتا سەردەمی ڕووداوەکانی ئەم نووسینەش، بایەخی مێژوویی خۆیان لەدەست نەداوە، تا سەردەمی کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی و ڕووخانی بنەماڵەی سێیەمی ئور و

---

٣٦ مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد دەڵێت: بەداخەوە ناتوانین بەتەواوی لەوەرگێڕانی دەقەکە دڵنیا بین کامیان لەشەرەکە سەرکەوتوو بووە و کامیان بەزیوە نامەکە تەنیا ئەوەندەی تیدایە کەدەلێت:"da-am-di- im- ša-LU eš-mun-na ki(1.4)"

"da-am-di—im ša Lu-ul-li-im''(1.11)

37 Eidem and Læssøe, P 31

فەرمانڕەوایی ئاشوورییەکانیش گوتییەکان، یەکێک لە هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە بوون، لەسەردەمی ئەرشیفی شمشارەدا گوتییەکان بەفەرمانڕەوایی (ئیندوشیشی)ی پادشایان هەڕەشەیەکی ئەوەندە گەورە بوون بۆ دەوروبەریان، بەتایبەتی شانشینی(توروککی) یەکان، کە پاڵی پێوەنان ئەو هاوپەیمانێتییە لەنێوان خۆیاندا مۆر بکەن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتییەکان، لە نامەی (SH812 شمشارە) دا باسی کراوە، بەڵام وادیارە (ئیندوششی) پاشای گوتییەکان لەوە دڕتر و جەربەزەتر بووە بەری پێ بگیرێت، چونکە هەروەک لە پاشتردا دەبینین، توانیویەتی (توروککی) یەکان ببەزێنێت[38].

گۆتییەکان ئەو کۆنە دوژمنەی لە سەردەمی پاشاکانی ئەکەدییەکان هەڕەشەیان لە دژی گەلانی دەشتەکانی میسۆپۆتامیا پێکدەهێنا، بەپێی نامەکانی (ماری) وەکو (قوتور) دەرکەوتن، لە ناوچە شاخاویەکانی ڕۆژهەڵاتی باشوور دوژمنێکی گەورەبوون[39]. هەمان حاڵەت لە (لیلان) هەبووە، نووسینەکان لە ساڵی (١٧٥٠ – ١٧٣٠ پ.ز) ئاماژەی بەوە کردووە گروپێک لە گوتییەکان لە خابوور بوون، دەبێ دوای ئەوەی زیاتر لەسەدەیەک گوتییەکان فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیایان کرد، دوای شکاندنیان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنی کۆنی خۆیان، دوورنییە هەندێکیان بەرژەوەندیان لەو وڵاتە جێگیر بووبێ و لەگروپی بچوک بچوکدا ماونەتەوە و لەوڵاتەکە نیشتەجێ بوون، لەهەموو حاڵەتەکاندا ناوی گوتییەکان بەکار هاتووە، بۆ مەبەستێکی زیاتر، وەکو بەخشینی زەوی، بەڵام وەکو گروپێکی جیای ڕەچەڵەک زمانەوانی بەکارنەهاتووە، لەهەندێ حاڵەتدا ناوی خەڵک وەکو گوتی هاتووە.

لە هەندێک ناوچە گوتییەکان بەرچاو دەکەون ئەکەدییەکان زۆرینە بوون، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک سەرنج بەکارهاتووە، لەو کاتەدا هەندێ ڕێگا هەبووکە گروپی تاکی و بچووک لەخەڵکی زاگرۆس لەشاری بچووک لەناوچوون، لەوانەیە لەناو زۆرینەی دانیشتواندا تواونەوە، بەڵام ئەو گوتییانەی پاسەوان بوون، لە باکووری میسۆپۆتامیا سنووربەزاندن و شتی تر لە ڕۆژهەڵات نایگرێتەوە، ڕەنگە لۆژیکانە بێت کە بەراورد بکرێن بەو سەربازە ئەڵمانیانەی لە ئیمپراتۆری ڕۆمانی کاریان دەکرد، پاسەوانەکانیان لە (سویسرا) ناسراون، بۆ مێژووی ئەوروپای تازە.

---

٣٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەراست، ل ٢٥٨.

٣٩ یورگین لیسۆ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

بەپێی بەشی دووەم لە سەرچاوەکان جگە لە (حامورابی) بەڵگەکان لە شمشارە باسی ئەم بابەتەیان کردووە، لەم ژمارەیەدا لەنووسخەی کۆنی بابلی دەربارەی پاشای گوتی (ئیردو - پیزیر). ئەوانەن ئەم شەڕانەیان لەدژی (شیموروم) لوللوبییەکان ئەژمار کردووە، ئەو شەڕەی لەناوچەی شاخاوییەکان، ئەمەش شەڕی دژی (نیریشوها) کرد، لە (Ensi) لەهەولێر. هەرچەندە ئەم ڕووداوانە دەبوو کۆنتربونایە لەچاو سەردەمی ئێمە، ئەوە گرنگە بۆ سیناریۆی جیوگرافی و سیاسی لەگەڵ بارودۆخی بابلی کۆن دەگونجی، لەکاتێکدا گوتییەکان خۆیان تێکەڵ کردووە، لەگەڵ شیموروم و ناوچەی دەوروبەری هەولێر، لەشکرێکی دە هەزار کەسی گوتییەکان پشتگیریان لە (ئیلام) کردووە لە میسۆپۆتامیا، ڕەنگە لەژێر فەرماندەی (پولوها)ی گوتییەکان بەشێکیان لەسەربازگەی (ئیلام)یەکان دروست کردووە، لەکاتی پاشایی گوتییەکان، (نەواریتوم)، (ئیلام)یەکان ڕەنگە شەڕیان کردبی لەدژی گوتییەکان و (نەواریتوم) یان گرتووە، ئەم خانمە ناوی هێنراوە، ئەوە دەزانین ئەم خانمە (١٠.٠٠٠) گوتی ناردووە لە دژی (لارسا). زانیاریە وردەکانی ئەم ڕووداوە هێشتا ڕوون نین، بەڵام ئەوەی گرنگە شاژنی گوتییەکان گرنگ دەردەکەوێ، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە ئەو شاژنە لەناوچەیەکەوە هاتووە ناوی (ناوار، نامار) ئەوە ڕەنگە بەشێک بێت لە وڵاتی گوتییەکان، وەکو (تورووککی) یەکان، و شانشینی (ئیلام)، گوتییەکان زاراوەیەکی جوگرافی سیاسیە و لە کۆمەڵێک ناوچە دروست بوون، بەپێی سەردەمی بەڵگەکانی شمشارە ئەوە دەردەکەوێ گوتییەکان[٤٠]. لەژێر فەرماندەی (ئیندوشیشێ)[٤١] دابوون، لە تۆمارەکانی دواتردا ئەوە جێگیرکراوەتەوە، لەلایەن (زازوم) لەکاتێکدا (نەواریتوم) ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ بەشی باشووری ناوچەی گوتییەکان[٤٢].

گوتییەکان بەفەرماندەیی (ئیندوشیشێ)ی پادشایان لەدوای ڕووخانی بنەماڵەی سێیەمی ئور هەمیشە هەڕەشەیەکی گەورە بوون بۆ دەوروبەریان، بەتایبەت بۆ

40 Eidem and Læssøe, P 32.

٤١ ناوی پادشای گوتی هەندێک جاریش بە شێوەی Endušše نووسراوە و جاری واش هەیە بەم شێوەیە Indušsu ئەمەی دواییان لەگەڵ ناوی ئینسی, زەبشالی Zabšali ی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا یەک دێتەوە، کەناوی ئیداسسوIndassuبووبروانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

42 Eidem and Læssøe, P 32.

هەرێمی بیتوێن و شمشارە، هەرچەندە فەرمانڕەوای شمشارە (کوواری) شانشینەکە پارێزراو بوو، لەلایەن شانشینی (توروککی) ناو شاخەکان کە پایتەختەکەی (ئیتابالخوم -Itabal - hum)، ئەو شانشینە لە شەڕدا بووە لەگەڵ شانشینی گوتییەکان[٤٣]. بەڵام ئەو شانشینە لەسەر دەستی گوتییەکان تێکشکا، دوای تێکدانی شانشینی (توروککی) شاڵاوەکانی گوتییەکان بۆ سەرخاکی (ئوتوم = بیتوێن) و دەوروپشتی نەوەستا بوو، بەردەوام پەلاماری ناوچەکەیان دەدا، نامەی (SH.859+881) لە دەقەکانی شمشارە لەلایەن سەر لەشکرێکی (شەمشی ئەدەد) بۆ (کوواری) نووسراوە بەڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەم بارە دەکات:

**" لەم کاتەدا ٢٠٠ سەربازی گوتی...بەردەوام هەڵدەکوتنە سەر وڵاتەکە و تۆش بێ دەنگی!"**

شەڕانگێزی گوتییەکان بەرامبەر بە (کوواری) و وڵاتی (ئوتوم - بیتوێن) هێندە پەرەی سەند بوو، ناوی هەندێ فەرماندەی گوتی بەرچاودەکەوێ، خەڵکی وڵاتی (ئوتوم)یان هەراسان کردووە، وادیارە (کوواری) خۆی لاداوە و نەیویستووە لەو کاتەدا شەڕیان لەگەڵ هەڵبگیرسێنێ، لەنامەی (شێپراتو)ی هاوڕێی بۆ (کوواری) ئەوە بەرچاو دەکەوێت، (شێپراتو) وەکو نیگەرانیەک بە (کوواری) دەڵێت: هەواڵ و ڕاپۆرتم بۆ دێن، (زوزوم)ی فەرماندەی گوتی خەڵکی وڵاتی (ئوتێم) هەراسان دەکات و مەڕەکانیان دەرفێنێ و تۆش بێ دەنگی، دەیەوێت بڵێ خەڵکی وڵاتی ئوتوم لە بێ دەنگی تۆ بەرامبەر بەم کێشەیە نیگەرانن و سەرزەنشتت دەکەن، بەڵام نۆکەرانت بۆ تۆی باس ناکەن، (شێپراتۆ)ی هاوڕێی (کوواری) کە لەنامەی (SH,812) خۆی بەبرای (کوواری) ناوبردووە و بە (کوواری) دەڵێت:

**".....هەر (ڕاپۆرتان) دەبیسم و زوزوم بەردەوام پەیوەندیە خراپەکانی خۆی پەرە پێ دەدا. وڵاتی ئوتێم هەراسان دەکات و مەڕەکانیان دەرفێنێ. کەس باسی پلانەکان (؟) ناکا بۆ تۆ و نۆکەرەکانت لە ڕووی دوور دەکەونەوە. کەس بۆ تۆ (ی) باس ناکا (واتە: سەبارەت بەوە سەرزەنشتت ناکا.[٤٤]"**

ئەم بارودۆخە دوای تێکچوونی بەرەی (توروککی) و داگیرکرانی (کونشوم)ی پایتەختی (توروککی) لەلایەن گوتییەکان، بارودۆخی (کوواری) و وڵاتی (ئوتوم)

43 Jesper Eidem, (2011).p.17.

٤٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

بەرەو خراپتر چوو، گوتییەکان ئەو دوژمنە سەرسەختە بوون بەردەوام لە هەوڵی تێکشکاندنی بەرگری (کوواری) دابوون، هەر بەم هۆیەشەوە (کوواری) وەک هاوپەیمان چوو بووە ژێر سایەی (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای ئاشووری، بەڵام وەک لەنامەی (SH,905)ی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ناردووە، ئاماژەی بۆ وتەیەکی (ئیندوششێ) تێدایە، گوایە کاتێک (کوواری) داوای کۆمەک و چوونە ژێر ڕکێفی (شەمشی – ئەدەد)ی کردووە، (ئیندوششێ) بۆ پەکخستنی هەوڵەکانی (کوواری) بۆ لای (شەمشی – ئەدەد) چووە، دەست و دیاری باشی وەک زێڕو زیوی لەگەڵ خۆی بردووە و پێشکەشی (شەمشی – ئەدەد)ی کردووە، کە هاوکاری (کوواری) نەکات، بۆ ئەوەی ئەویش پلانی پەلاماری وڵاتی (ئوتوم) بدات، (شەمشی – ئەدەد) بەرژەوەندیەکانی لەوەدا بوو لەو کاتەدا پشتگیری (کوواری) بکات و لە (ئیندوششێ)ی بیپارێزێت، بەڵام گوتییەکان دەستبەردار نەبوون، کەوتنە هەوڵدان بە ڕێگای دیپلۆماسی و بەکارهێنانی فرت و فێڵ، لەم ڕێگایەوە ئاشوورییەکانیان هێوردەکردەوە، بەڵام بەهۆی ئەو گومانەی هەڵسوکەوتی (ئیندوششێ) لای نوێنەرەکەی (شەمشی – ئەدەد) بڕوای پێیان نەبوو، لەبەرئەوە داوای لە (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای کردووە، (کوواری) ژێر سایەیان هوشیاربکاتەوە لە نیازی (ئیندوششێ) و ڕێنمایی (کوواری) بکات دەبێ چ بکات، نامەی (SH,887) (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ئەمە باشتر ڕوون دەکاتەوە، کە دەڵێت:

**"وەرەد – شەڕڕیم لەلایەن ئیندوششێ وە گەیشتە ئێرە و پەیامی دامێ، ئیندوششێ تا سەرئێسقان لەدژتانە و ناهێڵێت بحەسێنەوە! ئەگەر هات و بەرەو لای ئێوە هات ئەوا دەبێت ئامادە بن و ئۆردوگاکانتان بڵاوە پێ مەکەن. وابکە هەموو لەشکرەکەت لە شوشاڕڕا کۆبێتەوە، وەکو ئەوەی دوژمن ئائەمڕۆ لێت نزیک بووبێتەوە.[٤٥]"**

سەرەڕای دڵنیاکردنەوەی (شەمشی – ئەدەد) دەربارەی بارودۆخی (کوواری) و پەلاماردانی وڵاتەکەی، گوتییەکان پەیمانیان بە (شەمشی – ئەدەد) دابوو، قاسیدێک بەناوی (ئیندوششێ) هاتووە بۆلای (شەمشی – ئەدەد) هەواڵەکەی داوە، هەتاکو (شوشاررا) لەژێر چاودێری (شەمشی – ئەدەد) بێت، (ئیندۆشیشێ) هێرشی بۆ نابا و دەست لە کاروباری (شوشاررا) وەرنادات، (ئیندوشیشێ Endušše – )ی

٤٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠-٢٧٢. – یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

سەرۆکی گوتییەکان بەهۆی پەیمانێکەوە بە (شەمشی – ئەدەد)ەوەبەسترابووەوە، بۆیە دەیەوێ وابەستەیی خۆی بەپەیوەندی لەگەڵ ئاشوورییەکان دەربخات، لەهەمان کاتدا خۆشیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی پەلاماری (شوشاررا) بدەن، هەر لەبەر ئەمەش (شەمشی – ئەدەد) باوەڕی بە وتەکانی (ئیندوششێ) نەبوو، هەر چەندە (وارد – شارریم) هەندێ ڕوون کردنەوەی بە (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای گەیاند بوو، بەڵام ئەو دڵنیا نەبوو، ئەم دەنگوباسە لەنامەی (SH, 920)ی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ڕوون کردۆتەوە:

**"..... کێ دەزانێ داخۆ قسەکانیان جێی بڕوایە، یان خاپێنە، لەوانەیە و لەوانەش نیە....واراد – شارریم بۆی ڕوون کردمەوە، ..... ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە قسەی کرد، .... ئیندوششێ ئەمەی خوارەوەی پێ گووتم: ( (من لە ناوچەی شوشاررا، ئەو وڵاتەی کە دەستی باوکمی بەسەر ڕادەگا، نزیک ناکەومەوە.[٤٦]"**

سەرەڕای ئاڵۆزی بارودۆخەکە و بەهێزی گوتییەکان، بەڵام (کوواری) هەوڵی زۆری بەکارهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای گوتییەکان، جگە لە بەکارهێنانی هێز، لەهەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بۆچوونی دوژمنانی دەدا، بۆ ئەو مەبەستە لەزۆر سەرچاوە هەواڵی پێ دەگەیشت، ئەوەتا هاوڕێیەکی (کوواری) جموجۆڵی گوتییەکانی لەنامەیەکدا بۆی نووسی بوو: سوپای گوتییەکان هێرش دەکات بۆ چەقی شانشینەکە لەم حاڵەدا شمشارە ناوچەیەکی زۆر مەترسیدار بوو، کەسوپای گوتییەکان یەکەم شوێن بوو کەدەیگەیشتێ[٤٧]. گوتییەکان دوژمنی سەرسەختی (کوواری) بوون، لە دەرفەتێک دەگەڕان پەلاماری وڵاتەکەی بدەن و داگیری بکەن، لەبەرامبەردا (کوواری) یش سەرەڕای کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی ئازایانە هەوڵی خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی گوتییەکانی دەدا، ئەو هەموو پاشماوەی شوار و قولله بەهێزەکانی هەرێمی بیتوێن گەواهیدەری لێهاتوویی (کوواری) و دانیشتوانی هەرێمی بیتوێنن، تا دواجار بەرگریان لەخاک و ئاوی نیشتمانەکەیان کرد، وەک لە داهاتوودا ئەمە ڕوون دەکەینەوە.

٤٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

47 Jesper Eidem, (2011).p.17

## قابرا

سـەردەمی پـاش هەرەسـهێنانی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور لە دەوروبەری (٢٠٠٤ پ.ز) ڕوویدا، کەبەسـەردەمی بـابلی کۆن ناسراوە، نزیکەی پێنج سەدەی خایاند و بەشی یەکەمی بەسەردەمی (ئیسن – لارسا) ناسراوە...ئەو سەردەمە دەوڵەمەند بوو بەچەنـد شـتێک: بە دەوڵەتە بەهێـزە زۆرەکـانی، بە دەوڵەتە بچوکەکـانی، بە چـالاکی گەلانی کوردستان، بە بەرز بوونەوەی هەندێک دەوڵەت بۆ لوتکە و پاش ماوەیەک دابەزینیان بۆ نشێو، بە نووسرا و نامە گۆڕینەوە لەنێوان پاشایان، هەروەها لەنێوان پاشـایان و فەرمـانبەرانی سـەر بەوان، بە ڕاپـۆرتی سـیخوڕان لەبـارەی بـارودۆخی وڵاتی دوژمن. یەکێک لەو دەوڵەتانەی ئەو سەردەمە ناوی بەرچـاو دەکەوێت (قـابرا) بـوو، دوای ڕووخـانی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور لە بـوژانەوە و گەشـە کـردن دابـوو، شـاری (قـابرا) نزیـک هەولێـر لەوانەیە نزیـک زێـی بچـوک بـووبێ. لە سـەردەمی (شەمشـی – ئەدەد)ی یەکەم (١٨١٣ – ١٧٨١ پ.ز) دا بەجێگـایەکی سـەرەکی دادەنـرا بۆ وڵاتی ئاشـوور. ئەو ئاماژە زۆرەی لە نامەکـانی (مـاری) دا بۆ ئەم شـارە کراوە، ئەو بـایەخە دەردەخـات (شەمشـی – ئەدەد) خـۆی و (ئیشـمی – داگـان)ی کـوڕی کە نوێنەری پاشا بوو لە (ئیکاللوتوم) پێیان داوە[٤٨].

قـابرا شـارێک و دەوڵەتێکـی گرنـگ بـوو، لەسـەر ڕێگـای نێـوان (ئەڕڕابخە/ـا) و (ئوربیـل= هەولێـر) بـوو، لەبەری زێـی خـواروو/بچـوک، نـاوی (قـابرا) لە دەقەکـانی (نـوزی)دا بە شـێوەی (کـابرا Kabra) هـاتووە، لەم دەقـانەوە وادەردەکەوێ لە دوو بەشـی سـەرەکی پێـک دێـت، (قـابرای گەورە) و (قـابرای بچـوک)[٤٩]. نـاوی (قـابرا) ئەوەنـدەی بـزانین تەنیـا لەو سـەردەمەدا دەبیسـترێت، جایـان ئەوەیە تەنیـا لەو سـەردەمەدا نـاوی هەبـووە یـان ئەوەیە پاش ئەو سـەردەمە نـاوەکەی گـۆڕاوە، ئەمە پەسند ترە، (قابرا) لە میلەکەی (دادوشا) دا بەخانەی دێرین ناوبراوە.

ئاشـوورییەکان نـاوی وڵات و شـارەکە بەشـێوەی (قـابراQabra – ) دەنووسـن، لەکاتێکدا لە دەوڵەتی (ئیشنوننا) بە (قابـارا) ناسـرابوو، دەشـبنین لە نـامەی (شـێپراتو) ناوێک کە فەرمانڕەوایەکی ناوچەیە (ڕەنگە لەڕۆژئاوای دەشتی ڕانیە بوو بێت) بۆ (کوواری) فەرمـانڕەوای (شمشـارە)ی نووسـیبوو، باسـی گرتنی شـارەکەی کـردووە، (کە فەرمـانڕەوای ڕانـیە لە ئاشـوورییەکانی وەرگرتبـوو و بـۆ شـێپراتوی ڕەوانە کردبـوو) شـێوەی (قابـارائێ – Qabarae) بەکاردەهێنێت، نـاوبراو دەنگـی (ئـێ) کە

---

٤٨ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣.

٤٩ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

کۆتـایی (خـوری)یە زیـاد دەکـات بـۆ ناوەکـانی تـریش، بەواتـایەکی تـر لـەو بەشـەی کوردســـتان کەدەکەویـــتە ڕۆژهەڵاتـــی وڵاتـــی (قـــابرا) شـــێوەی (قابـــارا) بەکاردەهات.(Sh.85).

دەوڵەتەکان لەجەنگ و ململانێیەکی بەردەوام دابوون، جاری واش هەبووە دوو دەوڵەت ماوەیەک لە حاڵەتی شەڕ دابوون، بەڵام دواتر بوونە هاوپەیمانی یەکتر ئەو لەشکرکێشیەی لێرەدا باسی دەکەین زیاتر دوو دەوڵەتی بەهێز دەگرێتەوە، ئەوانیش دەوڵەتـــی ئاشـــووری کـــاتی (شەمشـــی - ئەدەد)ی یەکەم (١٨١٣ - ١٧٨١ پ.ز) و دەوڵەتی (ئیشنوننا - Ešnunna) کە شوێنەواری ئەو شارە گردی (تەل ئەسمەر)ی نزیک (باقوبە)یە، جگە لەم دوو دەوڵەتە دەوڵەتی (ئیلام) و (لارسا) هەبوو، لە کاتێکدا بابـل هێشـتا دەوڵەتێکـی بچـووک بـوو، جـگە لەمـانەش دەوڵەتـی بچـووکتر زۆر هەبوون[50]. (ئیپیق ئاداد)ی دووەمی (ئیشنوننا) لەساڵانی یەکەمی (شەمشی - ئەدەد) شـاری (ئاراپخـا - Arrapha) (کەرکـوک)ی گـرت، پاشـای (ئیشـنوننا) ژمـارەیەک شاری گرنگی تری گرت، وەک ئاشوور و (قابرا - Qabra یان قابارا - Qabara) ی دەشـتی هەولێـر و (ئاشـناککوم) لەنـاوچەی سێگۆشـەی خـاپووری فـوڕات ...تـاد. پاش ئەمیـان (نەرام - سـین)، ئەمە (نەرام سین)ی ئەکەدی نیە، حوکی (ئیشـنوننا)ی کرد و پاشـان (دادوشـا -Dadušâ) برای (نەرام سین) بووە، بوو بە پاشـا، دوای گەشـەکردنی ئاشـوور ململانێـی نێـوان ئاشـوور و(ئیشـنوننا) بەردەوام بـوو، بەڵام دواتر دوو دەوڵەتەکە پێکدێن و تەنانەت شەڕی هاوبەش دەکەن.

شانشـینی (ئیشـنوننا) لەکـاتی سـەربەخۆییدا هەوڵیـدا کـاریگەری خـۆی بەرەو باکوور بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە پەرەپێ بدات، بەهۆی هاوپەیمانی ئاشـوور و لە ژێـر فەرمانـدەی (دادوشـا) پادشـا هەوڵیـدا بـۆ داگیرکردنـی شـاری (قەبـرا)[51]. (شەمشـــــی – ئەدەد) بەهاوپەیمـــــانێتی لەگەڵ (دادوشـــــا) پادشـــــای (ئیشـــــنونا) لەشکرکێشیەکیان کردە سەر (ئارابخا) و (قەبرا) و داگیریان کرد، پێدەچێت (دادوشا) ئەو شـــارەی داگیرکردبێـــت، چـــونکە (ئیشـــنونا) لەلای باشـــوورەوە هـــاتووە، و (شەمشـــی– ئەدەد) لەلای خۆرئـــاواوە، دواتـــر هەردوو هێـــزەکە لە (کاشـــتەپە - قوشـتەپەی ئێسـتا) بەیەک گەیشـتوون[52]، (دادوشـا) سـاڵێکی فەرمـانڕەوایی خـۆی بەنـاوی سـاڵی گرتنـی (قابـارا - Qabara) تۆمـار دەکـات، کەدەکـاتە دوایـین سـاڵی

---

٥٠ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

٥١ دۆن نادۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٥٢ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

حوکمی خۆی، چونکە هەر لەو ساڵەدا دەمرێت لە دەوروبەری (١٧٩١ پ.ز) لەو ساڵەدا (ئەرراپخا) و (ئوربیل) و شاری تریش دەیگرێن.

تا ماوەیەکیش ئەو ڕاستیە نەزانرا بوو، کە لەکاتی گرتنی (قابرا) و شارەکانی تر هەردوو (دادوشا) و (شەمشی ئەدەد) هاوپەیمان بوون، پێشتر میلێک دۆزرابووەوە، ئێستا پێی دەوترێت (میلی قابرا) ناوی پاشاکەی پێوە نەماوە و باسی گرتنی ئەو شارانە دەکات، زانیاری تریش لەبارەی ئەو شەڕانەوە دواتر بەهۆی نامەکانی (ماری) و (شمشارە) هاتنە دەست، بەڵام پاش ئەمانە دۆزینەوەی میلەکەی (دادوشا) ئەوەی ئاشکرا کرد، بەسەرهاتەکانی (میلی قابرا) نەک تەنیا باسی شەڕی (ئیشنوننا) و (ئاشوور) ناکات، بەڵکو لەڕاستیدا شەڕێکی هاوبەشی دوو دەوڵەتەکە بوو، (دادوشا) کۆمەکی (شەمشی – ئەدەد)ی کردبوو[٥٣].لەوکاتەدا (شەمشی – ئەدەد) شاری (ماری) و بەشێکی سووریا و دەشتاییەکانی باکووری وڵاتی دووڕووباری لەژێر دەستدابوو، (قابرا)ی هێشتا نەگرتبوو، (ئیشمێ – داگان Išme – Dagan) کوڕی (شەمشی – ئەدەد) بەرپرسی بەرەی ڕۆژهەڵات نامەی بۆ (یاسماخ – ئەدەد)[٥٤]ی برای، فەرمانڕەوای (ماری) دەنێرێت، کە شارەکانی وڵاتی (قەبرا) هەموویان گیران و تە (نیا) قابرا ما (وە).

لە ساڵی (٢٨)ی فەرمانڕەوایی (شەمشی – ئەدەد) (١٧٨٦ پ.ز) چەند ڕووداوێکی بەخۆوە بینی گرتنی (قابرا) یەکێکیان بوو، بەپێی ئەو میلەی بەمیلی (قابرا) ناسراوە، ڕای بەهێز ئەوەیە هی (شەمشی – ئەدەد)ە، پاشاکە دەڵێت: (قابرا)ی گرت، (دادوشا)ش لەمیلەکەیدا دەڵێت: (قابرا)ی لە دە ڕۆژدا گرت، و پادشای (قابرا) (بونو – ئیشتار Bunu – Iŝtar) کوژراو سەری برا بۆ (ئیشنوننا)، (دادوشا)ش دەڵێت: وڵاتی (قابرا)ی بەخشی بە (شەمشی – ئەدەد) ئەوەش ئاشکرا بووە لەشکری هاوبەشی (ئیشنوننا) و (ئاشوور) وڵاتی (قابرا)ی گرت، لەگرتنی شاری (قابرا)دا کوڕانی (شەمشی – ئەدەد) جگەلە (ئیشمی – داگان) و (یاسماخ – ئەدەد) کەوتبوونە دەستی (دادوشا)، (شەمشی – ئەدەد)یش بە (یاسماخ – ئەدەد)ی کوڕی دەنووسێت: ئەو نامەیەی بۆ پادشای (ئیشنوننا) نووسرابوو بۆی بنێرێت، و داوای بەردانی ئەو

٥٣ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

٥٤ یاسماخ– ئاداد: هەندێک جار بە(یەسمەخ– ئەدەد) نووسراوە ڕەنگە لە بنەڕەتدا (یەسمەع ئاداد) بێ، واتە ئاداد ببیستێ یان ئاداد دەبیستێ بێت: فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان کتێبی دووەم– (ڕەخنە)، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٩.

کوڕانە بکات، ئەویش ئەگەر (ماگیئوم Malgium - ) کەوتۆتە خوارووی (ئیشنوننا) لەلایەن ئاشووریەکانەوە گیرا.

دادوشا ناوی (شارە شورە دراوەکانی) وڵاتی (قابرا) کە گیرا بوون دەهێنێت: (توتاررا Tutarra - ، خاتکوم Hatkum - ، خورارا Hurara، کێرخوم Kerhum - )، ئەوەی دواییان کەپێشتربە (قیرخادات) خوێنرابووەوە، نامەیەکی (ماری)ش ناوی هەمان ئەو شارانە دەبات: (توتارروم Tutarrum - ، خاتکا Hatka - ، خورارا Hurara - )، کە (ئیشمی - داگان) گرتبوونی، چەند نامەیەکی تریش ناوی شاری تر دەهێنێ: (کێرخومKerhu - ) (لەمانگی ئادداروم) و ناویشاری تر دەبەن لە (میلەکەی دادوشا) نین: (شونخوم Šunhum - ، ئائیننوم Ainnum - ، زامییاتوم Zamiatum - )، هەردووکیان لە قەراغی زێی بچووکن و دووەمیان لەنامەیەکی (شمشارە)دا هاتووە و (سارریما)کە ئەمیان دیسان لەنامەیەکی (شمشارە)دا ناوی هاتووە، بەڵام لەدەقەکەدا تەنیا هێمای (سا) و بەشێکی هێمای (را) بە ساغی ماوەتەوە[٥٥]. هەواڵێک بۆ (زیمری - لیم) نێردرابوو، باسی لەشکرێکی (قابرایی) لەگەڵ لەشکری تری کردووە و ڕووداوێک تۆماردەکات، لە زنجیرەی شەڕەکانی نێوان دوو بەرە یان زیاتر کە مۆرکی ئەو کاتە شێواوەی ئەو ناوچانە بوو:

٢ هەزار توروککی

٢ هەزار قابرایی

هەزار یاخورروم Iahrurum

ئەمانە پەلاماری ئەو دامەزراوەی ڕووبارەی (ئیشمی - داگان) دروستی دەکرد، ئەویش دێت بۆ کۆمەک و دەیانبەزێنێت.

(توروککی - توروککوTueukki - Turukku) یەکانیش خێڵێکی (خوری) ڕەگەز بوون و لەڕۆژهەڵاتی هەولێر دەژیان، لەوکاتەدا زۆر چالاک بوون، (توروککی)یەکان لە (قابرا) یان لەناوچەکانی نزیکی جۆرە دەسەڵاتێکیان هەبوو) بە نیشتمانی خۆیانیان دەزانی (qaqqar uapiŝtim). سەرەڕای ئەوەی (قابرا) لە ژێر هەڕەشەی ئاشوورییەکاندا بوو، بینیمان (کاکم)یەکان هەڕەشەیەک بوون لەسەر (قابرا)، نەک تەنیا ئەوان بەڵکو گوتییەکانیش هەڕەشە بوون و مەترسی ئەوان گەورە تربوو.

---

٥٥ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

(توروککی)یەکان دوژمنایەتیان لەگەڵ گوتییەکاندا هەبووە، ئەو دوژمنایەتیە تا ئەو کاتە درێژەی کێشا بوو، لەلایەکی دیکە (توروککی)یەکان دوژمنی (ئیشمی - داگان) بوون، ویستبوویان کۆمەکی (خانتو - راپی)ی(قاططرا -تل الرماح) ڕۆژئاوای موسڵ نزیک تەلەعفەر بکەن، تاکو پایتەختەکەی خۆی دەست بکەوێتەوە، بەڵام ناچار بوون پاشەکشە بکەن، چونکە گۆتییەکان کە (زوزوم) ناوێک پاشایان بوو، پەلاماری وڵاتی (قابرا)یان دا، لە نامەکەی سەرەوەش کەباسی هێزی (توروککی)یەکان و (قابرا) و (یاخورروم) بەجیاکراوە، دیارە (قابرا) فەرمانڕەوای تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام ئەوەش ڕێی تێدەچێت هەروەک (ئایدم) بۆی چووە، ئەو پاشایە شوێنکەوتەی (توروککی)یەکان بووە، کە ئەو کاتە (زازییا) پاشایان بووە[٥٦].

لەسەردەمی (قەبرا)دا شاری (کاشتاپپوم -قوشتەپە) لەنامەیەکی شمشارە دا هەیە، ناوەکەش بەبێ پاشگری (ئوم)ی ئەکەدی بریتیە لە (کاشتاپپو...) بێ گومان پاشگرە ئەکەدیەکە بۆ ئەو ناوانەش زیاد دەکرا ئەکەدی نەبوون، بۆ نموونە: لوللوبوم...بەپێی باسەکانی نامەکە پێدەچێت شارەکە لەباکووری زێ بووبێت، واتە دەشتی هەولێر، ناوی (کاشتاپپوم) کە ئێستا بۆتە (قوشتەپە - گردی باڵندەی تورکی) نموونەیەکە لەسەر ڕەگەزپەرستی تورکە میوانەکانی خاکی کوردستان لەسەر گۆڕانی ناوی کۆن بۆ ناوێکی نوێی نزیک، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەک لەنێوان دوو ناوەکە یان تەنانەت لەنێوان دوو زمانەکەش هەبووبێت، هەروەک لە سەردەمی بەعسیە ڕەگەز پەرستەکانیش ئەم کارە دەکرا.

لە پاشایانی (قەبرا) دووان دەناسین: یەکەمیان (بونو - ئەشتار)ە، ناوەکەی یا ڕاستتر بەشی یەکەمی ناوەکەی ئاموریە (ئایدم) دیارە هەر ئەوەیە لەنامەیەکی شاری (ماری)دا بەناوی (گەورەی قەبرا) هاتووە، باس لە بەزاندنی کراوە، پادشای دووەمی (قەبرا) دواتر فەرمانڕەوایی کردووە، لەدەقێکی (ماری)دا ناوی هاتووە (ئارداگاندا) وتراوە پادشای (قەبرا)یە لەنامەیەکی (ماری)دا هاتووە بۆ (زیمری لیم) نێردراوە[٥٧]. وڵاتی (قابرا) لە لەشکرکێشیەکی هاوبەشی (شەمشی - ئەدەد) و (دادوشا Daduša - )ی (ئێشنوننا) داگیرکرا[٥٨].

---

٥٦ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢-١٢٣.

٥٧ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

٥٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

**میلەکەی قابرا**

**"بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بۆ .....هەڵگەڕام. دوای ئەوەی چوومە ناوله ئارراپخوم، بۆ حەوت ڕۆژ ئاهەنگم گێڕا، قوربانیم پێشکەش کرد.. بۆ ناوەڕاستی چووم، پێی خواوەند ئادادی سەروەرم ماچ کرد و ئەو وڵاتەم دامەزراند. فەرمانڕەواکانی خۆمم دامەزراند، لەکاتی جەژنی ئاکیتۆ[٥٩] – Akitu دا قوربانیم له ئارراپخادا پێشکەش به شاماش و ئاداد کرد. لەمانگی ئاداردا لەڕۆژی بیستەم دا له زێ Za ibum – پەڕیمەوە، لەشکرکێشی تالانکەرم وڵاتی قابرا کرد. بەروبومی ئەو وڵاتەم لەناو برد، شاره شوره دراوەکانی وڵاتی ئوربی ئێل Ur – bi – e – el– لەمانگێکی گونجاودا هەموویانم گرت. لەهەموو شوێنێکدا قەڵاکانی خۆمم دامەزراند. قابرا، من ... له... بەروبومەکانی، هەرچییەک باش بوو لەناوم برد. ئەو شاره لەمانگێکی ...دا نه...ئەو شاره لەمانگێکی ...دا "** قەراغی میلەکه نووسینی شکاوی لەسەره: **خواوەند... بەڕاستی)**[٦٠].



هەواڵنامەی کتێب

**وێنەی ژمارە (١٤)، میلی سەرکەوتنەکەی دادوشای پادشای ئیشنوننا بەبۆنەی گرتنی قابراوە،کە لە ئەنتیکەخانەی بەغدا پاریزراوە، سەرچاوە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.**

---

٥٩ جەژنی (ئاکیتو) جەژنی سەری ساڵە، لەیەکەم ڕۆژی مانگی (نیسان) دەست پێدەکات. ئەم مانگەش ڕێکەوتی مانگی ئاداری ئیستا و سەرەتای مانگی (نیسان)ی ئێستایە.

٦٠ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

## دوای مردنی دادوشا

دوای داگیرکرانی (ئەرراپخا) و (ئوربیل) و شارەکانی تریش، ئینجا ساڵی گرتنی (قابرا Qabrā - ) دەکاتە دوایین ساڵی فەرمانڕەوایی (دادوشا) لە دەوڵەتی (ئیشنوننا)، چونکە هەر لەو ساڵەدا دەمرێت، لە دەوروبەری (١٧٩١پ.ز). ئیتر ناوچەکانی (ئارابخا) بەهۆی لاوازی (ئیشنونا) و مردنی (دادوشا)وە، کەوتە دەست (شەمشی - ئەدەد)، لێرە بەدواوە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی مێخیەوە، پەیوەندی نێوان (ئەرابخا) و (توروککی) نەزانراوە. بەم شێوەیە شانشینی (توروککی) بەهۆی داگیرکرانی (قابرا) بەشێک لەناوچەکانی لەدەستدا[٦١].

(شەمشی - ئەدەد) لەگەڵ کوڕەکانیدا بەردەوام درێژەیان بەجەنگەکانیان دەدا لەگەڵ دراوسێکانیان، لە نامەیەکدا بۆ کوڕەکەی دەنووسێت (قوبرەم) تێکشکاند[٦٢].ئەو سەردەمەی هێزی ئاشووری لە ترۆپکی خۆی نزیک کەوتبووەوە، داگیرکردنی (نوروگوم) لەلایەن (شەمشی - ئەدەد) بەرووداوێکی گرنگ دەزانی لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا، لەساڵی (١٧٨٦پ.ز)[٦٣] ساڵی داگیرکردنی (قابرا) [٦٤] بوو لەلایەن ئاشوورییەکانەوە. لەهەمان کاتدا (شەمشی - ئەدەد) ڕەفتاری دەکرد وەک سوپایەکی گەورە، چەند هێرشێکی کرد لە دەوروبەری هەولێری نوێ، ناوچەکەی داگیر کرد ونزیک بۆتەوە لە دەشتی ڕانیە هاوڕێیەکی (کوواری) ئەم فراوانخوازیەی (شەمشی - ئەدەد) مەترسی لەسەر شانشینەکانی ناوچەکە دروست کردبوو، بۆیە هاوڕێیەکی (کوواری) نامەیەکی بۆ نووسیووە لەنامەکەدا بۆی نووسیووە:

**"من ئەو نامەیەم خوێندەوە کە تۆ بۆت ناردبووم، ئەو شوێنەی تۆ دەربارەی نووسیت،گەڕایەوە و دەربارەی شەمشی - ئەدەد گوتی: ئەوەی شەمشی - ئەدەد بەمنی گوتووە هەواڵێکی خۆشە ئەو شاری کەرکوک شکاندووە وە بەرەو دواوە جوڵاوە و هێرشی بۆ ئەربیل Erbil، قەبرا Qabrā کردووە و داگیری کردووە،**

٦١ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

٦٢ دۆن نادۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٦٣ فاضل قەرەداخی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

٦٤ ساڵی داگیرکردنی قەبرا چەند ڕایەکی جیاوازی لەسەرە، فاضل قەرەداغی، مێژوی دێرینی کوردستان، لە (ل ٢٠)، ساڵی (١٧٨٦ پ.ز)ی داناوە، کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوک، لە (ل ٩٠) ساڵی (١٧٩١ پ.ز). تۆمارکردووە، یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، لە(ل٩٣) ساڵی (١٧٩٢پ.ز) دیاری کردووە.

**Šهەروەهـــا کـــوڕەکەی نـــارد لەگەڵ ٦٠٠٠٠ ســـەرباز ئـــابلۆقەی شـــاری (Narugum=mosul)یدا ئەوەی تۆ لەنامەکەدا تۆ بۆ منت نووسی و بۆ منت نارد. ئاماژەیان بە هەواڵێکی کرد، خۆشبەختانە شەمشی – ئەدەد نەیتوانی دەست بەسەر هەموو وڵاتەکەدابگرێ، ئێمە پێویست ناکات خەم بخۆین".**

هەروەها نێرەرەکە ڕاپۆرتی بۆ (کوواری) نووسیوە: "**شەمشی – ئەدەد بەهۆی ســەرقاڵی بەداگیرکردنــی شارەســەرەکیەکان لەڕۆژئــاوای** (دەشــتی ڕانــیە)، **هیــوا بەخشانە ئەو زۆر سەرقاڵ بوو نەیتوانی لەلای ڕۆژهەڵات بەرەو پێشەوە بڕۆن**"[٦٥]. شمشارە ئێستا بووە خۆرهەڵاتی خاڵی پێشووی سنوور لە میرنشینی (شەمشی – ئەدەد) لەکاتی گەیشتنی نامەکە لە برادەرەکەیەوە.

ئەم هێرشـەی (شەمشـی – ئەدەد) مەترسـی زۆری بـۆ سـەر نـاوچەکە دروسـت کـرد، بـۆیە (شـێپراتو Šepratu) یەکێـک لە پادشـایانی (تـوروککی) چیاکـانی ئەو نزیکانە بوو، هەموو خەمی ئەوە بوو بزانێت هەنگاوی داهاتووی (شەمشـی – ئەدەد) پاش گرتنی (قابرا) چی یە؟ ئەم خەمخۆری و دڵەڕاوکێیە بەڕوونی لەنامەیەکی بۆ (کوواری) ناردووە، دەیەوێت لەڕێگای هەواڵگری (کوواری)یەوە لەوە دڵنیا بێت، هێرشی داهاتووی (شەمشی – ئەدەد) بەرەو کوێیە، لەنامەی (SH 812) دەپرسێت:
**" دەبێت بزانیت نیازی شەمشی – ئەدەد چی یە ؟، ئەگەر نیازی وابوو بەلایەکی تردا بچێت خەمی وڵاتی ئوتوم مان نابێت"**

لەمەوە دەردەکەوێـت (کـوواری) فەرمـانڕەوای (شوشـاڕرا)، سـەرەڕای ئەوەی سـەرکردەیەکی وریـا و زیـرەک بـووە، لەڕووی هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیـاری دەزگایەکی شیاوی هەبووە، کە بتوانێ نهێنی مەبەستی داهاتووی پاشای ئاشـووری بزانێ، یان لانی کەم دڵنیایی بداتە هاوپەیمانەکانی.[٦٦] ئەم لێهاتوویەی (کوواری) لە کـۆکردنەوەی هەواڵ و زانیـاری، نەک هەر هاوپەیمـانە خورییەکـانی پشـتی پـێ ببەسـتن، بەڵکـو بـووەتە هـۆی ئەوەی (شەمشـی ئەدەد)یـش دوای ئـەوەی بـوو بەهاوپەیمانی داوای کۆکردنەوەی زانیاری لە (کوواری) کردووە.

65 Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul.p.17.(٢٠١٢) .

٦٦ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.

## شانشینی کاکموم

کاکموم[٦٧] یەکێکە لە شانشینە چالاکەکانی زاگرۆس، ئەگەرچی زانیاریەکان دەربارەی ئەم شانشینە کەم و دەگمەنن، لەگەڵ ئەوەشدا لە نامەکانی شمشارە و سەرچاوەی تری، وەکو(تل لیلان) و ماری بەڵگەن لەسەر ئەوەی (کاکموم) خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە، کە زانیاریەکان لەلایەن (ئەستۆر) کورت کراوەتەوە، کەوتۆتە شوێنێک لەنێوان (ئیکالاتوم) و (ئەربیل)، ئەو شوێنە بەشێک نیە لەو بەڵگانەی کە لە شمشارە هەن، (کاکموم) وەکو دوژمنی (شەمشی – ئەدەد) بووە، لەو کاتەدا لەگەڵ ئەربیل هاوپەیمان بووە[٦٨].

وڵاتی (کاکموم) ناوێکی جوگرافی ناسراو بووە، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانەوە، لە ئەرشیفی (ئیبیلا)دا ناوی هاتووە، لەم ئەرشیفانەدا بەشێوەی (کاکموم Kakmium – ) نووسراوە و باس لەبوونی پەیوەندی بازرگانی لەنێوانی ئەم و (ئیبیلا) دەکەن، لەهەندێک لەو بەڵگەنامانەدا باس لە سەردارێکی ناونەبراوی (کاکموم) کراوە، داوای بەدەست گەیاندنی کاروانێکی ڕیس و جل و بەرگ دەکات، بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر دەبوایە بارەکان بگەنە شارێکی تری قەڵەمڕەوی (کاکموم)[٦٩]، ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی (کاکموم) لەسەردەمانێکی زۆر زووەوە شانشینێکیبەهێز و دەست ڕۆیشتوو بووە، شاری تر و لەوانەشە هەرێمی تری دەرەوەی ناوچەکەی خۆی لەژێر دەستدا بووە، (کاکموم) لەسەردەمانی دواتریشدا هەر گرنگ بووە، لەڕاپەڕینە گەورەکەی دژ بە (نارام سین)ی ئەکەدی بەشدار بووە[٧٠]. لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوریشدا بەردەوام بووە، هەرچەندە زۆر کەم ناوی هاتووە، بەڵام دەبێت لەشکرکێشی هەر کرابێتەسەر، چونکە دەقێکی

---

٦٧ بۆ خوێندنەوەی ناوی ئەم وڵاتە بەشێوەیKak-mi-im نەک Ni-mi-im لە سایەی پڕۆفیسۆر فێینهۆفەوەیە، لەیەکەم خوێندەنەوەی ئەم ناوەدا کەلە هەزار مێرد بڵاوکراوتەوەبە"نیموم" خوێندراوەتەوە. (کۆزاد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥) (col. Iv,– 13), p.8,10 Shsffer andwasserman,. تێبینی بکە لەم باسە ئاماژە بۆ کراوەدا ناوی کاکموم بەهەڵ بە نیموم خوێندراوەتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی نیشانەی میخی KAK لەزۆر نووسیدا بەهەمان نیشانە NI نووسراوە- کۆزاد محەمەد ئەحمەد،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

٦٨ Eidem and Læssøe, P 23.

٦٩ وۆکەر "EN KAk-mi-um" ی بەپادشای کاکموم وەرگێڕاوە،لە لۆگۆگرامیEN ی سۆمەری واتای " سەردار، سەروەر، فەرمانڕەوا" دەبەخشێت.-کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

٧٠ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

له ئەرشیفی شوێنەواری (درێهم) (پوزریش – داگان – Puzriŝ - Dagan)ی کۆنەوە باس لە پێدانی مەڕ دەکات، بەسێ کەسی خەڵکی (کاکموم).

لەمەش زیاتر پێدەچێت، شوێنی (کاکموم) دەبێت لەچاو شارو ناوچەکانی تردا لەسومەرەوە دوورتر بووبێت، بەڕای (وۆکەر) دەبێ ئەوە هۆیەکی تر بووبێت بۆ کەم ناو هاتنی لە بەڵگەنامەکانی سومەری ئەو سەردەمەدا، بەڵام ناوهاتنی (شاشروم) و (ئوربیلوم) و ولاتانی تر لەبەڵگەنامەی سومەرییەکانی هەمان سەردەمدا، دیارە لەهەمان مەودای دووریدا بوون، پاڵپشتی ئەم ڕایەی (وۆکەر) ناکات، بەڵکو پێدەچێت (کاکموم) هەروەک سەردەمانی تر، هێندە بەهێز بووبێت بتوانێت خۆی بپارێزێت و بەرپەرچی شاڵاوە سومەرییەکان بداتەوە، هەرچەندە دواتر کەم ناوی هاتووە، وادیارە ئەم جەربەزەیی و سەرسەختیەی (کاکموم) سەردەمانێکی زۆری دواتریش هەر بەکاربووە، دەبێ هۆی ئەوە بووبێت (١٤٠٠) ساڵێک پاشتر (سەرجۆنی) ئاشووری (٧٢١ – ٧٠٩ پ.ز) بە (کاکم)یەکان بڵێت:"**دوژمنە شۆفارەکانی ولاتی کاکمی**"

بۆ پاڵپشتی ئەمەش نووسینەکەی (ئۆرشەلیم) تیایدا (ئیددین سین) بەڕاشکاوی دەڵێت:

"**ولاتی کاکموم لەڕۆژانی هەرە دێرینی یەوە باجی ]بە[ هیچ کەس ]نە[داوە**"

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی کۆندا (کاکموم) هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگی لەناوچەکە گێڕاو.

### ڕۆڵی (کاکموم) لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین

کاکموم لەهەندێ نووسینەکانی (ئیلا) ئاماژەی بۆ کراوە، کە ناوێکی هاوشێوەی هەیە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای سوریا، لە نوسینەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور (کاکموم) ناوی هاتووە لەگەڵ (گوماراشی -Gumaraši) و (شیرشی -Šierši) لەگەڵ (شیشابی -Šešabi) کە بەشێوەیەکی باش تۆمار نەکراون، بەشێکن لە باکووری ڕۆژئاوای میسۆپۆتامیا[٧١].

لەسەردەمی (نەرام – سین) یش ڕاپەڕینێکی گەورەبەهەر چوار لای جیهان دا لەدژی بەرپا کرا، بەشدارانی (پوتتیم – ئەتال -Puttim - atal) پادشای خوری و

---

٧١Eidem and Læssøe, P 23.

پادشـای (شـیموررروم)و (گـولا - ئـان an - Gula - ) ی (گـوتی) و پادشـایانی (کاکموم) و (لوللوم) و (توروککو) بوون. پاشای (کاکموم) یەکێک لە چالاکەکانی ئەم سـەردارانە و لەگەڵ پادشـایانی تـری بەشـداری ڕاپەڕینەکە، بەیەکێک لەو پاشـایانە دادەنرێت، لەدەسەڵاتی (نەرام سین) ڕاپەڕین و بەرەوڕووی بوونەوە[٧٢].

**کاکموم لە هەزاری دووەمی پێش زایین**

**ا - لەکاتی (شەمشی - ئەدەد)**

یەکێک داوای کرد لەپادشاکانی (ئیلام) و (نامری) بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سـەر (کـاکموم)، بەپێـی تۆمارەکـان (یاشـوب - ئەددو)ی لە (ئەخـازوم)، کە شـوێنێکە لەباکووری کە نارواوەکانی زاگرۆس لە خوارووی دوکان، لەنزیک کۆیەی ئێستا لە (شەمشـی - ئەدەد) جیـا بـووەوە و بـووە هاوپەیمـانی (کـاکموم). یەکێـک لە فەرمـانڕەوای (کـاکموم) بە نـاوی (موشـکاوێ -Muškawê) پەلامـاری شـارێکی نەناسـراویاندا بە (کبگیشـی -Kigibiši) بانـگ کـراوە، (کـوواری) داوای کـرد پەلامارێکی پیاوانە بدەن.

**ب - کاکموم لەکاتی (زیمری - لیم)**

ARM VI 7 ئاماژەی بەوە کردووە (کاکموم) دوژمنی ماری بووە.

ARM vi 2 -(بوقاقوم -Buqaqum) ئاماژەی بەوە کردووە، لە (ئیکالاتوم) کە لە (گورگـوروم) بـوو، (کاکموم)پەلامـارێکی لەپڕی بردوو بـۆ (قـابرا) بە (٥٠٠) پیـاو، تـوانی لەشـکرێکی (٢٠٠٠) کەسـی ببەزێنـێ، کە لەلایەن (ئەردگانـدی) یەوە نـاردرا بوون لە (قـابرا)وە. (ئەددیجـاتوم -Iddijatum) ڕاپۆرتی کردووە، هێزی (زیمـری - لیم) گەیشـتووە لە (قـابرا)وە، دەڵێ (جادورانوم -Jaduranum) پیاوەکانی پەلامـار دراون لە نێوان (ئەرەفە) و (کاکموم)[٧٣].

**ج - لەکاتی (ماری) دا**

کاکمییەکان لەدەقەکانی شمشارەدا ناویان هـاتووە، تەنانەت لە دەقی ئابووریشـدا ناویان هاتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کاکمییەکان لەو نـاوچەیە باڵادەست بـوون،

٧٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

٧٣ Eidem and Læssøe,, P 23.

دواتر لەسەر دەستی (حامورابی) لەساڵی (٣٧)یەمی فەرمانڕەوایی (حامورابی)دا بەزێندران و کۆتایی بەدەسەڵاتیان هات. بەڵام دوای مردنی (شەمشی – ئەدەد) (١٧٨٢پ.ز) بەهۆی کزی و لاوازی دەسەڵاتی ئاشووری لەسەردەمی (ئیشمی – داگان)ی کوڕی، پێویست بوو هاوڕێیەتی ببەستێت لەگەڵ دەوروبەری دژی بابل و ماری لەبەر ئەوە هاوپەیمانی لەگەڵ کاکمییەکان بەست، ئەمە لەڕووداوەکانی ساڵی (٣٧)ەمی فەرمانڕەوایی (حامورابی) دەردەکەوێت[٧٤]، ئیتر بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتیە (حامورابی) لە (٣٧)مین ساڵی فەرمانڕەوایی دەشکێت لەبەرامبەر (گوتی و توررککوو و کاکموم و سوبارتو. دوو تۆمار لە (ریماح –Rimah) هەیە، کە ڕەنگە (کاکموم) بەهۆی هیرش و چوونەسەر و مانەوەی لەنێو شارێک بێزاری کردبێ کەئەو شارە دەکەوێتە لەنێوان (سنجار) و (نینڤیەNineveh – ). تۆمارێکی کارگێریان لە (تل لیلان) تۆماری کردووە، دەربارەی دەرکردنی پۆشاکی سوپا لەلایەن کاکمییەکان

– ٢., ٤٦. Abd نامەیەک نێردراوە لەلایەن دوو پیاوەوە، کە گیراون لەلایەن دوژمنی سەرەوە(Ekallatum) وە لە کۆشکی (کاکموم) ماونەتەوە.

– (ونگنەر (Abphl, 4 Uagnadباسی ئەوەی کردووە، خەڵک سنووررداش کراوتەوە لە ئەرەفە و کاکموم و بابل لەکاتی (سامسو ئلیونە)

– (ئایدمd.n. ژمار ٨) ئاماژەیە بۆ سوپای (کاکموم)، کە بەکرێ گیراوە، لەلایەن پاشاکانی (لیلان) (کوردا –Kurdā) (کەڕەناKaranā – )

سەرچاوەکان لە (کاکموم)ەوە بۆ (لەیلان) و (ریماح) ڕەنگە زۆربەی دەربارەی بەکرێگیراوەکان بێ، ڕەنگە تایبەت نەبێ بە (کاکموم)، بەڵکو ڕەنگە دەربارەی شاخەکانی ڕۆژهەڵات بن، ئەو شوێنەی گروپی تر، وەکو گوتییەکان یەکیان تێدا گرتبوو، ئەگەرێکی تر بەپێی سەرنجەکانی (کاکموم)یەکانی ئەو شوێنانە بن، کە گروپەکانی ڕۆژهەڵات لەکاتی (حامورابی)، لەشوێنی مانەوەی لە باکوور، وەکو ئەو گروپانەی لە باکوور لەسەر ئاوی میسۆپۆتامیا بوون، وەکو(هەباتوم – habbatum) بۆیە پێویستە ئێمە سەیری سەرچاوەی تری کۆنتر بکەین، دەربارەی (کاکموم) بۆ ئەوەی شوێنەکەی بدۆزینەوە، نووسینەکانی گروپی (B) ڕەنگە ئەوە ڕوون بکەنەوە (کاکموم) و (قابرا) سنووری هاوبەشیان هەبووە، ڕەنگە (کاکموم) لە ڕۆژهەڵاتی (قەبرا) و (ئەرەفە) بوو بێت، نووسینەکانی شمشارە زانیاری تر

٧٤ شێرزاد حەسەن هەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

دەربارەی (ئەخازوم) لەسەر زابی خواروو دەبەخشن، (کاکموم) ڕێگای هەبووە بۆ ئەوەی پەلاماری بدات لە (نامار) و (نیکوم -Nikum) و (ئیلام) ئەم زانیاریە لە قازانجی شوێنی باشووری (کاکموم)ە، بەڵام پێشتر ئەوە پێشنیار نەکراوە لەباکووری (ڕانیە). دواین سەرچاوەی شمشارە ئەوە نیشان دەداتباکووری (کاکموم) زۆر دوور بووە لە (ڕانیە)، بەکورتی شوێنەکەی لەنێوان ئەو گردانەیە لە نێوان چەمچەماڵ و سلێمانی گونجاو ترین شوێنە بەپێی پرسیارێکی گرنگ پەیوەندی نێوان (کاکموم) و (گوتیوم)، سەرچاوەی چاپ کراو و سەرچاوەکان لە ماری یەوە ئەوە نیشان دەدەن (کاکموم) هاوپەیمان بووە، لەگەڵ گۆتییەکان لەهەندێ بارودۆخدا، ئەگەر شوێنی (کاکموم) ڕاست بێ کە ئێمە بۆمان داناوە، ئەوە شوێنەکەی لەڕووی جوگرافیاوە نزیک دەبێت لە شوێنی گۆتییەکان، پادشای (کاکموم) (موشکاوێ) پێ دەچێت ناوی خوری هەڵگرابێ.

لەنووسینەکانی شمشارەدا (شیموروم) ناوی هێنراوە زۆر جار (یاشوب - ئەددو) لە (ئەخازوم) هاوپەیمانی بووە، لەگەڵ (شیموروم) وە نێردراو لەوێوە لە ڕێگای شمشارەوە چووە بۆ (کاکموم)، پاشایەکی (شیموروم) پەلامار دراوە کە ناوی نەزانراوە، بەڵام ناونیشانەکە ڕەنگە (تو) ئەوە گونجاوترین کەسی بێت. دوایی (١٥)ساڵ پاشایەکی نەزانراوی (شیموروم) پەنابەری هەبووە لە (زازییا -Zazija) لە (کوروکوم)، بەڵام نێردراون بۆ لای پاشای گۆتییەکان، ڕەنگە (شیموروم) قەرزداری کەسی گۆتییەکان بووبن، ولاتەکانی(ناماروم، نامار) و (نیکوم) دوایی هێرشیان کردۆتەسەر (کاکموم) دەکەونە ئەو ناوچانە، بەڵام ڕەنگە دوور بێت لە باشوور، بۆ (نامار) لە (خانەقین)، بەناو سنووری ئێران، بۆ (نیکۆم) ئەو شوێنەی پێشنیار کراوە دەکەوێتە سەرووی (دیالە)[٧٥].

پێدەچێت لەسەردەمێکدا بەشێکی هەرێمی بیتوێن لەلایەن (کاکموم) داگیر کرابێ، بۆیە (ئیددین —سین) لە و نووسراوەی لەبەردەکەی (غەریب هەڵەدنی)دا هاتووە ( i na qa – ti kak – mi – im kik, u? – ti – ir -) واتای ئەم ڕستەیە: **"وڵاتی ئوتوێ Utuwe ی لەدەست وڵاتی کاکموم سەندەوە/وەگرتەوە"**[٧٦]. **ئەمجا کاکموم ی وێران کرد"** ئەمە مانای وایە (ئیددیـ(ن) - سین) ناوچە و هەرێمە ژێر دەستەکانی

75 Eidem and Læssøe,, P 24.

٧٦ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

(کـاکموم)ی یەک لەدوای یەک لەژێـر دەسـتی (کـاکموم) دەرهێنـا و دەیخستەسـەر شانشـینەکەی خـۆی، دیـارە (کـاکموم) زلهێـزەکەی تـری کوردسـتانی کـۆنی ئەم سـەردەمە بـووە، چـونکە هەر وەک دەبینـین، (سـیموررروم) تەنیـا لەسـەر حسـابی (کاکموم) دەیتوانی فراوان بێت، زۆربەی ئەو سەرزەمینانەی (سیموررروم) دەیویست دەستیان بەسەردا بگرێت، لە ژێر دەستی (کاکموم) دابوون، (ئیددین – سین) خۆی باسی ڕابردووی شکۆداری (کاکموم) دەکات و دەڵێت:

**"وڵاتی کاکموم، لە ڕۆژانی زوویەوە باجی بەهیچ کەس نەداوە"**[٧٧].

بەڵگەیەکـی تـری ئەم وتەیە لـە بەڵگەکـانی بەردەسـت دەری دەخەن، (کـاکموم) سەردەمی پاش ڕمانی بنەماڵەی سێیەمی ئوریش، یەکێک لە زلهێزەکانی کوردستانی کۆن بووە، ئەو چەندان جار ناوبردنەی (کاکموم) زیاد لە بۆنەیەکدا لە نووسینەکانی (ئیددین –سین) بەڵگەی گرنگی و ستراتیجی و پەلکێشانێتی لەم کاتەدا. ئەوەندە باس کردنـی (کـاکموم) لەلایەن (ئیـددین – سـین) شـکۆ و دەسـتکەوتەکانی شانشـینەکەی خۆی لەسەر حیسـابی (کاکموم) بنیات ناوە، بەوەی هەر جارە و یەک لەدوای یەک هەرێم و شارەکانی ژێر دەستی لەدەست دەرهێنـاوە، خستوونیەتیە سـەر وڵاتەکەی خـۆی، لەپێشـدا (ئوتـوم)[٧٨] لەبـەردە نووسـەکەی هەڵەدنـی و پاشـان (کولوننـوم) (لە بەردە نووسـەکەی ئۆرشـەلیم(Col.iii 4 – iv 8.)، سـەرباری ئەمەش (کاکموم) هەر بەهێزێکی سەرەکی و لایەنێکی کاریگەری ناوچەکە لەبەشـی دوایـی سـەردەمی بـابلی کۆنـدا مـایەوە، لەنـامەیەکی شمشـارەدا (SH.809) بەیەکێک لەو لایەنـانە نـاوبراوە، (یاشوب – ئەدەد yaššub – Adad)ی (ئەخازوم) لەزنجیرەی هاوپەیمانێتیە شلۆق و بگۆڕەکانیدا دوایـان کەوتـووە. لەنـامەیەکی تـردا (SH.904) هـاتووە، (موشـکاوی Muškawe – )ی فەرمـــانڕەوای (کـــاکموم) پەلامـــاری ماڵاتیشـــاری (کیگیبشـــی Kigibši – )ی داوە و تـاڵانی کـردوون. (نـاوی کەسـی موشـکاوی نـاوێکی خـوری ڕوون و ئاشکرایە)[٧٩].

٧٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

٧٨ ئوتوم: ئەگەر مەبەستی (بێتواتە)بێت، دەبوایە بوترایە (ئوتو Utu) کە لەو سەردەمە ناوی بێتواتە بەم شێوەیە بووە، بەڵام (ئوتوم Utum) هەموو بیتوێن دەگەیەنێ، کە لە کاتی کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی ئور بیتوێن، یەکێک لە پاشا نشینەکانی سەربە یەکێتی هۆزی (توروککی)بووە، بەفەرمانڕەوایی (کوورای) بەردەوام بوو تاکو فراوانخوازیەکانی ئاشووری لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین.

٧٩ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.– Eidem and Læssøe,,p.3

لەنامەیەکی تردا(SH.802,808,815) هەواڵی ئامادەکردنی هێرشێک بۆ سەر (کاکموم) خۆی تۆمار کراوە. هەندێک ئاماژەی تر بۆ (کاکموم) لەهەندێک نامەی تری سەردەمی بابلی کۆنی دەرەوەی کوردستانیدا کراون، لەوانە باسی زیندانی کردنی دوو کەسی بابلی لە کۆشکەکەی (کاکموم)(AbB2, 46, 9) و باسی تەتەرێکی (کاکمی) لەنامەیەکی شاری ماری (ARM 6, 79 , 17) هەر لێرەشدا لەشکرکێشیەکەی (حامورابی)مان لەیاد نەچێت لە (٣٧)مین ساڵرۆژی فەرمانڕەواییدا بۆ سەر (کاکموم) ئەنجامی داوە[٨٠].

نامەیەکی ماری ناوی (ئاردیگاندی) دەهێنێت، بۆ (زیمری لیم) لەلایەن دووان لە پیاوەکانیەوە نێردرابوو، ڕاپۆرتێکە لەبارەی شکانی پادشای (قەبرا) لەسەر دەستی کاکمییەکان، دوو کابراکە دەڵێن:

**"ئێوارە گەیشتینە ئاشوور و ئەمەمان لە خەڵک بیست: کاکموم Kakmum – ئاردیگاندی پادشای قەبرای بەزاند، ئەمە بوو خەڵکەکە پێیان گوتین، ئێمە چووینە کۆشکەکە و ئیشمی داگان ئەمەی پێ وتین: ٥٠٠ سەربازی گورگورروم Gurgurrum – پەلاماری وڵاتی ئاردیگاندییان داو تالانیان بەرپاکرد (٢٠٠٠) سەربازی ئاردیگاندی دژە هێرشیان کرد، ئەمانە شەڕیان کردو (سەربازانی) کاکموم زاڵ بوون و ئاردیگاندیان بەزاند و فەرمانبەرە گرنگەکانی پەرش و بڵاوبوون، ئێستا ئەو پیاوە[...] بەهۆی ژێر کەوتنەوە ئەو[...] متمانەی خۆی دەخاتە گەورەکەت (و) شارەکانی خۆی پشت گوێ دەخات".**

بینیمان کاکمییەکان هەڕەشەیەک بوون لەسەر (قەبرا)، بەڵام نەک ئەوان بەڵکو گۆتییەکانیش هەڕەشە بوون و مەترسی ئەوان گەورە تربوو[٨١].

لەنامەیەکی (شەمشی – ئەدەد) دەردەکەوێت لەسەرەتادا کاکمییەکان دژی دەسەڵاتی ئاشووری وەستاون، بەڵام دوای مردنی (شەمشی – ئەدد) لە ساڵی (١٧٨١ پ.ز) بەهۆی کزی و لاوازی دەسەڵاتی ئاشووری لەسەردەمی (ئیشمی – داگان)ی کوڕی، پێویست بوو هاوڕێیەتی ببەستێت لەگەڵ دەوروبەری دژی بابل و (ماری) لەبەر ئەوە هاوپەیمانی لەگەڵ کاکمییەکان بەست، ئەمە لەڕووداوەکانی ساڵی (٣٧)ەمی فەرمانڕەوایی (حامورابی) دەردەکەوێت، بەڵام ئەم هاوپەیمانیە

٨٠ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

٨١ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣-١٢٢.

تاسـەر بەردەوام نەبـوو، هـەروەها لەمـاوەی حـوکمی (سـارگۆن)دا کاکمییەکـان بە (دوژمنی بەدکار) ناودەبات[٨٢].

حامورابی (١٧٩٢ - ١٧٥٠ پ.ز)ی پاشـای بابل لـە (٣٧)مین سـاڵی فەرمانڕەواییدا لەشکرکێشـیەکی کـردە سـەر ناوچـەکانی ڕۆژهـەڵاتی دیجلـە، نـاوی سـێ دوژمنـی سـەرەکی لـە ناوچەکـەدا ڕیزکـردووە: (توروککی)یـەکان و (کاکمی)یـەکان و (سـوباری)یەکان.[٨٣] حـامورابی بـابلی لە سـاڵی سـێ و حەوتەمیـنەوە (کـاکموم)ی داگیرکرد، وە پێدەچێت دواتر (کاکموم) خۆی ئامادە کردبێتـەوە و هێرشی کردبێتە سـەر ئاشـوور (لیسـۆ) دەڵێـت: (سـەرگۆن)ی دووەمـی وڵاتـی ئاشـوور خەڵکـی (کاکموم)ی بەرپەرچ دایەوە[٨٤].

## شوێن

دیـاری کردنـی شـوێنی وڵاتـی (کـاکموم) ئاسـان نیـە، زۆربـەی زاناکـان لەسـەر شوێنێک بۆ دیاری کردنی شوێنی ئەم وڵاتە هـاوڕانین، فرەین بۆ شـوێنی دێرینی (کـاکموم) کـۆیەی پێشـنیار کـردووە، لەمەدا پشـتی بەیەک چـوونی مۆرفۆلۆجیـانەی هەردوو نـاوەکە بەسـتووە، لەکاتێکدا ئەم بەڵگەیە بەس نیە، پێشـنیازەکەی (لاسـۆ و ئایـدم) بەپشـت بەسـتن بەبەڵگەی نووسـراوی ئەو سـەردەمە پێشکەشـیان کـردووە، زیاتر لەڕاستیەوە دیارە، ئەمان باوەڕیـان وایە لەشـوێنێکی دۆڵەکانی نێوان سلێمانی و چەمچەماڵدا بووبێت، هێندەش لە باکوورەوە لەنێوان (ئیکەللاتوم Ekallatum - ) و هەولێردا نەبووە، هەروەک (ئاستۆر) بۆی چووە[٨٥]. بەڵام پێدەچێت ڕای (ئاسـتۆر) لە هەموویـان شـیاو تربێت، هەرچۆنێک بێت شـاری (کولونـوم -گونـدی گـوڵان)ی دۆڵـی شـاوری سـەر بە قەزای ڕانیە  <وەک شـارێکی سـەر بە شانشـینی (کـاکموم) بـووە، لە کاتێکـدا ئەو گونـدە کەوتـۆتە بـاکووری خۆرئـاوای ڕانـیە دواتـر (ئیـددین سـین)ی پادشـای (سـیموررووم) داگیـری کـردووە و خسـتویەتیە سـەر شانشـینەکەی خۆی، لەمەوە دەبێت کەوتبێتە باکوور یا ڕۆژئاوای شاری (کولونوم) گوندی گوڵانی

٨٢ شێرزاد حەسەن هەمزە، توێژینەوەیەکی (مەیدانی- دیکۆمێنتاری- زمانەوانی)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.
٨٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.
٨٤ یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، ل ٨٧
٨٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

- ئێستای رانیە. واپێدەچێت سنووری کاکمییەکان لەنێوان ڕەواندز و دەریاچەی ورمێ یان ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بووبێت، لەهەمان کاتدا وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دەبێ لە چیاکانی باکووری خۆرئاوای ڕانیە بەرەو خوار کشابێت تاکو نزیک (قەبرا)ی نزیک پردێ (ئالتون کۆپری) ئێستا.

### شانشینی توروککی

ناوهێنانی (توروککی)یەکان سەرنجمان بەلای ناوی خورییەکاندا دەبات، چونکە لەو کاتەدا خورییەکان پێکهاتەیەکی گەورەیان لەناوچەکە پێکدەهێنا، خورییەکان لەهەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمدا بە یەکێک لە نەتەوە کۆنەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دادەنران، هەرچەندە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان کەم باسیان لەناوی خورییەکان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان ئاماژە بەوە دەکەن لانکەی ڕەسەنی خورییەکان دەکەوێتە ناوچەکانی باکووری دۆڵی دوو ڕووبارەوە، درێژ دەبێتەوە لە نێوان شاخەکانی (تۆڕۆس) لە نزیک (کەرکەمیش) و تاوەکو دەریاچەی وان[٨٦].

شایانی ئاماژە پێ کردنە هەرێمەکانی (کارخار، سیموروم، (شاشروم - بیتوێن) و (اوربیلوم) لەگەڵ(ارابخا -کەرکوک) و (نوزی - لەیلان) لەسەردەمی هێرشەکانی پاشاکانی سومەر، وەک (شولگی) (١٩٨١ - ١٩٧٣ پ.ز) و (أمار - سین)ی کوڕی (١٩٧٣پ.ز؟؟) جگەلە گوتییەکان خورییەکانیشی تێدا دەژیا. کاتێ (شەمشی - ئەدەد)ی ئاشووری و (ئیشمی - داگان)ی کوڕی ویستیان لەم ماوەیەدا شارە سەرەکیەکانی نێوان دوو ڕووبار داگیر بکەن، پاشایانی هەموو ناوچە (سوباری)یەکان ناوی خورییان هەبوو[٨٧].بەتایبەت لە شمشارە کەناوەندێکی کارگێڕی خوری پێشکەوتوو بوو، فەرمانڕەوایەکی خوری بەهێز بەناوی (کوواری) فەرمانڕەوایەتی دەکرد، پاشماوەی خورییەکان لە چینی (٤ - ٨)ی چینەکان لە شمشارە دەرکەوتووە، لەناو بەڵگەنامەکانی شمشارەدا دۆزراوەتەوە، کە لە شمشارە و شارەکانی دەوروبەری ناوی هەندێک کەس و فەرمانڕەوایانی ناوچەکە

---

٨٦ د.جمال ئەحمەد، د.فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

٨٧ د.جمال ڕەشید احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

لە شمشارە دۆزراوەتەوە، لەگەڵ کەلوپەلی تر ناوی خوری بوون، ناوە خورییەکان بەئاسانی جیادەکرێنەوە و بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن خورییەکان لەناوچەکە باڵادەست بوون، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، دواتر خورییەکان لەشانشینێکی یەکگرتوودا یەکیان گرت و فدراسیۆنێکیان پێکهێنا بەناوی شانشینی (توروککی - توروککو).

پێش ئەوەی بەڵگەنامەکان بدۆزرێنەوە لە (شمشارە، ماری و ریماح)، ناو و ناوچەی ئەم شانشینە بەشێوەیەکی کەم تۆمار کرابوون، هەتا ئێستاش تەنیا سێ سەرچاوە هەن لەسەر (توروککوم) یان (توروککی) یەکان لە دەرەوەی نووسینەکانی بابلی، کەواتە (توروککوم) یان (توروککی) یەکان کێن؟ (توروککی) یەکان یەکگرتنێکی هۆزەخورییەکان بوون، لەسەردەمی لەشکرکێشی ئاشوورییەکان، شانشینی (توروککو) هێزێکی سەرەکی ناوچەکە بوون، دەسەڵاتی لە خۆرهەڵاتی شاخەکانی ڕانیەوە تا (قابرا)ی سەرزێی بچوک درێژ بۆتەوە[٨٨]. وڵاتی (توروککی)یەکان بەهەموو بارێکدا هەر لەوە دەچێت لەشاخەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی (شوشاررا)ی هەرێمی بیتوێن بووبێت، بەڵگەی ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانە هەندێک هەن، ناوچەی حەوزی ورمێ بەشوێنێکی گونجاو بۆ وڵاتی (توروککی) یەکان دەزانن، بەڵام بە ڕای کۆزاد محەمەد ئەحمەد: دەشێت لەناوچەی ڕانیە نزیک تر بووبێت، لەناوچە شاخاویەکانی دەوروپشتی قەڵادزێ و ڕانیە خۆی، بەتایبەتی ناوچەی حەوزی ورمێش وەک ڕانیە دەشتاییە[٨٩].

(دوراند) پێی وایە (توروووککی) یەکان نەژادی تێکەڵاو بوون و حوکمڕانیەکەیان باوەڕپێنەکراو بووە، لەلایەن بەشێکی سامیەکان، لەگەڵ (ئاموری)یەکان کە لەڕۆژئاواوە هاتبوون، لەدەشتاییەکانی خوار زاگرۆس نیشتەجێ بوون، لەڕاستیدا زۆر قورسە باوەڕ بەوە بکرێ ئەو خەڵکانەی لەناو زاگرۆس هاتبوون بەشێکی سامی بن، چونکە ئەوان سامیەکان لە ڕۆژئاواوە هاتبوون و لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون. دوور نیە ئەو گومانەی (دوراند) لەوە دروست بووە، هەندێک لە شار و ناوچەکانی زاگرۆس پاشگری (m)ی ئەکەدیان پێوەیە، بەڵام ئەوانە زۆربەیان ناوی

٨٨ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

٨٩ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

خۆجێیین و دوور نیە لەگەڵ هاتنی ئەکەدییەکان ئەو پاشگرەیان پێوە لکابێت، بۆ نموونە (ئیتابالخومItabalhum – ) پایەتەختی (توروککی) یەکان.

بەکار هێنانی زۆری (هەڵگەڕان) لە شوشاررا و (داگەڕان) بۆ شوشاررایە کە لە نامەکانی شمشارە دا هاتوون.

“ adi atta teliam” (SH.812,1. 46)

“u atta itti suhar Ika eliam” (SH.812, 1.51 – 52)

“ sabum ša ur[ad]akkum” (SH.829, 1. 39)

ئەکەدییەکان وەکو عەرەبەکان، زمانێکی زۆر دەوڵەمەند و فراوانیان هەبووە، دەتوانێ هەموو شتێکی وابەستەی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هەمووی ڕاست بێ، گەواهیدەری خۆجێی بوونی ناوی (ئیتابالخوم) مۆری ئەفسانەیی پاشای توروککی (پیشیندین piŝendem – ) دەیسەلمێنێ ناوی (ئیتابالحومItabalhum – ) ناوێکی خۆجێ ییە و ناوی (Ida – palhum)ی سامی نیە. (– ma – [a]t I – ta pa – aiki بەبێ – (hi ⁄ u (m) ئەوەی بەروونی ئاوەڵناوی (Hurrian) بوو.

پاشکری ((he) h) ئەگەر ناوەکە بەشێک لە ناوی ئەکەدیبێت، (palhum) پێویست بوو لەمۆری ئەفسانەییدا بنووسرایە. وەک ئەو حاڵەتە (کەیسە)ی بەلابردنی پاشگری (hi – )(خوریان Hurrian) لەلایەن وتەبێژی خورییەکان یارمەتیدەرە، لە ناوی (Kusanarbum) وەکو (um) Kusanar)، بەپێی ئەو نامەیەی نێردراوە، لەلایەن (شێپراتو) بۆ شانشینانی (خ/هوریان) Hurrians (Šepratu,)) (no. 63=SH 812: 7,12, 19 هەندێ جار لەگەڵ ناوی ( – hiin (1.5) pišendēn (no. 68= SH868: 5 هەروەها ناوی خاکی(Utuwe) دەیسەلمێنێ ناوێکی خۆماڵی ناوچەییە، لەپێش هاتنی (ئاموری)یەکان بۆ خۆرهەڵاتی خاکی دیجلە بەکاردەهات، پێیان دەگوت: (Utuwe)، لە دەستنووسی ( Chapter Five) دانەر درکی بەوە کردووە، دەبێ شیکردنەوە بکرێ لەسەر ئەوەی بۆچی بە خاکی خورییەکان، وەک Utum یان ItabalhuM یان گووتوە، لەوانەیە ناوی سامی بن. ئێمە ناتوانین ئەوە بخەملێنین ئەو ناوە بەتەنیا لەلایەن (ئاموری)یەکان

بەکارهاتووە، چونکە پێش هاتنی ئەوان ناوی (Itabalhum) دۆزراوەتەوە لەمۆری پاشای ناوچەکە[٩٠].

دەستکەوتنی کەمی سەرچاوەی زانیاری لەسەر (توروککی) یەکان زۆر کەم بوو، هەتا بەم دواییە وێنەکە گۆڕا بەبڵاوکردنەوەی یەکان گروپێکی جوڵاون، لەچیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون، بۆ پاراستنی خۆیان و فراوان کردنی ناوچەکەیان شەڕیان دەکرد و هێرشیان دەکردە سەر شار و شارنشینەکانی باکووری میسۆپۆتامیا، زۆربەی سەرچاوەکان بەدوای ئەم سەرچاوانە کەوتون، وایان داناوە (توروککی) یەکان خێڵی شاخاوین، ئەوانەش بەڕێوەدەبران، لەلایەن گروپێک کە بە خوری قسەیان کردووە. هەروەها (کلینگل) نووسخەی تازە چاپ کراوی هەیە، دڵنیامان دەکاتەوە (توروککی)یەکان گروپێکن لە خێڵەکانی نیمچە سەربەخۆ، پەیوەندی جۆربەجۆری هەبووە، لەگەڵ گوند و شارەکان لە ناوچەی زاگرۆس، هەموو ئەم لێکدانەوانە دەتوانرێ تاقی کرێنەوە لە بەڵگەکانی شمشارەدا، کە بووەتە بەڵگەیەکی ڕوون بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێ هەڵە لە تێگەیشتنەکان دەربارەی کۆمەڵگای زاگرۆس[٩١].

دوای دۆزینەوەی ئەرشیفی (شمشارە) و (ماری) و پەیدابوونی سەرچاوەی مێژوویی تر، ئەگەرچی کەم و دەگمەنن، لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەوە (ئایدم و لاسۆ) بیریان لە (توروککی)یەکان کردووەتەوە و ڕایان وایە (توروککی) یەکان (خوری) نەژاد بوون و کۆمەڵێ شانشینیان لەدۆڵەکانی باکووری زاگرۆس پێکهێنا، کە دەگەڕێنەوە بۆ زاڵ بوونی خورییەکان، تەنیا ئەوەیە (دوراند) پێی وایە تێکەڵاوی نەژادی بوون، بەڵام لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی زانیاری تازە دەربارەی ئەوە لەسەرچاوەی نووسراوەوە، ئەوەمان بەرهەم هێناوە و فێر بووین دەربارەی ناوی Samurrians, Kakmeans, Lallubianse, utians, Subarians, ) Hurrians) ئەمانە هەموویان لەدانیشتوانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و کوردستان بوون.

---

90 Ahmed Kozad Mohamed, The beginnings of ancient Kurdistan (c. 2500 – 1500 BC): a historical and cultural synthesis. (The report of Universiteit Leiden, (2012), vol. 6, p.350.

91 Ahmed Kozad Mohamed, 2012. p 351.

هەمـوو ئەو گـروپە  نەژادی و جوگرافیـانەی ئاماژەیـان پێکـراوە، وەک گروپـی جیاواز و سەربەخۆ لەسەرچاوەکانی ئەم ماوەیەدا، ئەوانە پێکهاتووی نەژادی ئێستا دەرکەوتـووە، (توروککی)یەکـان چەنـد هـۆزێکی خـوری ڕەگەز بـوون، لەنـاوچە کوێسـتانیەکانی بـاکوور و بـاکووری ڕۆژهەڵاتـی دەشـتی ڕانیە نیشـتەجێ بـوون، یەکێـک لە گەمەکـارە سـەرەکیەکانی ئەو سـەردەمە بـوون[٩٢] سـەرەتا لەنـاوچە کوێستانیەکان بوون و دواتر داکشـان بەرەو خواروو تـا زێی بچووک لە دوکان و کەرکوک و دەوروبەری، لە هەولێر و لەڕۆژهەڵاتی هەولێر دەژیـان، لەو کاتەدا زۆر چـالاک بـوون، نـامەیەکی مـاری ئەوە نیشـان دەدا (تـوروککی) یەکـان جـۆرە دەسەڵاتێکیان هەبوو، لە (قابرا) یان ناوچەکانی نزیکی بەنیشتمانی خۆیـان دەزانی. لەنامەیەک کەباسی هێزی (توروککی) یەکان و (قابرا) و (یاخورروم) بەجیاکراوە، دیـارە (قـابرا) فەرمـانڕەوای تـایبەتی خـۆی هەبـووە، بەڵام ئەوەش ڕێـی تێـدەچێت هەروەک (ئایدم) بۆی چووە، ئەو پاشایە شوێنکەوتەی (توروککی) یەکان بووە، ئەو کـاتە (زازییـا) پاشـایان بـووە، ئەم نـامەیە دەگەڕێـتەوە بـۆ مـاوەیەک بەر لەمردنـی (شەمشـی - ئەدەد)ە و مـاوەیەکی زیـاتر لەپـاش گرتنـی (قـابرا) لەلایەن ئەم و (دادوشا)وە، دەچێتە پاڵ بەڵگەکانی تر کە (قابرا) سەربەخۆ بووە، ئەمەش شـتێکی ئاسـایی بـوو، بـۆ ئەو ڕووداوانەی پـێش مردنـی (شەمشـی ئەدەد) و (ئیشـمی داداگـان)ی کـوڕی کە (تـوروککی) یەکـان بووبـوونە هەڕەشـەیەکی گەورە و توانیبوویـان بەشـێکی گەورەی دەشـتی هەولێـر بگـرن و لەباکووریشـدا هێرشـی (توروککی)یەکـان لەنـاوچەی سـنجاردا لەسـاڵانی دوای (زیمـری - لـیم) جێگـای مەترسی بوون[٩٣].

خەڵـک و دامەزراوەکەی وەک هێزێکـی گرنـگ و کـاریگەر دەرکەوت و چـالاک بوون لەسەردەمی (تورووککو)، دانیشتوانی هۆزە خورییەکان لەکۆمەڵێک میرنشین و شانشین ڕیکخرابوون، لەئەریشفی (شمشارە)دا ئاماژە بەمە دراوە، ئەم شانیشنە بۆ ماوەیەکی کەم یەکیان گرت، لەفیدراسیۆنێکی فراواندا، بە فەرمانڕەوایی (پادشـای گەورە) کەنـاوی (تورووککـو) بـوو، بەشـێوەیەکی گشـتی ناسـرابوو، لەنـامەی

---

٩٢کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

٩٣ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

ژمارە(SH.809) لەدەقەکانی شمشارە ئاماژەی بۆ کراوە. کۆنترین بەڵگەنامە بۆ هاتنی (توروککو) پێش سەردەمی بابلی کۆن لەدەست نووسی (ئۆرشەلیم) ئاماژەی بۆ کراوە[٩٤].

١ – نووسینەکانی کە لەلایەن (شەمشی – ئەدەد) نێردراون، ئەوە ڕوون دەکەنەوە (کوورای) هاوپەیمانی (توروککی) یەکان بوو، هەتا لە نووسینێکی دواتردا کە (تو) جێگای بەکۆ دەگێڕێتەوە لەوەی پێشتر لەگەڵ (تی – رو – کی – ی= ti – ru – ki – i) هەماهەنگی دروست دەکات، لەنێوان ڕەچەڵەکی زاگرۆس و زانیاری ورد تر دەدات، لەسەر خێڵەکانی شاخەکان، لەو کاتەی (کوواری) دەتوانرێ بەدراوسێی جوگرافی و سیاسی ئەژمار بکرێت، ناوچەیەکی زۆر فراوان لە خۆ دەگرێت، لە شاخەکان و شمشارە لەبەشی ڕۆژئاوا[٩٥]، پێ دەچێت تا کۆتایی سەردەمی (شەمشی – ئەدەد) و سەرەتای(ئیشمی – داگان) (توروککو) هاتبێ لەناو هەموو ئەو خورپیانەدا ناوچەی زاگرۆس لەسەرووی ناوچەی خاپوور، پێ دەچێت ناوی هۆزی (توروککو) داڕێژرابێ لەناوی پاشایەکان، کە باوکی (Pišend⁄ tēn) گەورە پاشای (توروککو) بووە، لەکاتی ئەرشیفی شمشارە (ئایدیم و لاسۆ) ئەوەیان خستۆتەڕوو، (توروککو) تێرامانی هەمە جۆری هەبوو، کۆمەڵێکی زۆری گەڕۆک (پارتیزانی) بەکرێ گیراو دژی شار و شانشینەکە لە باشووری میسۆپۆتامیا بەڕوونی هەبوون، دەوڵەتەکەیان بەڕێوە دەبرا، بەشێوەیەک دروست کرا بوو، لەلایەن ئەو نامانەی کە لە (Mari) بڵاوی کردبوونەوە، وادەبینرا بەو مادانەی بەرچاو خرابوون، لەلایەن (Klengel) کە بەڕێزەوە بەدوای کەوتبوون، هەروەها لەئەرشیفی شمشارە و هەندێ سەرچاوەی تر، دەردەکەوێ چەندین شاری سیاسی سەرەتایی لەگەڵ شاری گەورە لەژێر سایەی ئەودا. بەڕێوە دەبرا، بەشێوازی خۆیان وەکو پاشا (نولدانوم(un – nuldān)، (ئایدیم و لیسۆ) هەنگاوی زیاتریان ناوە، پێشنیاری ئەوەیان کردووە[٩٦].

94 Ahmed Kozad Mohamed, 2012.p.350
95 Eidem and Læssø e, p. 25
96 Ahmed Kozad Mohamed, 2012. P.351.

**بەکارهێنانی مۆر لای پاشایانی توروککی**

ناوهێنـانی کـوڕ یـان جێنشـینان لەنووسـینە فەرمیەکـانی شانشـینەکانی دامـێن شـاخەکانی زاگـرۆس، و دابەش کردنـی ناونیشـان و دەسـەڵات لەگەڵ پادشـادا، پێدەچێت هەروەک (شافەر) و (ڤاسەرمان) تێنینیان کردووە، نەریتێکی ئەو ناوچانە بووبێت، هۆی ئەم باوەڕە نووسینەکانی سەر ئەم مۆرانە و نووسینەکانی بیتواتە، و هەروەها جێ مۆرێکی شاهانەی ترە، کە هی (پیشێن دین Pišenden - ) پادشـای (ئیتابـالخوم Itabalhum - ) لەسـەر پـارچە لەوحێکـی شمشـارە (SH 890) دۆزراوەتەوە[٩٧].گەورەترین شاریش شاری (ئیتابالخوم -Itabalhum) یان (ئیتاب - بال -Itab - pal) کە پاشا (پیشـین دیـن -Pišenden) لەشێوەی مـۆری یەکەم، مۆری ئەو لەسەر نامەکان هەیە، ئەم مانایانەی هەیە[٩٨]:

**"پیشین دین، کوڕی تورکوکتی، پاشای ناوچەی ئیتاب - بال، نەوەی یا منداڵی (تابیتو= Taditu".**

لە مۆرێکی تر دا تەنیا ناوی: **باپیری (پیشین دین) هاتووە.**

مۆری سییەم: **" (توروکتی -Turukti) کوڕی (ئوشتاب – شارری - - Uštap šarri) پاشای (ئیتابال-Itabal) تێکشکێنی دوژمنەکانی، باوکی AD...."**

ئەگەر بیرمان بەلای ئەوەدا بچێت، ناوی (توروککی) یەکان لە ناوی (توروککو) باوکی (پیشین دین) هاتبێ، سەرەڕای جیاوازی نێوان هێماکان، ڕەنگە ئێمە بتوانین بڵێین (تـوروکی) بـاوکی (پیشـن دیـن)، نـاوەکەی ئەو دوورت دەکـاتەوە بـۆ بـوونی پەیوەندی خێڵەکی لەگەڵ (توروککی)یەکان، هەر دووکیان ڕەنگە لەبنچینەدا وشـەی (هورییەکـان) بـن بە وشـەی (تـوروک -Turuk) وە ڕەچەڵەکـی کەسـەکان بـۆ دۆزیـنەوە ئەگەری هەیە، ڕەنـگە ئەو کەسـە پادشـایە بەدەسـەڵات بـووبێ،لە (ئیتابالخوم) دەستکەوتی سیاسی و سەربازی (توروککی) زۆر تۆمار کراون، وەکو شانشـینی بـاکووری ڕۆژئـاوای زاگـرۆس، ئەو بـووە بـۆ نـاوی ئەم هۆکـارە بەکارهـاتووە، لەتۆمـاری دانیشـتواندا، (١٥) سـاڵ پـێش ئەرشـیفی شمشـارە، ئەو کاتەی(یاهدن - لیم Yahdum - Lim - ) کاتێ لە ماری سەرکەوتوو بوو،بە سەر (شەمشـی - ئەدەد) لە خـاپوور، (شەمشـی - ئەدەد Šamši - Adad)ی بەزاند،

---

٩٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

98 Eidem and Læssøe, p. 25

هەندێ کاڵای گرنگ و بە بەها[99]. پۆشاکێکی بەنرخی ناردووە بۆ (تازیگی –Tazigi) کە یەکێک بوو لە پاشا (توروککی) یەکان، جیا لە باوکی (پیشین دین)، کە لێپرسراو (پاشای مەزن) بوو، لەسەر نەژادی (توروککی) یەکان، ئەگەرچی (تازیگی) پاشایەک بوو لە (ئیتابالخوم) و دانیشتوی (توروککی) بووە، بەڵام پێدەچێت ئەو پاشای هەرێمێکی تر بووە، لە ناوچەی (توروککی)یەکان[100].

هەرچەندە ڕەنگە سەرکەوتن هەبێت لە کەمتر لە سێ پاشای (ئیتابالخوم)، لە هەردوو تۆمارەکەدا پاشا کوڕەکەی وەکو میراتگری خێزان ناساندووە، لە حاڵەتێکدا (توروکی) و کوڕەکەی یەکناگرێتەوە لەگەڵ (پیشین دین) وە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ کەسایەتی بدۆزینەوە بەهۆی ئەرشیفەکانەوە، ڕەنگە زوو مردبێ یان لەلایەن (پیشین دین)ەوە کوژراوە، ئەوەی کوڕی (تابتو – Tabtu)، لەلایەکی ترەوە، هیچ بەڵگەیەک نیە، ئێستا هێمایەکی تر، لە مۆرێکدا هەیە (مۆر ٤) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی وەکو خزمەتکاری (توروکی) بووە، مۆری (توروکی) لەسەر هەموو تۆمارەکانی (پشین دین) بەکارهاتووە وەکو پاشا، ڕەنگە (توروکی) هەتا ئەو کاتە لە ژیاندا مابێت یان ڕەنگە کەمێک پێش ئەو کاتە مردبێت، ڕەنگە مۆرەکەی لەلایەن (پیشین دین)ەوە بەکارهاتبێ لەگەڵ ئەوەی خۆی، یان ڕەنگە لەهەمان کاتدا ئەوەی لەشوێنی پاشا دەسەڵاتدار بووە، ئەوەش سیستەمێکی ئاڵۆزمان بەبیردێنێتەوە، کە لە (ئیلام) بەکارهاتووە[101]. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەم بابەتانە پێویستیمان بەلێکۆڵینەوە و دەستخستنی زانیاری زیاتر هەیە، بەهیوایین لەداهاتوودا ئەم ڕووداوانە باشتر ڕوون ببنەوە.

### فیدڕاسیۆنی هۆزە توروککی/یەکان

سەردەمی کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی و ڕووخانی بنەماڵەی سێیەمی ئور و فەرمانڕەوایی ئاشوورییەکانیش، خورییەکان لەڕۆژهەڵاتی دیجلە زۆر چالاکبوون، (توروککی) یەکێک لە شانشینەکانی خوری گەمەکاری سەرەکی بوون، لەهەمان کاتدا گوتییەکان یەکێک لە هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە بوون، لەسەردەمی

99 Ahmed Kozad Mohamed, 2012.p.350.
100Eidem and Læssøe, p. 26.
101 Eidem and Læssøe, p. 26

ئەرشــیفەکانی شمشــارەدا گوتییەکــان بەفەرمانــدەیی (ئیندوششــێ)ی پادشــایان هەڕەشــەیەکی ئەوەنــدە گەورە بــوون بــۆ دەوروبەریــان، بەتــایبەتی شانشــینی (توروککی)یەکان، پاڵی پێوەنان ئەو هاوپەیمانێتییە لەنێوان خۆیاندا مۆر بکەن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتییەکان، کە لە نامەی (SH. 812)ی شمشارەدا باسی کراوە، بەڵام وادیــارە (ئیندوششــێ) لەوە دڕتــر و جەربەزە تــر بــووە بەری پــێ بگیرێــت، چونکە هەروەک لە پاشتردا دەبینین، توانیویەتی (توروککی) یەکان ببەزێنێت[١٠٢].

(توروککی)یەکان لە دیدی میسۆپۆتامیاییەکانەوە خەڵکی کەنار و دووره دەست بوون، هەندێ ڕاستی دیار هەیە، دانیشتوانە جوڵاوەکان لەنامەی (A649 Mari)، و لە بەشێکی نامەیەکی تردا کە لەلایەن (توروککی) یەکان ناردراون، ئەوان دەربارەی خانووەکانیــان بــاس دەکەن، لە گونــد و شــارەکانیان نیشــتەجێ بــوون، هەروەکــو دراوسێ گوتی و لوللوبییەکانیان، ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە، دەربارەی چۆڵ کردن و وازهێنان لە گوند و خانووەکانیان و دەرۆیشتن بۆ شاخەکان و بەسەربردنی ژیان لەوێ، ئەوە تەنیــا لەکــاتی پەلامــار و هێرشــەکان، کــاتێ لەبەر هێــزی دوژمنەکانیــان خۆیــان نەگرتــایە، دەکشــانەوە شــاخەکان و دواتــر دەگەڕانەوە گونــد و ماڵەکانیــان، ئەگینــا ئەوان نیشــتەجێ و جێگیــر بــوون و ژیــانی کۆچیەریــان نەبــوو، بــۆ میسۆپۆتامیای کۆن[١٠٣].

(تــوروککی)یەکــان ئارەزوویــان لەیەکگــرتن و هاوپەیمــانی بەکــۆمەڵ هەبــوو، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن فیدراسیۆنێک دابمەزرێنن، لەژێر سـەرکردایەتی یەک شانشینی یەکگرتوودا کۆببنەوە، سـەرەڕای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئاشـوور و مـاری و بابل هەبـووە، ئەو فیدراسـیۆنە پێکهـاتبوو، لەچەنـد شانشـین و میرنشـینێک، سـەرپەرشـتی دەکـران لەلایەن پاشــای خورییــان، ئەوان هاوپەیمــان بــوون لەگەڵ یەکتــری، بەڵام هەریەکەیان پایتەختی خۆیان و فەرمانڕەوایی جێگیری خۆیـان هەبـوو، هەمووشـیان بە باشــی لەزنجیـرەیەک شانشـیندا خۆیــان ڕێــک خســتبوو، پاشــایانی خــوری نــاو فەرمانڕەواییان دەکردن، ئەم پاشـایانە هەریەکێکیان لەپایتەختی خۆی دادەنیشت، و لەگەڵ یەکتریدا هاوپەیمان بوون.

---

١٠٢ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

103 Ahmed Kozad Mohamed, 2012.p.352.

باشترین سەرچاوە کە وەک هاوپەیمانیەکی ئاماژەی پێ کراوە، لەنامەی ( SH 812) کە ڕاستەوخۆ ناوی هەندێک لە پاشاکانی هێناوە، ژمارەیەک لە پاشای (تورووککی)یەکان ئەوانەی سوێندیان خوارد بوو بۆ هاوپەیمانێتی، ئەو فەرمانڕەوایانە یان پاشایانە یەکیان گرتبوو، لەژێر فەرمانڕەوای (پاشای مەزن) ئەوەی کە گومانی تێدا نیە، گەورەترین و بەهێزترینیان بوو، لەو کاتەدا پاشای گەورە(Pišend / tēn) بوو، کە پایتەختەکەیان ناوی شاری(کونشوم Kunšum – ) بوو، شێوازی خۆی لەسەر مۆری ئەفسانەییپادشایی لە (Itabal (h)um) ئەوە پیشان دەدا، کە (کونشوم Kunšum – ) پایتەختی (Italahum) بوو. کە ئەو پاشایە پاشای (تورووککی) یەکان بوو، لە نامەکەدا دەردەکەوێ لە گفتوگۆ دایە، یان بانگ کراوە.

لەنامەیەکی تردا (SH. 811) ناوی (تالبوش – شارری – Talpuš – šarri) دێنێ، بەشێوازێکی ڕوون سەرپەرشتی ناوچەکەی کردووە، ئاماژەی بۆ کراوە لە کاتی کۆبوونەوەی پاشاکان بۆ هاوپەیمانێی لەگەڵ (کیگیرزا) و (تالپوشارڕی) کۆبوونەتەوە و سوێندی هاوپەیمانێتیان بۆ خواردووە، ئەمە مانای ئەوەیە (تالپوشارڕی) ئەویش فەرماندەیەکی بەرچاو بوو، لەسیاسەتی فیدراسیۆنەکەدا کاتێ بینرا ئەو بەشداری کردبێ لە لوتکەی پاشایەتیەوە، لەنامەی (SH. 812) دەردەکەوێ، دەتوانێ سەرۆکایەتی وڵات بکات، کۆبوونەوەی بەپاشا هاوپەیمانەکان کردووە، و ئامادەکاری بۆ هێرشی سەر دوژمن کردووە، لەنامەی (SH, 811) و (SH,819)دا دەردەکەوێ، (تالبوش – شارری –Talpuš – šarri) لەپلەی دووەمی پلەوپایە دابوو، کە پاشای گەورەی (تورووککی) (پیشین دین Pišendēn – ) بوو، (ئایدیم و لیسۆ) ئەو بابەتە ڕوون دەکەنەوە، کاتێ (تالپوشارری) نامەی نووسیووە بۆ (کوواری) و پاشاکانی هاویمانی شێوەی خۆی، وەک برا ناوی خۆی دەبرییوە، هەروەها ئاماژەی ئەوەشی کردووە (پشین دین) پاشا ئەو نامەی ناردوویەتی بۆ (یاشوب – ئەدەد) مۆری خۆیدا (Fig. 1) بەشێوەی خۆی نەخشاندووە [...][١٠٤].

بەهۆی گومانەکانەوە، زانیاریەکان سنووردارن، لێکدانەوەی تر سوودی نییە لە ئێستادا ڕەنگە بچینە قۆناغی دووەمی دەسەڵاتەوە، کە لەلایەن (تەلپوش – شارری –

104 Ahmed Kozad Mohamed, 2012.p.352.

Talpuš - šarri) و (کوواری) ییەوە نوێنەرایەتی کراوە، (تالپوشارری) بەجۆرێک بەڕێوەبەر بووە، جگە لە (پیشین دین)، گۆڕانکاری لە هێمای مۆرەکەدا کرووە، بۆ نموونە مۆری (تالپوشارری) بەم شێوەیە پیشانی داوە:

**تالپوشارری، [کوڕی لە....]،[.....لە] پیشن [ت/دی].**

لەمەوە دەردەکەوێت کاتێک ئەو واتە (تالپوشارری) و (پیشین دین) نامەیان بۆ (یاشوب - ئەدد)ی (ئەخازوم) نووسیوە، (پیشین دین) خۆی، وەکو باوک ناساندووە، لەکاتێکدا (تالپو - شارری) (ستایلی ناوەند)ی بەکارهێناوە، و خۆی بەدوور گرتووە لە هەر زاراوەیەکی جێگری (پلەدوو)ە، ئەوە ڕوونە (تالپو - شارری) کەسایەتیەکی بەرزی هەبووە، و بەشداری کردووە لە کۆبوونەوە شاهانەکان، دەیتوانی چارەسەری کێشەی سەرکردەی وڵاتان بکات، دوژمن. تۆپوش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەمان پلەی خێزانی، وەکو (کوواری)، لەو کاتەوەی وەکو برا خۆی ناساندووە، (ستایلی ناوەندی) بەکارهێناوە، بەڵام هاوپەیمانیەکانی دەکرێت تاقی بکرێتەوە، وەکو بەشێک لە سیستەمەکە بووە، کە بەشێک بووە لەلایەن لێپرسراوی ناوخۆ[105].

(کوواری) فەرمانڕەوای (شوشارا) یەکێک بوو لەو پاشایانەی لەناو شانیشنەکەی (توروککی) دابوون، ئەم پادشایانە هەر یەکێکیان لە پایەتەختی خۆی دادەنیشت و لەگەڵ یەکتر هاوپەیمان بوون[106]، بەهەموویان یەک (پادشای مەزن)یان هەبوو، پادشای گەورەترین و بەهێزترینی ئەم شانشینە بوو، ئەم (پادشا مەزن)ە لەو کاتەدا (تەلپوشارری Talpuš - šarri -)[107] بوو، پایەتەختەکەی شاری (کونشوم- Kunšum ) بوو، ئەم ڕاستیە لە نامەکانەوە دەردەکەوێت، کە تیایدا بە (باوک)ی نامە بۆ نووسراوەکان ناوزەد کراوە، تەنانەت (کوواری) و دەستو پێوەندەکانیشی (توروککی) و لەڕەگەزی (خوری) بوون، چونکە لە جیاتی (ئێوە)ی

105 Eidem and Læssøe, p. 26

١٠٦ بۆ نموونە تەماشای ئەو هاوپەیمانێتییە بکە چەند پادشایەکی توروککو (؟) سوێندیان بۆ خوارد و هەواڵەکەی لە SH812 دا تۆمار کراوە.

١٠٧ لەسەردەمی کوواری دا پادشای مەزن تالبوشەڕڕی بووە، ئەمەش بەنامەی شمشارەی ژمارە .SH 812, 1. 30-32 دا دەرکەوتووە، کەدەڵێت: ...ئەگەر هەموو وڵاتەکان بەفەرمانی تالبوشەڕڕی هەڵدەسووڕێن...بەڵام (پیشتیدێن)ی (ئیتابالخوم)یش (پادشایەکی مەزن) بووە، یان هیچ نەبێت یەکێک لەم پاشا مەزنانە بووە.

نامەی (SH 809)، لەنامەی (SH 894)دا (TU ti—ru - ki - i) (توروککی) نووسراوە، نامەیەکی تریش باسی زەویەکانی (کوواری) لە دەرەوەی (شوشاررا) دەکات، لە شوێنێک ناوی (زوکولا- Zukula )، بووە و (تێنتوری -Tenturi)[108] ناوێک بەڕێوەی بردوون، لەوانەیە کوڕە گەورەی خۆی بووبێت، ئەمە بەڵگەیە (کوواری) لە بنەڕەتدا خەڵکی دەرەوە بووە[109]، نەک خەڵکی (شوشاررا)، لە دەقی (SH.826) لەهەموو ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ، (توروککی) یەکان کۆچەری یان نیمچە کۆچەری کوێستاننشین نەبوون، وەک هەندێک لە توێژەران بۆی چوون، بەڵکو زیاتر لە دراوسێ (گوتی و لوللوبی) یە نیشتەجێکانیان دەچوون.

نامەیەکی تری (شمشارە SH. 810) بەڕوونی ئاماژە بۆ زەوی (تالپوشارری) لە (ئوتوم - بیتوێن) و گۆڕینەوەی بەشێکی بە (تۆتیا) لە (شوشاررا) دەکات، زەویەکانی لە (ئوتوم) و هی (کوواری) لە (زوکولا) سیستەمی فیۆدالی (نوزی) و (ئەلالاخ - Alalah)[110]، بیردێنێتەوە[111]، بۆمان دەردەکەوێ ئەو فیدراسیۆنە، لە کۆمەڵێک شانشین پێکهاتبوو، کە هاوپەیمانی یەکتر بوون، واتە (Talpuš - šarri) تاکە پلەی باڵا نەبوو لە فیدراسیۆنەکەدا،(ئایدیم و لیسۆ) گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی لەزانیاریەکانی نامەی شمشارەدا هەندێک ناوی هێناوە وەک: ( Kuwāri Šepratu, iŠme - ann,,Hulukkail) هەموو ئەمانە فەرمانڕەوا یان دەسەڵاتداری ڕەسمی بوون، لەژێر دەسەڵاتی (Pišendēn) هەموویان خۆشحاڵ بوون، بەشێوەیەکی زۆر لە سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی، کە لەناو فیدراسیۆنەکە هەیان بوو، بۆ نموونە (کوواری) فەرمانی پێگەیشتووە، بۆ بەشداری کۆبوونەوە و گفتوگۆ و ئامۆژگاری ئەو پیاوانەی لە پلەی دووەمدان، دەگەڕێنەوە بۆ لقەکانی هێڵی پاشایی، لەوانەیە هاوپەیمانی سەرکەوتووی پادشایی (Talpuš - šarri) بوون،

---

١٠٨ تێبینی بکە تێنتوری ئەم شوێنەی بە زیگولا، نووسیووە، ئەم ناوەش ناوی "زیکولاێ " مان یاد دێنێتەوە کەناوێکی کەسی نامەکەی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئورو بەفەرمانڕەوای سوباتو ناوی هاتووە، بەڵام میشالۆفسکی لەم ساڵانەی دوایی دا ئەم ناوەی بەشێوەیەکی تر خوێندەوە و بەلای ئەوەوە دەبێت زینوم Zinum، بێت، کەوابێ: شوێنێک بەناوی (زینو) یان (زینوی وەرتی) لەباکووری ڕۆژئاوای ڕانیە هەیە دەگونجێت پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

١٠٩ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥.

١١٠ ئەلالاخ شارێکی خوری بوو لەباکووری خۆرئاوای سوریای ئێستا.

١١١ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦.

کاتێ ئەو نامەی نووسی لەگەڵ پاشایەکەی (Pišendēn) بۆ (Yaŝub - Adad)ی (ئەخـازوم) داوای ڕاسـتگۆیی دەکـرد، مـاڵ و خـاکیلە (tabalahum) لەڕوانـگەی ئێمەوە شـایەتحاڵێکی بەرجەسـتە نیە (Talpuš - šar) و هاوپیشـەکانی کە ئەندامی خێزانی پاشایی یان هەتا هاوپەیمانێتی، هەر بـابەتێکی پاشـایی یـان ڕەسمی، کەپاشـا بەکاری هێناوە، هەمان وشە یان هەمان دەربڕ بووە، بەکاتی دوو دڵی لە گفتوگۆی هاوپەیمانەکـان بـۆ هێشـتنەوەی پاشـا بـۆ شانشـینەکە، کەمـاڵی هەموویـان بـووە. پەیوەندی ئەوان بەشوێنی پاشاوە لەوانەیە تەواو جیاواز بووبێت.

**پەلاماردانی گوتی بۆ سەر توروککی**

کۆتا ناوچە کەدەگەڕێتەوە بۆ گردەکانی نـاوەوەی زاگرۆس، ئەوە دەگرێتەوە لە ئەرشـیفی شمشـارەدا هـاتووە، لە نـاوچەی بـاکوور (تـوروککی)یەکـان بـوون، لە باشووری ئەوانیش گوتییەکان و (ئیلام) بوو، واپێ دەچێت (توروککی) یەکان لەگەڵ (ئـیلام) پەیوەنـدیان هەبووبێـت، بەڵام لەگەڵ گوتییەکـان دوژمنایەتیـان هەبـوو، بەتـایبەتی نـامە گرنگەکـانی (٣٦، ٦٣، ٦٤)، ئەوە دەردەخـات، چـۆن گوتییەکـان گوشاریان کردۆتەسەر شانشینی (توروککی) یەکان، کە ئەمانە پشتگیری دەکرێن، لەلایەن (شـوروخدوخ -Šuruhduh) لە (ئیلام)، لەلایەکی دیکە پەیوەندی ئەوان و لوللویەکان دەتوانرێ هەست پێ بکرێ، کە لە شمشارە و نزیک ئەوێ بوون[١١٢].

سەرەڕای ئەوەی شانشینی (توروککی) هێز و دەسەڵاتی لەناوچەکە هەستی پێ دەکرێت، بەڵام پێدەچێت دەسەڵاتی (توررووککی) بەهۆی تیوەگلانی لەشەڕ و شۆڕی بەردەوام نەیپەڕابێتەسەر ئەوەیدەسەڵات لە (شوشاررا) بچەسپێنی، پەیوەندی نێوان (توروککی) یەکان و زلهێزێکی تری ناوچەکە لەم سەردەمەدا گوتییەکان دۆستانە نەبوو، هەردوولا نێوانیان خراپ بوو، لەو کاتەدا لەشکرکێشی و هێرشی گوتییە دوژمنەکانیـان لە ئـارادا بـوو[١١٣]، ئەو دوژمنـایەتیەی (تـوروککی)یەکـان لەگەڵ گوتییەکان هەیان بوو بەردەوام بوو، ئەو دوژمانیەتیە تا ئەو کاتە درێژەی کێشا بـوو، (تـوروککی)یەکـان کە دوژمنـی (ئیشـمی - داگـان) بـوون، ویسـتبوویان کۆمەکی(خـاتنو - ڕاپـیrapi - Hatnu)، (قاططـارا - Qaṭṭarā) (تـل الرمـاح)

112 Eidem and Læssøe, p. 25..

١١٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.

ڕۆژئاوای موسڵ نزیک (تەلەعفەر) بکەن، تاکو پایتەختەکەی خۆی دەست بکەویتەوە، بەڵام ناچار بوون پاشەکشە بکەن، چونکە گۆتییەکان کە (زوزوم) ناوێک پاشایان بوو، پەلاماری وڵاتی (قەبرا)یاندا، دیارە (قەبرا) پاشای خۆی هەبووە, بەڵام وەک (ئایدم) بۆی چووە ئەو پادشایە شوێنکەوتەی (توروککی)یەکان بووە[١١٤].

پاشای (توروککی) ململانێیەکی توندی لەگەڵ گوتییەکاندا هەبوو، پادشای گوتی (ئیندوششیَ) گەمارۆی (توروککی) داو لەبەر ئەوە (تالپو - شارری) پادشای (توروککی) هاوپەیمانێتیەکی لە هۆز و شارەکانی ناوچەکە پێکهێنا. دەوڵەتی (ئیلام)یش لەو هاوپەیمانێتیەدا بوو، چونکە ئەمان دژی گوتییەکان بوون. هەروەها بەشێک لە (لوللو و سیموروم) بەشداربوون. سەرەڕای ئەوەش ئاشووری ڕێکەوتنی لەگەڵ (توروککی) هەبوو. بەڵام پێناچێت جێی بڕوا بووبێت، پەلامارە تەماعکاریەکانی ئەوەی لێ دەخوێندرایەوە، چونکە هەر لەوکاتەدا هێرشی کردەسەر (قەبرا)ی هاوپەیمان و دراوسێی (توروککی) و داگیری کرد.

گوتییەکان تائەو کاتەی نامەی شمشارەی ژمارە (SH.812)ش بۆ (کوواری) نووسرا، سێ ساڵ بوو گوتییەکان گەمارۆی پایتەختەکەی (تەلپوشەڕی)یان دابوو، لەم نامەیەدا هەواڵی بەستنی هاوپەیمانیەکی گەورەی نێوان (توروککی) یەکان و ڕێک خستنەوەی سوپاکانیان بە (کوواری) ڕاگەیەنراوە، ئەو هاوپەیمانیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای (ئیندوششیَ)ی پادشای گوتی بوو، هەر بۆیەشە لەنامەکەدا هانی (کوواری)یان داوە بەلایەنگیریان بمێنێتەوە[١١٥].

کۆبوونەوەی (تەلپو - شەڕی) لەگەڵ سەرانی (توروککی)دا لەشاری (ئالیائێ Aliae) بووە، هەموو سەرۆکە هاوپەیمانەکان بەشداربوون و لەو شوێنەی لایەنی نوێی تریش ئامادەبوون و هاتوونەتە ناو هاوپەیمانییەکەوە، پادشای (توروککی) بەنامەی (SH.812) (کوواری) ئاگادار دەکاتەوە، نامەکە لەلایەن یەکێکەوە نێردراوە بەناوی (شێپراتو) خۆی وەک برای (کوواری) ناوبردووە، ناوی زۆرێک لە پاشا هاوپەیمانەکانی هێناوە کە لەو کۆبوونەوەیە ئاکادەبوون، لە نامەکە دا دەڵێت:

---

١١٤ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

١١٥ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

**" بەکواری بڵێ: شێپراتو Šepratuی برات وا دەڵێت: زوزوم/ی خانیزاروم Zuzum/ی Hanizarum[116]ی شاری, ئیلالائێ Ilalae، کە بۆ پەیمانێکی بۆ ئیشپورونو išparunw بۆ, کوسانارخوم Kusanarhum، نێردرا بوو، هات و لەگەڵ خۆی دا پادشای کوسانارخومی بۆ شاری ئالیایی و لەگەڵ خۆی هێنا بوو. لەگەڵ , کیگیرزا Kigiiza، و تەلپوشەڕری Talpuš – šarri دا کۆبووەوە سوێندی گەورەیان (تەواو)یان بۆ یەک خوارد (سەپاند) و.پادشای کوسانارخوم,, ناششومار Naššumar، و کوڕەکانی، ,تاروگور Tarugur، (و) , شەرتی Šaurti، بە لەشکرێکی ٣٠٠٠ چەکدار دێن، ,بێردیگێندائێ Berdigendarی راب ئەموررریم rabAmurrim سوپاسالاری ,زوتلوم Zuthum، بە لەشکرەکەیەوە بۆ کونشوم دێت، و کیکیرزا بە لەشکری خۆیەوە و لەشکری کوسانارخوم و ,شودامێلوم Šudanehum، ەوە بۆ گەمارۆدانی ,ئەڕرونوم Arrunum، کەوتەڕێ (دێری ١ – ٢١)...تۆش باشترینی لەشکرەکەتبە فەرماندەیی خۆت بێنە و هەڵگەڕێ بۆ ئێرە (دێری ٤٣ – ٤٤)."[117]**

دیارە سەرەڕای هاوپەیمانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکەکان (تالپوش شارری) پادشای (توررووککی) هەوڵی داوە لایەنگیری لەناو سوپا و شاری دوژمن هەبێت، لەوەش زیاتر دەستکێش و هاوپەیمانی لەناو شارەکەدا هەیە، بۆ ئەوەی هەرکاتێک لەشکری (توررووککی) پەلاماریدا ئەو شارەکە دەدات بە دەستەوە، چونکە ئەمە بۆ (کوواری) ڕوون دەکاتەوە و لە هەمان نامەدا هاتووە:

**" لە شارەکە یەکێکی لێ هەیە ئەوها دەڵێ: وەرە من شارەکە دەدەم (تەسلیم) بە تۆ دەکەم."**

ئەو لەشکرەی لەئەنجامی کۆبوونەوەی هاوپەیمانەکان بۆ لێدانی (گوتی) پەلاماردەر، پێویستی بە دانەوێڵە و خواردەمەنیە، یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی (کوواری) دابین کردن و گەیاندنی دانەوێڵە بووە، بۆ سەرووەرە (توررووککی) یەکەی، بەهۆی بەردەوامی شەڕ عەمبارەکانی دانەوێڵە بەتاڵن، ئەمەش پێویستی بەوڵاتی

---

١١٦ خانیزاروم زاراوەیەکە تەنیا لەم دەقانەی شمشارەدا هاتووە، تائێستاش بەتەواوی ڕوون نیە واتای چیە و لەچیەوە هاتووە، وا دیارە پۆستێک بووە یان زیاتر لەوە دەچێت پلەیەکی سەربازی بێت، لیسۆ بەدوری نازانێت ئەمە شێوەیەکی بەئەکەدی کراوی بێت وشەیەکی خوری بێت. بڕوانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.

١١٧ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

هێمن و ئارام هەیە، بەهۆی کەمی دانەوێڵە گوشارێکی زۆر لەسەر (کوواری) هەبوو، ئەمە لەنامەکانی سەردەمی یەکەمەوە دیارە تیایدا بەردەوام داوای دانەوێڵە لە (کوواری) دەکات و پێی دەڵێت: لە پێناوی ئەمەدا لەگەڵ پادشایانی لوللودا ئاشتی بچەسپێنێت، بۆیە (کوواری) هان دەدات، ئاشتی لەگەڵ پادشا زۆرەکانی لوللوم قبوڵ بکات و ئەو پادشا لوللویانەی جێگای بڕوان لەلای خۆی گلیان بداتەوە، ئەگەر بزانین ئەم بەشەی کوردستان تا ئەو سەردەمەش کشتوکاڵ دەکرا و دانەوێڵە دەچێنرا، پشتی بەدانەوێڵەی ئەم سێ دەشتە سندی و بیتوێن و شارەزوور دەبەست، ئەوا ناوەرۆکی ئەم نامانە بەلاوە سەیر نابێت. لەهەمان نامەی ( SH. 812)دا دەڵێت:

**" ئێستا ئەگەر پادشا زۆرەکانی لوللوم بوونەتە دوژمنی تۆ، ئاشت بوونەتەوە و تۆش پەیمانت پێ داون (سوێندێکی تەواوت پێ داون)، ئاشتیەکەیان قبوڵ بکە، تۆ خۆت دەزانی عەمبارەکانی دانەوێڵە بەتاڵن، هیچ دانەوێڵەیەک بۆ لەشکرەکە نیە کە دێ، ئێستا ئاشتی و پەیوەندیەکی باش لەگەڵ لوللوم پێک بێنە، گواستنەوەی ئارد و دانەوێڵە ڕێک بخە، وابکە دانەوێڵەکە لە ژێر سەرپرشتی خۆت بگوازرێتەوە بۆ من ! هانت دەدەم : بە زووترین کات جێ بەجێی بکە و دوای مەخە وەکو خۆت دەزانی لەشکرەکە نزیک بۆتەوە، بۆ ئەوەی سەروەری تۆ و وڵاتیش شاد بن و هەتا هەتایە ناوت بچەسپێنێ و وابکە ٥٠٠ ... دەستی بەسەردا بگیرێ بۆ من، ئەوسا با هیچنیگەرانیەک سەبارەت بە(ئانا – ana) وڵاتی ئۆتێم نەبێ. وابکە ئەو لوللویانەی جێی بڕوان لە شاری شوشاررا گل بدەنەوە تا تۆ دێیتە لام."**[١١٨]

سوپای (گوتی) ماوەی سێ ساڵ بوو گەمارۆی شاری (کونشوم)ی پایتەختی (توروککی) دابوو، گوشاری زۆری بۆ ناوچەکە هێنا بوو، سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانەکان بۆ لێدانی سوپای (گوتی) پێویستی زۆریان بە (کوواری) هەبوو، بەڵام مەترسی ئەوەش هەبوو گوتییەکان هێرش بکەنە سەر (شوشاررا) و هەرێمی بیتوێن لەبەر ئەوە لە نامەکە ئاماژەی ئەوە کراوە، ئەگەر بارودۆخەکە مەترسی ئەوەی هەبوو پەلاماری (شوشاررا) بدرێت، با لەشکرەکە لە (شوشاررا) بمێنێتەوە، بەڵام زۆر جەخت لەوە کراوەتەوە (کوواری) خۆی ئامادەبێت، چونکە مەترسی

١١٨ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

ئەوەی هەبـووە، پاشـا هاوپەیمانەکـان دوایـی بەخـراپە باسـی بـکەن، بڵـێن سـەروەرەکەی، وەکو بـاوکی خـۆش دەوێ و وا سـێ سـاڵە گەمـارۆ دراوە، کەچـی نەهـاتووە لەگەڵ ئێمەدا بەرگری بکات، لەبەر ئەوە لەنـامەی (SH.812) زۆر هـانی دەدات و دەڵێت:

**" ئەگەر تۆ لە هەڵوێستەکەت کۆڵیوەتەوە و ترس لە بارەی (ئانا) وڵاتی ئۆتێم (هەیە)، ئەوسـا وابـکە لەشـکرەکە بمێنـنەوە، بـۆ ئەوەی وڵاتـی ئـۆتێم و شـاری شوشاررایێ بپارێزێ، تۆش بە خۆ و بەنۆکەرەکانت، وەرنە لام ! وامەکەن وڵات هیچ بەتۆ بڵێ (واتە: دژی تۆبێ)، تۆ خۆت شارەزای بیروڕا (واتە: زاری)ی ئەوانی. هەموو لە ئایندەدا قیت دەبنەوە و بەم جۆرە ئەمەی خوارەوە دەڵێن:**

**"ئەو کە سەروەرەکەی وەکو ژیانی (خۆی) خۆش دەوێ ئێستا ئەوە سێ ساڵە سەروەرەکەی لە ژێر ئابڵوقە دایە، کەچی ئەو نەهاتووە هاوکاری سەروەری بکا، لە تەک ئێمە نەوەستاوە، ئەمانە (ئەم شتانە)، ئەوان بە تۆی (واتە: دژی تۆ) دەڵێن و ئەمەش کـارێکی نەگریسـە تـا ڕۆژگارێکی دوور دڵمـان نـیگەران دەبـێ، بـانەزری خۆشکوزەرانی (واتە: ڕزگاری) شاری شوشاررایێ بکرێ و تۆش بەڕێ بکەوی و بێیتە لام."**

هەواڵنامەی کێبر

پێـدەچێـت بـارودۆخەکە هەسـتیار بێـت، پادشـای (تـوروککی) مەترسـی ئەوەی هەبـووە لەبەر بـێ خـواردنی سـوپاکەی نەتوانێـت بەرگـری بکـات، لە پـێش کۆتـایی نـامەی (SH.812) جەختـی لەسـەر دەکـاتەوە و (کـوواری) هـان دەدات، هەرچۆنێـک بێت لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا دانەوێڵەکە بگوازێتەوە، چـونکە لەشـکر نـزک بـۆتەوە دەڵێ :

**" وابکە دانەوێڵەکە لە ژێر سەرپەرشتی خۆت بگوازرێتەوە بۆ من! هانت دەدەم: بەزووترین کات (جێبەجێی بکە) ، و دوای مەخە، وەکو خۆت دەزانی، لەشکر نزیک بۆتەوە."** [١١٩]

لە کۆتایی نامەدا (کوواری) ئاگادار دەکاتەوە، هەواڵ و نووسراوی وا دەبیستێت و ڕاپۆرتی بۆ دێن، دەربارەی پەیوەندیە خراپەکانی (زوزوم)ی سەرکردەی گوتی،

١١٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

که وڵاتی (ئوتێم) هەراسان دەکات، ئەو هەواڵانە نیگەرانیان کردووە، لە نامە کەدا دەڵێت:

**" ..... هەر (ڕاپۆرتان) دەبیستم و زوزوم بەردەوام پەیوەندیە خراپەکانی خۆی پەرە پێ دەدا. وڵاتی ئوتێم هەراسان دەکات و مەڕەکانی دەڕفێنێ. کەس باسی پلانەکان (؟) ناکا بۆ تۆ و نۆکەرەکانت لە ڕووی تۆ دوور دەکەونەوە.کەس بۆ تۆ (ی) باس ناکا (واتە: کەس سەرزەنشتت ناکات)."**[١٢٠]

دەشێت (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم)یش لەنێو هاوپەیماناندا بووبێت، چونکە لەپاشدا (شەمشی – ئەدەد) لە نامەیەکیدا (SH.809) بۆ (کوواری) دەردی دڵ لە ئەمبەر و ئەوبەری زۆر و هاوپەیمانییە بگۆڕەکانی (یاشوب – ئەدەد) دەکات، یەکێکیش لەو لایەنانەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەپێی نامە هاوپەیمانیان بووە (توروککو) بوو. نامەیەکی تریش (SH.819) زۆر پێ دەچێت دواتر لەم نامەیەی پێشوو نووسرابێت، (تالپو – شارری) خۆی بۆ (کوواری) ناردووە. تیایدا لە دوایین هەواڵی خۆ ئامادە کردن و تەیار کردنی لەشکری بۆ هەڵکوتانەسەر (ئیندوششێ) بە (کوواری) ڕادەگەیەنێت، نەخشەکەی وابووە لەگەڵ سەرەتای بەهاردا بەفەرماندەیی خۆی لە (زوتلوم)ەوە شاڵاو بەرێت:

**"ئێستا ئەو وڵاتانەی بەهانامانەوە هاتوون نزیکن و منیش لەزوتلوم فەرماندەیی سوپا دەکەم"**

کوواری لە هاوپەیمانیەکەدا بوو و ئەرکی بوو بەلەشکرەکەیەوە لەگەڵیاندا بێت، هەروەک (تێنتۆری Tenturi)، ناوێک لەوە دەچێت کوڕی خۆی بووبێت، لەنامەی (SH 812) دا بۆ ئەمە هانی داوە:

**"...و ئەگەر هەموو وڵاتانی کە تەلپوشەڕی سەروەری یان دەکات هاتبن، دەبێت تۆش بێیت. دوا مەکەوە (وشەبەوشە: گیرمەمێنە)."**

ئیلامیش لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لەم کاتەدا (شیروک – توخ Širuk – tuh)، پادشای بوو، یەکێک لە هاوپەیمانەکانی (توروککو) بوو لەدژی گوتییەکان. قەول وابوو ئەویش بە (١٢٠٠٠) سەرباز بەشداری بکات، لە لەشکرکێشییەکەی (توروککو) لە دژی (ئیندوششێ)، ئەمە لەنامەی (SH 827)ەوە دەرکەوتووە. کە دەڵێت:

---

١٢٠ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

**" شوروختوخ ی پادشای ئیلام، ئەم پەیامەی بۆ ,تابیتو Tabitu، ناردووە: بۆچی وڵاتی ئیتابالخوم نوێنەر نانێرێتە لام؟ لەشکر تەیار بووە، لەدژی ئینداششو دەکەونەڕێ."** [121]

باوەڕ وایە ئەم هاوپەیمانیەی دژی گوتییەکان لەپاڵ (توروککو)دا ئاشوور و (ئیشنوننا)شی تێدا بووبێت، چونکە نامەی (SH.827) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، سەردارانی (توروککو) جۆرە هاوکاریەکیان لەگەڵ ئاشووریەکاندا هەبووە، بەڵام بەبێ ئەوەی متمانەیان پێ بکەن[122]، (شێپراتو) داوای لە (کوواری) کردووە، لە ڕاستی و دروستی هەندێک لەو هەواڵانە بکۆڵێتەوە دەربارەی (شەمشی - ئەدەد)، بەڵام بەبێ ئەوەی نوێنەرەکەی ئاشوور ئاگای لێ بێت، هەر چۆنێک بێت، دیارە (شیموروم) و (لوللوبی)یەکان یان بەشێکیان هاوپەیمانی (کوواری) بوون، چونکە بەپێی نامەی (SH.812) کاتێک (کوواری) بۆ کۆمەکی (تالپو - شارری) "هەڵگەڕا" هەندێک لە هێزەکانی ئەمان لە شاری (شوشاررا) جێ هێڵران.[123] بەڵام (کوواری) خۆی دواخست، لەوانەشە ئەگەر زۆری لێ نەکرایە، لە هاوپەیمانیەکە بکشایەتەوە، چونکە نەبوونی و قاتییەکی گەورە بووە هۆی دابین نەبوونی خۆراکی سوپای لەشکرکێشیەکە، بووە بابەتێکی زۆر گەرمی نامە ئاڵوگۆڕ کراوەکان، دیارە هەر ئەم قات و قڕیەش هۆی سەرەکی شکانی بەرەی (توروککی) بووە. نووسیویانە عەمبار و کەندووەکان بەتاڵن و لەشکر نزیکە، (کوواری)ش لەم لاوە لە توانایدا نەبووە هیچ ئازووقەیەکبنێرێت، یان مەبەستی نەبوو بینێرێت، بەم شێوەیە ئەنجام کارەسات بوو، کاتێ (گوتی)پەلاماری (توروککی)دا بە پێچەوانەی ئامانج و نەخشەی لەشکرکێشی یەکە، کە (تالپو - شارری) خۆی ئامادە دەکرد، و هاوپەیمانەکانی کۆدەکردەوە و بەشێکی هێرشەکەشی متمانەی خستبووە سەر ئەوانەی باوەڕ پێکراوی بوون، لە ناو شاری دوژمندا بەڵێنیان پێدا بوو، هاوکاری بکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر گوتییەکاندا، کەچی پادشای گوتییەکان (ئیندوششێ) (توروککی) یەکانی خراپ شکاند، وڵاتەکەی داگیرکرد و (کونشوم)ی پایتەختی (توروککی) تاڵان

---

١٢١ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.

١٢٢ دەتوانین ئەمە لە نامەکەی تالپوشارری یەوە بۆ کوواری (SH 804) تێ بگەین کە تیایدا داوای لێ دەکات نوێنەرەکەی یائیلانوم la ilanum،ی بۆ بنێرێت، بەڵام هی ئاشوور نا.

١٢٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.

کـرد و بەروبـومی فەوتانـد، ئەمە بـووە هـۆی لەبەریەک هەڵوەشـانی شانشـینی (توروککی)، نامەی(SH 818)، کە (سین – ئیشمی – ئەننی Sin – išme – anni – )[124]، بۆ (کوواری) ناردووە، بەم شێوەیە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە[125]:


**" ئیندوششـێ بە تاڵانکـاریەوە هـات و [.....] بەروبـومی شـاری کونشـوم و بەروبومی ,ئیرتاخوم، فەوتاند،** (دێری ٣ – ٧)، **...ئێستا، ئیندوششێ ماوەی بیست و [...] ڕۆژ بەنـاو وڵاتەکەدا سـوڕایەوە و ئـێمە لەبەرەیەکـی کـراوەدا ڕووبەڕووی نەبووینەوە.** (دێری ١٧ – ٢١) **....برا متمانەی بەبرای نیە! تۆ نابێت دەسـتمان لـێ بەربدەیت! پیاوانە بکەرەوە خۆت (وشەبەوشە: وەک گەورە پیاو بە) و عەمبارەکانت مەحکەم کە!."** (دێری ٢٤ – ٢٧).

لە ئەنجـامی سـەرکەوتنی (ئیندۆششـێ)ی (گـوتی) و هەرەسـهێنانی بەرەی (تـوروککی)، هەڵاتنـی ژمـارەیەکی زۆر لە (تـوروککی)یەکـان پەنایـان بـردەبەر (شوشاڕا)، لەنێو ئەم پەنابەرانەدا پادشا و میر و دەرەبەگی گەورە هەبوون، ئەمانە مـایەی گیروگرفتـی ماندووکەر و سەرئێشـەی نەبڕاوەیـان بـۆ (کـوواری) و پاشـان (شەمشی – ئەدەد) دروست دەکرد، شتێکی چاوەڕوان کراوە، لەنێو ئەم پەنابەرانەدا ناوی (تالپوشارری Talppšarri – ) و (تێنتوری Tenturi) و (شیپ – شەرری – Šip – šarri) و (زازی – یـا Zaziya – ) و (خازیپ – تێششوپ Hazp – Teššup) لە دەقە کارگێڕیەکـانی (شوشـاڕا) دا دەبینـین، کە خـواردن و جـل و بەرگیـان بـۆ بـڕاوەتەوە، لەو کـاتە ئەمە کێشـەیەکی گەورە بـوو بـۆ (کـوواری) و شانشینەکەی دروست بوو، چونکە (کوواری) سەرەڕای کێشەکانی شانشینی خۆی، کێشەی ئەمانەشی هاتەسەر، هەر لە لایەنی سیاسیەوە بگرە تا لایەنی سـەربازی و کـۆمەڵایەتی و دابـین کردنـی شـوێن و جێگـا و خـواردن و دابـین کردنـی پێویستیەکانیان. ئیتر لێرەوە دەمی یەکەم کۆتایی هات و دەمی دووەمی باڵادەستی ئاشووری دەست پێ دەکات.

---

١٢٤ لەنامەکان دیاری نەکراوە سین– ئیشمی– ئەنی کێ بووە، لەوانەیە یەکێک لە سەرداره زۆرەکانی توروککو بووبێت.

١٢٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.



وێنەی ژمارە (١٥)، نووسینێکی مێخی باس لە ناوی هۆزی (توروککو) و ناوی (شمشارە) دەکات، لە(ARM 4.25) سەرچاوە: شێرزاد حسن هەمزە.

# بەشی پێنجەم
# شانشینی ئەخازوم

شانشینی ئەخازوم، یەکێ بووە لەشانیشینەکانی دامێنی چیاکانی زاگرۆس و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، لەسەردەمی ئاشووری کۆندا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، لە ململانێکانی ناوچەکەدا بەتایبەت لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، ئەم وڵاتە لە دەق و بەڵگەنامەکانی (شمشارە)دا ئاماژەی بۆ کراوە، پایتەختی ئەم وڵاتە شاری (شیکشابوم) بووە، بۆ یەکەم جار لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ.ز) ئاماژە بۆ پایتەختی ئەم وڵاتە کراوە بەشێوەی (شیکشابی – Šigšabi)[١].

### شوێنی شانشینی ئەخازوم

سەبارەت بە دیاری کردنی شوێنی جوگرافی ئەم وڵاتە کارێکی سەختە، بەڵام دەتوانین بەپلەی یەکەم پشت بەو نووسراوە مێخیانە ببەستین لە شمشارە دەست کەوتوون، بەو پێیە دەتوانین شوێنەکەی لەناو بانەکانی زاگرۆس لەدامێنی چیاکادنندا

١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

بدۆزینەوە، لەنێوان ئاشوورییەکان لەخۆرئاوا و چیانشینانی زاگرۆس لەخۆرهەڵات و باکوور و باشووریدا[٢]، هەرێمی (ئەخازوم) بەشێوەیەکی تایبەتی تۆمار کراوە، لەنووسینەکانی شمشارە و ماری دا، بەڵام شوێنەکەی بەوردی دیاری ناکرێت لەم سەرچاوانەی هەن، (ئەخازوم) ئەو ناوچەیە لە نێوان ڕانیە و هەولێر دابووە، بەنزیکەی دەکاتە کۆیەی ئێستا. پادشای (ئەخازوم) (یاشوب – ئەددو – Jašub Addu) [٣] هاوپەیمانی (توروککی)یەکان لە باکووری ڕۆژئاوای، (شیمورروم) لەباشووری ڕۆژهەڵاتەوە، (شەمشی – ئەدەد) لە ڕۆژئاوا، بەڕای ئێمە کاکموم دەبێ کەوتبێتە باکووری ڕۆژئاوای ڕانیە دروستتر بڵێم لەنێوان هەولێر و ڕەواندز و ورمێ دابووە، سنووری ڕۆژئاوا بە دوورتر دیاری کرابوو، چونکە (یاشوب – ئەددو) و (شەمشی – ئەدەد) کۆبوونەوەیان بوو، لە (ئەرەفە –ئارابخا) و (ئاینوم Ainnum – ) و (قەبرا –Qabrã) لە کەناراوەکانی، خوارووی زاب[٤]. بەو پێیە ڕەنگە بتوانین شوێنەکەی لەنێوانی ڕانیە و هەولێر لەنزیک کۆیە دیاری بکرێت لەسەر کەناراوەکانی ڕووباری زاب/ زێی بچوک، لەخوارووی شاری (شوشاررا)ی کۆندا، لەنێوان هەردوو شارۆچکەی (دوکان) و (تەق تەق)، بەڵگەی بەهێزیشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کاتێ (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) کۆمەڵێ خەڵکی (توروککی – Turukki) بۆ شاری ئاشوور دەنێرێ، (شەمشی – ئەدەد) لەنامەیەکدا بۆ (کوواری) باس لەوە دەکا هەندێ لەم (توروککی)یانە لەڕێگادا هەڵاتوون، و چوونەتە شاری (شیکشابوم)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم وڵاتە کەوتۆتە نێوان شاری ئاشوور و (شوشاررا)، لەسەر کەناراوەکانی ڕووباری (زاب) زێی بچوک، گونجاوترین شوێن لەوانەیە ناوچەکانی دەوروبەری (تەق تەق) بێت[٥]، (ئایدم) وای بۆ دەچێت شارەکە پایتەختی (ئەخازوم –Ahazum)ە و ئەم وڵاتە لەنێوان هەولێر و دەشتی ڕانیەدا بووە، وردتر لە دەوروبەری کۆیە، شیشکشاببومیش بە بڕوای ئەوە لەسەر زێ بووە، لە نزیک تەق تەق[٦]، دوور نییە یەکێک لە گردە

---

٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٣ ئەم پیاوە سەرۆکی (ئەخازوم) هەندێک جار ناوەکەی بەشێوەی ئامووری (یاشوب- ئەددو= Jašub- Addu) هاتووە، ئەندێک جاریش بەشێوەی ئەکەدی (یاشوب- ئاداد Jašub-Adad) هاتووە، ئێمە زیاتر پەیڕەوی مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد (یاشوب- ئەدەد Jašub-Adad) مان هەڵبژاردووە.

4 Eidem and Læssøe, p 22.

٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣-٢٥٢.

٦ فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان- کتێبی یەکەم، ٢٠٠٤، ل١٢٨.

شوێنەواریەکانی ئەو ناوچەیە، شاری (شیکشابوم)ی کۆن بێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەم نامەیەدا دەتوانین دراوسێکانی ئەم وڵاتە دیاری بکەین، بەم شێوەیە (توروککی)یەکان لەباکووری ڕۆژهەڵات و وڵاتی (سیموروم) لەباشووری ڕۆژهەڵات و ئاشوورییەکانیش لە ڕۆژئاوا و (کاکموم) لە باکوور و (شوشاررا) لە ڕۆژهەڵات و باکووریەوە. بووە.

لە دەقەکانی شمشارەدا نامەی (SH 809) باس لە هەوادارییە بگۆڕەکانی (یاشوب – ئەدەد Jašub - Adad – )ی فەرمانڕەوای (ئەخازوم – Ahazum)، دەکات، دەکرێت هەندێک زانیاری سەربارەت بەشوێنی وڵاتەکەی لێ هەڵکرێنین، بەلای (ئایدیم و لیسۆ) وە ئەو هێزانەی (یاشوب – ئەدەد) هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەستوون، دەبێ دراوسێی ڕاستەوخۆی وڵاتەکەی بووبن، بۆیە (ئەخازوم) لەناوچەی نێوان دەشتی ڕانیە و هەولێردا بووە، لە نێوان (توروککی)یەکان لە باکووری ڕۆژهەڵات، و (شیموررروم) یەکان لەلای باشووری ڕۆژهەڵات و (شەمشی – ئەدەد) لە ڕۆژئاوا و (کاکموم) لە باشووری ڕۆژهەڵات بوون، جگە لەمەش جارێک (یاشوب – ئەدەد) لە (ئەرڕابخە/ـا) و (ئائیننوم – Ainnum)، کۆبوونەوەی لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد) دا هەبووە، جگەلە شاری (شیکشاببوم – Šikšabbum)ی پایتەخت، (ئەخازوم) دوو شاری تریشی هەبووە، ئەوانیش (ئیککالنوم – Ikkalnum)، و (تاروم – Tarum)، بوون[٧].

**ناوی شاری شیکشاببوم**

شانشینی (ئەخازوم) یەکێ بووە لەشانیشنەکانی بناری چیاکانی زاگرۆس، پایتەختی ئەم وڵاتە شاری (شیکشابوم)[٨] بووە، ناوی ئەم شوێنە لەدەقەکانی

٧ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣-٢٥٢.

٨ شیکشابوم: ناوی ئەم شارە بەچەند شێوەیەکی تریش هاتووووە، وەک شیکشامپی و شیکشامپیم، بەپێی بوونی پاشگری /امپ / ناوی شارەکە خوریە، و پێدەچێت لەوکاتەدا بنکەیەکی گوتیەکان بووبێت بروانە: یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧، بەپێی سەرچاوەکان ئەم شارە دەکەوێتە سەر زێی بچوک لەنزیک تیکتیخوم (Tiktihum) (تەق تەقی ئێستا) و پایتەختی ولاتی ئەخازم بووە. بروانە: کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

ئەم شارە بەشێوەی تر نەناسراوە، لەنامەکانی(Ši-ik-ša-am-bi-imki SH,888,10 و—Ši-ik-ša-ab-am-biki SH,919,12- 917,12و دا هاتووە، وادیارە پەیوەندی بەتورککاییەکانەوە هەیە، ئەم سێ نامەیە لەلایەن هەمان بنێری نامەی بۆ کوواری ڕەوانە کراون شیکشامبیم کە ناوەکەی خوری یە لەوە دەکا شارێک

بنەماڵەی سێیەمی ئوردا (٢١١٢ - ٢٠٠٤ پ.ز) ئاماژە بۆ پایتەختی ئەم وڵاتە کراوە، بەشێوەی (شیگشابی -Šigšabi) هاتووە، زۆرجاریش لەدەقەکانی شمشارەدا بەچەند شێوەیەکی جیاواز ئاماژە بەو شارە کراوە، هەروەها نووسراوەکەی پاشا (ئیدی - سین)، کەبە بەردەکەی (غەریب هەڵەدنی) ناسراوە، لەدێڕی (٦٠) ئاماژە بەناوی ئەم شارە کراوە، بەم شێوەیە شیکراوەتەوە، بە (Ŝikŝ - ambi) وەرگیراوە، بەواتای (ستونێک لە داری ئەمبی) دێت[9]، (ئاستۆر) ئەم ناوە بە (خوری) دەزانێت و بەپێی شیکردنەوەی ئەو لە (Š/Sikš - ambi) یەوە هاتووە، بەواتای "ستونێک لەداری ئەمبی" بەڵام لەهەموو حاڵێکدا ئەم شیکارە لێکۆڵینەوەی زیاتر و وردتری دەوێت[10].

## شاری شیکشاببوم

پایتەختی ئەخازوم (شیکشابوم)ە، لە تۆمارەکاندا ئاوا نووسراوە، لەسەرچاوەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور تۆمار کراوە، (سەیری ئەستور بکە f, 198734)لە دەقەکانی شمشارەدا شوێنەکەی لە جۆگەلەکانی خوارووی زاب دیاری کراوە، ڕەنگە لەنزیک ناوچەی (تەق تەق)ی ئێستا بووبێت، لە (ئەخازوم)دا (ئیککالنوم -Ikkalnum) و (تاروم -Tarum) دوو شاری ترن ئاماژەیان بۆ کراوە[11]. جێگای سەرنجە (شیکشاببوم) لەو سەرچاوانەدا وەک شارێک ئاماژەی بۆ کراوە، کە پایتەختی وڵاتی (ئەخازوم - Ahazum) بووە، کەچی لەدەقەکەی

---

بووبێ لەنێوان مەیدانی بەرژەوەندی ئاشووری و گوتی (قوتایێ) ئەم نامەیە دیارە ئەوەی تێدایە لەشکرگایەکی گوتی لەوێ دامەزرابێ. بڕوانە: یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

گێلب I.J.Gelb دەڵێت: لەدەقێکی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا(٢١١٢- ٢٠٠٤ پ.ز) دەردەکەوێت، کەلەلایەن فیش Fish ەوە بەهەڵە لەبەرهەمەکەیدا Catalogue of sumerianTablets in the John RylandsLibrary(Manchester 1932)31بلاو کراوەتەوە و بەهەڵە ناوەکە خوێندراوەتەوە، بەڵام هەقی خۆیەتی وا بەهەڵە بخوێندرێتەوە، چونکە کێ لەو کاتەدا ناوێکی واسەیر دەناسێتەوە؟ ناوەکە دەبێت وا بخوێنرێتەوە، شیکشابی Ši-ik-ša-bi ki ، جارێکی تر ئەمە شایەتی بۆ ئەو ڕاستیە دەدات پاشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور تەواو وشیار و ئاگاداری گرنگی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووری پاشا نشینەکە بوون. بڕوانە: یۆرگن لەسۆ، شیکشاببوم شارێکی سەرسامکەر، وەرکێڕانی لە ئینگلیزیەوە: فاضڵ قەرەداغی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە/ ١٩، ساڵی پێنجەم، ئاداری ٢٠٠٢ ، ل ٣٣)

٩ کۆزاد ئەحمەدمحمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥-١٨٦.

١٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢.

11Eidem and Læssøe, p 22.

(هەڵەدنی)دا بەڕوونی وەک وڵات ناوی هاتووە ( Ma – at Ŝi – ik – ŝa – am – bi [ki])، دەشێت وڵاتەکە لەقۆناغێکی دواتردا، ناوی (ئەخازوم)ی بەسەردا بڕابێت، یان لەوانەشە شاری (شیکشاببوم) لەسەردەمی (ئیددین —سین) هێندە گرنگ بووبێت، هەموو وڵاتەکە بەناوی ئەوەوە ناسرابێت، ناوی (ئەخازوم)ی داپۆشی بێت، (شیکشاببوم) شارێکی بەهێز و گرنگ بووە، هەروەک لەدەقەکانی ئەرشیفی شمشارە دا دەردەکەوێت، لەسەردەمی ئاشووری کۆن و بابلی کۆندا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لەسیاسەتی ناوچەکە گێڕاوە[١٢].

لە دەقەکانی شمشارەدا نامەی (SH.920) کە بۆ (کوواری) ڕەوانە کراوە، (شیکشامبوم)، لەوە دەکا شارێک بووبێ، لەنێوان بەرژەوەندی ئاشووری و گوتییەکاندا، لەم نامەیە ئەوەی تێدایە لەشکرگایەکی گوتییەکان لەوێ دامەزراوە[١٣]. ئەمەش بایەخی ئەم شارە زیاتر دەردەخات. هەندێک لە توێژەران شوێنی شاری (شیکشاببوم) لەسەر زێی خواروو لە خوار شمشارەی دادەنێن، شوێنەکەی دیار نیە، واتە لەباشووری ڕۆژئاوای رانیە لەوانەیە لەنزیک تەق تەق بووبێت، بەڵام (فرەین) ڕایەکی تری هەیە، هەوڵی داوە لەگەڵ شەقڵاوەی ئێستا یەکی بێنێتەوە، لەم پێشنیازەیدا پشتی بە شیکاری زمانەوانی بەستووە و وای داناوە ناوەکە لەسەردەمی بابلی کۆندا (شیکشاببوم– Šikŝabbum) بووە، لەسەردەمی ئاشووری ناوەڕاستدا بووەتە (شیکلابووم– Šiklabbum) و لەوێشەوە بۆ شەقڵاوە، بەڵام ئەم پێشنیازەی (فرەین) تەنیا ڕەمڵ لێدانە، پێشنیازەکەی (لیسۆ و ئایدم) پشتی بەبەڵگەی نووسراو بەستووە، لەراستی نزیکتر دێتەبەرچاو[١٤]،

---

١٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢.

١٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

١٤فاضل قەرەداغی دەڵێت: بۆ شاری شیکشاببوم، زەحمەتە ڕاستیەکەی ئاشکرا بکرێت، جگە لە هەندێک ئاماژەی تەمومژاوی هیچی تر نیە، دەشێت شوێنەوارەکەی ئێستای لەناو ئاوی پشتی بەنداوە بەرزەکەی دوکاندا ون بووبێت، یان ئەو دەشتەی ئەولا تر لەڕۆژهەڵاتی دەشتی ڕانیە یان دەشتی بیتوێن، یان تەپۆلکە گەورەکەی قەڵادزێی بۆ بگەڕێین. بڕوانە: یۆرگن لەسۆ، شیکشاببوم شارێکی سەرسامکەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣)، بەڵام بەپێی نامەکەی شامشی– ئەدەد پاشای ئاشوور دوای ئەوەی لەکاتی ناردنی دیلە توررککییەکان بۆ لای ئاشوورییەکان هەندێک لە توررککییەکان خۆیان دزیەوە و چوونە شاری شیکشاببوم، بەم پێیە دەبێت شاری شیکشابووم لەسەر ڕێگایان بووبێت، لەنێوان شوشاررا و ئاشوور، نەک لەپشت شوشاررا، بەم پێیە بەنداوەکەی دوکان یاخود تەپۆلکە گەورەکەی قەڵادزێ دەکەونە پێچەوانەی سەر ئەو ڕێگایەوە، باوەڕ کردن بەمە کەمێک سەختە.

بەتایبەتی ئەگەر ڕاست بێت (شیکشاببوم) پایتەختی (ئەخازوم) بووبێت[١٥]. (ئایدم) وای بۆ دەچێت شارەکە پایتەختی وڵاتی (ئاخازوم – Ahazum) بووە، ئەو وڵاتە لەنێوان هەولێر و دەشتی ڕانیە دا بووە، ورد تر لەدەوروبەری کۆیە، (شیکشاببوم) یش بەبڕوای ئەو لەسەر زێ بووە، نزیک (تەق تەق). ناوی شارەکە (شیکشامبی)، بوونی (ئوم – um) لەناوەکەدا پاشگرێکی ئەکەدییە و دەبێت لەبنەڕەتدا (شیکشابی) یا (شیکشامبی)....تاد بووبێت[١٦].

### بارودۆخی سیاسی ئەخازوم

شانشینی (ئەخازوم) یەکێک بوو لەو شانشینانەی لە سەردەمی کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ژیانەوەیەکی باشی بەخۆوە بینی، شانشینەکە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە گێڕاوە، پادشای شانشینی (ئەخازوم) لەو کاتەدا (یاشوب – ئاداد –Jaŝub – adadu)، کەسێکی خاوەن ناوێکی ئاموری بوو، ویستوویەتی بەهەر شێوەیەک بێت وڵاتەکەی لەدەستی ئاشوورییەکان بپارێزێت، دیارە هەستی بەئاشوورییەکان کردووە، چاویان بڕیوەتە وڵاتەکەی، بۆیە زوو زوو هاوپەیمانی لەگەڵ پاشایانی دراوسێی دەگۆڕێت، پادشای ئاشووری (شەمشی – ئەدەد)ی یەکەم (١٨١٣ – ١٧٨١ پ.ز) لە دوو نامەدا کە لە شمشارە دۆزرابوونەوە، کارەکانی ئەم کابرایە دەخاتەڕوو. لە سەدەی (١٨ پ.ز) لەمەش وردتر لە دەوروبەری (١٧٨٥پ.ز) ئەو کاتەی (شەمشی – ئەدەد) پاشای ئاشوور و (ئیشمی – داگان)ی کوڕی و نوێنەری تێدەکۆشان لەپێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان، بەسەر میرنشینە خورییە تازە پێگەیشتووەکاندا، لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس، ئەو کاتە شاری وەکو (ئاراپخا و قابرا و نورروگوم) و ئێستاش بەپاڵ ئەمانەوە (شیکشاببوم) بۆ دەسەڵات و باڵادەستی ئاشووری تیشکیان خستبووە سەر[١٧]. ئەم شارە گرنگیەکی تایبەتی بۆ ئاشوورییەکان هەبوو، شەش جار ناو هاتنی لە لەلایەن ئاشوورییەکان لە ژێر ناونیشانی: (شکیشامبوم – Šikšambum و شیکشاببوم – Šikšabbum) هەمووشیان لە نامەکانی گردی شمشارە وە هاتوون، ئەمە دەریدەخات (ئەخازوم) بۆ ئەوان گرنگیەکی تایبەتی هەبووە. جگە لەوەش دوای

١٥کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.

١٦فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

١٧فاضل قەرەداغی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤.

هێرشـی (گـوتی) بـۆ سـەر (تـوروککی)یەکـان و بەزانـدنیان ژمـارەیەکی زۆری (تـوروککی) یەکـان چـوو بـوونە نـاو شـاری (شیکشـابووم) و (شوشـارڕا)، ئەمـانە تووشـی قـاتی ببـوون، لەگـەڵ پاشـای ئاشـوور بڕیـار وابـوو (کـوواری -Kuwāri) ئەوانەی بـۆی بەخێو نـاکرێن و ناتوانێت لای خـۆی خواردنیـان بـداتێ ڕەوانەی لای (شەمشـی - ئەدەد)یـان بکـات، بەڵام ژمـارەیەک لەوانە لە ڕێگـا خۆیـان ون دەکەن، و دەچنە ناو شـاری (شیکشـاببوم) و (شەمشـی - ئەدەد) لەوە نیگەران دەبێت، چونکە ئەمە ژمـارەی دوژمـن زیـاد دەکـات. لەلایەکـی دیکە (یاشـوب - ئەددو) هاوپەیمـانی گوتییەکـان بـوو، لەو کـاتەدا گوتییەکـان هێزێکـی سـەرەکی نـاوچەکە بـوون، بنکەی سـەربازی ئەوان لەناو (شیکشابومی) پایتەختی (ئەخـازوم) هەبـوو، ئەمەش مەترسـی لای ئاشـوورییەکان دروسـت کردبـوو، یـان لانـی کەم (شەمشـی - ئەدەد) دەیویسـت ئەمە بکـاتە بیـانویەک بـۆ پەلامـاردان و داگیرکردنـی شانشـینی (ئەخـازوم)، هەمـوو ئەمـانە بـوونە هـۆی ئەوەی (شەمشـی - ئەدەد) بڕیـاری داگیرکردنـی شانشـینی (ئەخازوم) بدات.

### هاوپەیمانێتیشانشینی ئەخازوم

پاشـای (ئەخازوم) بۆ پاراسـتنی وڵاتەکەی هەمیشـە لـە پەیوەنـدی و هاوپـەیمانی دراوسـێکانی دابـوو، بـەڵام زوو زوو هاوپـەیمانێتی لەگـەڵ دۆسـتەکانی دەگـۆڕی و پەیوەندی لەگەڵ یـەکێکی تـر دەبەسـت، وادیـارە هەسـتی بەمەترسـی سـەر وڵاتەکـەی کـردووە، بۆیـە دوای هەسـت کـردن بـەو مەترسـیە هـاوپەیمانێتی لەگـەڵ (شـەمشـی - ئەدەد)ی ئاشووری پچڕاند و پەیوەندی لەگـەڵ گوتیـەکان بەسـت، دوای داگیرکردنـی (قـەبرا) فراوانخوازیـەکانی ئاشـوور نەوەسـتا،دژایەتی و هەڕەشـەکانی (شـەمشـی - ئەدەد)ی پادشـای ئاشـوور، لە دژی (یاشـوب - ئەددو)یپادشـای (ئەخـازوم) بەشـێکی باشی لەبابەتی نامەکانی شمشارە بردووە، ئەم پادشـایە لە شـاری گرنگ و سـەختی (شیکشــاببوم) دادەنیشــت، بە ئەمــبەر و ئەوبەری زۆر و هاوپەیمــانیە بگـۆڕەکــانی گیروگرفتـی زۆری بـۆ پادشــای ئاشــوور دروســت کردبـوو، (شـەمشــی - ئەدەد) سـەبارەت بەمە دەردی دڵی لای (کوواری) فـەرمانڕەوای (شوشـاررا) کـردووە، بەڵام وادیـارە (یاشــوب - ئەددو) ڕێگـای لەوە باشــتری لەبەردەمــدا نەبــوو، لەچیاکــانی ڕۆژهەڵات و لەدەشتی ڕۆژئـاواوە لەپـاش گرتنی (ئارابخـا) و (قابرا) ترسـی ئەوەی هەبــوو ئاشــوور و (ئیشــنوننا) پـێکەوە پەلامــاری بــدەن، لەپــاش ڕمــانی بەرەی

(توروككی) دەبوایە دیسان هاوپەیمانیەکەی بگۆڕێت، بۆ هاوڕێی خۆماڵی تر دەگەڕا، و پاش ئەوەی هەوڵەکەی لەگەڵ ئاشوور سەری نەگرت، چوو بەرەی (کاکموم – گوتیوم – ئەخازوم)ی پێکەوەنا[18].

پادشای (ئەخازوم) (یاشوب – ئەدەد –Jaŝub - adad)ی ئاموری، (یان دەکرێت کەسێکی خۆماڵی بووبێت و تەنیا ناوەکەی شێوە ئاموری بووبێت) مەترسی زۆری لە هەنگاوە فراوانخوازیەکانی ئاشوورییەکان هەبوو، لەبەرئەوە هەوڵی زۆری داوە وڵاتەکەی لە چاوتێبڕینی ئەوان بپارێزێت، چەندین هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ناوچەییەکان کردووە، دواتر پەیوەندی لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد) بەستووە، بەڵام پێ دەچێت لە پەیوەندەیەکەی لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد) ئاسوودە نەبووبێت، لەبەر ئەوە وازی لەمیش هێناوە، دوا پەیوەندی لەگەڵ گوتییەکان بەستووە، ئەمە بۆ بەرژەوەندیگوتییەکانیش باش بووە، چونکە (ئەخازوم) دەکەوتە سەر ڕێگای ئاشوورییەکان، کە جێگای مەترسی گوتییەکانیش بوون، لەبەر ئەوە گرنگی زۆریان بەم پەیوەندیە داوە.

لە دەقەکانی شمشارە دا نامەی (SH.920) کە بۆ (کوواری) ڕەوانە کراوە، (شیکشاببوم)، لەوە دەکا شارێک بووبێ لەنێوان بەرژەوەندی ئاشووری و گوتییەکاندا، لەم نامەیە ئەوەی تێدایە لەشکرگایەکی گوتیەکان لەوێ دامەزراوە[19]. ئەم هەموو ئاڵوگۆڕی پەیوەندیانەی (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) پادشای ئاشووری (شەمشی – ئەدەد)ی یەکەم (١٨١٣ – ١٨٧١ پ.ز) نیگەران کردووە، ئەمە بەڕوونی دیارە لە دوو نامەدا، کە لە شمشارە دۆزرابوونەوە، (شەمشی – ئەدەد) کارەکانی ئەم کابرایە دەخاتەوە یادی (کوواری –Kuwāri) فەرمانڕەوای (شوشاررا)، دوور نیە (کوواری) نزیکایەتی لەگەڵ (یاشوب – ئەدەد) هەبووبێت، چونکە پێشتر هاوپەیمانی (کوواری) بوو، سەرەڕای ئەوەش بەشێک لە (توروککی)یە هاوپەیمانەکانی ڕابردووی چووبوونە (شیکشاببوم).

پاشای ئاشوور (شەمشی – ئەدەد) دەیەوێ سەرنجی (کوواری) بەلای خراپەکاری (یاشوب – ئەدەد)دا ڕابکێشێت، کاتی ناردنی نامەکە (کوواری) هاوپەیمانی پادشای ئاشووری بوو. پادشا واتە (شەمشی – ئەدەد) پێی دەڵێت: چۆن وا (یاشوب – ئەدەد)ی (ئاخازی) هەر جارەی شوێنی پادشای وڵاتێک کەوتووە،

١٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

١٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

هەر چەندە سوێندی دڵسۆزی بۆ هەموو ئەو پادشایانە خوارد بوو، بە (شەمشی - ئەدەد) خۆشیەوە، کابرا ئەمرۆ لەگەڵ ئەو پادشایەیە، بەڵام دواتر وازی لێ دێنێت و شوێنی یەکێکی تر دەکەوێت.

لەم کاتەدا (یاشوب - ئەدەد) لەگەڵ گوتییەکان ڕێک کەوتبوو، ئەمانە چووبوونە شاری (شیکشاببوم)، سەرکردەی ئەو کاتەی گوتییەکان (ئیندوشیشێ - Elndušše) ناوێک بوو[٢٠]. نامەی (SH.809) باس لە هەواداریە بگۆڕەکانی (یاشوب - ئەدەد)ی فەرمانڕەوای (ئەخازوم) دەکات، ئەمەش دیاری کردنی شوێنی (ئەخازوم) ئاسانتر دەکات، (شەمشی - ئەدەد) بۆ (کوواری) دەنووسێ و دووبارە گازەندەی خۆی لای (کوواری) دەکات لەنامەکەدا دەڵێت:

**"بە کوواری بڵێ: شەمشی - ئەدەد ئەوها (دەڵێ)[٢١]: بەڵنیاییەوە تۆ گوێ بیستی شەڕانگێزیەکەی (یاشوب - ئەددو)ی ئەخازوم بووی؟ ئەو وازی لە فەرمانڕەوای سیموروم/ی هێناوە، بەدوای فەرمانڕەوای توروککی/ یەکان کەوتووە، ئەو وازی لە فەرمانڕەوای توروککی/ یەکان هێناوە، بەدوای (یایلانوم) کەوتووە و وازی لێ هێناوە، یایلانوم/ی بەجێ هێشتووە، بەدوای من کەوت، ئێستاش ئەو منی بەجێ هێشتووە، بەدوای فەرمانڕەوای کاکموم کەوتووە.**

**ئەو بەڵێنی بەهەموو ئەو پاشایانە دابوو سوێندیشی بۆ خوارد بوون؟! ئەو هاوپەیمانیەتیانەی لە ماوەی سێ ساڵدا پێکی هێنا بوون لەگەڵ ئەو پاشایانەدا بە تەواوەتی تێکشکێنرا؟ لەو کاتەی پەیمانی لەگەڵ مندا بەستبوو، بەڵێنی پێدابووم و سوێندیشی بۆ خوارد بووم لە پەرستگای خواوەند (تیشۆپ) لەشاری (ئاراپخا)، (و) جارێکی تریش پەیمانی پێ دابووم و سوێندیشی بۆ خواردبووم لەسەر کەناری ڕووباری زاب (زێی بچوک) لە (ئیننوم)، منیش پەیمانم پێ دابوو سوێندیشم بۆ خواردبوو، جارێکی تریش پەیمانی پێ دابووم و سوێندیشی بۆ خواردبووم، لەو**

---

٢٠ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

٢١ مامۆستا عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی کتێبی، یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، دەقی ئەو نامانەی لە شەمشی- ئەدەد بۆ کوواری هاتوون سەرەتاکەی ئاوا دەست پێدەکات و بە " بە کوواری بڵێ سەروەرت ئاوها دەڵێ" وەرگێڕاوە، بەڵامهەندێک لەو بەڕێزانەی دەقەکانیان وەرگێڕاوە یا بەکاریان هێناون لە جیاتی (سەروەر) بە (گەورەت یان پاشات،) هەندێک جاریش تەنیا بەناوی (شەمشی - ئەدەد) وەریان گێڕاوە، لەوانەیە ئیدیۆمی (سەروەرت) بەلایانەوە فراوان بووبێ و لەجیاتی ئەوە (گەورەت یان پاشات، یان تەنیا ناویان) لە بەکارهێناندا پێ شیاوتر بووبێت،لەبەرئەوە ئێمە هەموویانمان وەکو خۆی بەکارهێناوە، بەهیوای ئەوەی مەبەستەکەمان گەیاندبێ.

**ڕۆژەی ئەو دەستی گرتبوو بەسەر پۆشاکەکانمدا، من هەرگیز هیچ (زیو) و (گا) و (دانەوێڵەیەکم) لە زەویەکانی ئەودا کۆنەکردۆتەوە، لە وڵاتەکەیدا دەستم بەسەر هیچ شارۆچکەیەک دا نەگرتووە، ئێستاش ئەو پەیمانی لەگەڵ مندا شکاندووە و، بەدوای فەرمانڕەوای کاکموم کەوتووە، ئەو هاوپەیمانی لەگەڵ پاشایەکی تر پێک دەهێنێ و سوێندی بۆ دەخوات و بەڵێنیشی پێ دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەو پاشایەی جاری یەکەم هاوپەیمانی لەگەڵ بەستبوو پەیمان شکێنی (؟) لەگەڵ پاشایەکی (نوێ)دا هاوپەیمانی بەستووە، ئەو هاوپەیمانیەتی و شەڕانگێزییەکەی (بەتەواوی) لەمیانەی مانگەکاندا]دەگۆڕێ [.][ئەو هاوپەیمانی پێک دەهێنێ ] لەگەڵم دا بۆ [.......] مانگەکان، لەکاتێکدا ئەو جارێکی تر دەگەڕایەوە لای نەیاران، ئێستا بەرەو [.....] ١ مانگەکانی ئەو زستانە دەچین، من ناتوانم دەست بەسەردا بگرم، بەڵام لەو کاتەی ئاووهەوا بەرەو خۆشی چوو، تۆ گوێبیستی هەموو شتێکم دەبی لەو زەوییەدا؟."**[٢٢]

ئەم نامەیە لەلایەن (شەمشی – ئەدەد) پاشای ئاشوورەوە بۆ (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) نێردراوە، کە دوای تێکچوونی شانشینی (توروککی)یەکان خۆی دابووە پاڵ ئاشوورییەکان، لەم نامەیەدا (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) نیگەرانیەکانی دەردەبڕێ، بەرامبەر بە (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) و شەڕانگێزیەکانی، چۆن بەردەوام هاوپەیمانێتیەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و سەر لەنوێ لەگەڵ (کاکموم) هاوپەیمانی پێکهێناوە، بەمەش (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای ئاشووری هەراسان کردووە، و هەوڵی داوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و لەناوبردنی، لەنامەکەدا نیگەرانی (شەمشی – ئەدەد) بەرچاودەکەوێ بەرامبەر (یاشوب – ئەدەد) ئەو هاوپەمانیانەی لەماوەی سێ ساڵدا پێکی هێنا بوون بە تەواوی تێکشکێنراون.

باس لەوە دەکات پاشای (ئەخازوم) دوو جار سوێندی خواردووە و بەڵێنیشی پێداوە، بەڵام ئەو بەڵێن و پەیمانەی نەبردۆتەسەر، جاری یەکەم لەپەرستگای (تیششۆپ) لەشاری (ئاراپخا) بووە، جاری دووەم لەسەر کەناری ڕووباری زاب (زێی بچوک) لەشاری (ئەیننوم) بووە، باس لەوە دەکات جارێکی تریش سوێندی بۆ خواردووە و پەیمانی پێ داوە، بەڵام نەیبردۆتەسەر، ئەوەی نەشاردۆتەوە لەبەرامبەردا ئەویش (شەمشی – ئەدەد) بەڵێنی بە پاشای (ئەخاوزم) داوە و سوێندیشی بۆ خواردووە، هەرچەندە لەو کاتەدا هێزی ئاشوورییەکان بەرەو

---

٢٢ ئەردەڵان بێتواتەیی، شانشینی ئەخازوم لەژێر ڕۆشنایی تێکستەکانی شاری شوشاررا (گردی شمشارەی دەشتی رانیە) دا، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سالی سێیەم، پایزی ٢٠٠٩،هەولێر،ل ٣٢.

گەشەکردن دەڕۆیشت، بەڵام پەرۆشی (شەمشی – ئەدەد) بۆ هاوپەیانێتی (ئەخازوم) دەردەکەوێ، (ئەخازوم)یش خاوەنی هێزی باش بووە، ئەگەر مەبەستی بیانووگرتن نەبووبێت، بەو پێیەی سوێندیان بۆیەکتری خواردووە و بەڵێنیان بەیەکتری داوە، بەڵام ئەوەی زیاتر (شەمشی – ئەدەد)ی نیگەران کردووە، ئەو ئاڵوگۆڕە زۆرانەیە پاشای ئەخازوم بەسەر هاوپەیمانیەکانیدا دەهێنێ،ئەوەش زیاتر بۆ مەترسی پاشای (ئەخازوم) لە فراوانخوازیەکانی (شەمشی – ئەدەد) دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە (شەمشی – ئەدەد) پاشای ئاشوور، وەک نیەت پاکیەک باسی ئەوە دەکات، ئەو هیچ کات باجی لە وڵاتەکەی ئەودا وەرنەگرتووە و ئاماژەی بەوەش داوە (زیو و گا و دانەوێڵە)ی بە تاڵان نەبردووە، دەستی بۆ سەر هیچ شارۆچکەیەکی ئەم شانیشینە درێژ نەکردووە، وەک ئەوەی (شەمشی – ئەدەد) چاوەڕێی ئەوەی کردبێ پاشای (ئەخازوم) هەڵەیەکی وابکات و هاوپەمانێتی دەوڵەتی ئاشوور هەڵبووەشێنێتەوە، بۆیە یەکسەر بڕیاری پەلاماردانی شانشینی (ئەخازوم) دەدات، بەڵام باس لەوە دەکات لە ئێستادا بەرەو زستان دەچێ، ئەمەش تەگەرەی بۆ دروست دەکات، لەوەی دەست بەسەر (ئەخازوم)دا بگرێت، بەڵام باس لەوە دەکات کاتێ کەش و هەوا خۆش دەبێت دەستی بەسەردا دەگرێت، (کوواری)ش هان دەدا ئەوکاتە دەبێ ئەویش ئامادەی هێرشی سەر شانشینی (ئەخازوم) بێت، ئەمەش وادەردەکەوێ (شەمشی – ئەدەد) بەئاسانی دەیتوانی دەست بەسەر شانشینی (ئەخازوم)دا بگرێت، ئەگەر قسەکانی ڕاست بن و خۆهەڵکێشان و بەخۆداهەڵدانی تێدا نەبێت، وەک ئەوەی لەلایەن زۆربەی پادشاکانی ئاشوور ئەم بەخۆداهەڵدانەیان لە نووسراوەکانیان ئەنجامداوە. بەشێکی تری نامەکەی تەرخان کردووە بۆ تەتەرەکەی کەبە (کوشییا -Kuŝiya) ناوی هێناوە،[٢٣]. لە باسی شانشینی (ئوتوم)دا ئاماژەی پێ دەدەین.

شەمشی – ئەدەد لە وەڵامی نامەیەکی (کوواری)دا جارێکی تر باسی هاوپەیمانی گۆڕینی (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) دەکات، لە نامەکانی (SH.894,SH.809)ی شمشارەدا وا دەردەکەوێت (کوممێ) و (خابوراتوم) لە دامێنەکانی زاگرۆس بووبن، لەشوێنێکی باکووری ڕۆژئاوای شمشارە نامەی یەکەمیان وێستگە و مەنزڵەکانی سەر ڕێگای شمشارە بۆ (خابوراتوم) دەژمێرێت، چونکە لە (خابوراتوم) (شەمشی –

---

٢٣ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٢.

ئەدەد) چـاوەڕوانی گەیشـتنی (کوشـی یـا - Kuŝiya)ی تەتەری لە (شوشـاررا) وە دەکرد، نـامەی دووەم هەر بۆ ئەوە  نێردراوە (کـوورای) هەمـان (کوشـی یـا) بـۆ (کوممیَ) بنێرێت، تاکو چاوی بە (شەمشی - ئەدەد) بکەوێت، لەنامەکەدا دەڵێت:

**"بە کوواری بڵێ: پاشا ئەوها دەڵێ:[ من گوێ بیست بووم] ئەو نامەیەی کە بۆ منت نـاردبوو، دەربـارەی دەنگوباسـی [یاشـوب - ئەددو] ئەوەی تـۆ بـۆ منـت نووسیووە ئەمە نایاسابییە! بۆ ماوەی دوو ساڵ بەدوای فەرمانڕەوایی شیموروم کەوتووە، ئەو وازی لە فەرمانڕەوای شیموروم هێناوە[بەدوای تۆ کەوتووە]، ئەو وازی لەتۆ هێناوە و هاتۆتە لای من، من ئەوم لەگەڵ یایلانوم داناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو وازی لە یایلانوم هێنـاوە و هـاتۆتە لای مـن ![ئێسـتاش] ئەو وازی لە منیش هێناوە بەدوای فەرمانڕەوای [کاکموم] کەوتووە.**

٢٥ - ١٨ [ اا بەشێکی زۆری دێڕەکان شکاوە....] **...و هێنانی ئەو بۆ هەژمارکردن نە [...]. سـەرەڕای ئەوەی تـۆ دەچیتە سـەری و، ئەویش داگیر دەکەی، و منیش یارمەتیەکی (گەورەت) پێشکەش دەکەم، ئەگەر تۆ نەچیتە سەری و، ئەویش نەهێنیە هەژمـاردن. [...] مـن لەگەڵ تەواوی هێزەکەمـدا دێمەسـەری و ئەویـش دێـنمە داگیرکردن، و [لەگەڵ تـۆ دا کاردەکات] مـن زۆرم پـێ خـۆش، بەڵام تـۆ پاداشـت دەکرێی بۆ ئەو هاوکاریەت کە تۆ بۆ منت گواستۆتەوە من نەمدەتوانی بیگوازمەوە، ڕێگاکان مەترسیداربوون، و پێویست بوو نوێنەرەکان بەنهێنیەوە گەشـت بکەن، منیش پاداشت دەدەم بەتۆ (لەبەرامبەر) هاوکاریەکانی تۆدا.**

**دووەمین: بـۆچی تـۆ کوشـییای خزمەتکاری منت بەنـد کـردووە؟ ئەو بـۆ مـن بنێرەوە؟ لە ڕێگای کوممیَ (چونکە) لە ئێستادا بێ مەترسیە. ئەو بـۆ مـن ڕەوانە بکەوە لە ڕێگای (کوممیَ)وە."**[٢٤].

ئەم نـامەیە لەلایەن (شەمشـی - ئەدەد) بـۆ (کـوواری) نێـردراوە، تێیـدا خـۆی بەپاشای (کوواری) ناساندووە، باس لەوە دەکات ئەو شتانەی (کوواری) دەربـارەی (یاشوب - ئەددو) بۆی نووسیوە ئەمە نایاساییە، بەڵام ئێمە نازانین ئەو شتانە چین (کـوواری) بـۆی نووسـیوە، هەرچـۆنێ بـێ شـتەکان پەیوەندیـدارن بە (یاشـوب - ئەددو)ی پاشـای (ئەخـازوم)، کـە دوو سـاڵ بووەتـە هاوپـەیمانی شـیموروم و وازی لـەو هێنـاوە و بووتـە هاوپـەیمانی (کوواری) وازی لـەویش هێنـاوە و هاتووەتـە لای

---

٢٤ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

(شەمشی – ئەدەد)، ئەویش لەگەڵ (یایلانوم)ی داناوە، لەگەڵ ئەویش نەیتوانیوە بەردەوام بێ و لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد) خۆی بووە، بەڵام وازی لەویش هێناوە و بووە بو هاوپەیمانی (کاکموم)، ئەو هەموو گۆڕانکاریە لە هاوپەیمانیەکانی (یاشوب – ئەددو) بەتەواوی (شەمشی – ئەدەد)ی هەراسان کردووە، بەجۆرێک (کوواری) هانداوە بچێتە سەر وڵاتی (یاشوب – ئەددو) داگیری بکات، ئەویش لەبەرامبەر ئەو کارەدا یارمەتیەکی گەورەی پێشکەش دەکات، بەڵام لەنامەکانی پێشتردا ئێمە تێدەگەین (کوواری) هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ نەبووە، لەنامەی پێشتریش داوای لە (کوواری) کردبوو شانشینی (ئەخازوم) داگیر بکات، بەڵام بەپێی ئەوەی جەخت لەسەر داگیر کردنی دەکات، وادیار (کوواری) ئەرکەکەی ئەنجام نەداوە.

لەم نامەیەشدا دووبارە باس لە داگیرکردنی (ئەخازوم) دەکات، پێشی وایە (کوواری) دەتوانێت ئەم وڵاتە داگیر بکات، لەمەوە تێدەگەین (کوواری) فەرمانڕەوای شمشارە سوپایەکی بەهێزی هەبووە، کە بتوانێت (ئەخازوم)ی هاوپەیمانی گوتییەکان داگیر بکات، ئەوەشی بۆ نووسیوە لەبەرامبەر داگیرکردنی (ئەخازوم)دا (شەمشی – ئەدەد) (کوواری) پاداشت دەکات. بەڵام پێدەچێت (کوواری) زۆر وابەستەی بڕیارەکانی (شەمشی – ئەدەد) نەبووبێت، چونکە وادیارە زۆر لە (کوواری) دڵنیا نییە، بۆیە پێیدەڵێت: "ئەگەر تۆ نەچی بۆ داگیرکردنی" لێرەدا دەردەکەوێ (کوواری) نەک ژێردەستە، بەڵکو هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵیش نەبووە، چونکە هیچ ژێردەستەیەک ناتوانێ فەرمانی پاشاکەی جێبەجێ نەکات، بۆیە لە نائومێدیدا دەڵێت:

**"ئەگەر تۆ نەچیتەسەری و داگیری نەکەی، من لەگەڵ تەواوی هێزەکەمدا دێمەسەری و ئەویش دێنمە داگیر کردن"،**

بەپێی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای ئاشوور، بەڵکو لەوانەیە تەنیا هاوکاری و هاوپەیمانیەک لەنێوانیاندا هەبووبێت. وەک لەنامەیەکی تردا باس لەو هاوپەیمانێتیانە دەکات، (یاشوب – ئەددو) پاشای (ئەخازوم) دروستی کردوون، بەشێوەیەک دووساڵ لەگەڵ (شیموروم) هاوپەیمان بووە و لەدوای (شیموروم) لەگەڵ (کوواری) هاوپەیمانی پێکهێناوە. دوا بە دوای (کوواری) لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد) چووەتە هاوپەیمانیەوە، هەروەها لەگەڵ (یایلانوم) یش هاوپەیمان بووە، لەکۆتایشدا لەگەڵ (کاکموم) چوتە هاوپەیمانیەوە. بەم شێوەیە ئەم تێکستە

تەواوکەری تێکستی یەکەمە[٢٥]. لەنامەیەکی تردا (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**"بەکوواری بڵێ: پاشات ئەوها (دەڵێ): من گوێ بیستی نامەکە بووم کە بۆ منت ناردبوو هەموو ئەو شتانەی تۆ بۆ من نووسیوە ڕاستە، قسەی یاشوب – ئەددو شێتانەیە! هێزی خواوەندەکەی سەر ئەو، ئەو قسەکانی نادروستە، ئەو نازانێ ئەو قسانەی کردووە، و ئەو نازانێ ئەو سوێند دەخوا و پەیمان دەدا، ئەگەر ئەو پەیمان بدات و سوێند بخوات لەخەوندا، ئەو (ئەوە) نازانێ، ئەو شێتە، و قسەکانیشی نادروستە! پاشای ئاوا...... هەرگیز هەبووە!."**

ئەم نامەیەی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ناردووە، باس لەوەدەکا ئایا ئەو قسانەی (کوواری) بۆ (شەمشی – ئەدەد)ی ناردووە ڕاستە، پێی وایە ئەگەر ئەو قسانەی دەربارەی (یاشوب – ئەددو) پاشای (ئەخازوم) ڕاست بن، ئەوا (یاشوب – ئەددو) شێتە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ (یاشوب – ئەددو) شتێکی زۆر نابەجێی کردووە، ئەو هاوپەیمانی و سوێندخواردنی لەلا گرنگ نیە و پێی وایە لەخەودا سوێند دەخواو پەیمان دەدات، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت پاشای (ئەخازوم) بەبەردەوامی سوێند دەخوا و پەیمان دەدات و سوێند و پەیمانەکانی دەشکێنێ[٢٦].

هەواڵنامەی کتێب

### بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە

بەهۆی شەڕوشۆڕ و هێرشی زلهێزەکان بۆ سەر شانشینەکانی تر ناوچەکە ئاڵۆزی تێکەوتبوو، شانشینی (توروککی)یەکان بەهۆی هێرشی گوتییەکان لەناو برابوو، زۆربەی ئەوانەی ئاوارە ببوون پەنایان بردبووە بەر شانشینەکەی (کوواری) لە (شوشاررا)، ئەمە بارودۆخی (شوشاررا)ی ئاڵۆز کردبوو، وادیارە (کوواری) بەم بارودۆخە نالەبارەی وڵاتەکەی نیگەرانی خۆی لای (شەمشی – ئەدەد)ی هاوپەیمانی دەربڕیوە، لەبەرئەوە (شەمشی – ئەدەد) وەک هاوکاریەک یا هەر مەبەستێکی تر بە (کوواری) دەڵێت: ئەوانەی تۆ بۆت بەخێو ناکرێن بۆم بنێرە، (کوواری)ش وەک چارەسەرێک و کەم کردنەوی کێشەی وڵاتەکەی هەندێک لەو (توروککی)یانەی لەلای ئەو پەنابەر بوون، دەنێرێت بۆ ئاشوور بۆ لای (شەمشی –

٢٥ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

٢٦ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

ئەدەد)ی هاوپەیمانی، دیارە ئەوانەی نێردراون بەشەو لە ڕێگا، بەشێکیان هەڵاتوون و چوونەتە (ئەخازوم)، ئەمە نیگەرانی لای (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای ئاشووری دروست کردبوو، پێی وابوو ئەمانە بەچوونیان بۆ (ئەخازوم) دەبنە هۆی بەهێز کردنی پاشای (ئەخازوم)، لەکاتێکدا (شەمشی – ئەدەد) لە (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) نیگەران بوو، بڕیاری داگیرکردنی (ئەخازوم)ی دابوو.

لەنامەی (SH.911+922)ی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ناردووە، داوای لێ کردووە، ئەو (توروککی) یانەی بۆ بنێرێت کە بۆی بەخێو ناکرێن، بەمەبەستی دامەزراندنیان لەسەر کارێک یا هەر مەبەستێکی تر لەنامەکەدا دەڵێت:

**"بەکوواری بڵێ: گەورەت ئەوها (دەڵێ): دەربارەی ئەو توروککی یانەی کە لەگەڵ ئەو خەڵکانە بۆ منت نارد بوون: [ سەبارەت] بە ژمارەی ئەو توروککی یانەی کە تۆ بۆ منت ناردبوون لەگەڵ خەڵکەکەدا ئەوان یەکسان نین بە[......... من داوام کردبوون لەگەڵ خەڵکدا] ئەوان ئاوهایان پێ گوتم: لە [ شەودا بە] دزیەوە[ئێمە پێیان]تووشی ماندووبوون هاتین، ئەو پیاوانەش لە ڕێگادا زۆربەیان لە ئێمە خۆیان دزیەوە و چوونە شیکشابوم! ئەوان ئەوەیان پێ وتم، تۆش ئەوهات پێ وتم: ئەوان بوختانیان پێ هەڵبەستبوم لەلای کوڕەکەم! کێ لەوان بوختانی پێ هەڵبەستبووی! پێشووتریش ئەوهام بۆ نووسیبووی: ئەو توروککی یانەی کە تۆیان پاراستبوو ناتوانی بەڕێوەیان ببەی، ئەوانم بۆ بنێرە، دەیان بەم و هەر لێرەشدا چاودێریان دەکەم، ئەمەم بۆ نووسیبووی! ئێستا سەرجەم [توروککیان]م لەشەودا بەدزیەوە بۆ بنێرە، پێش ئەوەی ئەوان لەو وڵاتە بمێننەوە، ئەوان لەناو شیکشابوم دەپارێزرێن، ئەوە ڕاستە ئەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی شەڕانگێزان، و ئەو هێزەش مەزنتر دەکات، من دەربارەی ئەمە نیگەران بووم! ئێستا لەو وڵاتە گرد دەبنەوە، و ئەوهایان پێ دەڵێم، ئەوەی دەیەوێ دەتوانێ لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی ناشیەوێ لێرە بمێنێتەوە، دەتوانێ بچێتە لای گەورەم! ئەمەیان پێ دەڵێم، سەرجەم ئەو توروککی/یانەی بۆم دەنێری، پێویست ناکا بەشەو بەدزیەوە بێن، یەکێ لەلایەنگرانت بەکرێ بگرە بۆ هێنانی ئەوان، و[پێدان ]ی ئەوان [بەدڵنیاییەوە] بۆ [ .......] لەکاتی [ ....بەکرێ گرتنیان و پێدان]ی ئەوان[ .... ]بە وریاییەوە بردنیان لەو [ وڵاتەو بەرەو پێشەوە بردنیان] ئەوان داوایان نەکردووە، و ئەوان لە[ شیکشابوم] نین، شەڕانگێزانمان بەهێز ناکەن و ئەو هێزەش مەزن ناکەن! سەرجەم ئەو توروککی/یانەی تۆ بۆم دەنێری، لە یەکەمین لیست تۆمار کراون لە تابلۆکە."**

لەم نامەیەدا (شەمشی – ئەدەد) ڕەخنە لە (کوواری) دەگرێ، سەبارەت بەو (توروککی)یانەی بۆی ڕەوانە کردوون، ژمارەیان بەقەد ژمارەی داوا کراوان نیە، دەڵێ ئەوان پێیان وتووم گوایە کاتێ لە (شوشاررا) وە بۆ ئاشوور هاتوون، لەڕێگادا تووشی ئازار و ماندوو بوون هاتوون، لەبەر ئەمە هەندێ لەو (توروککی)یانە خۆیان گەیاندۆتە (شیکشابووم) و لەوێ دا ماونەتەوە. بەڵام (کوواری) ئەم قسانە بە بوختان دادەنێ ئەو (توروککی)یانە لەلای گەورەکەیان پێیان هەڵبەستووە، (شەمشی – ئەدەد) داوای لە (کوواری) کردووە ئەو (توروککی)یانەی پێشووتر (شوشاررا)یان پاراستووە لەدوژمنان، ئێستاش ناتوانێ بەڕێوەیان ببا، بۆی بنێرێتە ئاشوور بۆ ئەوەی سەرپەرشتیان بکات، بەڵام وای بەچاک زانیوە ئەوان بەشەو بەدزیەوە بگوازرێنەوە، بەپەلە پێش ئەوەی پەنا ببنە بەر (شیکشابوم)، بەمەش هێزەکەی ئەو وڵاتە زیاد دەکەن و مەترسی بۆ سەر ئاشوور زیاد دەکەن.

(کوواری) هەڵوێستی ئەو (توروککی)یانەی لا سەیر بووە، چونکە دەڵێ: من ئەوانم سەرپشک کردووە، لەوەی هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ لەلای من بمێنێتەوە، ئەوەی ناشیەوێ دەتوانێ بڕواتە لای گەورەم، بەڵام (شەمشی – ئەدەد) بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێگا لەو (توروککی)یانە بگرێ، کە دەچنە (شیکشابووم) داوا لە (کوواری) دەکات، ئەوان بەڕۆژ بنێرێ و یەکێ لەلایەنگرەکانی خۆشی بەکرێ بگرێ و لەگەڵیاندا بنێرێت، بۆ ئەوەی چاودێریان بکات.

لە بەشێکی تری نامەکەدا (کوواری) باس لەوە دەکات ئەو (توروککی)یانە لە (شیکشابوم)ن، نابنە هۆی بەهێزکردنی دوژمنان، و ژمارەی سەرجەمیشیان تۆمار کراوە لەیەکەمین لیستدا، ئەمەش دڵنیایی زیاتر سەبارەت بەژمارەی (توروککی)یەکان بە (شەمشی – ئەدەد) دەدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر بەوردی سەرنجی ناوەرۆکی تێکستەکە بدەین، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ (شیکشابووم) کەوتۆتە نێوان (شوشاررا) و ئاشوور، ڕەنگە لەمەشدا بەهەڵە نەچووبین شوێنی ئەم شارەمان لەدەشتی کۆیە نزیک تەق تەق داناوە[27]. (شەمشی – ئەدەد) لەنامەیەکی تر بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**" ..... من بەم شێوەیە ڕێنماییەکانم پێ وتی: ئەو توروککی/یانەی یاخی دەبن – تۆ دەتوانی سەرپەرشتیان بکەی و ئامادەشیان بکەی و دەبێ لەگەڵ خۆت دا بیان**

---

٢٧ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، ، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

**پارێزی: کە تۆ نەنتوانی ئەوان بەڕێوەببەی و ئامادەیـان بکەی دەبـووا بـۆ منت ناردبان! ئەم کارەی پێم سپارد بووی بۆ یارمەتیت نەدام بۆ مانەوەم لەگەڵیان دا لەوێ؟ ئەوە سنووری شـارۆچکەکە نیە؟ لەڕاستیدا زۆربەی سـەربازەکان لەوێ دەمـانەوە، و چەکـدارەکان بـا لەدەرەوەی ئەوێ بـن، هێـزەکەی ئەوان ئەو وڵاتە دەپارێزێ، کارەکەشیان من بڕیارم لێ داوە. ئێستا دەتوانی سەربازەکان بپارێزی و بەڕێوەیان ببەی، و هەر لەگەڵ خۆشتدا ئامادەیان بکەی، ئەوانەی ناتوانی بەڕێوەیان ببەی و ئامادەیان بکەی بۆ منیان بنێرە، بەڵام بۆچی ئەوان لەلایەنگریت دێنەدەرێ، خودی ئەوان بە دەم ڕێگاوە دزە دەکەن، یان لەنیوەی ڕێدا [ئەوان] دەرفێنـدرێن، [ئەوان]ناتوانن لەوێ بمێننەوە، بەدڵنیاییەوە هیچ گروپێکی لایەنگری تۆ نەگەیشتۆتە ئێرە، ئەوان [لەڕێگادا] بزر دەبن، [یان]هێزەکەی ئەوان [بـۆ شـی] کشـابومە[ ....] خۆشی، [و لەوێدا] ئەوان لەو وڵاتە دەمێننەوە، تۆ تەنیا گروپێکی ئەوان بنێرە، یەکێ لەلایەنگرانـت بەکـرێ بگـرە، [بـۆ ئەوەی] بچێـتە لایـان، بـا دڵنیایـان بـکە مـن سەرپەرشتیان دەکەم، ئەوان بەدەم ڕێگاوە بزر دەبن، ئەوها نەبێ، ئێمە ئەوان دەترسـێنین، لەو کـاتەی ئەوان نەگەڕانەوە لەهەر شـوێنێک بێت ڕووبەڕوویـان دەبینەوە؟ و لەوێدا هەر کەسێ لێرە داوای کرد بوو مـن پێی دەڵێم (مـودارومی) بـرامە، لەگەڵ ئەو! ئێسـتا ئەمەی بۆم نـاردوی، ئەو شکایەتکارانەی داوایـان لـێم کردووە، ئەوان لە دەرەوە جیا دەکاتەوە،[بەهۆی]! (تیروایش – شینی) و (زیلیا)م بۆ بنێرە ئەو برایەتی کەتۆ گرتووتە و لەگەڵ ئەواندا دات نـاوە بەپێی بـارودۆخەکە ئەوانم لەگەڵ ناردووە."** [٢٨].

لەم نامەیەدا (شـەمشی – ئەدەد) بە (کووواری) ڕاگەیاندووە، ئەو (توروککی)یانەی یاخی بوون سەرپەرشتیان بکات، و ئامادەیان بکات و بیانپارێزێ، کاتێ تۆ نەتتوانی ئەوەیان بۆ ئەنجام بدەی بۆ منت ناردبـان، گوایە فەرمـانەکەی (شـەمشـی – ئەدەد)ی جێبەجێ نەکردووە، لەم بارەیەوە، یارمەتیشـی نەداوە سـەبارەت بەم (توروککی)یانە، دیارە (شـەمشی – ئەدەد) گرنگیەکی زۆری بەهێزی (توروککی)یەکان داوە، هۆکـاری ئەمەش بۆ ئازایی ئەوان دەگەڕێتەوە، کـاری زۆری لەگـەڵ ئـەوان هـەبووە، بەتایبـەت لـەم کاتـەدا فراوانخوازییـەکانی ڕوو لـە زیـادی بـوو، بە (کـووواری) ڕاگەیانـدووە سـەربازەکان بـا لە (شوشـاررا) بمێنـنەوە، بەڵام لەدەرەوەی شـارەکە و دەبـێ

---

٢٨ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

پارێزگــاری لەو وڵاتەش بــکەن، ئەمەش بە فەرمــانی پاشــایە، بەڵام نــازانرێ ئەم سەربازانە کێن؟ لەوانەیە ئەم سەربازانە (شەمشی – ئەدەد) ناردبنی بۆ (شوشـاررا)، ئەمەش دژ بەو کارەی (کوواری) بووە، کە فەرمانی پاشای جێبەجێ نەکردووە.

بەکوواری دەڵێ ئێستا ئەو (توروککی)یانە لەگەڵ خۆت ئامادە بکە و بیانپارێزە، ئەوانەی ناتوانی ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدەی بۆ منیان بنێرە، و تێیدا لە (کوواری) دەپرسێ بۆ چی (توروککی)یەکان لەلایەنگریت دێنەدەرێ؟ یان پێی وایە لەنیوە ڕێی نێوان (شوشاررا) و ئاشوور دەڕفێندرێن، لێرەشدا ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێ نیوەی دووری نێوان ئاشوور و (شوشاررا) بەدڵنیاییەوە دەکەوێتە دەشتی کۆیە. دووبارە ئەوەمـان بـۆ دووپـات دەکـاتەوە شـاری (شیکشـابوم) دەکەوێتە ئەم نـاوچەیەوە، بە (کــوواری) دەڵــێ: هــیچ گروپێکــی لایەنگــرت بەتــەواوەتی و بــەبێ کــەموکوڕی نەگەیشتۆتە ئاشوور، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەوان پەنادەبەنەبەر (شیکشابووم) بە مەبەسـتی پاراسـتنیان، لێرەشـدا دەردەکەوێ (تـوروککی)یەکـان بەخۆشـی خۆیـان نەڕۆیشـتوون بـۆ ئاشـوور، ئەگەرنـا بـۆ لە دەسـتیان ڕادەکەن؟ بـۆ ئەوەی ڕانەکەن لەدەستیان هەروەک ئاماژەی پێ کراوە، بە (کوواری) وتووە دەبێ لایەنگرێکی خۆی لەگەڵ یان بنێرێ، لەهەمان کاتدا پێی ڕاگەیاندووە پێویستە لایەنگرێکی خۆی بنێرێتە لایـان، بـۆ ئەوەی ئەوان دڵنیـا بکـاتەوە لەوەی (شەمشـی – ئەدەد) سەرپەرشـتیان دەکـات، ئەمەش بـۆ ئەوە بـووە ترسـەکەیان بڕەوێنێتەوە کەلەلایـان دروسـت بـووە، ئەگەر ئـاوا نەبـێ ئەوان دەترسـن، و ئەگەر ئەوان ئەوەی (شەمشـی – ئەدەد) دەیڵـێ جێبەجێ نەکەن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لەبەشـێکی تـری نـامەکەدا نـاوی کەسـێ بە (مـوداروم) ناودەبـات بەبـرای خـۆی دادەنێ، لەهەمان کاتدا باس لە دوو کەسی تر بە ناوی (تیروایش – شینی) و (زیلیا) م دەکـات بـرای (مـوداروم)ن، گـوایە لەلایەن (کـوواری) یەوە گیـراون و داوای لـێ دەکات بۆی بنێرێتەوە[٢٩].

هەروەها وەک لە نامەی (SH 919)دا هاتووە:

**"ئێسـتا هەمـوو [تـوروککی]یانەی بـۆ [منیـان]دەنێریـت [بەشـ]ـە (و) و بەدزی یەوە[دێـــن]، ئەو زەوی یەی لەبەردەســـتیاندایە داوای دەکەن [و]بەردەوام دزە**

٢٩ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٠.

**دە[کەنە]شاری شیکشابومەوە. ئایا ئەوە ڕاستە ئێمە دوژمنمان[ن] بەهێزتر بکەین و لەشکرەکەی گەو[رەتر]؟ من بەمە نارەحەتم!" (SH.919)**[30]

دووبارە (شەمشی – ئەدەد) باسی ئەوە دەکات هەموو ئەو (توروککی)ی بەشەو بۆ ئەویان دەنێرێت، دزە دەکەنە ناو (شیکشابوم)، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی لەشکری نەیاران و ئەویش بەمە نیگەرانە، ئاماژەیەکیشە بۆ ئەو (توروککی)یانەی بەهۆی مامەڵەی خراپ لەگەڵیان لەدەست (کوواری) ڕادەکەن و بەشەو دەچنە لای (شەمشی – ئەدەد)، ئەمانەش کێشەی گەورەیان بۆ (کوواری) دروست کرد، وەک لە داهاتوو باسی دەکەین.

**شەڕانگێزیەکانی شەمشی - ئەدەد بەرامبەر ئەخازوم**

بەپێی سەرنجی ڕووداوەکان ڕۆژبەڕۆژ ئەنجامی پەلاماردانی (ئەخازوم) نزیک دەبێتەوە، (شەمشی – ئەدەد) هەوڵەکانی بۆ کۆکردنەوەی هێز لەسەر (ئەخازوم) بەردەوام دەبێت، لەنامەیەکدا داوا لە (کوواری) دەکات، زانیاری بۆ کۆبکاتەوە لەسەر (یبال – یراخ) دەیەوێ ببینێت دەربارەی گرتنی (ئەخازوم)، لەنامەکەدا دەڵێت:

**"بەکوواری بڵێ: پاشای ئەوها دەڵێ: (دەربارەی) زانیاری لەسەر ئەم کوڕەی (یبالْ – یراخ) تۆ ئەوهات بۆ من نووسیوە دەربارەی: من ئەو ناناسم، ئەو لە کوێ نیشتەجێ یە؟ ئەو لە ئاراپخا نیشتەجێ یە؟ بۆم بنووسە ئەو لەکوێ نیشتەجێ یە من دەبێ ئەو ببینم.**

**دەربارەی گرتنی یاشوپ – ئەددو، تۆ ئەوهات بۆ من نووسیوە دەربارەی: لەوانەیە خواوەندی گەورەی تۆ! ئەو بگرێ! من پشتگیری ئەمە دەکەم، بۆ ئەمەش تەنیا پشتگیری تۆ منم، من دەبێ ١٠ دیاری تۆ (بگێڕمەوە)! ئەو نائارامی دێنێت بۆ ئەو زەویەی دەوڵەت، دەربارەی ئەوە تۆ بۆ منت نووسیووە: هاوپەیمانی خودی تۆ لەگەڵ لوللوبیەکان. ئەو ئاڵۆزی دێنێ بۆ وڵاتەکە!**

**ئەوە زستانە و بەهاتنی ئەو دوومانگە سەرما هەر ماوە، من ناتوانم دەست بەسەر ئەودا بگرم، [........]، [و لەسەر زۆربەی] یەکەم ڕۆژ کەش و هەوا خۆش بوو، من دەبێ بچمە سەری لەگەڵ تەواوی هێزەکە و دەبێ ئەویش داگیر بکرێ."**[31].

٣٠ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

٣١ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

ئەم نـامەیە لە (شەمشـی - ئەدەد) بـۆ (کـوواری) نێـردراوە، داوای زانیـاری دەربارەی کوڕەکەی (یبال - یراخ) ناوێک دەکات، دیارە (کوواری) بۆی نووسیوە من نایناسم، بەڵام (شەمشی - ئەدەد) شوێنی ئەوی بۆ دیاری دەکات، دەیەوێت (کوواری) زانیاری دەربارەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ناوبراو بۆ بنێرێ، دیارە بۆ کارێکی گرنگ دەیەوێت بیبینێ، دەربارەی گرتنی (یاشوب - ئەددو) زانیاری پێ بدات، بۆ ئەمەش داوای لە (کوواری) کردووە، ئەو ئەرکەی بۆ ئەنجام بدات، لە شوێنێکی تری نامەکە ڕایگەیاندوە (کوواری) دەربارەی (یاشوپ - ئەددو) بۆی نووسیوە خواوەندی گەورەی ئەو (یاشوب - ئەددو) دەگرێ، لەمەشدا (کوواری) پشتگیری ئەمە دەکا، هەر لەسەر بەڵێنی پێشوی ماوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی (ئەخازوم)، باس لەوە دەکا هێشتا وەرزی زستان و سەرما و سۆڵە ماویەتی و دوای تەواو بوونی ئەم وەرزە ڕاستەوخۆ (ئەخازوم) داگیردەکات.

ئاماژەی بەوەش داوە هاوپەیمانی (کوواری) لەگەڵ لوللوییەکان ئاڵۆزی بۆ وڵاتەکەی دێنێ، هەرچەندە لە دەستپێکی نامەکەدا (شەمشی - ئەدەد) خۆی بە پاشای (کوواری) ناوبردووە، بەڵام لەشێوازی نووسینی نامەکەدا هیچ جۆرە شێوازێکی فەرمان پێکردن نابینرێ، پاشایەک بەسەر فەرمانڕەوایەکی ژێر دەسەڵاتیدا دەیسەپێنێ، پێناچێت ئاشوورییەکان دەسەڵاتێکی ڕەهایان بەسەر (کوواری) دا هەبووبێ، جگە لە هاوپەیمانێکی پابەند نەبوو[٣٢] چونکە ناکرێت ژێردەستەیەک پاشاکەی پێی وابێت لوللوییەکان ئاڵۆزی بۆ ناوچەکە دێنن، کەچی ئەو هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ببەستێت، (شەمشی - ئەدەد) دەیەوێ هەر کاتێ زستان تێپەڕی و وەرزی ساڵ خۆش بوو، هێرش بکاتەسەر شانشینی (ئەخازوم) و داگیری بکات، لایەنێکی گرنگی ئامادەکاری هێرشەکان دابین کردنی دانەوێڵە و خواردەمەنی بووە، ئومێدی زۆری (شەمشی - ئەدەد)یش بۆ دابین کردنی دانەوێڵە بۆ سوپاکەی (کوواری) بووە، بۆیە (شەمشی - ئەدەد) لەنامەیەکدا داوا لە (کوواری) دەکات ئەوەندەی بۆی دەکرێت دانەوێڵە بکات، لە نامەکەدا بە (کوواری) دەڵێت:

**"........ ئێستا ئەگەر تۆ بتوانی ئەوەی بۆ منت نووسیوە بەڕێوەی ببەی، لەو کاتەدا شوێنەکەت بکە بە جۆ، و ئەوان وەبەرهێنان بخە، و بۆ پاشایان بگوازەرەوە، و قەڵاک[ان]بۆ وڵاتەکە دەگەڕێندرێنەوە، ئەگەر (وڵاتەکەم) برسی نەبێ، ..... لە**

---

٣٢ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

**میانەی ئەو مانگەدا بتوانن سوود وەرگرن لەبەرفراوان کردنی کێڵگەکە، لەگەڵ ئەمەش دا من لەگەڵ هێزەکانم دێمەسەر ئەم وڵاتە، تۆ وەرە و پەیوەندیم پێوە بکە، لەگەڵ خۆشت دا لایەنگرەکانت بهێنە."**[٣٣]

لەبەشێکی نامەکەدا (شەمشی – ئەدەد) نووسیویەتی: ئەو شتەی بۆمنت نووسیوە بتوانی بەرێوەی ببات ئەوە کارێکی زۆر باش دەبێ، کارەکە بریتیە لە فراوان کردنی کێڵگەکان و زیاد کردنی بەرهەمی جۆ و وەگەڕخستنی خەڵک بۆ بەرهەم هێنان، و گواستنەوەیان بۆ پاشا، ئەگەر لایەنی دانەوێڵە و خواردەمەنیان مسۆگەر بێت قەڵاکانیش بۆ وڵاتەکە دەگەڕێنرێنەوە، ئەگەر خەڵکەکە برسی نەبێ، (شەمشی – ئەدەد) دێت بۆ داگیرکردنی (ئەخازوم)، داوا لە (کوواری) دەکات لەگەڵ لایەنگرەکانیدا بێتە ئەو وڵاتە. هۆکاری گرنگی دانی (شەمشی – ئەدەد) بەدانەوێڵە و جۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر (کوواری) نەتوانێ جۆی بۆ دابین بکات، ئەوا ئەویش ناتوانێ هێرشی سەربازی دژی (ئەخازوم) ئەنجام بدات، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئاشوورییەکان بۆ دابین کردنی دانەوێڵە بۆ سوپاکەیان پشتیان بە وڵاتی (شوشاررا) بەستووە[٣٤].

لەنامەیەکی تردا (شەمشی ئەدەد) بەپێی هەواڵەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە کاتی پەلاماردانی (ئەخازوم) نزیک دەکەوێتەوە، دیارە کارەکەی بەتوندی گرتووە و زۆر شێلگیرانە و بەنهێنی کاری بۆ دەکات، هەتا لە نوێنەرەکەی خۆشی دڵنیا نیە، بەدرۆزنی دادەنێ و هەندێ لەشتەکانی لێ دەشارێتەوە ئەوەتا بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**"بەکوواری بڵێ: پاشات ئەوها (دەڵێ): ..... من گوێ بیستی نامەکەت بووم کە بۆ منت ناردبوو، کوشییا هیچ شتێکی ئەم نامەیەی تۆی پێ گەییوە، ئەو درۆزنە! ئەو درۆ دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی ئەوە، بەڵام ئەو لەپێش منەوە نامەکەی تۆی بەدەست ناگات، ئێستا من دەبێ ئەوەت پێ بڵێم کە بێیەسەر (وڵاتی) ئەخ[ا]زوم، و وەرە بۆ لام، و لەگەڵ من دا کۆببەوە، و من دەبێ ڕێنماییەکانت بەتەواوی پێ بدەم."**

لەم نامەیەدا دەردەکەوێ (شەمشی – ئەدەد) باوەڕی بە (کوشییا)ی تەتەری نەبووە، بەدرۆزن باسی دەکات، پێی وایە بۆ وەرگرتنی زانیاری درۆ دەکات،

---

٣٣ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

٣٤ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

هەروەک ئەوەی (کوواری) لە (کوشیا) دڵنیا نیە و لەنامەیەکدا ئەوەی بۆ (شەمشی – ئەدەد) نووسیوە، دیارە نامەکەی (کوواری) هەواڵ و زانیاری گرنگی تێدابووە، مەترسی ئەوەی هەیە نامەکەی بکەوێتە دەست (کوشیا)، بەڵام (شەمشی – ئەدەد) (کوواری) لەوە دڵنیا کردۆتەوە تەتەرەکە لەپێش (شەمشی – ئەدەد) نامەکەی (کوواری) بەدەست ناگات، داوا لە (کوواری) دەکات بێتەسەر (ئەخازوم)و بچێتەلای بۆ ئەوەی لەگەڵیدا کۆبێتەوە و ڕێنماییەکانیشی پێبدات، ئەمەش دووبارە باوەڕ نەبوونی بەتەتەرەکەی نیشان دەدات، لەوانەیە گرتنی (کوشییا) لەلایەن (کوواری) کە ئاماژەمان پێدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، زانیاری نێوان (کوواری) و (شەمشی – ئەدەد)ی بە دوژمنانیان دابێ[٣٥].

لە ئەنجامی هێرش و لەشکرکێشیەکان لەو ماوەیەدا (ئارابخا) کەوتبووە دەست دەسەڵاتی (شەمشی – ئەدەد)ی پادشای ئاشوورییەکان کردبوویانە ناوەندێکی خۆیان، لەولاشەوە بەشێکی زۆری گەورەکانی (توروککی) چوو بوونە شاری (شیکشابوم) گوتییەکان لەخوار زێی بچوکدا هاوکاری پاشای (ئەخازوم)یان دەکرد، کاتێ (شەمشی – ئەدەد) هەوڵی داگیرکردنی (شیکشابوم Ši – ik – ša – ab – bu – umki) ی دەدا، نامەیەکی بۆ (کوواری) ناردووە، تا بەهاوکاری فەرمانڕەوای (ئەرابخا) (ئێتیڵلوم) کەسەر بە (شەمشی – ئەدەد) بوو، هێز بۆ داگیرکرنی ئەو شارە بنێرێت.[٣٦]

ئیتر کاتی گرتن و پەلاماردانی (ئەخازوم) هات، وەک دەردەکەوێ (شەمشی – ئەدەد) یەکێ لە فەرماندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کە ناوی (ئێتیڵلوم) بووە، ناردبوو بۆ گەمارۆدانی (شیکشابوم)، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە (کوواری) کردووە، هەزار سەربازی بۆ بنێرێ، بۆ ئەوەی یارمەتی (ئێتیللوم) بدات لە داگیرکردنی (ئەخازوم)، داواکردنی (شەمشی – ئەدەد) لە (کوواری) بە ناردنی هەزار سەرباز بۆ داگیرکردنی (ئەخازوم) نیشانەی بەهێزی (کوواری) دەردەخات، لەکاتێکدا (کوواری) دوژمنی خۆیشی کەم نەبوون، بەتایبەت گوتییەکان کەهێزێکی سەرەکی ناوچەکە بوون.

کوواری دەبوایە بەناردنی (١٠٠٠) سەرباز بۆ (ئێتیڵلوم)ی سەرلەشکری (شەمشی – ئەدەد) کۆمەکی لەشکرکێشی ئاشوور بۆ سەر (ئەخازوم) بکات.

---

٣٥ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٣٦ کامەلان کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

(ئیتێللوم) لەم کاتەدا گەمارۆی (شیکشاببوم)ی پایتەختی (ئەخازوم)ی دابوو، کە (شەمشی - ئەدەد) نامەی بۆ (کوواری) نووسیبوو:

**" ئەوا لەشکرێکم لەگەڵ ئیتێللوم دا بەرێ کرد بۆ گەمارۆ ١٠٠٠ سەرباز لە لەشکرەکەی خۆتی بۆ بنێرە بۆ شیکشابووم."[٣٧]**

(ئیتێللوم)، فەرمانڕەوای (ئارراپخا) لەلایەن (شەمشی - شەدەد)ەوە، هێزی بردووە بۆ ناوچەکە و زۆر هانی (کوواری) دەدا، بۆ ئەوەی پێکەوە پەلاماری (شیکشاببوم)ی دوژمنی بدەن و تەنانەت پێی دەڵێت: (شیکشاببوم) دوژمنی هەردووکیانە، پێش گەیشتنی (شەمشی - ئەدەد) بەلەشکرەکەیەوە با پێکەوە گەمارۆی شارەکە بدەین و لای (سەروەر) یان بەرز ببنەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ سوود بوون، (کوواری) خەم سارد و کەمتەرخەم بوو لە هاوکاری و ناردنی هێز[٣٨]. ئینجا (ئیتێللوم) بەچەند نامەیەک کەوتە هاندانی (کوواری) بۆ ئەوەی بۆ شەڕی (شیکشابووم) بچێتە پاڵی لەم نامانە دەڵێت:

**"شیکشاببومی لێ دەرچێت ئیتر کێ دوژمنتە ؟ لەو بەولاوە دوژمنی ترت نیە."**

هەروەها دەڵێت: **" شیکشاببوم دوژمنتە ! بۆ هەردووکمان، تۆش و منیش هەڕەشەیە. با خۆمان بۆ گەمارۆدانی شیکشاببوم تەیار بکەین .... پێش ئەوەی پادشا بگات، بابە هەردووکمان خزمەتێکی سەروەرمان بکەین دوودڵ مەبە! وەرە!"**

نموونەیەکی باشی ئەمە ئەو نامەیە یە (SH 859+881) کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کە تیایدا (ئیتێللوم) (کوواری) لەهەموو ئەم شتانە ئاگادار دەکاتەوە و بەزمانێکی گلەیی ئامێزەوە لێی دەپرسێت:

**"چۆن وەڵامی پادشا بدەینەوە؟"[٣٩]**

لە نامەیەکدا بۆ (کوواری) ئاماژەی داوە گەمارۆی شاری (تاروم)ی (ئەخازوم)ی داوە و بە (کوواری)ش دەڵێت: چاوەڕێی تۆم لە (تاروم):

**"بەکواری بڵێ: ئیتیللوم ئاوها (دەڵێ): شیکشابوم دوژمنتە! ئەو بۆ هەردووکمان هەڕەشەیە (من و تۆ)، کاتێ گوێ بیستی ئەم نامەیە دەبی ئێمە بەخێرایی ئامادە دەبین بۆ گەمارۆدانی شیکشابووم، پێویستە سەرجەم سەربازەکانت، لەگەڵ خۆت**

---

٣٧ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

٣٨ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

٣٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥.

**لوللوبیەکان (بهێنی)، لە دوورەوە گورزە بکەن! زۆر بەبێ دەنگیەوە گەمارۆی شیکشابوم دەدەین، بەوەش بەناوبانگ تر دەبین لەبەردەم گەورەمان دا!.**

**ئێستا من لە سنووری (تاروم) چاوەڕێم، و چاوەر[ێی تۆ]دەکەم، بەبێ دەنگیەوە وەرە، و دەی با ئێمە شیکشابووم بگرین پێش ئەوەی پاشا بگات، سێ‌چوار ڕۆژی تر پاشا (نوروگوم) داگیر دەکات، [لەو کاتە ]دا پاشامان لەگەڵ خۆیدا هێز بۆ شیکشابوم دەهێنێ، پێش ئەوەی پاشا بگات، دەی با ئێمە بەیەکەوە خزمەتێکی گەورە پێشکەشی گەورەمان بکەین، دڵخۆش دەبم! بەهاتن!"**

ئەم نامەیە لە (ئێتیللوم)ەوە بۆ (کوواری) نێردراوە، تێیدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندووە (شیکشابوم) دوژمنی هەردووکیانە، دەڵێ لەو کاتەی نامەکە دەخوێنیەوە ئێمە ئامادە دەبین بۆ گەمارۆدانی (شیکشابوم) و داوای لە (کوواری) کردووە، سەربازەکانی و لوللوبیەکان لەگەڵ خۆی بهێنێ، بەمەبەستی گەمارۆدانی (شیکشابوم)، دیارە (ئێتیللوم) بەمەبەستی بەدەست هێنانی ناوبانگ لەلایەن پاشاکەی (شەمشی – ئەدەد) ویستویەتی ئەو کارە بکات. (ئێتیللوم) بەخۆی و لەشکرەکەیەوە هاتووەتە ناو خاکی ئەخازوم و خۆی بۆ هێرش ئامادە کردووە، چونکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە سنووری (تاروم) کە یەکێک بووە لەشارەکانی (ئەخازوم) چاوەڕێی (کوواری) دەکات، بە مەبەستی داگیرکردنی (شیکشابوم)ی پایتەخت، بۆ ئەمەش زۆر هانی (کوواری) داوە، لەهەمان کاتدا (شەمشی– ئەدەد) خەریکی داگیرکردنی (نوروگوم) بووە، وا بڕیار بووە دوای داگیرکردنی (نوروگوم) بێتە (ئەخازوم)، بەڵام (ئێتیللوم) بەمەبەستی بەدەستهێنانی ناوبانگ لەلای پاشاکەی ویستویەتی تا (شەمشی – ئەدەد) دەگات ئەو بەهاوکاری (کوواری) (شیکشابوم) داگیر بکات، بەڵام (کوواری) بەم ئاراستەیە هیچ هەنگاوێکی نەناوە، سەرەڕای ئەوەی (شەمشی – ئەدەد)یش لە نامەکەی تردا داوای لێکردووە، هەزار سەرباز بۆ (ئێتیللوم) بنێرێ بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەم کارە[٤٠].

چەند نامەیەک بۆ هاندان و تەماع وەبەرخستنی (کوواری) نێردران، تاوەکو بەشداری لەشکرکێشیەکەی بۆ سەر (ئەخازوم) بکات و لەشکر بنێرێت. بەڵام بێ هودە بوو، لەوانەیە (کوواری) حەزی نەکردبێت، ئەوەندە گوشار بخرێتە سەر (ئەخازوم) و داگیر بکرێت، هیچ دوورنیە مەترسی گرتنی وڵاتی خۆشی دوای

---

٤٠ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥١.

(ئەخـازوم) هەبووبێـت، ئەوەش تێبینیەکـی وردبینـانەیە، چـونکە (شـەمشـی – ئەدەد) کەمتـر حیسـابی بـۆ هاوپەیمـانێتی کـردووە، هەرکاتێـک بـۆی گونجابێـت ئەو وڵاتەی مەبەستی بووە داگیری کردووە، ئەگەر هاوپەیمانی خۆشـی بووبێت، مەترسـیەکانی (یاشـوب – ئەددو)ی (ئەخـازوم)یش هەر لەم ڕوانگەیەوە بـووە، پێدەچێت (کـوواری) بە دەنگیەوە نەچووبێت، (ئیتێللوم) ناچار بـوو ئۆردوگاکەی بپێچێتەوە و بکشـێتەوە، وەک لەدەقی (SH 877)[٤١] ئاماژەی بۆ کراوە، لەولاشەوە (ئەخازوم) باش خـۆی بـۆ شەڕەکە ئامادە کردبوو، و هاوپەیمانی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئاشـوورییەکان بەستبوو، جگە لە (توروککی)یە هەڵاتووەکان، گوتییەکانیش سـەرباز و خۆراکیـان لە زێ وە دەپەڕانـدەوە بـۆ کـۆمەکی (شیکشـابووم) و خـۆڕاگرتنی لەبەرامـبەر ئاشوورییەکان. لەنامەیەکی تردا دەڵێت:

**"بەکوواری بڵێ یتیللوم/ی برات ئاوها (دەڵێ): بـۆچی تـۆ هەنگاوت نەنـا بـۆ لە ناوبردنی شیکشابوم؟ لەکاتێکدا ئەم وڵاتە پێشووتر دوژمنت بووە، تۆ هەموو ڕۆژێ هێرشت کردۆتەسەر ئەو، تۆ لێتداوە و ئەم وڵاتەش لەژێر دەستی تۆدا هەرەسی هێناوە، و تۆ کارەکەت جێبەجێ نەکرد بەرامبەری ئەو وڵاتە، ئێستا تۆ بۆچی هیچ کارێک ناکەی؟ گواستنەوەی ئەو قسانەی کردووتە بۆ پاشا وەک خۆی: من وێرانی دەکەم و بە پاشاکەشـم دەڵـێم! بەڵام تـۆ وێرانـت نەکـردووە (ئەو)، نێـردراوە سەربازەکانی ئیندوششێ (ڕووبارەکە) لە پەڕینەوەدا دەپارێزن، (و) ئێسـتا (٢٠٠) سـەربازی گووتی!ئەوان وڵاتەکە لە هێرش کردن دەپارێزن، تـۆش هەروا بەبێ دەنگی دەمێنـیەوە! ئـێمە چـۆن وەڵامـی پاشـامان بـدەینەوە؟ مـن سـەربازم نـیە، سەربازەکانم بوونەتە چوار (بەش) و ڕۆیشتوون بۆ گەمارۆدانی شارۆچکەکانی وڵاتـی ئەخـازوم، و نـاتوانن شـارۆچکەکان بەجـێ بـێڵن، (لەو کـاتەی) ئەوان شارۆچکەکان دەگرن، سەربازەکانم لەگەڵ پاشادا پشوو دەدەن، من هیچ سەربازم نیە، پێویستە تۆ سەربازەکان کۆبکەیتەوە و سەرجەم لوللوبیەکانیش لەگەڵ خۆت دا بهێنی و، بێیتە (ژاژلوم) و وەک ناوچەیەکی دژ بە ئەو ڕاستی بکەیتەوە، لەو کاتەی ئەو قسانە دەنێری وڵاتەکە بەتەواوی دەبێتە دوژمنی ئەو، لە کاتی ڕۆیشتنی ئەودا، تۆش هێرش بکە سەر ئەو و لەناوی ببە، ئەم خزمەتە پێشکەشی گەورەت بکە!.**

---

٤١ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.

**دووەمیان دەربارەی خزمەتکارەکانتە، تۆ ئەوهات بۆ من نووسی و دەربارەیان چاودێری خزمەتکارەکانم بکە بە خزمەتکارەکانت لە وڵاتی ئاراپخا ! لەکاتێکدا ئەوانت نەدۆزیەوە ئەوا ئەو خزمەتکارانە هی منن - لەو کاتەی کۆشکەکە دەگیرێت و سەربازەکانیش لە شیکشابوم دەمێننەوە، لەم ڕۆژەدا خزمەتکارەکانت (...) من ئەوان دەدۆزمەوە، بۆتان ئامادە دەکەم نیگەرانیان مەبە، تۆ لەوانەیە نیگەرانی ئەوەی بی لەگەڵ خزمەتکارەکانی منی، سەرەڕای ئەوەی منیش دەبێ لەگەڵ خزمەتکارانی تۆدا نیگەران بم، ئەگەر خزمەتکارەکانی تۆ لەوڵاتی ئاراپخا بمێننەوە (ئەوە)، من ئەوان دەبینم و بۆتیان دەنێرمەوە، ئەگەر شیکشابووم بەهێز تربێ ئەوە بۆ تۆ و منیش خراپ نابێ؟ بۆچی تۆ هیچ شتێ ناکەی؟ تەنیا شیکشابومە کێی تر دوژمنی تۆیە؟ ئەو تەنیا دوژمنی تۆ نیە! ڕاوەستە و هیچ شتێک بەرانبەر ئەو مەکە (بەتەنیا)."[٤٢]**

ئەم نامەیە لەلایەن (یتیللوم)ەوە بۆ (کوواری) نێردراوە، تێیدا خۆی بە برای (کوواری) ناساندووە، پێی ڕادەگەیەنێ بۆچی هیچ هەنگاوێکی نەناوە بەمەبەستی لەناوبردنی (شیکشابوم)، لەکاتێکدا پێشووتر دوژمنی بووە، باس لەوە دەکات پێشووتر هێرشی بردۆتە سەر و بەسەری دا سەرکەوتووە، لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ پێشووتر ناکۆکی هەبووە لەنێوان (کوواری) و (شیکشابوم) دا، (کوواری) توانیویە بەسەریدا سەرکەوێ، بەڵام بۆچی لەو کاتەی (ئیتیللوم) و تەنانەت (شەمشی - ئەدەد)یش داوای لێ دەکەن، هەنگاو بنێ بەمەبەستی داگیرکردنی (ئەخازوم) هیچ هەنگاوێک نانێ؟ لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە (کوواری) حەزی نەکردووە، بە تەواوەتی وڵاتی (ئەخازوم) لەناوبچێ و بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان، چونکە بەمە ئاشوورییەکان بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، بەمەش مەترسی دەکەوێتە سەر ناوچەی دەسەڵاتی (کوواری)، لە نامەکەدا بە (کوواری) ڕادەگەیەنێ ئەو بەڵێنەی بە (شەمشی — ئەدەد)ی داوە نەیبردۆتەسەر، بەڵێنی دابوو وڵاتی (ئەخازوم) لەناو ببات، لەهەمان کاتدا باس لەسەربازەکانی (ئیندۆششێ) دەکات ڕووبارەکە دەپارێزن، و (٢٠٠) سەربازیشیان وڵاتی (ئەخازوم) لەهێرش کردن دەپارێزن، پێیدەڵێ: کەچی تۆ هەر بێدەنگی، چۆن وەڵامی پاشا بدەینەوە و باس لەوە دەکات، ئەو هیچ سەربازی

٤٢ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٣.

لەبەردەست دانیە، چونکە سەربازەکانی ناردووە بەمەبەستی گەمارۆدانی شارۆچکەکانی وڵاتی (ئەخازوم) و کردوونی بەچوار بەشەوە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئەم وڵاتە خاوەنی چەندان شارۆچکە و ڕووبەرێکی بەرفراوان بووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە داوا لە (کوواری) دەکات سەربازەکانی و لوللوبیەکانیش لەگەڵ خۆیدا بهێنێ بەمەبەستی گەمارۆدانی ئەو وڵاتە، هەروەها (ژاژلوم)یش دژی ئەو وڵاتە ڕاست بکاتەوە، لەو کاتەشدا هێرشی بکاتەسەر و لەناوی ببات، بەمەش خزمەتێکی گەورە بەپاشای دەکات.

بەشێکی تری تێکستەکە تەرخان کراوە بۆ خزمەتکارەکانی، تێیدا بە (یتیللوم)ی ڕاگەیاندووە خزمەتکارەکانی بۆ بدۆزێتەوە لە (ئاراپخا)، ئەگەر نەشی دۆزینەوە ئەوا لەکاتی داگیرکردنی (شیکشابوم) خزمەتکارەکانی کۆشک دەبنە هی خۆی، (کوواری) نیگەرانی ئەوە بووە لەگەڵ خزمەتکارەکانی خۆیدا نەبووە، (ئیتیللوم) پێیدەڵێ: هەر کاتێک خزمەتکارەکانی لە (ئاراپخا) بینی ئەوا بۆی دەنێرێتەوە، بەڵام نازانرێ ئایا خزمەتکارەکانی (کوواری) بۆ لە (ئاراپخا) بوون؟ ئەوەشی پێڕادەگەیەنێ وڵاتی (ئەخازوم) بەرەو بەهێزی دەچێ، جێگای مەترسیە بۆ ئێمە، چەند جارێ ئەوەی لێ دووپات دەکاتەوە، بۆچی دژی ئەو هیچ هەنگاو نانێ، لەهەمان کاتدا ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێ بە تەنیا هیچ هەنگاو نەنێ، چونکە ئەو بەتەنیا دوژمنی تۆ نیە."[٤٣]

لەنامەی یەکێکدا بەناوی (یادینوم)ی کە خۆی بەکوڕی (کوواری) ناساندووە، لەوانە یەکێک لە وردە پاشاکانی ژێر دەسەڵاتی (کوواری) بێت، دەربارەی جموجۆڵی هێزی گوتییەکان زانیاری بە (کوواری) داوە دەڵێت:

**"بەکوواری بڵێ یادینوم/ی کوڕت ئەوها (دەڵێ): دەنگوباسم پێگەیشتووە لە [.... ]بەم شێوەیە: ٣٠٠ سەربازی گوتییەکان کۆبوونەتەوە بۆ پەڕینەوە لە (ڕووبارەکە)، ئەوان دەتوانن ڕێگا بدۆزنەوە بۆ ناو شیکشابوم، هەواڵم پێ بدە ئەو گواستنەوەیە زۆر گرنگە و گواستنەوەکەش نایەڵێت (یاشوب - ئەددو) بەهێزبێ ئەو وڵاتە هەراسان بکات، و لەئایندەدا ناتوانێ سەربازەکان (مان هەراسان بکات)** (...دوو دێڕ شکاوە) **(لەژێر ئەمەدا) بەدڵنیاییەوە ئەمانەش گوازراونەتەوە، (بەڵام) ئەو ناتوانێ وڵاتەکە هەراسان بکات"**[٤٤].

---

٤٣ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٤.

٤٤ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٥.

ئەم نامەیە (یادینوم)ی ئەفسەر بۆ (کوواری) ناردووە، تێیدا خۆی بە کوڕی (کوواری) ناساندووە، باس لە (٣٠٠) سەربازی گوتییەکان دەکات لەسەر ڕووبارەکە کۆبوونەتەوە، بەمەبەستی چونە ناو (شیکشابوم)ەوە، پێی وایە ئەوان بتوانن بگەنە (شیکشابوم)، گیرخواردنی گوتییەکانیش ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ لەلایەن هێزی دوژمنەوە ڕێگایان لێ گیراوە، بۆ ئەوەی نەتوانن بگەنە (شیکشابوم)، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی بەهێز کردنی ئەو وڵاتە، چونکە ناتوانن ڕێگریان بن، بۆ ئەوەی نەتوانن بگەنە ناو (شیکشابوم)، بەڵام پێی وایە (یاشوب - ئەددو) ناتوانێ وڵاتەکە و سەربازەکانیان هەراسان بکات[٤٥].

کات و ساتی هێرش کردنە سەر (شیکشابوم) زۆر نزیک بۆتەوە، (شەمشی - ئەدەد) لەو نامەیەی بۆ (کوواری) ناردووە، دەڵێ ئەگەر (شیکشابوم) داگیر کرابوو، وەرە لام لە (ئاررابخا)، چونکە ئەو لای وابووە تاکو نامەکەی پێ دەگات دوورنیە (شیکشابوم) بگیرێت، لە نامەکەدا دەڵێت:

**"بەکوواری بڵێ: گەورەت ئەوها دەڵێ:پێش ئەوەی تۆ بڕۆی من بڕیارەکەم پێ وتی - من ئەو فەرمانەم پێ کردی: ئەگەر شیکشابوم داگیر کرابوو، لەو کاتەدا وەرە لام بۆ ئاراپخا، ئەگەر شیکشابوم یش داگیرنەکرابوو، تۆ لەسەربازگەیەک لە دەرەوەی شیکشابوم بمێنەوە دەتوانی بڕیار بدەی و بەڕێ بکەوی بۆ شوشاررا بە مەبەستی فەرمانڕەوایی و (فەرمانڕەوایی بکە)، لەناوچەی شوشاررا سەرباز وەرگرە و لەگەڵ خۆتدا بۆمیان بێنە!**

**من ئەم فەرمانەم پێ کردی، ئەو فەرمانە! (ئێستا) کارەکە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو فەرمانەی پێم کردبووی! ئەگەر شیکشابوم داگیر کرابوو تۆ بڕۆ بۆ لای شوشاررا، لەو کاتەدا تۆ زۆر بە وریاییەوە سەرجەم زانیاریە نووسراوەکانم بۆ بگێڕەوە و تۆش بگەڕێوە بۆ لای من، [ئەگەرنا] تۆ هەر لەوێ بمێنەوە، بمێنەوە [بەفەرمانڕەوا]ی شوشاررا و سەربازەکانیشم بۆ بنێرە وڵاتی سەروو، [و تۆ]ئاگادار دەکەمەوە ئەوەم زۆر بە پارێزەوە بۆ بنووسە.**

**دووەمیان دەربارەی هێرش کردنمە بۆ سەر فەرمانڕەوای (لوللومە)کە تۆ دەربارەی ئەو، ئەوهات بەمن وتبوو: لەژێر دەسەڵاتی مندا نەمابوو، [من ناردم]میسکینوم، و ئەوان دەیانوویست نەمێننەوە، [ئەو] ئەو سوێندیان بۆ دەخوات.**

---

٤٥ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٥.

**من لەوان ترسم هەیە و بە [خراپی] دەربارەی ئەمە بیردەکەمەوە. [پێیان بڵێ] ئەو پیاوانە بێنەلای من و من دەست بەتاڵم (هیچ پیاوم نیە) و دەتوانم بەڵێنیان پێ بدەم و سوێندیشیان بۆ بخۆم، یان من لێرەوە خزمەتکارەکان دەنێرم، و ئەوان دەتوانن بەڵێن بدەن و سوێندیش بخۆن."** [٤٦]

ئەم نامەیە لە ئانوساتی داگیرکردنی (شیکشابوم) نووسراوە، چونکە (شەمشی – ئەدەد) بە (کوواری) دەڵێ: ئەگەر (شیکشابوم) داگیرکرابوو وەرە لام بۆ ئاراپخا، ئەگەر داگیریش نەکرابوو لەسەربازگەیەک لەدەرەوەی (شیکشابوم) بمێنەوە، وادیارە پێش ئەوەی (کوواری) بەرێ بکەوێ (شەمشی – ئەدەد) ئەو کارەی پێویست بوو بیکات پێی ڕاگەیاندووە، دیارە داوای لێ دەکات کاتێ (کوواری) دێتە لای سەرباز لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، لەلایەکی تریش داوای لێ دەکات ئەگەر (شیکشابوم) داگیر کرابوو، ئەوا بگەڕێتەوە بۆ (شوشاررا) و فەرمانڕەوایی بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ (شەمشی – ئەدەد) تەنیا پێویستی بەوە بووە (کوواری) سەربازی بۆ بنێرێ، و زانیاریەکانیشی بۆ بگێڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەم زانیاریانە زۆر گرنگ بوون بەلایەوە. بەڵام هۆکاری داواکردنی سەرباز لە (کوواری) ئەوەمان بۆ دەردەخات، (شەمشی – ئەدەد) بەنیازی هێرشێکی تری سەربازی بووە، لەدوای داگیرکردنی (شیکشابوم)، ئەویش دژ بە (لوللو)یەکان بووە، لەکاتێکدا (ئیتیللوم) لەنامەیەکدا بۆ (کوواری) دەنووسێت لە داگیرکردنی (ئەخازوم) هاوکاری بکات و داوا دەکات: (پێویستە سەرجەم سەربازەکانت، لەگەڵ خۆت لوللوبیەکان بهێنی، لە دوورەوە گورزە بکەن!) کەواتە ئەم لوللویانە هاریکاری (شەمشی – ئەدەد) بوون، هەروەک لە تێکستەکەدا دەردەکەوێ، بەڵام لەدواییدا (شەمشی – ئەدەد) هەوڵی داوە بۆ لەناوبردنیان، ئەمەش ئەمەمان بۆ دەردەخات، (شەمشی – ئەدەد) یەک لەدوای یەک هەوڵی داوە بەمەبەستی لەناوبردنی چیانشینانی زاگرۆس و چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا، لەدژی یەکتریش بەکاری هێناون، داوای کردووە پیاوی بۆ بنێرێ بەمەبەستی هێنانی ئەو پیاوانەش بەهێز کردنی سوپاکەی[٤٧].

نامەیەکی تر لە ئەرشیفی شمشارە، لە وەرگێڕانی ئایدم و لیسۆ، لە نامەی ژماری (SH.888) دا (شەمشی – ئەدەد)بۆ (کوواری) ناردووە، دەڵێت:

---

٤٦ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٤٧ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

**" به کوواری بڵێ: (سەروەرت) وەها (دەڵێت): پێش دەرچوونت بڕیارێکم پێ ڕاگەیاندی. ئەمە بوو کە وتبووم: " ئەگەر شیکشاببوم گیرابوو وەرە بۆ لام لە ئارراپخادا، ئەگەر شیکشاببوم هێشتا نەگیرا بوو (ئەو کاتە) با سەربازەکانی حامیەکە بچنە دەوروبەری شیکشاببوم و تۆش، بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆت، بچۆ بۆ شوشاررا و ڕێنمایی بدە بە فەرماندەیەکی شوشاررا و سەربازەکانی ناوچەی شوشاررا لەگەڵ خۆت هەڵگرە و وەرە بۆ لای خۆم، "ئەم فەرمانەم پێدای. ئەو فەرمانەی وەها بوو (ئێستاش) بەپێی ئەو فەرمانەی دام پێت بجوڵێرەوە. ئەگەر شیکشاببوم گیرا و تۆ دەچیتە وڵاتی شوشاررا ئەو کاتە تا دەگەڕێیتەوە بۆ لام پێویستە بەردەوام هەرچی زانیاریەکت دەستکەوت بۆم بنووسی (ئەگەر) وا (نەبوو) و تۆ لەوێدا دەمێنیتەوە، با (فەرماندەی) سەربازکان وڵاتی سەرووم بۆ بنێرێت (و) بەردەوام بۆم بنووسی تا زانیاریم هەبێت"[48]**

ئەم هەموو ئاڵوگۆڕی نامەکاریە لەنێوان (ئێتیللوم) فەرماندەکەی ئاشووری لەگەڵ (کوواری) لەلایەک و (شەمشی – ئەدەد) خۆی لەگەڵ (کوواری) لەلایەکی تر، پەرۆشی (شەمشی – ئەدەد) بۆ هەرچی زووترە گرتنی (ئەخازوم) ئەنجام بدات، لەهەمان کاتدا تێوەگلانی (کوواری) و لوللوبیەکانیش لەگەڵ دراوسێکانیان، بەمەش دەیانکات بەگژیەکدا و بۆ ئەویش مسۆگەرتردەبن، بۆیە بەردەوام پێداگری دەکەن لەسەر ناردی هێز و بەشداری کردنی خۆی لە گرتنی (شیکشابوم)ی پایتەختی (ئەخازوم) و داگیرکردنی وڵاتەکە.

### نوێ کردنەوەی هاوپەیمانێتی ئەخازوم

لەکاتێکدا (یاشوب – ئەددو) بارودۆخی شانشینەکەی زۆر خراپ بوو، هێزەکانی (شەمشی – ئەدەد) گەمارۆی وڵاتەکەیان دابوو، کۆنە هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ هاوکاری بکەن، بۆ ڕزگار بوون لە دەست (شەمشی – ئەدەد)، یەکێک لەوان (تالپو – شارری) کەپێ دەچێت لە (شوشاررا)وە نامەی بۆ (یاشوب – ئەددو) ناردووە و ئاگاداری دەکاتەوە، بۆچی تەتەری نەناردووە بۆلای (پیشین – دین)ی پاشای (ئیتابالخوم)، لەکاتێک ئەو هەر لە کۆنەوە هاوپەیمانی باب و باپیری (پیشین – دین) بووە، لەنامەکەدا دەڵێت:

---

٤٨ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

**" به یاشوب – (ئەددو) بڵێ: تالپوش – شارری ئەوها (دەڵێ): بۆچی تۆ تەتەرت نەناردووە بۆ لای (پیشیندین)ی باوکت؟ پێشتر باوک و باپیرت ڕازی بوون و گفتوگۆیان کردووە لەگەڵ ئەم ماڵە و وڵاتی (ئیتابالخوم)، تۆ ئێستا هەمان ڕێگات بەکارهێناوە بۆ گفتوگۆ (لەگەڵ ئەو)! (....شکاوی).**

ئەم نامەیە (تالپو – شارری؟) بۆ (یاشوب – ئەدو)ی ناردووە، لێی دەپرسێ بۆچی تەتەری نەناردۆتە لای (پێشین – دین)ی پاشای (ئیتابالخوم) بەناوی باوکی ناوی بردووە، باس لەوە دەکات باوک و باپیری پێشووتر گفتوگۆیان لەگەڵ ئەم ماڵە و وڵاتەکەیدا کردووە، دیارە لێرەدا (تالپو – شارری) ویستویەتی یارمەتی (یاشوب – ئەددو) بدات، بەوەی لەگەڵ (پیشین – دین)ی پاشای (ئیتابالخوم) گفتوگۆ بکات و لەگەڵی ڕێک بکەوێت دژ بە دوژمنانی، چونکە شانشینی (ئیتابالخوم) یەکێ لە هێزەکانی ناوچەی زاگرۆس بووە، ئەگەر (یاشوب – ئەددو) لەگەڵیدا ڕێک بکەوێت لەبەرامبەر دوژمنانیدا خۆی پێ دەگیرێ و دەتوانێ دژیان بووەستێتەوە[49].

نامەیەک بۆ (یاشوب – ئەددو) نێردراوە، لەلایەن (پیشین – دین) دەڵێت:

**"بە یاشوب – ئەددو بڵێ: پیشیدینی باوکت ئەوها (دەلێ): تۆ گوێ بیستی ئەمە نەبووی باوکم و باپیرم هاوپەیمانیەتیەکی برایانەیان هەبووە، لەگەڵ باوک و باپیرت، ئێستا تۆ [.......]پێویست ناکا لەناوی ببەی، وەکو (کونشوم) پێویست ناکا دابەش ببن، [......] (وە) هەروەها [.....بۆ] زوزوم [و......] تالینت) ١٥ می (ناله ......دەبەخشێتە ئەوان) لەوانم دەوێ [.....] لە کونشوم [بگوازیەوە......] ٢٠٠ [.....] ، بەردی سوور، [....... ]باڵتۆکات، ٢٠ ....، ١٤ مینای کانزایی ساف، ١٠ مینا کوربیانوم، و .......ڕۆنی باش [.....] پیاوەکان، ٩ لە لایەنگرانم، ئەوە بووەتە سەرباز ئەمە بۆتۆی دەنێرم و تۆ لەگەڵی ڕێکەوە، ئەوە باشە؟ ئەگەر تۆ ڕاستگۆبی لەگەڵ کوڕەکەم، ئەوان باشن پێویستە لەدەستیان نەدەی، من پێویستیم بە مس و تەنەکەیە بۆ (دروست کردنی) چەک، ئەوەی هەیە پێویستە بەخێرایی بگوازرێتەوە، بەڵام پێویستە باشەکانمان لەکیس نەچن!"**

پێدەچێت (یاشوب – ددو) لەسەر نامەی (تالپو – شارری) نامەی بۆ (پیشین – دین) ناردبێ، چونکە ئەم نامەیەی (پیشین – دین)ی پاشای (ئیتابالخوم) بۆ (یاشوب – ئەددو)ی ناردووە، خۆی بە باوکی ناوبردووە، پێدەچێت لەوەڵامی نامەدا پێی

٤٩ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

ڕادەگەیەنێ ئەو پەیوەندیە و هاوپەیمانیەی لەنێوان باوک و باپیرانماندا هەبووە، پێویستە بپارێزرێ، هەرچەندە وەکو هاوپەیمان و دۆستی کۆن (پیشین – دین) ویستوویەتی هاوکاری (یاشوب – ئەددو) بکات، لەهەمان کاتدا هیچ دوورنیە (پیشین – دین) مەترسی لە زیادبوونی دەسەڵاتی (شەمشی – ئەدەد)ی ئاشووری هەبووبێت، لە هاوکاری (یاشوب – ئەددو) مەبەستی سنوردارکردنی دەسەڵاتی (شەمشی – ئەدەد)ش بووبێت، باس لەشارێ دەکات بەناوی (کونشوم) ئەم شارە لەشاری (شوشاررا) وە نزیک بووە، شاری (تالپوشارری) بوو بینیمان لەکاتی هێرشی گوتتیەکان بۆ سەر (توروککی)یەکان ئەم شارەیان داگیرکرد و تاڵانیان کرد، لەچەندان تێکستی تردا ئاماژەی پێکراوە، بەشێکی زۆری نامەکە تووشی شکان بووە، بەڵام بەگشتی باس کردنە لە مادەی کانزایی و مادەکانی تر، باس لەوە دەکات پێویستی بەکانزایە بەمەبەستی دروست کردنی چەک، وا دەردەکەوێ ویستویەتی بەهاوکاری (یاشوب – ئەدەدو) (کونشوم) داگیر بکات، بەمەبەستی دەستەبەر کردنی پێداویستیەکان[٥٠].

نامەیەک لە یاشوب – ئەددو بۆ کەسێک شوێنی ناوەکەی لە تابلۆکە شکاوە کە دەڵێت:

**"بە... بڵێ: یا (شوب – ئەددو (؟)) ئەوها (دەڵێ)، تۆ [...]: من گوێ بیسی ئەو نامەیە بووم تۆ بۆ منت نارد بوو دەربارەی زابزابی و شاروم – تیششوب. تۆ بەم شێوەیەت نووسی بوو: (ئێستا ئەوەی ئەرکی تۆیە بتوانی بیپارێزی، ئەمەش کێشەیە، و یشودانی لەگەڵ تۆیە! ئێمە (بە گشتی) توشی شەڕانگێزی (زابزابێ) و (شاروم – تیشوپ) (بوین) لەوێدا، (ئەوان) خزمەتکاری تۆ نین؟ من لێرەم، (ئەوان) خزمەتکاری من نین، ئێستا من لێرەم (بۆ ئەوەی هەندێک) لەوان لەناو ببەم، تۆش لەوێدا ئەوان لەناوببە، ئێمەش ناوبانگێکی مەزن دەستەبەر دەکەین، بۆچی ئێشکگرەکانی ئەوان لەگەڵ کەلوپەلە (قافل) کانیاندا دەبینن و دەستگیریان ناکەن، لە دەرەوەی (هیشرومیش) ئەوان لەناودەبەن؟ ئەو کارەی تۆ ئاوا (نەبووە)، من لێرە لەبەر تۆ تووشی ڕاڕایی بووم!"**

ناتوانرێ زانیاریەکانی ئەم نامەیە بزانرێ، چونکە پاشماوەی تابلۆکە توشی شکان هاتووە، بەڵام ئەوەی باسی (زابزابی) و (شاروم – تیششوپ) دەکەن لە

---

٥٠ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

تابلۆکە ماوەتەوە، لەسەر بەشی خوارووی پشتەوەی تابلۆکە ئاماژە کراوە، بە دروست کردنی زێو و مس.

ئەم نامەیە (یاشوب – ئەددو) بۆ کەسێکی ناردووە، شوێنی ناوەکەی شکاوە، تێیدا بۆی باسی هەندێ کەس دەکات، بە ناوەکانی (زابزابی) و (شاروم – تیشوپ؟)، تووشی شەڕانگێزیەکەیان بووە، جا لەبەر ئەوە هەندێکیان لێ لە ناودەبات و ئەویش لەوێدا ئەوانی تر لە ناوببات. هەروەها لە کۆتایدا باس لە دروست کردنی (زیو و مس) دەکات و بەشێکی زۆری تابلۆکە توشی شکان هاتووە.

### کۆتایی و ڕووخانی شانشینی ئەخازوم

(یاشوب – ئەددو)ی پاشای وڵاتی (ئەخازوم) بەهۆی چوونە دەرەوەی لە هاوپەیمانی ئاشووری (شەمشی – ئەدەد) پاشای ئاشووری هەراسان کردبوو، کێشەی بۆ خۆی دروست کردبوو، بەپێی نامەکانی (شەمشی – ئەدەد) بەبەردەوامی هاوپەیمانی پێکهێناوە لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەریدا، ئەمەش دژ بە ئاشوورییەکان. یان باشتر وایە بڵێن لەترسی ئاشوورییەکان و مانەوەی خۆیان، تەنانەت لەگەڵ ئاشوورییەکانیشدا هاوپەیمانی پێکهێناوە، بەجۆرێک لەنامەکەیدا (شامشی – ئەدەد)ی یەکەمی پادشای ئاشوور (١٨١٣ – ١٧٨١پ.ز) (یاشوب – ئەدەد)ی پاشای (ئەخازوم) بەڕاڕا باس دەکات دەڵێت:

(بە بەردەوامی هاوپەیمانەکانی دەگۆڕێ)، گرنگترین ئەو هێزانەش هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەستوون (شوشاررا، توروککی، شیموروم، کاکموم، ئاشووری)یەکان بوون، گوتییەکانیش بەبەردەوامی هاوکاری ئەم وڵاتەیان کردووە بۆ پاراستنی لە ئاشوورییەکان، هۆکاری پێکهێنانی ئەو هەموو هاوپەیمانیە زۆرانەش بۆ مەترسی لە ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە، لەنامەیەکدا ئاماژە بەوە کراوە ژمارەیەک گوتی لە شاری (شیکشابوم)دا هەن، (ئەخازوم) هاوپەیمانێتیەکی نوێی لەگەڵ (گوتی) و (کاکموم) پێکهێنا، ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی هانی ئاشووری دابێ بۆ داگیرکردنی ئەم وڵاتە. بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشوورییەکان توانیان دەست بگرن بەسەر هەردوو شاری (ئاررابخا) و (قەبرا) لە دەوروبەری پردێ دا، ساڵی دوای داگیرکردنی (قەبرا) (شامشی – ئەدەد) بڕیاری داگیرکردنی (ئەخازوم)یدا، بەم شێوەیە هەریەک لە (نوروگوم و قاتنا و ئەخازوم) لەلایەن ئاشوورییەکانەوە، لەساڵی (١٧٨٥پ.ز) دەکاتە ساڵی (٢٩)ی فەرمانڕەوایی (شامشی – ئەدەد) داگیر

کران[٥١]. سەرکەوتنێکی ئاشووری تێدا تۆمار کراوە، بەسەر هێزی هاوبەشەکانی وڵاتی (ئاخازوم) و (توروککایێ)کان. لێکدانەوەی چەمکی (Surudum) بە (گواستنەوە بەڕووبـاردا) لەلایەن (د.کووپەر)ەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە...قولەکانی ئابلۆقە گوێزرابوونەوە هەوراز ڕووبار، بەم بەڵگەیە دەبێ شاری (زاسلیم) یان (ژاژلوم) کەوتبێتە سەر یان نزیک زێی بچوک لەخوار شوێنەکەی (شوشاررا)[٥٢]. (شەمشی – ئەدەد) ئەو مەبەستەی دەمێک بوو خۆی بۆ ئامادە دەکرد هێنایەجێ و شانشینی (ئاخازوم)ی داگیر کرد، بەم شێوەیە کۆتایی بە شانشینی وڵاتی (ئەخازوم) هاتووە و کەوتۆتە دەست ئاشوورییەکان[٥٣].

کاتێک (شەمشی – ئەدەد) (شیکشاببوم)ی گرت و بەسەر (یاشوب – ئەدەد)ی فەرمانڕەوایدا سەرکەوت، لە نووسینەکەیدا گوتی: بەسەر (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازی) و ئەو (توروککی) یانەدا سەرکەوتم کە لەوێ خۆیان گرد کردبووەوە، ئەمە واتای وایە (توروککی)یەکان شان بەشانی (ئەخازی) یەکان و گوتییەکان لەوێ لەسەنگەردا بوون، لەدژی ئاشوورییەکان جەنگاون[٥٤]. دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلا و ماندووبوونی (یاشوب – ئەددو) و هاوپەیمانەکانی بۆ ڕێگاگرتن لە داگیرکردنی (ئەخازوم) لەلایەن ئاشوورییەکانەوە، بەڵام نەیتوانی ڕێگا لە شەڕانگێزیەکانی (شەمشی – ئەدەد) ئاشووری بگرێت و هەموو هەوڵەکان بەفیڕۆ چوون، لەدواجاردا (ئەخازوم) داگیر کراو وڵاتە کەوتە دەست ئاشوورییەکانەوە.

## شانشینی سیمورروم

شانشینی سیمورروم یەکێکی تر بوو لە شانشینە کۆنەکانی کوردستان، لەپاش ڕمانی بنەماڵەی سێیەمی ئورەوە، کاتێ بۆشایی دەسەڵاتیان سەری هەڵدا، لەسنووری دەسەڵاتیان پێکهێنانی چەندین دەوڵەتی بەخۆوە دی، یەکێک لەنێو ئەم دەوڵەتانەدا شانشینی (سیمورروم) بوو، بەسەرکردایەتی (ئیددی-(ـن) – سین)ی پادشای چوست و بەکاری. لەبەرئەوەی (سیمورروم) کەوتبووە ڕۆژئاوای (شوشاررا) دەشتی بیتوێنی ئێستا و سەر ڕێگای لەشکرکێشیەکانی سۆمەر و ئەکەد

---

٥١ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

٥٢ یورگین لیسۆ ، خشتەکانی شمشارە ، ل ٦٠.

٥٣ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

٥٤ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

و ئاشووری، واته هەر کاتێک هێرش بکرایە سەر دەشتی بیتوێن و (شوشاررا)ی ئەو کات و بەرەو ژوورتر، دەبوایە لەپێشدا (سیموررروم) داگیر بکرایە، ئینجا لەشکرکێشیەکان دەگەیشتنە (شوشاررا) و هەرێمی بیتوێن، لەبەر ئەوە شانشینی (سیموررروم) شوێنێکی گرنگ و بایەخداری هەبوو.

شیموروم شارێکی گرنگ بوو لەسەردەمی (سارگۆن) و بنەماڵەی سێیەمی ئور، بەڵام وەکو زۆربەی هەرێمەکانی ڕۆژئاوای میسۆپۆتامیا ون بووە، لەتۆمارەکان لە کۆتایی سەردەمی بابلی کۆن، بەهۆی زۆرێک لەسەرچاوەکانی سێیەمی ئور (شیموروم) دەرکەوتووە، وەکو شارێکی گرنگ ناسراوە، بە (Hurrian Frontier) واتە شارستانیەتی هەرێم بەهۆری یاساکانی هۆریەن لە ڕۆژهەڵات و باکووری میسۆپۆتامیا، لەگەڵ بنەماڵەی سێیەمی ئور لە زۆر بۆنەدا پەیوەندیان هەبووە، هەتا ئێستا زەحمەتە بۆ دیاری کردنی شوێنەکەی، لەم دواییانەدا (فراین) پێی وایە ئەم شارە دەکەوێتە (دەربەندیخان) ڕەنگە وابێت، زانیاری تازە دەربارەی (شیموروم) دەرکەوتووە. هێماکانی (زابازونا) لە (شیموروم) دۆزراوەتەوە، لە (بێتواتە) لە باکووری ڕۆژئاوای رانیە. فەرمانڕەواییەکەی شکاوە، کە ناوی (کولوننوم)ە، لەنزیک بێتواتە، هەرچەندە هێماکان ڕەنگە پەیوەندیان هەبێت بەهێزی (شیموروم) کە دەگەڕێتەوە بۆ گروپێکی بچووک لەناو زاگرۆس، لە هەموویان بەناوبانگ تر (ئانوبانینی) وە هێماکانی (سەرپول)ە[٥٥].

**ناوی ش/سیموروم**

کۆنترین مێژوو ناوی (سیموروم)ی بۆ بگەڕێنینەوە، دەقێکە ناوەکە تێیدا بەشێوەی (سیمورو/ سیمور(ru) simur) هاتووە و ئەوەی تێدا هەیە، گوایە فەرمانڕەوای ئەفسانەیی (ئائێنێپادا – Aenepada)ی ئور هەزارەی سێیەمی پێش زایین، گرتبووی، بەڵام وەک لە دەقێکدا هاتووە: نەیتوانی بوو بیخنکێنێت[٥٦].

ناوی شانشینی (سیموررروم) بەچەند شێوە و ڕێنووسی جیاواز نووسراوە، وەک لەسەرچاوە نووسراوەکانەوە دەردەکەوێت، (سیموررروم) هەم وەک ناوی وڵات (Matum)ی ئەکەدی بووە، هەم ناوی شاریش (alum)ی ئەکەدی بووە، لەسەرچاوە کۆنەکاندا تا بابلی کۆن ناوەکە بە (سیموررروم Simurru – )

55 Eidem and Læssøe, P 24

٥٦ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

دەنووسـرا، واتە بە (س) دەسـتی پـێ دەكـرد، بەڵام لەم سـەردەمە بەدواوە بە (شـیمورروم – Šimurrum) دەنووسـرا، واتە (س) بـوو بە (ش)، هەروەهـا تێبینـی دەكـرێ لە دەقە ئەكەدی و زمانەكانـدا (دەقەكـانی سـەردەمی ئەكەدی كـۆن و دەقەكـانی گاسـوور) زۆربەی جـار دوو (رر) دەنووسـرا، كەچـی لە دەقە سـۆمەرییەكانی سـێیەمی ئـور بەزۆری یەک (ر) نووسـراوە، پـێ دەچێـت زمـانی زگمـاكی (سـیمورروم)ەكانیش (ر) سـوک بووبێـت، واتە یەک دانە بووبێـت، چـونكە لەنووسـینەكانی (ئیـددین–سـین) خۆیـدا هەرچەنـدە بەئەكەدی نووسـراون، نووسینەكەی (ئۆرشـەلیم) نەبێت لەوانی تر لەهەموویاندا بە یەک (ر) نووسـراوە.[٥٧]، هەروەها ناوی (سیمورووم si – mu – ri – im ki) لەنووسینی بەردەكەی (غەریب هەڵەدنـی) نـاوی (سـیمورووم) بە یەک (r) هـاتووە، لەنووسـینە سـۆمەرییەكانی سـەردەمی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئوریشـدا هەروایە، بەپـێچەوانەی زۆربەی نووسـینە ئەكەدییەكان تەنیا لەوەی (ئۆرشـەلیم)دا بە دوو (rr) نووسراوە[٥٨].

### شوێنی سیمورروم

كەدێینـە سـەر باسـی (سـیمورروم) دیسـان پرسـیارە گرنگەكەی جـاران دێـتەوە پێش، (سیمورروم) وەک شار و وەک وڵات سنووری لە كوێ بووە، كۆنترین ڕا لەم بـارەیەوە (مایسـنەر) لە (١٩١٩) لە نووسـینێكیدا خسـتیەبەرچاو: بەڕای ئەو دەبێـت (سیمورروم) ناوچەی كەركوک لەنزیک وڵاتی (لوللوبوم) بووبێت، چونكە هەردوو ناوی (سیمورروم) و (لوللوبی) لەدیباچەی – مێژوویەكی (شولگی)دا پێكەوە هـاتووە. هـاتنی نـاوی (سـیمورروم) بەرامبەر بەنـاوی (زابـان) لە هەندێک دەقەكانی دواتـردا، هاندەرێكی تر بۆ باوەڕ بـوونی (سـیمورروم) لەنزیک پردێ (ئـاڵتون كۆپری ئێسـتا)، چونكە بەپێی سەرچاوە كۆنەكان (زابان) كەمێک لەباشـووری زێـی خـواروو بـووە[٥٩]. دەربارەی (سیمورروم) ڕایەكی كۆن هەیە، تائێستاش دەڵێت: وڵاتەكە لەنزیک پردێ (ئـاڵتون كـۆپری) واتە نزیـک زێـی خـواروو بـوو، ڕایەكـی تـریش دەیخـاتە زۆر باشوورتر، واتە ئەو شوێنەی ڕووباری (عوزێم) زنجیرە چیای (حەمرین) دەبڕێت و

---

٥٧ كوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.
٥٨ كۆزاد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.
٥٩ كۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩.

بەرەو باکوور[٦٠]، سەبارەت بەشوێنی (سیموررروم) لەباشوور ترەوە (ڤایندەر) بەڵگەی هەندێک نووسینی شاهانەی ئاشووری نوێی هێناوەتەوە، (شەلمانسەر)ی سێیەم (٨٥٨ - ٨٢٤ پ.ز) لە نووسینێکیدا گوتوویەتی: لە ڕێگایدا لەشاری ئاشوورەوە بەرەو "مێ - تورنات" بەدرێژایی شانی چیای (ئیبیخ - حەمرین) ڕۆیشتووە و لە شاری (زابان) وەستاوە، واتە لە شوێنێکی نزیک چیای حەمرین، لەمەودای نێوان شاری ئاشوور (قلعە الشرقا) و ڕووباری سیروان، زۆر پێدەچێت لەو خاڵەدا بووبێت عوزێم حەمرین دەبڕێت.

(فرەین) لە لێکۆڵینەوە زۆر وردەکەیدا لەبارەی شوێنی (سیموررروم) وای بۆ چووە لەسەر ڕووباری سیروان بووبێت. (ئەستۆر) ناڕاستەوخۆ هەردوو ناوی (سیموررروم)و (خاسیمو/ـار)لە ڕووی زمانەوانیەوە وابەستەی یەک دەکات، ناوی (خاشمار) یان (خاشیمورو) لەسەرچاوە کۆنەکاندا هەم بەشاخ و هەم بە دەربەندێکی گرنگ ناسراوە، نزیکترین و گرنگترین دەربەندێک لەم ناوچەیەدا دەربەندیخانە، کە دەست بەسەر ئەو ڕێگایەدا دەگرێت بەرەو بەشی باشووری دەشتی شارەزوور دەچن و وەک دەروازەی دەشتەکە وایە[٦١]. بەبۆچوونی (فرەین) زۆر لەوە دەچێت (سیموروم) لەسەر سیروان بووبێت، لە نوێترین ڕای (فراین - ١٩٩٧) جەرگەی وڵاتەکەی خستۆتە ناوچەی دەربەندیخان و (ئایدم - ٢٠٠١) پشتگیری لەمە دەکات[٦٢].

داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن (ئیددین - سین) لەنووسنێکدا ناوبردنی (خالمان)[٦٣] وەک یەکێک لە نیشانە سەربازیەکانی (ئیددین - سین) بە وتەی خۆی گرتنی، ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ پەلکێشانی شانشینەکەی لەسەردەمی

---

٦٠ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

٦١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠-٣٥.

٦٢ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

٦٣ خالمانma-t Hal-ma-an ki ئەو وڵاتە گرنگەیە لەڕێی زۆر سەرچاوەی نووسراوە وە ناسراوە، ناوی ئەم وڵاتە سەدە لە دوای سەدە هەرماوە و بەردەوام بووە تا بووە بە (حەلوان)ی ئێستا، بەهۆی شوێنە گرنگەکەیەوە لەسەر شارێی خوراسان، زۆر جار ناوی لەنووسینەکانی مێژوونووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاتووە، ئەو سەرچاوانە وەک شاری سەرەکی دەم دەروازەی نێوان میسۆپۆتامیا و بانی ئێران باس کراوە، هەمان ناوی خالمان لەو ڕووبارەش نراوە ئێستا بە (ئەڵوەند) ناسراوە و بەشاری خانەقین دا تێدەپەڕێت دیارە ناوی ئەڵوەند هەر لەخالمانەوە پەرەی سەندەوە بەشێوەی خاڵمان- هاڵمان- ئاڵمان- ئەڵوان- ئەڵوەن.بڕوانە: کۆزاد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

فەرمـانڕەوایەتی ئەودا بـۆ شـوێنێکی وادوور لە باشـوورەوە، بەبـوونی دوو خـاڵی باشوور (خالمان= ئەڵوەند) و باکوور (کولوننوم) بەدەستەوە و لێکدانەوەی لەسـەر نەخشـــە، دەتـــوانین بگەیـــنە ئەنجـــامی درێـــژی شانشـــینەکەی لەو ســـەردەمەدا، دەوروبەری (٢٤٠ کـم) هەوایـی بـووە، جگەلەوەش توانـای دەسـت بەسـەراگرتنی دەربەنـدێکی گرنگـی وا لەسـەردەمی ئەو هەمـوو هێـزەی دەوروپشـتی لەو کـاتەدا لەململانێدا بوون، بۆ دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی شوێنە گرنگەکان، نیشانەیەکە بۆ دەسەڵات و دەست ڕۆیشتووەیی (سیمورووم)ی ئەو کاتە[٦٤].

دوا پێشـنیاریش پەیوەنـدی بە (زابازونـا)وە هەیە، دوور نیـیە (زابازونـا) پـاش دەسەڵات گرتنەدەست لەناوچەی ڕووباری سیروان پایتەختێکی نوێی بنیات نابێت و بەناوی خۆیەوە ناوی نابێت، لەپاشدا وەک زۆر جاری تریش ڕووی داوە، ناوەکە کـورت کـرابێتەوە بـۆ (زابـا (نـ)ـزونا Zaba (n)zuna) ئەم پێشـنیازەیان لەڕووی کرۆنۆلـۆجیەوە لەگەڵ گـۆڕینی نـاوی (سـیموروم) بە (زابـ (بـ)ـان) لەدەقەکـانی سـەردەمی (صـیلی - سـین Silli - sîn) و (ئیلونـا Iluna - )ی فەرمانڕەوایـانی (ئیشـنوننا) و دوایـش (ئەپیـل - سـین Apil - sîn)ی فەرمـانڕەوای بابلـدا تەواو دەگونجێـت[٦٥]. لەنووسـینی پاشـای گـوتی (ئێرریـدو پیزیـر) باسـی دراوسـێتی (سـیموروم) و (لوللوبـوم) دەکـات[٦٦]. هەر چۆنێـک بێـت شانشـینی (سـیمورروم) بەسـەرکردایەتی (ئیدد - سین) و (زابازونـا)ی گـوڕی گەشـەیان بە شانشـینەکەدا و سنوورەکانی فراوان کردووە، سنووری لە ڕۆژئاوا حەمرین و لە باشـوور سـیروان و لە ڕۆژهەڵات دەربەنـدیخان و لە بـاکوور نـاوچەی بێتـواتەی سـەر بە بیتـوێنی داگیرکردووە، ئەوەی ماوەتەوە دوا پێشنیار پەیوەندی بە (زابازونا)وە هەیە، شـاری (کولوننـوم) گـوڵانی ئێسـتای یـاخی سـەرکوت کـردووە، کەواتە سـنووری لای ڕۆژهەڵاتـی دەرەنـدیخان و لای خـواروو (خالمـان) و لای ڕۆژئـاوا چیـای (ئیبیـخ - حەمرین) و لای باکووری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ دەشتی بیتوێن یان شانشینی (ئۆتـوم - شوشاررا) هاوبەش بووە.

---

٦٤ کۆزاد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

٦٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠.

٦٦ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

**خۆبەخواوەند زانین لەدۆڵی دووڕووباردا**

سـەبارەت بە چـۆنیەتی ئەم کـارە، واتە پەیـدابوونی بیـری خۆبەخواوەنـد زانـین، شـتێکی وەهامـان نیـیە، شـی کردنەوەیەکـی گونجاومـان بداتەدەسـت، بەڵام لەوانەیە پاشـایانی هەرە کـۆن، دوای مردنیـان پـلەی خواوەنـدێتیان پـێ بەخشـرابێت، ئەمە دەگـمەن نیـیە لەمێـژوودا، نمـوونەی زۆرە، مـردوو بەپیـرۆز زانـین دیـاردەیەکی بەرچاوی مرۆڤایەتیە، دەربارەی خۆبەخواند زانینی پاشایانی ئەکەد، ڕەنگە لەوەوە بێت شارێکی وەک (ئەکەد) خواوەندی تایبەتی خۆی نەبوو تا بەناویەوە بناسرێت، وەک زۆر لە شـارەکانی تـر هەر شـارێک خواوەنـدی تـایبەت بەخـۆی هەبـوو، بـۆیە (سەرجۆن) خۆی کردە پاشـای شـارەکە، بۆ پشـتیوانی ئەم ڕایەش دەقێکی (نەرام – سـین) هەیە لە (باسـتکی) نزیک زاخـۆ دۆزراوەتەوە، تیایـدا نووسـیویەتی: "خواوەنـد ئیشتار لە ئیئاننا و خواوەند ئینلیا لە شاری نیپور، خوای سین لە شاری ئور، ..... تاد، ئاواتەخواز بوون نەرام – سین ببێتە خوای ئەکەد".

هەرچۆنێک بێت نـزیکەی بیسـت پاشـای وڵاتـی دوو ڕووبـار خۆیـان خسـتبووە ڕیـزی خواوەنـدەکانەوە، ئەوانـیش لەنێـوان سـاڵانی (٢٣٠٠ – ١٥٠٠پ.ز)، پاشـای ئەکەدی سـارگۆن (شـاروکین) (٢٣٧١ – ٢٣١٦پ.ز) بەنـاوی خواوەنـدی ئەکەد دەناسـرا، بەڵام (نەرام – سـین)ی کـوڕەزای (٢٢٩١ – ٢٢٥٥ پ.ز) هەنگـاوێکی گەورەتری نا، نیشانەی خواوەندێتی خستەپێش ناوی خۆی، بەم جۆرە ناوەکەی بە (خواوەند نەرام – سین) دەخوێندرایەوە، (نەرام – سین) لە میلی سەرکەوتن کە بۆ سـەرکەوتنی بەسـەر گەلـی (لوللوبی) بەهێز تەرخانی کردبوو، کڵاوێکی شـاخداری کردۆتەسـەر، ئەم جـۆرە کـڵاوانەش خواوەنـدەکان دەیـان کـردە سـەر، ئەم پاشـایە یەکەم پاشـای میسـۆپۆتامیا (عیراقـی کـۆن)ە بـزانین کـارێکی وای کردبێـت، پـاش ئەکەدییەکـان گۆتییەکـان فەرمانڕەواییـان گرتەدەسـت، ئەوان کـاری وایـان لـێ نەوەشـاوەتەوە، پـاش گوتییەکـانیش زنجیـرەی پاشـایانی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور، شـاری ئوری سومەری نزیک (ناصریە)ی باشووری عیراق، ئەم کارەیـان زینـدوو کردەوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (شولگی) (٢٠٩٤ – ٢٠٤٧ پ.ز) پاشاکانی دوای ئەویش شوێن پێی ئەویان هەڵگرت، زنجیرەی بنەماڵەی سێیەمی ئوریش ڕووخا ئەم کارە نەوەستا، بەڵکو بەناو پاشا زۆرەکانی ناوچەکەدا بڵاو بووەوە، لەزنجیرەی یەکەمـی بابـل حـامورابی(١٧٩٢ – ١٧٥٠ پ.ز) بەنـاوی (حـامورابی – خواوەنـد) ناسرابوو، خۆی ناونا بوو (خواوەندی پاشایان)، هەرچەندە مەبەستی لەوە نەبوو

خۆی بخاته ڕیزی خواوەندەکان، هەندێک لە پاشا (کاشی)یەکانیش کە دوای بابلیەکان فەرمانڕەواییان گرتەدەست خۆیان بەخوا زانیووە.

بەچاولێکەری پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور (ئیدی - سین) پاشای (سیموروم) و (زابازونا)ی کوڕی بەڕوونی دیارە ئەم پادشایە لەلایەن بنەماڵەی سێیەمی ئور کاریان تێکراوە، دەتوانین هێمای خوایەتی شان بەشانی ناوەکانیان ببینین، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات لاسایی بنەماڵەی سێیەمی ئورییان کردۆتەوە، هەڵساون بەدانانی هێمای خوایەتی لەبەردەمی ناوەکانیان، (زابازونا)ش وەک باوکی هێمای خوایەتی لەبەردەم ناوەکەی دابووە[٦٧].

### ئیددین - سین پادشا و زابازونا ٦٨ی کوڕی

هەندێک بەڵگەی نووسراو پیشانی دەدەن، (ئیددین - سین) و تەنانەت کوڕەشی هاوچەرخی (ئیشبی - ئێڕڕا Išbi - Erra) (٢٠١٧ - ١٩٨٥ پ.ز)ی پادشای (ئیسن) بوون، هەندێک لەو بڕوایەدان (ئیبی - سین)ی پادشای (ئور) هێشتا لەدەسەڵاتدا بووە و (ئیشبی - ئێڕڕا)ش لەسەر تەختی (ئیسن) نەبووە، کاتێ (ئیددین - سین) بووەتە پادشای (سیموروم)، هەرچەندە ناتوانرێت مێژووی وردی سەردەمی فەرمانڕەوایی (زابازونا - zabazuna) و باوکی دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین ئەوە هەڵێنجین کاتێک (زابازونا) لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشتووە، (ئیشبی - ئێڕڕا)ش هێشتا هەر پادشای (ئیسن) بووە، و هێشتا (بیلالاما - Bilalama)، نەبووە بە

٦٧ ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٦٨ وۆکەر لەهەموو شوێنێکی نامەکەیدا ئەم ناوە بە " ئەنزابازونا Anzabazuna " دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لە نووسینە مێخیەکاندا نیشانەی خواوەندێکی لەپێش ناوەکەیەوە دێت، دەکرێت بە "ئەن An" یش بخوێنرێتەوە، شافەر و ڤاسەرمان لە لێکۆڵینەوەکەی ئۆرشەلیم بەبێ یەکلایی کردنەوە بەشێوەی AN-zabazuna جێ یان هێشتووە، دەکرێت بەهەردوو شێوەکە بخوێنرێتەوە، ئەگەر هەموو هاوچەرخەکانی ئیددین- سین و کوڕەکەی وەک ئیددین – سین خۆی و پادشایانی ئیسن و لارسا، "دیس- ئەتال Dis- atal" و پێش ئەمانیش پادشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور و پادشایانی ئەکەد، هەموو خواوێنرا بوون، زۆر ئاسایی و ئەقڵ گرە زابازوناش خواوێنرا بێت و ئەو نیشانەیەی پێش ناوەکەی نیشانەی خواوەندێتی بێت نەک بڕگەی An-. لەمەش زیاتر ئەگەر باوکی پادشایەکی خواوێنراو بووبێت، ئەوە ناگەیەنێت ئیتر کوڕەکەی نابێت خواوێنراو بووبێت، بەتایبەتی کوڕەکەی لەم کاتەدا هەمان دەسەڵات و پلە و پایەی پادشایەکی هەبووە کە نوێنەری باوکی بووە، لە کولوننوم و بەناوی ئەوەوە فەرمانڕەوایی کردووە، تەنانەت لەناو پانتیۆنی خواوەندانیشدا باوک و کوڕی هەبووە، کەواتە بۆچی لەناو خێزانێکی شاهانەدا نەبووبێت و بۆچی زابازونا خواوێنراو نەبووبێت. بڕوانە: کۆزاد محمەد ئەحمەد، سەرچاوی پێشوو، ل ٢٠٨.

پادشای شانشینی (ئیشنونا – Esnunna). هۆی ئەم باوەڕە دەقێکی ناوەڕۆک ئابووریانەیە لە (ئیسن) دۆزراوەتەوە[٦٩].

لەلایەکی دیکەیشەوە جێگە مۆرێک (As. T223) کە ناوی (زابازونا)ی لەسەرە لەچینێکی ژێر ئەو چینەدا دۆزراوەتەوە، هی سەردەمی (بلالاما)ی پادشای (ئیشننونا)یە، لەپەرستگای (ئیتوریا Ituria – )دا لە (تەل ئەسمەر) دۆزراوەتەوە، بەڵگەی ئەوەیە (زابازونا) پێش (بلالاما) بووە، بەم جۆرە هەردوو پادشای (سیمورۆم) لەبەشێکی سەردەمی فەرمانڕەواییدا هاوچەرخی (ئیشبی – ئیرڕا) بوون، هیچ نەبێت لە دوایین دە ساڵیدا[٧٠]. هەر چەندە مێژووی (ئیدی – سین) کتومت دیاری نەکراوە، بەڵام بەڕوونی دیارە ئەم پادشایە بنەماڵەی سێیەمی ئور کاریان تێکراوە، دەتوانین هێمای خوایەتی شان بەشانی ناوەکانیان ببینین، (eg.didi – sin) ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات لاسایی بنەماڵەی سێیەمی ئورییان کردۆتەوە، لەچەند سەرچاوەیەکی تردا خوایەتی ئەمانە جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەڵساون بەدانانی هێمای خوایەتی لەبەردەمی ناوەکانیان، (ئیدی – سین) خۆی بە پادشا باس کردووە. (ئیدی – سین) پادشای (سیمورووم)، یەکێک بووە لەوانەی نیشانەی خوایەتی لەبەردەم دابووە، بڕگەکەشی بەمانای بەرزی هاتووە[٧١]. نەخشە هەڵکەندراوەکەی بێتواتە دەڵێت: (ئیدی سین)پادشای (سیمورۆم)پادشایەکی بەهێزە، کوڕێکی هەیە ئەویش بەپیرۆز (تعظیم) کراوە، وەک باوکی هێمای خوایەتی لەبەردەم ناوەکەی بووە، ناوی (زابازونا)یەلەگەڵ یەکێک لە دراوسێکانی کەوتە دوژمنایەتیەوە کەناوی (کولوننوم – kulunnum) بوو، ناوی ئەم شارە تەنیا لە دەقە نووسراوەکانی بێتواتە دا هاتووە، تائێستا بەرچاومان کەوتووە[٧٢].

هەرچەندە ساڵی مردنی (ئیددین – سین) پادشا دیار نییە، بەڵام مامۆستای شوێنەوارناس (عبدالرقیب یوسف) دەڵێت: کەسایەتیەک گۆڕەکەی لەژێر بەردی (سنجیان)ی گەورە، لە گوندی بێتواتە لەقەزای ڕانیە هەیە، شیمان کردەوە چوار تابلۆ مێخیەکانمان شی کردەوە، دۆزیمەوە لەسەر گۆڕەکەی، لەوانەیە بێتواتە پایتەخت یان پایتەختی هاوینەی (ئیددین سین) بووبی[٧٣].

---

٦٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

٧٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٠.

٧١ ئاسۆس محەمەد مەلا قادر،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٧٢ دکتۆر عەبدول هادی فوئادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

٧٣عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ...مصدر السابق، ص ٧٤.

## شانیشینی سیموروم لە سەردەمە کۆنەکان

لە هەندێک سەردەمی مێژووە درێژەکەیدا (شـ/سیموروم) شانشینێکی سەربەخۆ بووە، پادشا یان بەپێی بارودۆخی دەرەکی فەرمانڕەوای خۆی هەبووە، ئەو سەرچاوە نووسراوانەی خۆیان لەباسی (سیموررروم) و مێژووی ئەو شەڕانەی بەرامبەری کراون، دواوە، شوێنی ستراتیجی و گرنگی سیاسیانەی شانشینەکە پیشان دەدەن، دەوڵەمەندی (سیموررروم) و زۆر و زەبەندی سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکانی دەکرێت لەو هەستانەوە گورج و هاتنەوە سەرخۆ خێرایانەوە هەڵبهێنجرێت، پاش هەر جەنگێک و لەشکرکێشیەک بۆ سەر خاکەکەی تێبینی دەکرێت، بەتایبەتی لەشکرکێشیە یەک لەدوای یەکەکانی پادشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور، (سیموررروم) بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لەمەیدانی سیاسی کوردستانی کۆندا زۆریش مایەوە، لە هەندێک بەڵگەنامەدا ناوی هاتووە، کە ڕوودانی سەردەمی (٢)ەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان (دەوروبەری ٢٧٠٠ پ.ز) دەگێڕێتەوە، لەسەردەمانی ئەکەدی و سێیەمی ئور و بابلی کۆنیشدا جەنگی لەدژ بەرپا کراوە[٧٤]، بەتایبەتی لەشکرکێشیەکانی یەک لەدوا یەکەکانی پادشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور. لەسەردەمە هەرە دێرینەکانەوە نیشانەی کرداری سەربازی و تەماعە سیاسیەکانی میسۆپۆتامیا بووە، کۆنترین ئاماژەیەک بۆ (سیموررروم) لە سەربوردەی کردارێکی سەربازیانە لەدژی ئەم وڵاتە هاتووە، پادشایەکی سەردەمی دووەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان لە (دەوروبەری ٢٧٠٠ پ.ز) ئەنجامی داوە، ئەمدا هاتووە، کە دەڵێت:

" (ناننە) سیموررومی گرت، بەڵام نەیتوانی باجەکەی وەربگرێت."

پەندێکی تر هەرچەندە ناتەواوە، بەڵام لەوانە تەواوکەری پەندەکەی پێشوو بێت، باس لە قەڵا یان شورای (سیموررروم) دەکات و دەڵێت:

" سیموررومی گرت، بەڵام شوراکەی نەڕماند."

پەندێکی تر لەهەمان کۆمەڵەدا هاتووە، لەوانەیە مەبەستی لە باریکە زەویەکی پڕ باخ و بێستانی (سیموررروم) بێت:

" لەنێو بەرچنە و گەمی دا، باخەکانی سیموررومن."

---

٧٤ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩.

(هاللۆ) ئەم (نانِنه)یه به هەمان (ئا - ئەننی - پادا A - anne - pada)ی پادشای ئوری سەردەمی دووەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان دەزانێت، دەشێت ئەمە بەڵگەی ئەو ڕاستیە بێت. (سیموروم) لەسەردەمە هەرە درێرینەکانەوە نیشانەی کردارە سەربازی و تەماعە سیاسیەکانی میسۆپۆتامیا بووە[٧٥].

## پێکهێنانی هاوپەیمانی سیموروم

دوای ئەوەی پاشای (سیموروم) وڵاتەکەی ڕێکخستۆتەوە، هەوڵی داوە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری پەیوەندی و هاوپەیمانی پێک بێنی، لانی کەم تا شانشینەکەی بەهێزتر دەبێت، لەنامەیەکی (ماری)دا ئەمە باشتر ڕوون دەبێتەوە، فەرمانڕەوای (تێرقا Terqa) بۆ پادشاکەی ماری (زیمری لیم) دەنووسێت، سێ پەیامبەر گەیشتۆتە (تێرقا) لەگەڵ خزمەتکار (فەرمانبەر)ێکی پادشا، پەیامبەرەکانیش خەڵکی (شیموروم) و (خورشیتوم -Hurŝitum) لای دوز و (قابارا - Qabarā)ن، دیاریشە (قابارا) و دوو شوێنەکەی تر بەمەبەستی پەیمانبەستن و ڕێکەوتن دژی دوژمنی هاوبەش (ئیشمی - داگان) یا گۆتییەکان یا هەردووکیان پەیامبەریان ناردبوو، بەمەش ڕوون دەبێتەوە، (قەبرا) و (شیموروم) هەردووکیان کێشەیان لەگەڵ گۆتییەکان هەبووە، دیارە (خورشیتوم)یش هەمان کێشەی هەبووە. ئەمە جگە لەوەی (قابارا) وەک بینیمان لەگەڵ (تورووککی) یەکاندا نەیاری (ئیشمی - داگان) بوو[٧٦]. هەروەها لەسەردەمێکدا لەگەل ئامورییەکانیش هاوپەیمانیان هەبووە، سەرنجڕاکێشە (سیموروم)، هەروەک بە ڕوونی لەنامەیەکی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئورەوە دەردەکەوێت، لەپێشدا هاوپەیمانی ئامورییەکان بوو، بەلایەنی کەمەوە یەک جار لە شالاوێکی ئامورییەکاندا بۆ سەر سنورەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ئور بۆ کۆمەکیان چووە و هاوکاریان کردوون[٧٧]. دیارە بەشێکی ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو بنەماڵەی سێیەمی ئور دوژمنی درێرینی (سیموروم) بوون.

٧٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.

٧٦ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

٧٧ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

## سیموروم لەسەردەمی ئەکەدی

لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا بە دەسەڵاترینی پاشاکان سەرجۆنی ئەکەدی (٢٥٣٠ - ٢٤٧٥پ.ز) دوای داگیرکردنی باشووری دووزێ، تاوی داوەتە سەر دانیشتوانی زاگرۆس، لە خۆرهەڵاتی دیجلە داگیری کرد و ڕێگای کوردستانی کردەوە[٧٨]. هەروەها لەڕۆژمێری یەکێک لە ساڵەکانی فەرمانڕەوایی سەرجۆندا، ئاماژە بە شالاوێک دەکرێت بۆ سەر (سیمورو - simurru) بەئاڕاستەی زنجیرە چیای زاگرۆس[٧٩]، سەرجۆن لە یەکێک لە دواین سالانی فەرمانڕەوایی خۆی، ئەو ساڵەی (سەرجۆن) چووەتە سەر (سیموررووم) بەو ناوەوە ناوی ناوە، ئەم دیباچە - مێژووە لە دەقێکی ئەرشیفیدا لە (نیپور) دەست کەوتووە، هەر چەندە بەڕاشکاوی نەوتراوە مەبەست لە "چوون" چیە؟ بەڵام واتا سەربازیەکەی ئاشکرا دیارە، (نەرام - سین)ی نەوەی سەرجۆن پاشتر فەرمانی بە لەشکرکێشیەکی (سیموررووم) بەکارهێناوە، لە دیباچە – مێژووی (نەرام - سین)دا دەردەکەوێت دوو جار لەشکری ناردووەتە سەر (سیموررووم):

**" ئەو ساڵەی نەرام - سین بەلەشکرکێشی چووە (سەر) سیموررووم"**

لە دیباچەکەی تردا ڕوونووسێکی کەمێک جیاوازی لە شوێنەواری (خەفاجە) لەناوچەی (دیالە)ش دۆزراوەتەوە، (نەرام – سین) پادشای (سیموررووم)ی بەدیل گرتووە، (باباBaba)، ناوێک بووە، ئەم ناوە ناوەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەمان بیر دێنێتەوە، زیاتر لە گاسوور هەبوون، شەڕەکە لەسەر خاکێکی بە (خوری) بوو کراوە، چونکە ناوی شوێنەکە (کیراشێنوێ - Kirašeniwe) یە ناوێکی (خوری) لە گومان بەدەرە:

**" ئەو ساڵەی نارام - سین لە ,کیراشێنوێ[٨٠]، بەسەر سیموررووم دا سەرکەوتوو بوو و , بابا،ئینسی[٨١] سیموررووم (و) , دوبول Dubulی ئینسی ی ,ئەرامێ**

---

٧٨ ڕەشید یاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٧٩ عبدالخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥.

٨٠ سالڤینیsalvini ئەم شاری کیراشینیوێ بەیەکێک لە شارەکانی سیموررووم دەزانرێت: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤.

٨١ زاراوەی ئینسی سۆمەری بۆ فەرمانڕەوای دەوڵەتی شار، ولوگال لەسەردەمی یەکێتی دەوڵەتەکاندا بەکار کارهاتووە. بڕوانە: کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوک، ل ٧١.

**Arame، ی گرت و , نابی ئولماش Nabiulmaš ، ی شاری , توتو Tutu ، چاودێری کرد."**

بەپێی دیباجەیەک شالاوی (نەرام – سین) ماوەی دوو ساڵی خایاندووە[82]. بەپێی (فرەین) بێت، ئەم دیباچە – مێژووانە دیباچەی یەک لەدوای یەک بوون، یادەوەری (نەرام – سین) بۆ سەر (سیموروم) و شکاندنیان تۆمار کردووە، بەهەمووی ماوەی دوو ساڵی خایاندووە، ناوی ئەم (بابا)یە لەسەر پارچە بەردێکی سەردەمی ئەکەدیش تۆمار کراوە، هەر لە زووەوە لە (١٨٩٧ ز لەلایەن ڤینکلەر)ەوە بڵاوکراوەتەوە: **...کاتێک (نەرام – سین؟) [.....] [با]با ی [ئێن]سی ی [سیم]ور[روم]. (شکاوی).**

پێدەچێت ئەم پارچەیە دەستکەوتی شەڕی (سیموروم) بووبێت. بەپێی دەقی ئەفسانەی (نەرام – سین) پادشایەکی (سیمورروم)، (پوتتیم – ئەتال) ناوێک، یەکێک بووە لەو پادشایانەی چوونەتە هاوپەیمانێتییەکەی لە دژی (نەرام – سین) بەستیان، بەڵام وادیارە (پوتتیم – ئەتال) هێندە بەختەوەر نەبووە، چونکە بەپێی ئەو دەقە وێژەیی یە، لەپاش ئەوەی پادشای ئەکەد هاوپەیمانی شکاند، ئەمیش لەگەڵ چەندی تردا بەدیل گیرا و بۆ وڵاتی ئەکەد برا، جێگای سەرنجە ناوی (پوتتیم – ئەتال) ناوێکی (خوری) یە، بەپێچەوانەی ناوی (بابا) هەر پادشای (سیمورروم) بووە، بەڵام ناوەکەی ناوێکی خۆماڵی یە، ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتی بەستنە لەپاش دوو ساڵ شالاوەکەی (نەرام – سین) ەوە بۆ سەر (سیمورروم) بووبێت، ئەوا دەشێت ئەوە بگەیەنێت (خوری)یەکان لەماوەی چەند ساڵێکی کەمی پێشتردا توانیویانە بێنە ناو خاکی (سیمورروم)ەوە، بەشێوەیەکی وا خۆیان جێگیر بکەن، تەنانەت دەسەڵاتیش بگرنە دەست و (خوری) یەک لەسەر تەختی وڵاتەکە دابنێن[83]. هەندێک دەقی تر لەشاری (گیرسو) (RTC 249)ەوە لەناوچەی (لەگش) لەگەڵ ناوی کەسانی خەڵکی (خوخنوری) و (لوللوبوم) دا بەشە دانەوێڵەیان بۆ بڕاوەتەوە، ناوی کەسانی خەڵکی (سیموروم) یشیان تێدایە و یەکێکیان لەمانەش کانزاسازە[84]. نووسینەکەی (ئێرڕیدو – پیزیر)ی پادشای گوتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکرایەوە، هەندێک زانیاری

---

٨٢ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤.

٨٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥.

٨٤ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

لەبارەی (سیموروم)ی سەردەمی (گوتی) بەخشی. پادشایەکی (سیموروم) کەناوی (کا - نیشبا) بووە، لە (ئێنرپیدا - پیزیر - پیزیر)ی باوکی (ئێنرپیدو - پیزیر) یاخی بووە و بۆی چووەتە سەر لەشەڕدا شکاوە.
گرنگ ئەوەیە، (کا - نیشبا) نەک هەر خەڵکی (سیموروم)، بەڵکو هەروەکو نووسینەکە دەڵێت: خەڵکی (لوللوبوم)یشی بۆ یاخیگەری هان داوە، ئەمە دەکرێت نیشانەی دەسەڵاتی (سیموروم)، یان هیچ نەبێت کاریگەریەکی گەورەی بووبێت لە وڵاتی (لوللوبومی) لەو کاتدا.

### لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا

لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ئاماژە بۆ (سیموروم) زیاتر دەبن، لەڕووی کرۆنۆلۆجیەوە هەندێک وردتر دەبن، دیباچە - مێژووەکان دەبنە سەرچاوەی سەرەکی زانیاریمان، لەهەمان کاتدا بەڵگەی سەرەکی دیاری کردنی مێژوو و ساڵی لەشکرکێشیەکانی سەر (سیموروم) دیارترن. (هاللۆ) خشتەیەکی بۆ ئەو مێژووانە کردووە، کە پەیوەندی بە لەشکرکێشیەکانی سەر (سیموروم)ەوە هەیە، لەخشتەکە دەردەکەوێت، جەنگی دژی خورییەکان لە ناوەڕاستی سەردەمی فەرمانڕەوایی دوور و درێژی (شولگی)دا دەستی پێ کردووە، دەکرێت دابەش بکرێتە سەر سێ قۆناغ، لەبەر ئەوەش ئەم جەنگە بەزۆری ڕووی داوە لەناوچەکانی (خوری)نشینی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات بوو، پێیدەگوترێت جەنگی (خوری)[٨٥].
بۆ پادشایانی بنەماڵەی ئور (سیمورروم) مایەی ناڕەحەتی بوو، و (شولگی) ناچار کرد چەندین جار لەشکرەکانی بکاتە سەری، دیارە زۆربەی کات (سیمورروم) هەر سەربەخۆ بوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە سیاسەتی ناوچەییدا، لە سەردەمی کۆنی بابلی تا ئەو کاتەی حامورابی (١٧٩٢ - ١٧٥٠ پ.ز) کەمتر لە دە ساڵی پێش مردنی توانی وڵاتی دووررووبار بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ناوی (سیمورروم) لە نامەکانی (شمشارە و ماری و تل الرماح)دا هاتووە[٨٦]. وادەردەکەوێت سێیەم لەشکرکێشی (شولگی) لە (٣٢)مین ساڵی فەرمانڕەواییدا، کە دەکەوێتە جەنگی دووەمەوە، یەکلایی کەرەوە بووە، بۆیە لەهەموو سەردەمی

---

٨٥ بۆ نەخشەکە بڕوانە:کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨-١٩٩.

٨٦ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

بنەماڵەی سێیەمی ئور و تەنانەت سەردەمانی زۆر دواتریشدا تیشکێکی تایبەتی خراوەتەسەر، لەئەنجامی ئەم لەشکرکێشیەدا (تەپیان - دەراغTappan - Darah) کە پادشای (سیموروم) بوو، خۆی و خێزانەکەی بەدیل گیران و بۆ وڵاتی سۆمەر ڕاگواستران. هەندێک لەدەقە ئەرشیفیەکانی (درێهم) (پوزریش - داگان)ی دێرین ناوی خۆی و هاوسەرەکەی و کورێک/کچێکی دەبەن، لە (٣٣) مین ساڵی فەرمانڕەوایی (شولگی)دا خۆراک و پۆشاکیان بۆ بڕابووەوە[٨٧]. لەسەردەمێکی دوا تر لەناو دەقەکانی (درێهم)دا ناوی پادشایەک/ فەرمانڕەوایەکی تری (سیموروم) دەبینین، بەناوی (کیریب – ئولمێ Kirib - ulme - ) وە، کەوا دیارە لەپاش بەدیل گرتنی (تەپیان - دەراغ) لەسەر تەختی (سیموروم) جێی گرتووەتەوە، بەڵام وادیارە ئەمیش هێندە بەختەوەر نەبووە، و هەمان چارەنووسی (تەپیان - دەرغ)ی هاتووەتە پێش و بەدیل گیراوە، گرتنی (سیموروم) بەدەستی (شولگی) و بەدیل گرتنی (تەپیان - دەراغ) لەکاتی خۆیدا دەنگێکی وای داوەتەوە لەسەردەمانی دواتریشدا بووەتە هەوێنی زۆر نووسینی تر. بۆ نموونە هەندێک دەقی فاڵی سەردەمی بابلی کۆن و تەنانەت هەندێک دەقی ئەدەبیش[٨٨]. بۆ یەکەم جار ناوی ئەم پادشایە بۆ چەند جارێک لە نووسراوەکانی سێیەمی ئوردا دووبارە کراوەتەوە، بەتایبەتیش داگیرکاریەکانی (شولگی) لە ساڵی (٢٠٥١ پێش زایین)[٨٩].

لەپاش شەڕی دووەمی (خوری) (شولگی) دەستی کرد بەدروست کردنی شورایەک لە سەرزەمینەکانی فەرمانڕەوایی خۆی لەنێوان دیجلە و زنجیرە چیای (حەمرین)دا، (ساڵەکانی ٣٧ و ٣٨)، ئەویش شورای (وڵات da - ma - ) بە مەبەستی ئەو وڵاتانەی نەلکێنرابوون بەدەوڵەتەکەوە، بە پێی (هاللۆ) بە داخستنی سنووری باکووری ڕۆژهەڵات و (سیموروم). بەڵام پێناچێت ئەمە هۆی بنیاتنانی ئەم شورایە بووبێ، بەتایبەتی زۆر بەسەر لەشکرکێشی سێیەمدا تێنەپەڕی بوو، لە ئەنجامدا (سیموروم) گیرا و وڵاتەکەی خرایەسەر ئیمپراتۆری ئور، لەم بارەدا مەترسی بۆ سەر ئور نەبوو، تاپێویستی بەوە بکات شورا لەبەردەمی دروست بکرێ و ڕێگاکانی ببەسترێن، دەبێت شوراکە ئەرکێکی تری هەبووبێت، بۆ بەرگری

---

٨٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.

٨٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠١.

٨٩ ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

لە دوژمنێکی تر، یا هەر مەبەستێکی تر، بە هیواری ئەوەی لەداهاتوودا ئەمە باشتر ڕوون بێتەوە.

لەدوای لەشکرکێشی ساڵی (٤٢)، ئینجا لە تۆماری (شولگی)دا (ساڵی ٤٤) دێت، کە (لوللوبوم –Lullubum ) و (سیموررووم – Simurum) بۆ نۆیەمین جار وێران کران، یەکێکیش لە تۆمارەکان هەر ساڵی (٤٥)ە، ئەم ناونیشانەی هەیە، ئەو ساڵەی سەری (ئوربیلومUr – bi – lum -- ئاربیلومAr – bi – lum – و سیموررووم و لوللوبوم و کارخار)ی لەیەک لەشکرکێشی دا ورد و خاش کرد[90]. دەبینین لە کۆی (١٦ – ١٧) لەشکرکێشی تۆمار کراو شەشیان هەر بۆسەر (سیموروم) بووە، خۆ ئەگەر پێنج لەشکرکێشیە تۆمارنەکراوەکەش بخەیتەسەر ئەوا دەبێتە ١١ لەشکرگێشی[91].

لەجەنگی سێیەمی (خوری)دا لەماوەی دواین حەوت ساڵی فەرمانڕەوایی (شولگی)دا سوپاکانی ئور توانیان بگەنە سەرزەمینی نوێ، لەقوڵایی نیشتمانی خورییەکاندا، کە پێشتر نەیانگەیشتبوونێ، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ئەمەش بەبێ ڕامالینی سەنگەر و مەتەرێزەکانێ سەر ڕێگای (سیموروم) بەدی نەدەهات، سوپای ئور ئەمجارە گەیشتە خاکی شانشینی (لوللوم و شاشرومو ئوربیلوم) لەباکورەوە، لەپاش ئەمانیش (کیماش و خورمونی)، هەواڵی پەلاماردانی ئەم دوانەی دوایی بابەتی نووسینێکی شاهانەی (شولگی)شن، کە لە (سوسە) دۆزراوەتەوە[92]. ڕاستی داگیرکردنی (سیموروم) و لکاندنی بە خاکی ئیمپراتۆری ئورەوە، بە دامەزراندنی فەرمانڕەوای میسۆپۆتامی لە (سیموروم) لەلایەن ئورەوە ناسراوترینیان (صیللوش – داگان Dagan – Silluš – )ە، لە دەقی نەخشی مۆرێکی لولەکی سەر کیفی[93] لەوحێکی ساڵی شەشەمی سەردەمی (ئەمار – سین)دا

---

٩٠ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

٩١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩.

٩٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٣.

٩٣ مەبەست لە کیفی لەوحی قوڕ، توێیەکی تەنکی قوڕە، پاش نووسینی قەواڵە و بەڵگەنامەی گرنگ دەگیرایە لەوحەکەی، لەهەمان ناواخنی قەواڵەکە یان بەڵگەنامەکەی لەسەر دەنووسرایەوە و مۆر دەکرا ئەم بەرگە یان کیفە تەنیا لەکاتی کێشە و ناکۆکی نێوان لایەنەکانی مۆرکرانی قەواڵەکە لەبەردەم دادوەر و بەئامادە بوونی گەواهان دەشکێنرا و تەماشای نووسینی ناوەوەی سەر لەوحەکە دەکرا، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.

نــاو و ناونیشــانی بە فەرمــانڕەوا(ensi)ی (ســیموروم) هــاتووە، وا پێــدەچێت لەدەوروبەری (Š42)دا لەم پۆستە دامەزرابێت. هەرچەندە لەپاش (Š43) وە ناوی نـایەت، لەوانەیە هەڵگیرسـانی ڕاپەڕینێک لە (سـیموروم) لەدژی ئـور بـووبێتە هـۆی لابردنی لە پۆستەکەی[٩٤].

لە دەوروبەری سـەردەمی (Š40)ی (maš - da - ri - a)[٩٥] بـاجی لە (سـیموروم)ەوە بـۆ سـۆمەر دەهـات، نـامە شـاهانەکانی (میشالۆڤسـکی) بـڵاوی کردونەتەوە و تیایاندا (ئەرەد - مو Arad - mu - )ی کۆمیسـەری باڵا دەڵێت: "پادشـای ئـور نـاردمی بـۆ وڵاتـی "سوبسـیر" بـۆ ئەوەی بـاجی سـەرزەمینەکانی دەرەوەی قەڵەمڕەو ڕێک خەم و باس و خواس لەبارەی هەرێمەکان بکەم" بەڕوونی ئاماژە بۆ (سیموروم)، وەک یەکێک لە هەرێمەکانی قەڵمڕەوی ئور لەم سەردەمەدا دەکات، هەندێک لەمەش زیاتر دەڕۆن و پێشنیار دەکەن، مەبەست لە وڵاتی (سـوبیر) لێرەدا (سیموروم) خۆی بووە.

لەسـەردەمی فەرمـانڕەوایی (ئەمـار - سـین)دا (سـیموروم) سەرئێشـەی بـۆ ئـور نەبوو، بۆیە لە کاتی ئەمدا هیچ لەشکرکێشیەکی نەکراوەتەسەر، لەجیاتی ئەمە (ئەمار - ســـین) پەرژایە ســـەر کـــۆکردنەوەی هێـــز و توانـــای بـــۆ پەلامـــاردانی ســەرزەمینەکانیکەوتبوونە بـاکوور تـرەوە، وەک (ئوربیلـوم و شاشـروم)، بەپشـت بەسـتن بەزانیـاری هەنـدێک لە دەقە ئەرشـیفیەکان، تێـدەگەین (ئەمـار - سـین) بەدرێژایـی دامێنەکـانی زاگـرۆس، وەک لە (ئەڕرایخـوم Arraphum - )، (دور - مـاش Dũr - maš - )، (ئەگار Agaz)، (لوللوبوم) ، (خەمـازی) و (شـوریخوم - Šurihum)، (شـــواخ - Šuah)، (گـــابلاش - Gablaš)، (زەقتـــوم - Zaqtum)، (دور- ئێبلا Dũr - Ebla)،دا بنکەی سـەربازی هەبووە[٩٦]. ئەمە نیشـانەیە بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ئور، هیچ نەبێت لەم دەمەدا نەک تەنیا توانیویەتی لەشکر بکاتە سـەر ئەم زەمینانە، بەڵکو دەسەڵاتێکی جێگیر و توند و تۆڵیشـی بەسـەریاندا شکاوە، هەر

---

٩٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.

٩٥ باجی maš- da-ri-a واتای ئەو قوربانی و دیاریانە بوو، دەوڵەت لەهەندێک بۆنەدا وەک باج لەگەورە کاربەدەستانی دەوڵەتی وەردەگرت.

٩٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥.

له سەردەمی (ئەمار– سین)دا بەشە خۆراک و ئاژەڵ بۆ کەسانی بەبنەچە خەڵکی کوردستانی کۆن و لەوانەش (سیموری) براوەتەوە، و پێیاندراوە[٩٧].

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (شو – سین ŠU – Sin – )دا، کە لە پاش (ئەمار – سین) هاتووتەسەر تەختی پادشایەتی ئور، ئارامی و جێگیری دەسەڵات بۆ چەند ساڵێکی تریش درێژەی کێشا، بەڵام لەمە بەدواوە ئیتر سەنگی هێز و دەست ڕۆیشتوویی بەلای خورییەکاندا چوو، ئەمجارەیان بەهاوکاری لەگەڵ ئامورییەکاندا، کە سەرچاوە سۆمەرییەکان (مارتو Martu) یان پێ دەووتن، لەوانەیە باشترین بەڵگە لەسەر ئەم گۆڕانانە نامەکەی (شەڕڕوم – بانی Šarum – bani–)ی کۆمیسەری باڵا بێت، کە بۆ (شو – سین)ی پادشای ناردووە، (شەڕڕوم – بانی) لەم نامەیەدا پادشای لەدوا هەواڵی کاروباری بنیات نانی "شورای ئامورییەکان بۆ بەرگرتن بەتیدانوم" ئاگادار کردووەتەوە، تیایدا بۆ پادشای نووسیووە، (مارتو) واتە: (ئامورییەکان) لەناوچەی نێوان هەردوو چیادا (ئیبیخ Ebih – ) واتە حەمرین خێوەتیان هەڵداوە و (سیموری) یەکانیش هاتوون بۆ کۆمەکیان، وا پێدەچێت (سیموروم) لەم کاتەدا ئەگەر هەمووش نەبێت ئەوا هەندێک لەهێز و لەسەربەستی خۆی بەدەست هێنابێتەوە، بەڕادەیەکی وا توانیویەتی بڕیاری سەربەستی خۆی بدات و بەجێشی بگەیەنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە کۆمەک کردنی (مارتو)ە لەدژی دوژمنی هاوبەشی هەردووکیان، (وۆکەر) بەپشت بەستن بە زانیاریەکانی دەقە ئەرشیفیەکان پێشنیار دەکات مێژووی دەست پێکردنی ئەم جموجۆڵەی (سیموروم) لە دژی ئور لە ساڵانی نێوان (٢ – ٩)مین ساڵی فەرمانڕەوایی (شو – سین)دا بووبێت[٩٨]، کەواتە لەشکرکێشیەکی نوێی سۆمەری لەدژی (سیموروم) هیچ قسەی لەسەر نەبوو، ئەوە بوو (ئیبی – سینIbbi – sin – ) بۆ دوایین جار سوپای نارده سەر (سیموروم) و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی دیجلە، بەنیازی ئارام کردنەوەی وڵاتەکە و سەرکوت کردنی پادشا تازە هەڵکەوتووەکەی، کە لەوانەیە (ئیددین – سین) بووبێت[٩٩].

---

٩٧ کۆزاد محەمەود ئەحمەد دەڵێت: ئەو ڕاستیە بەپێی ناوەرۆکی دەقە ئەرشیفیەکانی سەردەمی ئەم پاشایە هەڵێنجراوە بۆ نموونە بڕوانە:Walker, p.107 .

٩٨ وۆکەر لەو بڕوایە دایە لەوانەیە ئیددین– سین هەر لە سەردەمی ئیبی– سین دا بانگی سەربەخۆیی هەڵدا بێت. Walker, p.225..

٩٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦.

بەپێی بەڵگەنامە سۆمەرییەکان یەکێک لەلایەنە سەرەکیەکانی پێکەوە لەگەڵ ئیلامیەکان دوا شالاویان بردە سەر شاری ئور و کۆتاییان بەئیمپراتۆری بنەماڵەی سێیەمی ئور هێنا گەلی (سو) بوو، (هاللۆ) ڕای وایە مەبەست لەگەلی (سو) بەپلەی یەکەم (خوری)یەکانە. ئەگەر وابێت ئاساییە بڵێن: (سیمورووی)یەکان، لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی سەرەکی (خوری) بوون، کرۆکی ئەو هێزە سەربازیەیان پێکهێناوە، کە ئەم شەڕەی بردەووەتەوە، چونکە دیارە بەهۆی شوێنیان و پێشینەی مێژووییانەوە تیرە خورییەکانی تر، ئەم سەردەمە ڕێکخراو تر و تەیارتر نەبوون شەڕی دژی ئور، وەک دەردەکەوێت (سو) بەپلەی یەکەم زاراوەیەک بۆ نەژادی نەتەوە چیاییەکان کرابێ، لەم ڕووەوە خورییەکان لەم قۆناغەی مێژوودا لەهەمووان چالاک تر و دەست ڕۆیشتووتر بوون[100]. دەکرێ بەهاوکاری هێزە خورییەکانی تریش وەکو (شوشاررا) لە هەرێمی بیتوێنی دراوسێیان ئەو کارەیان ئەنجامدابێ و کۆمەکی ئەو هێزە سەربازیەیان پێکهێناوە، کە ئەم شەڕەی بردۆتەوە.

کاتێک ئامورییەکان لەڕۆئاواوە بەرەو میسۆپۆتامیا کشان و هێرشیان هێنایە سەر خاکی ئور، (سیموروم) هاوکاری کردن، هەروەک بەڕوونی لەنامەیەکی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئورەوە دەردەکەوێت، لەپێشدا هاوپەیمانی ئامورییەکان بوو، بەلایەنی کەمەوە یەک جار لە شالاوێکی ئاموریەکاندا بۆ سەر مەزرەکانی ئیمپراتۆریەتی ئور بۆ کۆمەکیان چووە. ئامورییەکان پاش گیرانی ئوری پایتەخت و گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بوونەتە دوژمنی (سیمورروم)، لەپێشدا توانای خۆیان بۆ دژایەتی ئور تەرخان کردبوو، کە دوژمنی دێرینی (سیموروم)یش بوو، بۆیە لەمەدا ئامانجیان یەک بوو، بەڵام لەپاش ڕووخانی ئور، دیارە (سیمورروم) خۆی بووتە نیشانی هەندێک لە کۆچبەران و داگیرکەرانی ئاموری و ئەمەش هۆی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بووە. بەڵام (ئیددین سین) ئامورییەکانی بۆ دەرەوەی خاکی (سیمورروم) گێڕایەوە.

لەنووسینی بەردەکەی (غەریب هەڵەدنی)دا بۆ یەکەم جار شەڕی نێوان (سیموررومو) و ئامورییەکان دەبیستین، وادیارە ئەم شەڕە کاتێک هەڵگیرساوە ئامورییەکان پاش ڕمانی بنەماڵەی سێیەمی ئور، هەروەک چۆن هوروژمیان هێنایە سەر زۆر ناوچەی میسۆپۆتامیاوە، تیایدا نیشتەجێ بوون، هەوڵیاندا بێنە ناو خاکی

[100] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧.

(سیمورروم) یشەوە و داگیری بکەن[١٠١]. لەو کاتەدا ئامورییەکان لە شام پێشڕەویان کرد، یەکەم جار هەوڵیاندا هاتنە ناوەوەی میسۆپۆتامیا لەسەردەمی سۆمەرییەکان. بەڵام پاشای سۆمەری (شو – سین) گوێی پێنەدا، دوایی شورایەکی (سورا) لە ڕووباری دیجلە تاکو ڕووباری فورات بەربەستێکی لەبەردەم دروست کردن، زیاتر لە (٢٠٠ کم)، بەڵام هەندێک لەوانە ڕووباری دیجلەیان بڕی، لەو کاتە هاتنە دەشتی کەرکوک و اربیل بۆ نیشتەجێ بوون.

دوای ئەوەی خاکی ئوریان گرت، پەلاماری (سیموروم) یاندا، بەڵام (ئیدی – سین) پاشای کوردی پێنج لە سەرکردەکانی لێ گرتن و کوشتن و لەناوچەکە دەری کردن. ئەمە لە تابلۆیەک نووسراوە بە بەردەکەی (غەریب هەڵەدنی) ناسراوە، کە لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراوە[١٠٢].

### هێرشەکانی سیماشکی

ئیددین – سین پادشا بۆ یەکەم جار لە نووسینەکانیدا ناوی وڵاتی (سیماشکی) دێنێ، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی (سیمورروم)، چەندین جار هێرشی هێناوە و لەئەنجامدا تێکشکاوە، (ئیددین – سین) پاش خستنەڕووی کارە سەربازیەکانی، دوو گرنگترین و چارەنووسسازترینیان دووبارە دەکاتەوە و لە چاوی (نیشبا)یان دەناسێت، کەواتە دیارترین دەستکەوتەکانی شکاندنی (سیماشکی)یەکان و دوورخستنەوەی مەترسی ئامورییەکان بوو لەسەر وڵاتەکەی، (سیماشکی)یەکانیش لەسەردەمێکی پێشتردا هەوڵیان داوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە (سیمورروم) داگیربکەن، ئەو نووسینە شاهانەیەی (سیمورروم) کە بۆ ئەم سەرکەوتنە تەرخان کراوە، هێشتا نەدۆزرابێتەوە، (ئیددین – سین) بۆیە ڕەزامەندی و فەڕی خواوەندی وڵاتەکەی بەدەست هێناوە، بەهۆی ئەوەیشەڕەکەی شەڕێکی پیرۆز بووە، بۆ بەرگری لەوڵات و خاکی نیشتمان، سەرکەوتنی سەربازی دەبێت، تاجی سەرکەوتنێکی ئایدۆلۆجی لەسەر بنرێت، خواوەندانی نەتەوە شکاوەکان دەبێت کڕنووش بۆ خواوەندی نەتەوەی سەرکەوتوو بەرن، (ئیددین – سین) لەم نووسینەدا خۆی بە "پاڵەوان" پەسند دەدات، بەڵام دواتر لەنووسینەکەی (ئۆرشەلیم) دا دەبێتە" پاڵەوانی نێو پادشا (یان) پادشای

---

١٠١ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

١٠٢عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە مصدر السابق.ص ٥٠.

بەهێز"ئەوەش تەنیا پاش بەزاندنی هەرێمی نۆهەم و خستیەسەر وڵاتەکەی خۆی، ئەو هەرێمەش (کاکموم) بوو.

شوێنی (سیماشکی) ڕای دژ بەیەکی لەسەرە، هەندێک لەو دۆڵانەی دادەنێن لە باکووری (خوزستان) یان هەرێمی فارسەوەن، بەڵام (ڤاللا) لە شوێنێکی زیاتر بەلای باشووری ڕۆژئاوادا دەیبات، لە بەشی باکووری هەرێمی کرمان، بەڵام پێشنیارێک لەگەڵ زانیاری نووسینەکەی هەڵەدنیدا بگونجێت، ئەوەی (زادۆک - Zadok)ە، ئەو (سیماشکی) بەوڵاتێکی زۆر بەرفراوان دەزانێت، لەهەرێمی فارسەوە تا دەریای قەزوێنی گرتبێتەوە[١٠٣].

## نووسین و نەخشەبەردەکانی بێتواتە

وەک پادشایەکی چوست و چالاک (ئیددین - سین) توانی شانیشنەکەی برەو پێ بدات و سنووری فراوان بکات، ئەمەش لەوە دەردەکەوێ چەند نووسینێکی گرنگی بەنەخشەوە دۆزراوەتەوە، یادەوەری سەرکەوتنەکانی بەسەر دوژمنەکان و فراوان کردنی سنووری وڵاتەکەی دەردەخات، (ئیددین - سین) پادشا چەند نووسینێکی شاهانەی [١٠٤] بەجێ هێشتووە، شتێکمان لەبارەی قەڵمڕەوی شانشینەکەی پێ دەڵێت، لە سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە پێکەوەی نا، لەوپەڕی باکوورەوە لە ناوچەی بێتواتەی ئێستا و لەسەرووی دەشتی ڕانیەوەیە[١٠٥]،ئەم بەردانە نووسینەکانیان تەنیا لەڕوویەکدا هەڵکەندراوە، نووسینەکان بەزمانی ئەکەدی نووسراون، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئیدی سین) ی پاشای (سیموروم)[١٠٦]، ئەم

---


١٠٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

١٠٤ نەخشەکان دەکرێن بەسێ بەشەوە، لە ڕێگای ڕێکەوتەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە دۆزراونەتەوە، پاشان کەوتۆتە دەستی مۆزەخانەی عیراقیبەشی یەکەم (A) لە نیسانی ١٩٧٧ مۆزەخانەی عیراقی چوار پارچە بەردی دەست کەوت، یەکێک لەوان ساغ بوو پاشماوەکانیش شکا بوون، هەموو بەردەکان لە شێوە و سروشت و نووسینیان زۆر لەیەکدی دەچوون و هاوڕێک بوون. بەشی دووەم لە خشتەکانی بێتواتە دەکرێن بە سێ نووسین و نەخشە (B1)، (B2)، (B3) چڕ دەبێتەوە کەلە ساڵی ١٩٦٤ بەڕێگایەکی نایاسایی لە کوردستانەوە بردرانە ئەوروپا و لەوێشەوە بۆ فەلەستین گوێزرانەوە، ئێستا کەوتوونەتە بەردەستی مۆزەخانەی زانکۆی عیبری لە ئۆرشەلیم- قودس، سێیەمیان بەردەکەی غەریب هەڵەدنی کە لە ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانیە.

١٠٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٧-٢٠٩.

١٠٦ ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەم، کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٧.ل ١٣.

تێکسته لەڕووی مێژووییەوە گرنگی زۆری هەیە، چونکە بۆ یەکەم جارە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەشێک لە پادشاکانی (سیموروم). لەوانە سەرکەوت بەسەر بنەماڵەی سێیەمی ئور و ئامورییەکان و (سیماشکی) و بێتواتە، یەکێکیشیان یادەوەری سەرکەوتنەکەی بەسەر شاری (کولوننوم – Kulunnum)[١٠٧]ی یاخی دا پاراستووە[١٠٨].



**وێنەی ژمارە (١٦)، نووسینەکانی بێتواتەAوBو C لەگەڵ دوو پارچەی C**
**سەرچاوە: مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد.ل ٢١٢**

١٠٧ فرەین کولوننوم بە گوندی (گوڵان)ی ئێستای نزیک بێتواتە دەزانێت کە دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای رانیە: Frayne,SCCNH 10,177، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.
١٠٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧–٢٠٩.

ئەو نووسینانەی (ئیددیـ (ـن) – سین) لە بێتواتە بەجێی هێشتووە، گرنگیەکی یەکجار مەزنیان هەیە، بۆ مێژووی کوردستانی کۆن، بەتایبەتی سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، هۆی هەرە لەپێشی ئەوەیە یەکێک لە نوسینە زۆر کەمەکانن، لە خودی کوردستانەوە هاتوون و لە خاکەکەی خۆیدا نووسراون، نووسینەکانی بێتواتە سێ ڕوونوسی یەک دەق پێک دەهێنن، بەشی هەرە زۆریان لەناوەرۆکدا وەک یەکن، بەڵامهەریەکەیان پێشکەش بە خواوەندێکی جیاواز کراون، بابەتی نووسینەکان بۆ پاراستنی یادی سەرکەوتنی (سیموررروم)ە بەسەر شاری (کولەننوم)ی یاخیدا، هەر یەک لە ڕوونووسەکان بەناوی (ئیددین – سین) دەست پێ دەکات، ئینجا (زابازونا)ی کوڕی کردەوە سەربازیەکی ئەنجام داوە[١٠٩].

ئەم نووسراوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی (ئیدی – سین) پادشای (سیموروم)، بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەم میرنشینە بەسەر شاری (کولوننوم – kulunum)ی یاخیدا، لەلایەن (زابازونا)ی کوڕی نووسراون، تا ڕادەیەکی زۆر ناوەرۆکی ئەم نووسینانە لەیەک دەچن، سەرەڕای هەندێ جیاوازی سادە لە نێوانیاندا، مێژووی ئەم نووسینانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٢ – ٢٠٠٦ پ.ز) ئەم نووسینانە گرنگی زۆریان هەیە بۆ مێژووی دێرینی کوردستان بەگشتی و شانشینی (سیموروم)و بێتواتەی کۆن بەتایبەتی، چونکە بوونی نووسین لە هەر شوێنێکدا لە جیهانی کۆندا گرنگی ئەو شوێنە نیشان دەدا، وەک مەڵبەندێکی کارگێڕی گرنگ، ناوەرۆکی ئەم نووسراوانە بەناوی پادشا (ئیدین – سین) دەست پێدەکات و ناوی (زابازونا)ی کوڕیشی تێدایە، باسی سەرکەوتنی بەسەر شاری (kulunum) دەکات و ناوی چەندان خواوەندی تێدا هاتووە.[١١٠]

باوەڕ وایە ئەم نووسینانەی لەسەر بەرد هەڵکەندراون، لە دیوارەکانی بینایەک گیرا بن، کە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابێت، لەوانەیە پەرستگا بووبێت و لەوانەشە بینایەکی یادگارانە بووبێت، ئەم باوەڕەش لەوەوە هاتووە پاشماوەی کەرەستەی بیناکە لەم حاڵەتەدا (کاربۆناتی کالسیۆم –CaCo3)ە، لەسەر قەراغی ڕوونووسی (A) لەلایەن (الفؤادی)یەوە تێبینی کراوە، لێرەدا دەشێت ئاماژەیەک بۆ

١٠٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣

١١٠ ئەردەڵان عوسمان حەسەن، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٣.

هەندێک لە شوێنەوارەکانی ناوچەی بێتواتە بکەین، لەوانەیە پەیوەندیەکیان بەم نووسینانە و ناواخنەکانیانەوە هەبێت، لەو شوێنەی پێیدەوترێت (بەردی سەنجیان)[111]، لەنزیکی ئەم نووسینانە و نووسینەکەی ئەنتیکەخانەی (ئورشەلیم) دۆزراونەتەوە، بەردێکی گەورەی شێوە تەخت یان سەکۆی قوربانی (Altar) هەیە، وا پێدەچێت لە سەردەمانی زوودا داتاشرابێت بەردەکە تا دە دوازدە ساڵێکیش پێش ئێستا دوو ئەوەندەی ئێستای بەرز بوو، لەلایەن تالانکەرانی شوێنەوارەوە تەقێندرانەوە، دانیشتوانی ناوچەکە پێیدەڵێن، (تەختی خورشیدی خاوەر)، نووسینەکان خۆیان لە دامێنی گردێکی گەورەدا دۆزراونەتەوە، کەمێک لە باشووری شاری بێتواتەوەیە پێیدەڵێن: (قەڵای بێتواتە)، بریتی یە لە وێرانەی قەڵایەکی کۆن لە گاشەبەردی گەورە بنیات نراوە، ئێستا بەردەکانی لەسەر تەختی گردەکە، بەقەراغەکانی دەورووپشتیدا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، کەواتە دەشێت بیناکەی کاتی خۆی نووسینەکان و نەخشەکەی تێ گیراوە لەسەر تەختی ئەم گردە بووبێت[112].

ئەم نووسینانە بەوردی لەگەڵ ئەو نووسینەی بەنووسینی (ئانوبانینی)[113]، پادشای لوللوبی ناسراوە و لە سەرپولی زەهاوە و نەخشێکیشی لەگەڵ دایە، بەراورد کراوە. شێوە و ڕێنووس و زمانی ئەم نووسینانە ئێجگار لەیەک دەچن، لەیەکچوونی لیستی خواوەندان و ئاماژەکان لە هەردوو نووسینەکەدا جێگای سەرنجن. مێژووی نەخشەکە و نووسینەکەی بێتواتە بە زیاد لە سەدەیەک کۆنترە، لە نەخش و نووسینەکەی (ئانوبانینی) بە پادشای لوللوبوم زانراوە، بەپێی ئەم پێشنیازە (ئانوبانینی) پادشای لوللوبوم پاش پادشای (سیموررووم) هاتووە، نووسینەکەی پادشای (سیموررووم)ی سڕیوەتەوە، لەوانەشە ناوی خۆشی لەسەر نووسیبێت، تاوەکو کارەکانی بەهی خۆی بکات. بەڵام ئەو بەڵگەیەی نووسینە نوێیەکەی (ئیددیـ (ـن) - سین)، واتە نووسینەکەی (هەڵەدنی)[114] پێشکەشی دەکات،

١١١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

١١٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٥.

١١٣ ئانوبانینی: واتە: ئەو خوایەی کە ئێمەی دروست کردووە.

١١٤ شەهید غەریب هەڵەدنی لەسەردەمی پێشمەرگایەتی لەڕیزی (ی.ن.ک) دا لەگوندی "قەرەچەتان" لەدامێنی باشووری چیای پیرەمەگرون، لە ماڵی جوتیارێک چاوی بەبەردەنووسێک دەکەوێت، جوتیارەکە چەند سەد مەترێک دوور لە گوندەکە لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەکاتی جووت کردن بەردەکە دێتە سەرزەویجوتیارەکە نازانێ ئەو بەردەچیە، بەردەکە دەباتە ماڵەوە و دەیکاتە "خوێڕزگ" ئەو کاتەی شەهید غەریب هەڵەدنی چاوی پێی دەکەوێت، دەرک بە گرنگی و بەهای بەردەکە دەکات، بۆیە داوا لە جوتیارەکە

پاڵپشتی ئەم پێشنیازە ناکات، بە پێچەوانەوە، ئاماژەی نووسینەکە بۆ (ئانوبانینی) وڵاتی لوللوبوم، هەرچەندە لەم شوێنە داخوراوە، دەیسەلمێنێت (ئیددیـ (ـن) – سین) ئەگەر لە دەمێکی دواتر لە دەمی (ئانوبانینی)دا نەژیابێت، چونکە دەشێت نووسینەکەی هەڵەدنی لەم شوێنەدا ڕووداوی کۆنتر بگێڕێتەوە، ئەوا بێ گومان هاوچەرخی بووە[١١٥].

لەنووسینەکەی (ئۆرشەلیم)دا کەئێستا لە ئەنتیکەخانەی ئیسرائیل دایە لە شاری (ئۆرشەلیم –قودس)، سەرباری شکاوی و داخورانی زۆری، بەڵام هێشتا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، نووسینەکە نەخشێکی پادشایشی لەگەڵ دایە، پێی بە دوژمنە بەزیوەکەیدا ناوە و ڕووی لە خواوەند (ئیشتار) کردووە، (وێنەی ژمارە ١١) نووسینە هەشت ستوونیەکە یادی سەرکەوتنی (سیموروم)ی بەسەر (کولوننوم)دا پاراستووە، (کولوننوم) هەروەک لە نووسینەکە خۆیەوە دەردەکەوێت، لەژێر دەستی (کاکموم)[١١٦]دا بووە، ئەو دێرانەی لە نووسینەکە ماونەتەوە بەناونیشانە شاهانەکانی پادشا دەست پێ دەکەن، پاشان سەربوردەی (کاکموم) و شارەکانی ژێر دەستی دەگێڕێتەوە، (ئیددیـ (ـن) – سین) توانیویەتی لەتاکە یەک شەودا داگیریان بکات و وێرانیان بکات، (کاکموم) شاری (کولوننوم)ی داوەتە دەست (سیموررروم)،( – iii4 iv3)ناوی یەکێک لە پادشایانی (کاکموم) لەو سەردەمە دەزانین، ناوی خوری (موشکاوێ – Muškawe)ی هەبووە. شتێکی لەم جۆرە لە نووسینەکەی هەڵەدنی تێبینی دەکردێ: پادشا (ئیددی (ـن) – سین) "وڵاتی ئوتو – وێ – Utuweی لەدەستی کاکموم سەندەوە[١١٧]، ئەمجا کاکموم ی وێران کرد"(٧٠ – ٧٤) ئەمە مانای وایە (ئیددیـ (ن) – سین) ناوچە و هەرێمە ژێر دەستەکانی (کاکموم)ی یەک لەدوای یەک لەژێر دەستی (کاکموم) دەرهێنا و دەیخستەسەر شانشینەکەی خۆی.

---

دەکات بیپارێزێت، بەڵام گوندەکە وەک چوار هەزار گوندی تری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال، بەردەکەش وەک کەل و پەلی ماڵەکە بووبە ژێر دار و پەردووی دێیەکە، دواتر هەڵەدنی دەچێت بەردەکە دەۆزێتەوە و لەشوێنێکی پارێزراو دایدەنێت، تا دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٣ بەبێ بەرامبەر پێشکەش بە ئەنتیکەخانەی سلێمانی کرد.نووسینەکە لەلایەنهەردوو بەرێزان خاتوو" ڕافدە عەبدوڵڵا قەرەداغی و بەڕێز کۆزاد محەمەد ئەحمەد" خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ کراوە، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.

١١٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

١١٦ تکایە تێبینی ئەوە بکە ناوی کاکموم لەلایەن شافەر و ڤاسەرمانەوە بەهەڵە بە,نیموم Nimum، خوێندراوەتەوە. کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

١١٧ بەم پێیە دەبێت کولوننوم شارێکی وڵاتی ئوتو– وێ بووبێ لەلایەن کاکموم داگیر کرابێ.

دیاره (کاکموم) زلهێزەکەی تری کوردستانی کۆنی ئەو سەردەمە بووە، چونکە هەر وەک دەبینین، (سیموررووم) تەنیا لەسەر حسابی (کاکموم) دەیتوانی فراوان بێت، زۆربەی ئەو سەرزەمینانەی (سیموررووم) دەیویست دەستیان بەسەردا بگرێت، لە ژێر دەستی (کاکموم) دابوون، (ئیددین – سین) خۆی باسی ڕابردووی شکۆداری (کاکموم) دەکات و دەڵێت: "وڵاتی کاکموم، لە ڕۆژ (ان)ـی زوویەوە باجی [بە] هیچ کەس [نە]داوە"[118]. (16 – iv9) بەڵام هەڵێنجانێکی تریشی ئەوەیە نووسینەکەی (هەڵەدنی) پێش نووسینەکانی (ئۆرشەلیم) و بێتواتە نووسراوە و لەوان کۆنترە. کۆزاد محەمەد ئەحمەد، دەڵێت: ئەم باوەڕەمان ئاراستەی بەرەو پێش چوونی (ئیددین – سین)ە، هەموو بەڵگەکان وا دەردەخەن، لە باشوورەوە بەرەو باکوور هەڵکشابێت، لەم بارەدا دەبوایە لەپێشدا "ئوتوم" بگرێت کە بەدەشتی ڕانیە و دەورو‌پشتی دەزانرێت [119]، ئینجا (کولوننوم) لە بێتواتە، ئەو شوێنەی ئەم نووسینانەی لێ دۆزراوەتەوە، جۆرێکی تر بڵێین لەپێشدا دەشتی ڕانیەی گرتووە و یادی گرتنەکەی لە نووسینەکەی هەڵەدنی دا تۆمار کردووە، لەکاتێکی دواتردا (کولوننوم)ی لە ناوچەی بێتواتە گرتووە. کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای (ئوتوم)ەوە و بۆ یادی ئەمیان نووسینەکەی بێتواتەی جێ هێشتووە[120]. بەڵام لە ڕاستیدا دەکرێت (ئیددین سین) تەنیا بەشی ڕۆژئاوای (ئوتوم) واتە هەرێمی بیتوێنی داگیرکردبێت، ئینجا (کولوننوم)ی دراوسێی بێتواتە، ئەمەیان شیاوترە.


بەڵگەیەکی تر ناونیشانی (نیشبا)ی گەورە خواوەندی شانیشینەکە (ئیددین سین) تۆماری کردووە، لە نووسینەکەی هەڵەدنی دا دەڵێت "پادشای ٨ کولیشوم – Kulišum " (١،٢،١٠٥) واتە پادشای ٨ هەشت هەرێمان، کەچی لە نووسینەکەی (ئۆرشەلیم)دا دەبێتە "پادشای ٩ نۆ کولیشوم(I14)" Kulišum ئەویش پاش ئەوەی (کولوننوم)یشی خستووتە سەر خاکی شانشینەکەی، دیارە چەندین هەرێم لەم نۆ هەرێمە ژێر دەستە لەوانەن لە هەموو نووسینەکەدا ناویان ڕیز کراوە. لەنووسینەکەی هەڵەدنی باس لە وڵاتان و ناوچە و هەرێمی دوور لەیەک

---

١١٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

١١٩ سەبارەت بەوەی ئوتوم ناوچەی دەشتی رانیە و دەوروبەری بووە، بڕوانە Laessoe, j, JAOS 88(1968) p.122.

١٢٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.



**وێنەی ژمارە (١٧)، نەخش و نووسینەکەی ئورشەلیم لەئەنتیکەخانەی ئیسرائیل، سەرچاوە: مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد، ل٣١٩.**

دەکات، وەک ئەوەی پادشا سەرگورشتەی شەڕ و لەشکرکێشیە زۆرەکانی بگێڕێتەوە، جگە لەوەی بەداخەوە لێی شکاوە، ناوە جوگرافیە ناسراوەکانی ناودەقەکە ئەمانەن: (شاریداخوم - Šaridahum)، (خالمان - Halman)، لەوپەڕی باشوورەوە، پاشان دەچێت بۆ (شیکشاببوم - Šikšabbum)، (ئوتو – وێ - Utuwê)، و (کاکموم - Kakmum) لەباکوور، پاش ئەمان بۆ یەکەم جار لە هەموو نووسینەکانیدا باسی ئامورییەکان بەسەرکردایەتی پێنج لە شێخەکانیان (rabianum) دەکات، کە سەری بڕیون و لەولاتەکەی خۆی گێڕاونیەوە دواوە، لە کۆتایشدا شکاندنی (سیماشکی -Simaški)، لەم بارەدا ئەو ولاتانەی لەسەرەتای نووسینەکە ناویان هاتووە ئەوانەن لەسەرەتا خراونەتە ژێر ڕکێفەوە و لەچەقی (سیموروم) یش نزیک تربوون، ئەوانەش لە کۆتاییدا ناویان هاتووە، لە چەقەوە دوور تر بوون، ناوی چەند ولاتێک هاتووە، هیچیان دەربارە نازانین، (شاریداخوم) و (خالمان)[١٢١]

---

١٢١ دەکرێت ناو هاتنی خالمان بەهەند وەبگرین، چونکە لەنامەیەکی سەردەمی بابلی کۆندا، هەرچەندە شکاوی تێدایە، نامەکە لە ئیشنوننا دۆزراوەتەوە و باسی شکانی ئیدین- سین ناوێک دەکات لەچیاکانی

لەباشوور بووە، لەسەر ڕۆخی یان نزیک ڕۆخی ڕووباری ئەڵوەند، لەدەوروبەری سەرپولی زەهاو، لەو شوێنەی باسی (ئانوبانینی) پادشای لوللوبوم دەکات، لەم شوێنە نووسینەکە تووشی شکاوی و داخوران بووە، بەڵام پێدەچێت باس لە سەندنی پارچەیەک خاکی شانشینەکەی (ئانوبانینی) تێدا کرابێت، یان ڕاست کردنەوەی ئەوەی پێشتر (ئانوبانینی) بەسەر خاکی (سیموروم)ی سەپاندبێت، پاشان باسی (شیکشاببوم) و شاری (ئیتو Itu - ) دەکات، لەوانەیە هەمان شار بووبێت کە لە نامەی شمشارەی ژمارە (SH 861)دا ناوی هاتووە، وڵاتی (ئوتو - وێ Utuwê) و (کاکموم) دێن، کە هەموویان لە باکوورن، بەپێی نووسینەکە ئەمانیش نیشانی سەبازی شەڕەکانی (ئیددین - سین) بوون، پاش ئەم نیشانانە، ناوی ئامورییەکان دێت[١٢٢].

وەک مامۆستای شوێنەوارناس (عبدالرقیب یوسف) دەڵێت: دوای ئەوەی ئامورییەکان لە شام پێشڕەویان کرد، یەکەم جار هەوڵیاندا هاتنە ناوەوەی میسۆپۆتامیا لەسەردەمی پاشای سۆمەری (شوسین)، ئینجا لەدیجلە پەڕینەوە و هێرشیان کردەسەر خاکی سیموروم، بەڵام (ئیدی سین) پاشای کوردی پێنج لە سەرکردەنیان گرتن و کوشتن و لەناوچەکە دەری کردن[١٢٣]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاموریەکان توانیویانە پێ بخەنە سەر خاکی قەڵەمڕەوی (سیموروم)، لە دوایشدا (سیماشکی) یەکانی شکاندەوە، کە لە ڕۆژهەڵات و بانەکانی ئێرانەوە هاتبوون، (ئیددین - سین) پادشا سەرکەوتنی بەسەر ئەم دوو دوژمنەدا بەدیارتریتن و گرنگترینی کارەکانی لەقەڵەم داوە، بەپێی ئەوەی شەڕێک بوون بۆ پاراستنی خاکی نیشتمانەکەی بوون، ئامورییەکان هاوپەیمانی جارانی (سیموروم) بوون، ئەو کاتە هەردوو بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو، لە جەنگان لەدژی ئور، پاش گۆڕانی باری سیاسیانەی ناوچەکە بوونە دوژمن و هەوڵیاندا بێنە ناو خاکی (سیموروم)ەوە[١٢٤].

مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد پێشنیازی ئەوەی هەیە: نووسینەکەی سەرپول (= ئانوبانینی٢/ ئیددین - سین٥) نووسینەکە هی یەکێک لە پادشایانی (سیموروم) بێت، (ئیددین - سین) یان (زابازونا)ی کوڕی، زۆر دەشێت ئەم نووسینە لەپێش

---


ڕۆژهەلات، ئەم نامەیە لەلایەن وایتینگWhiting ەوە بلاوکراوەتەوە لە: Whiting, Old Babylonion Letters from Tell Asmar, No.2.

١٢٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣.

١٢٣ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ...مصدر السابق.ص ٥٠.

١٢٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣.

نووسینەکەی هەڵەندنی دا نووسرابێت، چونکە ئەم نووسینە دیارە بۆ یادەوەری سەرکەوتنێک لە ناوچەی سەرپول لێرەدا هەڵکەندراوە و ئەوەش زۆر دەشێت گرتنی شاری (خالمان)، یا هەر شارێکی تری دەوروبەری (خالمان) بووبێت، تەنیا لەپاش ئەمەوە توانیویەتی لەنووسینەکەی هەڵەدنی دا باس لە (خالمان) و تۆپۆنیمەکانی تری دەوروبەری وەک ژێردەستەی خۆی بکات، لەمەش زیاتر گرتنی ئەم شارە و لەڕێی ئەویشەوە دەست گرتن بەسەر شاڕێی خوراساندا بوو، تینی پێ بەخشی دەست بکات بە جیهانگیری[١٢٥].



**وێنەی ژمارە (١٨)، ڕوونووسی لەسەر بەردەکەی غەریب هەڵەدنی، سەرچاوە: مامۆستا کۆزاد محەمەد ئەحمەد، ل.١٥٢**

١٢٥کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥

### مۆرە لوولەکی یەکانی سیموروم

دوو مـۆری لـوولەکی و جـێ مۆرێـک (Seal impression) لە جێمـاوە ماددیەکـانی پادشـایانی (سـیموروم)ن، لە بەڵـگە کۆنینەناسـی شانشـینن، یەکێـک لە مۆرەکـان بـۆ یەکەمـین جـار لەلایەن (شـافەر) و (ڤاسـەرمان)ەوە لەهەمـان بـابەتی نووسینەکەی (ئورشەلیم) دا بڵاو دەکرێتەوە، مۆرەکە یەکێکە لەپارچەکانی کۆمەڵەی ئەنتیکەکانی هەردوو هاوسـەر (جۆناثان ڕۆز Mr. and mrs Jonathan Rose – ) لە نیۆیۆرک مۆرەکە لەبەردێکی ڕەقی بریقەدار هەڵگەندراوە، نووسینێکی لەسـەر هەڵکەندراوە، دەڵێت: ئیددین – سین پادشایەکی بەهێزە و زابازونا کوڕێتی: **"ئیددیـ(ـن) – سین، پادشای بەهێز، (خواوەند) زابازونا کوڕێـ (ـتی). ئیلی – دەننو نۆکەرێـ(ـتی)"**[١٢٦].

مـۆرێکی تـر لە ئەنتیکەخـانەی بەریتـانی هەیە(BM102055)، (کۆلـۆن) بـڵاوی کـردۆتەوە [١٢٧] زۆر لەم مـۆرەی یەکەم دەچێـت، بەڵام نووسـینەکەی سـەری نـاوی (ئیددیـ(ـن) – سین) نابات، لەوانەیە هی ئەوە بووبێت هەڵکەندنی دوای مردنی خۆی و هاتنەسەر تەختی کوڕەکەی بووبێت: **"زابازونا پادشای بەهێز. تێخیش – ئەتالخەت لێدەر، نۆکەرتـ (ـە)".**

ناوهێنـــانی کـــوڕ یـــان جێنشـــینان(CrowPrince) لەنووســـینە فەرمیەکـــانی شانشـــینەکانی دامـــێن زاگـــرۆس و دابەش کردنـــی ناونیشـــان و دەســـەڵات لەگەڵ پادشادا، پێدەچێت هەروەک (شافەر) و (ڤاسـەرمان) تێبینیـان کـردووە، نەریتێکی ئەو ناوچـانە بووبێـت، هـۆی ئەم بـاوەڕە نووسـینەکانی سـەر ئەم مـۆرانە نووسـینەکانی بیتـواتە و هەروەهـا جێ مۆرێکی شـاهانەی تـرە هـی (پیشـێنتن Pišenten) نـاوێکی پادشای (ئیتابالخوم – Itabalhum) لەسـەر پارچە لەوحێکی شمشـارە (SH 890) دۆزراوەتەوە[١٢٨]. جێ مۆرێکی پەیوەندیدار بە (سیموروم) لەسـەر لەوحێکی قوڕ لە (ئیشنوننا) دۆزراوەتەوە، یەکەم جـار (جاکۆبسـن – Jacobsen) بـڵاوی کـردۆتەوە، دواتـریش (سـولبێرژێ Solberger) دووبـارە لێـی کۆڵیـوەتەوە، جـێ مـۆرەکە

١٢٦ بەواتای scribe ئەوەی هونەری خەت و نووسین پیشەی بووە، نەک نووسەر بەواتای ئیستای.

١٢٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥.

١٢٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

هەرچەنـدە شـکاوی تێـدایە، بەڵام زانیـاری گرنگـی تێـدایە، (زابازونـا) بە (پادشـای بەهێز) ناودەبات، لەمەش گرنگتر ئەوەیە جێ مۆرەکە لە جێگای کۆنی خۆیدا ( in situ)[١٢٩] لە پەرسـتگای (ئیتوریـا – Ituriā)دا دۆزراوەتەوە، لەژێـر چینێکـدا کە هـی سەردەمی فەرمانڕەوایی (بیلالاما Bilalama)ی پادشای (ئیشنوننا)یە. واتە مێژووی جـێ مـۆرەکە لەنێـوان کۆتـایی بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور و سـەردەمی فەرمـانڕەوایی (بیلالامـا)ی هـاوچەرخی (شـو – ئیلیشـو – Šu - ilišu) (١٩٨٤ – ١٩٧٥پ.ز)ی پادشـای (ئیسـن – Isin) دایە[١٣٠]. شـایانی باسـە وێنەی هەردوو (ئیـددین – سـین) و (زابازونـا)ی کـوڕی لەسـەر مـۆرە نـوێ یەکە (واتە کـۆمەڵی ئەنتیکەکـانی ڕۆزن) هەڵکەندراوە، و هیچیان نەڕیش نەسمێڵیان نیە، نەک هەر لەسەر ئەم مۆرەش نیە، بەڵکو پادشا لەسەر نەخشەکەی (ئورشەلیم) و نەخشـەکەی (سـەرپول)یش هەر وایە، ئەگەر هەر گومانێک لە دەست نیشـان کردنـی ناسـنامەی ئەو کەسـەدا هەبێت، کە وێنەکەی نەخش کراوە، ئایا پادشا خۆیەتی یان (زابازونا)یە، ئەوا ئەم دوو مۆرە زیـاتر بەلای ئەوەدا دەمـان بـات بەپادشـای بـزانین، بەتـایبەتی هەردوو پادشـا و کوڕەکەشی لەسـەر هەمـان مۆری (کۆمەڵی ڕۆزن) پێکەوە وێنەیان نەخش کراوە، هەر دووکیشـیان بـێ ڕیـش و سـمێڵن، وا دیـارە ئەمە خـو و نەریتێکـی تـایبەت بە بنەماڵەی شاهانەی (سیمورومی) بووە، بنەماڵەی (گودێ – یا – Gudea) و بنەماڵەی سـێیەمی ئورمـان یـاد دێنێـتەوە، هەروەک (شـافەر) و (ڤاسـەرمان)یش تێبینیـان کردووە[١٣١].

### داگیر کردنی بێتواتە لەلایەن شانشینی سیموورووم

لەسـنووری دەسـەڵاتی کاروبـاری سیاسـیدا شانشـینی (سـیمورروم) نـاوچەکەی ڕێکخسـتەوە، بەسـەرکردایەتی (ئیددیـ (ـن) – سـین)ی پادشـای چوسـت و بەکـاری.

١٢٩ زاراوەی in sin ئەوە دەگەیەنێت ئەو شتەی دۆزراوەتەوە لەو جێگا و چینە دۆزراوەتەوە لەکاتی خۆیدا دانراوە، ئیتر نەگۆڕاوە و نەگوازراوەتەوە بۆشوێنێکی تر، یان چینێکی تر ئەمەش بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی مێژووی شتە و لەڕووی کۆنەناسی زۆر گرنگ و بەسوودە: Walker, p. 176.

١٣٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧.

١٣١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٨.

سوودی لە کەمتەرخەمی کارگێڕی لاوازی دراوسێکانی بینی و ویستی سنووری وڵاتەکەی گەشە پێ بدات، (ئیددین - سین) توانی شانیشنەکەی برەو پێ بدات و سنووری فراوان بکات، لەکاتێکدا لەڕابردوودا سنووری تاکو چیای هەیبەت سوڵتان دەچوو، لەبەرئەوە (سیموروم) چاوی بڕیبووە شاری (بێتواتە - Bi+tuatta) لە باکووری شانشینەکەی، توانی ناوچەی گوندی بێتواتە لە هەرێمی بیتوێن داببڕێ و بیخاتە سەر شانشینەکەی خۆی، بێتواتە یەکێکە لەو ناوچانەی مێژووی دیاری دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین، دواتر لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین ئاشوورییەکان ئەم ناوچەیان ناسیوە. پێدەچێت ئەو کاتە بێتواتە لەسەر شانشینی (ئوتوم) بووبێت، (سیموروم) کەوتبووە ڕۆژئاوا و باشووری (شوشارا -شمشارە). یاخود بێتواتەش هەروەکو شاری (کولوننوم) داگیر کرابی و لەسەر شانشینی (کاکموم) بووبێت، دواتر (زابازونا)ی کوڕی (ئیددین - سین) داگیری کرد.

باوەڕ وایە ئەم نووسینانەی بێتواتە لەسەر بەرد هەڵکەندراون، لەدیوارەکانی بینایەک گیراوبن، تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابێت، لەوانەیە پەرستگا بووبێت و لەوانەشە بینایەکی یادگارانە بووبێت، ئەم باوەڕەش لەوەوە هاتووە، پاشماوەی کەرەستەی بیناکە لەم حاڵەتەدا (کاربۆناتی کالسیۆمCaCo3)ە، لەسەر قەراغی ڕوونووسی A لەلایەن (الفؤادی) یەوە تێبینی کراوە، لێرەدا دەشێت ئاماژەیەک بۆ هەندێک لە شوێنەوارەکانی ناوچەی بێتواتە بکەین، لەوانەیە پەیوەندییەکیان بەم نووسینانە و ناواخنەکانیانەوە هەبێت، لەو شوێنەی پێی دەوترێت (بەردی سەنجیان)، لەنزیکی ئەم نووسینانە و نووسینەکەی ئەنتیکەخانەی (ئورشەلیم) دۆزراونەتەوە، بەردێکی گەورەی شێوە تەخت یان سەکۆی قوربانی (Altar) هەیە، وا پێدەچێت لە سەردەمانی زوودا داتاشرابێت، بەردەکە تا چەند ساڵێکیش پێش ئێستا دوو ئەوەندەی ئێستای بەرز بوو، لەلایەن تاڵانکەرانی شوێنەوارەوە تەقێندرانەوە، دانیشتوانی ناوچەکە پێی دەڵێن (تەختی خورشیدی خاوەر)، نووسینەکان خۆیان لە دامێنی گردێکی گەورەدا دۆزراونەتەوە، کەمێک لە باشووری بێتواتەوەیە پێیدەڵێن: (قەڵای بێتواتە)، بریتییە لە وێرانەی قەڵایەکی کۆن، لە گاشەبەردی گەورە بنیات نراوە، ئێستا بەردەکانی لەسەر تەختی گردەکە،

بەقەراغەکانی دەورووپشتیدا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، کەواتە دەشێت بیناکەی کاتی خۆی نووسینەکان و نەخشەکەی تێ گیراوە لەسەر تەختی ئەم گردە بووبێت[١٣٢]. ماموستای شوێنەوارناس (عبدالرقیب یوسف) ڕای وایە: لەوانەیە بێتواتە پایتەخت یان پایتەختی هاوینەی (ئیددین سین) بووبێ[١٣٣].

## داگیرکدنی کولونوم (گوڵان) لەلایەن شانشینی سیموروم

لەنووسینەکەی (ئۆرشەلیم)دا ئێستا لە ئەنتیکەخانەی ئیسرائیل دایەلەشاری (ئۆرشەلیم –قودس)، سەرباری شکاوی و داخورانی زۆری، بەڵام هێشتا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، نووسینەکە نەخشێکی پادشایشی لەگەڵ دایە پێی بە دوژمنە بەزیوەکەیدا ناوە و ڕووی لە خواوەند (ئیشتار)ە، نووسینە هەشت ستوونیەکە یادی سەرکەوتنی (سیموروم)ی بەسەر (کولوننم – $^{ki}$KU – LU – NU – UM)دا پاراستووە، ئەو دێرانەی لە نووسینەکە ماونەتەوە بەناونیشانە شاهانەکانی پادشا دەست پێ دەکەن، پاشان سەربوردەی (کاکموم) و شارەکانی ژێر دەستی دەگێڕێتەوە، لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا (کاکموم) یەکێک لە شانشینەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بوو[١٣٤]. (کولوننوم) یەکێک بوو لە شارەکانی سەربە شانشینی (کاکموم) بووە، (کولوننوم) هەروەک لە نووسینەکە خۆیەوە دەردەکەوێت، لەژێر دەستی (کاکموم) دابووە، نووسراوی یەکێک لە نەخشەبەردەکانی بێتواتە لە دەقی نووسینەکەی بێتواتەدا باس لە ناوەڕۆکی تێکستی هێرشێک دەکات بەسەرپەشتی (زابازونا)ی کوڕی (ئیدی سین)ی پادشای وڵاتی (سیمووروم) بۆ سەر شارێک بەناوی (کولونوم)، ئەم شارە کەوتۆتە نزیکی بێتواتە، بۆچوونی (فرەین) شاری (کولونوم)ی کۆنی بەگوندی (گوڵان)ی ئێستا لەقەڵەم داوە، ئەم گوندە دەکەوێتە دۆڵی شاوریێ باکووری ڕۆژئاوای ڕانیە و لەباکوری گوندی بێتواتە دایە، دووبارە ئەوەمان بیردێنێتەوە، شاری (کولونوم) لەگەڵ گوندی بێتواتەدا یەکانگیر دەبێت[١٣٥].

---

١٣٢کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٤–٢١٥.

١٣٣ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ....، مصدر السابق، ص ٧٤.

١٣٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

١٣٥ ئەردەڵان عوسمان حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

نووسـراوەكە دەڵێـت: (زابازونـا) كـوڕی پادشـا (ئیـددین - سـین) لەگەڵ یەكێـك لە دراوسـێكانی كەوتە دوژمنـایەتیەوە كە نـاوی (كولوننـوم) بـوو، سـەربە شانشـینی (كـاكموم) نـاوی ئەم شـارە تەنیا لە دەقە نووسـراوەكانی بێتـواتەدا هـاتووە، تائێسـتا بەرچاومان كەوتووە. كە لە نزیكی بێتواتەیە، زنجیرە چیای ماكۆك لەنێوانیان دایە، (زابازونا) هەڵمەتێكی سـەربازی دژی (كولوننوم) ئەنجامدا، پێدەچێت خواوەندەكانی (ئەداد - Adad، عەشـتار - Išhtar، نیشـبا - Nišhba)، نیازەكـانی شـارەزا بـوون بە (كولوننوم) بۆیە دەردەكەوێت خواوەندەكانی قایل بوون بەوەی (زابازونا)بتوانێت ئەو شـارە خـاپوور بكـات. (زابازونـا)ش وەك پاداشـت و بـۆ پێزانین بەو خـزمەتەی خواوەنـدەكان بۆیـان كـرد (زابازونـا - Zabazunā) شـاری (كولوننـوم)ی تەرخـان كرد بۆیان و مێزی بۆ عەشـتاIšhtar) و (ئەداد - Adad) داناوە، بەڵام (زابازونـا - Zabazunā) تەختی پادشایەتی بۆ خواوەند (نیشبا - Nishba) دانا[١٣٦].

دواتر لەو تۆمارە مێژووییەدا برگەیەكی دورودرێژ دێت، پڕیەتی لە نەفرەت دژ بەو كەسـەی نەخشـەهەڵكەندراوەكانی دەسـڕێتەوە، یـاخود كـارە دەسـتیەكانی تێـك دەدات، كـارە نەفرەتیەكـانیش لەلایەن خواوەنـدەكانی (ئـانو - Anu، ئینلیـل - Enlil، نیخورسـاگ - Ninkhursag، ئینكـی - Enki،سـوێن - Suen، ئەداد - Adad، شەمەش - Šhamašh، عەشـتار - Išhtar، ئینانسـیانا - Ninansianna و نیشـبا - Nišhba) دێن، نەفرەتەكە تەنیا بەو كەسە كۆتایی نایەت، بەڵكو دەگوێزرێتەوە بۆ نەوە و میراتگرەكانی[١٣٧].

(وۆكەر) نووسـینەكەی بێتـواتە بەیەكەمـین نووسـینێكی تائێسـتا زانـراو لەقەڵەم دەدات، باوكێك بۆ یادەوەری دەستكەوتەكانی كوڕەكەی تەرخـان كرد بێت، ئەگەر وەرگێڕانەكەی ئەو واتایە بێت نووسەرەكەی ویستوویەتی بیدات، یان بەشێوەیەكی سادەتر وەری بگرین: (ئیـددین - سـین) خۆی هێشـتا پادشـا بووە نوێنەرەكەی كە كـوڕەكەیەتی، بە نـاوی پادشـای بـاوكیەوە كردەوەیەكـی سـەربازی ئەنجـام داوە، سـەركەوتنەكەی لەلایەن پادشـای كـارا خـۆیەوە پێشـكەش بە خواوەنـدەكان كـراوە،

---

١٣٦ دكتۆر عەبدول هادی فوئادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

١٣٧ كتۆر عەبدول هادی فوئادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

بەڵام دەبوایە ناوی (زابازونا)ش لە نووسینەکەدا بهێنرێت، بەپێی ئەوەی (زابازونا) فەرمانڕەوای ئەو شوێنە بووە، ئاژاوە و یاخیگەریەکە لێی بەرپا بووە، هیچ نەبێت بۆ مەبەستی پروپاگەندەیی. نووسینەکە ناوی خواوەندان, (ئەدەد Adad، و, ئیشتارIštar ، و,نیشبا NIšBA)ی هێناوە، فەریان بە پادشا بەخشیوەو لەشەڕی دژی (کولوننوم) یارمەتیان داوە، بۆیە وەک سوپاس و پێزانین خوانی بۆ (ئەدەد و ئیشتار) ڕازاندۆتەوە و تەختێکی بۆ (نیشبا) هەڵبەستووە، لە کۆتایی نووسینەکەدا لیستێک نەفرەت و تووک دێت لە هەر کەسێک دەستکاری نووسین و نەخشەکان بکات و بیان شێوێنێت[١٣٨].

وا دیارەی دوای داگیرکردنی (کولوننوم) (ئیددین – سین) کوڕەکەی کردۆتە فەرمانڕەوای (کولوننوم)، چونکە لە نووسینەکانی بێتواتە دەردەکەوێت، کوڕێکی بەناوی (زابازونا – Zabazuna)، هەبووە، هەندێک بەڵگەی نووسراوی دۆزراونەتەوە، ئەمیش وەک باوکی لە ڕووی سیاسییەوە چالاک بووە، وادیارە (زابازونا) بەناوی باوکیەوە فەرمانڕەوایی(کولوننوم)ی کردووە، چونکە ئەو کاتەی نووسینەکانی بێتواتە نووسراونباوکی هێشتا لە ژیاندا بووە[١٣٩]. پێدەچێت شانشینەکانی ناوچەکە ترسیان لە (ئیددین – سین)ی پادشای (سیموروم) هەبووە،فراوانخوازیەکەی گەیشتبووە ئاستێک دراوسێکانی مەترسیان لەسەری پەیداکردبوو، لەبەر ئەوە دەیانویست ڕێ گری لە هەنگاوە فراوانخوازیەکانی بگرن، پێدەچێت دوای داگیرکردنی (کولوننوم) هەوڵی خۆ ڕزگار کردنی دابێت، چونکە نووسینەکە بەڕاشکاوی دەڵێت: گوایە (کولوننوم) دەست پێشکەر بووە، لە دوژمنایەتی کردنی (سیمورروم) شەڕی هەڵگیرساندووە.

هەروەها لەنووسینەکەی (ئۆرشەلیم) و تەنانەت لە نووسینەکەی (ئێرڕیدو – پیزیر)یشدا (شافەر) و (ڤاسەرمان) شتێکی وایان تێبینی کردووە[١٤٠]. ئەو دێرانەی لە نووسینەکە ماونەتەوە بەناونیشانە شاهانەکانی پادشا دەست پێ دەکەن، پاشان

---

١٣٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣.

١٣٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٧–٢٠٩.

١٤٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

سەربوردەی (کاکموم) و شارەکانی ژێر دەستی دەگێڕێتەوە، (ئیددیـ (ـن) – سین) توانیویەتی لەتاکە یەک شەودا داگیریان بکات و وێرانیان بکات، (کاکموم) شاری (کولوننوم)ی داوەتە دەست (سیموررووم)(iii 4 – iv 3) شتێکی لەم جۆرە لە نووسینەکەی هەڵەدنی تێبینی دەکردێ: پادشا (ئیددی (ـن) – سین) "وڵاتی ئوتو – وێ Utuwe ی لەدەستی کاکموم سەندەوە، ئەمجا کاکموم ی وێران کرد" ئەمە مانای وایە (ئیددیـ (ـن) – سین) ناوچە و هەرێمە ژێر دەستەکانی (کاکموم)ی یەک لەدوای یەک لەژێر دەستی (کاکموم) دەرهێناو دەیخستەسەر شانشینەکەی خۆی، دیارە (کاکموم) زلهێزەکەی تری کوردستانی کۆنی ئەم سەردەمە بووە، چونکە هەر وەک دەبینین، (سیموررووم) تەنیا لەسەر حسابی (کاکموم) دەیتوانی فراوان بێت، زۆربەی ئەو سەرزەمینانەی (سیموررووم) دەیویست دەستیان بەسەردا بگرێت، لە ژێر دەستی (کاکموم) دابوون، (ئیددین – سین) خۆی باسی ڕابردووی شکۆداری (کاکموم) دەکات و دەڵێت: "وڵاتی کاکموم، لە ڕۆژ (ان)ـی زوویەوە باجی [بە]هیچ کەس [نە]داوە". بەڵام هەڵێنجانێکی تریشی ئەوەیە نووسینەکەی (هەڵەدنی) پێش نووسینەکانی (ئۆرشەلیم) و بێتواتە نووسراوە  و لەوان کۆنترە، ئەم باوەڕەمان ئاراستەی بەرەو پێش چوونی (ئیددین – سین)ە، کۆزاد محەمەد ئەحمەد دەڵێت: هەموو بەڵگەکان وا پیشان دەدەن، لە باشوورەوە بەرەو باکوور هەڵکشابێت، لەم بارەدا دەبوایە لەپێشدا (ئوتوم) بگرێت کە بەدەشتی ڕانیە و دەوروپشتی دەزانرێت، ئەمجا (کولوننوم) لە بێتواتە بگرێت، جۆرێکی تر بڵێین لەپێشدا دەشتی ڕانیەی گرتووە و یادی گرتنەکەی لە نووسینەکەی (هەڵەدنی)دا تۆمار کردووە، لەکاتێکی دواتردا (کولوننوم)ی لە ناوچەی بێتواتە گرتووە، کە کەوتۆتە باکووریڕۆژئاوای (ئوتوم)ەوە، و بۆ یادی ئەمیان نووسینەکەی بێتواتەی جێ هێشتووە[١٤١]. بەڵام ڕاستیدا دەکرێت دەشتی بیتوێن ڕانیەی داگیر نەکردبێت، تەنیا بەشی ڕۆژئاوای بیتوێنی داگیرکردبێت، لە بێتواتەوە ڕاستەوخۆ بەچیای ماکۆکدا سەرکەوتبێت و (کولوننوم)ی داگیرکردبێت.

---

١٤١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٩.

لەبەڵگەیەکی تر ناونیشانی (نیشبا)ی گەورە خواوەندی شانیشینەکە کە (ئیددین سین) تۆماری کردووە، لە نووسینەکەی (هەڵەدنی)دا دەڵێت "پادشای٨ کولیشوم - Kulišum "واتە پادشای ٨ هەشت هەرێمان، کەچی لە نووسینەکەی (ئۆرشەلیم) دا دەبێتە "پادشای ٩ نۆ کولیشوم(14 i)" Kulišum ئەویش پاش ئەوەی (کولوننوم)یشی خستووتە سەر خاکی شانشینەکەی خۆی، دیارە چەندین هەرێم لەم نۆ هەرێمە ژێر دەستە لەوانەن لە هەموو نووسینەکەدا ناویان ڕیز کراوە[١٤٢]. دەشێت پێشنیاری ئەوە بکەین پاش ئەوەی لەپێشدا (ئیددین - سین) (کولوننوم) دەخانە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، (زابازونا)ی کوڕی دەکاتە فەرمانڕەوای (کولوننوم) و نوێنەری پادشا تیایدا، - بابەتی نوسینەکەی (ئورشەلیم) - (کولوننوم) لە دژی (سیموررروم) ڕادەپەڕێت و ڕاپەڕینەکەی لەلایەن (زابازونا) خۆیەوە تێک دەشکێنرێت، بەڵام هەر بەناوی باوکیەوە یادی ئەم کارەیان لە نووسینەکانی بێتواتە پارێزراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نووسینەکانی بێتواتە کەمێک دوای نووسینەکەی (ئورشەلیم) دواترن، کە ناوی (زابازونا)ی تێدا نەهاتووە - هیچ نەبێت لەو بەشانەدا کەماون - . ئەوەی زیاتر پاڵپشتی ئەم ڕایەشمان دەکات، ئەو تێبینی یەی (شافەر) و (ڤاسەرمان)ە، سەبارەت بەهەندێک سیمای ئێپیگرافی یانەی[١٤٣] نووسینەکەی (ئورشەلیم). هەندێک لەم سیمایانە دەری دەخەن (خەت لێدەر)ی نووسینەکانی بێتواتە هەمان خەت لێدەری نووسینەکەی (ئورشەلیم) نەبووە، بەڵکو کەسێکی تر بووە[١٤٤].

تێکستی یەکەم: ئەم تێکستە لەلایەن (د. عەبدول هادی فوئادی) خوێندرایەوە و شیکردنەوەشی بۆ ئەنجامدراوە کە (٦٦) دێر لە خۆدەکرێت، زۆر بەباشی ماوەتەوە و تووشی هیچ جۆرە شکانێک نەهاتووە، ڕووبەری ئەم بەردەش (٩٠×٥٤×١٢ سم)ە، ئەمەش دەقی خوێندنەوەی نووسراوەکە و ماناکەیەتی: "ئیدی سین (خواوەند ئیدی سین: ئەم پادشایە خۆی بەخواوەند دەزانی) پاشای بەهێز پاشای وڵاتی

١٤٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.

Epigraply١٤٣ واتە شێوەی نووسین و ڕێنووسی خەتی کۆن، لەم بارەدا نووسینی مێخی Shaffer and Wasserman, p. 30.

١٤٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

سـيموروووم، شـاری (کولوننـوم) بـووه دوژمنـی (زابازونـا)ی کـوڕی و دژی وەستاوەتەوە و هێرشی سەربازی کردە سەر (کولوننوم)[١٤٥]، نیازی خواوەندەکانی (تششوپ) و (شاووشکا) و (نییشبا) گوێ بیست بوو، ئەویش شارەکەی بۆ ئەو خواوەندانە وێران کرد، عەرشەکەشی تەرخان کرد بۆ خانمەکەی، خواوەند (شاووشکا) و تێیدا دانا، هەرکەسێ ئەم نووسراوەم ڕەشکاتەوە یان تێکی بدات یان دژی ناوەکەی بێ، یان ئەو کەسەی بۆ ئەو کارەی هان دەدات، ئەوا دەکەونە بەر نەفرەتی ئەم خواوەندانە (ئینلیل، نینخورساک، ئێنکی، سین، تیششوپی بەرپرسی چەکەمەنی، ئوتوی گەورەی دادپەروەریو شاووشکای خانمی جەنگ و نینانسیاننا)، خواوەندەکان و خواوەندی گەورە (نیشبا) خراپە و نەفرەت لە کەسەکە و تۆوی دەکەن، ڕەچەڵەک و بناغەکەی وێران دەکەن، ژیانیش نابەخشن بەنەوەکانی بارانیش لەکاتی دروێنەدا بەسەریدا دەبارێنن، سەرەڕای ئازاردانی سەربازەکانی"[١٤٦]. ئەم شارە چەند جارێک لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی پادشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور ناوی هاتووە و ئامانجێک بووە بۆ شەڕەکان بەتایبەت لەسەردەمی (شولگی) دا[١٤٧].

ئەو ناوانەی لەو نووسراوانەدا ناویان هاتووە:

١ - (ئیدی - سین Edi - sin): هەرچەند مێژووی ڕاستەقینەی (ئیدی - سین) دیاری نەکراوە، بەڵام لەوانەیە بۆ سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور بگەڕێتەوە، بەڕوونی دیارە ئەم پادشایە کاریگەری بنەماڵەی سێیەمی ئوری لەسەر بووە، چونکە دەتوانین هێمای خوایەتی شانبەشانی ناوەکانیان ببینین (eg. Edi - sin)، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات لاسایی بنەماڵەی سێیەمی ئوریان کردۆتەوە، بۆیەکەم جار ناوی ئەم پادشایە بۆ چەند جارێک لە نووسراوەکانی سێیەمی ئوردا دووبارە کراونەتەوە، بەتایبەت داگیرکاریەکانی (شولگی ٢٠٥١ پ.ز).

هەروەها لەچەند سەرچاوەیەکی تردا خوایەتی ئەمانە جەختی لەسەر کراوەتەوە، (ئیدی - سین) هەڵساوە بەدانانی هێمای خوایەتی لەبەردەم ناوەکانیان و خۆی بە

١٤٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٠.

١٤٦ ئەردەلان عوسمان حەسەن، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/٢، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٥.

١٤٧ دکتۆر عەبدول هادی فوئادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

پادشـا بـاس کـردووه[١٤٨]، (ئیـدی – سـین) پادشـا یەکێـک بـووه لەوانەی نیشـانەی خوایەتی لەبەردەم بووە، بڕگەکەشی بەمانای بەرزی هاتووە.

٢ – (زابازونا dzaba – zu – nā – ): نووسـراوەکان دەڵێن (ئیدی – سـین) کوڕێکی هەبووە ناوی (dzaba – zu – nā) بووە، لە دەقەکەدا وەک پاشا باس نەکـراوە، بەڵام ئەویـش وەک بـاوکی هێمـای خـوایەتی لەبەردەم نـاوەکەی بـووە، (fouadi (sumer).p.p.12 A) دەقەکە پێمان دەڵێت (زابازونا) بۆتە دوژمنی شـاری (kulunnum) و هێرشـی سـەربازی کردۆتەسـەر (کولوننـوم)، ئەو خوایـانەی ئەو دیـاری کـردوون (ئـادەد، ئیشـتار، ئیشـبان)، بەئامـانجەکەیەوە پەیوەسـت بـوون و مزگێنی سەرکەوتنیان پیشانی ئەودا، (زابازونا) توانی شارەکە کاول بکات[١٤٩].

٣ – (سیموروم –Si – mu – ri – im$^{ki}$): هەرچەندە لەناو دەقەکانی بێتواتە دا شوێنی جوگرافی ئەم شارە دیاری نەکراوە، بەڵام چەندین سەرچاوەی تر شـوێنی ئەم شـارەیان دیـاری کـردووە، نـاوی ئەم شـارە چەنـدین جـار لەلایەن بنەمـاڵەی سـێیەمی ئـور (٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ.ز) بەتـایبەت (شـولگی) دووبـارە کـراوەتەوە، ئەم شـارە نـاوی لەگەڵ مەڵبەنـدەکانی بـاکور، وەک ئوربیلـوم، ئەربـائیلو= هەولێـر و (سـیموروم – simurrum)، هەروەهـا (شـولگی) لە بیسـت و چـوارەمین سـاڵی فەرمانڕەوایـدا لە شـاڵاوە سـەربازیە سـاڵانەییەکەیدا بەسـەر زنجیرەیەکـی درێـژی دەشـت و گردەکـانی کوردسـتان سـەرکەوت، شـانۆی ئەم ئۆپەراسـیۆنانە هەرێمێکـی لاکێشـەیی بـوو، بەشـارەکانی (شاشـروم، ئوربیلـوم، هـارش)ی دیـاری دەکـران، مەڵبەندی ئەم هەرێمە لاکێشـەییە (سیموروم) بوو، دەستی بەسـەرداگرت و کـاولی کـرد، ئەم هەرێـمە خـووری یەکـانی تێـدا نیشــتەجێ بـوون. لەگەڵ لوللوبیەکـان هاوپەیمان بوون، هۆکاری هێرشـی دوژمنەکان لەوانەیە هەڕەشـەیان لە دوو ڕێگای گەورەی بازرگـانی کردبێت، یەکێکیـان بەدرێژایـی دیـالە بەرەو ئێـران بـووە، ئەوەی تریشـیان بەرەو ئەرمینیـاو ئەنـادۆڵ ڕویـوە. لە کۆتایـدا (شـولگی) سـەرکەوت و ئەم بەشەی کوردستانی گێڕایەوە سەر ناوچەی سۆمەرییەکان ٢٠٥١ پ.ز .

---

١٤٨ د. جمال رشید، فوزی رشید، مصدر السابق، ل ٦٩.

١٤٩ کۆزاد ئەحمەد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٤ - (کولونوم ku - lu - nu - um ki): ناوی ئەم شارە تەنیا لەدەقە نووسراوەکانی بێتواتە هاتووە، دەکەوێتە نزیک بێتواتە[150].



**نەخشەی ژمارە (٥)، نەخشەی شانشینە کۆنەکانی زاگرۆس**

١٥٠ ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

# بەشی شەشەم
# شانشینی ئوتوم

هەولێرەی کتێب

شانشینی (ئوتوم - Utûm) هەرێمی بیتوێنی ئێستا، لە ڕابردووی دووریشدا بەردەوام گۆڕەپانی ڕووداوەکان بووە، بێگومان داڕشتنەوەی کرۆنۆلۆجی ورد و دروستی ڕووداوەکان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام (Eidem) بە پشتبەستن بەسەرچاوەکان و دەقەکانی شمشارە و ماری تاڕادەیەکی زۆر لە داڕشتنی کرۆنۆلۆجی پێشهاتەکانی ئەو سەردەمەدا سەرکەوتووە، کارێکی گونجاوە (ئایدم) ئەو سەردەمەی ئەرشیفەکەی شمشارەی تێدا نووسراوە و باسی دەکات، بەسەر سێ دەمدا دابەش کردووە:

١ - سەردەمی پێش ئاشووری.

٢ - سەردەمی باڵادەستی ئاشووری

٣ - سەردەمی پاش ئاشووری

نامەکانی شمشارە بەپێی ناوەڕۆکیان و ئەو بەسەرهاتانەی باسیان دەکەن، دەشێت دابەش بکرێتە سەر دوو دەمی سەرەکی. دەمێکی زووی نامە گۆڕینەوەی

ناوخۆی نێوان سەردارانی زاگرۆس و (کوواری) [1]، ئەمجا پاش ئەو، دەمێکی دواتر کە وەک هاوپەیمانیەک پاڵیدایە لای ئاشوورییەکان و تیایدا (شوشاررا) بووە هەرێمێکی ژێر دەستی (شەمشی – ئەدەد)ی پاشای ئاشوور.

دەمی یەکەم کورت بوو، بەچەند مانگێکی کەمی بەهار مەزەندە دەکرێت، هەرچەندە چەند نامەیەکی کەمی کۆنتر بەچەند ساڵێکیشیان تێدایە، بەڵام دەمی دووەم درێژترە و ڕووداوەکانی باسی دەکەن، بەدرێژایی هەردوو (٢٨)ەمین و (٢٩)ەمین ساڵی فەرمانڕەوایی (شەمشی – ئەدەد)دا دابەش بوون.

**سەردەمی پێش ئاشووری**

لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، خورییەکان، کە نەتەوەیەکی کۆنی نیشتەجێی کوردستان بوون، بنەچە و باپیرانی کوردی ئەمڕۆن، کۆمەڵێک میرنشین و شانشینیان لەشێوەی دەسەڵاتی ئەمڕۆ دامەزراند بوو، لە چیاکانی زاگرۆسەوە تا ڕۆژهەڵاتی دیجلە و باکووری سوریا درێژ دەبوونەوە، ئەو پادشایانەی فەرمانڕەواییان دەکردن بەشی زۆریان ناوی خورییان هەبوو، یەکێک لەوانە لەسەردەمی پێش هاتنی ئاشوور، شانشینی (ئوتوم –Utûm) هەرێمی بیتوێنی ئێستا، سەر بە شانشینی (توروککو) بوو، فەرمانڕەواکەی (کوواری – Kuwāri) ناوێک بووە، بڕێکی باش سەربەستی خۆی هەبوو، زۆر لەوە دەچێت فەرمانڕەوایەک بووبێت بەناوی پادشای (توروککی)یەوە فەرمانڕەوایی کردبێت، وەک باسمان کرد (توروککو یا توروککی) یەکێک لە هۆزە گەورەکانی خوری بوون، لە ناوچە کوێستانیەکانی باکوور و باکووری هەرێمی بیتوێن – ڕانیە نیشتەجێ بوون، لەلای ڕۆژئاوا هاوسنوری شانشینی (قەبرا) بووە، توروککییەکان فدڕاسیۆنی هۆزە خورییەکان بوو، یەکێک بوو لەو شانشینە خورییانەی بە هەموویان یەکێتی

---

١ ناوی کوواری لە چاگاربازاڕ و (ئالالاخ) و نوزی هاتووە، لە نوزی، چۆنیەتی نووسینی وشەکە بەم دوو جۆرە هاتووە (ku–a–ri و ku–u–a–ri) چۆنیەتی نووسینی ناوەکە وەک لە دەقەکانی نوزی دا باوە، دەریدەخات دەبێ بڕگەی دووەم بخوێندرێتەوە: –wa– ناوەکە بۆ پیاویش و بۆ ئافرەتیش بەکاردێ، بەراوردی بکە لەگەڵ ناوی (kuwaria) لە ماری و هەر وا لەگەڵ ناوی (kuari) یش کەلە دەقە ئاشوورییەکانی دوایی سەر بەنەمرود هاتووە، کە ناوی کابرایەکی خەڵکی شاری [سونبگ]یە، بۆ هاتنی ناوە خورییەکان لە قۆناغەکانی دواوەشێوە نووسینی (ku–wa–ri–im) یەک جار لەدەقەکانی شمشارە دا هاتووە: (SH 900,1) نامەیەکە لە پانی (pa–an–ni) یەوە، بۆ ئەمەش بگەڕێوە بۆ (٢٤. §SH. 874) لێکدانەوەی دێری (٣) لەخشتەکانی گردی شمشارە. بڕوانە: یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

شانشینی (توروککی)یان پێکهێنابوو، گەمەکاری سەرەکی بوون، لەو کاتەدا بەهێزترین پاشای (توروککی)یەکان ناوی (تالپور - شارری - Talpušarri) بوو، پایتەختەکەی شاری (کونشوم - Kunšum) بوو، (کوواری) فەرمانڕەوای (ئوتوم) هەرچەندە سەرکردەیەکی ناوچەیی بوو، بەڵام خەڵکی شاری (شوشاررا) نەبوو، بەڵکو بێگانەیەک بوو، لەلایەن پاشای (توروککو) کراوە بە فەرمانڕەوای ناوچەکە. بەپێی بەڵگەکان دەردەکەوێت فەرمانڕەوایی (کوواری) و بوونی دەسەڵاتی (توروککی)یەکان لە وڵاتی (ئوتوم) نوێ نەبووە، بەڵکو خۆی و بنەماڵەکەی دەمێک بووە لەوێ فەرمانڕەوا و کاربەدەست بوون.[2]

لەسەردەمی کۆنی پێش ئاشووردا شانشینی (ئوتوم - Utûm)، پایتەختەکەی شاری (شوشاررا - Šušarrā)[3] بوو، شانشینی (ئوتوم) یەکێک لە وڵاتە گرنگەکانی کوردستانی دێرین بوو، لەڕۆژهەڵاتی دیجلەوە، لەسەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی بابلی کۆن بە (ئوتوم - Utûm) ناوی هاتووە، (شوشاررا)ی پایتەختی لەهێرش و لەشکرکێشیەکاندا ناوی هاتووە[4]، لەڕووی سیاسیەوە ڕۆڵێکی گرنگی لەناوچەکە گێڕاوە.

شاری (شوشاررا)ی پایتەختی وڵاتی (ئوتوم) لەسەردەمی (شەمشی - ئەدەد) پاشای ئاشوور و (ئیشمی - داگان)ی کوڕی شارێکی بەناوبانگ بووە، هەموو دەوروبەری بەناوی ئەوەوە هەڵدراوە، وەکو مات ش (وڵاتی ش) ئاماژەی بۆ کراوە، دیارە ئەم بارودۆخە ئەوە دەگەیەنێ (شوشاررا) لە سەدەی (١٨ی پ.ز) بنکەیەکی کارگێڕی و سەربازی گرنگ بووە[5]. نامەکانی شمشارە و بەڵگە کارگێڕیەکان،

---

٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.

٣ شوشاڕڕا: بڕوانە دەقی نامەی SH.827, 1. 25-26: بۆ ئەوەی بەڵکو ئیتر بەرامبەر وڵاتی ئوتوم و شاری شوشاڕڕا دۆستانە بجوڵێنەوە. بۆ ئەم نامەیە بڕوانە :

Læssøe, J., “IM 62100: A Letter from Tell Shemshara “studies in Honour of B. ,Landsberger on his 75 BirthdayChicago, 1965,p.193

لەکتێبەکەی ئایدیم و لیسۆدا دەقی (SH825) لە هەمان ئەم بابەتەی سەرەوەدا هاتووە ئاماژەیەکی گرنگی تێدایە، باسی کۆکردنەوەی هێز و لەشکر دەکات لە شوشاڕڕا و شوێنی ترەوە، پاشان لە کۆتاییدا لەپشتی لەوحەکە، کۆی هێزەکانی داوەو نووسیویەتی کۆی هەموویان ٥٠٠ چەکدار لە وڵاتی ئوتومەوە، بەڕوونی دەری دەخات شوشاڕڕا شارێکی وڵاتی ئوتوم بووە. بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١.

٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١.

٥ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

زانیاری گرنگیان تێدایە ئەوە دەردەخەن شمشارە شارێکی زۆر کۆن بووە لە وڵاتەکەدا، سەرچاوەی سەرەکی ناوەندی کۆنترۆڵی سەرەکی بووە بەسەر ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ناوچەیەکی گرنگ بۆ پیشەسازی کانزایی لە ژێرسایەی ئاشوورییەکان بووە،[٦] دواترش هەر لەسەردەستی ئاشوورییەکان هێرش و پەلاماری برایەسەر و وڵاتەکە داگیر کرا و کۆشکی (کوواری) سوتێنرا. بۆ ئەوەی باری سەرکەوتن و پێشکەوتن و شارستانیەت و دواتریش کەوتنی شمشارە شارەزابین، دەبێت لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕوانگەی ئەو دەقانەوە بکرێت، کە لەئەنجامی کنە و پشکنیندا لەوێ دۆزراونەتەوە، لەگەڵ نامەکانی ماری و تۆماری لەشکرکێشیەکانی سومەری و ئەکەدی و ئاشووری.

لێکۆڵینەوەی نێردەی دانیمارکی دوکان[٧]لە شوێنەوارە هەڵکۆڵراوەکانی دەشتی بیتوێن، زانیاری و سەرچاوەی زۆر گرنگی لە کۆمەڵێک شوێن ئامادە کردبوو، گردی شمشارە لەسەر زێی بچوک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕانیە تاقی کراوەتەوە و هەڵکۆڵراوە لەلایەن شارەزاکانی نێردەی دانیمارکی دوکان لەژێر سەرپەرشتی (دەزگای کالیسبێرگ و دەزگای پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی زانستی حکومەتی دانیمارک) کاری تێداکرا، بیرۆکەی هەڵکۆڵینی شوێنەواری کۆنینە لە ناوچەی دەشتی بیتوێن، کە لەلایەن دەزگای دانیمارکیەوە ئەنجام درا، دکتۆر لیسۆ ئەو کەسەی کە لێپرسراوی ئامادەکاری بوو، پڕۆژەکەی گرتەئەستۆ لەگەڵ کرێکاری وریا، پارەی پێویستی پڕۆژەکەش لەلایەن دەزگای کالیسبێرگەوە ئامادەکرا، لەگەڵ دەزگای پەرەپێدانی زانستی حکومەتی دانیمارک..

بۆ بەجێهێنانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گردی شمشارە هەڵبژێردرا، ئەم گردە دەکەوێتە دەشتی بیتوێن لە باکووری ڕۆژئاوای دوکان لە نزیک تەنگەبەری دەربەند

6Jorgen Læssøe, The Bazmusian Tablets, Sumer, XV. (15), P: 15-18.

٧ نێردەی دانیمارکی دوکان بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەواری لە ساڵی ١٩٥٧ پێکهات، لەلایەن ئەم کەسانەوە دکتۆر یورگین لیسۆ پڕۆفیسۆر لە بواری ئاشوورییەکان لە زانکۆی کۆپنهاگن وەک جێگری لێپرسراوی نێردەی ئەندازیاری و تەلارسازی، میستر مۆگنس، و خاتوو ئان- کاثرین بەڕێوەبەری شوێنەوارناسی، مستر فلمینگ بۆهانسنیاریدەدەوری هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی بوو، لێپرسراوی نێردەکە دکتۆر هارالد پڕۆفیسۆر بوو لە زانکۆی ییڵ ئەمریکی، بەبەشداری بەڕێز خالید ئەلئەعزەمی لەگەڵ نێردەی ناوبراو، وەکو نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارناسی گشتی دێرین، لە حکومەتی عێراق. بەردەوام کرێکاری بەکارهێنراو لەم هەڵکەندنەدا (٤٠) کرێکار بوو، لە کرێکاری ناوچەیی و (١٠) کرێکاری شەرگاتی. بڕوانە: -Harald Ingolt Director,Danish Dokan Expedition, VOL. XV. (13), NOS 1&2, 1957, P: 214.

(دەربەندی ڕانیە) لەنێوان شاخەکان دەورە دراوە، پێوانەی ئەم گردە درێژی لە بنکەکەی نزیکەی (٧٥) مەتر و بۆسەرەوە (٢٥) مەترە، بەرزیەکەی لە ڕووی زەوییەوە (١٩) مەترە، بەدرێژایی هەڵکۆڵینەکە بۆ باکوور، بەڵام لەلای خوارووی بەرزییەکەی لەڕووی زەویەوە لە ١٣ مەتر تێپەڕ ناکات، درێژی هەموو گردەکە نزیکەی (٣٣٠) مەتر دەبێت، دەستبەکار و بەهەڵکەندن کرا لە (١٩)ی مایس تا سەرەتای ئابی (١٩٥٧ز) بەردەوام بوو.[8]

ئەم بەرنامەیە بەشێک بوو لە پەرەپێدانی زانستی پرۆژە زانستیەکە و بۆ ماوەی (٣) مانگ بەردەوام بوو، کۆمەڵێک خشت (تابلێت)یان دۆزییەوە بەنووسینی مێخی (بزماری) لەسەریان نووسرابوو، بەشێک لە خشتەکان بەزۆری وەکو سەرچاوەی نامەی زانیارین یان بەشی نامەن کەدەگەڕێنەوە بۆ سەدەی (١٨ی پ.ز) لەو تەلارەی کە هەڵکۆڵینی بۆ کراوە و بەشێک بووە لە هەڵمەتی هەڵکۆڵینەکە بە شێوەیەکی کورت و پوخت ئەو زانیاریانە پێشتر بڵاوکراونەتەوە.

خشتەکانی شمشارە لەناو ژوورێکی سەربە خانوویەک لە شمشارە دۆزراونەتەوە، لە کلکەی خوارەوەی گردە قوچەکیەکەی (شمشارە)یان دەرهێنا، ئەگەر لەسەرەوەڕا حسێبی بکەین دەکەوێتە ئاستی نیشمەنی پێنجەمی (الطبقة الاستطانية الخامسة) لەم بەشەی گردەکە، خشتەکان ژمارەیان (١٤٦) خشت بوو، لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی قوڕینی تر دۆزرانەوە.[9]

دواتر لە هاوین و پایزی ساڵی (١٩٥٨ - ١٩٥٩) لەلایەن تیمێکی فەرمانگەی شوێنەواری عێراقی بە سەرپەرشتی (عەبدولقادر تکریتی) هەڵکۆڵین بەردەوام بووە لە شمشارە، بەشێکی تری هەڵکۆڵینەکە لەشمشارە ئەنجامدراوە لەژێر سەرپەرشتی بەشی شوێنەوار لە کۆماری عێراق، کۆمەڵێک تابلێتی تریان دۆزییەوە لە ژوورێکی تر بوون لەهەمان خانوو، کۆمەڵێک سەرچاوە و زانیاری تری تێدابوو دەربارەی لایەنی کارگێڕیی بەهۆی هەڵکۆڵینی بەڕێوەبەرایەتیەکەی کە لەدەشتی ڕانیە ئەنجامدراون.

نامەکانی شمشارە ئەوە دەردەخەن زانیاریەکی کۆن لەو شارە ئاشکرا دەکەن، زانیاری زۆر دەربارەی شمشارە، کە تائێستا ئاشکرا نەکرابوون، ئەو نامانە

8Harald Ingolt- Director,Danish Dokan Expedition, The Danish Dokan Expedition, Sumer, A Journal of Archaeology and Historyin Iraq, Vol. XV. (13), NOS 1&2, 1957, P: 214.

٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

ناوچەیەکی زۆر گرنگ لە خۆ دەگرن، کە پێی گوتراوە (شوشارڕا)، ئەو بەڵگانەش لەگەڵ بەڵگەکانی بەناوی نامەکانی ماری لەگەڵ ئەرشیفی شمشارە ئەوە دەردەخەن شمشارە ناوچەی سەرەکی شوێنی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی بووە لە ڕانیە و لە دەشتی بیتوێن لەکاتی فەرمانڕەوایی (شەمشی ئەدەد)ی یەکەم لەسەردەمی ئاشووریدا، پێشتر هیچ بەڵگەیەک ئەوەی دەرنەخستووە دەربارەی مێژووی ئەو نامانە و سەردەمی هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زانیین.[10]

هەروەها لەسەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەدیاری کراوی لەساڵی (٢٠١٢ و ٢٠١٣) تیمێکی شوێنەواری دانیمارکی[11] سەردانی گردی شمشارەی کردووە، کارەکانی لە دوو ڕاپۆرتدا بڵاو کردۆتەوە، لەساڵی (٢٠١٢) لە پاشماوەی خشتەکانی شمشارە خشتێکی تر دۆزرایەوە، هەرچەندە خشتەکە هەموو تێکشکاوە و ناتوانرێت بەتەواوی چاک بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی ماوە دەتوانرێ زانیاری چاکیان لێ پەیدا بکرێ، کە بۆ لایەنی ئیداری بەکارهێنراوە.[12]

ئەم کۆمەڵە خشتە نووسراوانە، وەک دەقی نامە و بەڵگەنامەی کارگێڕی و لایەنی تر زانیاری زۆر گرنگیان تێدایە باری سەرنجی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، وەک جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی نێردەی دانیمارکی لە دوکان (یورگین لیسۆ) دەڵێت: هەرچەندە دەقەکانی شمشارە وەکو یەک کۆمەڵە پێشان دراون، بەڵام لەڕاستیدا بریتین لەچەند کۆمەڵەی جیاواز، ئەم کۆمەڵەیە بەڵگەی بازرگانی تێدایە، کە زۆربەیان خشتی بچووکن، بەشێکیان بریتیە لەنامە، نامەکان زۆربەیان ئاراستەی (کوواری) کراون، ئەمانە گەورەترن لە وانی پێشتر، ئەو زمانەی لەهەردوو جۆردا بەکارهاتووە و بگرە لە هەموو دەقەکانی شمشارەدا بەکارهاتووە، بە پیتی مێخی (بزماری) لەسەریان نووسرابوو، زمانی ئەکەدی[13] – بابلی کۆنە. لە هەردوو کۆمەڵە نامەدا نیشانەی دیالیکتی ئاشکرا دیارە، ئەو نیشانە دیالیکتانەی لەکۆمەڵەی یەکەمدا

---

10Jorgen Læssøe, The Bazmusian Tablets, Sumer, XV. (15), P: 15-18.

١١ ئەو تیمە پێکهاتبوون لە گروپێک لە ئەندامانی زانکۆی (Leiden) وە زانکۆی (Leipzig) پەیمانگای نینۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک (NINO) وە زانکۆی سەلاحەدین هەولیر، پێکهاتبوون لە (١٢) کەس. بڕوانە: ڕەسوڵ بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

١٢ ڕەسوڵ بۆسکێنی سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١١

١٣ زمانی ئەکەدی هەر لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دوو دیالێکتی سەرەکی لەخۆدەگرت، ئەوانیش: دیالێکی ئاشووری لە باکووری دوڵی دووڕووبار، دیالێکی بابلی لە ناوەڕاست و خوارووی وڵاتی دووڕووبار، جیاوازی نێوان ئەم دوو دیالێکتە، لەڕاناوەکان و دەربڕینی دەنگەکان و مانای وشەکان و ژمارەیەک لە بەکارهێنانە زمانەوانیەکان دەردەکەوێت. بڕوانە: گێرنۆت ڤیڵهێلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

هەن، لەڕووی زمانەوانیەوە پەیوەندییان لەگەڵ دیالیکتی بابلی کۆنی نامەکانی ماریدا هەیە، کەچی دیالیکتی نامەکانی کۆمەڵەی دووەم بەزۆری سیمایەکی بێگانەی جیاوازی هەیە، دەشێ ئەمە بکرێ بەبەڵگەی ئەو ڕاستیەی ئەوانەی جۆری دووەم لەبنچینەدا دەچنەوە سەر گەلێکی وا کە زمانی نەتەوایەتیان ئەکەدی نەبووبێ.[١٤] بێگومان ئەم دەقانە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە زۆر بەسوودن و دەکرێ وەک بەڵگە بەکاربهێنرێن، ئێمە زۆربەی ڕووداو و مێژووی (بوژانەوەی شانشینەکان)مان لەم دەقانە وەرگرتووە، ڕووداو و بەسەرهاتەکانیش ئەوەندە بەیەکداچوون و مێژووی شانشینەکان هێندە وابەستەی یەکتر بوون، هەندێک جار بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەم دەقانە دووبارە بوونەوەتەوە، ئەمەمان تەنیا بەمەبەستی زیاتر ڕوون بوونەوەی بابەتەکان بەکارهێناوە.

### ناوی شانشینی ئوتوم

شانشینی (ئوتوم) ناوەکەی بەشێوەی (ئوتوم – Utûm) و (ئوتێم – Utem) یان (ئوتوێ – Utuwe) هاتووە، واتای وڵاتی (خواوەندی خۆر) دەگەیەنێ، دەربارەی ناوی وڵاتەکە، لە یەکێک لەو دەقانەی لە گردی شمشارە لەکاتی هەڵکۆڵین دۆزراوەتەوە، لەنامەی (SH.812)دا کە (شێپراتو) یەکێک لەپادشایانی (توروککی) چیاکانی ئەو نزیکانە بۆ (کوواری) ناردووە، بۆی نووسیوە دەڵێت:

" **ئەگەر تۆ لە هەڵوێستەکەت کۆڵیوەتەوە و ترس لەبارەی (ئانا) وڵاتی ئۆتێم (هەیە)، ئەوسا وابکە لەشکرەکە بمێننەوە، بۆ ئەوەی وڵاتی ئۆتێم و شاری شوشارڕایێ بپارێزێ.**" [١٥]،

هەروەها لە شوێنێکی دیکەی هەمان نامەدا دەڵێت:

**"خەمی وڵاتی ئوتوم مان نابێت..."**

---

١٤ ئەو زمانەی لە دەقەکانی شمشارەدا بەکارهاتووە، لە نامەکانی کۆمەڵەی دووەم وەک لیسۆ دەڵێت: بەزۆری سیمایەکی جیاوازی بێگانەی پێوە دیارە کە ئەکەدی نەبووبێ، ئەوەش دەگونجێ زمانی ناوچەی ئوتوم و دەوروبەری بێت، واتە زمانی خورییە، کە لەلایەن پاشایۆکەکانی دەوروبەرو کەسانی ترەوە هاتوون، ئەوەش زیاتر لە ناوی کەس و شوێنی جوگرافی و شتی دیکەوە دیارە وەکو (شوشارڕایێ، قابارایێ، ئالیایێ، لوللو، ئینداششو، کوواری ...هتد) لیسۆش ڕای وایە دیالیکتی نامەکانی کۆمەڵەی دووەم دەچنەوە سەر گەلێکی وا زمانی نەتەوایەتیان ئەکەدی نەبووبێ، ئەوەش زیاتر ئەو کاتە ڕوون دەبێتەوە لێکۆڵینەوە لە هەموو دەقەکانی شمشارەدا بکرێت، بڕوانە: یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩-١٢

١٥ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

ئەمەش مانای وایە ئەم وڵاتە بە (ئوتوم یا ئوتێم –Utumیا Utem) ناوبراوە، پاشگری (m) ئەکەدییە، واتای (وڵات) دەدات، هەروەکو (کەمال نوری) ئاماژەی پێکردووە، دەبێ ئەم بڕگەیە لە خواوەندی خۆر (Utu)ەوە هاتبێت، ئەمە تاڕادەیەک دەشێت لە ڕاستیەوە نزیک بێت، ئەم بڕگەیە بڕگەیەکی سۆمەرییە، ئەگەر ئەو ئاماژەیەی سەرەوە ڕاست بێت، ئەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی ناوی (ئوتوم) لە دوو بڕگەی جیاوازی دوو زمانی جیاواز پێک هاتووە، ئەوانیش زمانی سۆمەری و ئەکەدین، هەردووکیان بەسەر یەکەوە بە واتای (وڵاتی خواوەندی خۆر) دێن[١٦].

(ئوتو – UTU) بریتی یە لە ناوی سۆمەری خوا (شەمەش). نازناوی (ئین – EN)ە، لەسەردەمە کۆنەکانی چەرخی بەرەبەیانی بنەماڵەکان و چەرخی شێوە نووسیندا، ڕەوشتێکی دوو سەدەی هەبووە، لەهەمان کاتدا فەرمانڕەواش بووە، بەر لەوەی ئەم ئەرک و فەرمانانە لەچەرخەکانی دوایدا هەندێکیان لە هەندێکی دی جیا ببنەوە، زۆربەی مەلیکەکان ناویان لە چەسپاندنی مەلیکەکاندا هاتووە، بڕگەی (ئین EN) یان لەبەردەمە، ئەمەش نازناوە نەک بەشێک لە ناوەکە.[١٧]

ئوتوم یەکێک لەوڵاتە گرنگەکانی کوردستانی دێرین بوو، لەڕۆژهەڵاتی دیجلەوە، لەسەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی بابلی کۆن بە (ئوتوم – Utûm) ناوی هاتووە، ئەم وڵاتە چەند شارێکی لەخۆ گرتبوو، (شوشاررا) یەکێکیان بوو، وەک وتمان ئەم وڵاتە بەشێوەی (Utuwe)ش ناوی هاتووە، ئەوە ڕوونە ئەم شێوەی لەم نوسینەدا هاتووە، واتە (Utuwe) شێوەی (خوری) یە، چونکە لە نووسراوەکەی غەریب هەڵەدنی: (ئیددین –سین) پادشای (سیموروم) لەو نووسراوەیدا هاتووە ( i – na qa – ti kak – mi – im kik, u? – ti – ir) وەرگێڕانی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەبێت: " (وڵاتی ئوتوێ Utuwe)ی لەدەست وڵاتی کاکموم[١٨]سەندەوە"، Utwe

١٦ ئەردەڵان عوسمان حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

١٧ طه باقر، مقديمه فی تاريخ الحضارات القديمه، اخر، الاول، بغداد ١٩٨٦، ص ٢٩٢–ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو،ل١١.

١٨ وەک لە باسی شانشی کاکموم ڕوونمان کردەوە زیاتر پێدەچێت لەنێوان (ئیکەللاتوم Ekallatum) و هەولێردا بووە، پێدەچێت ڕای (ئاستۆر) لە هەموویان شیاو تربێت، هەرچۆنێک بێت شاری (کولونوم= گوندی گوڵان)ی دۆڵی شاور لە باکووری ڕۆژئاوای قەزای ڕانیە، شانشینی کاکموم داگیری کردووە، دواتر (ئیددین – سین)ی پادشای (سیمورووم) لێی ستاندۆتەوە و خستویەتیە سەر شانشینەکەی خۆی، لەمەوە دەبێت کەوتبێتە باکوور یا باکووری ڕۆژئاوای رانیەی ئێستا. واپێدەچێت سنووری کاکمییەکان لەنێوان ڕەواندز و دەریاچەی ورمێ یان لە چیاکانی باکووری خۆرئاوای ڕانیە بەرەو خوار کشابێت تاکو نزیک (قەبرا)ی نزیک پردێ (ئاڵتون کۆپری) ئێستا.

شێوە خورییە ڕەسەنەکەی خۆیەتی، شێوەی بە ئەکەدی کراوی (Utum)ە[١٩]. هیچ دوور نییە ناوەکەی ئێستای (بیتوێن – Betwen) کاریگەری ناوە کۆنەکەی (Utwe)ی هەر لەسەر بێت. کە پێ دەچێت ناوی بیتوێن لە دوو وشە پێک هاتبێت، یەکەمیان وشەیەکی سامی (لەم بارەدا: ئارامی Bē⁄ Īt) بە واتای وڵات یان ناوچە دێت، لەناوی جوگرافی ناوچەکە دەشتی (بیتوێن)دا دەبینرێت،[٢٠] دکتۆر جەمال ڕەشید دەڵێت: (بتوین ← بیت← یون، بیت← وین) بێگومان ئەم شێوە ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بڵاو بوونەوەی ئارامیەکان[٢١] لەناوچەکانی باشووری کوردستان. (بیتوێن← بیت وێن) وەک دەردەکەوێ بەشی یەکەمی لەژێر کاریگەری ئارامی پەیدابووە (بیت) کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئارامیەکان بۆ ناوچەکە، لەگەڵ کاریگەری کوردی لەسەر بەشی دووەمی (ایون) گۆڕاوە بۆ (وێن) بەمانای یۆنانی، دەیەوێت بڵێ لە (ماڵی یۆنان)یەوە هاتووە.[٢٢]هەرچۆنێک بێت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر هەیە، بۆ هەمان مەبەست لەناوی تری ناوچەکەشدا هاتووە، بۆ نموونە: (باگەرمێ) لە (بێت گەرمای)ەوە هاتووە، بەواتای (وڵاتی گەرم= گەرمیان) دێت، (بێتواتە) دا(Bē⁄ Īt) واتە ناوچە (واتێ/ـە Utu⁄ wate) بووەتە (بێتواتە) ماڵ یا پەرستگای خوای خۆر دەگەیەنێ،یان (بازەبدا) لە (بێت زەبدا)وە هاتووە، یاخود (باعەدرێ) و هی تریش.[٢٣]

### شوێنی شانشینی ئوتوم

شانشینی (ئوتوم) هەرێمی بیتوێنی ئێستا، لە هەرچوار لاوە بە زنجیرە چیا دەورە دراوە، لە باکوور کێوەڕەش، لە باشوور چیای کۆسرەت، لە ڕۆژهەلات ئاسۆس و چیای کۆلارە[٢٤] و چیای کورکوڕ، لە ڕۆژئاوا چیای ماکۆک و شیشار[٢٥]،

١٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤.

٢٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥.

٢١ ئارامیەکان شەپۆلی سێیەمی کۆچەری سامیەکان بوون،لە نیوە دوورگەی عەرەبی، دەرچوونیان لە هەزارەی دووەمی پێش زایین بەرەو وڵاتی شام، لە ناوەڕاست و باکووری سوریا جێگیر بوون، لەنێوان سەدەی چواردەو سیانزەی پێش زایین بەرەو وڵاتی نێوان دووڕووبار ڕۆیشتن و بەرەو ڕۆژهەلات کشان و چەند دەوڵەتێکیان دامەزراند.بڕوانە: دکتور حلمی محروس اسماعیل، مصدر سابق، ص ١٦٠– ١٦٣.

٢٢ الدکتورجمال رشید احمد، دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو، مصدر السابق، ص ١٨– ٥٣.

٢٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥.

٢٤ کۆلارە: بەشێکە لەچیای ئاسۆس و دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ناحیەی بنگرد، هەمان چیای کۆللاری ئاشوورییەکانە، کەلەسەرچاوەکاندا وتویانە سەختە و بەڵام ئەوە نیە بەهیچ نەگیرێت.

لەباکووری ڕۆژئاوا چیای کارۆخ [26] هەڵکەوتووە. پایتەختەکەی شاری (شوشاررا) شمشارەی ئێستا بووە.

هەرێمی بیتوێن دەشتێکی هەتا بڵێی بەپیتە و لە هەموو لاوە بە زنجیرە چیا دەوری دراوە، چوونە ناوی ئاسان نیە، تەنیا لەم شوێنانە نەبێت، مرۆڤ بتوانێت بەئاسانی پێیدا تێپەڕبێت: لە (دەربەندی ڕەمکان) ئەو شوێنەی زێی بچوک لەوێوە لە ناو دەشتی پشدەری دراوسێیەوە، دێتە ناو دەربەندی رانیە و دەشتی بیتوێنەوە، لە لایەکی تر لای باشووری دەشتەکە، (گەلی زێڕاندۆڵ - دوکان)،کە زێی بچوک لەوێوە دەشتەکە جێ دێڵێ، هەروەها لەو زنجیرە چیایەی سنووری ڕۆژئاوا، کە بە هۆی باریکە ڕێیەکەوە ڕانیە و کۆیسنجاقی نوێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە وای کرد بوو دەشتی دەوروبەری ڕانیە، بەچاکی دژی داگیرکەری بێگانە بەرگری لێ بکرێ، نەک دوژمن بگرە گەڕیدە نوێیەکانیش زۆر کەم سەردانی ئەم ناوچە داخراوەیان کردووە، بەڵکو بە زۆری بە دەوری چیاکانی خواروو و ڕۆژئاوای دەشتی بیتوێندا سوڕاونەتەوە. ئەمە هێڵی ئاسایی هاتووچۆی نێوان کویسنجاق و سلێمانی بووە.

ئەم زنجیرە چیایە هەمیشە وەک سوپەرێک بوون بۆ بەرگری لە هەرێمی بیتوێن، شورایەکی بەردینی بە وشەکەڵەک دروست کراو لە بێتواتە لە (تەختی خورشیدی خاوەر)ەوە بەسەر لوتکەی چیای ماکۆک و کێوەڕەش و ئاسۆسدا تێپەڕیوە، لە کۆنەوە بوونەتە دیوارێکی سەخت، بۆ هەرێمی بیتوێنی مەڵبەندی شارستانیەت، تەنیا لە حەوت شوێن ڕێگای هاتوچۆکردن بەچیای کێوەڕەش دا هەیە، ئەوەش پێش (٣٠٠٠) ساڵ شوورەی بەردین تیایدا دروستکراوە، لەدەربەندەوە ڕۆیشتووە و شاخی ئاسۆسیش شوورەی لەسەر دروست کراوە، ئەو شوورەی هەیە لەسەر شاخی کێوەڕەش دوو مەتر پانە و بەبەردی وشکەکەڵەک دروست کراوە، شوێنەوارناسی گەورەی کورد مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) دەفەرموێ:"من سەردانم کردووە، لەحەوت شوێن شووره هەیە، لەو شوێنانەی خەڵک ویستبێتی هاتووچۆی پێدا بکات شوورەی بۆ دروست کراوە، ئەو شوورانەش نەهی

---

٢٥ شیشار: چیای شیشار لە نزک بێتواتە و لە ڕۆژئاوای بیتوێن هەڵکەوتووە، ناوێکی کۆنە، کەوتۆتە نزیک شاری (شوشاررا)ی کۆن،لەوانەیە پەیوەندیەکی لەگەڵ ناوی شوشاررا هەبێت. بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیە ......، مصدر السابق، ص ٣٥.

٢٦ کارۆخ: ناوی چیای کارۆخ هیچ دوورنیە لەگەڵ ناوی کاردۆخیەکانی گەزنەفۆن لێک نزیکی هەبێت.



هەوالنامە کتێب

سەردەمی ساسانیەکان و نەهی دەسەلاتێکی ترن، بەڵکو پێوایە هی سەردەمی (کوواری) بووە، هەموو شوورەکان بەرەو ڕووی ڕانیەیە ئەمەش مانای وایە بۆ بەرگری لەڕانیە بووە.[٢٧]

دەربارەی بەشێک لەو زنجیرە دیوارەی بە چیای ئاسۆس دا تێپەڕیوە (تی. وێلدن براون) لەسەردانێکدا بۆ ئەو ناوچەیە باس لەوە دەکات: بەڵگە هەیە دەری دەخات ئەم قەلایانە بەمەبەستی پاراستنی دەشتی ڕانیە لە دژی هێرشی ڕۆژهەلات دروست کراون. ناوبراو لە (٢٨)ی مانگی (٣)ی ساڵی (١٩٥٨ز) زنجیرەیەک قەلای لەیەک نزیکی دۆزیەوە، کە بە کەڵەکەبەردی وشکی بیناکاری لەسەر لێوی زنجیرە چیایەک دروست کرابوون، کەپێی دەوترێت خاڵی دەربەند و لەخوارووی دەربەندی ڕەمکانەوە بەدرێژایی لای ڕۆژهەلات درێژدەبنەوە، دەمانەوێ ئەوە بزانین چ پەیوەندیەکی هەیە بە مێژووی ئەو ناوچەیە لەکاتی سازدانی بۆنەیەک، لایەنی جوگرافیەکەی ئەوەی دۆزراوەتەوە لەسەر لوتکەی چیاکان بە درێژایی سنووری دەشتی ڕانیە لەنێوان ڕووباری زاب و دەربەند یا بنگرد ئەو بازنەیە بەشێوەیەکی کتوپڕ نزم دەبێتەوە لەبەشی ڕۆژئاوای، بەلام زۆر ئاسانترە بۆ بەدەست گەیشتن و چوونە ناوی لەبەشی ڕۆژهەلات، لەلای دەشتی بیتوێنەوە کۆمەڵێک ڕێگا هەبوون لە دۆڵەکە شوێنی ڕاڕەوەکان هەر ماون بۆ سەرێ لەو شوێنانەی نزم بوونەوەکانی بەشی ڕۆژهەلات ئەو نزم بوونەوانە کۆمەڵێک سلۆپیان پێکهێنابوو بەرەو دەشتەکە.

بێگومان پێویستە جەخت بکرێتەوە ئەو بنکەیە بۆ ئەوە دروست کراوە دەشتی ڕانیە بپارێزرێ لە ڕۆژهەلاتەوە نەک بەپێچەوانەوە کەبەشێوەیەکی سروشتی گومانی تێدانیە هێرشکردن لەو لایەوە چاوەڕوان کراو بووە، بنکە سەربازییەکە بۆ ئەوە بووە لە دیوارەکانەوە پارێزگاری بکرێ. دیوارەکانیشیانزۆر ئەستوور بوون، دواتر دوو پۆستی بنکەی ترهەبوون بەدرێژایی ڕێگاکە بۆ خاڵی چاودێری بوون بەرەو لوتکەی کوڕکوڕ، بەرەو ڕووی بنگرد هەتا ئەوەی چاوبڕکا دەیان بینی و چاودێری ڕێگاکانیان دەکرد بۆ هاتوچۆ بەداخەوە بەهۆی کاتی کەمەوە نەمانتوانی ناوچەکە بپشکنین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین

بەشێوەیەکی وردبینی ئەو هێڵەی لەبنکەکان هەیە و دۆزراوەتەوە لەخاڵی دەربەند بۆ پارێزگاری دەشتی ڕانیە بووە لەهێرش کردن لە ڕۆژهەلاتەوە

---

٢٧ ڕەسوڵ بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

لێکۆڵینەوەی ئەو بیناسازییە ئەوە دەردەخا ئەوانە بەشێوەیەکی زۆر چاک دروست کراون لەبەردی ڕەق و گەورە، تازەترین هەڵکۆڵین لەڕانیە ئەوەی دەرخست، زۆر گرنگە بۆ ڕوون کردنەوەی مێژووی کشتوکاڵی ئەو کاتە لە (١٩٥٧) دانیمارکیەکان ئەوەیان دەرخست لێرە بەشێک بووە لە ناوچەی پارێزگای سەرسنووری ئاشووریەکان. [٢٨]

شانشینی (ئوتوم)چەند شارێکی گرنگی هەبوو، هەندێک لەو شارانەی توانیومانە ناوەکانیان بناسینەوە ئەمانەن:

١ - **شوشاررا - Šušarra:** پایەتەختی وڵاتەکە بووە و یەکێک لەشارە گرنگەکانی شانشینی (ئوتوم) بوو. شوێنی گردی شوێنەواری شمشارەی ئێستایە، ناوی یەکێ لە گرنگترین گردە شوێنەواریەکانی باشووری کوردستان، کەوتۆتە کەناری دەستەڕاستی زێی بچوک، لە باشووری کوردستان. هەشت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕانیە و پێنج کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای دەربەندی ڕەمکان (گەلی سەنگەسەر) دوورە.

وەک زۆر ناوی تر ناوی (شوشاررا)ش لە کۆندا بە زۆر شێوەی جیاجیا ناوی هاتووە، سومەری و ئەکەدی و ئاشووری هەر یەکە بەجۆرێک یا لە هەر سەدەمێک بەشێوەیەک ناوی تۆمار کراوە. بەپێی سەردەم و گۆکردنی نەتەوەکان بەشێوەی جیاجیا وتراوە، شێوە نووسینی ناوی جیاجیای (شوشاررا) لە ساڵنامەکانی سومەریدا بۆ بەڵگەی سەرکەوتنەکان لە شمشارە بەپێی سەردەمەکان یا زاراوەی نەتەوە داگیرکارەکان، هاتووە:(شوشاررا، شاشروم Šašrum ، شوشڕا، شاسرۆ، شوشرام، شوشەڕا [٢٩] شاشرو Šašru.[٣٠]

لە ساڵنامەی شولگی شاشروم، لەساڵی (٤٢) واتە لەقۆناغی درەنگ تر لە لەشکرکێشیەکانیدا ناوی هاتووە.[٣١] ئەمانە هەموویان ناوی (شوشاررا) ن، ئێستاش

28 T. Whwildon Brown, A Report on the Discovery of a Line of Ancient Fortificitions on a Ridge to the East of the Rania Plain Sulaimaniyah Liwa, Sumer, A Journal of Archaeology and Historyin Iraq, Vol. XV. (١٤), NOS 1&2, 195٨, P: 122, 123, 124.. لەلایەن جوامێر ڕەسوڵ وەریگێردراوە بۆ سەر زمانی کوردی

٢٩ ڕەشید یاسمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.- پرۆفیسۆران: د.جمال ڕەشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل

٣٠ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

٣١ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

پێی دەگوترێت (شمشارە)، بێگومان ئەم ناوە هەر زایەڵەی ناوە کۆنەکەیەتی،[٣٢] بەڵام لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە بۆ چەسپاندنی پەیوەندیە زمانەوانیەکانی پاشماوەی ئەو ناوانە، یەک لایەنی لێکۆڵینەوەکە نابێ لەچوارچێوەی ڕیشەناسی وشەی (شمشارە) پشت گوێ بخرێ، بەراوردێکی ورد و هێمنانە لەنێوان ئەو ناوە خوریانەی دەقەکانی لیستی سێیەمی ئور. ئەو ناوە ناخووری و نائەکەدییانەی لە بەڵگەنامەکانی شمشارەدا هاتوون، وادیارە، هەندێ بەڵگەی سەر بە هەلومەرجی واهەن وا دەگەیەنن (شوشاررا) لەگەڵ (شاشروم، شاششوروم، شاسوروم)، یەک شت بێ، کە (شولگی) و (ئامار - سین) داگیریان کردووە، لە ساڵنامەی سێیەمی ئوردا (شاشروم) لەو قۆناغەدا دێ لەشکری سومەری بە گشتی لەلای ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە خەریک بووە، شێوەی ناوی (شوشاررا) لەگەڵ شێوەی زۆر ناوی جوگرافی دەگونجێ، کە کۆتاییان بە (a) دێ و لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی میسوپۆتامیا هەن و کە بە قۆناغی ماری ناسراون، شێوەی ناوی (شاشروم) و جۆرەکانی لەوە دەکا ڕەگەکەی ( ( - (Šašw - šašur) - Šašr stem بێ و (um) کۆتاییەکی جیاکەرەوەی ئەو ناوانەیە، کە لە سەردەمی سێیەمی ئور، لە ئەکەدییەوە بەدەستکاری چوونە ناو زمانی سومەری.[٣٣]

دواتریش لەسەردەمی ئاشوورییەکان (شوشاررا) خۆی شارێکی ئاوەدان و ناودار بووە، بنکەیەکی کارگێڕی و سەربازی بووە، ناوچەکەی دەوروبەری بەناوی ئەوەوە هەڵدراوە، لە ناوەرۆکی دەقەکانی شمشارەوە دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین شارێکی پێشکەوتوو بووە، ئابووری باش و ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی تێدا کراوە، هەر ئەوەش زیاتر بووەتە جێگای چاوتێبڕینی ئاشووری و دەسەڵاتدارەکانی تر.[٣٤]

لەکتێبەکەی ئایدیم و لیسۆدا دەقی (SH.825) لە هەمان ئەم بابەتەی سەرەوەدا هاتووە ئاماژەیەکی گرنگی تێدایە، بەڕوونی دەری دەخات (شوشاررا) شارێکی وڵاتی (ئوتوم) بووە، دیسان هەر لە هەمان بابەتدا لیسۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە (فینێ - Finet) شاری (بورولوم - Burullum)ی بە پایتەختی وڵاتەکە زانیوە، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوە دەشێت تەنیا پاش وێران کردنی (شوشاررا) بووبێتە پایتەخت. ڕەنگە (بورولوم) هەمان (بورالی - Burali) بووبێت، کە لە

٣٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

٣٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩- ٩٠..

٣٤ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

نووسینێکی (ئەدد – نیراری – Adad - Nirari)ی سێ یەم (٨١٠ – ٧٨٣ پ.ز) دا پێکەوە لەگەڵ هەولێردا ناویان هاتووە، لەوانەیە بەیەکەوە کەوتبنە بەر پەلاماری هێرشی (ئەدد – نیراری).

(شوشاررا) پایتەختی وڵاتی (ئوتوم)ی کۆن، شمشارەی ئێستا تەنیا شوێنەواری گردێکی نیمچە درێژکۆڵە و بەرز ماوە، ئەم شوێنەوارە گرنگە مێژووییە بەهۆی دروست کردنی بەنداوی دوکان (١٩٥٩ ز) کەوتۆتە ژێر ئاوی بەنداوەکە و زۆربەی کاتەکانی ساڵ ئاو دایدەپۆشێت تەنیا هاوینان کاتێک ئاوەکە کەم دەکات و دەکشێتەوە دەردەکەوێت.

**٢ – شاری کولوننوم –Kulunnum**: گوندی (گوڵان)[٣٥]ی دۆڵی شاور، لە باکووری ڕۆژئاوای ڕانیە یەکێکی تر بووە لەشارەکانی شانشینی (ئوتوم)، پێدەچێت لەسەردەمێکدا لەلایەن وڵاتی (کاکموم) داگیرکرابێ، شتێکی لەم جۆرە لە نووسراوی سەر بەردەکەی (غەریب هەڵەدنی)دا تێبینی دەکردێ، بۆیە (ئیددین –سین) پادشای (سیموروم) لە و نووسراوەیدا هاتووە:" (**وڵاتی ئوتوێ Utuwe ی لەدەست وڵاتی کاکموم سەندەوە**"، بەم پێیە دەبێت (کولوننوم) شارێکی وڵاتی (ئوتو – وێ) بووبێ لەلایەن شانشینی (کاکموم) داگیر کرابێ[٣٦].

وادیارە نووسینەکەی هەڵەدنی پێش نووسینەکانی ئۆرشەلیم و بێتواتە نووسراوە و لەوان کۆنترە. ئەم باوەڕەمان ئاراستەی بەرەو پێش چوونی (ئیددین – سین)ە، هەموو بەڵگەکان وا پیشان دەدەن لەباشوورەوە بەرە و باکوور هەڵکشابێت، بەڵام لەم بارەدا دەبوایە لەپێشدا (ئوتوم) بگرێت، کە بەدەشتی ڕانیە و دەوروپشتی دەزانرێت، ئەمجا (کولوننوم)، لەبێتواتە ئەو شوێنەی ئەم نووسینانەی لێ دۆزراوەتەوە، جۆرێکی تر بڵێین لەپێشدا دەشتی ڕانیەی گرتووە و یادی گرتنی لە نووسینەکەی هەڵەدنی دا تۆمار کردووە، لەکاتێکی دواتردا (کولوننوم)ی لە ناوچەی بێتواتە گرتووە، کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای (ئوتوم)ەوە و بۆ یادی ئەمیان نووسینەکەی بێتواتەی جێ هێشتووە.[٣٧] لە هەمان کاتدا دەشکرێت (ئوتوم)ی نەگرتبێت، هەر لەبێتواتەوە، کە لەگەڵ (کولوننوم – گوڵان) ئەمدیو ئەودیون و چیای

---

٣٥ فرەین کولوننوم بە گوندی" گوڵان"ی ئێستای نزیک بێتواتە دەزانێت، بڕوانە: Frayne,SCCNH 10,177.

٣٦ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

٣٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨– ٢٢٠.

ماکۆکیان لەنێوان دایە (ئیددین – سین) هەر لەچیای ماکۆمەوە سەرکەوتبێت و (کولوننوم)ی داگیرکردبێت.

٣ – (**Ša – um – mi ki**) و(**Hu – bi/ ne – za – gu ki**): ئەمانە ناوی دوو شارن، لەدەقەکانی شمشارە ناویان هاتووە و هیچ شتێکیان لەبارەوە نازانرێت، ئەوەندە نەبێت، پێ دەچێت لەدەشتی ڕانیە بووبن، لەوانەیە لەشوێنێکی نێوان (شیکشاببوم) و (ئوتوم)دا (دێری ٦٩).

٤ – **Itu** ki: بەوەدا ئامرازی ناساندنی (mat) لە پێشیەوە نەهاتووە، ئاماژەی (ki) شاری لەپێشەوەیە، دیارە ئەم ناوە جوگرافییە شار بووە، دەکرێت بە وریاییەوە پێشنیار بکەین لەگەڵ شارێکی وڵاتی (ئوتوم Utûm)دا بەیەکیان دانێین، دوو جار لەسەردەمی بابلی کۆندا ناوی هاتووە، بەهەردوو شێوەی ((AR IV 20)(U – tu و " U – tu – [im ki]" لە دەقی (SH.861) هاتووە، لەدەقی یەکەمدا "ئیشمی – داگان – Išmē – Dagan" مژدەی گرتنی ئەم شارە بە "یەسمەخ – ئەددو"ی برای دەدات، لە دووەمیشیاندا هێزەکانی ئەم شارە وا پێ دەچێت بۆ پاڵپشتی نێردرابێتە ناو شاری (شوشاررا)وە، هەواڵی چۆڵ کردنی شارەکە و دزە کردنیان نووسراوە[38]. هیچ دوورنیە ئەو شارە بێتواتەی ئێستا بێت، چونکە وەک لەباسی بێتواتەدا، لەکتێبی (شوێنەوارەکانی بیتوێن) ڕوونمان کردەوە، لەو سەردەمەدا بێتواتە بە شێوەی " U – tu" ناسراوە، بەڵام جارێ هەربەوەندە ڕوون کردنەوەیە واز دێنین.

٥ – **بازموسیان – Basmusian**: پێدەچێت بازموسیان لەو سەردەمەدا شارێک بووبێت، ئێستا لە پاشماوەکەی گردێک ماوە، شوێنەواری ئەم گردە بەرزییەکەی (٣٦) مەتر بووە، لە ساڵانی (١٩٥٦ – ١٩٥٨ز) پشکنینی تێدا کراوە، (١٦) چینی شوێنەواری هەبووە و ئەم سەردەمانەی بەخۆوە بینیوە، (سامرا، حلف، العبید، ورکا، ئاشووری ناوەند و کۆن).[39] بەشێکی تری هەڵکۆڵین کە لە گردی شمشارە ئەنجامدراوە لەژێر سەرپەرشتی بەشی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار لە کۆماری عێراق، لەدەشتی ڕانیە ئیشیان کردووە، کە (ناجی الاصیل) (مدیر الاثارالقدیمة العام) لەوێ بووە، لە ساڵی (١٩٥٦) یەکەم کاریان لەسەر بازموسیان کردووە، کە گردێکی گەورەیە دەکەوێتە لای شمشارە بۆ لای ڕاست بەلای کەناری چەمەکەدا لەسەر زێی بچووک، نزیکەی (٤) مایل لە باکوورەوە دوورە، بەڵگەی زۆریشیان لەسەر

---

٣٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

٣٩ ڕەسوڵ بۆسکێنی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٧.

نووسـیوه، ئـەوه دەردەخـا ئـەو ناوچەیـە لـەژێر كاریگـەری و داگیركـاری ئاشـووریيەكاندا بـووه، ئەمـە لـە گۆڤـاری سـومری ١٢ لـە سـاڵی (١٩٥٦)بڵاوكراوەتەوه.[٤٠]

بەرنامـەی پاراسـتنی خشـتەكانی بازموسـیان بەداخـەوه نـاتوانین وەك خـۆی جێبەجێ بكرێ، ئەو خشتانەی لە بازموسیان دۆزرانـەوه هی سـەردەمی ناوەڕاستی ئاشـوریيەكانە،[٤١] نامـەكانی بازموسـیان ڕەنگـە بگەڕێنرێنـەوه بـۆ سـەدەی (١٣ پ.ز) دڵنیانین لەوەی كە كاتی نامەكان لـە بازموسیان دۆزراونـەوه گەڕاونـەوه بـۆ كاتێكی ڕاست سەرەڕای ئەوەی ڕەنگیان زۆر گۆڕاوه و بۆ ڕەنگێكی سـەوزی ناشـیرین یـان سـەوزێكی تۆخ، وەكو ئەوەی ئاماژەی پێكراوه، لەلایەن (W. G. Lambert) لەسـاڵی (١٩٥٧) ئەو شێوە نامانە وەكو نامەی ناوەڕاستی ئاشوریيەكان شـوبهێنراون، چونكـە ئـەو نامـە سـەوزە ناشـیرینانە لـە سـەردەمی ناوەڕاسـتی ئاشـووریيەكان_باو بـووه. ڕەنگە نامەكانی بازموسیانیش بەشێك بن یان بگەڕێنەوه بۆ ئەوكاتی بەڵگەكان ئـەوه دەردەخەن دەشتی ڕانیە و دەوروبەری بەشێك بوون، لە سایەی ئاشووریيەكان.

هەروەها لەنامەكانی ماری دا یەك ئاماژە بۆ (mat – Utem) هەیە( Rep. 1,5, 34بەر:Rep. 13v) لەوێدا دەردەكەوێ ئەم وڵاتە شارێكی تێدایە بەناوی (بوروللـوم – Burullum) لەلایـەن (ئیشـمی – داگـان) و بـەهاوكاری (لیـداییا) داگیركـراوه، كـە ئەوەی دواییان فەرماندەیەكی (توروككایێ)یەكانە.[٤٢] لەنامـەی مـاری (ARM (24 ff 1,5) باس دەكات، لیداییا كـە سـەركردایەتی لەشكری (توروككایێ)ی دەكرد، لـەدژی (ئیشـمی – داگـان) كـەوتبووه بـەر پاڵەپەسـتۆی هـەراوهۆریای لەشـكری ئاشـووری (بوروللـوم)ی جێهێشـت كەشـاری خـۆی بـوو، ڕۆیشـت، ئەوسـا (ئیشـمی – داگـان) (بوروللوم) و سەراپای وڵاتی (ئوتێم)ی داگیركرد.[٤٣]

---

40 Jorgen Læssøe, The Bazmusian Tablets, Sumer, VOL. XV. (15), P: 15-18. لەلایەن جوامێر ڕەسوڵ وەرگێردراوە بۆ كوردی

٤١ دەربـارەی (خشـتەكانی بازموسـیان) یـان نامـەكانی سـەردەمی ناوەڕاسـتی ئاشـووریيەكان لەلایـەن نووسەرێكەوه نووسراوه كەناوی (soder) لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٢٠) لە لاپەڕە (١٦٨) بۆ (١٦٩)، لە (١٩٤) بۆ (١٩٦) (٢٠٠ بۆ٢٠٣) بۆ (٢٠٥)، لەگەڵ ئەو نامانـەی دۆزراونـەوه دەربارەی ئاشـوور (٣) نامـە زانیـاری لەسـەر (٣) ناوچـەی تـر لـە ناوچـەی (توكـولتی نینورتـا)ی یەكـەم لـە سـاڵی (١٢٦٠ بـۆ ١٢٣٢ پ.ز) بڵاوكراونەتەوه.

٤٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

٤٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

لە دەروازەی دەربەند کە دەروازەیەکی بەرچاوە، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناو دەشتەکە، لە شارێکی قەڵابەندی وەکو شوێنی گردی شمشارە، زۆر بەئاسانی بەرگری لێ کراوە،[٤٤] شوێنەواری شارێکی ئاوەدان بەدی دەکرێت، زۆر پاشماوەی شوێنەواری لێ بینراوە، لە ساڵی (٢٠١٧ ز) تیمێکی بیانی بەهاوکاری زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر و زانکۆی سلێمانی، سەردانی شوێنەواری شاری دەربەندیان کرد و لە خوار زارکی دەربەند و لەنزیک ئاوی زێی بچوک تەلاری پەستگایەکیان دۆزییەوە چەند پاشماوەیەکی شوێنەواری تێدا دۆزرایەوە،[٤٥] هێشتا زۆر پاشماوەی تری شاری دەربەند پشکنین و لێکۆڵینەوەی بۆ نەکراوە و بەسەرداپۆشراوی ماونەتەوە.

هەروەها گردی (بۆسکین) کە لە کۆندا (باسکین)ی پێ وتراوە، گەورەترین گردی نزیک شمشارە، هیچ دوور نییە، پاشماوەی شارێکی گەورە بێ، یاخود قەڵاکەی بەمەبەستی سەربازی و پارێزگاری لە کۆشکی فەرمانڕەوا و (شوشاررا) کرابێت، هەروەها بۆسکێن، نەخشەی شوێنەوارە کۆنەکانی عێراق – بەغدا (١٩٥٤) ئەو شتانەی سەردەمی (حەسونە، ئورک و ئاشووری) تێدا تۆمارکردووە، هەموو ئەو بەڵگانەی سەرەوە ئاماژەی ئەوەن ناوچەی ڕانیە و هەرێمی بیتوێن، هەر کاتێک هەلی بۆ ڕەخسابێت ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە گەشەکردنی شارەستانیەت و ئاوەدانی و بایەخدانی بواری ئابووری، بەتایبەت ئەو کاتانەی دەستی داگیرکەرانی لەسەر کورت بۆتەوە و ناوچەکە پشوویەکی داوە.

### ڕەگەزی دانیشتوانی شوشاررا

لەسەرچاوە مێخیەکاندا زانراوە خوری لەبنەڕەتدا لەناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی ئاشووردا بوون، لەقەفقاس یان لەناوچەکانی دەریاچەی (وان)ەوە هاتوون، زنجیرە چیاکانی (تۆرۆس) و (کەرکەمیش)[٤٦] لەخۆرئاواوە لەباشوورەوە تا زێی بچووک نیشتەجێ بوون[٤٧]. لەساڵانی (٣٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠ پ.ز) دەبینین خورییەکان بۆ یەکەم جار لەژێر ناوی هورییەکان دێنەسەر شانۆی مێژوو، زۆربەی

---

٤٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

٤٥ ڕەسوڵ بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠.

٤٦ کەرکەمیش دەکەوێتە جرابلس لە نزیک سنووری نێودەوڵەتی سوریا- تورکیا، لە شوێنی بڕینی سنوورەکە بەهۆی ڕووباری فوڕات: کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

٤٧ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

شارەزایانی بواری شوێنەوارناسی لەسەر ئەوە کۆکن، لە سەردەمێکدا کەرکوک و تەواوی دەشتی حەمرین لەژێر فەرمانڕەوایی خوری دابوون. سنووری خوارووی خورییەکان لەزنجیرە چیای حەمرین یان لەدوای ڕووباری (ڕدانو - فیسکوس) ڕووباری عوزێمی ئێستا بووە.[٤٨]

هەموو سەرچاوەکان پشتیوانی ئەوە دەکەن دانیشتوانی وڵاتی (ئوتوم) خورین، (یورگین لیسۆ) شارەزا لە کاروباری شوێنەوار و سەرپەرشتی نێردەی دانیمارکی بۆ هەڵکۆڵین و پشکنینی شوێنەواری لە گردی شمشارە لە ساڵی (١٩٥٧) دەربارەی ڕەگەزی دانیشتوانی (شوشاررا) دەڵێت: دانیشتوانی بنەڕەتی (شوشاررا) خوری بوون، ناوی فەرمانڕەوای ناوچەکە (کوواری - Kuwāri) ناوێکی خورییە، دەبێ پەیوەندییەکی نزیکی بەم ئەنجامگیریەوە هەبێ، ناوی دانیشتوانی (شوشاررا) و دراوسێکانی لەو بەڵگەنامانەی لە گردی شمشارە دۆزراونەتەوە، لە کاروباری ناوخۆ دەدوێن. گوڵەوەچنی کراون پیشانی دەدەن، بێ گومان ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە خوری بوون، ئەوەندە دیار بوون نامەکاری لەگەڵ (کوواری)دا بکەن. لە نامەیەکدا یەکێک کە خورییە، ناوی (واننی) فەرمانڕەوایەکی بچوکتری ڕۆژهەڵاتە سەر بە (کوواری)یە، نامەی (SH.874) بۆ (کوواری) ناردووە، پێویست ناکا بەگومان بین و دەبێ بێ دوودڵی بگوترێ خوری بوون.[٤٩]

بەڵگەیەکی دیکەی دڵنیاکەرەوە، کە دانیشتوانی (شوشاررا) خورین، ئەو نامانەن بۆ (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) هاتوون، نامەکان لە کاروباری ناوخۆ دەدوێن، بۆیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ دانیشتوانی (شوشاررا) خورین، چونکە زۆربەی ئەوانەی ئاڵوگۆڕی نامەیان لە کاروباری ناوخۆدا لەگەڵ (کوواری) کردووە خورین و هەموویان ئەندامی ئەو کۆمەڵەن، کەلە (شوشاررا)ن و خورین، ناوی وەکو (ئادییا، خولوککاتیل، ئیزییا، کاننانی، کیززی، بوخوشێنی، تالپو - شارری، ێندۆری، ئوگولتایی)، ناوەکانی تری خەڵکی (شوشاررا) بێگومان بەئاشکرا دیارە خورین.

هەرچەندە بەپێی ناوەرۆکی نامەکان دانیشتوانی (شوشاررا) کەمێکیان ئاشکرا دیارە سامین، وەکو (ئێتللوم) و (ئابدی - ئیراخ) ناوەکەی دواییان بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە دەیسەلمێنێ لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و لە سەرەوە تا شمشارە، بەلایەنی کەمەوە کەنعانیەکی ڕۆژهەڵاتی ئاموری هەبووە. دیارە تا ئەو کاتە

٤٨ عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیه مصدر السابق، ص ٦٣، ٦١.

٤٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

ئـاوايیەک لە باشـووری کوردسـتان هەبـووە، هەنـدێک کـۆمەڵانی خەڵکـی بە سـامی دواون. بەڵام دەبێ بەپارێز بین بەرامبەر بەگشتی کردن. ئەوەش کە (کـوواری) و (شاماش - ناسیر)ی سامی بە هاوبەشی نامەیەکیان پێ گەیشتووە لە (شوشـاررا) نـابێ وامـان لـێ بکـات بـڕوا بکـەیـن چینێکی بـاڵا دەسـتی سـامی زمـان لەنـاوچەکەدا هەبووە، چونکە ماوەی مانەوەی (شاماش - ناسیر) لە (شوشاررا) گومانی تێدا نیە، لەگەڵ مـاوەی دەسـەڵاتی ئاشـووری لە شـارەکەدا یەک دەگـرێتەوە، نـابێ لە بیسـت ساڵ تێپەڕ بێ. لەوانەیە کەمتریش بێ. بۆیـە دەتـوانین بـێ دوودڵـی بڵێین دانیشـتوانی بنەڕەتی (ئوتوم) خووری بووبن.[٥٠]

ئەگەر بتوانین بیچەسپێنین، ئاخۆ ئەم پیاوە (زیکری ئیشارەیە)، کە فەرمـانبەرێکی (یاسماخ - ئاداد) بـووە و لە نامەکانی ماریهاتووە.[٥١] ئەوەش لەوەوە هـاتووە دوای ئەوەی (کـوواری) چـووە ژێـر سـایەی ئاشـوورییەکان، هەنـدێک فەرمـانبەری خۆیـان وەک نـوێنەر لە شـارەکە دانـاوە. دەبـێ ئەو شـیمانەیەش دابنـرێ ئـاخۆ سـەدەی هەژدەی پـێش زایـین بەشـێکی گەورەی دانیشـتوانی وڵاتـی (شوشـاررا) سـوباری بووبن یانا، (سـوباروم) (؟) تەنیا یەک جار لەو دەقانەی شمشارە هاتووە، کەلێیان کۆڵراوەتەوە و لەبەردەستدان، لە دەقی نامەی (SH.813.7) بۆ (کوواری) هاتووە:

**"بـەکوواری بڵـێ: خولوککاتیـل ئـەوها (دەڵـێ): تالبوشـارری چـووە شـاری شاشخارشیم، و مەڕەکانی تۆی پەسنی (واتە پشکنی) دە مەڕی سوباری لە (خیلوتا Hiluta)ی شوان سەند، با تۆ ب (ی)زانیت دڵت پەست مەکە"**[٥٢]

بەپێی سەرچاوەکان زۆربەی هۆزەکانی کۆنی کوردستان لەیەک بنەڕەت و لێک نزیک بوون، لەوانەیە خەڵکی سوباری لە (شوشاررا) بووبن، چونکە سـەردەمێک بـە زۆربەی خاکی باکووری ڕۆژهەڵاتی دیجلە وتراوە سوباری، بـەڵام لێرەدا پێدەچێت مەبەست ئەوە بێت، مـەڕەکان سـوباری بووبن، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمـان پێدا، هەندێک بەروبـوم هەبـوون بە (سـوباری) ناسـرابوون، وەک: گەنـم، هەنجیـر، هەنـار، قۆخ، خوری سوباری، جۆرێک بەرگی ناسراو بە سوباری و عەرەبانەی سـوباری.... هتد.[٥٣] لەم نامەیەشدا ئاماژەی بـەوەداوە دەڵێت **" دە مـەڕی سـوباری لـە خیلوتـای شوان سەند"**، بۆیە دەکرێ مەبەست لە مەڕەکان سوباری بووبن.

---

٥٠ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

٥١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤.

٥٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

٥٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

### زمانی دانیشتوانی شوشاررا

بەشێکی هەرە گەورەی کێشەی مێژووی کۆنی کوردستان نەبوونی زانیاری ڕێک و پێکە، دەربارەی لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی نەتەوەی کۆنی کورد و ئاگاداری زمانیانە. بەڕاستی هەوڵ و هیمەتی دوو سەد ساڵەی زانایانی ڕۆژئاوا و زانستی شوێنەوار، بەتایبەت دۆزینەوەی تازە، هەندێ ڕووناکایی خستۆتە مێژووی کوردەوە. بەڵام ئەمە بەس نیە، بەتایبەت تەنیا بەهۆکاری شەڕ یا مامەڵەیان لەگەڵ دراوسێکانیاندا باسیان کردووە، سەرگورشتەیەکی تەواویان نیە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵ بڕوایی نادا بەم بەهانەیەوە بەسەر ئەم باسەدا تێپەڕین و هیچ باسێکی لێ نەکەین.[٥٤]

ئێمە لەم باسەدا هەرلەسەر وڵاتی کوردستان دەڕۆین، بەگوێرەی ڕووداوەکان دەبێ جێگەی پەیدا بوون و ڕەگەزی بنەڕەتی دووەمی ئادەمیزادبێ، لە بنەمای مێژوودا (نەتەوەکانی زاگرۆس)ی تیا بینراوە، ئەم نەتەوانە: (لوللو، گۆتی، کاسای، سوبارو خوری) بووە، لە کۆتایی خوارووی ڕۆژهەڵاتیاندا نەتەوەی (ئێلام) بووە، بەگوێرەی هەندێ هۆکار و لێکچوونی زمانەکەیانەوە، هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن لە ڕەگەزی زاگرۆسن، ئەم نەتەوانە، بێ جگەلە ئیلام دەبێ بنەچەی هەرەکۆنی کورد بن، لەسەردەمەکانی سۆمەر و ئەکەد و لەسەردەمی ئاشوورییدا چالاکی سیاسیان بینراوە.[٥٥]

سەرچاوە بابلی و ئاشوورییەکان ئەو زمانانەی نرخدار بوون لەو سەرزەمینەدا ناویان ئەبەن، وەکو زمانی (گۆتی، لوللویی، مانی – مهرانی)، بەتایبەت ئەم زمانانە (پێیان دەوترا کاستی) پلەی تێکەڵی ئەم زمانانە لەگەڵ یەکتر و ئەوانەی پاشتر ناسراون، وەکو پێویستە ڕوناک نیە.[٥٦]

کۆمەڵەی زاگرۆس زمانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، مێژوو ئەوەی سەلماندووە، بەڵام هەرکاتێک نەتەوەیەکی باڵا دەست ئەگەر ناوچەکەی داگیر کردووە و لەگەڵیدا زمانی خۆشیان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا سەپاندبێ، زمانی ڕسمی بێ گومان تەنیا لە کاروباری دەوڵەتدا بەڕێوە چووە، ئەگینا خەڵکی گشتی هەر بەزمانی زگماکی خۆیان ئاخاوتنیان کردووە.

---

٥٤ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

٥٥ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

٥٦ دیانۆکۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

زمانی خوری لەسەرەتای نووسین، زمانێک بوو لەهەموو ناوچە کوردییەکانی نێوان چیاکانی زاگرۆس و دەریای ناوەڕاست بڵاوبووەوە، لەشوێنی وەک کەرکوک و نوزی و کوروخانی و شمشارە لەسەرچاوەکانی زێی بچووک لە هەرێمی بیتوێن نیشتە جێ بوون، ئەم زمانە کاریگەری هەبوو، لە دەقە نووسراوەکانی لەم نیشتمانەدا دۆزراونەتەوە، دەردەکەوێت، کۆنترینیان ئەو دەقە بوو، کە هی پاشا (تیش – ئەتیل) لە (٢٠٤٥ – ٢٠٣٧ پ.ز) بوو. تێیدا لەبارەی دروستکردنی پەرستگای تایبەت بە خواوەند(نەرگ Nerg) دەدوێت. [٥٧]

زمانی خوری پەیوەندی بەو زمانە هەبووە کەلە ناوچەی سوبارتوو باو بووە، و لەگەڵ زمانی لوللوبییەکان هاوشێوە بووە، کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی ئەم میللەتانە لەو ناوچەیەدا تاڕادەیەک لەیەکچووە، لەبەر ئەوەی لەیەک بنجەوە هاتووە. [٥٨]

ئەو زانیاریانەی لەسەر زمان هەیە و لە کۆندا قسەی پێکراوە و تائێستا دەربارەی کوردستان دەست کەوتووە زۆر تێکەڵ و کەمە، بۆ پەیداکردنی زانیاریەکی تەواو، لەدەوری کۆندا ناوچەیەک بوو سنووری لەباکوری کەناری گۆمی وان بوو، لە ڕۆژئاوا تا دۆڵی خاپوور لە ڕۆژهەڵاتەوە تا کەرکوک و لە خوارووەوە تا سنووری بابلستان ئەچوو. ئەم ناوچەیە لەلایەن نەتەوەیەک بەڕێوەدەبرا کە بە (شوباری Šhubari) ناسراوە، ئەم ناوچەیە یان بەشێکی جاربە جاری کەوتبووە ژێر حوکمی سومەری حوکمداری شارە گەورەکانی باشووری دەکرد. ئەو زمانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە قسەیان پێ دەکرد، لەگەڵ زمانی سامی، یان زمانی (هیندو – ئەورووپی) هیچ بۆنە و پەیوەندیەکی نەبوو، هەندێ زانای سەردەمی ئەڵمان وا گومانیان کردووە زمانی (شوباری) لە دەستەی زمانی قەفقازیە، لەپێشساڵی (٢٥٠٠)ی پێش زایینیدا. [٥٩]

پشکنینە شوێنەوارییەکان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئەوەی پشتڕاست کردەوە، ئەو هۆزە دەشتەکیە کۆچەرییە جەنگاوەرانەی بەرەو باشوور بەلای ڕۆژئاوای

---

٥٧ د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، مێژوو و شارستانیەتی کورد، وەرگێڕ: محەمەد وەسمان، چاپی یەکەم،٢٠٠٩، ل ١٨١.

٥٨ د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

٥٩ محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

ئاسیادا کۆچیان کردووە، بەکۆمەڵ دیالێکتێکی نزیک لە یەکیان بەکارهێناوە، لەگەڵ زمانی هیندویۆنانیدا پەیوەندیەکی بەهێزیان هەبووە، ئەمڕۆ بەکۆزمانی هیندۆ – ئەوروپی ناسراوە، گوایە لە بنەچەدا لە دەشتەکانی نێوان دەریاچەی "ئارال" و ڕووباری "دانوب" لەباشووری ڕووسیای ئێستادا دەژیان. دەستپێکی ئەو کۆچەش لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا بوو، ئەم هۆزانەش بوونەتە دووبەشەوە، هەر بەشێک لایەکی تایبەتی گرتۆتەوە و بەر لەکاتی کۆچەکەدا ئەوەش بەپێی ئەو بارودۆخە جوگرافیەی ڕووی ئەو کۆچە دیاری کردووە، بەتایبەتی دەریای قەزوێن و دەریای ڕەش. بۆیە هەندێکیان ڕۆژئاوای دەریای ڕەشیان وەک ڕێگەیەک گردۆتەبەر، چونەتە ناو نیمچە دوورگەی بالقان و لەگەڵ دانیشتوانی هەردوو شارستانێتی (کریت) و (میکینی)دا لە وڵاتی یۆنانیدا تێکەڵ بوون، ئینجا بەشێک لەوان لە گەرووی دەردەنیل پەڕینەوە و چوونە ناو ئاسیای بچووک و لە ڕێگای ڕێڕەوە قەفقازیەکانی ڕۆژئاوای دەریای ڕەشەوە تێکەڵ بە شارستانییەتە خۆجێیەکان بوون، ئینجا تیایدا بڵاوبوونەوە و کۆچیان لێوە کرد، بە هەمان شێوە بەرەو شاخەکانی کوردستان و زاگرۆس تێکەڵی خەڵکە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتە بوون، بوون بەنوێنەری ئەو چینە ئەرستۆکراتیەی زمانەکەیان سەپاند بەسەر زمانە ناوخۆییەکاندا، دوای پێکهێنانی چەند یەکەیەکی سەرکردەی هۆزەکان و ڕیش سپیەکان بەڕێوەیان دەبرد، لەجیاتی ئەو پەیوەندیە هۆزگەریانەی تاکەکانی ئەم هۆزەیان بەیەکەوە دەبەست، لەو کاتەی لە زێدی ڕەسەنی خۆیاندا وەک کۆچەرییەک دەرکەوتن. لە ناوەڕاستەکانی ئەنادۆڵدا، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا لەهەزارەی دووەمی پێش زاییندا دەوڵەتی (حیسی) دەرکەوت. هەر لەو قۆناغەدا لە وڵاتی خوورییەکاندا دەوڵەتی میتانی دروست بوو، سەرباری بڵاوبوونەوەی ئەو ڕەگەزانە لەنێوان (کاشی)یەکان و سەرکردایەتی کردنی ئەوان، لە دامەزراندنی دەولەتی (کاردۆنیاش) لە وڵاتی بابلدا.

ئەم بارەش لەوە دەچێت لە وڵاتی یۆنان و هەروەها هیندیش ڕوویدا لەلایەن هەمان ڕەگەزەوە، ئەمانە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا هێشتا ڕواڵەتی ڕەسەنی هاوبەشیان لامابوو، ئەوەش لەناوە ناسراوەکان پێکهاتەی زمانەوانی یان سامانی زاراوەیی و لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، یان لەناوی هەندێک لە خواوەندەکان و چەمکە ئاینیەکان. بەپێچەوانەی ئەوەوە دەبینین باکووری میسۆپۆتامیا و وڵاتی بابلی ئەو کات هەردووکیان بەو ڕەفتارەی هیندیە ڕۆژهەڵاتیە

کاریگەر بوون، میتانیەکانی پێ جیادەکرایەوە لە گەلانی تر و ئاراستەی کۆچەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوک ڕوونکردەوە.

زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی لە ژووی خشتەکانی شمشارە دۆزراونەتەوە، نامەن بۆ کوواری و چەند کەسێکی تری کەم کەلەلایەن بنێری واوە ڕەوانە کراون، لەوەدەکا دانیشتوی شاری)شوشاررا (یان وڵاتی دەوروبەری، واتە دەشتی ڕانیە بن، لەلایەن فەرمانڕەوا ناوچەییەکانی ناوچەکانی تەک کوردستانی خوارووناردراون، زمانی ئەم جۆرە دەقانە کە لەگەڵ فەرمانبەر و پاشایۆکەکانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکردووە، زمانی ئەکەدییە، بەلام ئەم دەقانە لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووسیانەوە، بە زۆری سیمای دیالێکتیان پێوە دیارە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، دەشێ ئەوە تێبینی بکرێ کە ئاشکرا دیارە نامەکانی ( SH.802,812, 822, and 827) لەلایەن یەک نووسەرەوە نووسراون.[٦٠]

جێگای سەرنجە ئەو ناوانەی لە نامەکانی دەمی یەکەمدا تۆمار کراون، هەم ناوی کەسی و هەم ناوی جوگرافیش، جیاکەرەوەیەکیان تێدایە، پێدەچێت سیمایەکی ئەو زمانە خورییە بووبێت، کە لەم ناوچەیە قسەی پێ کراوە، هیچ نەبێت لەم سەردەمەدا، ئەم جیاکەرەوەیەش لێکدانی ( e – ) کەبە ناوەکانەوە بە ( a – ) کۆتاییان دێت، وەک:

Šušarraê (SH 827, 1, 26), Qabaraê (SH 827, 1, 9) Ugutlaê (SH 811,1, 13), Ilalaê (SH 812, 1, 5), Berdigendaê)SH 812, 1, 15), Aliaê (SH812, 1, 8).

ڕوونە ئەم شێوە ناوانە شێوە ڕاستیە ڕەسەنەکانی ناوەکان بوون، و لەم ناوانە بەڕاستی و ڕەوانی نووسراون، چونکە لەلایەنی کەسانی وەک "شێپراتۆ – Šepratu" و " تێنتوری – Tenturi" و هی تر نووسراون، کە زمانی زگماکیان زمانی ناوچەکە بووە.[٦١] کە کۆمەڵێکی خوری زمان لە ناوچەکە نیشتەجێ بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم ناوچەیە یاخود کوردستان سەرەڕای زمانی گەلی سەردەست، ئەوان زمانی تایبەت بەخۆیان هەبووە.

---

٦٠ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

٦١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٦٠.

## بیروباوەڕی ئایینی لە دەشتی بیتوێندا

هەموو بەڵگە شوێنەواریەکانی دەشتی بیتوێن ئاماژەی ئەوەن، لەپێش فێربوونی کشتوکاڵیش مرۆڤ لەم دەڤەرە ژیاوە، بەتایبەت لەشاخی کێوەڕەش و بناری شاخەکە، پاشماوەی شوێنەواری کۆن زۆر هەیە، لەوانە: ئەشکەوتی کونە سپیلکی، ئەشکەوتی یەک ستوون، بناغە بەردینەکانی دامێنی چیای کێوەڕەش، ئەوە دەسەلمێنن مرۆڤ هەر لە زۆر کۆنەوە لەم ناوچەیە ژیاوە، لەم بارەیەوە تەها باقر لە کتێبەکەیدا (المرشد الی موطن الاثار و الحضارە) ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت: بەرامبەر بە رانیە زنجیرە چیایەک درێژ دەبێتەوە، بەچیای کێوەڕەش ناسراوە، چەند کۆنە ئەشکەوتێکی تێدایە دەردەکەوێت، لەوانەیە لە چاخەکانی پێش مێژوو مرۆڤی تێدا ژیابێت. هەروەها لە درێژەی باسەکەدا دەڵێت: لەنزیک رانیەی ئێستا هەزاران ساڵ لەمەوبەر شار و ئاوەدانی سەری هەڵداوە و خەڵک تێیدا نیشتەجێ بووە.

ئێمە لێرە بەگشتی باسی بیروباوەڕی ئایینی دەکەین، چونکە زۆر جار هەرێمی بیتوێن کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی میسۆپۆتامیا و زۆرجاریش لەسەر ئایینی کوردستان بووە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو سەرچاوانەی ئێستا بەدەستەوەن، ئەوە نیشان دەدەن یاسای سەرزەمینی ڕۆژئاوای مادی کۆن، زۆرتر لەگەڵ ئایینی هورییەکان و تاڕادەیەک ئاشوورییەکان یەک جۆر بوون[٦٢].

بیروباوەڕی ئایینی و ئەفسانە و پەرستن و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خورییەکان بە کۆمەڵێکی ڕێکوپێک و سەربەخۆ دانانرێت، ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە، چونکە خورییەکان لەناوچەیەکی سنوور فراوان نیشتەجێ بوون، کە بۆتە هۆی ئەوەی لەگەڵ شارستانیەتەکانی تری دەوروبەری بەریەک بکەون و کاریگەری لەسەر یەکتر دروست بکەن.

خورییەکان لەمێژووی خۆیان هەندێک خواوەندی نامۆیان پەرستووە، لەپاڵ کۆمەڵە خواوەندەکانی خۆیان پانیۆنی خوریدا (مجمع الآهة الخوریة) هەروەک خورییەکان هەندێک لەم خواوەندە نامۆیانەیان هاوشێوە (متابق) کردووە، لەگەڵ هەندێک خواوەندە ناسراوەکانی خۆیان، ئەم دیاردەیەش لەئەنجامی بەریەککەوتنی شارستانیەتی خورییەکان لەگەڵ شارستانیەتی نەتەوەکانی تری دەوروبەر سەری هەڵدا. پیاوە ئایینییەکان (کاهنەکان)ی خورییەکان شارەزاییەکی تەواویان هەبوو لە

---

٦٢ ئی. م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٠.

فەلسەفەی ئایینی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (میسۆپۆتامیا) هەربۆیەش پیاوە ئایینییەکانی خورییەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە توانیان ئەم فەلسەفەیە بۆ ناوچەکانی خورییەکان بگوازنەوە، بەجۆرێک توانیان ئەم فەلسەفە ئایینییە لەگەڵ فەلسەفەی ئایینی خورییەکان بگونجێنن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەندێک لە خواوەندە خورییەکانیان لە شوێنی خواوەندە هاوشێوەکانیان لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دابنێن.[٦٣]

لەساڵانی (١٩٥٦ – ١٩٥٨ز) پشکنینی پاشماوەی شوێنەواری کۆن لەدەشتی بیتوێن کراوە، لە بازموسیان دۆزراوەکانی هاوتای شوێنەوارەکانی (ورکا) و (جدەنصر) بووە، پەرستگایەکی تێدا دۆزراوەتەوە، چەندین سەردەمی بەخۆیەوە بینیووە و نوێ کراوەتەوە، لە بنەماڵە (سلالە)ی سێیەمی ئورەوە (٢١٠٠پ.ز) تا سەردەمی بابلی و خورییەکان هەر پەرستگا بووە، خوایەکی تێدا پەرستراوە هاوشانی خوا (عەشتاری بابلی) بووە، لە هەندێ سەرچاوەدا ئەم خوایە بە خوا (ئەدەد) ناوبراوە و خوای (باوبۆران) بووە، هەروەها پەرستگایەکی سەردەمی دوای ئاشووری لە (تل ئادەم) دۆزراوەتەوە[٦٤].

لیژنەی نێردەی دانیمارکی بۆ کنە و پشکنین لەساڵی (١٩٥٧) لە کاتی کاری هەڵکۆڵین لە گردی شمشارە، لیژنەکە چەند پاشماوەیەکی کۆنی دۆزیەوە، یەکێک لەوان پارچە خشتێکی زەرفە و بەشێکی نووسینی مۆرێکی لوولەیی و نیگارێکی بچووکی بابلی کۆنی لەسەرە، ئەمەیان خواوەندێکی ئافرەت (goddess) بەرامبەر خوایەکی دانیشتوو وەستاوە، ئەو خوایەی دانیشتووە داردەست و ئەڵقەی بەدەستەوەیە خوا ئافرەتە[٦٥].

شاری (کوممێ) لە دامێنەکانی چیای زاگرۆس و باکووری ڕۆژئاوای (شمشارە) چەقی پەرستنی خواوەندی خوری ناسراو بە (تێششۆپ) بووە، هەروەها دۆزینەوەی دەپەیەکی لە قوڕ دروست کراو بە خەتی بزماری نووسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان[٦٦].

---

٦٣ گێرنۆت ڤیڵهێلم ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

٦٤ محەمەدامین عارف، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٠.

٦٥ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

٦٦ عومەر ئیسماعیل باوزی، گردی شمشارە(شوشوڕرا)ی مێژوویی، گۆڤاری پشدەر ژ ٤، هاوینی ٢٠٠٨، ل٥٠.

لە گردەدێمەی نزیک ڕانیە شوێنەواری وەرکا و ئەکەدی و ئاشووری کۆن و خوری و میدی دۆزراوەتەوە، هەروەها پەرستگایەکیشی تێدا دۆزراوەتەوە. گردی قورەشینە دوو پەرستگای تێدا دۆزراوەتەوە، کە هی سەردەمی (العبید)ن، لەگەڵ پاشماوەی کۆنی وەرکا. دووگردان دوو پەرستگای تێدا دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (العبید) وە پاشماوەی سەردەمی وەرکا و ئاشووری کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە.[٦٧]

لەچاوپێکەوتنێکدا لە گۆڤاری ڕانیە مێژوونووس و شوێنەوارناس مامۆستا عبدالرقیب یوسف دەڵێت: دەربارەی باوەڕی ئاینی دانیشتوانی ناوچەی رانیە و دەشتی بیتوێن ئەوەی لەبەر دەستدا هەیە، لەبارەی دیانەتی خەڵکی ناوچەکە لە کۆندا ئەوەیە، خەڵکی ئەو ناوچەیە عیبادەتی ئیلاهیەکیان کردووە ژن بووە و ناوی نەزانراوە، ئەم زانیاریەش لە فەرمانگەی شوێنەوار نووسراوە، یەکێکی تریش پەیکەری دەربەندی ڕانیەیە هی چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستایە، ئەویش هی مەلیکێکە نە ئاشووری، نەبابلییە، بەڵکو مەلیکێکی خەڵکی ناوچەکەیە لەگەڵ پەیکەرەکەدا نووسینیش هەبووە، بەڵام بەداخەوە نەکەوتۆتە بەردەست، زۆر پەیوەندیدار بووە بەو پەیکەرەوە، پەیکەرەکەش زۆر تێک چووە. هەروەها مامۆستا عبدالرقیب یوسف دەڵێت: لە ڕانیە (بەرد خەزنە) ڕەنگە ئێستاش خەڵکەکە ئاشنایەتیان لەگەڵی هەبێت، دەکەوێتە پشت ڕێگای قولەوە تەنیا سێ بەردی تر لەم شێوەیە لە کوردستاندا هەیە و بینیومە، بەلای منەوە ئەو بەردە سەکۆی مەعبەدێک بووە، لە پەرستگای زەردەشتی یا میترایی[٦٨]. وەک ڕەشید یاسمی دەڵێت: دینی زەردەشتی لەگەڵ سەرهەڵدان و لەدوای قبوڵ کردنی (ویشتاسب) زۆر بڵاو بوەوە بەناو توران و ئێران و هیند و ئاسیای بچوکدا، کوردەکانیشچوونەسەر باوەڕی زەردەشتی.

ئایین و بیروباوەڕی خواپەرستی لایەنێکی ئاڵۆزە لە ژیانی ڕابردووی ئادەمیزاد دا، کە پێ بەپێی پێشکەوتن و شارستانیەتی ئادەمیزاد گەشەی کردووە و چەندین قۆناغی جیاجیای بڕیوە، لە هەرێمی بیتوێنیش بەپێی قۆناغەکانی ژیان ئایین و بیروباوەڕی خواپەرستی گۆڕانی بەرسەردا هاتووە و بەردەوام بووە تا دەگاتە ئەمڕۆ.

---

٦٧ خەلیل عەلی، پێشەکیەک بۆ مێژووی شاری ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ١٩، ئازاری ٢٠٠٧، ل ٤٦.

٦٨ عبدالرقیب یوسف، چاوپێکەوتن، گۆڤاری رانیە، شارەوانی رانیە، ژمارەی ٢١، هاوینی ٢٠٠٧، ل ٤.

## دەسەڵاتی کارگێڕی وڵاتی شوشاررا

سروشتی ئادەمیزاد وایە بۆ ڕێکخستنی ژیان و هەڵسوڕانی کاری ڕۆژانەی، هەر گروپ و دەستەیەک بەرپرسێک یا گەورەیەک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و دەسەڵاتی پێدەدات، تاکو بتوانێ کاروباری ڕۆژانەیان ڕابپەڕێنێ، تا لەسایەی ئەمەدا بەئاسوودەیی و ئارامی ژیان بگوزەرێنن، زۆرجار ئەمە لە ڕێڕەوی خۆی دەردەچێت و نوێنەرەکە بەسەریانەوە دەبێتە زاڵم و دەیانچەوسێنێتەوە. بەم پێیە لەم ناوچەیەش هەر گروپ و هۆزێک بۆ خۆیان گەورەیەکیان هەڵبژاردووە و لەشێوەی شانشین و دەسەڵاتی ئەمڕۆدا کاریان کردووە.

ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن ئەوە دەسەلمێنن لە کۆتایی و سەردەمی لاوازی و شکستی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا (٢١١٢ - ٢٠٠٤ پ.ز)، تەواوی نەتەوەکان یا باشتر بڵێم هۆز و بنەماڵەکان لەم سنوورە سەربەخۆیی لەدەستچوویان بەدەست هێناوەتەوە، وڵاتی (ئوتوم) هەرێمی بیتوێن لەو کاتەدا سەربەخۆ بووە و شاری (شوشاررا) پایتەخت و ناوەندێکی کارگێڕی گرنگ بووە، لەو سەردەمەدا شارێکی ئاوەدان و ئەوەندە بەناوبانگ بووە، تەواوی ناوچەی دەوروبەری بە ناوی ئەوەوە هەڵدراوە. ئاڵوگۆڕی نامەکانی نێوان فەرمانڕەوای هەرێمی بیتوێن (کوواری) لەگەڵ (شەمشی - ئەدەد)ی یەکەم (١٨١٣ - ١٧٨١ پ.ز)ی پاشا ئاشوور و پاشایۆکەکانی تری ناوچەکە ئەوە دەسەلمێنن، کە لە سەردەمی ئاشووریدا (شوشاررا) ئەوەندە شارێکی بەناوبانگ بووە، ناوچەکەی دەوروبەری بەناوی ئەوەوە هەڵدراوە، وەکو مات ش (وڵاتی ش) ئاماژەی بۆ کراوە، دیارە ئەم بارودۆخە ئەوە دەگەیەنێ بەتایبەت لە سەدەی (١٨)ی پێش زایین بنکەیەکی کارگێڕی و سەربازی بەشێکی زۆری هەرێمی ڕانیە و دەوروبەری بووە.[٦٩]

## فەرمانڕەوایی شوشاررا و کەسایەتی کوواری

لەسەرچاوەی دەقە نووسراوەکانی شمشارەوە بۆمان دەردەکەوێت، (کوواری) پاشا یا فەرمانڕەوای هەرێمی بیتوێن (ئوتوم) کە پایتەختەکەی شاری (شوشاررا) بووە، هەرچەندە سەرکردەیەکی ناوچەیی بوو، بەڵام خەڵکی شاری (شوشاررا) نەبوو، بەڵکو بێگانەیەک بووە، لەدەرەوەی شارەکە هێنراوە و لەلایەن (تالپو - شارری) پادشای (توروککی) کراوە بە فەرمانڕەوای (شوشاررا)، بەڵام ئەویش هەر خورییە و لە ڕەگەزی خەڵکی ناوچەکەیە، نەک هەر ئەمە دەردەکەوێت فەرمانڕەوایی

---

٦٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢-٤٣.

(کوواری) و بوونی دەسەڵاتی (توروککی)یەکان لە وڵاتی (ئوتوم)دا شتێکی نوێ نەبووە، بەڵکو خۆی و بنەماڵەکەی دەمێک بووە لەوێ فەرمانڕەوا و کاربەدەست بوون، بۆیە لەنامەی ژمارە (SH. 812)، کە لەلایەن (شێپراتو – Ŝ epratu) یەکێک لە پاشایانی (توروککی) چیاکانی ئەو نزیکانە بۆ (کوواری) نووسیوە، کە خۆی وەک برای (کوواری) ناساندووە و لە نامەکەدا دەڵێت:

**" بۆهەتا هەتایە دەممان لێ دەکەنەوە (وشە بە وشە: دەنگ هەڵدەبڕن) [٧٠]و دەڵێن:وا ئەو (واتە: کوواری) ئاوای کرد، ئەوەی کە باو و باپیرانی نولدانوتوم nuldanutum، [٧١] یان کردووە...". [٧٢]**

هەرچەندە (کوواری) وەک ئاماژەمان بۆ کرد، (شوشاررا)یی نەبوو، بەڵکو بێگانەیەک بوو، لەلایەن پاشای (توروککو) کراوە بە (نولدانوم)ی ناوچەکە، بەڵام بەپێی ناوەرۆکی ئەم نامەیە باوک و باپیرانی (کوواری) لە زووەوە فەرمانڕەوا و کاربەدەستی (ئوتوم) بوون.

دیارە (کوواری) لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسایی (شوشاررا)دا، پایەی دادپەروەریی ئاشتی هەبووە، حاڵەتەکانی پەیڕەوکردنی یاسای شارستانێتی خراوەتە بەردەم ئەم لایەنەی ئەرکەکانی، لە نموونەی هەندێک نامەدا ئاماژەی دادپەروەری کراوە. (کوواری) لەلایەن فەرمانڕەوایان و خەڵکی سنوورەکە حسابی زۆری بۆ کراوە، چونکە بەپێی نامەکان چەندانی وەک (ئێتێللۆم)، (خولوککاتیل)، (ئابدی – ئیراخ) کێشەکانیان بردۆتە لای (کوواری) بۆ چارەسەر کردن. لە دەقی نامەی ژمارە (SH. 958) کە (خولوککاتیل)، بۆ (کوواری) نووسیوە، دەڵێت:

**"بە کوواری بڵێ: خولوککاتیل ئاوها (دەڵێ): ژنی ئابدی – ئێراخ/ی [٧٣] برام لەگەڵ کیززی دەژی لای ببە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خەرجە ستێنی (؟) لەشکر ب (یـ)هێننە لام. ئەگەر گوتی،"وێ خوشکمە [..... ]هەرگیز بۆ ئابدی" [....]تۆش [...] نە[....]" [٧٤]**

---

٧٠وشە بەوشە: مەبەست لەوەیە وەرگێڕانی دەقەکە وەک خۆی چۆن لە دەقەکەدا هاتووە، نەک وەرگێڕانێکی ئازادی واتاکەی، ئەمە بەرامبەر " Literary translation" الترجمە الحرفیە. کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

٧١ نولدانوم: لە دەقەکەدا پۆستی کوواری بە پادشا یا میر نەنووسراوە، بەڵکو بە (نولدانوم nuldanum) نووسراوە، ئایدم ئەم زاراوەیەی بەپشت بەستن بەبەڵگەی ناو دەقەکان و شی کردنەوەی خۆی بە "Ptince"یان "Duke" وەرگێڕاوە. بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٦١.

٧٢ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢

٧٣Ab-di-e—ra-ah بەناوەکەیدا کەنعانی ڕۆژهەڵاتیە، بەداخەوە هیچ بەڵگەیەک نیە یەکلایی بکاتەوە داخۆ ahum خزمی ڕاستەقینە دەگەیەنێ یان تەنیا پەیوەندیەکی سیاسیە لەنێوان خولوککانێل و ئابدی- ئیراخ،

(خولوککاتیل) دەربارەی ژنی (ئابدی – ئێراخ) بۆ (کوواری) نووسیوە، کە (ئابدی – ئێراخ) کەنعانیەکی ڕۆژهەڵاتیە، لەچەند نامەیەکدا ئەم حاڵەتانە بەرچاو دەکەون، بۆ چەسپاندنی دادپەروەری ئاشتی و لە ئەستۆگرتنی ئەرکەکانی، داوای هاوکاری لە(کوواری) دەسەڵاتی یاسایی شوشارا کراوە، نموونەی ئەمە لەنامەکانی (SH.876) و (SH.858)دا بەرچاودەکەوێ وەک لەنامەی (SH.876) داهاتووە:

**" بەکوواری بڵێ: ئێتێللوم ئاوها (دەڵێ): بەمە (ئاگادارت دەکەمەوە: ژنی ئەفسەرێک – لەقەسردا هەیە و ئەو (وێ؟) بەردەوام سەخڵەت (نیگەران)م دەکات. ئەگەر تۆ منت خۆش دەوێ ..... ژنەکەی ! لای خۆت مەهێڵەوە! بەم (بەحوکمی تۆ لەم) مەسەلەیەدا من دان پێدادەنێم....[هی تۆ]...."[75]**

پاشاکانی هاوڕێی (کوواری) وەکو برای خۆیان قسەیان لەگەڵ دەکرد، نامەی وا لەبەر دەستدان پاشایۆکەکانی هاوڕێی (کوواری) تیایاندا هەبووە، بەگوێرەی زاراوەسازی ئەو سەردەم، وەکو "برا"ی خۆی (aham) قسەی لەگەڵ دەکەن، نامەی تر هەن وا دەگەیەنن (کوواری) بەهەقی خۆی، وەکو سەروەری مەزن لەلایەن فەرمانڕەوا بچوکەکانی ناوچەکە دانی پێدانراوە، وەکو "باوک"ی خۆیان قسەیان لەگەڵ دەکرد، و بەخۆیان دەگوت: "کوڕ".[76] وەک لە نامەیەکدا یەکێک کە خورییە، ناوی (واننی) فەرمانڕەوایەکی بچوکتری ڕۆژهەڵاتە سەر بە (کوواری)یە، بەداخەوە وڵاتی ئەسڵی (واننی) ئاشکرا نەبووە، نامەی بۆ ناردووە (کوواری) بە باوک و خۆی بەکوڕ باس دەکات، لە نامەی (SH.874) کە (واننی) بۆ (کوواری) ناردووە، دەڵێت:

**" بەکوواری بڵێ: واننی/ی کوڕت ئاوها (دەڵێ): من بایەخی زۆرم بەو وشانە داوە کە باوکم[77] بۆی ناردووم، ئەم وشانەش باشن.ڕێک وەکو ئەوەی تۆ**

---

وەک (جێی. بۆتێرۆ)(RA 52[958].164) دەری خستووە (ahum= هاوڕێ) وەک زاراوەیەکی سیاسی کاتێ لەنێوان هاومەرتەبە بەکاردێ، ئازادانەترە، لەنێوان پاشا و میرەکان، دەشێ وابگەیەنێ (ئابدی- ئێراخ) هەر بەڕاستی برای (خولوککاتیل) بووە. بڕوانە: یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥. بەڵام ئەگەر (ئابدی- ئێراخ) بەڕاستی برای (خولوککاتیل) بووبێت، کەواتە دەبێت (ئابدی- ئێراخ) تەنیا ناوەکەی سامی بووبێت و خۆی (کەنعانی) سامی نەبووە.

٧٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

٧٥یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٨٣–٨٤.

٧٦ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

٧٧ تەعبیری وشەی (کوڕ) یا (باوک) لە زمانی سیاسی و دیپلۆماسی ئەو کاتەدا بەکاردەهات بەواتای ئەو کەسەی کە قسەکەر پاشکۆیەتی و سەر بە ئەوە. بڕوانە: فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.

**چوویتەلای سەروەری[٧٨] من و پێی سەروەری منت ماچ کرد، منیش ئێستا دەچمە لای سەروەری خۆم و پێی سەروەری خۆم ماچ دەکەم....لەگەڵ من دێ و پێی سەروەری من ماچ دەکات و وشە (وشەکانی) سەروەری من ... ئەوان دەبیسن. کەم تەرخەم مەبە بەرامبەر بە شارەکە، کە (؟) ......، یان لەشکرکێشییەکە. سەروەری من پشوو درێژە (؟)لەوانەیە باوکم کۆکردنەوەی (واتە:دانەوێڵە) پشت گوێ نەخا؟ مسۆگەر لەناو دێرە جووتەکانە کە تۆ..... جا وابکە لەشکرکێشییەکە هەڵبوەشێتەوە."** [٧٩]

لەم نامەیەدا ئەنجامەکە ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر بە بیر (کوواری) دێنێتەوە، سەروەرەکەی (ئیشمی – داگان)پیاوێکی نەرمە و ڕێگا بەسەرزەنشت کردن نادا، بگرە ئەگەر (کوواری) بایەخ بە کشتوکاڵیش بدا، باسی لەشکرکێشییەکیش هاتووە.

(واننی) دەیەوێ وەکو هاوپەیمانێکی ئاشووری خۆی بداتە پاڵ (کوواری)، بەڵام ئەو نامانەی ماری تائێستا بڵاو کراونەتەوە لەوە ناکا ئەوە بچەسپێنن ئەم هاوپەیمانێتیە سەری گرتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ناوەرۆکی نامەکە پێدەچێت لەگەڵ (کوواری) پەیوەندیەکی خێزانیان هەبووبێ و بۆ کۆنتر بگەڕێتەوە، چونکە (کوواری) داوای لێ کردووە (کچەکەی خۆتم بدەرێ، ئەوسا منیش کچەکەی خۆمت دەدەمێ)، بێگومان ئەو تێکەڵاوی خێزانیەو داوای ژن بۆ کوڕەکانیان هەستیارە، پێویستی بە پەیوەندیەکی باش هەیە، بۆ لێک نزیک بوونەوە بووە، هەروەک پاشاکانی ئاشووریش وایان دەکرد، لە کۆتایی نامەی (SH.874)دا (واننی) بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**"لەبارەی کچەکەتەوە کە تۆ بەم وشانە بۆ منت باس کرد:" کچەکەی خۆتم بدەرێ، ئەوسا منیش کچەکەی خۆمت دەدەمێ !" - ئێستا کچەکەی خۆت بدە بەکوڕەکەم و وامەکە پەیوەندی خێزانی نێوانمان هەڵوەشێتەوە!."** [٨٠]

یەکێک لە لێکدانەوەکانی وشەی (mainrained) ئەگەر ڕاست بێ، ئاماژەیەکی زۆرە بۆ گیانی باوک - کوڕ پەیوەندی یان پێویستی زیندەیی نەبووە. هەندێک لەو پاشایانەی لەناو هاوپەیمانێتیەکەدا پلەی باڵا و ڕەسمیان هەبوو وەک ( Sîn – anni ;išme) پەیوەندیەکی تایبەتی هەبوو لەگەڵ (Kuwāri)، پێدەچێ

---

٧٨هەرچەندە وشەی (سەروەرم) بۆ ئێرەزۆر فراوان بێت.

٧٩ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.

٨٠ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

هاوڕێیەتیەکی قوڵیان هەبوو بێت. نەک پەیوەندیەک بێ لەنێوان دوو هاوپیشە، کە خزمەتی یەک خاوەن دەسەڵات دەکەن، نامەکانی (شمشارە) پیشانی دەدا گەرمترین هاوڕێیەتی بەیەکەوەی بەستوونەوە. لەهەموو نامەکانی کە نێردراون بۆ (کوواری) خۆی نیشان دەدا کە دەڵێ "**من تۆم خۆش دەوێ**" هەندێ جار وا پیشان دەدا (Kuwāri) کە "**من خۆش تۆم دەوێ**" برادەرایەتی ئەوان هێندە قوڵ بووە، گەیشتووەتە پەیوەندی خێزانی تێکەوتووە، (Sîn - išme; anni) چاودێری خێزانی (Kuwāri) کردووە، لە (Zukula) وە بە تامەزرۆ بوو بۆ دەسەڵاتی ئەوان، هەواڵی ئەوانی بۆ ناردووە، هەندێ جار کاتێ خێزانی (Kuwāri) نەخۆش بووە ( ip ŠarriŠ -) چارەسەی بۆ کردووە[٨١].

لەلایەکی تر لە دوای هێرش و پەلاماردانی (شەمشی - ئەدەد) بۆ (قەبرا) و داگیرکردنی ناوچەکە، ئەم هێرشەی (شەمشی - ئەدەد) مەترسی زۆری بۆ سەر ناوچەکە دروست کرد، بۆیە (شێپراتو Šepratu) کە یەکێک لە پادشایانی (توروککی) چیاکانی ئەو نزیکانە بوو، هەموو خەمی ئەوە بوو بزانێت هەنگاوی داهاتووی (شەمشی - ئەدەد) پاش گرتنی (قەبرا) چی یە؟ ئەم خەمخۆری و دڵەڕاوکێ یە بەڕوونی لەنامەیەکیدا دیارە. کە بۆ (کوواری) ناردووە، دەیەوێت لەڕێگای هەواڵگیری (کوواری)ەوە لەوە دڵنیا بێت هێرشی داهاتووی (شەمشی - ئەدەد) بەرەو کوێیە لەنامەی (SH 812) لە (کوواری) دەپرسێت:

" **دەبێت بزانیت نیازی شەمشی - ئەدەد چی یە ، ئەگەر نیازی وابوو بەلایەکی تر دا بچێت و خەمی وڵاتی ئوتوم مان نابێت**"[٨٢]

لەمەوە دەردەکەوێت (کوواری) سەرەڕای ئەوەی سەرکردەیەکی وریا و زیرەک بووە، لەڕووی هەواڵگیری و کۆکردنەوەی زانیاری دەزگایەکی شیاوی هەبووە، کەبتوانێ نهێنی مەبەستی داهاتووی پاشای ئاشووری بزانێ، یان لانی کەم دڵنیایی بداتە هاوپەیمانەکانی، کە هێرشی داهاتووی بەرەو ڕووی ئەوان نیە، زۆر نامەی تر هەن بەڕوونی ئاماژەی ئەوەیان تێدا دیارە (کوواری) کەسایەتیەکی بەهێز و خاوەن پێگەی هەبووە.

---

81 Ahmed,kozad Muhamad, 2012, p.353.

٨٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

**سوپای شمشاره**

هێز و سوپا لە چارەنووسی هەر کەس و لایەنێکدا نیشانەی سەرکەوتنە، زۆر جار هێز بارودۆخەکە دەگۆڕێ و هێز بنەمای یەکلاکەرەوەیە، نەک لە کۆندا تائێستاش زۆرجار ڕای واهەیە بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکان لەنێوان دوو کەس یا دوو دەستە، هەتا لەنێوان دوو وڵاتیشدا، دوا هیواو ئامانج هەر هێزە، وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئوتون فون بسمارک) دەڵێت: "کاری بێ هیوا بەشمشێر و بەخوێن ساغ دەبێتەوە".

وڵاتی شوشاررا بەهۆی بەردەوامی هێرش و پەلامار و لەشکرکێشی سوپای داگیرکارە دراوسێکانی، وەک سۆمەر، ئەکەد، ئاشووری...هتد سەرەڕای ئەوەش ململانێی هێزە ناوخۆییەکانی کوردستان، بەتایبەت هەڕەشە و پەلامارەکانی گوتی بۆ سەر وڵاتی (ئوتوم)، پێویست بوو (شوشاررا) سوپایەکی بەهێز و تۆکمەی وای هەبێت، بتوانێت پارێزگاری لە وڵاتەکەی بکات، بۆ ئەو مەبەستە لە دەقی بەڵگەنامەکانی شمشارەوە تێدەگەین (کوواری) و دەسەڵاتی (شوشاررا) گرنگی زۆری بە سوپا و لایەنی سەربازی داوە و سوپای بەهێزی وای هەبووە، کە بتوانێ بەرگری لە وڵاتی خۆی بکات و هاوپەیمانەکانی ئومێدی لەسەر هەڵبچنن، لە چەند دەقێک لە دەقەکانی شمشارە باسی سوپا و سەربازەکانی کردووە، زۆر جار داوا لە (کوواری)ی فەرمانڕەوای (شوشاررا) کراوە هاوکاری سەربازییان بکات، لە کاتی هێرش و ئابڵوقەدانی (تورووککی)یەکانی هاوپەیمانی (کوواری) لەلایەن گوتی، سەرەڕای ناردنی ئارد و دانەوێڵە بۆ لەشکرەکە، داوای لێ کراوە باشترین لەشکرە چاکەکەشی بێنێ بۆ بەشداری ئەو شەڕە دژی گوتی، پاشایانی لوللو کەلەلای (کوواری) پەنابەر بوون، ئەو لوللوییانەی جێگای بڕوان لەوێ بهێڵێتەوە، مەبەستی ئەوەیە (شوشاررا) بە لوللوییەکان بسپێرێ و خۆی بێت بۆ بەشداری شەڕەکە،یەکێک لە پاشاکانی ئەو سنوورە (شێپراتو Šepratu) کە وەک برای (کوواری) خۆی ناساندووە لە نامەی ژماری (SH:812) بۆ کوواری دەنووسێت:

**" لەشکرە چاکەکەت (واتە: باشترین لەشکرت) بگرە دەست و وەرە لام، و وابکە ئەوان لوللایێ جێ بڕواکان لە (شاری) شوشاررایێ گل بدەنەوە تا تۆ دێیتە لام."** [٨٣]

٨٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

دوای ڕووخانی بەرەی (توروککو) بەتەنیا مانەوەی (کوواری) بەناچاری چووە هاوپەیمانێتی ئاشوورییەکانەوە، بەپێی ناوەرۆکی نامەکان چەند جارێک داوای هاوکاری و هێنانی لەشکری لێ کراوە، بۆ نموونە پاشای ئاشووری (شەمشی - ئەدەد) لەنامەی ژمارە (SH.894) داوا لە (کوواری) هاوپەیمانی دەکات بچێتە سەر (یاشوب - ئەدەدو)ی پادشای (ئەخازوم) وڵاتەکەی داگیر بکات، بە (کوواری) دەڵێت:

**"سەرەڕای ئەوەی تۆ دەچیتەسەری و، ئەویش داگیر دەکەی، و منیش یارمەتیەکی (گەورەت) پێشکەش دەکەم، "**

پاشای ئاشوور (شەمشی - ئەدەد) داوا لە (کوواری) دەکات بچێت شانشینی (ئەخازوم) داگیر بکات، ئەوە لە کاتێکدا شانشینی (ئەخازوم) خاوەن دەسەڵات و سوپایەکی بەهێز و هاوپەیمانی گوتییەکان بوو، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت شانشینی (ئوتوم) خاوەن سوپایەکی تۆکمە و هێز و توانایەکی زۆری هەبووە.

هەرچەندە (شەمشی - ئەدەد) لە نامەی پێشتریش داوای لە (کوواری) کردبوو، شانشینی (ئەخازوم) داگیر بکات، بەڵام بەپێی ئەوەی جەخت لەسەر داگیرکردنی دەکاتەوە، وادیار (کوواری) ئەرکەکەی ئەنجام نەداوە، لەم نامەیەشدا دووبارە باس لە داگیرکردنی (ئەخازوم) دەکات، پێشی وایە (کوواری) دەتوانێت ئەم وڵاتە داگیر بکات، لەمەوە تێدەگەین فەرمانڕەوای (شوشاررا) سوپایەکی بەهێزی هەبووە، کە بتوانێت (ئەخازوم)ی هاوپەیمانی گوتییەکان داگیر بکات، (شەمشی - ئەدەد) ئەوەشی بۆ نووسیوە لەبەرامبەر داگیرکردنی (ئەخازوم)دا پاداشتی دەکات. بەڵام پێدەچێت (کوواری) زۆر وابەستەی بڕیارەکانی (شەمشی - ئەدەد) نەبووبێت، یاخود بەهۆی هاوپەیمانێتی کۆنی (کوواری) و (یاشوب - ئەدەدو)ی (ئەخازوم) زۆر لە (کوواری) دڵنیا نیە، بۆیە لە نائومێدیدا دەڵێت:

**"ئەگەر تۆ نەچیتەسەری و، ئەویش نەهێنیە هەژماردن.[...]من لەگەڵ تەواوی هێزەکەم دا دێمەسەری و ئەویش دێنمە داگیرکردن..."**

ئەگەرچی هەندێک جاریش سەرپێچی کردووە، بەڵام (کوواری) ئەوەندە هەبوو تا (شەمشی - ئەدەد) چاو لەو جۆرە کەموکوڕیانەی بپۆشێ، چونکە پێویستی زۆری پێی هەبوو، ئەوەتا (کوواری) هاوکارییەکی گرنگی لە (شوشاررا) وە بۆ ئاشوور بۆ (شەمشی - ئەدەد) گواستۆتەوە، (هەرچەندە ناوی هاوکارییەکە ناهێنێ) ئەگەرچی

ڕێگایەکی مەترسیداریش بووە، بەڵام ئەو کارە تەنیا بە (کوواری) دەکرا، لەبەرئەوە پاداشتی دەکات، (شەمشی – ئەدەد) دەڵێت:

**"بەڵام تۆ پاداشت دەکرێی بۆ ئەو هاوکاریەت کە تۆ بۆ منت گواستۆتەوە من نەمدەتوانی بیگوازمەوە، ڕێگاکان مەترسیدار بوون، و پێویست بوو نوێنەرەکان بەنهێنیەوە گەشت بکەن، منیش پاداشت دەدەم بەتۆ (لەبەرامبەر) هاوکاریەکانی تۆدا."** [٨٤]

دواتر لەگەڵ گەرم بوونی ڕووداوەکان (شەمشی – ئەدەد) خۆی، نوێنەر دەنێرێ پەلاماری شانیشنی (ئەخازوم) دەدات و داوای هاوکاری و هێزی سەربازی لە (کوواری) دەکات، دەبوایە بە ناردنی (١٠٠٠) سەرباز (کوواری) هێز بۆ (ئیتێللومی) سەرلەشکری (شەمشی – ئەدەد) بنێرێ و کۆمەکی لەشکرکێشی ئاشوور بۆ سەر (ئەخازوم) بکات. (شەمشی – ئەدەد) نامەی بۆ نووسیبوو:

**" ئەوا لەشکرێکم لەگەڵ ئیتێللوم دا بەرێ کرد بۆ گەمارۆ، ١٠٠٠ سەرباز لە لەشکرەکەی خۆتی بۆ بنێرە بۆ شیکشابووم."** [٨٥]

لەکاتێکدا (کوواری) هەڕەشەی گوتییەکانی لەسەر بوو، دەبوایە وڵاتەکەی لە دوژمنەکانی بپارێزی، هاوپەیمانەکەی داوای ناردنی (١٠٠٠) سەربازی لێدەکات، بێگومان ئەوە ئاماژەی ئەوەیە (شەمشی – ئەدەد) بڕوای تەواوی بەهێز و سوپای (کوواری) هەبووە، هەر لەم بارەیەوە (شەمشی – ئەدەد) لە نامەی ژمارەی (SH.888) بۆ (کوواری) دەڵێت:

**" با سەربازەکانی حامیەکە بچنە دەوروبەری شیکشاببوم و تۆش، بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆت، بچۆ بۆ شوشاررا و ڕێنمایی بدە بە فەرماندەیەکی شوشاررا و سەربازەکانی ناوچەی شوشاررا لەگەڵ خۆت هەڵگرە و وەرە بۆ لای خۆم،"** [٨٦]

هەروەها (شەمشی – ئەدەد) لە نامەی ژمارە (SH.878) بۆ (کوواری) دەنووسێت:

---

٨٤ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

٨٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

٨٦ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

**" کەمن گەیشتمە قەبرا بۆت دەنووسم، .... بەخۆ و بە هەموو هێزەوە دێی"**[٨٧]
لە نامەیەکدا (ئێتیللوم)ی سەرلەشکری ئاشوور بۆ (کوواری) دەڵێت:
**"بەکواری بلێ: ئیتیللوم ئاوها (دەڵێ): ..... ئێمە بەخێرایی ئامادە دەبین بۆ گەمارۆدانی شیکشابووم، پێویستە سەرجەم سەربازەکانت، لەگەڵ خۆت لوللوبیەکان (بهێنی)، لە دوورەوە گورزە بکەن! زۆر بەبێ دەنگیەوە گەمارۆی شیکشابوم دەدەین."**

ئەم نامەیە لە (ئێتیللوم)ی سەرلەشکری ئاشوور بۆ (کوواری) نێردراوە، تێیدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندووە ئێمە ئامادە دەبین بۆ گەمارۆدانی (شیکشابوم) و داوای لە (کوواری) کردووە، سەربازەکانی و لوللوبیەکان لەگەڵ خۆی بهێنێ، بەمەبەستی گەمارۆدان و داگیرکردنی (شیکشابوم)ی پایتەختی (ئەخازوم)، بۆ ئەمەش زۆر هانی کوواری داوە، بەڵام ئەو بەم ئاراستەیە هیچ هەنگاوێکی نەناوە[٨٨].

ئەوە ڕوونە هەموو ئەو نامانەی بۆ هاندانی (کوواری) نێردران، تاوەکو بەشداری لەشکرکێشیەکەی بۆ سەر (ئەخازوم) بکات و لەشکر بنێرێت. ئاماژەی بوونی بە هێزی (ئوتوم) دەکات، بەڵام بێ هودە بوو، لەوانەیە (کوواری) حەزی نەکردبێت، ئەوەندە گوشار بخرێتە سەر (ئەخازوم) و داگیربکرێت، هیچ دوورنیە مەترسی گرتنی وڵاتی خۆشی دوای نەمانی (ئەخازوم) هەبووبێت، ئەوەش تێبینیەکی وردبینانەیە، چونکە (شەمشی – ئەدەد) کەمتر حیسابی بۆ هاوپەیمانێتی کردووە، هەرکاتێک بۆی گونجابێت ئەو وڵاتەی مەبەستی بووە داگیری کردووە، ئەگەر هاوپەیمانی خۆشی بووبێت، مەترسیەکانی (یاشوب – ئەددو)ی (ئەخازوم)یش هەر لەم ڕوانگەیەوە بووە، پێدەچێت (کوواری) بە دەنگیەوە نەچووبێت، (ئێتێللوم) ناچار بوو ئۆردوگاکەی بپێچێتەوە و بکشێتەوە، لەنامەیەکی تردا دەڵێت:

**"بەکوواری بلێ ئێتیللوم/ی برات ئاوها (دەڵێ): بۆچی تۆ هەنگاوت نەنا بۆ لە ناوبردنی شیکشابوم؟ لەکاتێکدا ئەم وڵاتە پێشووتر دوژمنت بووە، تۆ هەموو ڕۆژێ هێرشت کردۆتەسەر ئەو، تۆ لێتداوە و ئەم وڵاتەش لەژێر دەستی تۆدا هەرەسی هێناوە، و تۆ کارەکەت جێبەجێ نەکرد بەرامبەری ئەو وڵاتە، ئێستا تۆ بۆچی هیچ**

٨٧ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.
٨٨ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

**کارێک ناکەی؟ گواستنەوەی ئەو قسانەی کردووتە بۆ پاشا وەک خۆی: من وێرانی دەکەم و بە پاشاکەشم دەڵێم! بەڵام تۆ وێرانت نەکردووە (ئەو).»**[89]


ئەم نامەیە لەلایەن (ئێتێللوم)ی سەرلەشکری ئاشووری بۆ (کوواری) نێردراوە، تێیدا خۆی بە برای (کوواری) ناساندووە، پێی ڕادەگەیەنێ بۆچی هیچ هەنگاوێکی نەناوە بە مەبەستی لەناوبردنی (شیکشابوم)، لەکاتێکدا پێشووتر دوژمنی بووە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ پێشووتر ناکۆکی هەبووە لەنێوان (کوواری) و (ئەخازوم) بۆیە پێدەچێت هێرشی کردبێتە سەر (شیکشابوم) و هەرەسی پێ هێنا بێت، دواتر هاوپەیمانیان بەستبێت، وەک لەنامەیەکی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ئاماژەی پێدرابوو، دووریش نیە بەهۆی گۆڕینی هاوپەیمانی (یاشوب – ئەدەد)ی (شیکشابوم) کێشەیان لەنێوان پەیدا بووبێ، چونکە (ئێتیللوم) لەم نامەیەدا باس لەوە دەکات، پێشووتر (کوواری) هێرشی بردۆتە سەر و بەسەریدا سەرکەوتووە، بەڵام بۆچی لەو کاتەی (ئێتێللوم) و تەنانەت (شەمشی – ئەدەد)یش داوای لێ دەکەن، هەنگاو بنێ بەمەبەستی لەناوبردنی (ئەخازوم) هیچ هەنگاوێک نانێ؟ لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە (کوواری) حەزی نەکردووە، بە تەواوەتی وڵاتی (ئەخازوم) لەناوبچێ و بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان، چونکە بەمە ئاشوورییەکان بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، و بەمەش مەترسی دەکەوێتە سەر فەرمانڕەوایی (کوواری) خۆشی، لە نامەکەدا دەڵێت بەڵێنەکەی نەیبردۆتەسەر و وڵاتەکەی وێران نەکرد.

لەکتێبەکەی ئایدیم و لیسۆدا دەقی (SH. 825) لە هەمان ئەم بابەتەی سەرەوەدا هاتووە ئاماژەیەکی گرنگی تێدایە، باسی کۆکردنەوەی هێز و لەشکر دەکات لە شوشاررا و شوێنی ترەوە، پاشان لە کۆتاییدا لە پشتی لەوحەکە، کۆی هێزەکانی داوە و نووسیویەتی کۆی هەموویان (٥٠٠) چەکدار لە وڵاتی (ئوتوم)ەوە، ئەمانە و چەندین نامەی تر ئاماژەی بوونی سوپایەکی بەهێز و سەرکردەیەکی لێهاتووی، وەکو (کوواری) لە وڵاتی (ئوتوم) دەکەن.

هەرچەندە ئێمە سەرچاوەیەکی ڕوونمان لەبەر دەست نیە، بۆ وێناکردنی سوپا لە (شوشاررا)، بەڵام لە ڕوانگەی دەقەکانی شمشارە و نووسراوەکانی بەجێماو لە دراوسێکانیان دەتوانین وێنەی سوپای (شوشاررا) پیشان بدەین، بۆ نموونە: لە

٨٩ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٣.

باسی سوپای سومەری پشتبەستن بەدەقە سۆمەرییەکان سەربازی سوپای پیادەی سومەری سەرکڵاو (خوزە)ی برۆنزیان لەسەردەکرد و قەڵغانی بازنەییان بەدەستەوە دەگرت، بەریز دەوەستان، پادشا لە پێشەوە دەڕۆیشت و بەدەستێکی شمشێرێکی کورتی کەوانەیی بەدەستەوە دەگرت، تەنانەت لەناو سوپادا سەربازی تیابوو سەرکڵاوی لەسەر بوو، بەبێ قەڵغان. وێنەی ئەو سوپایە لەسەر چەند تابلۆی قوڕین دروست کراوە، بەڕوونی دیمەنی ئەو دەمەی شێوەی سوپا دەخاتە ڕوو، هەروەها لەدیمەنێکی تردا پادشاکە گالیسکەیەک لێدەخوڕێ و ڕمێکی درێژی گرتووە بەدەستیەوە، ئەو سەربازانەی لەڕیزەکاندا سەربازی پیادەن و چەکی قورسیان پێیە، بەڵام تیرهاوێژەکان لەپشتی پاشاوە، گالیسکەی پادشا جیاوازە و گالیسکەکانی تر چوار گوێدرێژ ڕایان دەکێشێ، هەریەکەیان لێخوڕێک و سەربازێکی تەور بەدەست و سەربازێکی تیروکەوان هاوێژی هەیە. بەڵگەنامە جێماوەکان دەڵێن سەربازە سومەرییەکان، هەروەک گەلانی دراوسێیان چەکی ڕم و تیر و تەوری جەنگی و چەقۆ و شمشێر و تیروکەوان و کوتەکیان پێ بوو، لە نێوانیاندا کۆمەڵێک سەرباز تەرخان کرابوون بۆ هاویشتنی بەرد بەو ئامێرەیان دەگوت بەردهاوێژ (مەنجەنیق)، ئەم ئامێرە زۆربەی نەتەوەکان لەکاتی جەنگ بەکاریان دەهێنا.[٩٠]



**وێنەی ژمارە (١٩) بەرد هاوێژ (منجنیق) لە ناوچەی حضر بەکارهاتووە**

**سەرچاوە: مجلە سومر مجلد الثانی و الثلاثون ١٩٧٦ ص ١٢١**

٩٠ عبدالخالق سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.



**وێنەی ژمارە (٢٠) بەردهاوێژ (منجنق) سەرچاوە:**
**لە گوگڵ وەرگیراوە**

زۆرتر ئەم شتانەی پێویستی جەنگی وەکو بەرگ و زین و کەرەستە و کەلوپەلی ئەسپن، وەکو ئەڵقەی لەغاو و لەغاوگرە، هەروەها چەکی ئەو سەردەمە و شتی جوان و کەرەستەی ئایین و ئایینپەرستی (وەکو عەسای سەحار و هەندێ شتی تر) لەغاو و ئاوزەنگی ئەسپ لە لورستان دۆزرایەوە، ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات لەو سەردەمەدا گالیسکە (عارەبانە) هەبووە، دیسان ئەوە دەردەخات ئەو شتانە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایینی دەگەڕێتەوە. ئێستە کەلوپەل و شتومەکی عەرەبانە دۆزراوەتەوە، بەگشتی کەلوپەل و شتومەکی عەرەبانەی ڕۆژگاری ئاسیای نزیک، بەتایبەتی لەگەڵ ساختومانسازی سۆمەرییەکاندا یەک جۆر بوون.[٩١]

٩١ ئی.م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٢.

بێگومان لەشمشارەدا گالیسکە بەکار هاتووە، بوونی شوێنەواری ڕێگای گالیسکە لە دەربەند ئاماژەی بوونی گالیسکە پیشان دەدات، شوێنەواری ڕێگایەکی دروست کراو لە (دەربەندی ڕانیە) هەیە بە بەری کێوەڕەشەوە، کە زنارێکی سەخت و قایمە، بۆ بەرگری لە هەڵخلیسکانی پێچکەی گالیسەکانیان و بۆ کەم کردنەوەی مەترسی هەڵخلیسکانی گالیسکەکانیان و مەترسی کەوتنیان بۆ ناو ڕووبارەکە، ڕێگایەکیان بەقوڵی دوو پێ و پانی هەشت پێ و درێژایی سەد یاردە لە ژێر زنارەکەی دەربەند بڕیبوو، ئەوە لەسەردەمی کۆندا، بە مەبەستی تێپەڕینی گالیسکە سەربازییەکان کەڵکی لێوەرگیراوە،[٩٢] هەروەها لەکاتی هەڵکۆڵین و پشکنینی گردی شمشارە لە لەلایەن تیمی پەیمانگای شوێنەواری بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک (NINO) لە ڕۆژی ٧ – ٩ – ٢٠١٢ لەکاتی سەردانی تیمەکە بۆ گردی شمشارە و پاش گەڕان و پشکنین لە چاڵی ژمارە (حەوتەم) لە بەشی ڕۆژهەڵات پێچکە (تایە)کی گالیسکە دۆزرایەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی گالیسکەیان هەبووە و لە کاری ڕۆژانە و جەنگەکاندا بەکارهێناوە. [٩٣]

هەرچەندە لە بەڵگەنامەکانی شمشارەدا باسی ئەسپمان بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام بێگومان خەڵکی (شوشاررا) و دەوروبەری لە هەڵمەتی سەربازیدا ئەسپی زۆریان بەکارهێناوە، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین ئەو ئەسپانەی لەسەر زەمینی ماددا پەروەردە دەکران، لەکۆندا زۆر بەناوبانگ بوون، ئاشوورییەکان لەجیاتی باج و خەراج تەنیا ئەسپیان لە مادەکان وەردەگرت، ڕەنگە بەهۆی ئەمەوە ئاریزانیتەکان توانیبێتیان لەناو هۆزەکانی ماددا شوێن و پایەیەکی وا گرنگ بگرنەوە، زمانیان تێکەڵ بەزمانی ئەو هۆزانە ببێت. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی ببنە سوارکار و خاوەنی عەرەبانەی ئەسپی. [٩٤]

سەبارەت بە ڕەنگ و شێوەی ئاڵای وڵاتی (ئوتوم) ئێستا شتێکمان لەبەردەستدا نیە، بەڵام لەو سەردەمە و دواتریش و بە ئێستاشەوە لە هەر دەوڵەتێکدا ئاڵا گرنگی خۆی هەیە، بێگومان هەموو دەستە و وڵات و لەشکرێک هەر یەکە ئاڵای تایبەت بە خۆی هەبووە، وەک ڕەمزێکی دەوڵەتەکەیان، دکتۆر دڵشاد زاموا شارەزا لەمێژووی

---

٩٢ ڕەسوڵ بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

٩٣ ڕەسوڵ بۆسکێنی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٨.

٩٤ ئی.م. دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٠٢.



**وێنەی ژمارە (٢١) گالیسکەیەکی مسی بچووک پاشایەکی سومەری بەسواری گالیسکەیەک چوار گوێدرێژ ڕایدەکێشێت**

کۆن و پاشماوەی شوێنەوار لە نووسینێکدا ئاماژەی بەوە کردووە: کۆنترین دەرکەوتنی ئاڵا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان، کاتێک (نارام - سین)ی ئەکەدی هێرش دەکاتە سەر وڵاتی لوللوبییەکان لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە، لە دیمەنی میلی سەرکەوتنەکەیدا کوژرانی پاشای لوللوبییەکان بە ڕمەکەی (نارام - سین) و سەرکەوتنی سەربازانی ئەکەدی بەسەر شاخدا دەبینین، ژمارەیەک سەربازی ئەکەدی یەک بەدوای یەکدا بەشاخەدا سەردەکەون و بەرپرسمێکی سەربازی سەریان بەرز کردووەتەوە و ڕمەکانیان گرتووە، بەدەستی ڕاستیشیان ئاڵای زۆر بەرزیان هەڵگرتووە، ئاڵاکان وەک ئێستا نەبوون، بەڵکو پەڕۆی باریکی ڕەنگاو ڕەنگ بەکارهێنراوە، و لەسەرەوەدا هێمای خواوەندەکان لە کانزا دروست دەکرا و بەسەر داری ئاڵاکەوە بوو، لە تۆمارە ئاشوورییەکانیشدا چەندین جار باس لە ئاڵای خواوەندەکان کراوە، کەلە شەڕەکانی زاگرۆسدا ئاشووری بەکاریان هێناوە، بەڵام ئاڵای زاگرۆسنشینان تائێستا ئاماژەی پێنەدراوە.

میرنشینەکانی سەدەکانی ڕابردووش زۆربەیان داڵ یان داڵی دووسەریان وەک دروشمی میرنشینەکەیان بەکارهێناوە، ئەم دروشمە لە دەروازەکانی چەندین شاری وەک ئاکرێ، ئامێدی، ئامەد و شوێنانی تر لە سەر بەرد هەڵکەندراون، ئەم دروشمە زۆر کۆنە و سێ هەزار ساڵێک لەمەوبەریش لە هەندێ کاری هونەریدا بەکارهێنراون، کەوتنی ئاڵاهەڵگر و کەوتنی ئاڵا نیشانەی دۆڕانی سوپایە لە مەیدانی جەنگدا، بەهیوایین لە داهاتوودا هەموو ئەو بابەتانە بەنهێنی و سەرداپۆشراوی نەمێننەوە و بەڵگەی زیندوو فراوانیان لەسەر بدۆزرێتەوە.

دیارە وەک لە مێژووی نەتەوەکانی پێش زایین و دواتریشدا هاتووە، سیستەمی سەربازگرتن بەزۆر لەناو دەوڵەتەکاندا پەیڕەو کراوە. ئەو جەنگانەی دەم نا دەم لەنێوان دوژمنەکان و هەرێمی (ئوتوم) ڕوویان دەدا، بێگومان لە کۆتاییدا یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ دەبوو، زۆرجار وڵاتی (شوشارڕا) بەسەربەخۆیی و ئازادی سنووری وڵاتی خۆی پاراستووە، ڕەنگە زۆرجار لەشکری گەورە و پڕ تفاقی جەنگی بەختی باشتر بهێنایە، هەڵبەت لەم ڕووەوە دوژمنەکانی هەرێمی (ئوتوم) و ناوچەکە بەختیان باشتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی (ئوتوم) بەهۆی دووری لە پایتەختی سومەر و ئەکەد و ئاشوور و لەشکرکێشیەکانیان و هەڵکەوتەی جوگرافی و سەختی شوێنی هەرێمی (ئوتوم) زۆر کات سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و دوور لە ژێر دەستەیی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە لەلایەن سوپا بەهێزەکەیەوە پارێزراوە و ژیانی ئارامی گوزەراندووە.

### هاوپەیمانی ئوتوم لەگەڵ دراوسێکانیدا

گەلانی زاگرۆس لە هەزارەی سێیەم و دواتریش لایەنی پەیوەندیە دەرەکیەکانیان زۆرتر لە دوو بواری ئابووری کەزیاتر لە بازرگانیدا خۆی دەبینێتەوە، لایەنی دووەمیشیان لایەنی سەربازیە کە لە جەنگدا خۆی دەنوێنێت، جەنگیش یان بەرگری کردنە لەخود، یان هێرش کردنە بۆ سەر نەتەوەیەکی تر، بەمەبەستی زەوت کردنی خاکەکەی و لاوازیان یاخود نەهێشتنی ئەو نەتەوەیە،[٩٥] هەردوو لایەنی بازرگانی و جەنگ لەپەیوەندیە دەرەکیەکانی (ئوتوم)دا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام دەبێت ئەوە

٩٥ عەبدولخالد سابیر، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢١١.

لەبەرچاوبگرین ئەو پەیوەندیەی هەبووە لەگەڵ هەموو نەتەوەکاندا وەک یەک نەبووە و لەیەکدی جیاوازن.

بارودۆخی ژیانی خەڵکی ناوچەکە پەیوەندی سیاسی و سەربازی و ئابووری لەگەڵ دەوروبەر و دراوسێکان لەگەشە و پێشچوون دابووە، جگەلەوەی هەندێک لە شانیشینەکان دەیانویست لە ڕێگای داگیرکردنی خاکی دراوسێکانیان سنووری وڵاتی خۆیان فراوان بکەن، دواتریش ئەو کاتەی (شوشاررا) لە ڕووی گەشەی ئاوەدانی و بازرگانی و کشتوکاڵی و پێگە سەربازییەکەی ئەوەی دەخواست، پەیوەندی دیپلۆماسی و هاوپەیمانی باشی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت و پەیوەندیەکی پتەو و دۆستانەبێ، بۆ ئەوەی لەکاتی ئاشتیدا پەیوەندییە ئابووری و بازرگانیەکان برەویان پێ بدرێ، لەکاتی شەڕ و تەنگانەشدا ئومێدی هاوکاری و بەدەنگەوە هاتنی لێ بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە لەناو نامە و بەڵگەنامەکانی (شوشاررا) دەقی وا هەیە بەڕوونی ئەوە پیشان دەدەن: دەسەڵاتی (شوشاررا) لە ژێر فەرمانڕەوایی (کوواری)دا جگەلەوەی خۆی بەشێک بووە لە فدراسیۆنی شانشینی (تورککی)، هەوڵی داوە پەیوەندی دوو لایەنە لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت، ئەمەش لە هەندێ نامەدا دەردەکەوێ پەیوەندی دراوسێیەتی (لوللوم) و (شوشاررا) هەیە و ئاماژەی بۆ کراوە.[٩٦] سەرەڕای ئەوەش هەریەک لە شانشینەکانی (ئەخازوم، کاکموم) پەیوەندییان لەگەڵ (ئوتوم) هەبووە.

دەبێ تەماعکاری و پەلامار و هەڕەشەی گوتییەکانیش لەبەرچاوبگرین، کە دوژمن و نەیاری سەرسەختی وڵاتی (ئوتوم) بوون و هەمیشە پەلاماریان دەدا و مەڕەکانیان دەرفاندن و هەراسانیان دەکردن، وەک "شیپراتۆ" لە کۆتایی نامەی (SH.812) دا بۆ (کوواری) نووسیویەتی، هەواڵ و نووسراوی وا دەبیستێت و ڕاپۆرتی بۆ دێن دەربارەی پەیوەندیە خراپەکانی (زوزوم)ی سەرکردەی گوتی، کە وڵاتی (ئوتێم) هەراسان دەکات، ئەو هەوالانە نیگەرانیان کردووە لە نامە کەدا دەڵێت:

**" ..... هەر (ڕاپۆرتان) دەبیستم و زوزوم بەردەوام پەیوەندیە خراپەکانی خۆی پەرە پێ دەدا. وڵاتی ئوتێم هەرسان دەکات و مەڕەکانی دەرفێنێ. کەس باسی**

---

٩٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٨.

**پلانەکان (؟) ناکا بۆتۆ و نۆکەرەکانت لەڕووی دوور دەکەونەوە. کەس بۆ تۆ (ی) باس ناکا.**" [٩٧]

لە کاتێکدا شاڵاوەکانی گوتی بۆ سەر خاکی (ئوتوم) و دەوروپشتی نەوەستا بوو، نامەی (SH 859+881) لەلایەن سەرلەشکرێکی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) نووسراوە بەڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەم بارە دەکات:

" **لەم کاتەدا ٢٠٠ سەربازی گوتی ...بەردەوام هەڵدەکوتنە سەر وڵاتەکە و تۆش بێدەنگی!**" [٩٨]

لەبەرامبەر ئەمەدا وڵاتی (ئوتوم) پێویستی بە هاوپەیمانی و پەیوەندی باش لەگەڵ دراوسێکانی هەبووە، ئەمەش لە نامەکانی شمشارەدا دیارە و ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

**پەیوەندی ئوتوم لەگەڵ پاشایانی لوللو**

گەلی (لوللو) یەکێک لە گەلانی کۆنی کوردستان بوون، کە نەتەوەی کوردی ئێستایان پێکهێناوە، هاوزەمانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشوورییەکان بوون، زۆر لەو مێژوونووسانەی باسی (لوللو)یەکان دەکەن، بە گەلێکی قارەمان و شەڕانی دادەنێن، سەرومڕ لە کێشە و ناکۆکی دابوون، لەگەڵ سومەری و ئەکەدی و ئاشوورییان، بۆیە بەیەکێ لە هۆکانی هەرەس و کۆتایی شارستانیەتی میسۆپۆتامیایان دادەنێن.

لەبەڵگەنامەکانی شمشارەدا بە شێوەی لوللوم (Lullu (um) ناویان هاتووە، مەڵبەندی ژیان و نیشتمانی لوللو بەگشتی ناوچەی سلێمانی و بەتایبەتی لە دەشتی شارەزوور و دەوروپشتەکەی چەقی بەستبوو، نزیکترین دراوسێی (ئەررابخا) بووە.[٩٩] لەلایەکی تریش پێدەچێت لەگەڵ (ئوتوم) هاوسنوور یاخود لێک نزیک بووبن، وادیارە پاشایانی لوللو لەناو خۆیان کێشە و ململانێیان هەبووە، لەو کاتەدا هەندێک لە پاشایانی لوللوم لای (کوواری) لە (شوشاررا) پەنابەر بوون.

لە نامەکانی شمشارەدا تێ دەگەین پاراستنی ئاشتی و بەردەوامیدان بەپەیوەندی باش لەگەڵ سەرداران و پادشایانی لوللوییەکان، بۆ دابین کردنی گەیشتنی

---

٩٧ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.
٩٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.
٩٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

بەردەوامی دانەوێڵە بۆ شانشینە (توروککی)یەکانی دەوروبەری (شوشاررا) یەکجار گرنگ بووە، بەڵام ئەو نامانە دەری ناخەن ئایا لوللوییەکان خۆیان بەرهەمهێنی دانەوێڵە بوون، یان ڕێگاوبانەکانی گەیشتنی دانەوێڵەیان بەدەست بوو، ئەم گرنگیە وای کردووە، یەکێک لە پاشایی شانشینی (توروککی) ناو چیاکانی ئەم نزیکانە، بەناوی (شێپراتۆ – Šepratu) لە نامەی ژمارە (SH. 812)دا، بۆ (کوواری) ناردووە، لە کۆتایی نامەکەدا ، دەڵێت:

**" ئەو لوللویانەی جێ ی بڕوان لە شاری شوشاررایێ گل بدەنەوە...."** [١٠٠]

لە بەڵگەکانی شمشارەدا لە دەقی نامەی((SH.812 و (54 - 50) SHA 2)) ناوی لوللوییەکان هاتووە، ئەوە ڕوونە لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین ناوی لوللوییەکان لە میسۆپۆتامیا بەکارهاتووە، وەکو زاراوەیەکی نەژادی بۆ دانیشتوانی شاخەکان، بەپێی نووسراوەکانی شمشارە لوللوییەکان لە دۆڵەکانی زاگرۆس دابەش بوون، بۆ سەر چەند ناوچەیەکی سیاسی بچوک، هێڵی نەژادیان ئەوە پێشنیار دەکات، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیان دابەش بووە، بەسەر ناوچە شاخاوییەکاندا، هەر گروپێک ناوچەی خۆی هەبووە، ئەوەش لەگەڵ شێوەی مێژووی زاگرۆس دەگونجێت، بەزۆری لەسەر ڕاوکردن و شتی تر کە پەیوەندی بەکشتوکاڵەوە نەبوو دەژیان. لوللوییەکان، لە ڕووی سیاسیەوە چالاک بوون، لە گەمەی سیاسی و دەسەڵاتدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، لەنامەیەکدا کە بۆ (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) هاتووە، ئاماژە بەوە دراوە پەیوەندی (کوواری) و پاشایانی (لوللوم) هەبووە. وەک لە نامەی ژمارە (SH. 812) دا (شێپراتۆ) بۆ (کوواری) ناردوو، ئەوان کێشەیان لەگەڵ گوتییەکان هەبووە، بۆیە پێویستیان بەئارامی ناوچەکە و هاوپەیمانی دراوسێکانیان بووە، بۆیە بە (کوواری) دەڵێت:

**" ئێستا ئەگەر پادشا زۆرەکانی لوللوم بوونەتە دوژمنی تۆ، ئاشت بوونەتەوە و تۆش پەیمانت پێ داون (سوێندێکی تەواوت پێ داون)، ئاشتیەکەیان قبوڵ بکە".**

لەکاتێکداهەندێک لە پاشایانی لوللوم لەبەر متمانە و پەیوەندیان لای (کوواری) پەنابەربوون، ناوبراو لەهەمان نامەدا جەخت دەکاتەوە و لە شوێنێکی تر دەڵێت:

**"ئێستا ئاشتی و پەیوەندیەکی باش لەگەڵ لوللوم پێک بێنە".** [١٠١]

١٠٠ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

١٠١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

لەنامەیەکدا (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) باسی هاوپەیمانی (کوواری) و لوللوبییەکان دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لوللوبییەکانی بە نەیاری خۆی زانیوە بەرامبەر هاوپەیمانی (کوواری) لەگەڵ لوللوبییەکاننیگەرانە، بۆیە لەنامەکەدا دەڵێت:

**"هاوپەیمانی خودی تۆ لەگەڵ لوللوبیەکان. ئەو ئاڵۆزی دێنێ بۆ وڵاتەکە!"**[١٠٢].

لە نامەیەکدا سەرلەشکرێکی ئاشووری (ئیتیللوم) بۆ (کوواری) ئاماژەی داوە گەمارۆی شاری (تاروم)ی (ئەخازوم)ی داوە و بە (کوواری)ش دەڵێت: سەرجەم سەربازەکانت و لوللوبییەکان بێنە، چاوەڕێی تۆم لە (تاروم):

**" ئێمە بەخێرایی ئامادە دەبین بۆ گەمارۆدانی شیکشابووم، پێویستە سەرجەم سەربازەکانت، لەگەڵ خۆت لوللوبیەکان (بهێنی)، لە دوورەوە گورزە بکەن!"**

دەبێ پەیوەندی (کوواری) لەگەڵ لوللوبییەکان لەسەرووی پەیوەندیەکی ئاسایی بووە، مادام توانیویەتی بۆ شەڕی هاوپەیمانەکەیان ببات، بێگومان هەموومان دەزانین ئاکامەکانی شەڕ بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەری هەر دەمێنێ.

لەنامەیەکی تردا (شەمشی – ئەدەد) بە (کوواری) دەڵێت:

**"دووەمیان دەربارەی هێرش کردنمە بۆ سەر فەرمانڕەوای (لوللومە)کە تۆ دەربارەی ئەو، ئەوهات بەمن وتبوو: لەژێر دەسەڵاتی مندا نەمابوو."** [١٠٣]

ئەم نامەیە لە ئانوساتی داگیرکردنی (شیکشابوم) نووسراوە، هۆکاری داواکردنی سەرباز لە (کوواری) ئەوەمان بۆ دەردەخات، (شەمشی – ئەدەد) بەنیازی هێرشێکی تری سەربازی بووە، لەدوای داگیرکردنی (شیکشابوم)، ئەویش دژ بە (لوللو)ییەکان بووە، لەکاتێکدا ئەم لوللویانە هاریکاری (شەمشی – ئەدەد) یان کردووە، لە داگیرکردنی (شیکشابوم) هەروەک لە تێکستەکەدا دەردەکەوێ، بەهۆی (کوواری)یەوە، چونکە لەنامەیەکدا (ئێتیللوم)ی سەرلەشکری (شەمشی – ئەدەد) داوا دەکات لوللوبیەکانیش لەگەڵ خۆی بێنێت بۆ شەڕی (شیکشابوم)، بەڵام لەدوایدا (شەمشی – ئەدەد) هەوڵی داوە بۆ لەناوبردنیان، وادیارە یەک لەدوای یەک هەوڵی داوە بۆ لەناوبردنی چیانشینانی زاگرۆس و چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکە دا، لەدژی یەکتریش بەکاری هێناون.[١٠٤].

---

١٠٢ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

١٠٣ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

١٠٤ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

**بەڵگەی بازرگانی**

ئەوەی مایەی سەرسامی و دڵخۆشکەرە لە دەقەکانی شمشارەدا بابەتی ئابووری و بازرگانیە، چونکە باسی پێدانی زیو و زێڕ هاتووە، والێکدەدرێتەوە ئەوانە بابەتی کارگێڕی بن، بەڵام (لیسۆ) بەڕوونی دەڵێت: ئەو کۆمەڵە خشتەی لە گردی شمشارە دۆزراونەتەوە، دەقی وایان تێدایە باسی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکات، هەندێکیان تێبینی کورتن و باس لە وەرگرتن یان خەرج کردنی کەلوپەل دەکەن. (SH. 836) کە خشتێکی بچوکە (2.2×2.2 سم) و بە دوو دێڕ نووسراوە، گرنگیەکەی لەوە دایە بۆ جارێکی تر وشەی دەگمەنی (agasalikum)ی تێداهاتووە.

SH.83618 MA.NA.URUDU

a – na a – ga – sa – li – ki

"١٨ مەن سفر بۆ (دروست کردنی))"

هەروەها دەڵێت: ئەوەندەی من بیزانم (agasalikum) جگە لەمە، تەنیا لەنامەیەکی بابلی کۆن هاتووە....لەوێ ئامێرێک دەگەیەنێ کە لە برۆنز دروست کراوە. دەقی (SH.870) دەقێکی ئابوورییە، ئەگەرچی پارچەکە شکاوە، دیارە تۆمارکردنی پارەدانە بەزیو و زێڕ بەهەندێ کەس و کۆمەڵێ خەڵک، ئەگەرچی هێشتا پێویستی بە لێ وردبونەوە هەیە، بەڵام ئاماژەیەکی گرنگە بۆ لوللایێ کان، و پەیوەندییەکی ئابووری نێوان ئەوان و (شوشارا). جێی خۆیەتی لەم بۆنەیە دەقی (SH.808) وەربگرین کە جۆرە ئاماژەیەکی وەکو ئەوەی (SH.807)ی تێدایە، کە ئەوەی پێشەوەدەقی (SH.808) جۆرە ئاماژەیەکی تێدایە، هەرچەندە پارچەکە شکاوە، ئەوەندەی دەقەکە ماوە باسی ناردنی زیو (KUG – UD) و زێڕ ( – KUG ii) و (aš – la – li – in – ašlalum[SH.808,7]) دەکات بۆ وڵاتی کاکموم.[١٠٥]

هەروەها کاتێک تیمی شوێنەواری زانکۆی لایدن و پەیمانگای نینۆ (NINO) بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (جەیسەر ئایدم) لە ساڵی (٢٠١٣) کاری پشکنینیان بۆ گردی شمشارە کرد، تابلۆیەکی مسماری شکاو دۆزرایەوە، هەرچەندە تابلۆکە زۆر شکاوە، بەڵام ئاماژەی ئەوە دەکا خەڵکی هەمەجۆر و کۆمەڵێک سەرباز یان کرێکار بەرچاوترین نووسراوەکانی پێدەچێت بۆ نوێنەر و پەیامبەرەکانی شارەکانی (ئوربیلو)بن کە دەکاتە (اربیل)ی تازە و (کاکموم) و شانشینێک لە زاگرۆس بن،

---

١٠٥ یورگین لیسۆ ، هەمان سەرچاوە، ل ٨٦.

ئەوەی شایانی باسە ئەم ناوچەیە پەیوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە لەگەڵ ناوچەکانی زاگرۆسدا، هەروەها هەندێ هۆز لەو ناوچەیەدا حوکمیان کردووە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا، وەکو (کاکموم) و (شیموروم) و (ئوتوم) لە دەشتی ڕانیە و شمشارەدا.[١٠٦]

**هاوپەیمانی ئوتوم و ئەخازوم**

شانشینی ئەخازوم، وەک ڕوونمان کردەوە یەکێ بووە لەشانیشنەکانی دامێنی چیاکانی زاگرۆس و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، لە سەردەمی ئاشووری کۆندا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، لە ململانێکانی ناوچەکەدا، بەتایبەت لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، ئەم وڵاتە لەدەق و بەڵگەنامەکانی (شمشارە)دا ئاماژەی بۆ کراوە، پایتەختی ئەم وڵاتە شاری (شیکشابوم) بووە.

سەبارەت بە دیاری کردنی شوێنی جوگرافی ئەم وڵاتە کارێکی سەختە، بەڵام دەتوانین بەپلەی یەکەم پشت بەو نووسراوە مێخیانە ببەستین، کە لە شمشارە دەست کەوتوون، بەو پێیە دەتوانین شوێنەکەی لەناو بانەکانی زاگرۆس لەدامێنی چیاکادندا بدۆزینەوە، لەنێوان ئاشوورییەکان[١٠٧] و ڕانیە و هەولێر دابووە، بە نزیکەی دەکاتە کۆیەی ئێستا.[١٠٨] بەو پێیە ڕەنگە بتوانین شوێنەکەی لەنێوانی ڕانیە و هەولێر لەنزیک کۆیە و تەق تەق دیاری بکرێت.

ئەخازوم هاوپەیمانی (کوواری) بوو، هەرچەندە لە دەمی نامەکانی شمشارەدا پادشای ئەخازوم (یاشوب – ئەدەد= Jaŝub - adad)، وازی لە هاوپەیمانی (کوواری) هێنا بوو، دەربارەی ئەمە لەنامەی (SH.894) (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) ناردووە، دەڵێت:

**" ئەو وازی لە فەرمانڕەوای شیموروم هێناوە[بەدوای تۆ کەوتووە]، ئەو وازی لەتۆ هێناوە و هاتۆتە لای من، ... ! [ئێستاش] ئەو وازی لەمنیش هێناوە بەدوای فەرمانڕەوای [کاکموم] کەوتووە."** [١٠٩]

---

١٠٦ شێرزاد حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

١٠٧ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

108 Eidem and LææssØe, p 22.

١٠٩ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

ئەمە ئاماژەی ئەوەیە (ئەخازوم) پێشتر هاوپەیمانی (کوواری) بووە، هەرچەندە لەکاتی ناکۆکیەکانی (ئەخازوم) لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد) وەک هاوپەیمان (کوواری) لەگەڵ (ئەخازوم) نەمابوو، بەڵام پێدەچێت هێشتا پەیوەندییان ماوە، چونکە سەرەڕای پێداگری (شەمشی – ئەدەد)ی هاوپەیمانی بۆ لێدانی (یاشوب – ئەدەد)، هێشتا (کوواری) نایەوێ شەڕ لەدژی (ئەخازوم) ڕابگەیەنێ، بۆ نموونە کاتێک سوپای (شەمشی – ئەدەد) هێرش دەکاتە سەر شاری (شیکشاببوم)ی پایتەختی شانشینی (ئەخازوم) سەرلەشکری (شەمشی – ئەدەد) "ئێتێللوم Etellum" داوای هاوکاری لە (کوواری) کرد، دەڵێت:

**" ئێستا من لە سنووری (تاروم) چاوەڕێم، و چاوەر[ێی تۆ]دەکەم، بەبێ دەنگیەوە وەرە، و دەی با ئێمە شیکشابووم بگرین پێش ئەوەی پاشا بگات"**

بەڵام (کوواری) داواکاریەکانی پشت گوێ خست، نامەکانی "ئێتێللوم – Etellum" سەرلەشکری (شەمشی – ئەدەد) کەتیایدا دەڵێت: چەند چاوەڕوانی لەشکرەکەی (کوواری) بووە، تاکو پێکەوە شاری)شیکشاببوم (بگرن، بەڵام بێ هودە بووە، (کوواری) لە چەندین نامەی وەکو: ( ( ,(SH. 41) ,(SH.39) ,(SH. 14 (SH. 42 ,(SH.40) سەبارەت بەم بابەتە هەیە، بەڵام (کوواری) نەچووتە ژێرباری ئەو داواکارییە و شەڕی (ئەخازوم)ی نەکردووە، ئەوەش سەرەڕای خۆبەدوورگرتنی (کوواری) لە شەڕ، بێگومان هۆکارێکی بەهێزی هاوپەیمانی ڕابردووی (ئەخازوم) بووە لەگەڵ (کوواری)دا.

### پەیوەندی (توروککی - کوواری) و نەیاری گوتی

پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە (توروککی) فیدراسیۆنی شانشینە خورییەکان بوو، بە هەموویان یەکێتی شانشینی (توروککی)یان پێکهێنابوو، گەمەکاری سەرەکی بوون، لەو کاتەدا بەهێزترین پاشای (توروککی) ناوی (تالپور شارری – Talpušarri) بوو، لە ئەرشیفی شمشارە دا ناویان هاتووە، شانشینی (ئوتوم)، بە فەرمانڕەوایی (کوواری – Kuwāri) سەر بە فیدراسیۆنی شانشینی (توروککی) بوو، لە باشووری ئەوان گوتیەکان و (ئیلام) بوو، واپێ دەچێت (توروککی)یەکان لەگەڵ (ئیلام) پەیوەندیان هەبوویێت، بەڵام لەگەڵ گوتییەکان لە شەڕ و کێشە و دوژمنایەتی بەردەوامدا بوون، بەتایبەتی نامە گرنگەکانی(٣٦، ٦٣، ٦٤)، ئەوە دەردەخات، چۆن گوتییەکان گوشاریان کردۆتەسەر شانشینی (توروککی)، کە

ئەمانە پشتگیری دەکرێن لەلایەن (شوروخدوخ – Šuruhduh) لە (ئیلام)، لەلایەکی دیکە پەیوەندی ئەوان و لوللوییەکان دەتوانرێ هەست پێ بکرێ، کە لە شمشارە و نزیک ئەوێ بوون[110] سەرەڕای ئەوەی شانشینی (توروککی) هێز و دەسەڵاتی لەناوچەکە هەستی پێ دەکرێت، بەڵام پێدەچێت دەسەڵاتی (توروککی) بەهۆی تێوەگلانی لەشەڕ و شۆڕی بەردەوام نەیپەڕژابێتەسەر ئەوەی دەسەڵات لە (شوشاررا) بچەسپێنی، پەیوەندی نێوان (توروککی)یەکان و زلهێزێکی وەک گوتییەکان لە ناوچەکە لەم سەردەمەدا دۆستانە نەبوو، هەردوولا نێوانیان خراپ بوو، لەو کاتەدا لەشکرکێشی و هێرشی گوتییە دوژمنەکانیان لە ئارادا بوو[111]ئەو دوژمنایەتیەی (توروککی) لەگەڵ گۆتییەکان هەیان بوو بەردەوام بوو، تا ئەو کاتە درێژەی کێشا بوو، (توروککی)یەکان کە دوژمنی (ئیشمی – داگان) بوون، ویستبوویان کۆمەکی (خاتنو – راپی – (Hatnu - rapi ، (قاططارا – Qaṭṭara) (تل الرماح) ڕۆژئاوای موسڵ نزیک (تەلەعفەر) بکەن، تاکو پایتەختەکەی خۆی دەست بکەوێتەوە، بەڵام ناچار بوون پاشەکشە بکەن، چونکە گۆتییەکان، کە (زوزوم) ناوێک پاشایان بوو پەلاماری وڵاتی (قەبرا)یان دا، دیارە (قەبرا) پاشای خۆی هەبوو، بەڵام وەک (ئایدم) بۆی چووە ئەو پادشایە شوێنکەوتەی (توروککی)یەکان بوو.[112] بۆیە ئەو پەلامارەی گوتی بۆ سەر (قەبرا) کاریگەری بۆ سەر (توروککی) هەبوو.

تا ئەو کاتەی نامەی شمشارەی (SH.812) بۆ (کوواری) نووسرا، سێ ساڵ بوو گوتییەکان گەمارۆی پایتەختەکەی (تالپو – شارری) یان دابوو، لەم نامەیەدا هەواڵی بەستنی هاوپەیمانیەکی گەورەی نێوان (توروککی) یەکان و ڕێک خستنەوەی سوپاکانیان بە (کوواری) ڕاگەیەنراوە، ئەو هاوپەیمانیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای (ئیندۆششێ)ی پادشای گوتی بوو، هەر بۆیە لەنامەکەدا هانی (کوواری) یان داوە بەلایەنگیریان بمێنێتەوە.[113] کۆبوونەوەی (تالپو – شارری) لەگەڵ سەرانی (توروککی) دا لەشاری (ئالیائێ – Aliae)، بوو، هەموو سەرۆکە هاوپەیمانەکان بەشداربوون، لەو شوێنە لایەنی نوێی تریش ئامادەبوون و هاتوونەتە ناو

110 Eidem and Læssøe, p. 25.

١١١ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.

١١٢ فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣

١١٣ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

هاوپەیمانییەکەوە، بە نامەی (SH.812) لەلایەن (شێپراتو - Šepratu) کە خۆی وەک برای (کوواری) ناوبردووە، (کوواری) ئاگادار کردەوە، لە نامەکە دا دەڵێت:

" **بەکواری بڵێ: شێپراتو Šepratu،ی برات ئاوا دەڵێت: زوزوم/ی Zuzum، خانیزاروم Hanizarum[114]ی شاری ,ئیلالائی Ilalae، کە بۆ پەیمانێکی بۆ کوسانارخوم Kusanarhum، نێردرا بوو، هات و لەگەڵ خۆی دا پادشای کوسانارخومی بۆ شاری ئالیایێ لەگەڵ خۆی هێنا بوو. لەگەڵ , کیگیرزا Kigiiza، و تالپوشاڕڕی دا کۆبووەوە سوێندی گەورەیان (تەواو)یان بۆ یەک خوارد و.پادشای کوسانارخوم، ناششومار Naššumar، و کوڕەکانی، ,تاروگور Tarugur، (و) , شورتی Šurti، بە لەشکرێکی ٣٠٠٠ چەکدار دێن، ,بێردیگێندائێ Berdigendar،ی سوپاسالاری ,زوتلوم Zuthum، بە لەشکرەکەیەوە بۆ کونشوم دێت، و کیگیرزا بەلەشکری خۆیەوە و لەشکری کوسانارخوم و ,شودامێلوم Šudamelum، ەوە بۆ گەومارۆدانی ,ئەڕرونوم Arrunum، کەوتەڕێ** (دێری ١ - ٢١)**...تۆش باشترینی لەشکرەکەت بەفەرماندەیی خۆت بێنە و هەڵگەڕێ بۆ ئێرە** (دێری ٤٣ - ٤٤)." [115]

سەرەڕای هاوپەیمانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکەکان (تالپو - شارری) پادشای (توروککی) هەوڵی داوە لایەنگیری نهێنی لەناو سوپا و شاری دوژمن هەبێت، لەوەش زیاتر سیخوڕ و دەستکێش و هاوپەیمانی لەناو شارەکەدا هەیە، بۆئەوەی هەرکاتێک لەشکری (توروککی) پەلاماریدا، ئەو شارەکە دەدات بە دەستەوە، چونکە ئەمە بۆ (کوواری) ڕوون دەکاتەوە و لە هەمان نامەدا هاتووە:

" **لە شارەکە یەکێکی لێ هەیە ئەوها دەڵێ: وەرە من شارەکە دەدەم (تەسلیم) بە تۆ دەکەم.**"

بێگومان ئەو لەشکرەی لەئەنجامی کۆبوونەوەی هاوپەیمانەکان بۆ لێدانی گوتی پەلاماردەر پێویستی بە دانەوێڵە و خواردەمەنیە، وەک هاوپەیمان و بەشداری فدراسیۆنەکە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی (کوواری) دابین کردن و گەیاندنی

---

١١٤ خانیزاروم: زاراوەیەکە تەنیا لەم دەقانەی شمشارەدا هاتووە، تائێستاش بەتەواوی ڕوون نیە واتای چیە و لەچیەوە هاتووە، وا دیارە پۆستێک بووە، یان زیاتر لەوە دەچێت پلەیەکی سەربازی بێت، لیسۆ بەدووری نازانێت ئەمە شێوەیەکی بەئەکەدی کراوی وشەیەکی خوری بێت. بڕوانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٤.

١١٥ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

دانـویڵه بـووه، بـۆ سـەروەره (تـوروککی) یەکەی، بەهـۆی بەردەوامـی شـەڕ لەگـەڵ گوتی عەمبارەکانی دانەوێڵە بەتاڵن، ئەمەش پێویستی بەولاتی هێمن و ئارام هەیە، بەهـۆی کەمـی دانەوێڵە گوشـارێکی زۆر لەسـەر (کوواری) هەبوو، ئەمە لەنامەکانی سـەردەمی یەکەمەوە دیارە، تیایدا بەردەوام داوای دانەوێڵەی لێ دەکات، و لە نامـەی (SH. 812)پێی دەڵێت:

" **تۆ خۆت دەزانی عەمبارەکانی دانەوێڵە بەتاڵن، هیچ دانەوێڵەیەک بۆ لەشکرەکە نیە کە دێ."**

هەر بۆیە (کوواری) هان دەدات لە پێناوی ئەمەدا لەگەڵپادشـایانی لوللـودا ئاشـتی بچەسپێنێت، و ئاشتی لەگەڵ پادشایانی لوللوم قبوڵ بکات، لـە نامـەی (SH. 812) دا دەڵێت:

"**.... ئێستا ئاشتی و پەیوەندیەکی باش لەگەڵ لوللوم پێک بێنە."**

ئەگەر بـزانین ئەم بەشـەی کوردسـتان تـا ئەو سـەردەمەش کشـتوکاڵ دەکـرا و دانەوێڵە دەچێنرا، پشتی بەدانەوێڵەی ئەم سێ دەشتە سندی و بیتوێن و شـارەزوور دەبەسـت، ئەوا نـاوەرۆکی ئەم نامانەمـان بەلاوە سـەیر نابێـت. دەربـارەی نـاردنی دانەوێڵە بۆ لەشکرەکە لەهەمان نامەی (SH. 812)دا بۆ (کوواری)دەڵێت:

"**گواستنەوەی ئارد و دانەوێڵە ڕێک بخە، وابکە دانەوێڵەکە لە ژێر سەرپرشتی خۆت بگوازرێتەوە بۆ من ! هانت دەدەم : بە زووترین کات جێ بە جێی بکە و دوای مەخە وەکو خۆت دەزانی لەشکرەکە نزیک بۆتەوە، بۆ ئەوەی سەروەری تۆ و وڵاتیش شادبن و هەتا هەتایە ناوت بچەسپێنێ.**" [١١٦]

سـوپای گـوتی مـاوەی سـێ سـاڵ بـوو گەمـارۆی شـاری (کونشـوم)ی پـایتەختی (توروککی)دابوو، گوشاری زۆری بۆ ناوچەکە هێنا بـوو، پێدەچێت (کوواری) لەبـەر مەترسی و پەلاماری گوتی بۆسەر وڵاتی ئـەویش کەمتەرخـەمی کردبێت لـە نـاردنی دانەوێڵە، بۆیە لە نامەکەدا پێی دەڵێت:

" **ئەوسا با هیچنیگەرانیەک سەبارەت بە (ئانا – ana) وڵاتی ئۆتێم نەبێ"**

سـەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانەکـان بۆ لێدانی سـوپای گوتی پێویسـتی زۆریـان بە (کـوواری) هەبـوو، بەڵام مەترسـی ئەوەش هەبـوو گوتییەکـان هێـرش بـکەنە سـەر (شوشـاررا) پایتـەختی وڵاتـی (ئوتـوم)، لەبەر ئەوە لە نـامەکەدا ئامـاژەی ئەوە کراوە،

---

١١٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

ئەگەر بـارودۆخەکە مەترسـی ئەوەی هەبـوو پەلامـار بـدرێت، بـا لەشـکرەکە لە (شوشاررا) بمێنێتەوە، بۆیە لەهەمان نامەدا دەڵێت:

**" ئەگەر تۆ لە هەڵوێستەکەت کۆڵیوەتەوە و ترس لەبارەی (ئانا) وڵاتی ئۆتێم (هەیە)، ئەوسا وابکە لەشکرەکە بمێنـنەوە، بـۆ ئەوەی وڵاتـی ئـۆتێم و شـاری شوشاررایێ بپارێزێ."**

بەڵام زۆر جەخت لەوە کراوەتەوە (کوواری) خۆی ئامادەبێت، چونکە مەترسی ئەوەی هەبووە، پاشا هاوپەیمانەکان دوایی بەخراپە باسی بکەن، بڵێن سەروەرەکەی وەکو بـاوکی خـۆش دەویێ و وا سـێ سـاڵە گەمـارۆ دراوە، کەچـی ئـەو نەهـاتووە لەگەڵ ئێمەدا بەرگری بکات، لەبەر ئەوە لەنامەی (SH.812) زۆر هـانی (کـوواری) دەدات و دەڵێت:

**" تۆش بە خۆو بەنۆکەرەکانت، وەرنە لام ! وامەکەن وڵات هیچ بەتۆ بڵێ، تۆ خۆت شارەزای بیروڕای ئەوانی. هەموو لە ئایندەدا قیت دەبنەوە و بەم جۆرە ئەمەی خوارەوە دەڵێن: ئەو کە سەروەرەکەی وەکو ژیانی (خۆی) خۆش دەوێ ئێستا ئەوە سێ ساڵە سەروەرەکەی لە ژێر ئابلۆقە دایە، کەچی ئەو نەهاتووە هاوکاری سەروەری بکا، لەتەک ئێمە نەوەستاوە، ئەمانە، ئەوان بەتۆی دەڵێن و ئەمەش کارێکی نەگریسە تا ڕۆژگارێکی دوور دڵمان نیگەران دەبێ، با نەزری خۆشکوزەرانی شاری شوشاررایێ بکرێ و تۆش بەڕێ بکەوی و بێیتە لام."** [١١٧]

پێدەچێت بـارودۆخەکە هەسـتیار بێـت، پادشـای (تـوروککی) مەترسـی ئەوەی هەبـووە، لەبەر بێ خـواردنی سـوپاکەی نەتوانێت بەرگری بکـات، لە پـێش کۆتـایی نـامەی (SH.812) جەختـی لەسـەر دەکـاتەوە و (کـوواری) هـان دەدات هەرچۆنێک بێت لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا دانەوێڵەکە بگوازێتەوە، چونکە لەشکر نزک بۆتەوە دەڵێ :

**" وابکە دانەوێڵەکە لەژێر سەرپەرشتی خۆت بگوازرێتەوە بۆ من! هانت دەدەم: بەزووترین کات (جێبەجێی بکە) ، و دوای مەخە، وەکو خۆت دەزانی، لەشکر نزیک بۆتەوە."** [١١٨]

وادیارە گوتی سەرەڕای گەمارۆدانی (توروککی) پەلامار و هێرشـەکانی بۆ سـەر (ئوتـوم)ی هاوپـەیمانی (تـوروککی)یش بـەردەوام بـووە، لەوانەیـە هۆکارەکـەش ئـەوە

١١٧ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

١١٨ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

بووبێت تا (کوواری) نەپرژێتەسەر ئەوەی هاوکاری پاشای (توروککی) بکات، لە کۆتایی نامەکەدا (کوواری) ئاگاداردەکاتەوە هەواڵ و نووسراوی وا دەبیستێت و ڕاپۆرتی بۆ دێن دەربارەی پەیوەندیە خراپەکانی (زوزوم)ی سەرکردەی گوتی، کە وڵاتی (ئوتێم) هەراسان دەکات، ئەو هەواڵانە نیگەرانیان کردووە لە نامە کەدا دەڵێت:

" ..... **هەر (ڕاپۆرتان) دەبیستم و زوزوم بەردەوام پەیوەندیە خراپەکانی خۆی پەرە پێ دەدا. وڵاتی ئوتێم هەراسان دەکات و مەڕەکانی دەرفێنێ.**" [١١٩]

دەشێت (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم)یش لەنێو هاوپەیمانانندا بووبێت، چونکە لەپاشدا (شەمشی ئەدەد) لەنامەی (SH.809) کە بۆ کوواری ناردووە، دەردی دڵ لە ئەمبەر و ئەوبەری زۆر و هاوپەیمانیە بگۆڕەکانی (یاشوب – ئەدەد) دەکات، یەکێکیش لەولایەنانەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەپێی نامەکە هاوپەیمانیان بووە (توروککو) بوو. [١٢٠]

هەموو وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆ ئەم تەنگانەیە بەهانایانەوە هاتبوون، لە نامەیەکی تریش (SH.819) زۆر پێ دەچێت دواتر لەم نامەیەی پێشوو نووسرابێت، (تالپو – شارری) خۆی بۆ (کوواری) ناردووە. تیایدا لە دوایین هەواڵی خۆ ئامادە کردن و تەیارکردنی لەشکری بۆ هەڵکوتانەسەر (ئیندوششێ)بە (کوواری) ڕادەگەیەنێت، نەخشەکەی وابووە، لەگەڵ سەرەتای بەهاردا بەفەرماندەیی خۆی لە (زوتلوم)ەوە شاڵاو بەرێت:

"**ئێستا ئەو وڵاتانەی بەهانامەنەوە هاتوون نزیکن و منیش لەزوتلوم فەرماندەیی سوپا دەکەم**" [١٢١]

(کوواری) لە هاوپەیمانیەکەدا بوو، ئەرکی بوو بەلەشکرەکەیەوە لەگەڵیاندا بێت، هیچ دوور نیە (کوواری) لەم کارەدا ئاسوودە نەبووبێت و خۆی دواخستبێت بۆیە (تێنتۆری Tenturi)، ناوێک لەوە دەچێت کوڕی خۆی بووبێت، لەنامەی ( SH 812)دا بۆ ئەمە هانی داوە:

"**... ئەگەر هەموو وڵاتانی کە تالپوشاڕی سەروەری یان دەکات هاتبن، دەبێت تۆش بێیت. دوا مەکەوە (وشە بە وشە: گیرمەمێنە).**" [١٢٢]

---

١١٩ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

١٢٠ کۆزارد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥

١٢١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

هەورامان کتێب

دەوڵەتی (ئیلام)یش لەو هاوپەیمانێتیەدا بوو، چونکە ئەمان دژی گوتییەکان بوون. (ئیلام)یش لە باشووری ڕۆژهەلاتەوە لەم کاتەدا (شیروک - توخ - Širuk - tuh) [١٢٣]، پادشای بوو، یەکێک لە هاوپەیمانەکانی (توروککو) بوو لەدژی گوتییەکان. قەول وابوو ئەویش بە (١٢٠٠٠) سەرباز بەشداری بکات، لە لەشکرکێشیەکەی (توروککو) لە دژی (ئیندۆششی)، ئەمە لەنامەی (SH 827)ەوە دەرکەوتووە. کە دەڵێت:

**" شوروختوخ/ی پادشای ئیلام، ئەم پەیامەی بۆ ,تابیتو Tabitu، ناردووە: بۆچی وڵاتی ئیتابالخوم نوێنەر نانێرێتە لام؟ لەشکر تەیار بووە، لەدژی ئینداششو دەکەونەڕێ."** [١٢٤]

باوەڕ وایە ئەم هاوپەیمانیەی دژی گوتییەکان لەپاڵ (توروککو)دا ئاشوور و (ئیشنوننا)شی تێدا بووبێت، چونکە نامەی (SH 827) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، سەردارانی (توروککو) جۆرە هاوکاریەکیان لەگەڵ ئاشوورییەکاندا هەبووە، بەلام بەبێ ئەوەی متمانەیان پێ بکەن[١٢٥]، ئەمەش لە داواکاریەکی (شێپراتو) دەردەکەوێ، کە داوای لە (کوواری) کردووە، لە ڕاستی و دروستی هەندێک لەو هەواڵانە بکۆڵێتەوە، دەربارەی (شەمشی - ئەدەد)، بەلام بەبێ ئەوەی نوێنەرەکەی ئاشوور ئاگای لێ بێت، هەر چۆنێک بێت، دیارە (شیموروم) و (لوللویی) یەکان یان بەشێکیان هاوپەیمانی (کوواری) بوون، چونکە بەپێی نامەی (SH.812) لەو کاتەی (کوواری) بۆ کۆمەکی (تالپو - شارری) "هەڵگەڕا" هەندێک لە هێزەکانی ئەمان لە شاری (شوشاررا) جێ هێڵران. بۆیە بە کوواری دەڵێت:

**" وابکە ئەو لوللویانەی جێ ی بڕوان لە شاری شوشاررا گل بدەنەوە تا تۆ دێیتە لام."** [١٢٦]

بەلام (کوواری) خۆی دواخست، لەوانەشە ئەگەر زۆری لێ نەکرایە، لە هاوپەیمانیەکە بکشایەتەوە، چونکە نەبوونی و قاتیەکی گەورە بووە هۆی دابین نەبوونی خۆراکی سوپای لەشکرکێشیەکە، بووە بابەتێکی زۆر گەرمی نامە ئاڵوگۆڕ

---

١٢٢ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٦.

١٢٣ ناوی ئەم پادشایە لەنامەکانی شمشارەدا بە (شوروختوخ) نووسراوە.

١٢٤ دەتوانین ئەمە لە نامەکەی تالپوشەڕری یەوە بۆ کوواری (SH 804)تێ بگەین کە تیایدا داوای لێ دەکات نوێنەرەکەی یائیلانوم la ilanum ی بۆ بنێرێت، بەلام هی ئاشوور نا.

١٢٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.

١٢٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو" ل ١٠٢

کراوەکان، دیارە هەر ئەم قات و قڕیەش هۆی سەرەکی شکانی بەرەی (توروککی) بووە. نووسیویانە عەمبار و کەندووەکان بەتاڵن و لەشکر نزیکە، (کوواری)ش لەم لاوە لە توانایدا نەبووە هیچ ئازووقەیەکبنێرێت، یان مەبەستی نەبوو بینێرێت، بەم شێوەیە ئەنجام کارەسات بوو، کاتێ گوتیپەلاماری (توروککی)دا بە پێچەوانەی ئامانج و نەخشەی لەشکرکێشی یەکە، کە (تالپو - شارری) خۆی ئامادە دەکرد و هاوپەیمانەکانی کۆدەکردەوە، بەشێکی هێرشەکەشی متمانەی خستبووە سەر ئەوانەی باوەڕ پێکراوی بوون، لە ناو شاری دوژمندا، بەڵێنیان پێدا بوو هاوکاری بکەن و شارەکەی بەدەستەوە بدەن، بۆ سەرکەوتن بەسەر گوتییەکاندا، کەچی پادشای گوتییەکان (ئیندۆششێ) شەڕەکەی بردەوە و (توروککی) یەکانی خراپ شکاند، وڵاتەکەی داگیرکرد و (کونشوم)ی پایەختی (توروککی) تاڵان کرد و بەروبومیفەوتاند، ئەوانیش نەیانتوانی ڕووبەڕووی ببنەوە، ئەمە بووە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانی شانشینی (توروککی)، نامەی (SH 818) کە (سین - ئیشمی - ئەننی[127] ( Sin - išme - anni بۆ (کوواری) ناردووە، بەم شێوەیە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە:

" **ئیندۆششێ بەتاڵانکاریەوە هات و [....] بەروبومی شاری کونشوم و بەروبومی ئیرتاخوم، فەوتاند،** (دێڕی ٣ - ٧)، **... ئێستا، ئیندوششێ ماوەی بیست و [...] ڕۆژ بەناو وڵاتەکەدا سوڕایەوە و ئێمە لەبەرەیەکی کراوەدا ڕووبەڕووی نەبووینەوە.**
(دێڕی ١٧ - ٢١) **....برا متمانەی بەبرای نیە! تۆ نابێت دەستمان لێ بەربدەیت!**
**پیاوانە بکەرەوە خۆت (وشەبەوشە: وەک گەورە پیاو بە) و عەمبارەکانت مەحکەم کە!**" (دێڕی ٢٤ - ٢٧)[128].

ئەنجامی سەرکەوتنی (ئیندۆششێ)ی گوتی و هەرەسهێنانی بەرەی (توروککی) کارەسات بوو، بووە هۆی هەڵاتن و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە (توروککی) یەکان و پەنایان بردەبەر (شوشارڕا)، هاوپەیمان و سەروەرەکانی دوێنێی (کوواری) لای خۆی بوونە پەنابەر، لەنێو ئەم پەنابەرانەدا پادشا و میر و دەرەبەگی گەورە هەبوون، شتێکی چاوەڕوان کراوە لەنێو ئەم پەنابەرانەدا ناوی "تالپوشارری

١٢٧ لەنامەکان دیاری نەکراوە سین- ئیشمی- ئەننی کێ بووە، لەوانەیە یەکێک لە سەرداره زۆرەکانی توروککو بووبێت، هەرچەندە ناوەکەی ئەکەدییە، بەڵام خۆی لە کەسێکی ئاشووری ناچێت. بڕوانە: فاضل قەرەداغی، کتێبی دهووەم، کتێبی ظهور الکرد، ل ١٠٨.
١٢٨ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

"Talppšarri"[129] و "تێنتوری – Tenturi" و "شیپ – شارری – Šip – šarri" و "زازی – یا – Zaziya" و خازیپ – تێششوپ – Hazp – Teššup" لە دەقە کارگێڕیەکانی (شوشارا) دا دەبینین، خواردن و جل و بەرگیان بۆ بڕاوەتەوە، لە داهاتوودا ئەمانە مایەی گیروگرفتی ماندووکەر و سەرئێشەی نەبڕاوەیان بۆ (کوواری) و پاشان (شەمشی ئەدەد) دروست دەکرد.

جێگای سەرنجە ناوی (سین – ئیشمێ – ئەننی) لە ناو ئەو پەنابەرانەدا نابینینەوە، دەبێت لە شەڕێکی دواتر لەناردنی نامەکەدا لەگەڵ دوژمن کوژرابێت، یان چۆتە پاڵ دوژمن، یا بەشێوەیەک خۆی حەشار دابێت، چونکە تا ئەو کاتەش نامەی (SH 818) بۆ (کوواری) نووسیوە هەر ماوە و وەفادار بووە.[130]

نامەی (SH.899) کە (کوواری) بۆ (سین – ئیشمێ – ئەننی)ی نووسیوە لەشمشارە دۆزراوەتەوە، وادیارە دوایین نامەی کۆمەڵەی نامەکانی دەمی پێش باڵادەستی ئاشوورییە لە شمشارە ماوەتەوە، فریانەکەوتوون بینێرن. ئەمە دەقەکەیەتی:

m in – [d]u – Úš – še ih – ha – ah – ˹ta˺ – am – ma 5)˹e – bu˺ – (٤" [ur]URU ki ku – ˹un˺ – ši – im ki 6) ˹xx˺[x (x)]˹e˺ – b[u – u]r ir – ˹ (x)˺ – ˹ta˺ – hi – im 7) [xxxx]im – ha – as;" "17) ˹i – na – an – nais˺ – tu 20 [9+x)]u 4 – mi – im18)m i[n – d]u – Úš – šei – nali – bima – tim19) ˹i – ta – na˺al – la – ak – ma 20) Giš TUKUL. MEŠÚta – la – za – am21)it – ˹ti – šuÚ – ulni – pu – Úš;""24)a – ˹hu˺ – uma – naa – hi – imÚ – ulip – pa – la—as25) ˹at – ta˺ aš – ra – nu – umlati – gi26) ˹lu – Ú˺ a – wi – lumat – ta27) n[a – k]a – ma – ti – .kadu – un – ni – in" cf..EiDem and LæssØe,No.36[131]

لەو کاتەدا ڕووخانی (توروککی)یەکان و هاتنی ئەو هەموو پەنایەرە (توروککی)ە کێشەیەکی گەورە بوو بۆ (کوواری) و شانشینەکەی دروست بوو، چونکە (کوواری) سەرەڕای کێشەکانی وڵاتی خۆی، کێشەی ئەمانەشی هاتەسەر، هەر لە لایەنی سیاسیەوە بگرە تا لایەنی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابین کردنی شوێن و جێگا و خواردن و دابین کردنی پێویستیەکانیان. ئیتر لێرەوە دەمی یەکەم کۆتایی هات و دەمی دووەمی باڵادەستی ئاشووری دەست پێ دەکات.

---

١٢٩ هەرچەندە تەواو دڵنیانین لەوەی ئەم تالپوشارری یە پادشا خۆی بێت

١٣٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

١٣١ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل268.

## سەردەمی باڵادەستی ئاشووری

### وڵاتی ئوتوم و هاوپەیمانیئاشوور

دوای هەرەسهێنانی بەرگری بەرەی (توروککی) و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن گوتی، بارودۆخەکە گۆڕا و (کوواری) لە مەیدانەکە بەتەنیا مایەوە، لەلایەن گوتییەکان ڕوو بەڕووی مەترسی گەورە بووەوە، دژایەتی و هەڕەشەکانی پادشای گوتی (ئیندۆشیشی) لە دژی شانشینی (ئوتوم) مەترسیدار بوون، بۆ بەرەگاربوونەوە و پەستانی زیاتری گوتییەکان تەنیا باڵ بوو، بۆ پاراستنی وڵاتەکەی لە هەڕەشەی گوتییەکان، لە دوای لەدەستدانی هاوپەیمانە (توروککی)یەکانی لەبەر بەرژەوەندی وڵاتەکەی، (کوواری) ناچار بوو بەدوای دۆستی تازەدا بگەڕێ و هاوپەیمانێتی نوێ ببەستێ.

دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی (توروککی)یەکان (کوواری) هاوپەیمان و سەروەرەکانی لای خۆی ببوونە پەنابەر، ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ (کوواری) و دەسەڵاتەکەی دروست کردبوو، بۆیە لەپاش ڕمانی بەرەی (توروککی) دەبوایە هاوپەیمانی تازە پێکبێنێ، لەوانەیە لەو کاتەدا باشترین کەس بۆ هاوپەیمانی کردن (شەمشی - ئەدەد)ی ئاشووری بووبێت، ئەگەرچی (کوواری) لە بەستنی هاوپەیمانێتیلەگەڵ ئاشوورییەکان هیچ ئاسوودە نەبوو، بەڵام چارەی تری نەبوو، ئەو ترسی ئەوەی هەبوو گوتییەکان پەلاماری بدەن و وڵاتەکەی داگیر بکەن، لەلایەکی تر (شەمشی - ئەدەد)ی پادشای ئاشوور پیاوێکی تەماعکار بوو، لەکاتی فراوانخوازییەکانیدا گوێی بە هاوپەیمانێتی نەدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بوو بۆ هاوپەیمانێتی پەنابەرێتە بەر (شەمشی - ئەدەد)ی پادشای ئاشوور، (کوواری) کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە، ڕێگای لەوە باشتری لەبەر دەمدا نەبوو.

بۆیە فەرمانڕەوای شمشارە (کوواری) بۆ پاراستنی وڵاتەکەی لەدەست تەماعکاری (ئیندۆشیشی)ی گوتی پاڵیدایە لای (شەمشی - ئەدەد)ی پادشای ئاشوور، بەمەش وڵاتی (ئوتوم) کەوتە ژێر سایەی ئاشوورییەکانەوە، لەبەرامبەردا (کوواری) لەشوێنی خۆی مایەوە.[١٣٢] کات و سەردەمی ئەم ژێر دەستیە زۆر لەوە دەچێت، بەرامبەر (لیمو - limu)[١٣٣]یئەسقودوم/ ئاشوور - مالک -

---

١٣٢ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو ل ٦٨.

١٣٣ لیمو: لەلای ئاشوورییەکان پۆستێکی دەوڵەتی بووە، هەر ساڵە و کاربەدەستێکی دەوڵەت دەیگرتە دەست و ساڵەکە بەناوی ئەوەوە ناودەنرا، بەو جۆرە مێژوو دیاری دەکرا، بۆ ئەمەش دەوڵەت لیستی ئەم لیموانەیان

(Asqudum\Aššur - malik) دابووە. وادیارە ئەمە لە دەوروبەری ساڵی (١٧٨١ پ.ز) بووە.[١٣٤]

لەبەستنی هاوپەیمانی (ئوتوم) و ئاشووردا (ئیندۆشیشیێ)ی پاشای گوتییەکان نیگەرانی ئەمە بووە، بۆیە داوای لە (شەمشی - ئەدەد) کرد هاوکاری و یارمەتی (کوواری) نەدات، لەبەرامبەردا دیاری و بەخششی بۆ بردووە، لە نامەی (SH 905) دا (شەمشی - ئەدەد) بۆ (کوواری) ناردووە، ئاماژەی بۆ وتەیەکی (ئیندوشیشیێ) تێدایە، گوایە کاتێک (کوواری) بۆ داوا و کۆمەک چووەتە ژێر ڕکێفی (شەمشی - ئەدەد)، پاشای گوتی (ئیندۆشیشیێ) چووە بۆ لای (شەمشی - ئەدەد) و دیاری و زێڕ و زێوی لەگەڵ خۆی بردووە و پێشکەشی کردووە.[١٣٥]

پایەی نەچەسپاوی (شوشاررا) وەک وڵاتێکی سەر بە ئاشووری تا ڕادەیەک لەنامەی (SH.861) ڕوون کراوەتەوە، (شەمشی - ئەدەد) بۆ زیاتر بەرزەفت کردنی بارودۆخی (شوشاررا) لەشکرێک بنێرێتە ئەوێ، لەوانەیە یەکەم بەرهەمی چوونە ژێر باڵی ئاشوورییەکان پتەوکردنی هێز و دەسەڵاتی (کوواری) لە (شوشاررا) بووبێت، بە پێی بڕیاری (شەمشی - ئەدەد) بە ناردنی (٦٠٠) سەرباز بۆ (شوشاررا) پشتگیری کردبێت، کە لە نامەی (SH. 861) بۆ کوواری ناردووە دەڵێت:

" **بە کوواری بڵێ سەروەرت ئاوها دەڵێ: ئەمە من شەش سەدیم بۆ پاراستنی شوشاررا ناردووە. لێگەڕێ ئەم لەشکرە بێتە ناو شوشاررا، تۆش وەرە لام!**"[١٣٦]

وا دیارە (کوواری) حەزی نەکردووە سەربازی ئاشووری لەناو (شوشاررا) هەبێت، ڕەنگە مەترسی لە داهاتووی تەماعکاری ئاشوورییەکان هەبووبێت، ناهەقیشی نەبوو، دوای ناردنی ئەم لەشکرە (٦٠٠) شەش سەد کەسیە، پێدەچێت

---

هەبوو، خۆشبەختانە هەندێکی بەدەست گەیشتوون و لەڕێیانەوە مێژووی ڕووداوەکانی سەردەمی ئاشووری دەزانین، بۆ نموونە وەک لێرەدا دیارە زانیومانە لیموی ئاشوور –مالیک(ئەمە ناوی ئەو کاربەدەستەیە واتای ناوەکەی: "خواوەند ئاشوور ئامۆژگارە" دەبەخشێت) بەرامبەر ساڵی ١٨٧١ پ.ز. دەبێت تێبینی بکەین هەندێک ناوچە زنجیرە لیموی خۆیان هەبووە، جیا بووە لەوەی ئاشوور خۆی، بۆ نموونە لەناوچەی ماری، لیمو لە ئەدەبیاتی ئەسیرپۆلۆجی یانەی هاوچەرخدا بە Eponymy ناسراوە، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩.

١٣٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩.- کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

١٣٥ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠.

١٣٦ یورگین لیسۆ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣- کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧١.

(کوواری) ئاسوودە نەبووبێت، بەناردنی ئەو لەشکرە و ڕێگای نەداوە لەشکرەکە بێتە ناو (شوشاررا)، نەکا بوونی ئەم هێزە ببێتە هۆی لەدەستدان و نەمانی دەسەڵاتەکەی، بۆیە (شەمشی – ئەدەد) دەنووسێت:

" **لێگەڕێ ئەم لەشکرە بێتە ناو شوشاررا ، تۆش– وەرە لام.**" [137]

هەرچەندە لەدەستپێکی نامەکەدا (شەمشی – ئەدەد) خۆی بە پاشای (کوواری) ناوبردووە، بەڵام لەشێوازی نووسینی نامەکەدا هیچ جۆرە شێوازێکی فەرمان پێکردن نابیندرێ، پاشایەک بەسەر فەرمانڕەوایەکی ژێر دەسەڵاتیدا دەیسەپێنێ، پێناچێت ئاشوورییەکان دەسەڵاتێکی ڕەهایان بەسەر (کوواری) دا هەبووبێ، جگەلە هاوپەیمانێکی نالمتزم. [138]

لەنامەکانی پێشتردا ئێمە تێدەگەین (کوواری) هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ نەبووە، (شەمشی – ئەدەد) لە نامەی (SH.809) باس لە هەوادارییە بگۆڕەکانی (یاشوب – ئەدەد)ی فەرمانڕەوای (ئەخازوم) دەکات، وەک لە بەشی شانشینی (ئەخازوم)دا ڕوونمان کردەوە. بەشێکی تری نامەکەی تەرخان کردووە بۆ تەتەرەکەی کەبە (کوشییا – Kušiya) ناوی هێناوە، بە (کوواری) دەڵێ: بۆچی ئەو لە (شوشاررا) ماوەتەوە، داوای لێ دەکات ئەو ڕێنماییەکانی پێ بدات و لەپێش ئەو مانگەی تێیدایە بۆی بنێرێتەوە، هەرچەندە ئاماژەی بۆ ئەو ڕێنماییانە نەکردووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە بارودۆخێکی وادا پێدەچێ پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و ناردنی هەواڵ و زانیاری بن، دەربارەی (ئەخازوم) و هاوپەیمانیە نوێیەکانی، لە نامەکەدا باسی (کوشیا)ی تەتەری دەکات، هۆکاری دواکەوتن و مانەوەی لە (شوشاررا) نازانێت، بۆیە لە (کوواری) دەپرسێت:

**کوشییا، بۆچی ئەو لەوێ ماوەتەوە، ڕێنماییەکان بەو بدە، بینێرەوە لەپشت..ئەم مانگە، ئەوم بۆ بنێرەوە پێش ئەوەی بەفر چیا و ڕێگاکان داپۆشێ: لە (ژاژلوم) ەوە بۆ (شیگیبۆ) لە شیگیبۆوەوە بۆ (زیکوم): لە زیکومەوە بۆ (وراو): لە وراوەوە بۆ(لوتپیش): لە لوتپیشەوە بۆ زەوی (خابوراتوم)، ئەگەر زۆر دوا بکەوێ ئەوا چیا و ڕێگاکان بە بەفر دەگیرێن (و) ئەو ناتوانێ گوزەر بکات و، ئەو لەلای تۆ دەمێنێتەوە. ئەوەش ئەرکی تۆ دەبێ، پێویستە پارێزگاری لێ بکەیت و (بیرە) و (نانیشی) بۆ دابین بکەی.**

---

١٣٧ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٠.

١٣٨ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

**(بۆ ئەوەی) ئەم نامەیەی پێ بدەیت و خەڵکەکەش ئازاد – بکات!** " [139].

داوا لە (کوواری) دەکات پێش ئەوەی بەفر ڕێگاکان بگرێ تەتەرەکەی بگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر زۆر دوا بکەوێ ڕێگاکان بەبەفر دەگیرێن و ئەو ناتوانێ ڕێگا ببڕێت و لەوێ دەمێنێتەوە، ئەمەش ئەرکی (کوواری) قورس تر دەکات و دەبێ پارێزگاری لێ بکا و نان و بیرەشی بۆ دابین بکات، ئەمەش سەختی زستانی ئەو ناوچانەمان بۆ دەردەخات لەو کاتەدا، هەروەک دەزانین ئەو ناوچانەی ئاماژەی پێ کردوون، ئێستاش لە وەرزی زستاندا بەفر دایان دەپۆشێ، ئەو ڕێگایەی (شەمشی – ئەدەد) دیاری کردووە، تەتەرەکەی لە (شوشاررا) وە پێیدا بگەڕێتەوە بۆ ئاشوور بەم شێوەیە (ژاژلوم، شیگیبو، زیکۆم، وراو، لوتپیش، خابوراتوم) بەمەش ڕێگایەکی هێمنی بۆ تەتەرەکەی دیاری کردووە، سەلامەتی گیانی بپارێزێ و دووربێ لە دەسەڵاتی (ئەخازوم)، ئەمەش لەوانەیە تاڕادەیەک جوگرافیای ناوچەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە شوێنی هەندێکیان زانراوە، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی باسی بەفربارینیانەوە دەتوانرێ ناوچەکە دیاری بکرێ، بەگشتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین ئەو ڕێگایە لە (شوشاررا)وە بەرەو باکووری خۆرئاوا تا گەیشتۆتە (خابوراتوم) لەسەرووی شاری نەینەوا لەناوچەی خاپوور، دوور نییە ئەم ڕێگایە یەکێ لەو دۆڵانە بێ دەشتی بیتوێن بە زێی گەورەوە دەبەستێتەوە، ئەوانیش دۆڵی بالیسان و هیران و هەنارەن، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەو سروشتەی باسی کردووە، چونکە ئەم دۆڵانە لە زستاندا بەفری زۆریان لێ دەبارێت بەتایبەتی هەردوو دۆڵی بالیسان و هیران [140].

دوای ئەوەی (کوواری) خۆی دایە پاڵ ئاشوورییەکان و چووە هاوپەیمانی (شەمشی – ئەدەد)ی ئاشووری مەترسی سەر وڵاتەکەی کەمتر بووەوە، بەڵام لەلایەکی تر نیگەرانی ئەوە بوو (شەمشی – ئەدەد) بەردەوام فراوانخوازیەکانی لە پەرەسەندن دابوون، ئەوەش کێشەیەک بوو بۆ (کوواری)، چونکە بەردەوام داوای لێدەکرا لەو شەڕانەدا بەشداری بکات و ئامادەیی هەبێت.

شەڕی (شەمشی – ئەدەد)ی ئاشووری لەدژی (یاشوب – ئەدەد)ی پاشای (ئەخازوم) بەشێکی باشی لە بابەتی نامەکانی شمشارە بردووە، (شەمشی – ئەدەد) چاوی بڕیبووە وڵاتەکەی و دەیوست داگیری بکات، بەڵام بۆ ئەم کارە داوای لە

---

١٣٩ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

١٤٠ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٢.

(کوواری) تازە هاوپەیمانی کردووە، بچێتە سەر وڵاتی (ئەخازوم) و داگیری بکات، (شەمشی – ئەدەد) لە وەڵامی نامەیەکی (کوواری)دا جارێکی تر باسی هاوپەیمانی گۆڕینی (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) دەکات، لە نامەکانی (SH.894,SH.809)ی شمشارەدا وا دەردەکەوێت (کوممێ) و (خابوراتوم) لە دامێنەکانی زاگرۆس بووبن، لەشوێنێکی باکووری ڕۆژئاوای شمشارە، نامەی یەکەمیان وێستگە و مەنزڵەکانی سەر ڕێگای شمشارە بۆ (خابوراتوم) دەژمێرێت، چونکە لە (خابوراتوم) (شەمشی – ئەدەد) چاوەڕوانی گەیشتنی (کوشی یا – Kuŝiya)ی تەتەری لە (شوشاڕڕا) وە دەکرد، نامەی دووەم هەر بۆ ئەوە نێردراوە (کووورای)هەمان (کوشی یا) بۆ (کوممێ) بنێرێت، تاکو چاوی بە (شەمشی – ئەدەد) بکەوێت، دەربارەی ئەمە لە نامەی (SH.894) بۆ (کوواری) دەنوسێت، کە بچێتە شەڕی (یاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) وڵاتەکەی داگیر بکات و ئەویش پاداشتێکی گەورەی دەکات، لەنامەکەدا دەڵێت:

**" سەرەڕای ئەوەی تۆ دەچیتە سەری و، ئەویش داگیر دەکەی، و منیش یارمەتیەکی (گەورەت) پێشکەش دەکەم"**

(کوواری) لەهەر شتێک سڵی دەکردەوە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت، بەپێی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە (کوواری) ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی (شامشی – ئەدەد)ی پاشای ئاشوور، بەڵکو لەوانەیە تەنیا هاوکاری و هاوپەیمانیەک لەنێوانیاندا هەبووبێت. ئەگینا فەرمانی پێ دەکرد، بچێت داگیری بکات، ئەوەشی بۆ نووسیوە لەبەرامبەر داگیرکردنی (ئەخازوم) (کوواری) پاداشت دەکات.دەڵێت:

**"منیش یارمەتیەکی (گەورەت) پێشکەش دەکەم"** [١٤١]

لە نامەیەکی تردا (شەمشی – ئەدەد) خۆی بەپاشای (کوواری) ناساندووە، باس لەوە دەکات ئەو شتانەی (کوواری) بۆی نووسیوە نایاساییە، بەڵام ئێمە نازانین ئەو شتانە چین بۆی نووسیوە، هەرچۆنێ بێ شتەکان پەیوەندیدارن بە (یاشوب – ئەددو)ی (ئەخازوم)، هەرچەندە لە ڕووی ناچاریەوە (کوواری) بوو بە هاوپەیمانی (شەمشی – ئەدەد)ی ئاشووری، بەڵام لەناوەڕۆکی نامەکاندا ئێمە تێدەگەین هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ نەبووە، داوای لە (کوواری) کردبوو شانشینی (ئەخازوم) داگیر بکات، بەڵام بەپێی ئەوەی جەخت لەسەر داگیرکردنی دەکاتەوە وادیار

١٤١ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

(کوواری) ئەرکەکەی ئەنجام نەداوە، لەم نامەیەشدا دووبارە باس لە داگیرکردنی (ئەخازوم) دەکات، بەڵام پێدەچێت (کوواری) زۆر وابەستەی بڕیارەکانی (شەمشی – ئەدەد) نەبووبێت، چونکە وادیارە زۆر لە (کوواری) دڵنیا نیە، بۆیە لە نامەی (SH.894)دا هانی دەدات بچێت (ئەخازوم) داگیر بکات، پێی دەڵێت: (ئەگەر تۆ نەچی بۆ داگیرکردنی) لێرەدا دەردەکەوێ (کوواری) نەک ژێردەستە، بەڵکو هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵیش نەبووە، چونکە هیچ ژێردەستەیەک ناتوانێ فەرمانی پاشاکەی جێبەجێ نەکات، بۆیە لە نائومێدیدا دەڵێت:

**"ئەگەر تۆ نەچیتەسەری و، ئەویش نەهێنیە هەژماردن. [...] من لەگەڵ تەواوی هێزەکەمدا دێمەسەری و ئەویش دێنمە داگیرکردن."** [١٤٢]

لە نامەکەدا باس لە داگیرکردنی (ئەخازوم) دەکات، پێشی وایە (کوواری) دەتوانێت ئەم وڵاتە داگیر بکات، لەمەوە تێدەگەین (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) سوپایەکی بەهێزی هەبووە، کە بتوانێت (ئەخازوم)ی هاوپەیمانی گوتییەکان داگیر بکات، (شەمشی – ئەدەد) ئەوەشی بۆ نووسیوە (کوواری) پاداشت دەکات، (کوواری) هەرچەندە هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ نەبوو، هەندێک جاریش نایاسایی کردووە، بەڵام ئەو ئەوەندە هەبوو تا (شەمشی – ئەدەد) چاو لەو جۆرە کەموکوڕیانە بپۆشێ، چونکە پێویستی زۆری بە (کوواری) هەبوو، ئەوەتا هاوکاریەکی گرنگی لە (شوشاررا) وە بۆ ئاشوور بۆ گواستۆتەوە، ئەگەرچی ڕێگایەکی مەترسیداریش بووە، ئەو کارە تەنیا بە (کوواری) دەکرا، لەبەرئەوە پاداشتی دەکات. ئەمەش بۆ (شەمشی – ئەدەد) گرنگە لەکاتێکدا هاوپەیمانی وەکو (یاشوب – ئەدەد) لێی هەڵدەگەڕێتەوە، پێویستە گرنگی بە (کوواری) بدات.[١٤٣]

وادیارە (کوواری) نەک هەر ژێردەستە و هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ نەبووە، بەڵکو هەندێ جار کاری دژ بە (شەمشی – ئەدەد)یشی ئەنجامداوە، ئەگینا چۆن دەبێت (کۆشییا)ی خزمەتکاری پاشاکەی بەند بکات، وادیارە (کوشییا) کارێکی وای کردووە (کوواری) نیگەران بکات و بەندی بکات، لە نامەکەدا دەڵێت:

---

١٤٢ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

١٤٣ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

**"بۆچی تۆ کوشییای خزمەتکاری منت بەند کردووە؟ ئەوە بۆ مـن بنێرەوە؟ لە ڕێگای کوممێ (چونکە) لە ئێستادا بێ مەترسیە. ئەو بۆ من ڕەوانە بکەوە لە ڕێگای (کوممێ)وە"**[١٤٤].

دواتــر (شەمشــی – ئەدەد) داوا لە (کــوواری) دەکــات، (کوشــییا)ی خزمەتکــای لەڕێگای (کوممێ) وە بۆ بنێرێتەوە، چونکە ڕێگایەکی بێ مەترسی بووە.

لــە دوای لەشکرکێشــی و فراوانخوازییەکــانی ئاشــوور بــەرەو ڕۆژهــەڵات لەو مــاوەیەدا (ئارابخـا) کەوتبـووە، ژێـر دەسـەڵاتی (شەمشــی – ئەدەد)ی ئاشــووری و کردبوویـانە ناوەنـدێکی خۆیـان، ئیتـر بـەرەو (ئەخازوم) هێرشـەکانی دەسـت پێکـرد، دوای نائومێدبوونی (شەمشی – ئەدەد) لەوەی کە (کوواری) (ئەخازوم) داگیر بکات، بڕیـار دەدات خـۆی ئـەو کـارە ئـەنجام بدات و هێرش بکاتـە سـەر (ئـەخازوم)، ئـەم کارەشـی بـە فـەرمانڕەوای (ئاراپخـا) سـپارد، بـۆ ئـەم لەشکرکێشـیەش (شەمشـی – ئــەدەد) داوای لە (کــوواری) کــردووە، هەزار ســەربازی بــۆ بنێــرێ، بــۆ یــارمەتی فەرمــانڕەوای (ئەرابخــا) (ئێتێللــو – Etellum) کــە یەکــێ لە فەرمانـدەکانی ســەر بە (شەمشی – ئەدەد) بـوو، هاوکـاری بکـات لە داگیرکردنـی (ئەخـازوم)، کـەلەم کـاتەدا گەمارۆی (شیکشاببوم)ی پایەختی (ئەخازوم)ی دابوو، لەکاتێکدا (کوواری) دوژمنی خۆیشـی کەم نەبـوون، بە تـایبەت گوتییەکـان کەهێزێکـی سـەرەکی نـاوچەکە بـوون، (شەمشــــی – ئەدەد) نــــامەی بــــۆ (کــــوواری) نووســــیبوو، هێــــز بــــۆ داگیرکرنــــی (شیکشـابووم)ی پایەختی (ئەخازوم) بنێرێت، دەڵێت:[١٤٥].

**" ئەوا لەشـکرێکم لەگەڵ ئیتێللـوم دا بەرێ کـرد بـۆ گەمـارۆ ١٠٠٠ سـەرباز لە لەشکرەکەی خۆتی بۆ بنێرە بۆ شیکشابووم."**[١٤٦]

ئێتێللوم، فەرمانڕەوای (ئاراپخا) لەلایەن (شەمشی – شـەدەد)ەوە، هێزی بـردووە بۆ نـاوچەکە و لەنامەیەکدا زۆر هـانی (کوواری) دەدا، بـۆ ئەوەی پێکەوە پەلامـاری (شیکشــابوم)ی دوژمنــی بــدەن و تەنــانەت پێــی دەڵێــت: (شیکشــابوم) دوژمنــی هەردووکیــانە، پــێش گەیشــتنی (شەمشــی – ئەدەد) بەلەشــکرەکەیەوە بــا پــێکەوە گەمارۆی شارەکە بدەین و لای سـەروەریان بەرز ببنەوە، بەڵام هەمـوو هەوڵەکانی (ئێتێللوم) بێ سوود بوون و (کوواری) خەم سارد و کەمتەرخەم بوو لە هاوکاری

---

١٤٤ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥.

١٤٥ کامەلاان کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

١٤٦ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

و ناردنی هێز[١٤٧]. ئینجا (ئیتێللوم) بەچەند نامەیەک کەوتە هاندانی (کوواری) بۆ ئەوەی بۆ شەڕی (شیکشابوم) بچێتە پاڵی لەم نامانە (SH. 859 + SH.881) دەڵێت:

**"شیکشاببومی لێ دەرچێت ئیتر کێ دوژمنتە ؟ لەو بەولاوە دوژمنی ترت نیە."**

هەروەها دەڵێت:

**" شیکشاببوم دوژمنتە ! بۆ هەردووکمان، تۆش و منیش هەڕەشەیە. با خۆمان بۆ گەمارۆدانی شیکشاببوم تەیار بکەین ....پێش ئەوەی پاشا بگات، بابەهەردووکمان خزمەتێکی سەروەرمان بکەین، دوو دڵ مەبە! وەرە!"** [١٤٨]

لەولاشەوە (ئەخازوم) باش خۆی بۆ شەڕەکە ئامادە کردبوو، هاوپەیمانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاشوورییەکان بەستبوو. جگەلە (توروککی)یە هەڵاتووەکان گوتیەکانیش سەرباز و خۆراکیان لە زێ وە دەپەڕاندەوە بۆ کۆمەکی (شیکشابوم) و خۆڕاگرتنی لەبەرامبەر ئاشوورییەکاندا.

چەند نامەیەک بۆ هاندان و تەماع وەبەرخستنی (کوواری) نێردران، تاکو بەشداری لەشکرکێشی یەکە بکات، و هێز بنێرێت، بەڵام بێ هودەبوو، (ئێتێللوم) ناچاربوو ئۆردووگاکەی بپێچێتەوە و بکشێتەوە، نامەی (SH.877) دەکاتە ژمارە (40) لەلای (Eidem and Læssøe). نموونەیەکی باشی ئەمە بەشی ئەو نامەیە (SH.859+ SH.881) بەرامبەر ژماری (٤٢)ی (Eidem and Læssøe) ، کە (ئێتێللوم) تیایدا (کوواری) لە هەموو ئەم شتانە ئاگادار دەکاتەوە و بەزمانێکی گلەیی ئامێزەوە لێی دەپرسێت:

**" چۆن وەڵامی پاشا بدەینەوە؟"**[١٤٩]

هەرچەندە (کوواری) لە مەیدانەکە بەتەنیا مابووەوە و لەڕووی ناچاریەوە چووە ژێر باڵی (شەمشی – ئەدەد) لەگەڵ ئەوەشدا چەندین نامەی وەکو ( SH. 14 ,SH.39, SH. 41) سەبارەت بەم بابەتە بۆ هاتووە، بەڵام ئەو هیچی نەکردووە. چونکە مەترسی تەماعکاری و دەستدرێژیەکانی (شەمشی – ئەدەد) بۆ دەوروبەر

---

١٤٧ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥١.

١٤٨ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥١.

١٤٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٧٥.

ترسی خستبووه دڵی (کوواری) یەوە، بۆیە داواکاریەکانی پشت گوێ خست.[١٥٠] سەرەڕای ئەوەش هێشتا (ئوتوم) گرنگی و بایەخی زۆری لای (شەمشی – ئەدەد) هەبوو، بۆیە چاوپۆشی لە کەموکوڕیەکانی (کوواری) دەکرد.

## گرنگی و بایەخی ئوتوم بۆ ئاشوور

وەک ئاماژەمان پێدا (کوواری) فەرمانڕەوای (شوشاررا) هاوپەیمانێکی دڵسۆز و گوێڕایەڵی (شەمشی – ئەدەد) نەبوو، بەڵام گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێنی (شوشاررا) و بایەخی ئەو وڵاتە لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە گرنگی زۆری بۆ ئاشوور هەبوو، بەتایبەت کە پاشای (ئەخازوم) وازی لەهاوپەیمانێتی (شەمشی – ئەدەد) هێناو چووە هاوپەیمانێتی گوتی، لەلایەکی تریش (ئوتوم) وڵاتێکی کشتوکاڵی و پڕ کەرەستەی خاوی پێویستیەکانی ڕۆژانەی ئاشووربوو، بۆ نموونە کاتێ (شەمشی – ئەدەد) بڕیار دەدات هێرش بکاتەسەر (ئەخازوم) دەیەوێ کاتێ زستان تێپەڕی و وەرزی ساڵ خۆش بوو، هێرشی بکاتەسەر و داگیری بکات، لایەنێکی گرنگی ئامادەکاری هێرشەکان دابین کردنی دانەوێڵە و خواردەمەنی بوو، بۆ لەشکرەکەی بۆ ئەم کارەش پێویستی زۆری بە (کوواری) هەبوو، بۆیە (شەمشی – ئەدەد) لەنامەیەکدا داوا لە (کوواری) دەکات ئەوەندەی بۆی دەکرێت دانەوێڵە بکات، دەڵێت:

**"....... ئێستا ئەگەر تۆ بتوانی ئەوەی بۆ منت نووسیوە بەڕێوەی ببەی، لەو کاتەدا شوێنەکەت بکە بە جۆ، و ئەوان وەبەرهێنان بخە، و بۆ پاشایان بگوازەرەوە، و قەڵاک]ان[بۆ وڵاتەکە دەگەڕێندرێنەوە، ئەگەر (وڵاتەکەم) برسی نەبێ، ..... لە میانەی ئەو مانگەدا بتوانن سوود وەرگرن لەبەرفراوان کردنی کێڵگەکە."**[١٥١].

لەبەشێکی نامەکەدا (شەمشی – ئەدەد) نووسیویەتی: ئەو شتەی بۆمنت نووسیوە بتوانی بەرێوەی ببات ئەوە کارێکی زۆر باش دەبێ، کارەکە بریتیە لە فراوان کردنی کێڵگەکان و زیاد کردنی بەرهەمی جۆ و وەگەڕخستنی خەڵک بۆ بەرهەمهێنان، و گواستنەوەیان بۆ پاشا، ئەگەر خەڵکەکە واتە لەشکرەکەی خواردن و پێویستیەکانی هەبێ و برسی نەبێ قەڵاکانیش بۆ وڵاتەکە دەگەڕێنرێنەوە.

---

١٥٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١.

١٥١ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

هۆکاری گرنگیدانی (شەمشی – ئەدەد) بەدانەوێڵە و جۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر (کوواری) نەتوانێ جۆی بۆ دابین بکات، ئەوا ئەویش ناتوانێ هێرشی سەربازی دژی (ئەخازوم) ئەنجام بدات، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئاشوورییەکان بۆ دابین کردنی دانەوێڵە بۆ سوپاکەیان پشتیان بە وڵاتی (شوشاررا) بەستووە.[١٥٢]

لەلایەکی تریش لەڕووی سەربازیەوە وەک بیستمان (کوواری) هاوکارییەکی گرنگی بۆ ئاشوور بۆ (شەمشی – ئەدەد) گواستۆتەوە، ئەگەرچی ڕێگاکان مەترسیداریش بوون، بەڵام ئەو کارە تەنیا بە (کوواری) دەکرا، لەبەرئەوە پاداشتی دەکات، لەبەرامبەر هاوکاریەکانیدا.

ئەمانە بایەخی وڵاتی (ئوتوم) و پەیوەندی (کوواری) بایەخدارتر دەکرد، بۆیە (شەمشی – ئەدەد) ناچار بوو دڵی ڕابگرێت، هەر نەبێت لەم کاتەدا.

### نوێ کردنەوەی هاوپەیمانی و چەسپاندنی دەسەڵاتی ئاشوور لە ئوتوم

ڕاستە دوای ڕووخانی (توروککی) لەلایەن گوتی (کوواری) بەناچاری خۆی دابووە پاڵ (شەمشی – ئەدەد)ی ئاشووری، بەڵام وەک لە چەند نامەیەک کە (شەمشی – ئەدەد) و هاوکارەکانی بۆ (کوواری) یان ناردووە دەردەکەوێت ئەو دەستوپێوەندێکی نموونەیی و هاوپەیمانێکی باش و دڵسۆز نەبوو بۆ (شەمشی – ئەدەد)، ئەمەش هەر وا بێ بنەما نەبوو، مەترسی تەماعکاری و دەستدرێژیەکانی (شەمشی – ئەدەد) بۆ دەوروبەر ترسی خستبووە دڵی (کوواری) یەوە، لەنامە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە دەردەکەوێت، هەرچی شتێک سەروەرە نوێیەکەی داوای لێ دەکرد، ئەم هەمووی جێبەجێ نەدەکرد، ئەگەر بارودۆخی (کوواری) باش لێک بدەینەوە ئەوا ئەمە شتێکی سەیر نابێت، ئەو بەناچاری چوو بووە ژێر باڵی ئاشوورییەکانەوە، لەم لاوە هاوپەیمانی (توروککی) تێکشکا بوو، سەروەرەکانی جارانی لای خۆی ببوونە پەنابەر، گوتییەکانیش ئەو دوژمنە سەر سەخت و جیرە بوون، بەردەوام لە هەوڵی تێک شکاندنی بەرگری (کوواری) دا بوون. لەولاشەوە (شەمشی – ئەدەد) براوە بوو، بەتایبەتی کە (کوواری) بینی چۆن (شەمشی – ئەدەد) شاری (قابرا)ی گرت. سەرباری ئەمەش (کوواری) باش دەیزانی پلانە

---

١٥٢ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٨.

فراوانخــوازیەکەی (شەمشــی – ئەدەد) قەڵەمــڕەوەکەی ئەمــیش نابوێرێــت، ئەگەر بەئاشتی نا، ئەوا بەزۆر. [١٥٣]

لــەڕووی پێویســتیەوە ئــەوەی لەبەرچاونــەدەگرت، ئــەگینا (شەمشــی – ئــەدەد) هەست بەم کەمتەرخەمیەی (کوواری) دەکات، بۆیە دەیەوێت زیاتر دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت، لـە نـامەی (SH 878) کە تیایدا داوای لە (کـوواری) کـردووە، لەگەڵ گەورە پیـاو و پیاومـاقوڵانی وڵاتەکەیدا بچـنە لای لەوانەیە پەیوەنـدی بەمەراسـیمی سوێندخواردنی لایەنگیریو دڵسۆزی بۆ (شەمشی – ئەدەد) هەبووبێت، لەوانەیە پێش نـامەی (SH 861) نووسـرابێت، کـە (کـوواری) دەسـت و پێوەنـدێکی نمـوونەیی (شەمشــی – ئەدەد) نەبــوو، ئەویــش ئەمەی دەزانــی و ترســی لە ســەرکێشــیەکانی هەبوو، لەبەرئەوە دەیویست پەیماننامەیەک لەگەڵ (کوواری) ببەستێت بە ئاگاداری پیاوماقوڵانی (شوشاررا)، تا بەهۆی پەیماننامەکە و ئاگاداری پیاوماقوڵانی (کوواری) ملکەچی خۆی بکات، لە نامەیەکدا کە ئاراستەی (کـوواری) کـراوە، بەپێی لەنامەکـەدا هــاتووە (ســەرەوەرت ئاوهــا دەڵــێ) و ناوهێنــانی (شــوبات – ئینلیــل) پایتــەختی ئاشـووریبێ پێچ و پەنـا نـامەکە بـۆ (شەمشـی – ئـەدەد)ی یەکەم دەگـەڕێتەوە، لەو کاتەدا شـاری قەبرا لەژێر دەسـەڵاتی ئاشـووری بووە، وادیارە (شەمشـی – ئـەدەد) کاتی نووسینی نامەکە لـە (شوبات – ئینلیل) بووە،لە نـامەی (SH. 878)دا بەنـاوی سـەروەرت بـۆ (کـوواری) دەنووسـێ نـامەکەتم بیسـت کەبـۆت نـاردبووم، دەڵـێ هەرکاتێک ئەم نامەیەی منت پێگەیشت بەپەلە (شوشـاررا) بەجێ بێڵە و وەرە بۆلای مـن، بەسـاڵداچوان واتە پیاومـاقوڵان و لەشـکر مەهێـنە بـۆ لام، تەنیـا بە خـۆت و نۆکەرەکانت وەرە بۆ لام:

**"..... ئەگەر پێش ئەوەی ئەم نامەیەی منت پێ بگات،بەپەلە شوشاررا/ ت بەجێ هێشتبێ (بێی) بۆلای من، بەساڵاچوەکانی وڵات و لەشکرێکی زۆر لەگەڵ خۆت مەهێــنە بــۆ لام. تەنیــا تــۆ، بە خــۆت و بە نۆکەرەکانــت وەرنە لام! لە ڕۆژی پانزەمینی..... ئەم نامەیەی خۆمم بۆ ڕەوانە کردی (،) لە کۆتـایی ئەم مـانگەدا تۆ دێیت و لە شوبات – ئینلیل لەبەردەمم دەوەستی."** [١٥٤]

دواتـر دەڵێت: هەر کاتێک گەیشـتمە قەبـرا بـۆت دەنووسـم، تـۆش پیاومـاقوڵانی وڵاتی خـۆت دینیتەلام، بۆ مەراسیمی سـوێندخواردنی هاوپەیمـانیەتیەکە، هەرچەنـدە نامەکە هەڕەشە ئامێز نیە، بەڵام نیگەرانی پێوە دیارە، چونکە (کوواری) نەیدەویست

---

١٥٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١.

١٥٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

بەتەواوی ملکەچی دەوڵەتی ئاشووری بێت، تەنیا بۆ خۆپاراستن لە هێرش و پەلاماری دوژمنان، وەک (ئیندوشیشیێ)ی پادشای گوتی، خۆی دابووە پاڵ (شەمشی - ئەدەد)ی ئاشووری، بەڵام ڕەفتار و سەرکێشیەکانی (شەمشی - ئەدەد)ینیگەران کردبوو، بۆیە دەیەوێت لەبەردەمی پیاوماقوڵانی وڵاتەکەیدا پەیماننامەکەی لەگەڵ بچەسپێنێت، لە هەمان نامەی (SH.878) دا دەڵێت:

**" کەمن گەیشتمە قەبرا، بۆت دەنووسم، ئەوسا بە سالاچووەکانی وڵاتی خۆت (شوشاررا) دێنیتە لام، و بە خۆ و هەموو هێزەوە دەیێ."**

وادیارە نوێنەرەکەی (کوواری) نامەکەی درەنگ گەیاندووە، بۆیە لەوەڵامی نامەکەیدا (شەمشی - ئەدەد) دەڵێت: من ناردنی نامەکەم دوانەخستووە، نوێنەرەکەی خۆت لەڕێگا دواکەوتووە، بۆ ئەوەش ئەگەر بیر لە نالەباری ڕێگاکان و زستانی سەختی ئەو ناوچانە و بارینی بەفر و باران و گیرانی ڕێگاکان بکرێتەوە، کارێکی ئاسایی دەبێت:

**" بۆ ئەوەش کە نامەکە لە ڕێگادا دواکەوتووە، من بەش بەحاڵی خۆم نامەکەم لە ناردن دوانەخستووە، یەکسەر نامەم بۆ ناردی. نوێنەرەکەی خۆتە، لە ڕێگا دواکەوتووە: لە ڕۆژی بیست و پێنجەمین گەیشتە لام، بۆ ئەوەی بیزانیت!"** [155]

بۆ زیاتر گەمارۆدان و کێش کردنی (کوواری) بۆ لای خۆیان (شەمشی - ئەدەد) خۆی و (ئیشمی - داگان)ی کوڕی بە گرنگ و پەسندیان دەزانی، چەند کەسێک وەک نوێنەری دەسەڵاتی ئاشووری لە شاری (شوشاررا) جێگیر بن و ئامادەییان هەبێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن زانیاری و هەواڵ بگەیەننە کۆشکی پاشای ئاشووری و بۆ پێویستیەکانی دیکەش، زوو تر دەستیان بەسەر ڕابگات، هەست بەوە دەکرێت نوێنەرێکی ئاشووری بەناوی (شاماش - ناسیر)ی دانرابوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئاشووری لە (شوشاررا).[156]

وا پێ دەچێت (شاماش - ناسیر) پیاوێکی کەنعانی بووە، وەک نوێنەری سیاسی خۆیان دایاننا بوو لە (شوشاررا)، لەگەڵ ئەویشدا چەندانی وەکو (ئیتێللوم)، و (ئابدی - ئیراخ) هاوکاری بوون، بەتایبەت ئەوەی دواییان کەنعانیەکی ڕۆژهەڵاتی ئاموری بووە، ئەوانە لە بنەڕەتدا ئاشووری یا نزیک و باوەڕ پێ کراوی خۆیان بوون، لە بارەگای یان لە شاری (کوواری) بوون. ئەرشیفی دۆزراوەی شمشارە دەریدەخات، زۆر وێدەچێ (شەمشی - ئەدەد) و (ئیشمی - داگان) وەکو

---

١٥٥ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

١٥٦یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.

تەرتیباتێکی زۆر پەسند سەیری ئەوەیان کردبێ نوێنەرێکی باوەڕپێکراوی ئاشووری لە (شوشاررا) هەبێ.[157]

مانەوەی (شاماش - ناسیر) لە (شوشاررا)، گومانی تێدا نیە، لەگەڵ ماوەی دەسەڵاتی ئاشووری دا لەشارەکە یەک دەگرێتەوە، کە نابێ لە بیست ساڵ تێپەڕیبێ، لەوانەیە کەمتریش بووبێ، لەڕاستیدا بۆی هەیە ئەو ڕووداوانەی لە نامەکانی شمشارەدا باس کراون لە ماوەیەکی زۆر کەم ڕوویاندابێ[158] بۆ ئەم مەبەستە (شەمشی - ئەدەد) نامەی (SH.887) بۆ (کوواری) ناردووە، ئاماژەی زۆر شتی تێدا دەخوێندرێتەوە، ئاماژەیەکیش بۆ بڕیارێکی گرنگ کراوە، نەیویستووە ڕاستەوخۆ لەنامەکەدا بینووسێت بە (شاماش - ناسیر)ی نوێنەری گوتووە بە بەشێوەیەکی دەمی بە (کوواری) ڕابگەیەنێ:

" **بە کوواری (بڵێ)، سەروەر[ت ]ئاوها (دەڵێ): بەمە، شاماش - ناسیر[....] لەبارەی بڕیارەکەوە دەرهەق بە نورروگوم [.....] زیاتریش، بەمە (لەبارەی) بڕیارە وردەکەوە ڕێنمایی دەکەم، باش گوێ لەم بڕیارە ڕا بگرە کە ئەو دەیخاتە بەردەمت، ئەو وشانەش ببیستە کەمن بۆم نوسیووی....!**" [159]

وەک ئاماژەمان پێدا (شاماش - ناسیر) کە تائێستا ناوی تەنیا لە نامەکانی ( .SH 879) و (SH.887) هاتووە، زەحمەتە لەبنەڕەتدا خەڵکی (شوشاررا) بووبێت، بەڵام لەم قۆناغەدا لەبەر کەمی بەڵگە دەبێ بەسەنگ فراوانیەوە وەری بگرین دەبێ، (شاماش - ناسیر) نوێنەر یا نمایندەی سیاسی ئاشووری بووبێ، لە بارەگای (کوواری) مسۆگەر نیە داخۆ (کوواری) وابەستەی تەواوی دڵسۆزی وڵاتی ئاشوور بووە یان نا؟ لە هەموو بارێکدا بەتەبایی لەگەڵ نیازی ئاشوورییەکاندا نەجوڵاوەتەوە و دیتراوە کەتەرتیباتی سەروەرە گەورەکانی خۆشی خستۆتە مەترسیەوە، وەکو نامەی (SH. 887) نموونەی واهەن کە وادیارە ناردنی ڕاپۆرتی زۆر پێویستی لای خۆی گل داوەتەوە، یان دوای خستووە، نموونە لە نامەی (SH. 856) و (SH.878) ئەوە ماوە بزانین داخۆ (کوواری) لایەنێک بووە لە پلانەکانی دژی وڵاتی ئاشوور یانا؟ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ لوللایێ کان کە دانیشتوانی وڵاتی لوللوم بوون.[160]

---

١٥٧ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

١٥٨ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٩٥.

١٥٩ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

١٦٠ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

**دەزگای هەواڵگری ئاشوور لە شوشاررا**

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا لەگەڵ گەشە کردنیان ئاشوورییەکان دەزگایەکی بەهێزی هەواڵگرییان دامەزراند، بۆ ئەوەی لەڕێی ئەوەوە بتوانن شکست بەنەیارەکانیان بهێنن و دۆستەکانیشیان پەلکێشی خۆیان بکەن، لای ئاشوورییەکان دەزگا هەواڵگری و سیخورییەکان بایەخێکی گەورەیان هەبوو، ئەندامەکانی ئەو دەزگایانە لەسەرتاپای دەسەڵاتەکەیاندا، هەروەها لەنێو شارەکانی دوژمنیشدا پەرش و بڵاوکرابوونەوە، دوای ئەوەی ئاشوورییەکان ئەو هێرش و پەلامارە فراوانەیان کردە سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور و داگیریان کرد، پێویستیان بەوە هەبوو لە هەواڵی وردی ئەو شارانە ئاگاداربن، کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتیان بەتایبەت شاری (شوشاررا)، ئاشوورییەکان هەمیشە بەگومانەوە لێیان دەڕوانی، لە ئاکاری (کوواری) بەگومان بوون، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵیان دەدا زیاتر گوشاری بۆ بێنن، (کوراشانوم) ئەو پیاوەی (ئیشمی - داگان) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵگری لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور پشتی پێ بەستبوو دیاری کرد، تا هەواڵ و زانیاری ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و (شوشاررا)ی بۆ بهێنێ، (کوراشانوم) دوو جار داوای لە (کوواری) کرد هەواڵ و زانیاری وردی لەسەر ناوچەکە پێ بڵێت، بەڵام (کوواری) گوێی بەداواکەی نەداو پشت گوێی خست، لەبەر ئەوە (کوراشانوم) سەرزەنشتی (کوواری) دەکات، هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرتی پێویستی نەداوە، (کوراشانوم) ناچار شکاتی خۆی دەباتە لای سەرووی خۆی و ئەمەی گەیاندە لای (ئیشمی –داگان) وای کرد (ئیشمی - داگان) لای خۆیەوە نامەیەک بۆ (کوواری) ڕەوانە بکات و نیگەرانی و تووڕەیی خۆی دەربڕیبوو، لە کەم تەرخەمی (کوواری) لە ئەنجامنەدانی ئەرکەکانی بەرامبەر ئاشوور.[١٦١] جارێکی تریش (ئیشمی - داگان) خۆی لە نامەی (SH.856) دووبارە گلەیی لە (کوواری) کردووە بۆچی ڕاپۆرت و زانیاری زووتر نەناردووە:

"**بەکوواری بڵێ: ئی شمی - داگان ئاوها (دەڵێ): لەبارەی ئەو ڕاپۆرتەی پەیوەندی بە وڵاتی ئیشتانیم/ەوە هەیە، کەتۆ بۆ منت ناردووە، من نووسیومە ئەوان لە مەسەلەکە دەکۆڵنەوە، من لێرە بڕیاری خۆمم داوە... لەمەش زیاتر تۆ بۆچی ئەم**

١٦١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

**ڕاپۆرتەت (زووتر؟) بۆ نەناردم؟ ئێستا، ئەم ڕاپۆرتە بچەسپێنە و بۆم بنوسە داخۆ (هەڵوێست) ئەمەیە یان ئەوەیە."** [١٦٢]

کەمتەرخەمی بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکەی (کوواری) بەرامبەر بە ئاشوورییەکان وای کردبوو، تەنانەت هەندێک جار تاقەتی وەڵام دانەوەی نامەکان و ناردنی زانیاری داوا لێکراویشی نەبوو، یان نەیدەویست، ئەمە لەنامەکەی (کوراشانوم) دا ئاشکرا دیارە، گلەیی لەوە دەکات (کوواری) زانیاری پێ نەداوە، هەرچەندە ئەو جارێکی دیکەش جەخت دەکاتەوە، تا زانیاری بۆ بنووسێت، بەڵام (کوواری) نایەوێت هاوکاری نوێنەرەکەی ئاشووری بکات، لە کۆکردنەوەی زانیاری، وەک (کوراشانوم) لە نامەی (SH.921) بۆ (کوواری) دەنووسێ:

**"بەکوواری بڵێ کوراشانوم ئەوها (دەڵێ): لەبارەی لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلەی پەیوەندی بە شارەکانی (وڵاتی؟) ئیشتانیم/ەوە هەیە، تۆ نامەیەکت بۆ ئیشمی – داگان/ی سەروەرم ناردووە، سەروەری منیش بەم جۆرەی خوارەوە بۆ منی نووسیووە:"بۆ شارەکانی (وڵاتی؟) ئیشتانیم بنووسە بۆ ئەوەی بۆم لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە! ئەمەی بۆ من نووسی بوو سەروەرم ..... من بۆ ئەم شارانە دەنووسم .... تۆ بۆ منت نەنووسیوە، بۆ ئەوەی لە کرۆکی مەسەلەکە نەگەم. ئێستا کە گوێت لەم نامەیەی من دەبێ بە زووترین کات ڕاپۆرتێکی تەواوم بۆ بنێرە لەبارەی شارەکانی (وڵاتی) ئیشتانیم، بۆ ئەوەی من بۆ سەروەرەکەم بنووسم کە ئەوە منم دەنووسم و ئەوان لەمەسەلەی ئەم شارانە دەکۆڵنەوە."** [١٦٣]

بەڵگەی یەکگرتوویی هەردوو نامەی (SH.856) و (SH.921) ئەوە دەگەیەنێ (کوراشانوم) ئەو پیاوەیە (ئیشمی – داگان) بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور پشتی پێ بەستووە، (کوراشانوم) سەرزەنشتی (کوواری) دەکات، چونکە ڕاپۆرتی پێویستی نەداوە، وای کردووە نامەیەک لەلایەن (ئیشمی – داگان) خۆیەوە بۆ (کوواری) ڕەوانەبکرێ، ئەو پەیوەندییەی لە ناوەڕۆکی نامەی (SH.856) ئەو پەیوەندی پێ کردنەی لەبۆنی تووڕەیی خاڵی نیە، ئەمە هەمووی ئەوە دەگەیەنێ دەزگاکانی (کوراشانوم) کەناڵی ئاسایی بوون، بۆ نامە گۆڕینەوەی نێوان (کوواری) و سەروەرە ئاشوورییە گەورەکانی، بەجۆرێ تەنیا لەهەلومەرجی نائاساییدا (کوواری) نامەی لە (شەمشی – ئەدەد) (SH. 809) و (ئیشمی داگان)

---

١٦٢ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

١٦٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

(SH.856) بۆ هاتووە، ئەگینا نامەی تر هەیە(SH. 878,15ff) لەباتی (ئیشمی – داگان) لەلایەن (کوراشانوم) بۆ (کوواری) نێردراون، [١٦٤] ئەو فەرمانانەی وەردەگرت و دەیگواستنەوە لە بنکەی بەڕێوەبەرایەتی (ئیشمی – داگان)ەوە دەهاتن، (کوراشانوم) وەکو ئەلقەی پەیوەندی نێوان (ئیکاللاتوم)ی نیشمەنی (ئیشمی – داگان) و (شوشاررا)، نامەی (SH,879) دەربارەی سەرکەوتنێکی (ئیشمی – داگان) بە هاوبەشی بۆ (کوواری) و (شاماش – ناسیر)ی نوێنەری (ئیشمی داگان) لە (شوشاررا) ناردووە، پێدەچێت ئەم نامەیە لەکاتێکدا نووسراوە (ئیشمی – داگان) لە (ئیکاللاتوم) نەبێ، هەروەکو ئاماژەی لەشکرکێشی کراوە، هەرچەندە نامەکە ئاماژەی بۆ شارە داگیرکراوەکان نەکردووە، نامەی (SH.879) بەیەکەوە ئاراستەی (کوواری) و (شاماش – ناسیر) کراوە:

" **مەسەلەی دووەم. پاشا باشە. ئیشمی داگانی سەروەرم و ئەو لەشکرەی لەگەلیدایە باشن ٦,٠٠٠ی بەزاندوە و ئیشمی داگانی سەروەرم شارەکانی داگیر کردووە. هەر خۆش بن!**" [١٦٥].

دیاری کردنی ڕۆڵی (کوراشانوم) وەکو ئەڵقەی پەیوەندی گواستنەوەی نامە و زانیاری نێوان (ئیکاللاتوم)ی نیشمەنی (ئیشمی – داگان) و (شوشاررا) لەگەڵ نامەی (SH.879) دا ناکۆک نیە، کە ڕاپۆرتێکی بۆ (کوواری) تێدایە، (کوراشانوم) لەبارەی سەرکەوتنێکی (ئیشمی – داگان) بۆی ناردووە.

## تەماعکاری و هەڕەشەی گوتییەکان بۆ سەر وڵاتی ئوتوم

پێش ئەوەی هاوکێشەی هێزەکان بەم جۆرە بگۆڕێت، کە هێشتا (شوشاررا) بەشێکی شانشینی (توروککی) بوو، گوتییەکان زۆرجار پەلاماری (ئوتوم)یان دەدا و هەراسانیان دەکردن، بینیمان یەکێک لە پاشایانی (توروککی) بەناوی (شێپراتو) دەربارەی پەیوەندیە خراپەکانی (زوزوم)ی گوتی لە نامەی (SH. 812) بۆ (کوواری) نووسی بوو.[١٦٦]

---

١٦٤ دەبێ نامەیSH.878.15ffوالێک بدرێتەوە ئاماژە بۆ مانەوەیەکی دەمەکی ئیشمی- داگان لە شوبات – ئێنی لیل دەکات.

١٦٥ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

١٦٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

هەرەســـهێنانی بەرگــری بـــەرەی (تـــوروككی) و پێشـــهاتنی چـــاوەڕوانكراوی گوتییەكـــان بەرەو (شوشــاررا)، بــۆ (كـــوواری) و قەڵەمـــڕەوەكەی هەڕەشـــەیەكی ڕاستەقینە بوو، لەمەیدانی شەڕدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی (ئیندوشیشـێ)ی پادشـای گـوتی، (كـوواری) بەتەنیا مـابووەوە، ڕوونە ئەم بـارودۆخە بـووە وای لە (كـوواری) كردووە بۆ یارمەتی و كۆمەک پەنا بەرێتە بەر ئاشـوورییەكان، بەوەی سـەروەرێتی (شەمشی – ئەدەد) قبوڵ بكات و بچێتە بن باڵیەوە.[١٦٧]

هەرچەنـدە ئەمـە بـووە هـۆی مانـەوەی وڵاتـی (ئوتـوم) و بـەردەوامی دەسـەڵاتی (كوواری)، لە كاتێكدا ئەو چووە ژێر سایەی ئاشووری، بـەڵام شـاڵاوەكانی گـوتی بـۆ سـەر خاكی (ئوتوم) و دەوروپشتی نەوەستا بـوو، نـامەی (SH 859+881) لەلایەن سەرلەشكرێكی (شەمشی – ئەدەد) بۆ (كوواری) نووسـراوە بەڕاشكاوی ئامـاژە بـۆ ئەم بارە دەكات.[١٦٨]

وادیارە دوای ئەوەی (كوواری) چووەتە ژێر سایەی ئاشووریش پادشـای گـوتی (ئیندۆشیشـێ)[١٦٩]زیاتر چاوی بڕیوەتـە وڵاتـی (ئوتـوم)ی ژێـر دەسـەڵاتی (كـوواری) و نیـازی وابـووە داگیـری بكـات، هـیچ دوورنیـە (كـوواری) ئەمـەی لەگـەڵ (شـەمشـی – ئەدەد)ی پاشـای ئاشـوور بـاس كردبێـت، بۆیـە پاشـای ئاشـوور دەیـەوێت (كـوواری) دڵنیـا بكاتـەوە لـەوەی كـە نیگـەرانی ئـەو بابەتـە نـەبێت، وادیـارە ڕێكـەوتنێک لـەنێوان (شـەمشـی – ئـەدەد)ی ئاشـووری و (ئیندوشیشـێ)ی گـوتی هـەبووە، كـە وەكـو سـەروەری هـەرە گـەورەی خـۆی دان بـە (شـەمشـی – ئـەدەد)دا دەنـێ و دەسـتدرێژی لەدژی ناكا، گوتییەكان بەتەمانین هیچ دەست لـە وڵاتەكـەی وەربـدەن، كـە ئـەو كاتـە هاوپەیمانی وڵاتی (ئەخازوم) بوون، لەكاتێكدا (شەمشی – ئەدەد) نـەیاری (ئـەخازوم) بوو، پێدەچێت گوتی ئامادەیی و پێگەیەكیان لە (شیكشامبوم)ی پایتـەختی (ئـەخازوم) هـەبووبێت. (شـەمشـی – ئـەدەد) ئەمـە لـە نامەیەكدا دەنووسـێت، تەتـەر (قاسـید)ێكـی گوتی بەناوی (ئیندوشیشێ) هاتووە بۆلای (شـەمشـی – ئەدەد) هەواڵەكەی داوە، كـە (ئیندۆشیشێ) دەڵێت: هەتاكو (شوشاررا) لە ژێر چاودێری (شـەمشـی – ئەدەد) بێت،

---

١٦٧ كوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

١٦٨ كوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠.

١٦٩ نـاوی پادشـای گـوتی هەنـدێک جـاریش بە شـێوەی Endušše نووسـراوە و جـاری واش هەیە بەئەم شێوەیە Indušše ی ئەمەی دواییان لەگەڵ ناوی ئینسی, زەبشالی Zabsali ی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا یەک دێتەوە كەناوی ئیداسسوIndaššuبووبروانە: كوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢.

ئەو هێرشی بۆ نابات و دەست لە کاروباری (شوشاررا) وەرنادات، لەنامەی ( SH. 920)دا بەم شێوەیە بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**"بەکوواری بڵێ: سەروەر (lord) ت ئاوها دەڵێ: قاسیدێکی قوتایی[١٧٠]کان، کە لە شیکشامبوم/ن هاتە لام و ئەمەی خوارەوەی پێ گوتم: "قوتایی یەک هەیە (بەناوی) ئێندۆشیشی ئەمەی خوارەوەی پێ گوتم: ئەگەر لەشکری شامشی - ئاداد/ی باوکم لەشیکشامبومنزیک کەوتەوە ، شەڕ مەکە، (چونکە) من هەرگیز تاوان لە دژی باوکم ناکەم، ئەگەر پێیان گوتی: بڕۆ بەولاوە، بڕۆ بەولاوە! ئەگەر گوتیشیان بمێنەوە" ئەو ئەمەی پێ گوتم: کێ دەزانێ داخۆ قسەکانیان جێی بڕوایە، یان خاپێنە، لەوانەیە و لەوانەش نیە کە ئەمە ڕاپۆرتێکیان لەبارەی شارەکەوە دیبێ (واتە: ئاگاداری بووبن) و بەدەستپێخەری خۆیانەوە ئەم مەسەلەیان تاوتوێ کردبێ، یان دەشێ ڕێنماییەکانی خۆیان لەوێوە وەرگرتبێ: کێ دەزانێ؟لەگەڵ ئەمەشدا من لێم پرسی و ئەویش نیشانەکانی لەبارەی ئەوانەی (واتە: دەست و پێوەندەکانی) واراد - شارریم بۆ ڕوون کردمەوە، ئەو حەلقە (خوللوم)ەی من دابووم بە موتوشو/ی تەتەر، ئەو وەکو نیشانەیەک بۆ منی باس کرد، لەوەش زیاتر ئێتێللینی/ی هاوڕێی موتوشو لە ئاررابخا نەخۆش کەوتووە، نەخۆشی ئەو کابرایەش ئەو بۆی باس کردم، هەموو نیشانەکانی بۆ ڕوون کردمەوە لەسەر ئەو بنچینەیە متمانەم بەقسەکانیان کرد و لەمەش زیاتر لەبارەی ڕاپۆرتەکەی واراد - شارریم پرسیارم لێ کرد و ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە (قسەی کرد): ئێندۆشیشی دەنگ و باسی لەبارەی ئەوەوە (؟!) وەرگرتووە بەم جۆرە: "من لە ناوچەی شوشاررا، ئەو وڵاتەی کە دەستی باوکمی بەسەر ڕادەگا، نزیک ناکەومەوە" ئەو ئەمەی پێ گووتم واراد - شاریم دەنگوباسی خۆشم بۆ دێنێ با تۆ ئەمە بزانیت!. "[١٧١]**

بەڵام لەڕاستیدا (شەمشی - ئەدەد) باوەڕی بەقسەکانی تەتەری (ئێندۆشیشی) نەکردووە، بۆیە پرسیاری لە تەتەرەکەی کردووە، دەربارەی دەستوپێوەندەکەی (واراد - شارریم) کە پێدەچێت نوێنەرێکی ئاشووری بێ و ئەویش هەر لە (شیکشابوم) بێت، بۆ ئەوەی لە قسەکانی تەتەرەکە دڵنیابێت و بزانێت هەواڵی هەیە یاخود فریوی دەدات، هەروەک (شەمشی - ئەدەد) بڕوا نەبوونی خۆی بەنوێنەری

---

١٧٠ قوتایی: مەبەست لە گوتییەکانە، لە تابلۆکانی شمشارەدا بە (قوتایی) ناویان هاتووە، بەڵام ئێمە لێرە هەروەک شێوە باوەکەی بە گوتی ناویان دەهێنین

١٧١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

گوتییەکان باس کردووە، بەهەڵەدا نەچووە، چونکە گوتییەکان بەبەردەوامی یارمەتی (ئەخازوم) یان داوەدژ بە ئاشوورییەکان، ئەو قسانەی بە (شەمشی – ئەدەد)یشیان گوتووە تەنیا خەڵەتاندن بووە، هەروەک (شەمشی – ئەدەد)یش ئاماژەی پێ کردووە، چونکە لەو شەڕەی لەنێوان ئاشوورییەکان و ئەخازومیەکان ڕووی داوە، گوتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان تێدا گێڕاوە، لە پشتیوانی وڵاتی (ئەخازوم) هەروەک لە تێکستەکانیش ئەمە بە ڕوونی دیارە. [١٧٢]

هەرچەندە (ئیندوشیشی)ی سەرۆکی گوتی بەهۆی پەیمانێکەوە بە (شامشی – ئەدەد)ەوە بەسترابووەوە، بەڵام نوێنەرەکەی (شەمشی – ئەدەد) متمانەی پێی نیە، بەهۆی گەیاندنی زانیاری لەلایەن هەندێ کەس وەکو سیخوڕ لەناو گوتییەکان لەشاری (شیکشابوم) هاوکاری و نامەیان دەچووە لای ئاشوورییەکان، هەواڵ و دەنگوباسی بۆ دەبردن. (شەمشی – ئەدەد) دەڵێت ئەمەیان بەتەتەرەکەی وتوە، بەڵام کێ دەڵێ داخوا قسەکانیان جێی بڕوایە یانا؟، دەڵێت:

**( (ئەو ئەمەی پێ گوتم: کێ دەزانێ داخۆ قسەکانیان جێی بڕوایە، یان خاپێنە، لەوانەیە و لەوانەش نیە کە ئەمە ڕاپۆرتێکیان لەبارەی شارەکەوە دیبێ (واتە: ئاگاداری بووبن) و بەدەستپێخەری خۆیانەوە ئەم مەسەلەیان تاوتوێ کردبێ، یان دەشێ ڕێنماییەکانی خۆیان لەوێوە وەرگرتبێ: کێ دەزانێ؟"** [١٧٣]

(شەمشی – ئەدەد) خۆشی زۆر متمانەی بەقسەکانی تەتەرەکەی گوتی نیە، بەڵام وەک دڵنیایی و نیشانەی ڕاستی قسەکان بۆ (کوواری) ڕوون دەکاتەوە، وەک بەڵگە بەکاری هێناوە، هەندێ شتی بە (مۆتۆشو)ی تەتەر داوە، تەتەری (ئیندۆشیشی) بۆ ڕاستی قسەکانی وەک نشانەیەک باسی ئەوانەی کردووە، هەندێ لەو قسانەشی بۆ باس کردووە کە ئەو بۆ (واراد – شارریم)ی ئەکەدی لە (ئارابخا) کردوویە بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکا. لەگەڵ ئەوەشدا پشت گوێ خستنی دەست تێوەردانی گوتی لە وڵاتی (شوشاررا) جێی گومانە، بۆیە (شەمشی – ئەدەد) لەهەمان نامەی (SH.920) دا بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**" لەگەڵ ئەمەشدا من لێم پرسی و ئەویش نیشانەکانی لەبارەی ئەوانەی (واتە: دەست و پێوەندەکانی) واراد – شارریم بۆ ڕوون کردمەوە، ئەو حەلقە (خوللوم)ەی من دابووم بە موتوشو/ی تەتەر، ئەو وەکو نیشانەیەک بۆ منی باس کرد، لەوەش**

١٧٢ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

١٧٣ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٠.

**زیاتر ئێتێللینی /ی هاوڕێی موتوشو لە ئاررابخا نەخۆش کەوتووە، نەخۆشی ئەو کابرایەش ئەو بۆی باس کردم، هەموو نیشانەکانی بۆ ڕوون کردمەوە لەسەر ئەو بنچینەیە متمانەم بەقسەکانیان کرد."** [174]

دوای زاڵ بوونی (شەمشی - ئەدەد) پاشای ئاشووری لەسەر ناوچەکە، (ئێندۆشیشیێ) کە خۆی بەپەیمانێکەوە بە ئاشوورییەکانەوە بەسترابۆوە، چونکە ئەگەر وانە بوایە وەکو باوکی خۆی ئاماژەی بۆ (شەمشی - ئەدەد) نەدەکرد، لە نامەی (SH ٩٢٠.) وادیارە ڕێکەوتنێک لەنێوان (ئێندۆشیشیێ)ی گوتی وەکو سەروەری هەرە گەورەی خۆی دان بە (شەمشی - ئەدەد) دا دەنێت و دەستدرێژی لە دژی ناکا، لەم نامەیەدا باس لەوە کراوە، گوتییەکان بەتەمانین هیچ دەست لە وڵاتاکەی وەربدەن، لە دژی ئاشوور.[175] نامەیەکی (شەمشی - ئەدەد) زانیاری باشتر لەبارەی ئەو سەردەمەی (شوشاررا) بەدەستەوە دەدات.

لەنامەی (SH 887) کە بۆ (کوواری) هاتووە دەردەکەوێ (شەمشی - ئەدەد) خۆشی بڕوای بە لێنەکانی (ئیندۆشیشیێ)ی گوتی نەبووە، وادیار هەواڵی وای بۆ هاتووە، کە (ئیندۆشیشیێ)ی پاشای گوتی بەبێ ئەوەی وابەستەی بەلێنەکانی پێشتری بێت، نیازی وایە هێرش بکاتە سەر (شوشاررا) بۆیەئاماژەی ئەوەی داوە،(واراد - شارریم) کە لەلای (ئیندۆشیشیێ) هاتووە و دەنگوباسی بۆ هێناوە، بەپێی نامەی (SH. 887) وا دەردەکەوێ (واراد - شارریم) بەسەربەستی لەنێوان ئیندۆشیشیێ و (شەمشی - ئەدەد) هاتوچۆ دەکات و زانیاری مەیلە و نهێنی بۆ ئەوەی دواییان دەبات، دەبێ نوێنەر یا دۆستی (شەمشی - ئەدەد) بێت، ئەویش ئەو بۆچوونەی دەستی دەکەوێت بە (کوواری) دەگەیەنێ، (شەمشی - ئەدەد) مەترسی ئەوەی هەیە (ئیندۆشیشی) پەلاماری (شوشاررا) بدات، بۆیە داوا لە (کوواری) دەکات، وریا بێ و لەشکرەکەی بخرێتە ژێر فەرمانی ئامادە باشیەوە، هەر وەک ئەوەی پەلامارێک نزیک بوویبێتەوە، ئامۆژگاری دەکات وریابێ و بڕیاری ئامادەباشی بدە و قەڵاکانی خۆی قایم بکات و نەیداتە دەست دوژمن، هەموو لەشکرەکەی لە (شوشاررا) کۆبکاتەوە، وەک ئەوەی دوژمن زۆر لێی نزیک بوویبێتەوە، بۆیە لەنامەکەدا (SH 887)دەنووسێ:

---

١٧٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

١٧٥ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

**" واراد – شـاریم لەلای ئیندۆشیشـیَ/ وە هـاتە لام و دەنگوباسـی بـۆ هێنـام، ئیندۆشیشیَ.....، نە...... لەوانەیە بێتە لای تۆ، بڕیاری خۆت بدە! قەڵاکانت مەهێنە بەر مەرگ! ئەگەر قەڵاکان توند نەکرێن، ئەوان تەسلیمی دەستی دوژمن (یان) نـاکەن. وابکە هەموو لەشکرەکەت لە شوشاررا کۆبێتەوە، و وابکە هەموو ئامادەبن بڕیاری خۆت بدە! وەکو ئەوەی دوژمن ئا ئەمڕۆ لێت نزیک بووبێتەوە. بەم جۆرە بڕیاری خۆت بدە."** [١٧٦]

لە کۆتایی نامەکەدائاماژەی بەلایەنێکی تر کردووە، وادیارە (کوواری) ژمارەیـەکی تـری لـە لایـەنگرانی (شـەمشـی – ئـەدەد)ی خسـتۆتە بەندیخانـەوە، بۆیـە لـە نامەکـەدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە، پێـی دەڵێـت تـۆ بـەم کـارەت ڕای گشـتی لـە دژی خـۆت دەوروژێنی.

ئەو دوژمنەی لەم کـاتەدا (شوشـاررا)ی لـیَ پارێزراوە،ناکرێـت لە (ئیندوشیشـیَ) بەولاوە هـیچ کەسـێکی تـر بێـت. وێرانەکـانی شـورایەکی گەورەی بەرگـری لە گاشەبەرد بنیات نراو بەدرێژایی سـەرتەختی چیای کێوەڕەش تا خـاڵی دەربەند، تا دەگاتە دەشتی ڕانیە پاشماوەیان ماون، دوور نیە هی ئەم سەردەمانە بێت، شـوێن و هەڵکەوتنی شـوراکە بۆ بەرگری کردن لە دەشتی ڕانیە لە هێرش و پەلامارێک لە ڕۆژهەڵاتەوە بووبێـت، هەروەک پێشــتر لەبەر مەترسـی و ململانێـی دوژمنەکــان دروسـت کرابـوون، ئەمەش لە هەمـوو لایەنێـک زیـاتر بـۆ (کـوواری) و گوتییەکـان دەگونجێت. گوتییەکان دەستبەردار نەبوون و کەوتنە هەوڵی ڕێگای دیبلۆماسـی و فرت و فێڵ بەکارهێنـان. بـۆ ئەمە ئاشـوورییەکانیان بەمە هێورکردەوە پەیمانیـان بە باڵیۆزەکەیانـدا، هەتـا (شوشـاررا) لەژێر دەشـتی (شـەمشـی – ئەدەد) دابێت، ئەمـان پەلاماری نەدەن، بەڵام دەبینین هەمیشە گوتییەکان پەلاماری وڵاتی (ئوتوم)یان داوە و تاڵانیان بردووە و هەراسانیان کردووە.

نـامەیەکی گرنـگ بەڵام بەداخەوە پـڕ لە شـکاوی نامـەی (SH 891)ە، نـاوی نێـرەرەکەی شـکاوە و نـازانین کـیَ یە، بەڵام هەڵوێسـتەکەی (کـوواری) بەرامـبەر (شـەمشـی – ئەدەد)مـان بـۆ ڕاڤە دەکـات، شـێوەی داڕشـتنی نـامەکە بەپێـی ئەوانەی بڵاویـان کـردووەتەوە شـێوەیەکی تـاکە و نووسەرەکەشـی لەهەمـوو نووسـەرانی نامەکانی تری ئەرشیفەکەی شمشارە جیایە، زانیاری گرنگی بۆ (کوواری) هێناوە،

---

١٧٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

سەبارەت بە ڕێکەوتنێکی نێوان (شەمشی – ئەدەد) و دوژمنەکەی واتە (ئیندوششێ) پاشای گوتی، (کوواری) دەبێت هەستی بەخیانەت لێ کران و پشت تێ کردنی سەروەرەکەی کردبێت، لەهەمان ئەو کاتەدا داوای لێ دەکرا لە دژی (پاشوب – ئەدەد)ی (ئەخازوم) شەڕی بۆ بکات. لەوە دەچێت نێرەری ئەم نامەیە (SH 891) هەواڵگرێکی خۆی بووبێت، کە هەواڵی بۆ کۆکردۆتەوە بۆ (کوواری) نووسیووە:

**" تۆ سەبارەت بە ،ئیمدی ئەدەد Imdi – Adad،ینۆکەری سەمسی – ئەددو Samsi – Iddu،[177] بۆمنت نووسی دیاری زیوین و کوتە زیوی بۆ ئیندوششێ هێناوە، قسەکە ڕاستە و بیستم هەرچی بۆ هێناوە لە زیو و زێڕ و کۆنە زیو.....ئەو (واتە: شەمشی – ئەدەد) بەم جۆرە بۆ ئیندوشیشێ ی نووسی: من و تۆ ڕێکەوتنەکەمان دەبوایە زۆر زووتر بوایە (وشە بە وشە: درەنگە)، بتێکی تۆ و بتێکی خۆم لە زێر دروست دەکەم، برا دەست لە ملی برا دەکات، کچەکەی خۆمت دەدەمێ و بۆ مارەیی کچەکەی تۆش وڵاتی شوشاررا و وڵاتی (.....) ت دەدەمێ."** [178]

خیانەتکاری (شەمشی – ئەدەد) بەرامبەر بە (کوواری) لەم نامەیەدا بەڕوونی دیارە، کە (ئیمدی – ئەدەد)ی وەک نوێنەری خۆی بۆ ڕێکەوتن ناردوتە لای پاشای گوتی و دیاری و زێڕ و زیوی بۆ ناردووە، لە پەیوەندی نێوان (شەمشی – ئەدەد) و (ئیندوشیشێ)دا، سەبارەت بەو شتەی ڕێکەوتنی لەسەر کراوە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان لەبەردەست نیە، بەڵام تەماعکارییەکانی (شەمشی – ئەدەد) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەم پەیوەندی و دیاری بردنەی (شەمشی – ئەدەد) هەروا لەخۆڕایی نەبووە، هیچ دوورنیە ئاڵوگۆڕێک لەنێوان هەردووکیاندا بووبێت، بەوەی (شەمشی – ئەدەد) (شوشاررا) بدات بە (ئیندۆشیشێ) و لەبەرامبەردا ئەویش دەست لە هاوکاری و پشتگیری (ئەخازوم) هەڵگرێت، وەک لە کۆتایی نامەکەدا دیارە لەبری شیربایی کچەکەی پاشای گوتی وڵاتی (شوشاررا)ی داوەتێ، دەرکەوت لە کۆتایشدا (شەمشی – ئەدەد) هەردووکیانی خستەژێر دەستی خۆیەوە.

---

۱۷۷ شەمشی– ئەددو/ ئیددو شێوە ئامورییەکەی ناوی شەمشی– ئەدەدە. لەڕاستیدا ئەم پادشایە زۆر جار بەم شێوەیە ناوی نوسراوە، چونکە خۆی بە بنەچە ئاموری بووە، بەڵام لە وڵاتی ئاشووردا زۆر شتی، لەوانەش ناوی مۆرکێکی میسۆپۆتامیایی وەرگرتووە و ناوەکەشی بووەتە شەمشی– ئەدەد. بروانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۷٦.

۱۷۸ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ۲۷٥.

ئایا کوواری خیانەتکار بوو؟ هیچ هەڵبژاردنی نەکرد بۆ ڕزگارکردنی شوشارڕا و دەشـتی ڕانـیە لەهێرشـی گوتیەکـان ؟ ئەوە زۆر قورسـە دادوەری بکەیـن بـۆ داگیرکردنـی، بەڵام ئـێمە دەزانـین ئەوە دەبینـین کە (شەمشـی - ئەدەد) نەیتـوانی سەرپەرشـتی کـۆنترۆڵ کردنـی شمشـارە بکـات، بـۆ زیـاتر لەچەنـد مانگێـک، لەبەر ئەوەی کە ئەو هەواڵەی ئەو دەیەویست یەکگرتن لەگەڵ پاشای گۆتیوم لەنامەیەکی تردا باسی کراوە:

**"تۆ بۆ منت نووسیوە کە خزمەتکاری شەمشی - ئەدەد کەدیاری هێناوە لە زیو، زێڕ وە باری زیو بۆ پاشای گوتی شەمشی - ئەدەد نووسیویەتی بەپاشای دواتری گوتی "من و تۆ پێویستە ڕازی بوونێک بکەین......من کچی خۆم دەدەم بەتۆ، وە بۆ مارەی کچەکەم من ناوچەی شوشاررات پێ دەدەم"**

سـەرەڕای ئـەوەی (کـوواری) چـوو بـووە ژێـر بـاڵی (شـەمشـی - ئـەدەد)، بـەڵام خیانەتکاری ئەو بەرامبەر بە (کوواری) لەم نامەیەدا بەڕوونی دیارە، کە نوێنەری بۆ ڕێکەوتن ناردوتە لای پاشای گوتی و دیاری و زێڕ و زیوی بۆ ناردووە، داواشـی لـێ کـردووە ڕازی بوونێـک لـە نێوانیانـدا هـەبێت. سـەبارەت بـەو شـتەی ڕێکـەوتنی لەسەر کراوە، بۆ زیاتر پتەو بوونی پەیوەندی نێوانیشیان کچی خۆی پێدەدات و بۆ مارەیی کچەکەشی ناوچەی (شوشارڕا)ی پێدەدات، ئەمەش بۆ زیاتر مسۆگەرکردنی ئەو پەیوەندیەیە.

**کێشە ناوخۆییەکانی شوشارڕا**

ئەنجامی سـەرکەوتنی (ئیندۆششـیّ)ی گوتی و هەرەسـهێنانی بەرەی (تـوروککی) کارەسـات بـوو، وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێدا بـووە هـۆی ئـاوارەبوونی ژمـارەیەکی زۆرلە پیاوماقوڵانی (توروککی) لە وڵاتی خۆیان پەنایـان بردەبەر (شوشـارڕا)، لەنێو ئەم پەنابەرانەدا پادشا و میر و دەرەبەگی گەورە هەبوون. شتێکی چاوەڕوان کراوە لەنێو ئەم پەنـابەرانەدا نـاوی (تـالپو - شـارری - Talbušarri) دەبینین، هەرچەنـدە تەواو دڵنیـا نـین ئەو (تـالپو - شـارری) یە، هـەمان (تـالپو - شـارری) پادشـا خـۆی بووبێت، بەڵام ئەو ئاماژەیەی لە نامەی (SH.887)دا سـەبارەت بەم هـاتووە و بـاس لەوە دەکات خۆی و دەسـتوپێوەند و لەشکرەکەی بەند کراون، زۆر زیـاتر بـۆ ئەوە دەچێت پادشا خـۆی بووبێت، هـەروەها (تێنتـۆری - Tenturi)، (شـیپ - شـەرری - Šip - šarri)، (زازی - یـا - Zaziya) و (خازیـب - تیشـشـوب - - Hazp

Teššup) له دەقە كارگێڕییەکـانی شمشـارەدا دەبینیـنەوە، کە خـواردن و جـل و بەرگیـان بۆ بڕاوەتەوە. سـەرەڕای کێشـەکانی شانشینی خـۆی، (کـوواری) کێشـەی ئەمانەشی هاتەسەر، هەر لە لایەنی سیاسیەوە بگرە تا لایەنی سـەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکانی ژیان.[١٧٩]

بێ گومان ئەو پەنابەرانەی ناویان هـاتووە زۆربەیـان لـە پیاومـاقوڵان و فەرمانـدە و خـاوەن هێـزی (تـوروککی) بـوون، دوای داگیرکردنـی شانشـینەکەیان لەدەسـت لەشکری گوتی ڕایان کرد بـوو، بۆ ژێر دەسـەڵاتی (کوواری) لە (شوشـاررا)، دواتر هەنـدێک لەمـانە گیروگرفتـی مانـدووکەر و سەرئێشــەی نەبڕاوەیــان بـۆ هەردوو فەرمانڕەوا (کوواری) و (شـەمشـی – ئەدەد) دروست دەکرد.هەندێ لەو پەنـابەرانەی هـاتبوونە نـاو شـاری (شوشـاررا) و تێیدا مـاونەتەوە، پێدەچێت بەهەر هـۆیەک بێت سەرپێچیان لە بڕیاری (کوواری) کرد بێت، یاخود ڕەفتارێکیان بە دژی بەرژەوەندی ئـەو کـرد بـێ، و تەواو نارەحەتیـان کـرد بێـت، پێدەچێت بەهـەڵوێسـتە توندەکانیان مەترسـیان بـۆ سـەر دەسـەڵاتی ئـەو دروسـت کردبێـت، لـەوەش زیـاتر هــەوڵی یاخیگـەریان دابێت، ئـەویش بـۆ تەمبـێ کردنیـان بـێ لەبەر چاوگرتنی پلە و پایە و ئەنجامی کارەکە لە بەندیخانەی توند کردبن، ئەو کارەی ئەوە دەردەخا (کـوواری) پیاوێکە کـەمترین وردبینی نەبووە، لەم بارودۆخە ناسکەی وڵاتەکەی خۆیدا زیـاتر دژەکـانی نزیـک خۆشـی وروژانـد، ئەگەرچـی دوور نـیە چارەیەکیشـی نەبووبێـت، (شـەمشی – ئەدەد) پادشای ئاشوور بەنامەیەک لەو کارەی ئاگادارکردەوە.

ئەم نـامەیە بـۆنی سەرزەنشـت وسەرنجڕاکێشـانی لـێ دێ، لەلایەن (شـەمشـی – ئەدەد)ەوە (کـوواری) گازنـدەی لـێ کـراوە، لەسـەر ئەوەی بۆڕۆڵەکـانی وڵاتەکەی بەنـدکردووە، بەم کارەشـی پەیوەنـدیە گشـتیەکانی خـۆی خسـتە مەترسـیەوە، ئەم مەسەلەیە بایەخێکی گشتی بۆ خۆی و بۆ پاشـای ئاشـوور هەیە، پایەی هەندێ لەو پیـاوانەی گیـراون، بایـەخی گرنگیـان هـەبووە، (کـوواری) بەم کـارەی واتە بەگرتنـی سەرۆکە (توروککی)یەکـان ڕای گشـتی دژی خـۆی دەوروژێنێ، (شـەمشـی – ئەدەد) لەنامەی (SH.887) سەرزەنشتی (کوواری) دەکات و بۆی دەنووسێ:

**"ئەوە تۆ بۆچی ڕۆڵەکانی وڵاتەکە، (واتە) ئەوانەی خازب – تیشۆپ/ت گرتووە، بۆ ئەوەی ڕای گشتی دژی (وشـەیی: زاری وڵات) خـۆت بـوروژێنی؟ ئەو پیـاوانە**

---

١٧٩ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

**بەردە! ...... ئەو پیاوانە بەردە و وامەکە ڕای گشتی لە دژتا بوروژێ. زازی - یا بەخۆ و بەلەشکرەوە،LUGAL - ux بەخۆ و بەلەشکرەوە، شارنید بەخۆ و بەلەشکرەوە، زیلییا بەخۆ و بەکوڕەکانی و بەکچەکانی و بەژنەکەی، تیروێنشێنێ بەخۆ و بە کوڕەکانی و بەکچەکانی و بەژنەکەی، ئیززینی (و) دولیب بەخۆ و بەخەڵکەکانیەوە، ئادیا بەخۆ و بەکوڕەکانی، قا (؟؟)زالو بەخۆ و بەخەڵکەکانیەوە، Du tupki – x –/ی نانەوا، بەخۆ و بەخەڵکەکەیەوە (و) خازیب – تیشۆپ: ئەم پیاوە بەردە!."** [١٨٠]

سەرەڕای بەندکردنی سەرۆکە (توروککی) و دەست و پێوەندەکانیان (کوواری) مامەڵەی توند بوو لەگەڵیان، بۆیە ناچار بوون پەنا بۆ (شەمشی - ئەدەد)ی سەروەری ببەن و داوای لێ بکەن، هاوکاریان بکات و لەچنگ (کوواری) ڕزگاریان بکات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ (کوواری) خۆی پیاوێ بووە کەمترین وردبینی نەبووە، چونکە سەرەڕای دژایەتی سەرۆکە (توروککی)یەکانی هاوڕێکانی جارانی، (شەمشی - ئەدەد)ی هاوپەیمانیشی نیگەران کردووە، (ئیگیلیشتایێ) یەکێک لە سەرۆکەکان، نۆکەرەکانی گیرابوون، پەنای بردەبەر (شەمشی - ئەدەد) سکاڵای کرد، تا (کوواری) نۆکەرەکانی بۆ بەربدات،لە کۆتایی نامەی (SH.887) هاتووە (ئیگیلشتایێ) سکاڵای لە دژی (کووورای) دەکات لای (شەمشی - ئەدەد)، زۆر لە نۆکەرەکانی گیراون، لەمەش زیاتر (پاشونی) پیاوی (کوتها)، کەفرێ دراوەتە بەندیخانە، بۆیە (شەمشی - ئەدەد) دەڵێ: پاسەوانی لەسەر دانێ و وابکە لەژێر چاودێری (شاماش - ناسیر) بیهێننە لام :

**" ئیگیلیشتایێ بەم شێوەیەی خوارەوە لەمن پاڕایەوە: "زۆر نۆکەریان گرتووە". ئێستا نۆکەرەکان بەردە! لەمەش زیاتر پاشونی/ی پیاوی کوتها، کەفرێ دراوەتە بەندیخانە - پاسەوانی لەسەر دانێ و وابکە لەژێر چاودێری شاماش - ناسیر بیهێننەلام!"** [١٨١]

پێدەچێت بەهۆی زۆری پەنابەرەکان و شێواوی وڵاتەکە (کوواری) مەترسی ئەوەی هەبووە هەندێک خەڵک هەبن، لەناو ئەو پەنابەرانەدا کێشەی بۆ دروست بکەن، لەوەش زیاتر لە دەسەڵاتی (کوواری) یاخی ببن، ئەمەش لەو بارودۆخەدا کێشەیەکی وێرانکەرە بۆ دەسەڵاتەکەی ئەو، بۆیە (کوواری) گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی

---

١٨٠ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

١٨١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

بە توندوتیژی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، دواجار لەبەر نیگەرانی گەنجەکانی شاری (ئوتا) (بێتواتەی ئێستا) دەستیان بە کۆچ کردووە، شاری (شوشاررا) جێ دێڵن، دوورنیە ئەوانەی دوای ڕووخانی (توروککی) لە (کینشوم) هاتنە (شوشاررا) ئەوانیش (شوشاررا) جێ بێڵن، دەگونجی پێشتر و دوای ڕووخانی (توروککی) بۆ حەوانەوە و باشتر بوونی بارودۆخیان (کوواری) هانی دابن بێنە (شوشاررا)، بۆیە (شەمشی ئەدەد) لە نامەکەدا پێی دەڵێت: تۆ وات لێ کردن (کینشوم) جێ بێڵن، دیارە هەندێک لە گەورەکانیان چوونەتە لای (شەمشی - ئەدەد) و نیگەرانیان لە ڕەفتاری (کوواری) دەربڕیووە، لە نامەی (SH.861)دا بە نیگەرانیەوە دەنووسێ:

**"گەنجەکانی (؟) (شاری) ئوتا دەستیان پێ کرد و شاری شوشاررا جێ دێڵن، و پێکەوە لەگەڵ ڕۆڵەکانی (شاری) کینشوم کەتۆ وات لێ کردن کینشوم جێ [بێڵن]، (؟)، دەستیان پێ کردووە، ئێوە جێ بێڵن، ناپاک (و) یاخی (ئەوانەن) ! پێشتر کاتێ ئەمانە لە (شاری) سار (ریما) لە وڵاتی قەبرا دامەزران، گەورەکانیان هاتنە لام .....** شکاوە".[182]

ئەگەر مەبەست لە "شاری ساررِیما" (سیموروم) بێت، کەلە نامەی (SH.861) هاتووە،( Sa - a]r - ri - (am ki بەهۆی بەراورد کردنی لەگەڵ دەقی ( ARM 4,49,5,8,12) ڕاست کراوەتەوە، کەلەوێ باس کراوە (sarrima - ساررِیما) شارێکە لە وڵاتی قەبرا، ڕادەستی (شامشی - ئەدەد) بووە.[183]کەواتە دەبێ سەردەمێک (سیموروم) تاکو سنووری (قەبرا) ڕۆیشتووە، ئەوەش ئاماژەیە کە لە سەردەمێکدا (ئوتا) شارێکی (سیموروم) بووە.

دەربارەی ئەو هەموو پەنابەرانەی دوای نەمانی (توروککی) و لە ئەنجامی هاتنیان بۆ شاری (شوشاررا) و ئەو کێشە و گرفتانەی دروست ببوو، لە ئەنجامی بوونی ئەو پەنابەرانە، وادیارە (کوواری) ئەمەی لەگەڵ (شەمشی - ئەدەد) باس کردووە، بۆیە ئەویش داوای لێ کردووە، ئەو (توروککی) یانەی بۆ بنێرێت کە ناتوانێت بەخێویان بکات، ڕەنگە بۆ دامەزراندنیان بووبێت لە هەندێک کاروباردا، یا هەر مەبەستێکی تر، بەڵام لەکاتی ناردنیان بەشەو بۆ لای (شەمشی - ئەدەد) هەندێک لەو (توروککی) یانەهەڵاتوون و چوونەتە (شیکشابوم) دەربارەی ئەوە

---

١٨٢ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.

١٨٣ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٧٥.

(شەمشی – ئەدەد) لە نامەی (SH 911+922) کە بۆ (کوواری) ناردووە،[١٨٤] لە نامەیەکدا دەڵێت:

**"بەکوواری بڵێ: گەورەت ئەوها (دەڵێ): دەربارەی ئەو توروککی/یانەی کە لەگەڵ ئەو خەڵکانە بۆ منت نارد بوون: [ سەبارەت]بە ژمارەی ئەو توروککی/یانەی کە تۆ بۆ منت ناردبوون لەگەڵ خەڵکەکەدا ئەوان یەکسان نین بە[....... من داوام کردبوون لەگەڵ خەڵکدا] ئەوان ئاوهایان پێ گوتم: لە [شەودا بە] دزیەوە[ئێمە پێیان] تووشی ماندووبوون هاتین، ئەو پیاوانەش لە ڕێگادا زۆربەیان لەئێمە خۆیان دزیەوە و چوونە شیکشابوم! ئەوان ئەوەیان پێ وتم."** [١٨٥]

لەم نامەیەدا (شەمشی – ئەدەد) ڕەخنە لە (کوواری) دەگرێ، سەبارەت بەو (توروککی)یانەی بۆی ڕەوانە کردوون، ژمارەیان بەقەد ژمارەی داوا کراوان نیە، دەڵێ ئەوان پێیان وتووم گوایە کاتێ لە (شوشاررا) وە بۆ ئاشوور هاتوون لەڕێگادا تووشی ئازار و ماندوو بوون هاتوون، لەبەر ئەمەش هەندێ لەو (توروککی)یانە خۆیان دزیوەتەوە و خۆیان گەیاندۆتە (شیکشابوم) و لەوێدا ماونەتەوە، وادیارە هەندێک لەو (توروککی)یانە ئارەزوویان لەوە نەبووە بچنە ئاشوور بۆیە بە شەو خۆیان لە کاروانەکە دزیوەتەوە و چوونەتە شاری (شیکشامبوم)ی پایتەختی (ئەخازوم)ی نەیاری (شەمشی – ئەدەد).

وادیارە ناحەزانی (کوواری) قسەی وایان بۆ هەڵبەستووە، لەوانەیە ئەم کارە، کە بەشەو خۆیان دەدزنەوە پەیوەندییەکی بە ئەوەوە هەبێت، بەلام (کوواری)، ئەم قسانە بە بوختان دادەنێ ئەو (توروککی)یانە لەلای گەورەکەیان پێیان هەڵبەستووە، (شەمشی – ئەدەد) داوای لە (کوواری) کردووە ئەو (توروککی)یانەی پێشووتر (شوشاررا)یان پاراستووە لەدوژمنان، ئێستاش ناتوانێ بەڕێوەیان ببا، بۆی بنێرێتە ئاشوور بۆ ئەوەی سەرپەرشتیان بکات، بە (کوواری) دەڵێت:

**"تۆش ئەوهات پێ وتم: ئەوان بوختانیان پێ هەڵبەستبوم لەلای کوڕەکەم! کێ لەوان بوختانی پێ هەڵبەستبووی! پێشووتریش ئەوهام بۆ نووسیبووی: ئەو توروککی یانەی کە تۆیان پاراستبوو ناتوانی بەڕێوەیان ببەی، ئەوانم بۆ بنێرە، دەیان بەم و هەر لێرەش دا چاودێریان دەکەم."** [١٨٦]

---

١٨٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

١٨٥ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

١٨٦ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

لە نامەکەدا جەخت دەکاتەوە، پێشتر بۆی نووسیوە سەرجەم ئەو (توروککی)یانە لەشەودا بەدزیەوە بۆ بنێرە، چونکە ئەوانە لەڕێگا خۆیان دەدزنەوە و نەیارەکانی ئاشوور بەهێز دەکەن لە (شیکشامبوم) ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی (شەمشی - ئەدەد) بۆیە لە نامەکەدا هاتووە:

**"ئەمەم بۆ نووسیبووی! ئێستا سەرجەم [توروککیان]م لەشەودا بەدزیەوە بۆ بنێرە، پێش ئەوەی ئەوان لەو وڵاتە بمێننەوە، ئەوان لەناو شیکشابوم دەپارێزرێن، ئەوە ڕاستە ئەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی شەڕانگێزان، و ئەو هێزەش مەزنتر دەکات، من دەربارەی ئەمە نیگەران بووم!"** [١٨٧]

(کوواری) هەڵوێستی ئەو (توروککی)یانەی لا سەیر بووە، چونکە دەڵێ: من ئەوانم سەرپشک کردووە، لەوەی هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ لەلای من بمێنێتەوە، ئەوەی ناشیەوێ دەتوانێ بڕواتە لای گەورەم، سەرەڕای باروودۆخی نالەباری وڵاتەکەی پێدەچێت (کوواری) لەڕووی ناچارییەوە ئەمانەی ناردبێتە ئاشوور، چونکە لە نامەکەدا ئاماژەی ئەوە هەیە، ئەوەی دەیەوێت لە (شوشاررا) دەتوانێت بمێنێتەوە، ئەوەی دەشیەوێت بچێت بۆ لای (شەمشی - ئەدەد) دەتوانێت بچێت، کەواتە هەر کەسێک لەم کارەی سەرپشک کراوە، بەڵام (شەمشی - ئەدەد) بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێگا لەو (توروککی)یانە بگرێ، کە دەچنە (شیکشابوم) داوا دەکات، ئەوان بەڕۆژ بنێرێ و یەکێ لەلایەنگرەکانیشی بەکرێ بگرێ بۆ ئەوەی چاودێریان بکات، لە نامەکەدا بەم جۆرە ئاماژەی بۆ کراوە:

**"ئەوهایان پێ دەڵێم، ئەوەی دەیەوێ دەتوانێ لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی ناشیەوێ لێرە بمێنێتەوە، دەتوانێ بچێتە لای گەورەم! ئەمەیان پێ دەڵێم."**

لە بەشێکی تری نامەکەدا بە (کوواری) ڕاگەیاندووە، ئەو (توروککی)یانەی یاخی بوون سەرپەرشتیان بکات، و ئامادەیان بکات و بیانپارێزێ، کاتێ تۆ نەتوانی ئەوەیان بۆ ئەنجام بدەی بۆ منت ناردبان، گوایە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردووە، لەم بارەیەوە، یارمەتیشی نەداوە سەبارەت بەم (توروککی)یانە، دیارە (شەمشی - ئەدەد) گرنگیەکی زۆری بەهێزی (توروککی)یەکان داوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئازایی ئەوان دەگەڕێتەوە، بە (کوواری) ڕاگەیاندووە سەربازەکان با لە (شوشاررا) بمێننەوە، بەڵام لەدەرەوەی شارەکە و دەبێ پارێزگاری لەو وڵاتەش بکەن، ئەمەش

---

١٨٧ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

به فەرمانی پاشایە، بەڵام نازانرێ ئەم سەربازانە کێن؟ لەوانەیە ئەم سەربازانە (شەمشی – ئەدەد) ناردبنی بۆ (شوشاررا)، ئەمەش دژ بەو کارەی (کوواری) بووە، کە فەرمانی پاشای جێبەجێ نەکردووە. بە (کوواری) دەڵێ ئێستا ئەو (توروککی)یانە لەگەڵ خۆت ئامادە بکە و بیانپارێزە، ئەوانەی ناتوانی ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدەی بۆ منیان بنێرە، تێیدا لە (کوواری) دەپرسێ بۆ چی (توروککی)یەکان لەلایەنگریت دێنەدەرێ؟ دەنووسێت:

**"..... من بەم شێوەیە ڕێنماییەکانم پێ وتی: ئەو توروککی یانەی یاخی دەبن – تۆ دەتوانی سەرپەرشتیان بکەی و ئامادەشیان بکەی و دەبێ لەگەڵ خۆت دا بیان پارێزی: کە تۆ ناتوانی ئەوان بەڕێوەببەی و ئامادەیان بکەی دەبووا بۆ منت ناردبان! ئەم کارەی پێم سپارد بووی بۆ یارمەتیت نەدام بۆ مانەوەم لەگەڵیان دا لەوێ؟ ئەوە سنووری شارۆچکەکە نیە؟ لەڕاستیدا زۆربەی سەربازەکان لەوێ دەمانەوە، و چەکدارەکان با لەدەرەوەی ئەوێ بن، هێزەکەی ئەوان ئەو وڵاتە دەپارێزێ، کارەکەشیان من بڕیارم لێ داوە. ئێستا دەتوانی سەربازەکان بپارێزی و بەڕێوەیان ببەی، و هەر لەگەڵ خۆشتدا ئامادەیان بکەی، ئەوانەی ناتوانی بەڕێوەیان ببەی و ئامادەیان بکەی بۆ منیان بنێرە، بەڵام بۆچی ئەوان لەلایەنگریت دێنەدەرێ."**[188]

دەڵێ ئێستا ئەو (توروککی)یانە بەدەم ڕێگاوە بزر دەبن، یان پێی وایە لەنیوە ڕێی نێوان (شوشاررا) و ئاشوور دەرفێندرێن، بە (کوواری) دەڵێ: هیچ گروپێکی لایەنگرت بەتەواوی نەگەیشتۆتە ئاشوور، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەوان پەنادەبەنەبەر (شیکشابوم) بەمەبەستی پاراستنیان، لێرەشدا دەردەکەوێ (توروککی)یەکان بەخۆشی خۆیان نەڕۆیشتوون بۆ ئاشوور، ئەگەرنا بۆ لەدەستیان ڕادەکەن؟ بۆ ئەوەی ڕانەکەن لەدەستیان هەروەک ئاماژەی پێ کراوە، بە (کوواری) وتووە دەبێ لایەنگرێکی خۆی لەگەڵ یان بنێرێ:

**"خودی ئەوان بە دەم ڕێگاوە دزە دەکەن، یان لەنیوەی ڕێدا [ئەوان] دەرفێندرێن، [ئەوان]ناتوانن لەوێ بمێننەوە، بەدڵنیاییەوە هیچ گروپێکی لایەنگری تۆ نەگەیشتۆتە ئێرە، ئەوان [لەڕێگادا] بزر دەبن، [یان] هێزەکەی ئەوان [بۆ شی] کشابومە[....]خۆشی، [و لەوێدا] ئەوان لەو وڵاتە دەمێننەوە."**

---

١٨٨ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

لەهەمان کاتدا پێی ڕاگەیاندووە: ئەوانەی هەڵاتوون پێویستە لایەنگرێکی خۆی بنێرێتە لایان، بۆ ئەوەی ئەوان دڵنیا بکاتەوە لەوەی (شەمشی – ئەدەد) سەرپەرشتیان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە بووە ترسەکەیان بڕەوێنێتەوە کەلەلایان دروست بووە، ئەگەر ئاوا نەبێ ئەوان دەترسن:

**"تۆ تەنیا گروپێکی ئەوان بنێرە، یەکێ لەلایەنگرانت بەکرێ بگرە، [بۆ ئەوەی] بچێتە لایان، با دڵنیایان بکە من سەرپەرشتیان دەکەم، ئەوان بەدەم ڕێگاوە بزر دەبن، ئەوها نەبێ، ئێمە ئەوان دەترسێنین."**

بە (کوواری) دەڵێت: یەکێک بنێرە لایان، کە لەلایەن ئێمەوە زیانیان پێناگات، ئەگەر ئەوان نەگەڕانەوە و ئەوەی (شەمشی – ئەدەد) دەیڵێ جێبەجێ نەکەن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە:

**"لەو کاتەی ئەوان نەگەڕانەوە لەهەر شوێنێک بێت ڕووبەڕوویان دەبینەوە؟ و لەوێدا هەر کەسێ لێرە داوای کرد بوو من پێی دەڵێم (مودارومی) برامە، لەگەڵ ئەو! ئێستا ئەمەی بۆم ناردوی، ئەو شکایەتکارانەی داوایان لێم کردووە، ئەوان لە دەرەوە جیا دەکاتەوە،[بەهۆی]! (تیروایش – شینی) و (زیلیا)م بۆ بنێرە ئەو برایەتی کە تۆ گرتووتە و لەگەڵ ئەواندا دات ناوە بەپێی بارودۆخەکە ئەوانم لەگەڵ ناردووە"[189].**

لەبەشێکی تری نامەکەدا ناوی کەسێ بە (موداروم) ناودەبات بەبرای خۆی دادەنێ، لەهەمان کاتدا باس لە دوو کەسی تر بە ناوی (تیروایش – شینی) و (زیلیا)م دەکات برای (موداروم)ن، گوایە لەلایەن (کوواری) یەوە گیراون و داوای لێ دەکات بۆی بنێرێتەوە[190] ڕەفتاری ئەو پەنابەرانە گەیشتۆتە ئەوەی بەتوندی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەگەرچی ئەنجامەکەی مەترسیدار و خۆکوژی بوو.

**کێشە و ئاژاوەی سەرکردەکانی توروککی**

بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕەفتاری سەرکردە و پیاوماقوڵانی (توروککی) کەلەم کاتەدا، واتە لە دوای ڕووخانی شانشینی (توروککی) لای (کوواری) ببوونە پەنابەر، ئاوارە (توروککی) یەکان لە (شمشارە) کێشەی زۆریان بۆ (کوواری) دروست کردبوو، هەروەک لەنامەکانی نێوان (کوواری) و (شەمشی – ئەدەد)ەوە دەردەکەوێت، بۆ

١٨٩ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

١٩٠ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٠.

هەردوولایان ببوونە گرفت، (کوواری) مەترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر لەژێر سایەی خۆیدا نەبن، دوورنییە (شەمشی – ئەدەد) دژی ئەو بەکاریان بێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەرکردەیەکی (توروککی) بێ ویستی (کوواری) لەلای (شەمشی – ئەدەد) بوون، ڕستەیەکی بایەخدار لەیەکێک لەم نامانەدا بەمانە دەڵێت: "ڕۆڵەکانی وڵات" ئەمە دەشێت بەڵگەی ئەوە بێت هاووڵاتی (ئوتوم) بووبن، یاخود (ئوتوم)یش بەشێکی شانشینی (توروککی) جاران بوو.[191] ئەمانە بێ ئاگاداری ئەو دەچوونە لای (شەمشی – ئەدەد)، ئەمەش (کوواری) نیگەران کردووە.

وادیارە دیارترینی ئەم سەرکردانە (خازیپ – تێششوپ – Hazip – Teššup)، بوو، لە چارەی نووسرا بوو، ڕۆڵێکی گەورە لە گەمەی سیاسیدا یاری بکات، بەشێکی زۆری نامە و ئاڵ و گۆڕکراوەکانی (شمشارە) بۆ کێشەی ئەم تەرخان کراوە. وەک دەردەکەوێت (خازیپ – تێششوپ) کاری بۆ هەڵگیرساندنی یاخیگەری یەک لە دژی (کوواری) لە وڵاتەکەدا کردووە، یان هیچ نەبێت (کوواری) (خازیپ – تێششوپ)ی بەمە تۆمەتبار کردووە، پاش ئەوەی ترسی لە زیادبوونی کاریگەری و بەرزبوونەوەی پلە و پایەکەی لە ناوچەکەدا لێ نیشتووە، چونکە لەژێرەوە خەڵکی لە دژی (کوواری) هانداوە و کاری بۆ ئەوە کردووە، ڕاپەڕین و یاخیگەری لە دژی (کوواری) دروست بکات، بۆ ئەمە دەیویست داوای هاوکاری لە (شەمشی – ئەدەد) بکات، یا هیچ نەبێت گلەیی و گازەندەکانی لە (کوواری) لای (شەمشی – ئەدەد) بڵێت، بۆ ئەمە چووە لای (شەمشی – ئەدەد)، کاتێکیش (شەمشی – ئەدەد) پێشوازی لە (خازیپ – تێششوپ) کرد و بەڕێز و قەدر گرتنێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ کرد، کارەکە لای (کوواری) خراپتر بوو، چونکە ئەو بەبێ ئەمەش لە زیاد بوونی دەسەڵاتی دەترسا و ئەمەش نیشانەی مەترسی بوو، چونکە وا دیار بوو خەڵکی خۆماڵی لە دەشتی ڕانیەدا، لەلایەن (شەمشی – ئەدەد) بانگهێشت دەکران و دڵیان ڕادەگیرا، ئەمانە وایان کرد (کوواری) داوا لە (شەمشی – ئەدەد) بکات (خازیپ – تێششوپ)ی بۆ بنێرێتەوە تا بەندی بکات، هەرچەندە (شەمشی – ئەدەد) چەندین جار داوای لە (کوواری) کردووە بەند کراوەکان بەر بدات، بەڵام بێ هوودە بوو، (کوواری) نیازی لەمە خراپتریشی هەبوو، دەیویست (خازیپ – تێششۆپ)لە بەندیخانەدا بکوژێت، (شەمشی – ئەدەد) هەوڵی دەدا دەست بهێنێتە ڕێی. بەڵام (کوواری) لەسەر هەڵوێستی خۆی هەر سوور بوو، تاکو لەنامەی (SH. 883) دا

---

191 کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

ڕەزامەنـدی (شـەمشـی – ئەدەد)ی بەدەسـت گەیشـت، لەوانەیە لە پاداشـتی گرتنـی شارێکدا بە ناوی (Zu? - <<ul?>> - zu - la - a) بووبێت، (شەمشی – ئەدەد) بۆ (کوواری) نووسیووە:

**" سەبارەت بە خازیپ – تێششوپ بیرێکم بۆ هات، لەبارەی کوشتنی یەوە بۆ منت نووسی، کە تۆ دەتەوێت بمرێت، بابمرێ ! بۆچی بمێنێت؟ با لە بەندیخانەدا بمرێـت، بەردەوام بـۆ شـارەکەی دەنووسـێت و هەوڵ دەدات (وڵاتە)کەت لەدژت هەڵبگێڕێتەوە." [١٩٢]**

ئەگەر (خازیـپ – تێششـوپ) بەڕاسـتی هەوڵـی ڕێکخسـتنی یـاخیگەری لە دژی (کـوواری) دابێـت، ئەوا بـۆ ئەوە بـووە (کـوواری) لەسـەر کـار لابەرێـت و خـۆی دەسـەڵات بگـرێتە دەسـت، چـونکە (کـوواری) خـراپ مـامەڵەی پەنـابەرە (تـوروککی) یەکـانی دەکـرد و دەیچەوسـاندنەوە، تـاکو ڕێ لە زیـاد بـوونی هێـز و دەسـەڵاتیان بگرێـت و لەقـاڵبی خۆیانـدا بیـانهێڵێتەوە، ئەم چەوسـاندنەوەیەش بەس بـوو بـۆ کـین هەڵگرتنـی زۆر لە (تـوروککی) یەکـان، تەنـانەت هاووڵاتیـانی (شوشـاررا) خۆیشـی، دیـارە دەیانەوێت لە شـاری (شوشـاررا) و فەرمـانڕەوا زۆردارەکەی هەڵبـێن، و پەنـا بەرنە بەر شاری (شیکشابیوم)ی ڕکەبەری لە نامەی (SH. 861)دا دەڵێت:

**" هاووڵاتیـانی ئوتـوم ڕکیـان لەشـاری شوشـاررا دەبێتەوە و ئێـوە – ئێـوەی هاووڵاتیانی کونشوم کە کونشومتان جێ هێشت، ڕکیان لێتانە! ئەوان هیچ و پوچ و یاخین." [١٩٣]**

لە نامەی (SH. 919)دا هاتووە:

**"ئێستا هەمـوو [تـوروککی]یانەی بـۆ [منیـان]دەنێریـت [بەشــ]ـە (و) و بەدزی یەوە[دێــــــن]، ئەو زەوی یەی لەبەردەســـــــتیاندایە داوای دەکەن [و]بەردەوام دزەدە[کەنە]شاری شیکشابیومەوە. ئایا ئەوە ڕاسـتە ئێمە دوژمنمـان[ن] بەهێزتـر بکەین و لەشکرەکەی گەو[رەتر]؟ من بەمە نارەحەتم! [١٩٤]**

---

١٩٢ کوزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٧.

١٩٣ ئەم نامەیەی مامۆستا کوزاد محەمەد ئەحمەد، نووسیویە لەگەڵ ئەوەی یورگین لیسۆ لەخشتەکانی شمشـارە دا، عـەزیز گـەردی وەریگێـڕاوە. هـەردووکیان بـەناوی نامـەی (SH. 915) نووسـراون، کـەمێک جیاوازیان هەیە، ئینجا یاخود لەوەرگێڕانەکەدا ڕووی داوە، یاخود ناوەڕۆکی نامەکان جیاوازە و نوسـەری نامە بەشێکی دووبارە کردۆتەوە، وەک لەنامەی تریشدا ئەمە ڕوویداوە.

١٩٤ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

یەکێکی تر لەو پەنابەرە (توروککی)یانە (لیدایا Lidaya)[١٩٥] وەک (خازیپ – تێششوپ) بەهەمان شێوە لەگەڵ (شەمشی – ئەدەد)دا دەستی پێ کرد، بانگهێشت کرا و کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوانەی لەگەڵدا بەئەنجام گەیاند، وا دیارە یاخیگەری پادشا و خانەدانە (توروککی)یەکانی لای (کوواری) پەنابەر بوون زیادی کردووە، چونکە دوای (خازب – تیشۆپ)، ئینجا (لێدایێ) دەچێتە لای (شەمشی – ئەدەد)، ئەوانەش بەبێ ویستی (کوواری) چوونە لای، چونکە لە نامەیەکدا (شەمشی – ئەدەد) دەڵێت: بەشەو و بەدزیەوە دێن بۆ لای من، (لێدایێ) لە چوونی بۆلای (شەمشی – ئەدەد) مەبەستی باشی نەبوو، لەدژی (کوواری) کاری دەکرد، سەرەڕای پەیوەندی (کوواری) و (شەمشی – ئەدەد)، بەڵام ئەم کارە لەبەرژەوەندی (شەمشی – ئەدەد) بوو، چونکە لەپێناوی بەدیهێنانی مەبەست و لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنان، وەک لە نامەی (SH. 915). ئەمەش دیسان لەکاتی خۆیدا (کوواری) نارەحەت کرد، بۆیە هەوڵیدا ئەمیش تووشی هەمان چارەنووسی (خازیپ – تێششوپ) بکات، ئەوە بوو (کوواری) داوای لە (شەمشی – ئەدەد) کرد، تاکو (لێدایا)ی بۆ بنێرێتەوە، بەڵام ئەمجارە بەبیانوی ئەوەی گوایە دەیەوێت لە (شیکشاببوم) جێگیری بکات، نەک بیکوژێت، بەڵام (لێدایا) نەدرایەوە دەست (کوواری)، لەجیاتی ئەمە لە شاری (بوروللوم Burullum) جێگیرکرا، ڕەنگە بۆ وەرگرتنی پۆستێک، لە هەمان کاتیشدا بۆ دوورخستنەوەی لە (شوشاررا) و لە دەستی (کوواری) بووبێت. باس و خواسی ئەم بەسەرهاتە لەنامەکانی : ( SH. 943,SH. 887, SH. 915) هاتووە[١٩٦].

دوای ئەوەی (لێدایێ) چووە لای (شەمشی – ئەدەد) و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجامدا، (کوواری) مەترسی ئەوەی هەبوو ئەوانە لەلایەن (شەمشی – ئەدەد) و دوژمنەکانیەوە بەکاربهێنرێن، ببنە مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی و لەناوچوونی وڵاتەکەی، هەروەک دواتر ئەمە ڕوویدا، بۆیە داوای لە (شەمشی – ئەدەد) کرد (لێدایێ) بگێڕێتەوە لای ئەو، بەڵام ئەو گوێی بەداواکەی (کوواری) نەدا، بەبیانوی

١٩٥ هەندێک جا بە (لیدایێ) و هەندێک جار بە (لیدایا) نووسراوە، لەوانەیە هەمان (لیدایێا)ی نامەی ( ARM, 4, 25) کە (ئیشمی داگان) بۆ (یاسماخ – ئاداد)ی ناردووە.

١٩٦ کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

ئەوەی تا (نوروگگوم) داگیردەکات لەلای خۆی دەیهێڵێتەوە، (لێدایێ)ی لەلای خۆی هێشتیەوە، ناوەرۆکی ئەم باسە لە نامەی (SH.915) ڕوون کراوەتەوە (شەمشی - ئەدەد) بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**"بەکوواری بڵێ: سەروەرت ئاوها (دەڵێ): گوێم لەنامەکانت بوو کە تۆ بۆت ناردووم، لێدایێ هاتە لای من و کۆبوونەوەی لەگەڵ کردم. تا داگیرکردنی نوروگگوم، ئەو هەر لەلای من دەمێنێتەوە، هەر یەکسەر کە نوروگگوم داگیر کرا، ئەو بەخۆ و بەلەشکرەوە بەرەو وڵاتی ئەخازیم دەکەوێتەڕێ. لەمەش زیاتر، لێگەڕێ با قوولەکانی ئابڵوقە بێننەخوار (ڕوبار)! زاسلیم (ژاژلوم)[١٩٧] بۆ ئەوەی لەشکرەکە لەبەردەستی (یان؟) دابێ. ئەو کاتە [...]کە[...]."[١٩٨] نوروگوم داگیر کراوە.....[. .....][١٩٩].**

لەم نامەیەدا (شەمشی - ئەدەد) (کوواری) دڵنیا دەکاتەوە، ئەو نامانەی بۆی ناردوون بەدەستی گەیشتوون، جەخت دەکاتەوە (لیدایا) هاتۆتەلای و لەلای دەمێنێتەوە تا داگیرکردنی شاری (نوروگگوم) لەسەر ڕووباری دیجلە لەباکووری شاری نەینەوا، ئەگەر (نوروگگوم)یش داگیر کرا، ئەوا (لیدایا) بەخۆی و هێزەکەیەوە دێت بۆ داگیرکردنی (ئەخازوم).

لەبەشێکی تری نامەکەدا داوا لە کوواری دەکات قەڵاکانی سەر ڕووبار لەخوارووی (ژاژلوم) داگیر بکات و هێزەکەیان ئامادە بکات، لە دوای داگیر کردنی (نوروگگوم)، ڕەنگە ئەمەشی بۆ ئەوە بووبێ تا هێزەکانی بۆ ماوەیەک پشوی تێدا بدەن، و خۆیان ئامادە بکەن بۆ گەمارۆدانی (ئەخازوم)، و هەروەها لە (شوشاررا)ش نزیک بووبێ، بەڵام ئەگەر ئێمە وڵاتی (ئەخازوم) بەناوچەکانی دەوروبەری (تەق تەق) بزانین شاری (نوروگگوم)یش کەوتبێتە بەشی سەرووی ڕووباری دیجلە ئەوا هێزەکانی (شەمشی - ئەدەد) چۆن توانیان بگەنە سەرووی وڵاتی (ئەخازوم) و قەڵاکانی سەر ڕووبار لەخوارووی (ژاژلوم) داگیر بکات، ئەگەر گەیشتنە ئەم ناوچەیە تاکە ڕێگا بەکاریان هێنابێ دۆڵی هەنارە بووبێ، کە بەدەربەندی گۆمەسپاندا ڕاستەوخۆ گەیشتۆتە سەر زێی بچوک، بەم ڕێڕەوە

---

١٩٧ شاری زاسلیم: هەندێک بە ژاژلوم وەریان گێڕاوە دەکەوێتە سەر یان نزیک زێی بچوک لەخوار شوشاررا: یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

١٩٨ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٠.

١٩٩ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

راستەوخۆ لە دیجلەوە بەزێی گەورەدا دەگەنە دۆڵەکە و لەوێشەوە بۆ سەرزێی بچوک، بێ گومان ئەم ڕێڕەوە شوێنێکی لەبار بووە، بۆ لەشکرکێشی لەسەردەمی ئاشووری نوێشدا، ئەم ڕێرەوەیان بۆ لەشکرکیشی بەکارهیناوە، بەمەش ڕەنگە بتوانین شوێنی (ژاژلوم) بەشوینێکی نزیک زێی بچوک لە (شوشاررا) ئیستا لەژێر دەریاچەی (دوکان) لەدەشتی بیتوێن دیاری بکەین، یان خودی شارەکە بکەوێتەسەر یەکی لەم ڕووبارانە، وەک ڕووباری قەشان لەدۆلی بالیسان، یان ڕووباری دۆڵی هیران هۆکاری ئەم ئەگەرەشمان بۆ تیکستی یەکەم دەگەڕێتەوە، چونکە (شەمشی - ئەدەد) داوای کردوە تەتەرەکەی بەرەو باکووری خۆرئاوا بەرێ بکەوێ یەکەم وێستگەشی شاری (ژاژلوم) بووە.[200] لەنامەیەکی تردا (شەمشی - ئەدەد) دەربارەی (لیدیا) بۆ (کوواری) دەنووسێت:

**"بەکوواری بڵێ گەورەت ئەوها (دەڵێ): من گوێبیستی نامەکەت بووم کە بۆ منت ناردبوون، تۆ دەربارەی لیدایا بەم شێوەیەت نووسیوە (پێویستە گەورەم بۆم بنوسی (ئەو) لە کوێ دادەنیشێ)، ئەمەی تۆ بۆ منت نووسیوە [..........] کێ [لەناو] شیکشابوومە [**......چەند دێرێک شکاوە**] پلانەکە شیکشابوم و دەرەوەشی لە خۆ گرتووە، [ئەو بەجێ دەمێنێ و دەمێنێتەوە]لەوڵاتەدا[**.......دوو دێڕ شکاوە**]."**

وەک پێشتر (شەمشی - ئەدەد) لەگەیشتنی ئەو نامانەی بۆی ناردووە (کوواری) دڵنیا کردۆتەوە، تێیدا پرسیار لە گەورەکەی دەکات لەشوێنی نیشتەجێ بوونی (لیدایا)، وادیارە (کوواری) شوێنی (لیدایا)ی نەزانیوە، ....... لەدوایدا (شەمشی - ئەدەد) پرسیار لە (کوواری) دەکات، سەبارەت بەوەی بزانی کێ لەناو شاری (شیکشابوم)ە، دیارە مەبەستی ئەوە بووە بزانێ نەیارانی لەو شارە کێن؟، باس لەوە دەکات ئەم پلانەی هەیەتی تەنیا (شیکشابوم) ناگرێتەوە، بەڵکو دەرەوەی ئەم شارەش دەگرێتەوە، باس لە کەسێ دەکات لە (شیکشابوم) ماوەتەوە واپێدەچێت ئەو کەسە (لیدایا) بووبێ، دوور نییە (شەمشی - ئەدەد) کارێکی دەربارەی (ئەخازوم) پێ سپاردبێ[201]. بەڵام بەهۆی زانیاری کەم و شکانی تابلۆکە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە.

---

٢٠٠ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

٢٠١ ئا: ئەردەڵان بێتواتەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

**سەردەمی پاش ئاشووری**

**لەشکرکێشیەکان و ڕووخانی شوشاررا**

وەک وتمان (کوواری) فەرمانڕەوای(شوشاررا) بۆ پاراستنی وڵاتەکەی لەدەست تەماعکاری (ئیندۆشیشیێ)ی گوتی پاڵی دایە لای (شەمشی – ئەدەد) و چووە ژێر باڵی ئاشوورییەکانەوە، هەرچەندە (کوواری) دەست و پێوەندێکی نموونەیی (شەمشی – ئەدەد) نەبوو، لەنامە ئاڵوگۆڕ کراوەکانەوە ئەمە دەردەکەوێت، هەرچی شتێک سەروەرە نوێیەکەی داوای لێ دەکرد، ئەم هەمووی جێبەجێ نەدەکرد، ئەگەر بارودۆخی (کوواری) باش لێک بدەینەوە ئەمە شتێکی سەیر نابێت، چونکە ئەو بەناچاری چوو بووە ژێر باڵی ئاشوورییەکانەوە، باش دەیزانی پلانە فراوانخوازیەکەی (شەمشی – ئەدەد) قەڵەمڕەوەکەی ئەم نابوێرێت، ئەگەر بەئاشتی نا، ئەوا بەزۆر.[٢٠٢]. لەبەر ئەوە بەناچاری ئەم هاوپەیمانێتیەی قبوڵ کرد بوو.

لەسەردەمی ئاشوورییەکان (شوشاررا)ی پایتەخت شارێکی ئاوەدان و ناودار بوو، بنکەیەکی کارگێڕی و سەربازی گرنگ بوو، ناوچەکەی دەوروبەری بەناوی ئەوەوە هەڵدراوە، بۆیە دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین شارێکی پێشکەوتوو بووە، ئابووری باش و ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی تێدا کراوە، بەتایبەت کە دەکەوتە سەر ڕێگای بازرگانی ئێران – موسڵ – کەرکوک، هەر ئەوەش زیاتر بووەتە جێگای چاوتێبڕینی ئاشووری و دەسەڵاتدارەکانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی داگیرکرانی وڵاتی (توررککی) یەکان و هاتنی لافاوی ئاوارەکان بۆ (شوشاررا) کێشەی زۆری بۆ (کوواری) و دانیشتوانی شارەکە دروست کردبوو.لەدواجاردا هەر ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی سەروەری و داگیرکرانی (شوشاررا)ی پایتەخت و تەواوی وڵاتەکەی.

لەوە دەکا دەسەڵاتی ئاشووری لەسەر (شوشاررا) لەلایەن (توروککایێ) کانەوە بەسەرکردایەتی (لیدایا) (ARM 4.25) کۆتایی پێ هێنرابێ، بۆی هەیە بەرلەوەی ئەم ڕووداوە بقەوێ، (ئیشمی – داگان) نەخشەی دانابێ بۆ ئەوەی کۆتایی بەو پەیمانە بێنێ کە لەگەڵ (توروککایێ)کان هەیبوو، کە بە زەماوەندی نێوان کچێکی (زازییا) و (موت – شو)ی کوڕی (ئیشمی – داگان) (ARM 2.40) مۆر کرابوو، ئەم گریمانەیە بەو ڕاستیە دەچەسپێت، کە ئەو کاتەی ئاشوورییەکان (نورروگگوم)یان

---

٢٠٢ کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشو، ل٩١.

داگیرکـرد (SH.915) (لیـدایێ- لیـداییا) لەگـەڵ (ئیشـمی - داگـان) دابـوو. ئـەو سەردەمەی هێزی ئاشووری لە ترۆپکی خۆی نزیک کەوتبووەوە، ئەم پێشنیارە ئەو کاتـە بـەهێزتر دەبـێ کـە بێتـەوە بیرمـان (شەمشـی - ئـەدەد) داگیرکردنـی (نورروگگوم)ی بەڕووداوێکی زۆر گرنگ داناوە. [٢٠٣]

لەناو دەقی نامەکاندا باسی لەشکرکێشیەکی گەورە هەیە، هەندێک ناوچەی داگیر کـرد و شـاری (نورروگگـوم)ی گەمـارۆ داوە، هەرچەنـدە ڕوون نـیە هەمـان لەشکرکێشـی بێـت، (یـورگین لیسـۆ) لە ڕوون کـردنەوەی دەقـی خشـتەکانی (شمشـارە)دا دەڵێـت: (شامشـی - ئەدەد) و (ئیشـمی - داگـان) لە نـامەی (SH.827) بەیەکەوە ناویان هاتووە، ئەم نامەیە ئاراستەی (کوواری) کراوە، لەلایەن (شـێپراتو - $^{m}$Še - ep - ra - tu) ئەم پیاوە نامەیەکی تریشی ناردبوو (SH. 812) ئەوەی نامەکەی ناردووە، ئاماژە بۆ هەڵمەتێکی ئاشووری دەکات، لە دژی (نورروگگوم) لەوەڵامی نامەیەکی (کوواری) دەڵێت:

**" نامەکەت، کە تۆ (واتە کوواری) بۆت ناردم، گوێم لێی بوو، تۆ ئاوها (ت نووسی بوو) نیپرام لە لەلایەن سامسی - ئاداد/ ەوە [٢٠٤]هاتەلام، ئەوها (ی گووت): ئەو دەنگوباسەی سامسی - ئاداد دایە من زۆر خۆشە، و شارەکەش و (شارەکەی) ... ئەو داگیری کرد، سامسی - ئاداد/یش ... بۆ (شارەکەی) و ئیشمی - داگان/ی کوڕی، بە خۆ و بەلشکرێکی ٦٠٠٠٠٠ .... تا نورروگگوم ئابڵوقەبدا، ئەمانە تۆ بۆ منت نووسی و (نامەکە)ت بۆ من نارد" [٢٠٥]**

ئەو زانیاریە بوو بە شـۆک بۆ (کوواری) و خەڵکی دەشـتی ڕانیە، ئێسـتا ئەوان بەدڵنیـاییەوە پارێزەریـان نـیە، لە گوتیەکـان ئەوان هەڵسـان بە یـاخیگەری دژی (شەمشی - ئەدەد) و (کوواری) لەو نامەیەی لە ماری هاتووە، ڕاپۆرتی کردووە بۆ کوڕی (شەمشی - ئەدەد) کەلەوێ جێگری پاشا بوو.

**"بـۆ خەمخـۆری بـۆ خـاکی شمشـارە کە تـۆ دەربـارەی نووسـیووتە بـۆ مـن دەربارەی ئیشار - لوم IŜaer - Lum) بۆت ڕوون دەکاتەوە ئەو خاکەی کێشەی تێدایە ئێمە ناتوانین ڕای بگرین ئەو خەڵکەی لەو ناوچەیە دەژیا" ، گەڕایەوە.** [٢٠٦]

---

٢٠٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشو، ل ٩٢.

٢٠٤سامی- ئاداد/ شێوەی ئەکەدی ناوی شەمشی ئەدەد.

٢٠٥ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

206 Jesper Eidem, (2011) p:17

لە کاتێکی دواتردا ڕەنگە لە ناوەڕاستی هاوینی ٣٠ مین ساڵی فەرمانڕەوایی (شەمشی - ئەدەد) دا، سەردەمی سێیەم بە کاول کردن و گڕدانی کۆشکەکەی (کوواری) لە (شوشاررا) دەست پێ دەکات، (کوواری) دیار نەما، و ئەرشیفی کۆشکەکەی ئیتر وەستا،[٢٠٧] لەنامەیەکی ماری دا ئاماژەی ئەوە هەیە، دوو شارۆچکەی وێران کرد، من ڕۆیشتم بۆ هاوکاری کردن. یەکێک لەو دووشارەی کەوێران کران (شمشارە) خۆی بوو، لەو کاتەی کۆشکەکە تەواو سوتا چیرۆکی شمشارە تەواو بوو، (کوواری) سەرپەرشتی دیارنەما، بەڵام ئێمە ئەوە نازانین..... زۆر وردەکاری تر هەیە لە چیرۆکەکە ناتوانین لێرە بیڵێین.[٢٠٨] بەهیواین لە داهاتوودا ئەم وردەکاریانە باشتر ڕوون ببنەوە.

**مردنی شەمشی - ئەدەد**

لە کاتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی خۆیدا (شەمشی - ئەدەد) هەر یەک لە کوڕەکانی لەناوچەیەک کردبووە فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە، لەگەڵ مردنی (شەمشی - ئەدەد) (١٧٨١ پ.ز) بەخت و چارەنووس بۆ سەر زەوی ئاشوور گەڕایەوە، (ئیشمی - داگان) لە شوێنی باوکی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی ئاشوور دانیشت و نامەیەک لە (ئیشمی - داگان)ی جێنشینی ئەو بۆ براکەی نوسینی ناوەرۆکی نامەکە بارودۆخەکە پیشان دەدات و بەسەرهاتی ئارام و وڵاتێکی هێشتا بەهێزی گێڕاوەتەوە، (ئیمشی - داگان) لەنامەیەکدا بۆ براکەی (جەمسە - ئەدەد) دەنووسێت:

**"بە جەمسە ئەدد بڵێ: براکەت ئیشمی داگان دەڵێت: من لەسەر تەختیماڵی باوکم دانیشتووم. لەبەر هەمان هۆ زۆر گرفتارم و نەمتوانیوە هەواڵی سەلامەتی خۆمت بۆ بنێرم... تۆ نابێت نیگەران بیت. پاشایەتی تۆ لەوەدایە و دەمێنێتەوە. خواکانی ئەدد و شەمەش لەگەڵ مندا هاوڕان. هەوساری خەڵکی عێلام و مەرد (شا)ی ئیشنونا بەدەست منەوەیە...وەرە بابەیەکەوە سوێندی وەفاداری بخۆین و پەیوەندی برایانە لەگەڵ یەکتردا بۆ هەمیشە بپارێزین".**[٢٠٩]

کاتێ (ئیشمی - داگان) بۆ (یاسماغ - ئاداد)ی برای دەنووسێ، توانیویەتی بگاتە عەرشی وڵاتی ئاشووری ئەمەش وادەخوازێ لە (ئیکاللاتوم) گواستبێتیەوە بۆ

---

٢٠٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

208 Jesper Eidem, Annual Report,(2011) p:18.

٢٠٩ ئاشوور، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٥.

(شوبات – ئینلیل) ناوچەکانی ڕۆژهەڵات هەموویان خرانە ژێر دەسەڵاتی قەزایی (یاسماغ –ئاداد)، چونکە لە نامەیەکدا نووسراوە (یاسماغ – ئاداد) ئەرکی بەسەر ڕاگەیشتنی شاری (ئوتا)ی گرتۆتە ئەستۆ، ئەوە تێبینی دەکرێ بارودۆخێکی نالەباری ئاشوور لە ناوچەکە ڕووی داوە، (یاسماغ – ئاداد) نیگەرانیەکی زۆری بۆ (ئیشمی – داگان) دەربڕیوە، لە چارەنووس و مانەوەیان، هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئاشووری لە ناوچەکە لە نامەکەدا ئەوە دیارە یا هەست بەوە دەکرێ (ئیشمی – داگان) بەڕێوەبەرایەتی بە براکەی (یاسماغ – ئاداد) سپاردووە، ئەویش باری بەرپرسیاریەکەی بەدڵەڕاوکێوە قبوڵ کردووە، هەرچەند (ئیشمی – داگان) ئەو زانیاریەی لەبەر دەستیدا بوو پێی دا (ئیشار – لیم) ئاگاداری (یاسماغ ئاداد) دەکاتەوە، هەرچی زانیاری هەیە دەیخاتە بەردەستی برای. (یاسماغ – ئاداد) دوای ئەوەی بەرپرسیارێتی گرتە دەست (زکری – ئیشتار)ی دانا، وەک نوێنەری خۆی دوای گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی لە دەستی (ئیشمی – داگان)ەوە بۆ (یاسماغ – ئاداد) بۆ بەسەر ڕاگەیشتنی کاروباری ڕۆژهەڵات. بەهۆی شێواوی و ئاڵۆزی ناوچەکە، و گیروگرفتی زۆری (ئوتا) و ناوچەکە (یاسماغ – ئاداد) نیگەران بوو.[210] دیارە لەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە (یاسماغ – ئاداد) ناحەقی نەبوو، چونکە لەهەموو لایەکەوە نەتەوەکان هەوڵی خۆڕزگارکردنیان دەدا لە ژێر دەسەڵاتی ئاشووری.[211]

### دووبارە هەستانەوەی توروککی

لە کۆتایی حوکمڕانی (شەمشی – ئەدەد) دەسەڵاتی ئاشووری بەرەو لاوازی چوو، لەکاتێکدا ئەستێرەی سەردارانی تری توروککی بەپێی زانیاریەکانی ئەرشیفەکەی ماری[212] ڕوو لە گەش بوونەوە بوو، یەکێک لەم سەردارانە (لیدایا –

---

٢١٠ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشو، ل ٩٥-٩٦.

٢١١ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

٢١٢ لەم کاتە بەدواوە بەهۆی وەستانی ئەرشیفەکەی شمشارە، ئیتر بۆ مێژووی ڕووداوەکان پشت بە ئەرشیفەکەی ماری دەبەسترێت، ماری شارە دێرینەکەی سەر ڕووباری فوڕات بوو، کە پێشتر باسی کرا شەمشی ئەدەد داگیری کرد و یەسمەخ– ئەدەد/ی کوڕی کردە فەرمانڕەوای . کوڕەکەی تری شەمشی ئەدەد کە ناوی ئیشمی داگان بوو، زۆر کاروباری سەربازی گرتبووە دەست و لەپاش مردنی باوکیشی بووە پادشای ئاشوور، ئەم بەردەوام بەنامە یەسمەخ ئەدەد/ی لەهەموو هەواڵ و ڕووداوەکان ئاگادار دەکردەوە بۆیە ئەو نامانە هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستانی کۆنی ئەم سەردەمەیان تێدایە لەشاری ماری هەن، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

Lidaya) بـوو، پـێکەوە لەگەڵ (زازی – یـا – Zaziya) و (زیلـی – یـا – Ziliya) و (تیروێنشێنی – Tireenseni) و هی تردا، کە پێشتر لەلای (کوواری) بەند بوون،[٢١٣] ئـەو کاتـەی نامـەکانی (شوشـاررا) ئـاڵوگۆڕ کـراون، (کـوواری) بـای ئـەوە هێـز و دەسـەڵاتی هـەبوو (زازییـا)ی (توروککایی)کـان و هێـزی لـەناکاو (قـوة احتیاطیـة)ی لەشکرەکەی لە (شوشـاررا) بەند بکات،[٢١٤] ئێستا ئەستێرەی چارەنووسیان ڕوو لـە گەشـە بـوو. لە نـامەی مـاری (ARM.4,25) پیشـانی دەدا وڵاتـی (شوشـاررا) لەسـەردەمێکدا کەوتـۆتەبەر پەلامـاری (توروککایی)کـان بەسـەرکردایەتی (لیـداییا) کەنـاوچەکەی لە دەسـت ئاشـوورییەکان دەرهێنـاوە.[٢١٥] لەسـەر دەسـتی (تـوروککی) بەشـی زۆری خـاکی ژێـر دەسـەڵاتی ئاشـووری و وڵاتـی (ئوتـوم)ی هاوپـەیمانی ئاشووری داگیرکرا.

لە بەڵگەنامەکانی شمشـارەدا هـاتووە، لە کۆتـایی دەسـەڵاتی (شـەمشی – ئـەدەد) ڕوودانی هێزی سـەربازی و سیاسی ڕوویدا لەو کاتەدا ئاشـوورییەکان بارودۆخیـان خـراپ و (شوشـاررا)یان لە دەسـت دا.[٢١٦] واپـێ دەچێـت (لێـداییا) لەشـاری (بورولـلوم)ەوە شۆڕشـێکی لەدژی (کـوواری) و لەئەنجامدا ئاشـوورییەکاتیش، بەرپـا کردبێـت.[٢١٧] بەپێـی بەڵگەنامەکـان، وەکـو دەردەکەوێ لە شـاری (بورولـلـوم – Burullum)ەوە (لیداییا) کە فەرماندەیەکی (توروککـایی) یە. ڕاپەڕیـوە و دەسـتی بە داگیرکـاری کـردووە، لەوە دەکـا (شوشـاررا) لەلایەن (توروککـایی) کـانەوە بەسـەرکردایەتی (لێـداییا) کۆتـایی بەدەسـەڵاتی هێنرابـێ.[٢١٨] دوای ئەوەی خـۆی کۆکردەوە و لەشکرەکەی ڕێکخستەوە، (لیدایێ) شاڵاوی بردە سەر (شوشاررا) و هەموو نیشانەیەک بۆ ئەوە دەچێت ئەو بووبێت کۆشکەکەی (کوواری) سوتاند بێت، ئەو ئاماژەی لەنامەی شاری ماری (ARMIV ,25) دا هاتووە لەوانەیە مەبەستی لەم ڕووداوانە بێـت، نـامەکە (ئیشـمی – داگـان – Dagan – Isme)ی کـوڕی

٢١٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

٢١٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

٢١٥ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

٢١٦ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

٢١٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.

٢١٨ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(شەمشی – ئەدەد) بۆ (یەسمەخ – ئەدەد – Iasmah – Adad)ی برای ناردووە و تیایدا دەڵێت (لیدایا) دوو شاری سوتاند:

" **لیدایا، سەرداری تورووککی و تورووککی یەکانی لەگەڵیدان، کە ئێستا لەم وڵاتەدان، بوونە ناحەز دوو شاریان وێران کرد، چووم بۆ فریا گوزاری و ئەوان کشانەوە بۆ چیاکان**".[219]

لەوانەیە ئەم نامەیە یەکێک لە کۆنترین ئەو نامانە بێت باس لە ڕاپەڕینی خوری دەکات، چونکە (ئیشمی – ئاگان) بە (یەسمەخ – ئەدەد)ی برای دەڵێت: کە "پادشا" (= واتە باوکی) لە شاڵاوی (تورووککی) یەکان ئاگاداری کردووەتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو کاتەی ڕاپەڕینەکە دەستی پێ کردووە (شەمشی – ئەدەد) هێشتا لە ژیاندابووە و هەر پادشاش بووە، (لیدایا) کە سەرکردایەتی لەشکری (تورووککایێ)ی دەکرد، لە نامەی ماری (ARM I, 5) زانیاری زیاترمان لەبارەی ئەم ڕاپەڕینەوە پێ دەدات، (لیدایا) لەمەیدانی شەڕ دەکشێتەوە و شاری (بورووللوم) بنکەی جموجۆڵەکانی بوو، کە شاری خۆی بوو، ڕۆیشت و بە والآیی جێی هێشت:

" **(ئیشمی – داگان) هەموو وڵاتی (ئوتوم)ی هێور کردەوە و سەرلەنوێ ڕێکی خستەوە و خستیە ژێر دەستی یەک دەسەڵاتەوە.**"

ئەویش دەسەڵاتی ئاشووری بوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە وڵاتی (ئوتوم) قەڵەمڕەوی پێشووی (کوواری)، ناوچەی چالاکیەکانی (لێدایا) بوو.[220] لەنامەی ماری (ARM.1.524 ff) باس دەکا (لیداییا) سەرکردایەتی لەشکری (تورووککایێ)ی دەکرد لەدژی (ئیشمی – داگان). کەوتبووە بەر پاڵپەستۆی هەراو هوریای لەشکری ئاشووری و (بورووللوم)ی جێهێشت کە شاری خۆی بوو، ڕۆیشت ئەوسا (ئیشمی – داگان) (بورووللوم) و سەراپای وڵاتی (ئوتێم)ی داگیرکرد،[221] لەو نامەیەی ماری دا دەڵێت: کە (لیدایا – Lydāja) پاشەکشەی کردووە و ئیشمی –داگان شاری (بورووللوم – Burullum)ی گرت و هەموو وڵاتی ئوتوم – Utûm)ی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. [222]

---

٢١٩ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠.

٢٢٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٨١.

٢٢١ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

٢٢٢ فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان کتێبی دووەم- (ڕەخنە)، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١٠.

**"ئەوسا (ئیشمی – داگان) (بورولـلوم) و سەراپای وڵاتی (ئۆتیم)ی داگیرکرد".** [٢٢٣]

سەرکەوتنێکی ئاشووری تێدا تۆمار کراوە، بەسەر هێزە هاوبەشەکانی وڵاتی (ئاخازیم) و (توروککایێ)کان. لێکدانەوەی چەمکی (Surudum) بە "گواستنەوە بەڕووباردا" لەلایەن (د.کووپەر)ەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە...قوللەکانی ئابلۆقە گوێزرابوونەوە هەوراز ڕووبار، بەم بەڵگەیە دەبێ شاری (زاسلیم – ژاژلوم) کەوتبێتە سەر یان نزیک زێی بچوک لەخوار شوێنەکەی (شوشارا).

ئەو کاتەی ئەم نامەیە ڕەوانە کراوە، (کوواری) سەربەو پیاوە بووە بووە، کە نامەکە بەفەرمانی ئەوەوە ناردراوە. ئەو پیاوەش دیارە پەیوەندی لەگەڵ (لیدایێ) زۆر باش بووە، (کە وا پێدەچێ هەمان لیداییای نامەیبێ کە ئیشمی – داگان بۆ یاشماخ – ئاداد/ی ناردووە) بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکیان لەنێوان ڕێک بخرێ. [٢٢٤]

لە ئەنجامی هێرشی ئاشووری بۆ سەر (توروککی) ئەوان کشانەوە بۆ شاخەکان، ئەمە نیشانەی ئەوەیە وڵاتی (ئوتوم) قەڵەمڕەوی پێشووی (کوواری) ناوچەی چالاکیەکانی (لیدایا) بوو، بەڵام کشانەوەشی لە تاکتیکێکی شەڕ زیاتر نەبوو، کەمێک پاش ئەوەی ئاشوورییەکان، خۆیان بەسەرکەوتوو زانی و لەشکرەکەیان کشایەوە و ناردیان بۆ بەرەی ڕۆژئاوا، خوورییەکان بەفەرمانی (لیدایا) گەڕانەوە. خوورییەکان بەسوود بینین لە سروشتی خاکەکە و ناسینی وڵاتەکە، شەڕی پارتیزانیان دەکرد، نامەی ماری(ARM IV,23) نموویەکی باشمان دەداتێ:

**" پەلێک لە لەشکر (ی ئاشوور) کەوتە شوێنیان (واتە شوێن توروککی یەکان) و منیش زۆرم لە جەنگاوەر (ەکانیان) سەربڕی. ئەمجا، لەکاتێکدا (پەلەکە) گەیشتە ڕۆخی ڕووبارەکە و لەوێ ئۆردوگای دابەست، ئاو هەڵسابوو بۆیە (سەربازەکان) نەیانتوانی بپەڕنەوە، (ئەمجا) لەم کاتەدا سەربازەکانم پەڕاندەوە و ناردمن بۆ ناوەوەی وڵات،بۆ دەوروپشتی شاری , تیگونانوم Tigunanm، پاش ئەوەی لەشکر پەڕیەوە، ئاوەکەش دابەزی و توروککی یەکان بەشەو پەڕینەوە.ئەمجا (ئاوی) ڕووبارەکە (دیسانەوە) هەڵسایەوە و نەمتوانی پێیان بگەم."** [٢٢٥]

دوای داگیر کردنی ناوچەی (توروککی) لەلایەن دەسەڵاتی ئاشووری (توروککایێ) کان هەمیشە لە دەرفەتێک دەگەڕان تۆڵەی خۆیان لە ئاشوورییەکان

---

٢٢٣ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

٢٢٤ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل٦١.

٢٢٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

بکەنەوە، ولاتی (توروککی) و هەرێمی بیتوێن و ناوەندەکەی شاری (شوشاررا)لە دەستی ئاشوورییەکان ڕزگار بکەن، تا لەدواجاردا هەلیان بۆ هەڵکەوت و لەشکرێکی گەورەیان کۆکردەوە بە سەرۆکایەتی (لیدایا) هێرشیان کردەسەر ئاشوورییەکان، بەشێکی زۆری وڵاتەکەیان لە ژێر دەستی ئاشوورییەکان ڕزگار کرد لەناویاندا دوو شاری گەورە ڕزگار کران، ناوچەکەیان لەدەست سوپای ئاشووری دەرهێنا، ئاشوورییەکان لەوە دڵنیا بوون هەرگیز ناتوانن تاسەر ئەم وولاتە بەرزەفت بکەن، گێڕانەوەکە لێرەدا شکاوە، بەڵام ناوی (ئاررابخا) ناوچەی کەرکوک و (قەبرا) لەکۆتایدا هاتووە، ئەم نامەیەی ماری تاکە نامەیە ناوی (شوشاررا) دێنێ، بۆمان دەریدەخا (شوشاررا) لەسەردەمێکدا لەژێر دەسەڵاتی ئاشووریەکاندا بووە و خێڵی (توروککو) هەڕەشەیان لە ئاشووری کردووە.[٢٢٦]

ئەم جۆرە شەڕە بۆ ئاشوورییەکان وەک بۆ هەر دەسەڵاتێکی ناوەندی تریش کەبیەوێت بەسوپایەکی ڕێکخراوەوە شەڕ لەگەڵ گەلێکی چیایی دا بکات، بڕست لێبڕ بوو،[٢٢٧] (یورگین لیسۆ) ئاماژەی بەوە داوە، لەنامەی ماری (ARM 4,25)دا، (ئیشمی - داگان) بەم جۆرەی خوارەوە بۆ (یاسماخ - ئاداد)ی برای دەنووسێ:

" **لەبارەی وڵاتی شوشاررا وە (ma - a - atŠu - šar - ra - a) کە تۆ دەربارەی ئەوە بۆت نووسیوم ئەم وڵاتە شڵەژاوە و ئێمە ناتوانین بەرزەفتی بکەین، با ئیشار – لیم (هەڵوێستەکە) بۆ تۆ ڕوون بکاتەوە. لیدایا/ی (سەرۆکی توروککایێ و ئەو توروککایێ/ یانەی لەگەڵیدان (و) ئێستا لەم وڵاتەن (واتە وڵاتی شوشاررا) ، دەستیان داوەتە دوژمنداری و دوو شاریان کاول کردووە، من بەهانایانەوە هاتم و ئەوان کشانەوە شاخان، ئێمە زانیاریمان کۆکردەوە (پرسیمان) و من (.....) کە ئەم وڵاتە بەرزەفت ناکرێ.**" [٢٢٨]

نامەکە ئەوەمان بۆ دەردەخا (شوشاررا) لەسەردەمێکدا لەژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا بووە و خێڵی (توروککو) هەڕەشەیان لە دەسەڵاتی ئاشووری کردووە، بۆی هەیە پەلامارەکەیان مانای ئەوە بووبێ (شوشاررا) دۆڕاوە و تازە گەڕانەوەی بۆ نییە،[٢٢٩] ئاشوورییەکان دۆخی وڵاتەکەیان بەدەست

---

٢٢٦ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٢٢٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

٢٢٨ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٢٢٩ یورگین لیسۆ، هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

(توروککی)یەکانـەوە ئـاڵۆزابوو، (لیسـۆ) بـەوردی تێبینـی کـردووە (ئیشـمی - داگـان) لـەجیاتی ئـەوەی وەک بـاوکی لـە کۆتـایی هـەموو نامەیەکدا " شـاد بـە!!" بنووسـێت، " خەم مەخۆ!"ی بۆ براکەی دەنووسی، ئەمـەش نیشـانەیەکی داوەشـیوی ئیمپڕاتـۆریی ئاشووری بوو. [٢٣٠]

(تـوروککی) یەکـان تاکە هێزی کـارای ڕووداوەکانی ئەم سـەردەمە بـوون، بەڵکـو زۆر بـاس کردنیـان لەدەقەکانـدا هـی ئەوەیە ئەمـان لەهەمـوو تیـرە خورییەکـانی تـر چالاک تر و بۆ ئاشوورییەکان سەر بەگێچەڵ تر بوون، بۆ نموونە ئەوەندەی ئەمـان لەبـارەی گوتییەکـان و لوللوبییەکـانەوە نابیسـتین، هەرچەنـدە نامەکـانی ئەم دەمە هەندێک ئاماژەیان بۆ کردەوەی سـەربازی و چالاکی سیاسیانەی گوتی و لوللـوبی و کـاکمی تێـدایە نـامەی (2932 A) بـاس لە شـالاوەکانی هاوبەشـی (تـوروککی) و (قابرا)ییەکـان و (یـاخروری - Yahruri) یەکـان دەکـات، چالاکیـەکانیان زیـادی کـردووە بـەرەو ناوەنـدی ئاشـوورییەکان، لـە پێشـڕەوی دابـوون، (ئیشـمی - داگـان) لەنامەیەکدا (ARM IV,21) بۆ براکەی نووسیوە:

**" ... پاش ئەم پەلامارە ژمارەیەک زۆرنیە، بەڵام هەر زۆر دەبن، لە داهاتوودا لە پێشڕەوی کردن دا بەردەوام دەبن."** [٢٣١]

(تـوروککی) یەکـان تەنـانەت دەیـانتوانی بگەنە هەر کـوێیەک کە دەیانویسـت، لەم نـامەیەدا بەمتمـانەوە بە (ئیشـمی - داگـان) دەڵـێن ئـێمە هەر دەگەیـنە ئەو شـوێنەی دەمانەوێت و ئەویش بەترسەوە ئەم هەواڵەی بەبراکەی گەیاندووە:

**" کەتۆ (واتە: ئیشمی - داگان) بارمتەکانمان نادەیتێ، (واتە: نایاندات بە توروککی یەکان) سبەی یان دوو سبەی دەگەینە ئەو شوێنە (ی مەبەستمانە) بیگەینێ، دەبێت هەواڵ بەو شوێنە بگەیەنین، (واتە: ئیشـمی - داگـان و دارودەسـتەکەیئەو شـوێنە ئاگاداربکەن)، بۆ ئەو شوێنەی دەیانەوێت بۆی بکشێن، ئەوان دەکشێن[.....] با [..... ] ئاگاداری ئەمە بیت".** [٢٣٢]

دیاریشە فەرماندە (توروککی) یەکـان دەزگایەکی هەواڵ کۆکردنەوە و سـیخوڕی بەکاریـان هەبـووە، بەڕادەیەک توانیویـانە دەزگـای سـیخوڕی ئاشـوورییەکان

---

٢٣٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

٢٣١ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣.

٢٣٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤.

بەهەڵەبەرن، سەرەڕای لێهاتوویی دەزگای هەواڵگری ئاشوورییەکان، توانیویانە چەواشەیان بکەن:

**" سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی توروککی یەکان کە لەبارەیانەوە بۆ منت نووسی، ڕاپۆرتەکانی لەبارەیەوە لە هەردوولاوە دژبەیەکن، لەبەر ئەوە تا ئەم کاتەش نەمتوانی هیچ شتێک بەدڵنیایی یەوە بۆت بنووسم."**

گوشاری بەردەوامی ئەم نەوە نوێیەی خورییەکان لە کۆتاییدا ئاشوورییەکانی ناچار کرد لە وڵاتی (ئوتوم) بکشێنەوە، و بیدەنەوە دەست (لیدایا) و هاوپەیمانەکانی کە دەشێت لە زاگرۆس هەبووبن. [٢٣٣]

ئاشوورییەکان نەیانتوانی دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن، خورییەکان بەتایبەت (توررووککی) یەکان بەوە ڕازی نەبوون ئاشوورییەکان بەئاسوودەییەوە لە وڵاتەکەیان بن، ئەمەش بەڕوونی لەو نامانەدا دەردەکەوێت لەلایەن فەرمانڕەوا ڕۆژئاواییەکان و دراوسێکانیانەوە، ئەوە دەسەلمێنن کە دەسەڵاتی ئاشووری چەسپاو نەبووە، دەسەڵاتەکەیان لە (شوشارا) ماوەیەکی کەمی خایاندووە، نابێت لە بیست ساڵ زیاتر بووبێت. [٢٣٤] خورییەکان بەتایبەتی (توروککی) دەستیان لە دژایەتی کردنی ئاشوور هەڵنەگرت، وادیارە بڕیاریان وابووە، پاش ئەوەی ئاشوورییەکانیان لەناوجەرگەی چیاکانی زاگرۆس کردە دەرەوە بەتەواوەتی کۆتایی بە بوونیان لە دامێنەکانی زاگرۆس بهێنن، ئەم ڕاستیە بەڕوونی لەنامەکانی ماری دا ڕەنگی داوەتەوە، تیایاندا زۆر جار هەواڵی بەسەردادان و پەلاماری نیشانە ئاشوورییەکان لەلایەن (توروککی) یەکانەوە هاتووە، بەلام لەلایەکی تریشەوە دەردەکەوێت هۆکاری سیاسی تاکە هۆکار ئەم دژە جەنگەی خورییەکان نەبووە، نامەکانی ماری ئاماژە بۆ گرانی و قات و قریش لە ناوچەکانیاندا دەکەن، زۆر پێ دەچێت یەکێک لە هۆکارەکان ئاو و هەوا بووبێت، یەکێک لەم نامانە ( ARM IV, 76) دەڵێت:

**" توروککی یەکان کە لە وڵاتی ئیگونانوم ن، بۆ ئێرە هەلاتن و ئاوایان گوت، بەم جۆرەیان گوت: ئەوان برسین."** [٢٣٥]

لەنامەی (ARM IV , 24) یشدا هاتووە:

---

٢٣٣ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

٢٣٤ یورگین لیسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

٢٣٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

**"پێشتر قات و قڕیان تێکەوتبوو (واتە: ناو توروککی یەکان) و بۆ ناوچەکانی دەوروپشتی شاری , خیربازانوم Hirbazanum، کشان"...**

**"توروککی یەکان تووشی برسێتی هاتوون: ئازوقەیان نەماوە و (ئێستا) لەناوچەی دەوروپشتی شاری ئیگونانوم (خۆی) دان"** [٢٣٦]

شاڵاوەکانی توروککی بۆ سەر ئاشوور تەنانەت گەیشتە ئەو شارانەش لەبەری ڕۆژئاوای دیجلە بوون، داگیرکردن و فەرمانڕەوایی کردنی وڵاتی ئاشوور دەبێت لەم کاتەوە بەداگیرکردنی یەک بەیەکی شار و ئاوەدانیەکانی وڵاتی ئاشوور دەستی پێ کردبێت، (ئیشمی - داگان) بەنامەی(A. 80) لەشاڵاوی (توروککی) بۆ سەر خودی شاری (ئێکەللاتوم - Ekallatum) ئاگادار کراوەتەوە، لەم کاتەدا پایتەختی ئاشوور بوو، نامەکە باسی تاڵانکاری و وێرانکاری و کوشتنی سەرباز دەکات:

**" توروککی یەکان لەمبەری ڕووبار پەلاماری ناوچەی ئیکەللاتوم/یان دا تا , کوردیششاتوم Kurdiššatum، کشان و هەموو ڕانەمەڕەکەی ئیشمی - داگانیان بەتاڵان برد (لێرەوە) بیرویەک دوورنابن، چوار شاریان تاڵان کرد و ٥٠٠ سەربازیشیان کوشت."** [٢٣٧]

زۆر وردەکاری تر هەیە لە چیرۆکەکە ناتوانین لێرە بیڵێین (شەمشی - ئەدەد)، ئەو ئیمپڕاتۆرە گەورەی کە دروستی کردبوو، دابەش بوو بۆ چەند میرنشینێکی بچووکی جیاواز، بەڵام یەکەم پاشا بوو لەپاشاکانی ئاشوورییەکان، چەند سەدەیەک دواتر ئاشوورییەکان توانیان ئیمپڕاتۆریەتێک دابمەزرێنن لە کۆتاییدا هەموو ئەو ئەو شوێنانەی گەڕاندەوە کە سەردەمی (شەمشی - ئەدەد) بەشێک بوون لە ئیمپڕاتۆریەتەکەی، لەناویاندا دەشتی ڕانیەی دەگرتەوە. [٢٣٨]

### شکستی ئاشوور پاش مردنی شەمشی ئەدەد

ڕوخانێکی هێزی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسی ئاشووری لەکۆتایی حوکمی (شەمشی - ئەدەد) ڕووی داوە. ئەو سەردەمەی هێزی ئاشووری لە ترۆپکی خۆی نزیک کەوتبووەوە، بەڵام بەهۆی پێشبڕکێ دەسەڵات لەنێوان براکان و بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئاشووری، دیارە ئەوە پێشینەیەکی ئەندازەیی هەیە لە مێژووی

---

٢٣٦ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٦.

٢٣٧ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦.

238 Jesper Eidem, Annual Report, (2011). p:18.

مرۆڤایەتیدا. بەم هۆیەوە ئەندامێکی ناڕازی بنەماڵەی پێشووی فەرمانڕەوایی ماری بەناوی (زیمر – یلیم) [٢٣٩] (جەمسە – ئەدد)ی لەسەر تەخت داگرت و سەربەخۆیی شاری سەرلەنوێ چەسپاند، بەڵام ڕۆژگاری (زیمریلیم) و ماری هەردووکیان زۆر کورت بوون، چونکە تەنیا لەچەند ساڵێکی دواتردا، لە دەوروبەری (١٧٥٩ پ.ز) هاوڕێکەی حامورابی پاشای بابل کە تازە بەمەبەستی فراوان کردنی پانتایی دەسەڵاتەکەی دەستی کرد بە لەشکرکێشی و ڕووی لە ناوچەی (زیمر – یلیم) کرد و کەمێک لە دوای ئەوە پاشایەتی ئاشوور کەوتە ژێر دەسەڵاتی بابلەوە. [٢٤٠]

بەڕای (لافۆن –Lafont)، ئەو ناوچانەی (توروککی) یەکان لە هەمووی زیاتر گوشاری سەربازیان خستبووە سەر ناوچەی ئاشوور (کەرانا – Karanā)، [٢٤١] بووە، بۆ ئەوەی ئەم کارەشیان ئاسان بکەن، چوو بوونە پاڵ ئەو هاوپەیمانیەی شانشینی (ئەنداریگ – Andarig)ی باکووری لەگەڵ (ماری و ئیشنوننا و بابل و کەرانا)دا پێکەوە گرێی دابوو.[٢٤٢]

شاڵاوەکانی تر گەیشتە شارەکانی ئاشوور، (ڕەزاما – Razamā) و (زازی – یا)ش کە زۆر پێدەچێت هەمان ئەو (زازی – یا)یە بێت، کە لەلای (کوواری) بەند بوو، لەشەڕی دژ بە ئاشوورییدا بەشداری کرد و نزیک بوو لەوەی تاکە پادشای توروککی بێت کە لە نامەکانی ماری دا ناوی هاتبێت و دۆزرابێتەوە،[٢٤٣] کەواتە (زازی – یا)ش لە دیجلە پەڕیەوە و هەندێک شاری گرت، لەوانە شارەکانی (ئادێ

---

٢٣٩ (زیمری– لیم) شازادەی پادشای شاری ماری بوو، کاتی خۆی شەمشی– ئەدەد شارەکەی لێ داگیر کرد. بەهۆی لاوازی ئاشوورییەکان، لەم کاتەدا.(زیمری– لیم) هاتەوە و ئاشوورییەکانی لەشارەکە دەرکرد و خۆی چووەوە سەر تەختی باب و باپیرانی، ئەم ڕاپۆرتەش پاش ئەم گۆڕانانە بۆی هاتووە. پاش ئەوەی ئاشوورییەکان دەسەڵاتیان لە ماری لەدەستدا لەسەردەمی (زیمری– لیم) زۆر پەرەسەندنەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتەکانی (زیمری– لیم) دەربارەی کوردستان زانیاری گرنگیان تیدایە. بڕوانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩١.

٢٤٠، دۆن نادۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

٢٤١ کەرانا: شارێکی دێرینی ئەو سەردەمە بووە ئێستا بەشوێنەوارەکەی دەوترێت (تل الرماح) و کەوتوەتە ڕۆژئاوای موسڵەوە.

٢٤٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧.

٢٤٣ زۆر گرنگە کە جێ مۆرێکی زازی– یا لەسەر بەرگی نامەیەکی ماری دۆزراوەتەوە ( M. 10924 + 10925) نووسینی سەر مۆرەکە دەڵێت: زازی– یا کوڕی (تێر–نانوم Tir– Nanum) نولدانومnuldanumی ئیتابالخوم، .... ی خواوەند، بڕوانە: کۆزاد محەمەد ئەحمەد هەمان سەرچاوەل ٢٨٨.

Adê) و (نینێت Ninêt) کە لەوە دەچێت نەینەوای پاشتر بووبێت، ئەمەی دواییانی کردە بنکەی جموجۆڵی:

**"..... لەشکری توروککی بۆ شاری ئادێ لە دیجلە پەڕیەوە و زازی - یا لە شاری نینێت دانیشت."** [٢٤٤]

(ئیشمی - ئاگان) هەوڵی زۆریدا، بەلام نەیتوانی (توروککی) زۆر بەوردی دەجولانەوە و تاکتیکی نوێیان بەکارهێنا، بەسەرکردایەتی (زازی - یا - Zazia) سەرکردەی نوێی (توروککی) یەکان، هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە کەوتە ژێر دەستیان، (ئیکاللاتوم) یەکێک بوو لەناوەندەکانی ئاشووری و شوێنی فەرمانڕەوای پێشتری (ئیشمی – داگان) لە خۆرئاوای دیجلەدا، کەوتەدەست (زازی - یا)ی سەرکردەی (توروککی)، ئەگەر هێرشی گوتییەکان نەبوایە زۆری نەمابوو (شوبات - ئینلیل) ناوەندی (ئیشمی - داگان)ی کوڕی (شەمشی – ئەدەد) بگرن. (تورککی) یەکان زۆر لەناوچەکانیان کەوتەدەست، نەینەوایان کرد بە ناوەندێکی گرنگی خۆیان.[٢٤٥] (توروککی) یەکان پەلاماری قەڵەمڕەوی بابلیشیان داوە و تالانیان کردووە:

**"سەبارەت بە تالانی یەکانی لە وڵاتی بابل بردیان واتە توروککی یەکان بردیان"**

دەوڵەتی (توروککی) زۆر فراوان ببوو، لە خۆرهەڵاتەوە تا زاگرۆس، لە خۆرئاوا تا خۆرئاوای دیجلە درێژ ببۆوە، کەدواتر بووە بەشێک لە دەوڵەتی میتانی.ئەوەش هەڕەشە بوو بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتەکانی (ئاشوور، کەڕانە، بابل)، بۆیە پەیوەندی دیبلۆماسی کەوتە نێوانیانەوە، تەنانەت نوێنەری (زازییا) لە بابلدا بەدی کراوە، پادشای ئاشوور (ئیشمی – داگان) چەند جارێک داوای پەیوەندی لەگەڵ (زازییا) کردبوو. لەناوچەکە (زازییا) ڕۆڵێکی زۆر دەبینی لەوکاتەدا ئاڵۆزی کەوتە نێوان (زازومی) پاشای گوتییەکان و پادشای (شیموروم)، لە ئەنجامی هێرشەکانی گوتی بۆ سەر ناوچەکانیان، پەنای بردەبەر (زازییا) ئەمیش دایەوە دەست (زازومی) پادشای گوتی.[٢٤٦]

(توروککی) هێرشێکی بەردەوام و بەربڵاویان دژی ئاشووری دەست پێ کرد، بەڵام هەموو شاڵاوەکان سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لەهەندێک دەقدا ژمارەیەک لە

---

٢٤٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٨.

٢٤٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩.

٢٤٦ کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

(توروککی) یەکان لەشاری (ئامورساککوم – Amursakkum)ی نزیک (شوبات – ئێنلیل – Šubat – Enlil)، خۆیان قایم کردبوو، لەشکری ئاشووری ئابڵوقەی داون، ناچاری کردون چۆڵی بکەن، هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جموجۆڵی (ئیندوششیی)ی گوتی لە دژیان لە ناوەوەی وڵاتی خۆیاندا، ئەمەش ڕەنگە بەفیتی ئاشوورییەکان بووبێت.

سەرباری ئەمانە هەموویان، گوشاری سەر ئاشوورییەکان زۆر لەوە گەورە تر بوو، بەپێچەوانەی سەردەمی (کوواری)، ئێستا لەسەردەمی (ئیشمی – داگان) و سەرداره (توروککی) یەکان بارەکە بەتەواوی پێچەوانە بووەوە، دوور نیە ئەو شاڵاوانەش دەسەڵاتی ئاشوورییان لە ڕمان نزیک کردبێتەوە، (ئیشمی – داگان) ڕاپۆرتی سیخوڕی خەم لێ نیشتوو و شەکەتی بۆ دەهات:

**"دوژمن، توروککی یەکان، ڕۆیشتن و [....].دەستیان بەسەر کاکولاتوم Kakulatum[٢٤٧] ، دا گرت، پاش ئەوە بەدەم تاڵانەوە هاتنە ناوەوەی وڵاتەوە، وڵسات و کەل و پەلیان برد."[٢٤٨]**

نامەی تر هەن باس لە تەنگانەیەک دەکەن بەهۆی دوژمنێکی ناونەبراوەوە تووشی شاری (نوروگگوم) هاتووە، ئەم دوژمنە لە خوری (توروککی)یەکان بەولاوە ناکرێت کەسی تر بووبێت، لەم کاتەدا بەفەرماندەیی یەکێک لەو سەردارانەی ناویان لەڕێی دەقەکانەوە هاتوە خستە تەنگانەوە و گوشاریان خستەسەر شارەکە بارودۆخی وڵات کەوتە شلۆقی و دەوڵەت ڕوو لە دارمان بوو، (ئیشمی – داگان) ویستی شانشینەکەی ڕزگار بکات، بە هەوڵی ڕێکەوتن لەگەڵ (زازی – یا)، بەهێزترین سەرداری (توروککی) یەکێک لەنامە گرنگەکان ڕاپۆرتێکە (بوقاقوم – Buqaqum) ناوێک بۆ سەروەری خۆی لەشاری ماری ناردووە، تیایدا دەڵێت: (ئیشمی – داگان) وا بۆ چەندەمین جارە داوای ئاشتی لە (زازی – یا) دەکات، کەچی (زازی – یا) لەجیاتی ڕێکەوتن لەگەڵ پادشای ئاشوور، چوو بۆ لای (زازوم – Zazum)ی پادشای گوتی، تاوەکو لەگەڵ ئەو ڕێک بکەوێت و بۆ پیشان دانی

---

٢٤٧ باوەڕوایە کاکولانوم لە شوێنی بەیەک گەیشتنی ڕووباری سیروان و دیجلەدا بووبێت، بڕوانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩.

٢٤٨ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩.

نیەت پاکیش کوڕەکانی لەگەڵ خۆی برد و هەشت تالێنت[249] زیویشی پێشکەش کرد. ئەمە واتای وایە ئاشوورییەکان لەمەترسیدا بوون، نووسەری هەمان ڕاپۆرت نووسیویەتی:

" **ئیشمی - داگان گریا، گوتی، هەموو وڵاتان لێم تووڕەن.**" ٢٥٠

بەڵام لەکۆتایدا (ئیشمی – داگان) توانی ڕێکەوتنێک لەگەڵ (زازی – یا) دا مۆر بکات، خواوەندەکانیشی لەگەڵ خۆی برد و لای (زازی – یا) دای نان، تاکو سوێندەکانی بچەسپێن، هەرچەندە دەقی ڕێکەوتن نامەکە خۆی بەداخەوە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام هەندێک زانیاری لەبارەیەوە لە ڕێی ڕاپۆرتێکەوە لەیەکێک لە سیخوڕەکانی (زیمری – لیم – Zimri – lim)ی پادشای ماری بۆ پادشای ناردووە، لەوانە:

" **ئیشمی – داگان لەگەڵ تورووککی یەکەدا (پەیمانی) ئاشتی یان بەست: کچی زازی – یا** [251] **دەدەن بە , موت – ئەشکور Mut – aškur،ی کوڕی ئیشمی – داگان زێڕ و زیوی شیربایی بەزازی – یا دا.**" [252]

هاوپەیمانێتیەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا و هاوسەرگیری لەنێوان هەردوو بنەماڵەی پاشادا ئەنجامدرا، (ئیشمی داگان)ی کوڕی (شەمشی – ئەدەد)ی گەورە لەگەڵ (توورکبین)ی (توورککی) دا پەیمانی ئاشتی بەستووە و بڕیاری داوە کچەکەی

---

٢٤٩تالێنت Talent لە زمانی ئەکەدی دا biltu ە و لە سۆمەری دا GU.UN ە(نزیکەی ٣٠ کیلۆ)ە. یەک بیلتو ٦٠ مانوم manumە، هەرچەندە لەسەردەمی ئاشووری نوێ دا ٣٠ مانوم بووە، مانوم لە MA.NA ی سۆمەری یەوە هاتووە و یەکەی کێشانەبووە،(نزیکە ٤٨٠ گرام). ئەمیش دابەش بووەتە سەر ٦٠ ,شقیل Šiqil کە لە سۆمەریدا GINە، (نزیکەی ٨ گرام) و ئەمیش دابەش بووەتە سەر ١٨٠ , ئوگگاتو uttatu، کەلە سۆمەریدا SE یە، بەواتای "دەنک" (کەنزیکەی ٤٤ میلی گرام)ە. ئەم کێشانە چوونەتە زمانی عیبریشەوە، تالێنت و مینا و شاقل لەمانەوە هاتوون. لە کوردی خۆشماندا زۆرجار , مەن، بەکارهاتووە و تائێستاش لە فۆلکلۆردا هەیە و هەر مانا و مانومی جارانە. شایانی باسە GU .UN واتای شان و باهۆش دەبەخشێت و ناوی ئەم کێشانەش لەمەوە هاتووە، چونکە بارێکی ئاسایی سەرشانی کەسێک ٣٠ کیلۆ بووە هەر ١٥ کیلۆی بەم سەر و سەری دارێکەوە شۆڕ کردۆتەوە و دارەکە خراوەتە سەرشان. بڕوانە: کوزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، ل٢٩٠.

٢٥٠ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

٢٥١ زازییا کچێکی خۆی بە کوڕێکی ئیشمی داگان دا لەبەرامبەردا زێڕ و زیوی وەرگرت، تا لەلای ئیشنونا و تورووککی دڵنیابێت لەوکاتەدا حەمورابی لە باشوورەوە لەگەشەسەندن دا بوو. بروانە کامەران کویخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

٢٥٢ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

(زازی – یـا)ی (پادشـای تورکبین=تـوروککی) بکـاتە هاوسـەری کـوڕەکەی(مـوت – ئەسقەر). بۆیە (ئیشمی – داگان) زێڕ و زیوی، وەکو دیاری هاوسـەرگیری ناردووە بۆ (زازی – یا).[٢٥٣]

زۆر لەدەقـەکانی سـەردەمی فـەرمانڕەوایی (زیمـری – لـیم) واتـە پـاش ئـەوەی ئاشـووریيەکان دەسـەڵاتیان بەسـەر شـاری مـاری دا لەدەسـتدا، بـاس لـە پەرەسـەندنەکانی کوردسـتانی دێرین دەکـەن، دەقی تریش لـە شـوێنەواری تر هـەن زانیـاری لـەم جۆرەیـان تێدایـە، یـەکێک لەمانـە دەقێکـە لـە (تل الرمـاح) دۆزراوەتـەوە، ئاماژەیـەکی وای تێدایـە پێدەچێت (زازییا) دەسـتی بەسـەر هەنـدێک ناوچـەی نزیـک ڕووباری دیجلەدا گرتبێت.[٢٥٤]

خوریيەکـان لە ڕۆژهەڵاتەوە لە نـاوچە کوێسـتانیەکانی سـنووری قەڵەمـڕەوی لوللوبی و گوتییەکانیان لەژێر دەست دابوو، لەڕۆژئاواشـەوە بەردەوام لەپێشـڕەوی دابـوون، سـەرزەمینی نوێیـان دەخستەسـەر، بەرەو پێکەونـانی ئیمپراتـۆری (میتـانی) داهـاتوو، ئەمە سـەرەتای دەرکەوتنـی هێزێکـی نـوێ بـوو لە نـاوچەکەدا، بـۆیە دەوڵەتەکـانی تـری ئەو کـاتەی میزۆپۆتامیـا وەک (بابـل و مـاری و کەرانـا) بەهەڕەشـەیان دەبینـی، لەلایەکـی تر ئەم بـرەو سـەندنە ڕێگـای لەبەردەم دروسـت بـوونی پەیوەنـدی دیبلۆماسـی لە نێـوان سـەردارانی خـوری و ئەم دەوڵەتـانە خـۆش کـرد، نـاردنی نـوێنەرێکی پادشـای (کەرانـا) بـۆ دانوسـتاندن لەگەڵ (زازی – یـا) سـەبارەت بە تـاڵان بردنـی مەڕومـاڵات لەلایەن پیاوەکـانی (زازی – یـا) وە، نمـوونەیەکی ئەم پەیوەنـدیانەیە، لە دەقێکـی تریشـدا هەواڵـی سـەردانی نـوێنەرێکی (توروککی) لە شاری (کەرانا) هـاتووە. شـاری ماریش لەم پەیوەندیانە بەدەر نەبوو، نامەی(ARM IV, 83) ئاماژەیەکی وای تێدایە:

**"...دووەم، ئەبی – داگان ی خزمەتکاری سەروەرم و نێردراوی توروککی یەکان گەیشتن."** [٢٥٥]

---

٢٥٣ عبدالکریم العلوجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

٢٥٤ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

٢٥٥ کۆزاد محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

له کۆبوونـهوه گـهورهکـهی پادشـایانی میسـۆپۆتامیا یان نوێنـهرهکانیان لـه شـاری (صـیدقوم Sidqum) بـوو، نوێنـهرێکی (توروککی)یـهکانیش ئامـاده بـوو، نـاوی ئـهم نوێنهره شان بهشانی نوێنهرانی بابل و ئیشنوننا هاتووه.[٢٥٦]

لــه ئهنجامــدا ئهم گوشــاره دوولایهنــی لهلایهن ئاشــوورییهکان و گوتییهکــان خرایهســهر (تـوروککی) یهکـانهوه، بـووه هـۆی گۆڕانکـاری سیاسـی و کـۆمهڵایهتی گهوره له ناویانـدا، گهشـهکردنێکی خێرا، بهڵام تهوژم نهگۆڕی هێزیـان لـێ کهوتهوه، له پێشدا وڵاتـی (ئوتوم)یـان گرت، ئینجـا لهژێر دهسـهڵاتی ئاشـوورییهکان لههـهموو ناوچهکه ڕاپهڕین، ناچاریان کردن ئاشـوورییهکان لهنـاوچه شـاخاویهکان بکشـێنهوه، و بۆ ئهوانی جێ بهێڵن، (توروککی) یهکان بهمهوه نهوهستان، بهڵکو پێشڕهویان کرد و دهســتیان دایه پهلامــاردانی شــار و گونـدی ئاشــوورییهکان، دهشــێت به مردنــی (شهمشی – ئهدهد) و هاتنهسـهرتهختی (ئیشـمی – داگـان)ی کـوڕی هـهلی لهبارتریـان بـۆ ههڵکهوتـووه و ڕاسـتهوخۆ ڕووبهڕووی هێزهکـانی میسـۆپۆتامیا بـوونهوهو له گهمهی سیاسـی میسـۆپۆتامیا دا له دیجـله پهڕینهوه، دهبێ ئهم سـهردهمه چهرخـی (توروککو) بووبێت، ئهگینا گهلانی تری کوردسـتانی دێرین ڕۆڵیان ههبووه، باسـی (تـوروککی) یهکـان له سـهرچاوه مێژووییهکانـدا لهههر لایهنێکـی تـر زیـاتره، دیـاره بههـۆی ئهو ڕۆڵه سـهردار و چالاکهکانیـان گێڕایـان لهوهدایه بهرژهوهندیهکانی گهله بنووستر و خوێندهوارترهکانیان خسته مهترسیهوه،[٢٥٧] ئهوانیش بههـۆی بـارودۆخی ئهو ڕۆژگاره ڕووداوهکانیان تۆمار کردووه و بۆ ئێمه وهک سـهرچاوهیهکی زوڵاڵـی مێژوو بهجێیان هێشتووه.

چارهنووسی ژیان لهناوهڕاستی دنیا و دڵی زهوی ههر له سـهرهتاوه داگیرکاری لهدوای داگیرکاری و هاوکات جێگیربوونی ههمیشهیی نهتهوهکان و کهلتوورهکان و بیروبـاوهڕه نوێکـان لهگهڵ ههر دهرکهوتنێکـی نـوێ و کهلتـووره کۆنهکـان ئـاوێته و بهیهکداچووهکان تێکهڵـی یهکتـر دهبـن و لهنـاو دیـمهنه ههمه چهشـنهکانی ئهمـڕۆی ڕۆژههڵاتینزیکدا وێنا کراون ئهوهی زیاتر سـهرنجی مرۆڤ ڕادهکێشێ ئهوهیه دوای چهند ههزار ساڵ دوای ئهو سهردهمه داب و نهریتی ناوچهکه و ئامێره جهنگیهکانی سـهربازی و پـڕۆژه و پڕۆتۆکـۆڵه ڕهسـمیه نهتهوهییهکـانی ئهمـڕۆ لهگهڵ قۆنـاغه گهشهسهندووهکانی سـهردهمی ئاشـووری و سـۆمهری و بـابلی زۆر جیاوازه، بهڵام

---


٢٥٦ کۆزاد محهمهد ئهحمهد، ههمان سهرچاوه، ل٢٩٣.

٢٥٧ کۆزاد محهمهد ئهحمهد، ههمان سهرچاوه، ل٢٩٤.

دوژمنە دێرینەکان سەقامگیرن ئەو دوژمنانەی بڵێسەی ئاگری جەنگیان هەمیشە لەنێوان نەتەوەکانی نێوان دوو ڕووبار (میسۆپۆتامیا) لەگەڵ نەتەوەکانی باکووری ڕۆژهەڵات (ئیلامیەکان و نەتەوەکانی زاگرۆس) ململانێ و گفتوگۆی ئەمڕۆی نێوان نەتەوەکان ئارەزووی دێرینی پێشڕەوییەرەو باشوور و دەسەڵات بەسەر کەنداوی عەرەب، وەک ئەمڕۆ ئامانجی گەورەی داگیرکەرەکانی وەک سارگۆنی ئەکەدی و زۆری تریش لە ئارەزووی تەماعکاری و هێرشە داگیرکاریەکانی ئەمڕۆدا ڕەنگی داوەتەوە لەبەرژەوەندخوازی و فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران ودواتریش دەوڵەتە بڕیاربەدەستەکانی دنیا وەک بەریتانی و فەڕەنسی و ڕووسی و ئەڵمانی دواتر هێرش و پەلاماری عیراق بۆ سەر کوێت... هتد وڵاتێکی بچوک کە ڕووبەرێکی بچوکی داگیر کردووە، بەڵام لەسەردەمێکی ڕابردووی دووردا مەڵبەندی ژیانی گەلی سۆمەری و لانکەی شارستانیەتی گەورەی دنیا بوو، کە ئێستاش مرۆڤایەتی قەرزاربارى هەوڵە بەردەوامەکانی داهێنانی نووسین و پێشکەوتن و شارستانیەتن، گەلی سۆمەری وەک گەلێکی پێشکەوتووی دانیشتووی نێوان دوو ڕووبار تائێستاش تیشکی شارستانیەتی ئەوان تیرێژی پڕ شەفەقی بۆ سەر ژیانی ئێمە داوێژێ، لە ڕێگای ئەو دەقانەی پاشاکان بەوەستاییەوە بەنووسینی خەریک بوون و دوای ئەوان بە ئێمەگەیشتوون، بووە هۆی گۆڕانکاری گەورە و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمی ئێستا.

بەستنەوەی پەیوەندی ئەو کۆمەڵگایانە بەکۆمەڵگای ئەم سەردەمە هەڵەیە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافیەکانی ئەمڕۆ هاوشێوەی نیشانەی سەردەمەکانی ڕابردوون، هەرچەندە بەیەکەوە بەستنی یان لێک گرێدانەوەی ڕابردووی کۆن دەوری ئەو کۆمەڵگایانە بۆ چارەسەری سیاسی و کێشەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ نرخێکی نیە، بەڵام ڕووداو گەلێک و مێژوویەکی دوور و درێژ لەبارەی ژیانی ڕابردووی مرۆڤ ڕوون دەکەنەوە، دڵنیام بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە بەسوودە و یارمەتی ئێمە دەدات، سەبارەت بەژیانی بەشێک لە ژیانی جۆراوجۆری مرۆڤایەتی، کەسەردەمێک لە دنیا دەرچوون و تەنیا ئەو دەق و بەڵگەنامانە دەتوانن لەڕابردووی ئەوان سوودمەندبین.

ئیتر سەرکەوتنتان بەئاوات دەخوازم




**نەخشەی ژمارە (٦) نەخشەی قەزای ڕانیە، وڵاتی ئوتوم/ی دێرین، شوێنی شمشارە (شوشاررا) لەسەر نەخشەکە دیاری کراوە.**

سوپاس بۆ پێشڕەو زاهیر، فەرمانبەر لە شارەوانی ڕانیە، ئەم نەخشەیەی بۆ دابین کردین، سەرچاوە: سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەی شوێنی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧، لا ١٢٥.

## سەرچاوە کوردیەکان


١ - ئی. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢ - ئی. بی. سۆن، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، وەرگیرانی لەئینگلیزیەوە: مینە، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٧.

٣ - ئیحسان نووری پاشا، مێژووی ڕیشەی نژادی کورد، وەگێڕانی لە فارسیەوە: وریا قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٣.

٤ - ئیزاک ئاسیمۆڤ، فرانک وایت، مێژووی شارستانیەت، لەفارسیەوە: حەمید گەوهەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هولێر ٢٠٠٣.

٥ - حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی: جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر ٢٠١٠.

٦ - دۆن ناردۆ، ئیمپراتۆریەتی ئاشور،وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، کوردستان - سلێمانی ٢٠٠٨ .

٧ - دبلیو ئار هەی، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات — هەولێر، ٢٠١٠.

٨ - د. جمال ئەحمەد، د. فەوزی ڕەشید، مێژووی کۆنی کورد، وەرگێڕانی: ملکۆ کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی، ٢٠١١.

٩—د. جمال ڕەشید ئەحمەد، کەرکوک لە چاخە کۆنەکاندا، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ، دهۆک ٢٠٠٨.

١٠ - د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠٠٨.

١١ - د. عەبدوڵڵا غەفوور، جیۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢ - دکتۆر سوهەیلە مەجید ئەحمەد، هەولیر لەماوەی داگیرکاری ئەخمینی و سلوقیەکاندا، ئینسکلوپیدیای هەولیر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چایی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری - لوبنان ٢٠٠٩.

١٣ - د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، مێژوو و شارستانیەتی کورد، وەرگێر: محەمەد وەسمان، چاپی یەکەم،٢٠٠٩.

١٤ – دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن – کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، کۆنترین ئاین لە کۆنترین شار (هەولێر)، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری – لوبنان ٢٠٠٩.
١٥ – دکتۆر نەهلە شەهاب ئەحمەد، گرنگی ئابووی و سەربازی شاری هەولێر (سەردەمی ئاشووری نوێ ٩١٢ – ٦١٢ پ.ز)، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی موسڵ، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری – لوبنان ٢٠٠٩.
١٦ – د.هاشم یحی الملاح، مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام، و:هۆشیار عبدالله سنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات –هەولێر، ٢٠١٢.
١٧ – ڕەسوڵ بۆسکێنی، شوێنەوارەکانی بیتوێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.
١٨ – رەشید یاسمی، مێژووی نەژادو پەی وەستەگی کورد، بەرحڤەی بەدەست کاریەوە: کەریم زەند و قانع، ١٩٦٩.
١٩ – رۆبەرت جێ ی. برید وود. بروس هاو، لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عیراقدا، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، چاپی یەکەم، کوردستان – هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٠ – ڕێکس وارنەر، گەشتەکەی زینۆفۆن، و.ک: محەمەد مەسعوود محەمەد جەلی زادە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢١ – زوبیر بیلال ئیسماعیل، مێژووی هەولێر، وەرگێڕانی: عبدالخالق هورمزیار، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گالۆری – لوبنان ٢٠٠٩.١٣٩٩.
٢٢ – سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، وەرگیڕانی: حەمید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤.
٢٣ – شاخەوان فایەق ئەلیاس، مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٤ – شێخ محەمەد مەردۆکی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
٢٥ – عەبدولخالد صابر، سۆمەریەکان: مێژوویان، شارستانیەتیان، کۆتاییان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٩.
٢٦ – عبدالرقیب یوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لەشاخی سورێن، بەیارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپ کراوە، ١٩٩٤.

٢٧ – عبـدالكريم العلـوجي، حـامورابي، و: گەرميـان مـحەمەد ئەحـمەد، چـاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠١٣.
٢٨ – فەرەیدون حەکیم زادە، سەردەشت لەئاوێنەی بەڵگەمێژووییەکاندا، و: حەمەڕەسوڵ حەسەنپوور، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران،٢٠٠٧، ل ٢٦٥.
٢٩ – فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٣٠ – فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان کتێبی دووەم – (ڕەخنە)، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣١ – ڤلادیمێـر مینۆرسـکی، بنچینەکـانی کـورد وچەنـد وتـارێکی کوردناسـی، وەرگێڕانـی لەفەڕەنسیەوە، د. نەجاتی عەبدوڵا، یەکەم بەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
٣٢ – کـامەران کوێخـا جەلال، میـژووی کـۆنی کەرکـوک لە ڕۆشـنایی دەقەکـانی نـوزی دا، توێژینەوەیەکی مێوویی، سیاسی، ئابووری یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی،هەولێر،٢٠٠٨.
٣٣ – کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمـی هەزارەی دووەمـی پ.ز دا، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٨.
٣٤ – کومەڵێک مامۆسـتای زانکـۆ، جیۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عیـراق، وەرگێـڕان: سـەنتەری برایەتـی و ئاسـۆکەریم بەکـوردیەکەی دا چـۆتەوە، چـاپی دووەم، هەولێـر – کوردستانی عیراق،.١٩٩٩
٣٥ – گێرنـۆت ڤیڵهـێڵم، مێـژووی شارسـتانییەتی خووریـەکان، و: ئـارام جـەلال حەسـەن هەمەوەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (خانی) دهۆک، ٢٠٠٩.
٣٦ – هـاوڕێ بـاخەوان، کوردسـتان نیشـتمانی یەکەمینـی سـۆمەریەکانە، چـاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.
٣٧ – مـاریژان مـۆڵە – هێرتزفێڵـد – گێرشـمەن، وەرگێـڕی بـۆ فارسـی: زەبیحـوڵڵا مەنسووری، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەردەڵان مـام وسـو دزەیـی، مێژووی میسـۆپۆتامیا و زاگرۆس پێش ماد تاکۆتایی ساسـانیەکان، بەرگی یەکەم، چـاپی یەکەم، چاپخـانە – هەولێر ٢٠١٤.
٣٨ – مـحەمەد ئەمـین زەکـی بەگ، خولاسـەیەکی تـاریخی کـورد و کوردسـتان، بەرگـی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
٣٩ – محەمەد مەردۆکی کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێرانی : عبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
٤٠ – محەمەد رسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان – سـەرەتای مێژووەوە تـا شـەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦،
٤١ –محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵڵا، شەڕی گۆگا مێلا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ٢٠١٠.

٤٢ – مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم،٢٠٠٩.
٤٣ – منصور عبدالحكيم، هۆلاکۆ، و: مەشخەڵ کەوڵۆسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٤٤ – یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: عەزیز گەردی، هەولێر ١٩٩٨.
٤٥ – نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی الدار العربيه للعلوم ناشرون، بيروت – لبنان، ٢٠١٢.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

٤٦ – الدکتور أدم وهيب النداوى – الدکتور هاشم الحافظ، تاريخ القانون، الناشر توزيع المكتبه القانونيه بغداد، النشر القاهره، درب الاتراک – خلف الازهر، ميسر.
٤٧ – الاستاذ الدکتور محمد أزهر سعيد السماک، الجغرافيه السياسيه، الطبعه الاولى، دار ابن الاثيرللطباعه والنشر جامعه الموصل، ٢٠٠٨.
٤٨ – الدکتور جمال رشيد احمد، دراسات کرديه فى بلاد سوبارتوبغداد ١٩٨٤.
٤٩ – برهان الدين دلو، حضارة مصر والعراق/ التأريخ الاقتصادى – الاجتماعى – الثقافى و السياسى، طبعة الاولى، دار الفرابى – بيروت – لبنان، تموز ١٩٨٩.
٥٠ – جمال بابان، اصول اسماو المدن والواقع العراقيه، الجزو الاول، مطبعه المجمع العلمى الکردى، بغداد – ١٩٧٦.
٥١ – خليل اسماعيل محمد، انماط الاستيطان الريفى فى العراق، مطبعه الحوادث، بغداد ١٩٨٢،.
٥٢ – د. احمد سوسه، حضاره وادى الرافدين، بغداد ١٩٨٣.
٥٣ – دکتور حلمى محروس اسماعيل، الشرق العربى القديم وحضارتة، الناشى مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، .١٩٩٧
٥٤ – د. جمال رشيد، فوزى رشيد، تاريخ کورد قديم، اربيل ١٩٩٠.
٥٥ – د. ماهر صالح علاوى الجبورى، مبادیٔ القانون الادارى، دراسه مقارنه، شرکه العاتک لصناعه الکتاب، القاهره – درب الاتراک – خلف الازهر، ١٩٩٦.
٥٦ – سيتون لويد، اثار بلاد الرافيدين من عصر الحجرى القديم حتى الغزو الفارسى، ترجمه: محمد طاب، مطبعة: الشام – فائز جوهر، الطبعة الاولى، دمشق، ١٩٩٢ – ١٩٩٣.
٥٧ – شعيب احمد الحمدانى، قانون حمورابى، توزيع المكتبه القانونيه ببغداد، ١٩٨٩.
٥٨ – صادق صالح العانى، الاطلس العالم، منشورات مطبعه الرصافى، بغداد ٢٠٠١.

هەولێری کتێب

٥٩ – طه باقر، مقدمه فى تاريخ الحضارات القديمه، بغداد ط٣،١٩٧٣.
٦٠ – طه باقر، الدكتور فاضل عبدالواحد على، الدكتور عامر سليمان، تأريخ العراق القديم، الجزء الثانى، مطبعه جامعه بغداد، ١٩٨٠.
٦١ – طه باقر، مقديمه فى تاريخ الحضارات القديمه، اخر ، الاول ، بغداد ١٩٨٦.
٦٢ – طه باقر، مقدمه فى التاريخ الحضارات القديمه – حضاره وادى النيل، الجزء الثانى، الطبع الاول، بيروت – لبنان – ٢٠١١.
٦٣ – عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبيه تاريخيا و جغرافيا خلال خمسه الاف عام، الطبعه الپانيه، مطبعه شفان/ السليمانيه – ٢٠٠٥.
٦٤ – فرسيس أور، حضارات العصر الحجرى القديم، تعريب: د. سلطان محيسن، الطبعة الثانية، مطابع الف باء – الاديب، دمشق – ١٩٩٥.
٦٥ – محمد عبداللطيف محمد على، تأريخ العراق القديم/ حتى النهاية الالف الثالث ق.م، الاسكندرية، ١٩٧٧.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

٦٦ - Jesper Eidem, Jørgen Læssøe, The Shemshāra Archives Volume 1: The Letters. (2001), Denmrk: Kgl. Danske Videnskabernes Selskab .
٦٧ - Ahmed Kozad Mohamed, The beginnings of ancient Kurdistan (c. 2500 – 1500 BC): a historical and cultural synthesis.(2012), (The report of Universiteit Leiden, (2012), Chapter six)
٦٨ - Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul.(٢٠١١) .
٦٩ - Jesper Eidem, Annual Report, Netherlands Institute for the Near East, Leiden, Netherlands Institute in Turkey, Istanbul.(٢٠١٢) .
٧٠ - Jorgen Lasorr, The Bazmusian Tablets, Sumer, A Journal of Archaeology and Historyin Iraq, VOL. XV. (15), NOS 1&2, 1959.
٧١ - Harald Ingolt - Director,Danish Dokan Expedition, The Danish Dokan Expedition, Sumer, A Journal of Archaeology and Historyin Iraq, VOL. XV. (13), NOS 1&2, 1957.

72 – T. Whwildon Brown, A Report on the Discovery of a Line of Ancient Fortificitions on a Ridge to the East of the Rania Plain Sulaimaniyah Liwa, Sumer, A Journal of Archaeology and Historyin Iraq, Vol. Xv. (1٤), Nos 1&2, 195٨.

**گۆڤارەکان**

73 – ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، بێتواتە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ١٤ گەلاڕێزان ٢٧٠١، تشرینی دووەمی ٢٠٠١.

٧٤ – أ.د. پاکزە رفیق حلمی، زانیاری و مێژووی زمانی کوردی، گوڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریە للگباعە، بغداد، ژمارە ١١٣، مارتی ١٩٨٧.

٧٥ – ئەردەڵان عوسمان حەسەن، بێتواتە لەسەرچاوە مێخیەکاندا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەم، کوردستان – هەولێر، ٢٠٠٧.

٧٦ –ئەردەڵان عوسمان حەسەن، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/٢، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٥.

٧٧ – ئەردەڵان بێتواتەیی، شانشینی ئەخازوم لەژێر ڕۆشنایی تێکستەکانی شاری شوشاررا (گردی شمشارەی دەشتی رانیە) دا، گۆڤارە سوبارتو، ژمارە/ ٣، سالی سێیەم، هەولێر،پایزی ٢٠٠٩.

٧٨ – ب.ع، کوردستان، لەانسیکلوپیدیای بەریتانی وەرگیراوە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارەی ١٠، سال ١، ایلول ١٩٤٠، چاپی دووەم، سلێمانی کوردستان، ٢٠٠٧، ل ٧.

٧٩ – برایم بەگ، چاوپێکەوتن، گۆڤاری رانیە، ژمارەی ٦، کانوونی یەکەم ٢٠٠٣.

٨٠ – د. أحمد محمود خلیل، تاریخ الکرد فی الحضارات الایسلامیە، الطبعە الاولی، دار هیرو للنشر والتوزیع، ٢٠٠٧، جوامیر محەمەد ڕەشید، مێژووی کورد لەشارستانیەتی ئیسلامیدا، گۆڤاری مێژوو، ساڵی دووم، ، ژمارە ٧،کوردستان – هەولێر، هاوینی ٢٠٠٨.

٨١ – خلیل عەلی، میژووی رانیە، گۆڤاری رانیە، شارەوانی رانیە، ژمارەی ١٩، ئازاری ٢٠٠٧.

٨٢ – خالید وەلی عەلی، قەلاتی رانیە لە ئاوینەی میژوودا.گۆڤاری رانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥.

٨٣ – دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، مرۆڤی چاخی بەستەڵەک، گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریە للگباعە، بغداد، ژمارە ١١١، مارتی ١٩٨٦.

٨٤ - دڵشاد عزیز زاموا، نەخشەکەی دەربەند گاور شیکردنەوەی بەڵگە هونەریەکان بۆ دیاری کردنی سەردەمەکەی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە/١، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەم، کوردستان - هەولێر ٢٠٠٧.
٨٥ - دکتۆر عەبدول هادی فوئادی، نوسراو و نەخشە هەڵکەندراوەکانی بێتواتە، وەرگێڕانی، ژیان ئەحمەد عارف، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٤، ساڵی چوارەم ، کانوونی یەکەم،سلێمانی ٢٠٠٠.
٨٦ -د. نەبەز مەجید ئەمین، رەوشی ژیانی مرۆڤی کۆن لە کوردستاندا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە/١٩، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٨٧ - دکتۆر ئیبتهال عادل تائی، هەولێر پایتەختی ئاینی ئاشوریەکان، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم لوبنان ٢٠٠٩، ل ٩٨٠.
٨٨ - رافیدە عبدالله قەرەداغی، بیتوێن...خاکی دێرین و شوێنەواری بەبەها، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٧)، شارەوانی ڕانیە، ٢٠٠٤.
٨٩ - عبدالرقیب یوسف، چاوپێکەوتن گۆڤاری رانیە، شارەوانی رانیە، ژمارە/٢١، هاوینی ٢٠٠٧.
٩٠ - عومەر ئیسماعیل باوزی، گردی شمشارە (شوشوڕڕا)ی مێژوویی، گۆڤاری پشدەر ژ ٤، هاوینی ٢٠٠٨.
٩١ - محەمەدامین عارف، رانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری رانیە، ژمارە ٤، لە ٢ - ٥ - ٢٠٠٣.
٩٢ - هاوڕێ سلێمان گولانی، شاورێ وەک پێناسەیەک، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/ ٤٩، مانگی ١٢ی ٢٠٠٩.
٩٣ - هیمدادی حوسێن، ڕۆشنبیری نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریە للگباعە، بغداد، ژمارە ١١٣، مارتی ١٩٨٧.
٩٤ - یۆرگن لەسسۆ، شیکشاببوم شارێکی سەرسامکەر، وەرکێڕانی لە ئینگلیزیەوە: فازڵ قەرەداغی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە/ ١٩، ساڵی پێنجەم، ئاداری ٢٠٠٢.

**گۆڤار بە عەرەبی**

٩٥ - الدکتور ناجی الاصیل، فی مواطن الاثار، سومر - مجلە علمیە تبحث فی أثارالعراق القدیمة، الجزء الثانی، السنة الاولی، بغداد - العراق، تموز ١٩٤٥.
٩٦ - الدکتور فرج بصمجی، أقوام الشرق الادنی القدیم، سومر - مجلة علمیة تبحث فی اثار العراق القدیمة، الجزء الاول، المجلد الثالث، مطبعة حکومة، بغداد - العراق، کانون الثانی ١٩٤٧.

هەواڵنامەی کتێب

٩٧ - الدكتور فرج بصمةجى، العصور الحجرية فى العراق على الضوء المكتشفات الحديثة، سومر - مجلة علمية تبحث فى اثار العراق القديمة، الجزء الثانى، المجلد الحادى العشر، بغداد - ١٩٥٥.
٩٨ - رالف سوليكى، هيكلان عضميان لآنسان النياندرتال من كهف شانيدر ترجمة: البير رشيد، سومر - مجلة علمية تبحث أثار العراق القديمة، الجزء الاول والثانى، المجلد الثالث عشر، مطبعة الرابعة - شركة رابعة للطبع والنشى محدودة, بغداد — العراق, ١٩٥٧.
٩٩ - فؤاد سفر، حفريات تل العقير، سومر - مجله علميه تبحث فى أثارالعراق القديمة، الجزء الاول، السنة الاولى، بغداد - العراق، كانون الثانى ١٩٤٥.

**توێژینەوەی زانکۆیی**

١٠٠ - شێرزاد حەسەن هەمزە، بەسەرپەرشتی: م. ئەردەڵان عوسمان حسن، وەرزەکانی هەڵکۆڵینی گردی شمشارە لە (٢٠١٢ - ٢٠١٣) توێژینەوەیەکی (مەیدانی - دیکۆمێنتاری - زمانەوانی) وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەشوێنەواری کۆن - پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین دەکراوە،ساڵی ٢٠١٤.

**سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

١٠١ - فەلەکەدین کاکەیی، میترا (میهر) لەفەرهەنگی کوردیدا، سایتی هەولیر فەرهەنگ، ٢ - ١٠ - ٢٠١٢.
١٠٢ - دڵشاد عەزیز زاموا، شوێنەوار ناس و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، چاوپێکەوتن، سایتی هەولێر، ٢٣ - ١٠ - ٢٠١٢.
١٠٣ - سۆران حەمەڕەش، ئایا دەکرێت لەبنەچەی داعش بکەین بێ ئەوەی لە ئاشووری تیبگەین، سایتی پێنووسەکان،٢١ کانوونی دووەم٢٠١٥. www.penusekan. com
١٠٤ - کوردستان - سلێمانی٢٠١٤ - ١١ - ٢٩ WWW.Rudaw.com

هەوالنامەی کتێب